# بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ

**(ویست)**

ئازاد تۆفیق خەیات

٢٠١٨

- ناوی کتێب: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)
- نووسەر: ئازاد تۆفیق خەیات
- بابـــەت: فەلسەفە ولێکۆڵینەوە
- دیزاینی ناوەڕۆك: مەریوان قەفتان
- دیزاینی بەرگ: جەلیل حسێن
- تایپ وهەڵەبڕیی: نووسەر
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: پیرەمێرد
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

سەرپەرشتیاری چاپ

مەریوان قەفتان

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی (١٦٣٨)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە.

# پێشکەش

**پێشکەشە بەو کەسەی لە گرنگیی مێژووی فەلسەفە دەگات**

**پێشکەشە بەو کەسەی لە مەترسیی ئایدیۆلۆژیای حزب وئایین دەگات**

**پێشکەشە بەو کەسەی وەکی دوو ڕووی دراوێکی قەڵب دەڕوانێتە ئەم ئایدیۆلۆژیایە**

**پێشکەشە بەو کەسەی هەردەم لە هەوڵی بەرگریکردن لە مەزهەبی سیاسیی وموقەددەسدایە**

# سوپاس وپێزانین

دەمەوێ زۆر سوپاسی سەرجەم ئەو بەڕێزانە بکەم، کە هاوکار وهاریکارم بوون لە خەمڵین وبەچاپگەیاندنی ئەم بەرهەمەدا.

بەتایبەت، دەمەوێ زۆر سوپاسی بەڕێز (نەورۆز جەمال ئاغا) بکەم، کە هاوکارم بوو بۆ ئەرکی لەئەستۆگرتنی تێچووی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە. هەروەها، سوپاسێکی بێپایانی بەڕێز (مەریوان قەفتان) دەکەم، کە بە هەوڵی بەڕێزیان ئەم بابەتەم کاری دیزاینی ناوەڕۆك وسەرپەرشتیکردن ودەزگای چاپکردنی بەخۆوەدی. بێگومان، ئەم دوو کەسە ڕاستاڵە، هەردەم کەسایەتییەکی دڵسۆز وزێوانێکی چالاکی نیشتمانی پیرۆزی کوردانیان تێدا بەدیدەکەم. هیوام زیادبوونی نموونەیانە، لەپێناو خزمەتکردن وبەرەوپێشبردنی ئەلف وبێی ڕەسەنی کوردیی.

هەروەها، گەلەك سوپاسی بەڕێزان، دادوەر (د. لەتیف مستەفا ئەمین)، پرۆفیسۆری یاریدەدەر (د. محەمەد جەلال حەسەن)، مافپەروەر (ڕێبوار محەمەد ڕەشید) دەکەم، کە بە ئامۆژگاریی وتێچان وڕوونکردنەوە وپەڕتووکگەلێك، هاوکار ویاریدەم بوون لەبۆ بواری یاسایی، ولەپێناو دەوڵەمەندکردنی ئەم بابەتە، نموونەیان هەر زۆربێ وخوازیارم بتوانم پاداشتی ئەم هەوڵ وچاکەیەیان بدەمەوە.

## نــاوەڕۆك


ناوەڕۆك .......................................................... ١

سەرەتا.......................................................... ٢

**تەوەری یەکەم**

پێناسەی ئایین ..........................................

پێناسەی بیروباوەڕ ........................................................

پێناسەی پارتی سیاسی .......................................................

پێناسەی گوتار ...........................................................

**تەوەری دووەم**

١- مێژووی فەلسەفە وئایین ...........................................................

٢- مێژووی سیاسەت .............................................................

**تەوەری سێیەم**

١- کاریگەریی موقەددەس ..............................................

٢- کاریگەریی ڕەخنەگرتن ...............................................

- لە بواری ئایینداا ..........................................

- لە بواری سیاسیدا ...........................................

٣- کاریگەریی کرداری گوزەرکردن ...........................................

أ- لە بواری سیاسیدا .................................

**یەکەم**/ میکانیزمەکانی گوزەرکردن ......................................

- چاکسازی لە سەرەوەی دەسەڵات ..................

- سازش وڕێککەوتنی دوولایەنە ...............

- شۆڕش وکودەتا ..........................

**دووەم**/ دەرەنجامی گوزەرکردن ...............................

ب- لە بواری ئاییندا ....................................

**یەکەم**/ میکانیزمەکانی گوزەرکردن ...........................

- ریفۆرم وململانێی ئایینیی ........................

- کاریگەریی زانست وفەلسەفە .........................

**دووەم**/ دەرەنجامی گوزەرکردن ...................................

ئەنجامگیری ................................................................

سەرچاوەکان .............................................................

# سەرەتا

## هیچ تروسكایی وهیوایەك بۆ ئێمە نەماوەتەوە، تەنها تروسكایی ئەو بێهیوایانە نەبێ كە تروسكایی هیوامان پێدەبەخشن

### والتەر بنیامین

سەرباسی ئەم بابەتە، وەك لێكۆڵینەوەیەكی فەلسەفیی ئایینیی سیاسیی یاسایی زانستیی و...هتد، بە شێوەیەكی بەراوردكاریی ورەخنەئامێز، باس لە كاریگەرییەكانی ئایین وموقەددەس لەلایەك و حزب وسیاسەت ودەسەڵاتی سیاسیش لەلایەكیتر دەكات، كە لە پێوار (غیاب)ی یاسادا چ كارەساتێك دەخوڵقێنن. بۆیە، پێویستە بە یاساگەلێكی دادپەروەرانە ولەڕێی دەسەڵاتێكی ڕەوای كارامە ولە ڕوانگەی عەلمانییەتەوە، ویستی بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری ئەم بیروباوەڕانە بخوڵقێندرێ وسنووریان بۆ دابنرێ. هەرچەندە، ئەمانەی ئاماژەمان پێدان، بۆ كۆمەڵگا (بەتایبەت كۆمەڵگا سەرەتاییەكان) پێویستییەكی كۆمەڵایەتین، بەڵام كاتێك دەستواڵا دەبن، سنووری مەعقولییەت تێدەپەڕێنن ولە واقیع دەردەچن ودەبنە دێوەزمە. كەواتە، چ حزب چ ئایین بوونیان پێویستە بۆ كۆمەڵگا، لەبەرئەوەی ڕۆڵی دادوەر وڕێنوێن وسیستمی كۆمەڵایەتیی دەبینن. بەڵام، كاتێك دەبنە موقەددەس وئایدیۆلۆژیا، لەپێناو منی باڵادا، یەكەم هەنگاویان سڕینەوەی هەموو ئەویترێكە، لە ڕووی بیروبۆچوونی ئایینیی، تێڕوانینیی حزبیی، پیرۆزیی، جێندەر وبابەتی ئازادیی، دەسەڵاتی لۆكاڵیی وزۆرێكیتر. كەواتە، لێرەدا شەرعییەت ومەشروعییەت، دەبێتە سەنگی مەحەك وپێوەر بۆ هەڵسەنگان وكاركردەكانیان. دیارە، لە ڕووی بەراوردكاریشەوە، لە تەواوی لێكۆڵینەوەكەدا وبە هەردوو لایەنی سیاسیی وئایینییشەوە، كۆمەڵێك زانیاریتر وجیاكارییەك لە نێوان هەردوو جیهانی ئیسلامیی وجیهانی مەسیحیی، یان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوادا خراوەتەڕوو، وێڕای بەراوردكاریی لەسەر ئاستی ئاوەزباوەڕیی دوو گۆشەنیگای جیاواز وئاستی پێشكەوتنی ئەم دوو كۆمەڵگا مرۆییە. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدەم، ئەوەیە كە تەواوی ناوەڕۆكی ئەم كتێبە، هەڵاوێردییەكە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی وڕۆژئاوای مەسیحیی، لە ڕووی ئایینیی وفەلسەفیی وكۆمەڵایەتیی وسیاسیی وئابووریی وفەرهەنگیی و...هتد.

لە ڕاستیدا، ئەم پەڕتووكە بە گشتی، پێكدێت لە سێ تەوەری سەرەكی، كە یەكەمیان تایبەتە بە پێناسەی بابەتگەلێكی وەك بیروباوەڕ وپارتی سیاسیی وگوتار. هەرچی تەوەری دووەمیشە، تایبەتە بە مێژووگەلی فەلسەفە وئایین وسیاسەت. وەلێ، تەوەری سێیەمیش، تایبەتە بە كاریگەرییەكانی موقەددەس وڕەخنەگرتن وكرداری گوزەركردن، وێڕای دەرەنجامەكانی كرداری گوزەركردن، لە بوارگەلی سیاسیی

وئايينييدا. پاشان، هەموو ئەم بابەت وزانيارييانەی خراونەتەڕوو، بە ئەنجامگيرييەك پوختە دەكرێن وبە خستنەڕووی سەرچاوەكانيش، كلۆمی ئەم پەڕتووكە دەكرێت. هەڵبەت، ئەوەی بە لای منەوە گرنگە لێرەدا، بابەتی موقەددەس وڕەخنەگرتن وشرۆڤەی كرداری گوزەركردنە لە بواری سياسيی وئايينييدا، وەك پێشتر ئاماژەمپێدا. بەڵام، هيچ گومانی تێدا نييە، لەوەی بواری ڕەخنەگرتن ژ بۆ ئەم دوو لايەنە جودايە، هەڵگری كۆمەڵێك جياوازييە، هەروەك چۆن ميكانيزمەكانيش جياوازن، ومانا ومەبەست وبابەتگەلێك دەهێننەپێش كە لەو كات وساتەدا بۆ كۆڵينەوە وچيكەنەی بواری سياسيی وئايينيی زۆر پێويست وگرنگن.

شايانی باسە، ئەو ڕۆژئاوا مەسيحييەی ئەمڕۆ دەيبينين لە دوێنێدا شتێكيتر بووە، بەڵام بە زەبری ڕەخنەگرتن وياساگەلێك، ئاوێزان بە فەلسەفەی گومانگەرايی وهەوڵی نەبڕاوەی لێكۆڵياران وزانايان وسەردەمەكانی هەستانەوە وئەقڵگەرايی وڕۆشنگەرايی، بووە ئەو جيهانە پێشكەوتووەی شانازی بە مرۆڤدۆستيی وپێشكەوتن وئازادييەوە دەكات. بەڵام، هەرگيز ئەم ئازاديی وئاوەزباوەڕيی وكراوەيی وياساييبوونە لە ڕۆژهەڵاتی ئيسلامييدا نابينين، بێشك هۆكارەكەشی زۆر ڕوونە بە ڕوونيی ئاوێكی سازگاری كانياوێك. ئەويش، نەبوونی ياساگەل وفۆرمەلەنەبوونی كرداری ڕەخنەگرتنە، كە هۆكارە لە دواخستن ودەرنەكەوتنی كەسی ڕەخنەگر وفەلسەفەی ڕەخنەگەرايی وبيركردنەوەی گومانگەرايی وئازاد. هەربۆيە، لەبری ڕۆشنفيكريی وپێشكەوتن وهاوچەرخبوون وئازاديی، دۆگمابوونی موقەددەس وئەقڵ ودواكەوتوويی وسەلەفيزم ودەمارگيريی دەسكەنەدەكرێ. ئەمە، سەرباری ئەوەی شۆڕشەكانی بەهاری عەرەبيی هاوچەرخيش، وێڕای دواكەوتوويی وكۆنەوارەتيی، شەڕ وگرفت وئوسوڵييەت وماڵوێرانييەكی بێكۆتايی بەدياريی بۆهێنان، كە هێندەيتر قوڕەكەيان خەستكردەوە، وەك ئەوەی لە ئێستادا دەبينرێ ولەم بابەتەدا ئاماژەی پێدراوە. گومانی تێدا نييە، لە بارودۆخێكی وەهادا كە خواست لەسەر ملكەچيی وگوێڕايەڵيی وپارێزگاريكردن لە قودسييەتی ئايينێكە، هاووڵاتی جێگير بەرهەمدێت كە ئاماژەيپێدراوە. كەواتە، لە ساتی شەوێكی ئەنگوستەچاودا، ناكرێت ڕەخنە لە هەڵنەهاتنی خۆر بگرين، لەبەرئەوەی بەرەبەيان، چاوەڕوانيی وهەوڵی بينينی پێويستە نەك نزا وپاڕانەوە.

پاشان، لەم لێكۆڵينەوەيەدا، ميكانيزمەكانی گوزەركردن لە بواری سياسييدا خراونەتەڕوو، كە چاكسازی لە سەرەوەی دەسەڵات وسازش وڕێككەوتنی دوولايەنەی باڵی ڕيفۆرمخوازی دەسەڵات وباڵی ميانڕەوی ئۆپۆزسيۆن لەگەڵ شۆڕش وكودەتا لەخۆدەگرێ، كە دواجار سەرلەبەريان چ دەرەنجامێكی ئەرێنيی ونەرێنيی لەم بوارەدا دەڕەخسێنن. ئەمە بێجگەلەوەی، پێناسە ونموونە وڕاڤەكردنێكی تەواوی ئەم شتگەلەی تێدا باسكراوە، سەرباری باسوخواسی بابەتگەلێك لە ڕووی فەلسەفيی وياساييەوە. هەر لە بواری سياسييدا، باس لە حزب ولە (ماوەی گواستنەوە)ی حكومەتەكان بە كردار ولە ڕووی ياساييەوە

لەنێو سیستەمگەلێکدا کراوە، وگرنگترین شتێك کە لەو ماوەیەدا دەشێت بەرهەمی هەبێ وحکومەت وگەل هەوڵی بۆبدەن، (گوزەر بەرەو دێمۆکراسییە)، کە باسکراوە. بێگومان، نەسکێکی تایبەت، تەرخانکراوە بۆ بابەتی گوزەر بەرەو دێمۆکراسی، وچۆن سیستمێکی نادێمۆکراسیی هەنگاو بەرەو دێمۆکراتیزەبوون دەنێ. وەلێ، پێبەپێی ئەم زانیارییانە، باس لە شۆڕش وکودەتاش بەجیا کراوە، ودەرەنجامەکانی شۆڕش چ کاریگەرییەك لەسەر گوزەرکردنی دێمۆکراسییانە جێدێڵن، سەرباری ئەوەی کێ شۆڕشگێڕە وبەها ومانای شۆڕش چییە وچییەتیی ئەو دەوڵەتانەی بە شۆڕش دەسەلأتیان گرتووەتەدەست چییە، ولە ڕووی پێشکەوتن ودواکەوتنەوە لە چ خانەیەکدا هەژمار دەکرێن.

بەلأم، ئەم میکانیزمانە لە بواری ئایینیدا، بە پێچەوانەوە ڕیفۆرم وململانێی ئایینیی لەگەڵ کاریگەریی زانست وکاریگەریی فەلسەفە لەخۆدەگرن، کە دەشێت کۆمەڵێك میکانیزمیتریش لە دەرەوەی ئەم بابەتەدا بوونیان هەبێ، بەلأم من تەنها ئاماژەم بەمانە داوە. لێرەدا، بەپێی وتەی فەیلەسووفان، کە گوایە ڕەخنەگرتن لە ئایین بنەمایە بۆ هەموو جۆرێکی ڕەخنە، دەسپێکی باسەکەمان دەبێت. هەڵبەت، ئاماژە بە کەسێکی وەك (مارتن لوتەر) کراوە، کە ئافرێنەری مەزهەبی پرۆتێستانتیی وپێشەنگی ڕەخنەگران وداهێنەری ڕیفۆرمی ئایینیی جیهانی مەسیحیی بووە، لەوەدا کە توانیویەتی دەرگا والأ بکات لەبەردەم بیروبۆچوونێکی ڕەخنەگرانە ودنیابینییەکی نوێ، لەبەرانبەر سەر وژیانی خۆیدا. وەلێ، بارودۆخی ناهەمواری ئەو کاتەی جیهانی مەسیحیی ودەسەلأتی فراوانی کڵێسا، وکارە قێزەون وشەرمهێنەرەکانی پاپا وپیاوانی ئایینیی وبەدکارییەکانی دادگاکانی پشکنینیش، خراونەتەڕوو. لە بەرانبەردا، واتە لە جیهانی ئیسلامییدا، ئەوە خراوەتەڕوو کە سەرباری دەسەلأتی ڕەهای (مۆچیاران) واعیزکاران وپیاوانی ئایینیی ودەزگاگەلێکی ئایینیی کۆنزەرڤاتیزم، بە ئێستاشەوە، بیرگەلێکی ئازادی ڕەخنەگر وڕیفۆرمخوازێکی بوێر بوونی نییە. بەلأم، پێدەچێت دەسەلأتی چوارەم وپێنجەم، بە زەبری تەکنۆلۆژیای نوێ ودەزگاکانی ڕاگەیاندن وهێزی نەرم وبە فەرمانی ئەودیو ئۆقیانووسەکانەوە، لەبری فەیلەسووفانی ڕەخنەگر وبیری ئازاد وڕیفۆرمخوازان کە بوونیان نییە، ڕۆڵی کاریگەر ببینن. بەلأم، ئەوەی دەبێتە وەلأمگۆی ئەم مەتەڵە، ئەوەیە کە کێ ئەو دەزگاگەل ودەسەلأتانە لەودیو سنوورەکانەوە کنەدەدات؟

هەروەها، لەم بابەتەدا، بەپێی قۆناغبەندیی وپلەبەندییەکی مێژوویی، زۆرێك لە دۆزینەوە وکارە زانستییەکانی سەردەمانی کۆن وناوەڕاست ونوێ خراونەتەڕوو، کە بە هەوڵگەلێکی بوێرانە وبە ئەقڵی زانستییانە وتێفکرینێکی کراوەوە، بوونەتەهۆی پێشکەوتنی ڕۆژئاوا لە سەرجەم بوارەکاندا. بەلأم، لە ڕۆژهەلأتی ڕۆچوو لە خەونی ئەفسانە ئایینییەکان، باس لە کەسانێکی ڕۆشنفیکر لە سەردەمانی کۆندا کراوە، کە جێپەنجەیان دیاربووە، وێڕای کۆمەڵ وگرووپێك کە هەوڵی تێکەڵکردنی ئایین وفەلسەفەیانداوە وەکی (موعتەزیلەکان). بەلأم، دواجار دەسەلأت بەناوی موقەددەس ونەتەوەخوازیی وشکۆی ئایینێکی

ئاسمانیی پیرۆزەوە، ڕێگرییان لێکردوون وکۆتاییان بەو ڕەوتە فەلسەفییە ئەقڵانییە هێناوە. دواجار، بە ئەنجامگیرییەك وخستنەڕووی سەرچاوەکان، کۆتایی بەم لێکۆڵینەوەیە هێنراوە، بە هیوای سوودبەخشین بە خوێنەری کورد وکتێبخانەی کوردیی.

ئازاد تۆفیق خەیات

١٥/ ١٢/ ٢٠١٧

سلێمانی

# تەوەری یەکەم

## پێناسەکان:

### ١ - پێناسەی ئایین:

ئایین، الدین، Religion، کۆکراوەیەکی سیستمی کەلتووریی وسیستمی بیروباوەڕ وتێڕوانینی جیهانییە، کە پەیوەندییەك دادەمەزرێنێت لە نێوان مرۆڤ ورۆحانییەتدا، یاخود لەگەڵ چەند ڕێڕەوێکی ئەخلاقیدا. زۆر لە ئایینەکان، چیرۆك وهێما ونەریت ومێژووی پیرۆزیان هەیە، کە تیایدا دەیانەوێت مانا بۆ ژیان ببەخشن یان سەرچاوەی ژیان وگەردوون ڕوونبکەنەوە. ئایین، وەك پێویستییەك بۆ ڕێکخستنی کار وکردەوەکانی مرۆڤ، بە درێژایی مێژوو، وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی یاسا لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا دادەنرێ. هەر لە ڕێگەی ئایینەوە، باس لە ژیانێکی ئەبەدی کراوە، وباسی دووبارە زیندووبوونەوە وبەهەشت ودۆزەخیش کراوە. وەلێ، ئایین دوو جۆرە، یەکێکیان ئاسمانیی، کە لە لایەن خوداوە بە ڕێگەی سروش دابەزیوە بۆ مرۆڤەکان وەك (ئیسلام، مەسیحیەت، یەهودیەت، زەردەشتیی،...هتد)، جۆرەکەیتریان لە لایەن مرۆڤەکان خۆیانەوە دانراوە، وەك (بوودیزم، هیندۆسیەت، ئێزدیی، .... هتد). [١]

ئەوەی ئاماژەی پێدرا، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی بڵێین، ئایین لە دوو ڕوانگەوە سەیرکراوە:

**یەکەم/** ئایینە ئاسمانییەکان: مەبەست لەو ئایینانەیە کە لە ئاسمانەوە هاتوونەتە خوارەوە بۆسەر زەوی، وباوەڕیان بە بوونی پەروەردگار هەبووە وهەیە، دەقەکانیشیان بە پەیامی پەروەردگار زانیوە ودەزانن. وەك، ئایینەکانی (جوو، مەسیحی، ئیسلام).

**دووەم/** ئایینە زەمینییەکان: مەبەست لەو ئایینانەیە کە لە لایەن چاکساز وبیرمەند وزانایانەوە لەسەر زەوی دانراون، وخۆیان بە ئاسمانیی نەزانیوە. وەك ئایینەکانی (بوودی، تاوی، هیندۆسی، ....). لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە ئایین هاوڕێیەکی دێرینی تێکڕای مرۆڤایەتی بووە، ومێژوویەکی گەورە وخوێناویشی لەگەڵدا هێناوە. [٢] وەرچەرخانێکی گەورەش، کە لە مێژووی ئایینەکاندا ڕوویدابێ، بریتیە لە سەرهەڵدانی (یەکتاپەرستیی– التوحید– monotheism)، کە سەرهەڵدانی پرۆسێسێکی سروشتییە ودەرهاویشتەی گەشەکردنێکی پلەبەندیی ئایینەکانە لە چەمکی خواوەندا. [٣]

---

[١] ئایین: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٩/ شوبات/ ٢٠١٧، ckb.wikipedia.org

[٢] د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی ئایینەکان، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٣٨

[٣] سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی: ڕیشە وبنچینەکانی توندوتیژیی ئایینیی، چاپی یەکەم– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٣

کەواتە، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین، ئایین، سەرباری لایەنی لەباریی ونالەباریی، هەمیشە بەشێکی گیانیی بوونی مرۆڤیشی پێکهێناوە.[1]

لە ڕووی زمانەوانییەوە، مەبەست لە وشەی ئایین، مانای گوێڕایەڵیی وملکەچکردنە. ئاییندداریش یان خواناس، واتە ئەو کەسەی ئایینی لە شوێنی کاروبارەکانی داناوە وگوێڕایەڵە بۆ ئایینێك. لە ڕووی دەستەواژەشەوە، ئایین کۆمەڵێك بیروباوەڕ وبیرۆکەیە، یان باوەڕ بە کۆمەڵێك هەڵسوکەوت وئەرك وفەرمانی بەڵگەنەویستە لە ژیانی کەسی ئیمانداردا. وەلێ، شوێنکەوتنی ئایینێك ودەربڕینی دڵسۆزیش بۆی، بە ئایینداریی یاخود خوداپەرستیی دادەنرێ. دیارە، مرۆڤەکان لەو باوەڕەدان کە پەروەردگار خاوەنی تەواوی ئایینە ئاسمانیەکانە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئامانجی تێکڕای ئایینەکان، نزیکبوونەوەیە لە پەروەردگار.[2] هەر لەم نێوکۆیەدا، ولە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ئایین مانای ملکەچبوون وخۆبەدەستەوەدانە لە بەرانبەر فەرمانە خوداییەکان.[3]

ئایین، لە زۆر ڕووەوە بە دانسقەترین شێواز وئامڕازەکانی مرۆڤ دادەنرێ، بەوەی دواجار ڕاڤەی ژیانی خۆیی پێدەکات، وتاکە ڕێگەشێتی بۆ خۆپاراستن لە مردن. گەر، سەرنج لە مێژووی چاخەکانی ناوەڕاست بدەین، دەبینین هیچ شتێك هێندەی ئایین کاریگەریی بەسەر دەروونەوە نەبووە، بەوەی لە هەموو شوێنێکدا دەبینرێت، بە شێوەیەك کە دەکرێت بڵێین مەزنترین هێز بووە لەو سەردەمانەدا. هەرگیز ئاسان نییە، بۆ کەسانێك کە لەم سەردەمەدا ولە خۆشی ژیان وبەرهەڤبوونی پێداویستییەکان دەژین، هەست بە نەهامەتیی وهەژاریی خەڵکی ئەو سەردەمە بکەن. پێویستە ئەوەش بزانین، کە مەسیحییەکان وموسڵمانەکان ویەهودییەکان، تێکڕا خاوەنی ئەفسانە وپڕوپووچ ونهێنی شاراوە وبتپەرستیی وساویلکەیی وزۆر شتیتر بوون. گرنگترین شتێك، کە لەو ڕۆژگارەدا جیهان پێویستی پێیبووبێ، بیرۆکەی (بالأنسکردنی چەرمەسەری بە هیواکان) بووە، کە بەهۆیەوە بێبەشبوون بە پرسە وسەرەخۆشی سووکبکەن، بێزاریی کار وتێکۆشان بە ئەندێشەی باوەڕ وئیمان ونەمریی بسڕنەوە.[4]

ئایینناسیی، وەك هەوڵێك بۆ تێگەیشتن لە بونیادە جەوهەرییەکانی ئایین، ڕیشەیەکی دێرینی هەیە، وبە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی هزری فەلسەفی وجۆرێك لە جۆرەکانی هەستکردن بە

---

[1] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٧

[2] هديل شلش: تعريف الدين، موضوع، اكبر موقع عربي بالعالم، ٢١/ ديسمبر/ ٢٠١٥، mawdoo٣.com

[3] د. محمد محمد رضائي: الهوية، الانتماء والموضوعات، ت: علي آل دهر الجزائري، مركز البحوث المعاصرة في بيروت، ١٦/ نوفمبر/ ٢٠١٥، nosos.net

[4] ول ديورانت: قصة الحضارة، عصر الايمان، ت: محمد بدران، المجلد الثامن (١٥، ١٦)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، شركة نهضة مصر للطباعة والنشر- القاهرة، ٢٠٠١، ص ١

ئیشکالییەتە ئایینییەکان. لەم قۆناغەدا، بە ئایدیایەکی فەلسەفییەوە قسە لەسەر مەسەلە گرنگەکانی وەك ڕەها وئەخلاق وموقەددەس و.... هتد، کراوە. دەشێت، کەسانی وەك (پلاتۆ وهیراکلیتس وشیشرۆن ولوسیان)، بۆ ئەم قۆناغە دیاری بکەین. لە چاخەکانی دواتری خۆرئاوا وسەرهەڵدانی ڕێبازی ئەقڵگەرایی، دواندنی ئەقڵانی لەسەر کەینوونە بنەڕەتییەکانی ئایین هاتە ئاراوە، وبەهۆیەوە چەندین تێز خرایە ڕوو. کەواتە، ئایینناسیی، توێژینەوەیەکی بابەتییانە وزانستییانەیە لە ئایین، هەوڵدانێکە بۆ یەکلاکردنەوەی کەینوونەی ڕەهەندە ئایینییەکان.[1]

دەربارەی بنچینەی ئایینە مرۆییەکان، دەوترێ کۆی ئەو بیرۆکە سەرەتاییانەی مرۆڤی سەرەتایی دایهێناون، لە ماوەی تێفکرینیدا لە خوڵقێنەر وخوڵقێنراوەکان، تێکڕا لەگەڵ مرۆڤدا ژیاون هەتا ئەوکاتەی ئایینە ئاسمانییەکان دەستیپێکرد، ئیدی سەرجەمیان لەناوچوون وسیستمێکی ئایینیی جێیگرتنەوە. بەڵام سەرباری ئەوەش، هێشتا بەشێك لەو بیرۆکە وباوەڕانە، لە باوەڕگەلی هەموو نەتەوەیەکدا ماوەتەوە، تەنانەت ئەو نەتەوانەشی لە سایەی پیشەسازی وزانستەکاندا دەژین. ئەدگاری ئەو بیروبۆچوونانە، بە شێوەیەکی گشتی، تا ئەم سەردەمەش بەسەر داب ونەریت وڕۆشنبیریی زۆرێك لەو نەتەوانەدا زاڵە.[2] هەربۆیە، (ئیمیل دۆرکهایم)، دەربارەی ئایین دەڵێ: "کۆمەڵگا، سەرچاوەی ئایینە." لەبەرئەوەی، کۆمەڵگا لەڕێی تاکەکانییەوە ئایین دەخوڵقێنێ، ئەوەش بەهۆی ئەو پێناسەگەلەی تاکەکان بۆ دیاردەگەلێکی دیاریکراوی دەکەن، لەوەی بەشێکیان موقەددەسن وبەشێکیان پیس وگڵاو.[3]

جێی ئاماژەپێکردنە، پێناسەی ئەکادیمی یان زانستی بۆ ئایین، ئەوەیە کە زانایانی کۆمەڵایەتی وئەنترۆپۆلۆژیا، ئایین وەها دەبینن کە کۆمەڵێك بیروباوەڕ وبەها وشارەزاییە لەناو جەرگەی ڕۆشنبیرییەوە هاتووە. بۆ نموونە، بناغە وناوەڕۆکی ئایین ئاماژە ناکات بە باوەڕبوون بە خودا، بەڵکو ناوەڕۆکەکەی بەوە دەناسرێت کە پێکهاتە یان ڕۆشنبیرییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ژیان، بە شێوەیەکی گشتی. بەپێی ئەم پێناسەیەش، ئایین دیدگایەکە ودەستی لێبەرنادرێت، وە کۆنترۆڵی بیرۆکەی سەرجەم تاك وکاروباریش لە جیهاندا دەکات.[4]

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، سەرنجدان، ڕامان، لێکدانەوەی دیاردەکانی دەوروپشتی بووە. مرۆڤ، هەر لە کۆمەڵی سەرەتاییەوە، بەناچاریی و وەك پێویستییەك بۆ

---

[1] ئومێد قەرەداغی: کێشەکانی هزری ئایینیی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران– سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٤

[2] سليمان مظهر: قصة الديانات، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي– القاهرة، ٢٠٠٢، ص ٢٦

[3] لطفي الادريسي: اميل دوركايم، بوابة علم الاجتماع، ١١/ ٣/ ٢٠١٠، www.bsociology.com

[4] ئایین: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٩/ شوبات/ ٢٠١٧، ckb.wikipedia.org

درێژەدان بە ژیان وبەربەرەکانیکردن لە پێناو مانەوەی خۆیدا، هەمیشە بیر وهۆشی بە لێکدانەوەی دیاردە سروشتیی، فەلەکیی، بایۆلۆژییەکان و وەڵامدانەوەی هەر شتێك کە بۆی بووە بە پرسیار، ئاڵۆز بووە. بۆچوون ولێکدانەوەکانی مرۆڤ لەو بارودۆخەدا، شێوەی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە. وەلێ، خاڵی هاوبەشیان بە شێوەیەکی گشتی، سادەیی وپاشکەوتوویی ودووربوونیان لە واقیعیەت بووە. کاتێکیش، کە مرۆڤ بەرسڤی پرسیارەکانی خۆی وەرگرتەوە، ئیدی ئەو وەڵامە بە هەر جۆرێك بێت، ئاراميیەکی پێدەبەخشێت وئەو ترسەی کە پێشتر هەیبوو، کەم دەبێتەوە یان دەڕەوێتەوە. هەڵبەت، ئەفسانە وشیعر وچیرۆك وپەڕاوی ئایینیی وپاشماوە وشوێنەواری کۆنی گەلان، کە لەلایەن زانایانەوە دۆزراونەتەوە ولێکدراونەتەوە، چوارچێوەی فیکریی وڕادەی هۆشی مرۆڤی کۆنمان نیشان دەدەن. [1]

ئایینەکان، بۆ زیاتر بەستنەوەی کۆمەڵگا مرۆییەکان، هەردەم جەختیان لە مۆراڵ کردووەتەوە وەك دوالیزمێکی لێکدانەبڕاو، گوایە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی پەیوەندییەکی دێرینی تۆکمە وپیرۆز لە نێوان ئایین وئاکاردا هەیە. بێشك، خاوەنی پەیامە ڕۆحییە گەورەکان لە مێژووی ئایینیی مرۆڤایەتیدا، هۆکاری ئەو پەیوەندییە بوون، بە شێوەیەك جەختیان لەسەر مۆراڵ کردووەتەوە کە گوایە بەشێکی دانەبڕاوە لە پیرۆزیی وسرووت وئامۆژگاری وڕێنماییە ئایینییەکان. لە ڕاستیدا، سەرباری تێکئاڵاویی پەیوەندی مێژوویی ئایین وئاکار، بەڵام دوو چەمکی زۆر جیاوازن. بێگومان، ئایین بریتییە لە بیروباوەڕ وکارتیاکردن (ممارسه)، کە هەڵوێست وهەڵسوکەوتی مرۆڤەکان سیستماتیك دەکات لە بەرانبەر جیهانی پیرۆزییەکاندا، سەرباری ئەوەی ڕوانگەیەکی گشتگیری پێدەبەخشێت بۆ گەردوون وپێگەی مرۆڤ لە ناویدا. هەرچی ئاکارە، بریتییە لە کارتیاکردن وبنەماگەلێك، کە ڕوانین وهەڵوێستی تاك بۆ ئەوانیتر ڕێکدەخات، وێڕای ڕێکخستنی ڕەوشتی تاکەکان لە بەرانبەر یەکتردا ولەنێو کۆمەڵگادا. وەلێ، بنەما مۆراڵییەکان، لە پێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کۆمەڵگادا ولە دەرەنجامی بەریەککەوتنی تاکەکان لەگەڵ کۆمەڵاندا دروستدەبێ. [2]

دواجار، دەتوانین بڵێین، هەموو ئایینەکان کۆمەڵێك پرەنسیپی جوان وجوامێرانەی تێدایە، کە داوای خۆشەویستی دەکات بۆ ئەویتر. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، بۆ بڵاوکردنەوەی خودی خۆی ولە پێناو پەرشبوونەوەی بە هەموو لایەکی زەویدا، پەنای بردووەتە بەر هێز. واتە، هەمیشە جیاوازییەك هەیە لە نێوان ئایین وەك شتێکی پاك وبێگەرد وکۆمەڵێك بەهای ڕۆحانیی بەرز وپرەنسیپی ئەخلاقیی جوان، لەگەڵ ئایین وەك ئایدیۆلۆژیایەکی دەسەڵاتدار یان وەکی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی. هیچ گومانی تێدا

[1] ئارام ڕەشید: جەهالەتی ئیسلام ودنیای هاوچەرخ، چاپی سێیەم– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٧

[2] فراس السواح: الاسطورة والمعنى، الطبعة الثانية، دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة– دمشق، سورية، ٢٠٠١، ص ٢١٩

نییه، هەموو ئایینەکانیش، ساتێك لە ساتەکان بوونەتە ئایدیۆلۆژیایەکی دەسەڵاتخواز، بگرە بوونەتە ئایدیۆلۆژیایەکی سەرکوتکەریش. [1]

**٢- پێناسەی بیروباوەڕ:**

بیروباوەڕ، عقیدة، belief، حاڵەتێکی دەروونییە کە تیایدا تاکێك پێشنیار یان پێشەکییەك بە دروست دەزانێ، وەك پەیوەستبوون وملکەچکردن وهەڵبژاردنی ڕێباز وبەرنامەیەك، وە جێبەجێکردنیان لە ژیانی ڕۆژانەدا. [2] لە ڕووی ئایینییەوە، دەوترێ سیستمی ئیسلامی دابەشدەبێ بۆ دوو بەشی سەرەکی کە بیروباوەڕ وشەریعەیە. شەریعە، بە مانای ئەو فەرمانپێکردنە پراکتیکییانەی کە ئیسلام هێناویەتی لە خوداپەرستی وڕەفتارکردن. بەڵام بیروباوەڕ، ئەو کاروبارە زانستییانەیە کە پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان بە دڵ باوەڕی پێبهێنێ. هەروەها، بیروباوەڕی ئیسلامیی، خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە کە لە بیروباوەڕەکانیتری جیادەکاتەوە، لەوانە: ئیسلام بیروباوەڕێکە سەرچاوەکەی پەروەردگارە. [3] بیروباوەڕی ڕاست، گەر ئایینیی بێت یان بێباوەڕ، هەڵبەت گرنگییەکی زۆر وزەوەندی هەیە لە ئاڕاستەکردنی بۆچوونمان دەربارەی جیهان بەگشتی. ئەمەش، نەك لەبەر بڕوابوونێکی ڕاست ودروست بە بوون یان نەبوونی پەروەردگار، بەڵکو لە حاڵەتی بڕوابوونمان بە بوونی خودا، ئەوا ئەو باوەڕەمان بۆ دروست دەبێ کە خودا هەموو شتێك دەربارەی بنچینە وسروشت ومەبەستی بوونی مرۆڤ وگەردوون دەزانێ. کاتێکیش، کە باوەڕمان بەوەهێنا پەروەردگار سەرچاوەیەکی ڕەهای خێرە، ئەوا باوەڕ بەوەش دێنین کە یارمەتیدەرمان دەبێ لە بەدەستهێنانی زۆر شتدا. [4]

بیرمەند (محەمەد ئارکۆن)، لە وەڵامی بیروباوەڕدا دەڵێ: "هەر ئایینێك لە ئایینەکان، هەڵگری سیستمگەلێکە لە بیروباوەڕ / نابیروباوەڕ، کە چەسپێنراوە بەو سیفەتەی ڕاستیی نەگۆڕە وناگۆڕدرێ وئاڵوگۆڕناکرێ وگفتوگۆش ناکرێ. بەمانای، باوەڕگەلێکە، لە سەروو هەموو پرسیارێکی ڕەخنەیی ئەقڵەوەیە، هەر ئەوەشە کە کرۆکی باوەڕمان بۆ دەستنیشان دەکات. جا لێرەدا، باشتر وایە جیاوازی بکەین لە نێوان بیروباوەڕەکان وئەرکە نەریتییەکان، کە لە ئیسلامدا پێنج دانەن، کە بریتین لە: شایەتیدان،

---

[1] هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، www.hoshyari.com، ل ١٩

[2] باوەڕ: لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، وتار، ١٢/ ئاب/ ٢٠١٤، ar.wikipedia.org

[3] محمد ابو خليف: تعريف العقيدة، موضوع كوم، ٢٩/ مارس/ ٢٠١٧، ، موضوع كوم، ٢٩/ مارس/ ٢٠١٧، mawdoo٣.com

[4] ريتشارد سوينبيرن: الايمان والعقل، ت: أرين عبدالمجيد الجلال، الطبعة الاولى، جداول للنشر والترجمة والتوزيع- بيروت، لبنان، فبراير ٢٠١٧، ص ١٠٧

نوێژکردن، زەکاتدان، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، حەجکردن بۆ مەککە." بەڵام بیروباوەڕەکان، بێگومان دەستنیشانکراون لەلایەن قورئانی پیرۆزەوە، پاشان ڕووندەکرێنەوە ولێکدەدرێنەوە لەلایەن سەردارانی ئایینەکەوە. بەم هۆیەوە، لە ئایینی ئیسلامدا، ئەدەبیاتی خوداپەرستی هەیە کە ناودەبرێت بە بیروباوەڕ. هەربۆیە، دەکرێت هەموو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، بە باوەڕ یان بیروباوەڕ ناوببرێن. [1]

بە کورتی، وشەی باوەڕ یان بیروباوەڕ یاخود عەقیدە (العقيدة)، هەم شەش پایەکانی ئیمان (أركان الايمان) وهەم هەموو ئەو مەسەلانەی کە لە ئیمانەوە سەرچاوە دەگرن، دەگرێتەوە. واتە، هەموو ئەو مەسەلانەی کە زانا وپێشەوایانی ئەهلی سوننەت وجەماعەت پێیان وایە کە دەبێ موسڵمانێك پێیانەوە پابەندبێ وبڕوای پێیانبێ، دەیانگرێتەوە. [2] لە لایەکیترەوە، باوەڕکردن، ئەو فەرمان وبیروباوەڕەیە کە هەرگیز جێگەی گومان نییە لە لای کەسی باوەڕدار. وەلێ، بیروباوەڕ (عقيدة)، پەیمانێکیشە (عقد) کەسی باوەڕدار لەگەڵ دڵی خۆیدا ئەیبەستێ کاتێك لێوانلێو دەبێ لە ڕێباز وگەلەبیرۆکەیەك، ئەوجا ڕاستبێ یان درۆ، ئەوە باسێکیترە. ئەمە، بێجگەلەوەی ئەم دەستەواژەیە هێماکردنێکە بۆ شانازیکردن بە باوەڕ وڕایەکی دیاریکراوەوە. لەلایەکیترەوە، زۆرجار تێکەڵییەك لە نێوان دەستەواژەی باوەڕ وچەمکگەلێکیتردا دروستدەبێ، وەکی ئایدیۆلۆژیا ومەزهەبی سیاسیی وبیروباوەڕی فەلسەفیی سەربازیی حزبیی زانستیی ئابووریی کۆمەڵایەتیی وبیروباوەڕە ئایینییەکان وبڕوا (الايمان) وزۆر دەستەواژەیتر. بەڵام، ئەوەی مەبەستە بوترێ، ئەوەیە کە هەرکاتێك باوەڕ بووە مەزهەب، واتە ڕێباز (دۆکترین)، بێگومان تێگەیشتن ودەستەواژەی بیروباوەڕی لێدەبێتەوە. لەبەرئەوەی، هیچ تازەگەرییەك وگۆڕانکارییەك وسوودێك ناگەیەنێت. هەڵبەت، ڕێباز یاخود مەزهەب، هەرگیز ناتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا.

بەڵگەنامە مێژووییەکان، باس لەوەدەکەن کە توندوتیژیی لە کۆمەڵگا مرۆییە سەرەتاییەکاندا، پیرۆز بووە. هەڵبەت، توندوتیژیی پیرۆز، پشتی بەو بیروباوەڕە بەستووە کە گوایە ئەوەی بەو کارە هەڵدەستێ، هەرگیز بە کارێکی سەپێچی ویاساغ هەڵناستێ، بەڵکو بە کارێکی داوالێکراو وپێویست هەڵدەستێ، لە پێناو جێبەجێکردنی ویستی بوونەوەرە باڵاکەدا، کە تەوەری بیروباوەڕەکەیە. دیارە، ئەوەش خوداوەند فەرمانی پێکردووە وپیرۆزیکردووە، بگرە سەپاندووشیەتی، ئەوجا بە پێچەوانەوە ئەوەی بەو کارە هەڵنەستێ، بە گومڕا وکەمباوەڕ ومسقۆف لەقەڵەم دراوە. لەبەرئەوە، زۆر بە سانایی

---

[1] محمد أركون: الفكر الاسلامي، نقد واجتهاد، ت: هاشم صالح، طبع بمطابع المؤسسة الوطنية للكتاب، مطبعة باب الزوار– الجزائر، ١٩٨٩، ص ١٢٧

[2] عەلی باپیر: ئیمان وعەقیدەی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی قورئان وسوننەت دا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاوکردنەوە وڕاگەیاندن– هەولێر، ٢٠١٦، ل ٣٥

**دەتوانین بڵێین، ئەو توندوتیژییە چووەتە چوارچێوەی خوداپەرستییەوە، بەوەی بەشێك بووە لە بیروباوەڕ. سەرجەم، ئەو کارەی ئاماژەمان پێدا، بە شێوەیەکی تایبەت بەسەر دیاردەی قوربانیداندا جێبەجێ دەبێت، کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان زانیویانە. کەواتە، پێشکەشکردنی قوربانیی، لە بنچینەدا باوەڕ ونەریتێکی ئایینییە، مەبەستیش نزیکبوونەوەیە لە خوداوەند یان گیانبازیی یاخود گوزارشتکردن لە سوپاسگوزاریی ولێخۆشبوون بووە.** [1]

**لە ڕاستیدا، باوەڕهێنان بە بیروباوەڕێك، دەکرێت لە ڕێگەی درکپێکردنی هەستەکییەوە یان دەرەنجامەوە یان پەیوەندیکردن بە کەسانیترەوە وەیان بەهۆی فێرکردن وتێگەیاندنی دەسەڵاتێکەوەبێ. کاتێکیش، مرۆڤ پڕاوپڕ دەبێ لە بیروباوەڕێك تا ڕادەی دەمارگیریی وهیچ بوارێك بۆ گفتوگۆی بابەتییانە ناهێڵێتەوە، وبڕوای بە هیچ ڕایەکی جیاواز لەوەی خۆی نامێنێ وهەرگیز پەسەندی ناکات، ئەوا ئەو حاڵەتە ناودەبرێ بە حاڵەتی (بڕیار لەسەردراو) یان دۆگما (عقیدة).** [2] **هەڵبەت، ئەم جۆرەی بیروباوەڕ کە دووردەکەوێتەوە لە واقیع وبوار بۆ گفتوگۆ ناهێڵێتەوە، بە باوەڕ وبۆچوونی دۆگما یان (دۆگماتیزم) ناوزەد دەکرێ. دیارە، زاراوەی (دۆگم) مانای (وەستاو) دەگرێتەوە، واتە ئەو کارەی کە هەرگیز نابێ بگۆڕدرێ. ئەمە، بەو شێواز وبیرکردنەوەیەش دەگوترێ کە لەسەر پایەی مەفهومی نەگۆڕ دامەزرابێت، وەکو یاسا ودەستووورە ئایینییەکان، بێئەوەی پەیڕەوی لە دەستکەوتە تازە وزانستیی وکارە زانستییەکان بکات، وە بێئەوەی بەپێی هەلومەرجی تایبەتی شوێن وکات بجوڵێتەوە.** [3]

**لە ڕاستیدا، دۆگماتیزم، لە زاراوەی یۆنانی Dogma بە واتای بڕیار وبیروبۆچوون وەرگیراوە. ئەم زاراوەیە، لە قامووسە فەلسەفی وئایینییەکاندا، بە هەر پرەنسیپێکی بیروبۆچوونی ئایینیی یان غەیرە ئایینیی دەگوترێ، کە لە ڕوانگەی لایەنگرەکانییەوە بە شتێکی حاشاهەڵنەگر، ڕەها، گومان هەڵنەگر ونەگۆڕ دادەنرێ.** [4] **بە مانایەکیتر، دۆگماتیزم، واتە (چەقبەستوویی).** [5] **وەڵێ، وێڕای بیروباوەڕی ئایینیی، دەشێت بیروباوەڕەکان، فەلسەفیی، ئایدیۆلۆژیی، سیاسی، سەربازیی، ڕەخنەیی، زانستیی، دۆگمایی وخێڵەکیی ودواکەوتوو یان کراوە وتازەگەریی وسەردەمییانەبێت. کەواتە، کێشە لە بوونی بیروباوەڕدا نییە، بەڵکو لەوەدایە، کە ئەو بیروباوەڕە دۆگما وقۆزاخەیی بێت. لەم ڕووەوە، ئایینە ئاسمانییەکان، زۆر**

---

[1] **منوبي غباش: العنف المقدس، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والابحاث، ١٧/ مارس/ ٢٠١٦،** www.mominoun.com

[2] **عقيدة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٤/ ديسمبر/ ٢٠١٧،** ar.wikipedia.org

[3] **برهان قانع: فەرهەنگی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)– بەغدا، ١٩٨٥، ل ٨١**

[4] **زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢١٣**

[5] **گەیلان عەباس: فەرهەنگی ڕامیاری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی کوردستان– لقی سلێمانی، چاپ وکۆمپیوتەر وفۆتۆکۆپی بەفر– سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٨٩**

بەوردی ولەپێناو چەسپاندنی بنەما نەگۆڕەکانی خۆیان، کاریان لەسەر دۆگمابوونی باوەڕگەلێك کردووە. واتە، بوارنەدان بە گفتوگۆ وکرانەوە، لە هەندێ بابەتی چارەنووسسازی هەستیاردا. هەربۆیە، دوالیزمی پەروەردگار وشەیتان، چاکە وخراپە، بەهەشت ودۆزەخ، پیرۆزیی وپیسیی، سزا وپاداشت، ئەم دنیا وئەو دنیا وزۆرێکیتر لە ئایینەکاندا بەڕوونی دەبینرێن، تا بەهۆیەوە کەسی ئیماندار پابەندبوونی زیاتر وبیری بە داخراویی بمێنێتەوە. هەڵبەت، لە هەناوی سەرجەم ئایینەکانیشدا، دواجار ولە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، هەموو تاکێك لە ڕووی باوەڕەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ، بەبێ جیاوازیی وهەڵاوێردیی.

ویلێ دیورانت، لە کتێبی (چیرۆکی شارستانی)دا دەڵێ: "بیروباوەڕی ڕۆژی لێپرسینەوە (یوم الحساب) بنچینەی سەرجەم بیروباوەڕی مەسیحیی، یەهودیی، ئیسلامە. لە بیروباوەڕی مەسیحیدا، باوەڕ بە گەڕانەوەی عیسای پێغەمبەر بۆ سەر زەوی وکۆتایی جیهان وخۆئامادەکردن بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە، هێشتا هەر ماوە." [1] لە بیروباوەڕی ئیسلامیشدا، بەتایبەت شیعەی ئیمامیی، وەك پێویستبوونێکی مەزهەبیی، هەتا ئێستا ولە ئاییندەشدا بڕوایان بە ڕۆژی لێپرسینەوە وگەڕانەوەی ئیمامی (مەهدی) وئەندامانی خاوەنماڵی پیرۆز (اهل البیت) وخاپووربوونی جیهان هەیە. [2] گوایە، لە کۆتایی جیهاندا، کەسێکی بێهاوتا دەردەکەوێ کە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (د.خ)، بە (مەهدی) ناوبراوە. [3] هەروەها، لە بیروباوەڕی جووەکانیش، کاتێك دەسەڵاتی شانشینی یەهودی لاوازبوو ودواتریش ڕوخێنرا وسەرگەردان بوون، ئەو باوەڕەیان بۆ دروستبوو، کە ڕزگارکەرە دڵسۆزەکەیان (مەسیحی ڕاستەقینە) لە وەچەی داوود پاشا، دێت وجارێکیتر لەو خاکەی کە پێشتر تێیدا نیشتەجێ ببوون، کۆیاندەکاتەوە. بەمەش، ئاشتی سەرانسەریی، تەواوی جیهان دەگرێتەوە. بەڵکو لەم ئاشتەوابییەدا، بێجگەلە ئەوان، تەواوی ئاژەڵەکانی دارستانیش ئاشت دەبنەوە. بەجۆرێك، گورگ لەگەڵ بەرخ، پڵنگ لەگەڵ کارژۆڵە وشێریش لەگەڵ پارێندا دەستلەملان دەکەن، وهەمووان دەبنە هاوسێیەکی ئاشتیخواز ومیهرەبانی یەکتر. [4]

### ٣- پێناسەی پارتی سیاسی:

پێدەچێت، پێناسەی پارتی سیاسی وەك چەمکێك کە هەڵگری چەندین ئاڵۆزییە، ملکەچ بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە کۆشش وڕا وبیروبۆچوونی لێکجیاواز بووبێ. هەڵبەت، پارتی سیاسی ڕێکخراوێکی

---

[1] ول ديورانت: قصة الحضارة، عصر الايمان، ت: محمد بدران، المجلد الثامن (١٥، ١٦)، مصدر سابق، ص ٢

[2] طالب عبيد: رجعة الامام الحسين (عليه السلام) في عصر ظهور الامام المهدي (ع)، منتديات العراق موقع العراق عراق، ٥/ ١١/ ٢٠١٣، iraq.iraq.ir

[3] فراس السواح: الرحمن والشيطان، الطبعة الاولى، من منشورات دار علاءالدين- دمشق، كانون الثاني ٢٠٠٠، ص ٣٠٨

[4] سليمان مظهر: قصة الديانات، مصدر سابق، ص ٣٥١

کۆمەڵایەتییە، پێکدێت لە دەزگایەکی ئیداریی ودەستەیەك لە فەرمانبەرانی هەمیشەیی، ئەمە بێجگەلەوەی کۆمەڵێکیش ئەندامان وپشتیوانان لەخۆدەگرێ، کە سەر بە کۆمەڵێك ژینگە وکۆمەڵ وعادات وتەقالیدی جیاوازن.[1]

یەکێك لە پێناسەکانی پارتی سیاسی، ئەوەیە کە دەزگایەکی ململانێیە، یاخود زیاتر بۆ ئەو مەبەستە دروستبووە یان کاردەکات. هەروەها، پێناسەیەکیتری ئەوەیە کە، مەبەست لێی گەیشتنە بە دەسەڵات وبە کارێکی سروشتیش دادەنرێت. جا ئەگەر، هەردوو پێناسەکە بدەین لەیەك، ئەوا دەستەواژەی "گەیشتن بە دەسەڵات لەڕێی ململانێ" بەرهەمدێت. واتە، پارتە سیاسییەکان بەم میکانیزمە کار دەکەن وهەوڵی بەدەستهێنانی کورسی دەسەڵات دەدەن. هەربۆیە، ئاماژە بەوە دەدرێت کە مەحاڵە هیچ پارتێکی سیاسی لەخۆڕا ڕێگە خۆش بکات، لەبۆ پارتێکیدی ودەسەڵاتی حکومەتێکی پێکهێنراوی پێببەخشێت. لێرەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ململانێ بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، بە یەکێك لە ڕووە سەرەکییەکانی ژیانی سیاسی لە کۆمەڵگادا دادەنرێت.[2]

دەوترێت، حزب، ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە، خاوەن جیهانبینیی وئایدیۆلۆژیا وفەلسەفەیەکی مێژوویی ویاسایەکی کۆمەڵایەتی باڵایە. هەروەها، پێگە ولایەنگری چینایەتیی، ڕێبەرێکی کۆمەڵایەتیی، فەلسەفەی سیاسی، لایەنگری سیاسەت، کەلتوور، دروشم، ستراتیژییەت، تاکتیك، ڕووبەڕووبوونەوەیە. ئامانجێکە، ودەیەوێت باری ئێستای مرۆڤ ومیللەت وکۆمەڵگە یان چینێکی تایبەت بگۆڕێت، بۆ بارێکی خوازراو وبیخاتە جێی. بۆیە، لە بەرانبەر ئەمەدا، هەموو حزبێك خاوەنی دوو دیدگای جێگیر وناجێگیرە، کە ئەوانیش بریتین لە: فەرمانکردن وڕەتکردنەوە.[3]

لە ڕاستییدا، لەبەرئەوەی، پارتی سیاسی، ڕەنگدانەوەی داکەوتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، هەربۆیە تایبەتمەندییەکانی هەمان کۆمەڵگا لە کاتی لەدایکبوون وژیانیدا هەڵدەگرێ.[4] ئەمە، سەرباری ئەوەی، لە نێوخۆی هەمان کۆمەڵگادا هزرگەلێك فەراهەم دەبێ، کە مەرج نییە لەگەڵ هزری لیبراڵ ودیمۆکراسی وفیکرگەلی هیومانیزمدا بێتەوە. بەڵکو، ڕەنگدانەوەی تەواوی ململانێی چینایەتی وبەرژەوەندییەکان وکۆدژەکان دەبێ، بە مانا نەرێنییەکەی. ئەوەش ئاشکرایە، کە هزر وئایدیا، هەرگیز

---

[1] د. یوسف محمد عبیدان: مبادیء العلوم السیاسیة، الطبعة الثانیة، جامعة قطر- الدوحة، قطر، ١٩٩٦، ص ٢٥٠

[2] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، کانوونی دووەم/ ٢٠١٢، ل ١٩٩

[3] د. عەلی شەریعەتی: زاراوەناسی، و: حسێن سەیید ئەدهەم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج- سلێمانی، ٢٠١٧، ل ١٥٥

[4] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد- بغداد، ١٩٩٠، ص ٣٧٢

لەدایك نابن گەر لەسەر خاكی دژوار ولەپێناو ململانێدا نەبێ.[1]

لەلایەكیترەوە ولە ڕووی بونیادی پارتی سیاسییەوە، دەوترێت بونیادی حزبەكان جیاوازییان دەبێت بە جیاوازیی سروشتەكەیان. بێگومان، خودی ناوەكەشی، هێمایە بۆ سێ یان چوار جۆری كۆمەڵایەتیی جیاواز، لە ڕووی ڕەگەزە بنچینەییەكانی ولە ڕووی ستراكتووری گشتی وپەیوەندییەكانی ودامەزراوەكانی سەركردایەتی. لانیكەم، **جۆری یەكەم**، بەسەر ئەو حزبە بۆرژوایانەدا پراكتیزە دەبێ كە لە سەدەی نۆزدەدا دروست بوون، وئێستاش لە شێوەی پارتە كۆنزەرڤاتیزم ولیبراڵەكاندا هەن. هەڵبەت، لە ولاتە یەككگرتووەكانی ئەمریكادا، تا ئێستاش ئەم جۆرە پارتانە شانۆی سیاسییان داگیركردووە. **جۆری دووەم**، پارتە سۆسیالیستەكانن، ئەوانەی خاوەنی بونیادێكی جیاوازن كە پشت بە جەماوەرێكی زۆری گەل دەبەستن. ئەم حزبانە، جۆرە ڕێكخستنێكی وردیان هەیە، كە هەر تاكێك لەلای خۆیەوە وبە گوێرەی میكانیزمێكی زۆر ورد، بڕێك پارە دەبەخشێتە حزب. وەلێ، ئەم پارتە سیاسییانە، بۆ سپۆنسەریكردنی خۆیان پشت بەم بڕە پارەیە دەبەستن. لە كاتێكدا، بۆ سپۆنسەریی جۆری یەكەمی حزبەكان، پشت بە دیاری وبازرگانەكان وبانكەكان ودامەزراوە پیشەسازییەكان دەبەسترێ. دیارە، سیستمە كۆمۆنیزمیی وفاشییەكان لەم جۆرەن، كە بە سەنترالیزمێكی بەهێز لە چاو حزبەكانیتردا جیادەكرێنەوە. **جۆری سێیەم**، حزبە كاتۆلیكیی ودیمۆكراتییە مەسیحییەكان وحزبە كشتوكاڵییەكان دەگرێتەوە، ئەمانە دەكەونە نێوان حزبە بۆرژوا وسۆسیالیستەكان، وتەنانەت ئەو پارتە كرێكارییانەی پشت بە سەندیكا وهەرەوەزییەكان دەبەستن. ئەم پارتانە، جۆرە ڕێكخستنێكی تایبەت وجیاوازیان هەیە، كە تەنها لە چەند ولاتێكدا ڕۆڵ دەبینن. پاشان، **جۆری چوارەم**، ئەو پارتانەن كە خاوەن پێكهاتەیەكی قووچەكین (هرمي) ولەمێژە هەن. ئەم جۆرەیان، لە هەندێك لە ولاتانی ڕۆژهەلات وئەفریقا وڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وئەمریكای لاتینیی وئەمریكای ناوەڕاست (پێش ١٩٣٩ن) دەبینین. وەلێ، كۆمەڵێك شوێنكەوتە، دوای كەسێكی كاریگەر دەكەون، یان دوای بنەماڵەیەكی دەرەبەگ، وە یان دەتوانین بڵێین دەستە وتاقمێك، سەردارێكی سەربازیی كۆیان دەكاتەوە.[2]

بەلام، لە ڕووی ڕەگەزە بنچینەییەكانەوە، كە زۆر پێویستە بوونیان لە حزبدا هەبێ، **جەماوەر** یەكەمیانە، كە دەبێ هەموو پارتێكی سیاسیی بنكەیەكی جەماوەریی هەبێ تا لێیكۆببنەوە، ئەوەش وەك بڕوابوونێك بە پرەنسیپەكانی ئەو حزبە سیاسییە وكاركردن لەپێناو بلاوكردنەوەیدا. دووەمیان، **یەكێتی بەرژەوەندی وپرەنسیپە**. لە ڕاستییدا، هەموو حزبێكی سیاسیی، گوزارشتە لە چینێكی كۆمەڵایەتی كە

---

[1] ابو ناصيف مختار: ابحاث يسارية واشتراكية وشيوعية، الحوار المتمدن، ١٦/ ٤/ ٢٠١١، www.ahewar.org

[2] موريس ديفرجيه: الاحزاب السياسية، ت: علي مقلد، عبد المحسن سعد، الهيئة العامة لقصور الثقافة، شركة الامل للطباعة والنشر- القاهرة، ٢٠١١، ص ٢٣

بەرژەوەندییان هاوشێوەی یەکە. لەبەرئەوە، بەرژەوەندیی، ئەو فاکتەرەیە کە یەکێتییەك لەنێو حزبەکاندا دروست دەکات، وهەندێجاریش بەسەر پرەنسیپەکان وبیروباوەڕەکاندا زاڵدەبێ. دیارە، سێیەمیشیان **یەکێتی ڕێکخستنە**. هەڵبەت، دیمۆکراسییەت، جێبەجێ نابێ وەك (ڕۆبێرت میشێل) دەڵێ، تا ڕێکخستن دروست نەبێ. شایەنی باسە، هیچ کارێك جێبەجێ نابێت بەبێ ڕێکخستن، چونکە ڕێکخستن هێزە. بێگومان، هەموو ڕێکخستنێکی پتەو لە حزبی سیاسییدا، تەنیا توانایەکی بابەتیی بۆ کارکردن پێنابەخشێ، بەڵکو کەشێکی وەها لەنێوخۆی ئەو حزبەدا دەخوڵقێنێ، کە دەتوانێ لە ڕێیەوە تێوەردان لە ڕێڕەوی ڕووداوەکانیشدا بکات، وسوود لەو هەلانەش ببینێ کە لەبەردەستدان. چوارەمیش، **یەکێتی سەرۆکایەتییە**. هەموو کۆمەڵ وگرووپێك، کە خاوەنی کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراون ولە هەوڵی ئەوەدان ئەو مەبەستگەلەیان جێبەجێ وبلاوبکەنەوە، پێویستە ڕێکخستنێك کۆیانبکاتەوە وکارەکانیان ڕێکبخات. بەلام، بێگومان خودی ئەو ڕێکخستنەش، پێویستی بە یەکێکە کە سەرۆکاریی بکات. کەواتە، ئەمەش، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی بڵێین، یەکێتی سەرکردایەتیکردن، کارێکی یەکجار گرنگ ومەترسیدارە. پێنجەمیش، **گەیشتن بە دەسەلاتە**. بێمکووڕیکردن، تەواوی پارتە سیاسییەکان چاویان لە دەسەلاتە. خۆ ئەگەر، حزبێکی سیاسیی هەبێ وخواستی لە گرتنەدەستی دەسەلات نەبێ، بێشك ئەوە حزبی سیاسیی نییە، بەڵکو ئەوە ڕێکخراو یان گرووپەکانی فشار یاخود کۆمەڵە خێرخوازییەکان وهاوشێوەکانیتن. چونکە، تەنها لە ڕێی دەسەلاتەوەیە، پارتە سیاسییەکان دەتوانن دارِشتەی حزبیی خۆیان جێبەجێ بکەن، یان پراکتیزەی ئەو پرەنسیپە سەرەکییانەی خۆیان لە کاری سیاسییدا بکەن. [1]

هەر دەربارەی پارتی سیاسی، دەکرێ بڵێین: "چەندە دیمۆکراتی بەردەوام بێت، هێندەش ململانێ وکێشمەکێش بەردەوام دەبێت." بەوەی، لەلایەکەوە ململانێ وخەباتی بێوچان وبەردەوامی پارتەکانی بۆ گەیشتن بە دەسەلات دەوێت، لەلایەکیتریشەوە دوای ئەوەی پارتێك دەسەلاتی گرتەدەست، دوچاری جۆرێك لە بەرهەڵستی هێزە سیاسییەکانیتر دەبێتەوە. ئەمە، وبێجگەلەوەی دەشێت پارت ولایەنە بەشداربووەکانی نێو دەسەلات، لە نێوخۆشیاندا بەرەنگاری جۆرێك لە کێشە وجیاوازی بیروڕا ونۆرە ودەساودەسکردنی دەسەلات ببنەوە (بە شێوازی ڕێککەوتن– توافق). شایانی باسە، ناکرێت تەنها لایەنی ئایدیۆلۆژی بە خوڵقێنەری ئاڵۆزی وقەیران وکێشەکان دابنێین، بەڵکو چەندین لایەنیتری سیاسی، کۆمەلایەتی، مێژوویی، جوگرافی، ئابووری، چینایەتی، ئایینی، مەزهەبی وزۆرێکیتریش هەن، کە بە هەمان شێوە خوڵقێنەرن..[2]

---

[1] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٦٧– ٧١

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان– سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٢١

له كۆمەڵگای سیاسیدا، دەسەلاّت لەلایەن پارتی سیاسییەوە دەبێت بەڕێوەبەریّ، واتە جڵەوی کاروباری حکومەت بەدەست پارتە سیاسییەکانەوە دەبیّ. دیارە، لە کۆمەڵگا دیموکراتخوازەکاندا، دەسەلاّت لەلایەن پارتێك یان چەند پارتێك وبەنۆرە وبەپێی یاسا بەڕێوە دەبرێت. ئەوجاکە، سیستمی حوکمڕانی، سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی یاخود هەر هەیئەتێکی یاسایی وشەرعیتر بێت. بەلاّم، لە کۆمەڵگا نادیموکراتی ودواکەوتووەکانیشدا پێچەوانەی ئەمە بەدیدەکرێت، مانای نەبوونی شەفافیەت وکەشێکی دیموکراسی، تا لەڕێیەوە زۆرترین بەشداری سیاسی بوونی هەبێت. جا، لێرەوەڕا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە: "کۆمەڵگای پێشکەوتوو، لە ڕووی سیاسییەوە، دامەزراوە جێگیرەکان دەیبەن بەڕێوە، لە کاتێکدا کۆمەڵگای دواکەوتوو لە ڕووی سیاسییەوە، کەسانێك دەیبەن بەڕێوە." [1]

لەم ڕووەوە، بیرمەندی ئەڵمانی، (ماکس ڤێیبەر) دەڵیّ: "هەموو هێزێکی سیاسی، کۆششکردنە بۆ بەدەستهێنانی هەژموون. لەبەرئەوەی، یەکە ودامەزراوە سیاسییەکان، تەنها لە پێناو سەپاندنی هەژموون وکۆنترۆڵکردنی ئەوانیتردا، پەنا دەبەنە بەر ململانیّ وڕکابەرایەتی." کەواتە، جۆرە ڕەواکانی کۆنترۆڵکردن لەنێو دامەزراوە سیاسییەکاندا کامانەن؟ بەڕای ڤێیبەر، سیّ جۆر کۆنترۆڵکردنی ڕەوا هەیە. یەکەمیان، ئەوەیە کە سروشتێکی ژیرانەی هەبێت ولەسەر بنەمای یاسا وڕەوایەتی کۆنترۆڵکردن وشەرعییەتی پیادەکەرانی دامەزرابیّ. دووەم، کۆنترۆڵی نەریتییە، کە لەسەر بنەمای باوەڕهێنان بە پیرۆزیی نەریتە باوەکان دامەزرابیّ. سێهەمیشیان، کۆنترۆڵکردنی کاریزمی یان ڕۆحییە، کە بە پیرۆزیی کەسی پێشەوا، دەناسرێتەوە.. [2]

دیارە، لە ڕوانگەی بیرمەندی ئیتالی (ئەنتۆنیۆ گرامشی)یەوە، ناوەڕۆکی سیاسەت ودەسەلاّت کە پارتی سیاسی لێی بەرپرسە، بریتییە لە بەرهەمهێنانی پرسێك کە ناوی (هەژموون یان سەروەری)یە. هەڵبەت، هەژموون، دەبێتە پێوەری هەموو پارتێکی سیاسی لە کۆمەڵگادا، تا بەهۆیەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکدا بسەلمێنێت وکاریگەریی دروست بکات ودواتریش ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە لە کۆمەڵگادا دروست دەبیّ، لە ڕێی چاکسازی وئەو هەژموونەی ئاماژەی پێدرا چارەسەر بکرێت. بەمەش، بۆچوونەکەی (ماکس ڤێبەر)مان وەبیر دێتەوە کە وتبووی: "هەموو هێزێکی سیاسی، کۆششکردنە بۆ بەدەستهێنانی هەژموون." [3]

---

[1] د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات– الكويت، ١٩٨٥، ص ١٧

[2] کوردستانی نویّ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠، ل ٥

[3] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ئەیلوول/ ٢٠١١، ل ١٤٣

**٤- پێناسەی گوتار: (گوتاری ئایینی وسیاسی)**

**چەمکی (گوتار– خطاب– Discourse)، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارده، ولە زاراوەی فەرەنسی (Discours) وزاراوەی لاتینی (Discurs – us)، هەروەها زاراوەی (Discurrer/ Discursum) وەرگیراوە. گوتار، دیاردە یان وتەزا یان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە. بە واتایەکی دیکە، پرۆسە وڕەوتێکە، کە لە کۆمەڵگاوە سەریهەڵداوە. بابەتە دەربڕاوەکان، گوزارە ومەسەلەکان، وشە ورستەکان، پەیوەندییان بەو خاڵەوە هەیە کە بابەتە ڕاگەیەندراوەکان وگوزارەکان وکەی، کێ، چۆن، لە لایەن چ کەسێکەوە، لە دژ یان بەلایەنگریی لە چ کەسێك یان چ شتێك کەڵکیان لێوەرگیراوە.** [1] **دیارە، گوتار، زیاتر بەوە دەناسرێ کە نامەیەك یاخود پەیامێکە، لەلایەن نێردەرێکەوە بۆ لایەنێکیتر کە وەرگرە، ئاڕاستەدەکرێ. ئامانجی ئەو کارەش، گەیاندن یان ڕوونکردنەوە یاخود لێکدانەوەی خاڵێکی تایبەت یان بابەتێکە. ئەوجا، دەشێت بە شێوەی گەیاندنی زارەکیی لە ڕێی قسەکردنەوەبێ، کە هەڵگری کۆمەڵێك دەربڕین وگوزارشتە، وتیایدا وەرگر دەتوانێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نێردەردا گفتوگۆی ئەو بابەتگەلە بکات. یاخود، دەشێت ئەو گوتارە بە شێوەی نووسینبێ، کە لەم حاڵەتەدا کارلێکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا ڕوونادات.** [2]

**گوتار، لە ڕووی زمانەوانییەوە، لە سێ کرداری (گوتاریدا یان قسەیکرد)، و(دوا بۆ کۆمەڵە کەسێك دەربارەی شتێك)، یان (وتەیەکی پێشکەشکرد) پێکدێت. بەڵام، لە ڕووی دەستەواژەییەوە، پێناسەگەلێك لەخۆدەگرێ، بۆنموونە: گوتار کۆمەڵێك ڕستە، تێکست، وتەی ڕێکخراو، یان وەك ئەوەی گوتار میتۆدی لێکۆڵینەوەیەك بێت، وە یاخود تێکستێکی وتراو یان کردارێکی وتەیی کە گێڕەرەوەیەك وگوێگرێکی لەپشتبێ، وە یان زۆرێکیتر. وەلێ، وێڕای ئەو پێناسەگەلەی ئاماژەی پێدرا، گوتار بۆئەوەی کاریگەر وبەسوودبێ، پێویستە لایەنەکانی تەواوبێت، ئەمەش بە پشتبەستن بە کۆمەڵێك کۆڵەکە وڕەگەز، کە گوتارەکە سیستماتیك دەکات، دیارە ئەو ڕەگەزانەش بریتین لە:**

**١– وتاردەر، واتە ئەو کەسەی گوتاردەدات**

**٢– وەرگر، واتە ئەو کەسەی گوێ ڕائەدێرێ بۆ ئەو گوتارە**

**٣– پەیام، واتە ئەو ماددەیەی لەو گوتارەدایە وبە شێوەیەکی ئەدەبیی دادەڕێژرێ**

**٤– ئامرازی گەیاندن، مەبەست لە کەناڵی بەیەکگەیاندنی وتاردەر و وەرگرە**

**هەر لە نێوکۆی گوتاردا، دەکرێت ئاماژە بە جۆرەکانی گوتاریش بدەین کە بریتین لە:**

---

[1] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠٨

[2] ایمان بطمة: أنواع الخطاب، موضوع. کوم، ٢٥/ ینایر/ ٢٠١٦، mawdoo٣.com

١- **<u>گوتاری پیرۆز</u>**، مەبەست لەو گوتارەیە کە بە درێژایی مێژوو لەلایەن پەروەردگارەوە هاتووەتە خوارەوە، ولە (قورئان، ئینجیل، تەورات)ی پیرۆزدا، واتە لە پەڕتووکە پیرۆزەکانی ئایینە ئاسمانییەکاندا داڕێژراوە، وکۆمەڵێك واتا ومەبەست وئامۆژگاریی وکرۆکی تایبەت بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بە سەرجەم چین وتوێژەکانییەوە لەخۆدەگرێ. ئەمە بێجگەلەوەی، ئایینە زەمینییەکانیش هەڵگری کۆمەڵێك گوتاری پیرۆز ومانادارن، بەڵام لێرەدا، تەنها مەبەستم لە ئایینە ئاسمانییەکانە.

٢- **<u>گوتاری گەیاندن</u>**، ئەو گوتارەیە کە لەلایەن نێردەرەوە بەرەو وەرگر ئاڕاستەدەکرێ، لە ڕێی نامەیەکەوە. مەستیش لەمجۆرەی گوتار، گەیاندنی بیرۆکەیەکی تایبەتە بە تاك وچین وتوێژێکی تایبەت، کە دەشێت گوتارگەلی سیاسیی، ڕۆژنامەوانیی، ڕێنیشاندەریی، ڕێنوێنیی، هۆشیاریی، هەڵسانەوەیی، ئامادەکاریی، دەروونیی و....هتد، بگەیەنێ.

٣- **<u>گوتاری ئایینیی</u>**، ئەم جۆرەی گوتار، بەوە جیادەکرێتەوە کە سەرچاوەکەی کتێبە پیرۆزە ئاسمانیی یاخود زەمینییەکانە. هەڵبەت، مەبەست لەمجۆرە گوتارە، بڵاوکردنەوەی باوەڕ وعەقیدەی ئایینییە، ئەوەش لە پێناو بانگەوازی ئایینیی وڕێکخستنی کۆمەڵگا بەپێی پرەنسیپگەلێکی ئایینیی وخستنەڕووی ئامۆژگارییەکانە، بە چەندین ڕەهەند.

٤- **<u>گوتاری داهێنەرانە</u>**، زیاتر بوارگەلی ئەدەبیی، زانستیی، سوودگەرایی، نەتەوەیی، فەلسەفیی، سیاسیی، زمانەوانیی وزۆرێکیتر لەخۆدەگرێ، کە جۆرێك لە پێشکەشکردن ومیکانیزم وبەجێهێنانێکی زانستیی وپرۆفیشنالانەی تێدا دەبینرێ وتاووتوێ دەکرێ، کە دواجار دەشێت بخرێتە خانەی ئەفراندن وداهێنانەوە.

گوتار، ئامانج وڕۆڵێکی چەند لایەنەی هەیە، کە یەکێکیان بریتییە لە دوورخستنەوەی چەمکی "خود" لە بواری فەلسەفە، ئایدیۆلۆژی وپرۆفیشناڵبوونی زانستیی وگەڕاندنەوەی پێگەی واتای "خود" بۆ ئەم چەمکە. شایەنی وتنە، گوتار لە دەیەی (١٩٧٠ن) بەملاوە، لە شێوازگەلێکی جیاوازدا دەردەکەوێ، کە گرنگترینیان شێوازی (شیکردنەوەی گوتار)ە وەك ئامڕازێکی میتۆلۆژی نوێ، کە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان ومرۆییەکاندا سەری هەڵداوە. [١]

هەژی گۆتنە، لە فەرهەنگەکاندا، باس لە گوتار کراوە، بەوەی ئاخاوتنێکە ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێت لە یەکێك لە بۆنەکاندا، هەروەك گوتاری تەختی پاشایەتیی دەوڵەتە پادشاییەکان، وگوتاری کۆماریی یاخود سەرۆکایەتیی دەوڵەتە کۆمارییەکان. لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە گوتارە، پێیدەوترێت گوتاری

---

[١] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠٨

دەسەڵات، دیارە هەرکاتێکیش گوێمان لە وشەی گوتار لە کایەیەکی سیاسیدا بوو، ڕاستەوخۆ لە زەینماندا دەسەڵات ئامادەیی دەبێت. لێرەوە، دەگەین بە جۆرێك لە گوتار، کە پێدەوترێت گوتاری سیاسی. هەڵبەت، یەکەم کەس کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی گوتار داوە، بیرمەندی نەژاد ڕووسیی ڕەگەز ئەمریکیی (زێلیگ هاریس) بووە، لە ساڵی (١٩٥١ز)دا. ناوبراو، دەڵێ: گوتار وتراوێکی دوورودرێژە، یان کۆمەڵێك ڕستەی داخراوی یەکبەدوای یەکن، کە دەکرێ لە ڕێیەوە بڕوانینە بونیادی زنجیرەیەك لە ڕەگەزەکانی. ئەمەش، بەهۆی میتۆدی دابەشکارییەوە، بەشێوەیەك کە بمانهێڵێتەوە لە بواری زمانەوانیی پەتیدا. کەواتە، دەتوانین بڵێین مەبەست لە گوتاری سیاسی، بەشێوەیەکی سانا وبەربڵاو، گوتاری دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە. بەمانای، ئەو گوتارەیە کە بە مەبەست ئاڕاستەی وەرگرێکی مەبەستلێبوو دەکرێ، بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەری وقایلکردنی بە ناوەڕۆکی ئەو گوتارە. هەڵبەت، ناوەڕۆکی ئەم گوتارەش، کۆمەڵێك بیرۆکەی سیاسی لەخۆدەگرێ، یاخود دەشێت بابەتی ئەم گوتارە سیاسی بێت.[١]

هەر لەم ڕوانگەیەوە، کاتێك باس لە فیکر دەکەین، هەچ فیکرێك بێت، ئەوا لە بنچینەدا مەبەستمان لە کۆمەڵێك دەقە. هەڵبەت، ئەم دەقانەش، نامەگەلێکن لە نووسەرەوە بۆ خوێنەر، کە گوتار دەگەیەنن. وەلێ، پەیوەندیش لە نێوان نووسەر وخوێنەر، لە ڕێی کۆمەڵە تێکستێکەوە دروست دەبێ، ڕێك وەك ئەوەی چۆن پەیوەندی لە نێوان بێژەرێك وگوێگرێك لە ڕێی ئاخاوتنەوە دروست دەبێ، کە مەبەست لە هێما دەنگییەکانە. ئەوجا، لە هەر کاتێکدا، نووسەر بیەوێ فیکرەیەك یان بۆچوونێکی خۆی پێشکەش بکات، ئەوە مانای گوتار دەگەیەنێت. لە بەرانبەریشدا، خوێنەر ئەو فیکرە یان ئەو بۆچوونە وەردەگرێت، بەو شێوەیەی کە لەو دەقەدا پوختەی دەکات وتێیدەگات، بەهۆی ئاستی تێگەیشتن وهۆشیاری خۆیەوە. دیارە، ئەمەش ڕاڤە ولێکدانەوە یان جۆری خوێندنەوەی ئەو گوتارە دەگەیەنێت. کەواتە، دوو لایەن گوتار پێکدەهێنن: ئەوەی نووسەر دەیڵێت، وئەوەی خوێنەر دەیخوێنێتەوە.[٢]

لێرەوە، زاراوەی گوتار، دەشێت مانای زمان یان نووسین هەڵبگرێت. ئەمە بێجگەلەوەی، گوتار، مانای تایبەتی هەیە ودەشێت تەنیا پەیوەست نەبێ بە زمان یان بە نووسینەوە، بەڵکو لە بواری تێڕامانیشدا بەکاربهێنرێت ولێکبدرێتەوە. دەشێت، زمان لە خۆیدا، شتێك یان ڕەگەزێکی بێلایەن بێت، بەڵام کاتێك بارگاوی دەکرێت بە مانا وتێکڕای زمان دەبێتە (دال) وهەڵگری (مەدلول) دەبێت، ئەو کاتە

---

[١] د. محمود عكاشة: لغة الخطاب السياسي، الطبعة الاولى، دار النشر للجامعات، مطابع دار الطباعة والنشر الاسلامية- القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٣٥- ٤٥

[٢] د. محمد عابد الجابري: الخطاب العربي المعاصر، الطبعة الخامسة، مركز دراسات الوحدة العربية- بيروت، لبنان، آذار/ مارس ١٩٩٤، ص ١٠

پەیوەندی نێوان زمان وگوتار یان نووسین وگوتار دەردەکەوێت. ڕاستە، کردەی نووسین یان ئاخاوتن، ناشێت لە مانا ڕووت بکرێتەوە، بەڵام دەشێت ئەو مانایەی کە هەر گوتنێك یان نووسینێك هەڵیدەگرێ، لە ئاستێکی لاوازدا بێت وبە جۆرێك ڕێکنەخرابێت کە شێواز یان فۆرمی گوتار بەخۆیەوە بگرێت. [1] ئەم چەمکە، لە فەلسەفەی کلاسیکیدا، لە بەرانبەر مەعریفەی گوتاریی بەکارهێنرابوو، لە ڕێی پلەبەندیی هۆکارە مەعریفییە دۆزراوەکان. لە ڕاستیدا، بەهای گوتار، لە بەهای (لۆگۆس) *ی یۆنانییەوە نزیك بوو. وە دەوترێت، گوتار یان دیسکۆرس، بەکارهێنراوێکی هێما دەنگییەکان بووە لە نێوان خەڵکدا، ژ بۆ ئاگادارکردنەوەیان ودەربڕینی ئارەزوو وبۆچوونیان، دەربارەی شتەکان. [2]

دەشوترێت، گوتار، بریتییە لەو کۆمەڵە وشە گوتراوە یان نووسراوەی کە حیکایەتێکی تایبەت دەربارەی واقیع دەگێڕنەوە، وجۆرێکی تایبەتی حەقیقەتیش بەرهەمدەهێنن. هەم ئەو حیکایەتانە، وهەم ئەو حەقیقەتانەش، لە ڕەوتی ئەو پەیوەندییانەی دەسەڵات وئەو هێزانەی لە ساتێکی دیاریکراودا ئامادەن، بەرهەمدێن. بەم مانایە، گوتار، بریتییە لە کۆی ئەو تێکست ونووسراوانەی دەربارەی واقیعێکی دیاریکراو دەدوێن، وسەرزەمینێك بۆ پێناسەکردن وبەرهەمهێنان وبلاْوبوونەوەی حەقیقەت دەستنیشان دەکەن. لەم سەرزەمینەشدا، کۆمەڵێك میکانیزمی تایبەتی بەرهەمهێنان وبلاْوکردنەوە ئامادەن، کە لە ناوەوە ولە دەرەوەڕا شێوازی بەرهەمهێنانی گوتارەکان دەستنیشان دەکەن. [3]

دوایین وتە، دەربارەی گوتار، بە گوتەیەکی (میشێل فۆکۆ) کۆتایی پێدێنم، کە وتبووی: "هەموو گوتارێك، هەوڵدانە بۆئەوەی گوتەبێژەکە دەسەڵاتی هەبێت بەسەر ئەوانی دیکەدا." [4] کەواتە، لێرەوە گوتار، تێکەڵ بە دەسەڵات وکایەی سیاسیی دەبێت.

---

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٣

* لۆگۆس: زاراوەیەکی ئاڵۆز وگرنگە لە بواری فەلسەفە، دەروونناسیی، ڕەوانبێژیی وئایین. هەڵبەت، (هیراکلیتس) (٥٣٥-٤٧٥ پ.ز)، ئەم زاراوەیەی هێناوەتە نێو ئایین وفەلسەفەی ڕۆژئاواییەوە. شایەنی باسە، لۆگۆس، بەمانای گوتار، زمان، سەرچاوە، ئەقڵی هەمەکیی، وشەی خودا و...هتد دێت. ئەم زاراوەیە، لە فەلسەفەی یۆنانییدا، بنەمایەکی ئەقلانییە کە گرێدراوی هێزە فۆرم خوڵقێنەرەکانە. وەلێ، ئەم زاراوەیە، لای (هیراکلیتس) یاسای گەردوونییە، لای (ئەریستۆ)ش، شتێکە کە پەیوەندی بە ناواخنی پێناسە ئەقلانییەکانەوە هەیە.

[2] باتريك شارودو ودومينيك منغنو: معجم تحليل الخطاب، ت: عبدالقادر المهيري وحمادي صمود، من منشورات دار سيناترا، المركز الوطني للترجمة- تونس، ٢٠٠٨، ص ١٨٠

[3] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر، لە بلاْوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٩٤

[4] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، لە بلاْوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٤٠٩

## تەوەری دووەم

**١- مێژووی فەلسەفە وئایین:**

دیارە، کۆنترین ویەکەم چەکەرەی بیرکردنەوەی کۆمەلأیەتیی، لە ئەفسانە وئایینەکان وفەلسەفە کۆنەکاندا دەرکەوتووە، بەشێوەیەك کە مێژوونووسان گەیشتوونەتەوە ئەو بڕوایەی هەموو کۆمەڵگایەك خاوەنی سۆسیۆلۆژیایەکی (واتە مەعریفەیەکی کۆمەلأیەتیی) نادیارە، کە زۆر بەدەگمەن دەردەکەون یاخود دەردەبڕدرێن لە وێنەی مەعریفەیەکی ڕێکوپێك، یان لە شێوەی تیۆرگەلێکی تەواوکەردا. هەڵبەت، ئەو بیرۆکە کۆمەلأیەتییە سادە وساکارانەی شارستانیەت وکۆمەڵگا ڕۆژهەلأتییە کۆنەکان زانیویانە، بەوە وەسفدەکرێن کە مۆرکێکی کردارەکیی ،سوودگەرایی ،مۆراڵیی وتێڕوانینێکی ئەفسانەیی وئایینییان بۆ ژیانی کۆمەلأیەتیی هەیە. بەلأم، هەرچۆنێکبێ بیرۆکە کۆمەلأیەتیی وسیاسییە تۆکمەکان، لە سەردەمی یۆنانییەکاندا دەرکەوتن. بەوەی، لە سەدەکانی حەوت وشەشی پێش زاییندا، وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورە لە یۆنان ڕوویدا، کە بووەهۆی لەدایکبوونی زانستی تیۆریی. بێگومان، گەر بیرکردنەوەی کۆمەلأیەتیی یۆنانییەکان بە بیرکردنەوەی شارستانیەتە ڕۆژهەلأتییە کۆنەکانی ڕابردوو بەراورد بکەین وەك میسری فیرعەونیی، ولأتی نێوان دووزێ (میزۆپۆتامیا)، فارس، هیند، چین، دەبینین چەشنێکی نوێ لە بیرکردنەوەی کۆمەلأیەتیی وسیاسیی پێشکەوتوو، ڕووناکی بینیوە.[١]

کەواتە، گەر لە ڕوانگەی مێژووی ئایینەکانەوە، ئاماژەیەك بە فیکر وئایین وخوداوەندەکانی گریکەکان بدەین، ئەوا بابەتەکەمان بەپێزتر ودەوڵەمەندتر وڕەنگاڵەتر دەبێ. بەڵگەنامە مێژووییەکان، باس لەوە دەکەن کە هەر شار دەوڵەتێکی یۆنانیی، خوداوەندێکی تایبەت بە خۆی هەبووە. وەلێ، لە ڕێی سێ سۆز وخواستی دەروونییەوە یۆنانییەکان پابەستی ئایین وخوداوەندەکانیان بوون، کە بریتیبوون لە چاکە وپیاوەتی، بەرژەوەندی تایبەت، ترس لە سزا. دیارە، خوداوەندەکان، وەکی پارێزەر وبونیادنەری ئەم شارانە وابوون، هەربۆیە ڕێزگرتنیان بە ئەرکێکی نیشتمانیی دانراوە. بێشك، پچکێك گومڕایی لە بەرانبەریاندا، وەك ناپاکی لە بەرانبەر نیشتمان وابووە، بە مانای تاوانێك کە یاسا سزای بۆدانابوو.[٢]

---

[١] تأريخ الفكر السياسي: قسم مدخل علم السياسة والفكر السياسي، الموسوعة الجزائرية للدراسات السياسية والاستراتيجية، ١١/ نوفمبر/ ٢٠١٧، www.politics-dz.com

[٢] يوسف كرم: تأريخ الفلسفة اليونانية، الطبعة الاولى، من اصدارات دار القلم- بيروت، لبنان، مايو- أيار ١٩٧٧، ص ٥

ئەوجا با لە فەیلەسووفە گریکییەکانەوە دەستپێبکەین، وبزانین تا چەند ئایین ڕەنگدانەوەی لە هزر وفەلسەفەکانیاندا هەبووە. جێی ئاماژەپێکردنە، فەلسەفە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ دەیەوێت لە دنیا تێبگات، ئەوەش بە پشتبەستن بە عەقڵ، نەك بە ئایین وبیر وباوەڕی باو. (تێلیس)یش، یەکەمین فەیلەسووف ورۆشنفیکرەکانی بووە، کە گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی هەموو شتەکان لە بنەڕەتدا لە ئاو دروستبوون. پاشان، (سوکرات) دێت، کە باوەڕی بە ئەقڵ وچاکەکاریی ودادپەروەریی هەبووە، ولە پێشەنگی ئەو فەیلەسووفانەش بووە کە میتۆدی (دیالێکتیك)ی هێناوەتە ئاراوە، لەبۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا. ناوبراو، هانی خەڵکیشی داوە بەدوای دادپەروەریی وهەقیقەتدا بگەڕێن، بۆیە دەسەڵاتدارانی ئەتینا، بە گومڕا وهەڵگەڕاوە لە ئایین، سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنن. دواتر، (پلاتۆ)ی شاگردی دێتە سەر شانۆ، کە بڕوای بە دوو جیهانی بینراو ونەبینراو هەبووە. (پلاتۆ)، بڕوای وابووە کە هەقیقەتی هەموو شتەکان لە جیهانێکی ئایدیاڵی ئەبستراکت، لە سەرووی ئەم جیهانە ماتریاڵەوە پەنهانە، کە تەنها بە ئەقڵ دەتوانین بیدۆزینەوە. پاش ئەمیش، (ئەریستۆ تێلیس) دێت، کە تەنها بڕوای بەم جیهانە بەردەستە هەبووە وئەقڵ دەکاتە پێوەر بۆ درکپێکردنی شتەکان. لە ڕاستیدا، ئەوانەی ئیماندارن وبڕوای تەواویان بە ئایین هەیە، زیاتر بڕوایان بە بیروبۆچوونەکانی (پلاتۆ)یە، هەرچی ئەوانەشە کە پشت بە ئەقڵ دەبەستن وقاچیان لە زەوی گیرە، بڕوایان بە بیروبۆچوونەکانی (ئەریستۆ)یە.[1] شایەنی باسە، دەمەوێت بە وتەیەکی (ئەپیگۆر)ی فەیلەسووف، کۆتایی بە سەردەمی یۆنانییەکان بهێنم، کە وتبووی: "مرۆڤ، بەبێ خودا وبەبێ ئایین بەختەوەرترە."[2]

ئەگەر، فەلسەفەی یۆنانیی، ئەو زمانەی بەهەمهێنابێ کە ئەمڕۆ زایان بەهۆیەوە گوزارشت لە ڕەوشەکانی تایبەت بە دیاردەی سیاسیی دەکەن، بێگومان شارستانییەتی ڕۆماش ئەو چوارچێوەیەی پێشکەشکردووە، کە شارستانییەتی نوێ بە شێوەیەکی گشتی سیستمە سیاسیی ویاساییەکانی لەسەر بونیادناوە. بەتایبەت، ئەو شتانەی کە تایبەتن بە پەیوەندییەکانی نێوان تاك ودەوڵەت.[3] هەڵبەت، فیکری سیاسیی ڕۆمانیی، وێڕای ئەوەی دوابەدوای فیکری سیاسیی یۆنانیی هاتووە، وپرەنسیپەکانیشی لەسەر هەمان شێوەی ئەوەی یۆنانیی داڕشتووە، بەڵام وردە وردە ڕوانگەی ئەم فیکرە نوێیە گەشەیسەندووە وبەرەوپێش چووە. وەلێ، لەم نێوەندەدا هەریەك لە (پۆلیب، شیشرۆن، سێنیکا)، لە کەڵە فەیلەسووفانی ڕۆمانیی هەژماردەکرێن. لە ڕاستییدا، هەروەك چۆن ڕۆمانییەکان بنەماگەلێکی فەلسەفییان لە یۆنانییەکانەوە وەرگرتبوو، بێگومان سەرلەبەری بواری ئایینییشیان هەر لەوانەوە وەرگرتووە، وەکی پەرستشی خوداوەند (جۆپیتێر) وخواوەندەکانیتر. ڕۆمانییەکان، بۆ هەموو ورد ودرشتێك، بۆ هەموو

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨– ٧٠

[2] د. محەمەد کەمال: کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٣٧

[3] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥

باشەیەك وخراپەیەك، بۆ هەموو هێزێك لە هێزگەلی ئەقڵ وجەستە، وبۆ هەموو هێزێك لە هێزگەلی سروشتیی وێناكراو وڕاستەقینە، خودایەكی تایبەتیان بۆ تەرخانكردبوو. بەڵام، ڕق وكینەیەكی زۆریان بەرانبەر بە ئایینەكانی جوولەكە ومەسیحیی هەبوو، تا دواجار مەسیحییەت لە ساڵی (٣١١ز) یان (٣١٣ز)، بووە ئایینی فەرمییان. [١]

لە نێوكۆی باوەڕە ئایینییەكانی كەڵە فەیلەسووفانی ڕۆمانەوە، دەتوانین بڵێین بیركردنەوەی (سێنیكا) ماكێكی ئایینیی ئاشكرای پێوە دیاربووە، لە كاتێكدا بەرهەمە بیرییەكانی (شیشرۆن)، لە چوارچێوەی یاسایی ئەبستراكت دەرنەچووە. [٢] لەم ڕووەوە، (سێنیكا)، بڕوای وابووە ئەو ڕایەڵانەی لەم جیهانەدا بوونیان هەیە، مەعنەوی وئایینین پێشئەوەی یاسایی وسیاسییبن. ئەم بۆچوونەی ناوبراو، وایكردبوو بیرگەلە فەلسەفییەكەی، ئاڕاستەی بیروباوەڕێكی ئایینیی ڕەسەن وەربگرێ، كە بانگەشەی دووركەوتنەوە لە كاروباری دنیا وسیاسەت لەخۆبگرێ، وڕووبكاتە تێڕامان ولێوردبوونەوە ڕۆحییەكان، دوور لە شەڕەنگێزیی جەستە وتاوانەكانی. هەر بە بڕوای ناوبراو، پیاوی دانا، ئەو كەسەیە كە بە گشتی خزمەتگوزاریی مرۆیی پێشكەش دەكات، ئەگەرچی هیچ دەسەڵاتێكی سیاسییشی نەبێ. [٣] بەپێچەوانەوە، هەرچەندە (شیشرۆن) وەكی (سێنیكا) بڕوای بە یەكسانیی مرۆڤەكان هەبووە، بەڵام نە وەكی ئەو بەرانبەر بە جەماوەر ڕەشبین بووە ونە هێندەش كاریگەر بووە بە بیروباوەڕی ئایینیی. بەڵام، وتووشیەتی: "هیچ نەتەوەیەك نیە ئەگەر ئەوپەڕی دڕندەییشی تێپەڕاندبێ، كە خودایەكی نەبێ ونەیپەرستێ، گەر تەنانەت نەشزانێ ئەو خودایە چییە كە دەیپەرستێ." [٤] ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، باوەڕبوونی (سێنیكا) بە كۆمەڵگایەكی ئایینیی سەربەخۆ لە كۆمەڵگای سیاسیی، هاوتایە لەگەڵ ڕوانگە بیرییەكانی مەسیحییەكان كە جەخت لەسەر بوونی دوو دەسەڵات دەكەنەوە، یەكەمیان ئایینیی ودووەمیان زەمەنیی. هەڵبەت، ئەم بیروبۆچوونانەش، ڕێخۆشكەر بوون بۆ دەركەوتنی بیروبۆچوونەكانی پاپا یەكەمەكانی كڵێسا. [٥]

پاش ئەوەی، كۆتایی بە ئەقڵ وفەلسەفە وجیهانی یۆنانیی وشارستانییەتی ڕۆمانیی هات، ئیدی سەردەمی چاخە ناڤینە تاریكەكان دەستیپێكرد، وئایینی مەسیحیەت وردە وردە بڵاوبووەوە، وەلێ لەسەر دەستی فەیلەسووفانی لاهووت (ئۆگۆستینۆس) ودواتریش (تۆماس ئەكوینۆس)، ئایینی مەسیحیەت

---

[١] جرجي زيدان: خلاصة تأريخ اليونان والرومان، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة– القاهرة، ٢٠١٢، ص ٥١

[٢] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی كۆن وناوەڕاست، و: سەلام كەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦١

[٣] أ. م. د. عادل ياسر ناصر: مبادىء علم السياسة، محاضرات جامعية للمرحلة الاولى، جامعة المستنصرية، كلية العلوم السياسية– بغداد، ٢٠٠٥، ص ٥٢

[٤] صبري المقدسي: أقوال الفلاسفة والقادة والعلماء في الدين والاديان، العدد (٤٧٤٤)، الحوار المتمدن، ١٠/ ٣/ ٢٠١٥، www.ahewar.org

[٥] د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم والوسط، مصدر سابق، ص ١٦٣

تێکەڵ بە فەلسەفە کرا. بەڵام، دەبوو بیرکردنەوە وفەلسەفە لەگەڵ ئاییندا بسازێنرێ، نەك بەپێچەوانەوە. هەربۆیە، ئەم ماوەیە کە بە (١٠٠٠) ساڵ مەزەندە دەکرێ، (ئەنگڵس) وتەنی: وەستانێك بووە لە ڕەوتی مێژووی فەلسەفەدا. [1] دەوترێت، ئەوەی ئایینی مەسیحیی وەك ئایینێکی ئاسمانیی لە ئایینەکانیتر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە لەسەر دەستی (عیسا)ی پێغەمبەر (د.خ) دروستبووە، وجەخت لە لایەنە ڕۆحییەکان دەکاتەوە، ولایەنە ماتریاڵییەکان پشتگوێ دەخات، بەوەی پاشماوە وکۆتەڵی دنیا وچێژ وخۆشییەکانییەتی. ئەمەش بە ڕوونی، لە ئینجیلەکان ودارِشتە وئامۆژگارییەکانی مەسیح ومۆچیاران وکەسانی پیرۆز وتکاکاردا خراوەتەڕوو. [2]

بە درێژایی سێ سەدەی زایین، مەسیحییەکان لە ترسی سزاکانی دەوڵەتی ڕۆما، بە نهێنی ڕێکارە ئایینییەکانی خۆیانیان جێبەجێ دەکرد، تا لە ساڵی (٣١٣)ی زانیینییدا، ئیمپراتۆر (کۆنستانتین)، کە ساڵێك پێشتر باوەڕی بە ئایینی مەسیحیی هێنابوو، پەیڕەویکردن لەم ئایینەی کرد بە یاسایی. ئایینی مەسیحی، بەتایبەت کاتۆلیك، بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست (نزیکەی ٥٠٠– ١٥٠٠ی زایینیی)، بە خێرایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وئەوروپا بڵاوبووەوە. [3] بەڵام پاش ئەو مێژووە، تیۆری سیاسی وفیکری فەلسەفەی سیاسی سەدەی شازدە، کاریگەریی ڕێنیسانس وبزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینیی ودواتریش ڕۆشنگەرییان لەسەر دروستبوو.

دوای ئەوەی، هێدی هێدی تەپوتۆزی بەردەم کلاوڕۆژنەی فیکر وفەلسەفە نیشتەوە، جارێکیتر تیشکی خۆرێکی نوێی لێوە پژایە سەر زەمینی مرۆڤایەتی، کە سەرەتای خۆری ئەدەب وڕۆشنبیریی وڕامیاریی وزانستی نوێ بوو. لە سایەی ئەم خۆرە نوێیەوە، کە لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەوە لە ئیتالیا هەڵهات، مرۆڤی نوێ دڵی خۆی لە دینەوە بۆ دنیا گواستەوە، ئەم سەردەمە نوێیە بە سەردەمی ڕێنیسانس وکلاسیزم ناودەبرێ. هەڵبەت، چکاوەی ئەم داکەوتە نوێیەش، لە هۆنراوەیەکی (دانتێ)ی شاعیر لە (کۆمیدیای یەزدانیی)دا خۆی دەردەخات، کە دەڵێ: "ئێستا، بەلەمی هزرم چارۆکەکەی بەرز دەکاتەوە، بۆئەوەی بەسەر ئاوێکی ئارامتردا بڕوات، ولەدوای خۆیەوە دەریایەکی خرۆشان جێبهێڵێت." [4]

---

[1] ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٥، ل ٣٧

[2] د. يوسف محمد عبيدان: مبادیء العلوم السياسية، مصدر سابق، ص ٢٧

[3] سارا فلۆوەرز: چاکسازیی ئایینیی، و: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٩

[4] ئازاد تۆفیق خەیات: نالی– دانتێ، وێکچوونێکی فرە ڕەهەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد– سلێمانی، ٢٠١٧، ل ١٨١

خەسڵەتەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، خوڵقێنەری ئەو پایەگەلە فیکرییە بوون کە شارستانییەتی ئەوروپای خۆرئاوای لەسەر بونیادنرا. لەبەرئەوەی، لێرەوە ڕۆحی شەرکێشییەکان، لە گەشتەکانی (مارکۆ پۆلۆ)دا خۆی دەرخست، تا دواجار (کۆڵۆمبۆس) کۆتایی پێهێنا وکیشوەرەکانی ئەمریکای دۆزییەوە. پاشئەوەی، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، مرۆڤ هەوڵی داگیرکردنی هەسارەکانیتریدا، هەڵبەت ئەم هەوڵانە بۆ کۆنترۆڵکردنی گەردوون، شەش سەدەی خایاند، لە خەملاندنە وردەکانی (کۆپەرنیکۆس وگالیلۆ)وە تا ئەو کاتەی مرۆڤ پێی لەسەر مانگ دانا. بێگومان، هەر ئەم ڕۆحی سەرەڕۆیی وسەرکێشییەش، هۆکاری دروستبوونی ئیمپریالیزم بوو. وەلێ، دیاردەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییش لەسەر داروپەردووی کۆمکاری ئایینیی، بیرۆکە سەرەتاییەکانی بۆ هەریەك لە (دانتێ وماکیاڤێللی) دەگەڕێتەوە، ئەمە بێجگەلە باڵادەستبوونی زمانە لۆکاڵییەکان، بەسەر زمانی پاراوی (لاتینی)دا. لە ڕاستیدا، ئەم زمانە لۆکاڵییە ڕەشۆکییانە، لە ئەدەبیاتی هەریەك لە (دانتێ، پێترارك، جیۆفانی پۆکاچیۆ)دا دەرکەوتوون. [1]

بێگومان، ڕێنیسانس، بزاڤێك بوو ژیانی تەنها لە هێزە ڕۆحییەکان وەردەگرت، بۆیە ماوەی گەشەسەندنی بە شێوەیەکی ڕێژەیی خێرا تێپەڕی، بێئەوەی بەرهەمێکی گەورەی هەبێت. لە ڕووی فەلسەفییشەوە، ئەم قۆناغە لەسەر دەستی (پاراسیلسۆس (١٤٩٣– ١٥٤١ز)، بێرناردینۆ تێلێزیۆ (١٥٠٨– ١٥٨٨ز)، جیۆردانۆ برونۆ (١٥٤٨– ١٦٠٠ز) وچەند کەسێکیتریش بە گوڕ دروستبوو، بەڵام نەگەیشتە قۆناغی گەشەسەندنی تەواو. چونکە، ڕێنیسانس، ئەو هێزەی نەبوو فەلسەفەیەکی بایەخدار بە جیهان وژیان بهێنێتەئارا، وبیگەیەنێتە ئاستی ئەقڵی ئەو بیرمەندانە، [2] سەرباری ئەوەی هەوڵێکی مەزنیش بوو.

هەڵبەت، ئەم قۆناغە هەستیارە، بە دیاردەی چاکسازییەکان دادەنرێت. سەرەتا، دەکرێت ئاماژە بە ئاڕاستەی یەکەم بدەین، کە سیاسیی بوو و(ماکیاڤێللی) سەرۆکاریی دەکرد. لەوەی، بەپێی پرەنسیپی (ئامانج پاکانە بۆ ئامراز دەکات– الغاية تبرر الوسيلة)، بانگەشەی جیاکردنەوەی ئایینی لە دەسەڵات دەکرد. ئەوەش، لەپێناو بەرگرتن لە دەسەڵاتی ئایینیی وخستنەڕووی دەسەڵاتی زەمەنیی، لە دووتوێی بیرۆکە چاکسازییەکانیدا. هەرچی ئاڕاستەی دووەمیشە، ئاڕاستەیەکی چاکسازیی ئایینیی بوو، و(مارتن لوتەر) سەرۆکاریی دەکرد. ناوبراو، ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە کڵێسا تاکە ئامرازبێ لەبۆ گەیشتن بە بەختەوەریی هەمیشەیی، بەتایبەت دوای ئەوەی گەندەڵی سەرتاپای کڵێسەی داپۆشیبوو. بە بڕوای ئەو، دەبوو پەیوەندی تاك بە خوداوە ڕاستەوخۆبێ، بەبێ هیچ ئامراز وناوەندێك، ولێکدانەوەشی بۆ کتێبی

---

[1] د. لويس عوض: ثورة الفكر في عصر النهضة الاوروبية، الطبعة الاولى، مؤسسة الاهرام، مركز الاهرام للترجمة والنشر، مطابع الاهرام التجارية– القاهرة، مصر، ١٩٨٧، ص ٥

[2] ئەلبرت شفایزەر: فەلسەفەی شارستانی، و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، لە بڵاوکراوەکانی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا– سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٥٩

ئینجیلی پیرۆز، بەپێی ویژدانی خۆیبێ. دیارە، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەم هزرگەلە، گرنگیی ئازادیی سیاسیی وئازادیی ئایینیی، بۆ تاکەکان دەرکەوت.[1]

کەواتە، سەردەمی ژیانەوە (ڕێنیسانس)، گەرچی لە سەرەتادا بە ڕەوتێکی ئەدەبیی وڕۆشنبیریی ودواتریش سیاسیی وفەلسەفیی دەستپێکرد، بەڵام لە کۆتاییدا بە ڕیفۆرمی ئایینیی کۆتاییهات، کە کاریگەرییەکی بێوێنەی لەسەر ئایندەی مەسیحییەت دروستکرد. دیارە، ئەم سەردەمە، خوڵقێنەری کۆمەڵێك فەیلەسووف وڕامیاریست وشاعیر وگەڕۆك وزانا وهونەرمەندی بەتوانا بووە، کە ڕێچکەی مێژوویان گۆڕیوە، لەوانە: (دانتێ، پێترارك، جیۆفانی پۆکاچیۆ، پاراسیلسۆس، بێرناردینۆ تێلێزیۆ، جیۆردانۆ برونۆ، مارکۆ پۆلۆ، نیکۆلۆ ماکیاڤێللی، ئیراسمۆس، تۆماس هۆبز، مارتن لوتەر، گالیلۆ گالیلی، مارسێل ڤیشان، فرانسوا ڕابلێ، لیۆناردۆ داڤینچی، مایکڵ ئەنجیلۆ، ڕافائێل و...هتد).

شایانی وتنە، لەم سەردەمە نوێیەدا، گۆڕانکاریی تەنها لە بواری زمان وئەدەب وڕۆشنبیرییدا نەخوڵقا، بەڵکو وەك ئاماژەمانپێدا کایەکانیتریشی گرتەوە. دیارە، هەستیارترینیان کایەی ئایینیی بووە، کە خۆی لە بزوتنەوەیەکی چاکسازییدا دەبینییەوە. وەلێ، کاریگەریی زمانی ڕەشۆکیی ودەرکەوتنی زانستی نوێ وپاوانکردنی دەسەلأت لەلایەن کڵێساوە، تێکڕا فاکتەری ئەم گۆڕانکارییانە بوون. هەڵبەت، ڕیفۆرمیستە ئایینییەکان، پێیان وانەبووە کڵێسا تەنها ئامڕازبێت بۆ گەیشتن بە کامەرانییەکی سەرمەدیی، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەم دەزگایە تەواو گەندەڵ ببوو، وە ببوە سەرچاوەی بیدعە وخورافە. دیارە، پیاوانی کڵێسا، بۆ گەیشتن بە دەوڵەمەندیی زیاتر، جۆرەها چەواشەکارییان گرتبوەبەر، لەوانەش فرۆشتنی پسووڵە یان بەڵگەنامەی لێخۆشبوون (صکوك الغفران)، هەڵبەت ئەمەش بۆ ئەوەبوو، کە گوایە مرۆڤەکان بەهۆیەوە خۆیان لە گوناهەکانی ئەم دنیا پاکبکەنەوە.[2]

لە سەروبەندی ئەم کڕین وفرۆشتنەدا، قەشەیەکی ئەڵمانیی کاتۆلیك مەزهەبی خوێنگەرم، کە ناوی (مارتن لوتەر– مارتن لوثر) بوو، حوکمڕانیی وکردارەکانی پاپا، وە هەڵسوکەوتی پیاوانی ئایینیی بە هەڵەیەکی گەورە لە قەڵەم دەدا، ئەمە بێجگەلەوەی ناڕەزاییەکی زۆری بەرانبەر بە سیستمی دادگاکانی پشکنین دەردەبڕی. پاش چەند ساڵێك، ناوبراو وقەشەیەکیتر وەك نێردەی ئایینیی، نێردران بۆ ڕۆما. (لوتەر)، بە بینینی ڕۆمای پیرۆز شاگەشکە بوو، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت ڕۆما هەرگیز ئەو شارە پیرۆزە نییە کە پێشتر تێیگەیشتبوو. بەتایبەت، کاتێك کە گەلی ڕۆمای بینی، ژیانێکی چەرمەسەریی وهەژارانە

---

[1] عماد صلاح عبدالرزاق الشیخ داود: الفساد والاصلاح، من منشورات اکادیمیة التوعیة وتأهیل الکوادر– السلیمانیة، ٢٠١٢، ص ٣٣

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٤٥

وئابڕووبەرانە دەژین. ئیدی، (لوتەر) هەستی بە گەورەترین نائومێدی کرد، بەوەی کە هاتووە بۆ ڕۆما وگەیشتووەتە کۆشکی پاپا وژیانی شاهانەی ئەو دەبینێ، لە کاتێکدا خەڵکی ڕەشوڕووت وەکی پادشا سەیری دەکەن ولە بەردەمیدا کڕنووش دەبەن وپێی ماچ دەکەن. دواتر، دەرەنجامی ئەم ڕاستییانە، وای لە (لوتەر) کرد، لە ڕۆژی جەژندا لە (٣١/ ١٠/ ١٥١٧ز)، (٩٥) بڕگە وداواکارییە بەناوبانگەکەی بە دەرگای کڵێسای زانکۆ لە شاری (ڤێتنبێرگ) هەڵبواسێ، کە سەرەتای بڵێسەی ڕیفۆرمی ئایینیی بوو. [١]

پاشان، (لوتەر) بەردەوام بوو لە بیروڕاکانی وبلاوی دەکردنەوە، تا وایلێهات لایەنگرانی زۆر بوو، ئەوەبوو کۆمەڵەیەکی پێکهێنا وناوی (پرۆتێستانت) واتە (ناڕازییەکان)ی لێنا، کە دواتر بیروباوەڕە نوێیەکەی لە بەشی باکووری ئەوروپا بڵاوبووەوە. هەروەها، یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی، وەرگێڕانی (ئینجیل)ی پیرۆز بوو بۆ سەر زمانی ئەڵمانی، ئەمە وێڕای بانگەوازەکانی بۆ چاکسازی کڵێسا، کە دواتر سەرجەمیان بۆچوونێکی نەتەوەییان وەرگرت، وکڵێسای مەسیحیشیان بۆ دوو بەش دابەشکرد. [٢] ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، لە سەدەی شازدەدا، دوو کەس ببوونە دوژمنی سەرسەختی ڕۆما وڤاتیکان، ئەوانیش: (مارتن لوتەر)ی پرۆتێستانتی و(ئیراسمۆس)ی ڕابەری بزوتنەوەی ڕێنیسانس بوون. [٣]

بە درێژایی سەدەکانی شازدە وحەڤدە، وبەتایبەت شەڕی (٣٠) ساڵەی کاتۆلیك وپرۆتێستانت (١٦١٨– ١٦٤٨ز)، هەردوولا بە ناوی خوداوە ولە دژی یەکتر لەشەڕدا بوون. لە ئاکامدا، ئەم خوێن ڕشتنە، دەسەڵاتی کڵێسای کاتۆلیکی کەمکردەوە. بەڵام، دواتر زۆرێك لە مەسیحییەکانی هەردوولای دڵسارد ونیگەرانکرد، لەوەی چۆن بتوانن بانگەشەی ڕێبەرە ئایینییەکانیان وەربگرن، کە تەنیا ئایینی ئەوان ڕاستەقینەیە؟ ئایا ڕاڤەکردنی کامیان بۆ کتێبی پیرۆز ڕاست ودروست بوو؟ ئایا بەڕاستی کڵێسا ڕەزامەندی خودای لەگەڵدا بوو، کاتێك ئازار وئەشکەنجەی ئەو کەسانەی دەدا کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرد؟ ئەم پرسیارانە، زانستمەندەکانی لەگەڵ تێکڕای خەڵکی ڕەشۆك وپێشەوا ئایینییەکان، بۆ وردبینی وڕاڕایی لە فەرمانەکانی کتێبی پیرۆز وکڵێسا هاندا، کە پێشتر هەرگیز وێنەی نەبوو. [٤]

ڕەوشی ئەوروپای خۆرئاوا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، گۆڕانکاری زیاتری بەخۆوە دەبینی، ئەدگاری ئایین، هەڵتروشکانی ناچاریی وەرگرتبوو. چیتر، باوەڕە ئایینییەکان وا بە ئاسانی جێگای پەسەندکردن نەبوون،

---

[١] سلیمان مظهر: قصة الديانات، مصدر سابق، ص ٤٤٧

[٢] مارتین لوتەر: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٢٩/ کانوونی دووەمی/ ٢٠١٦، ckb.wikipedia.org

[٣] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٩٧

[٤] جۆن ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەریی، و: محمد وەلی کاکایی وجیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٩

زانست وگومانگەرایی، دەسەلاَتی کڵێسای لاواز کردبوو، ئاوەز لە هەوڵی ئەوەدا بوو پێوەری شتەکان بێت، چیتر زەوی سەنتەری گەردوون نەبوو، وەك پێشتر (پتۆلۆمیۆس وئەریستۆ) وسەدەکانی ناوەڕاست بڕوایان پێیبوو.[1] بەڵکو، زانایانی وەك (کۆپەرنیکۆس، گالیلۆ گالیلی، یۆهانس کێپلەر)، پێشتر ئەوەیان دۆزیبووەوە کە ئەگەر خۆر بکرێتە سەنتەری گەردوون، ئەوا گەلێك لەو گرفتە ماتماتیکییانە نامێنن.[2] لەو لەو سەردەمەدا، نموونەکەی (ئەریستۆ) بۆ فەلەك بالاَدەست بوو، وکڵێساش ئەوەی پشتڕاست کردبووەوە کە وتبووی زەوی چەقی گەردوونە وخۆر زمانگ وئەستێرەکان بە دەوری خولگەی زەوییدا دەخوولێنەوە. هەر کەسێکیش، لەگەڵ ئەم بنەمایە تەبا نەبوایە ودژی بوایە، لەلایەن کڵێسا وکۆمەڵگاوە سزایەکی توند دەدرا. هەڵبەت، (دێکارت)یش، پێچەوانەی ئەمەی ئاشکراکرد، کاتێك بینیی زەوی جگە لە ئەستێرەیەکی بچووك لە بۆشایی پانوپۆڕی بێکۆتایی گەردووندا کە بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، هیچیتر نییە. بەلاَم، پاشئەوەی چارەنووسی (گالیلۆ)ی بینی، کە چۆن وبە چ شێوەیەك کڵێسا سزایدا، ئیدی بیروبۆچوونەکانی خۆی ڕانەگەیاند.[3] شایەنی باسە، هەموو ئەم گۆڕانکارییانە، لە دووتوێی سەردەمێکی مۆدێرندا فەراهەم بوو، کە ناوبرا بە ڕۆشنگەریی.[4] هەرچەندە لە سەروبەندی ئەم ئاڵۆزیی وگۆڕانکارییانەدا، ژیانی بەشێك لە زانایان وفەیلەسووفان بە دەستی فەندەمێنتاڵیستە مەسیحییەکان بووە سووتماك. بەلاَم، زانستی نوێ، سەرلەنوێ خوازیاری پێداچوونەوە بە زانستە باوەکاندا بوو. کەسانی وەك (فرانسیس باکۆن، ئایزاك نیوتۆن، ڕێنێ دێکارت، سپینۆزا، لایبنیز، ڤۆڵتێر، کانت، ژان ژاك ڕۆسۆ، مۆنتیسکیۆ و... هتد)، تا دەهات بە میتۆدەکانیان، سنووری قەڵەمڕەویی خۆیان بە چەندین ڕەهەند، فراوانتر دەکرد.

هەڵبەت، ئاڕاستەی بیرکردنەوەی ئەقڵ، لە سەرەتای مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوای مەسیحیی، تا ڕادەیەکی زۆر لە نێوکۆی لاوازییەوە بووە. واتە، ئەو ئەقڵەی بۆ بیرکردنەوە پشتی بە فەلسەفە ولۆژیك بەستووە، لە بەرانبەر هەموو توندوتیژییەکی کڵێسا کە لە دژی گیراوەتەبەر، لێبوردە بووە. هەر ئەمەش بووە، هاوڕێ لەگەڵ گەشەسەندنی فەلسەفەی تۆلێرانس وهیومانیزمدا، بەردەوامیی وژیان وهیوای پێبەخشیوە. چونکە، ئەقڵ ئەوەی باش دەزانی کە هەر هەڵچوون وهەڵەشەییەك لەبەرانبەر پێشێلکاریی پیاوانی کڵێسا، مانای تیاچوون ولەگۆڕنانی کاری چەندین ساڵەی ئەقڵ وفەلسەفەی دەگەیاند. بەمجۆرە، (یەکێتی ئەقڵی فەلسەفیی)، توانیی بوونی خۆی بپارێزێ وتۆوی بیرۆکەی لێکبوردەیی لە کۆمەڵگا مەسیحییەکاندا بچێنێ، ودواتریش بەرهەمەکەی بچنێتەوە. بەلاَم، کاتێك ئەقڵ دەستوالاَ وجێپێ قایم

---

[1] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، الطبعة الاولى، دار الساقي– بيروت، لبنان، ٢٠٠٧، ص ٢٩٦

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١

[3] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١١)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١١، ل ٢٤٩

[4] جۆن ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەریی، و: محمد وەلی کاکایی وجیهانگیری غەفاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧

وتوانا وكارامەیی خۆیی بۆ دەركەوت، ئیدی لەخۆی باییبوو وگۆڕا بۆ ئەقڵێكی سیاسیی ئایدیۆلۆژیی زانستیی ئەبستراكت لەژێر ناوی (ئەقڵگەرایی) لە سەردەمی (ڕۆشنگەرایی)دا وكۆتایی وهەڵوەشاندنەوەی یەكێتییەكەی پێشووی لەگەڵ فەلسەفەی هیومانیزمدا ڕاگەیاند. شایانی باسە، ئەم ئەقڵە ئەبستراكتە، لە ڕوانگەی هێز ومنی باڵاوە بیریدەكردەوە. واتە، بازدانێكی جۆریی لەخۆباییبووی ئەقڵ بوو، كە تەواوی فەلسەفەی پێشووی ئافەرۆز نەك ڕەتدەكردەوە، واتە ناپاكیكردن بەرانبەر بە كار وپرەنسیپە هاوبەشەكانی ئەقڵ وفەلسەفە. دیارە، ڕاسیزم وكەپیتاڵیزم وئیمپریالیزم، لەدایكبووی ئەم بیركردنەوە لەخۆباییەی ئەقڵگەرایی بوون. لێرەوە، لەبری ململانێی لێكبوردەیی وڕەگەزپەرستیی، ئەقڵگەرایی وفەلسەفەگەرایی كەوتنە ململانێیەكی توندی یەكترەوە. بەڵام، لەبەرئەوەی فەلسەفەگەرایی بنەچەیەكی لێكبوردەی مرۆڤدۆستی هەبوو، بۆیە توانی بەسەر ئەقڵگەرایی ئەبستراكتی خۆویستدا زاڵببێ. بەمانای، جارێكیتر فەلسەفەی هیومانیزم وتۆلێرانس توانیی جڵەوی ئەقڵ بگرێتەوەدەست وڕامیبكات، بەڵام ئەمجارەیان لە ڕوانگە ونێوكۆی بەهێزییەوە نەك لاوازیی.

داكەوتی ڕۆژانی دوایی ئەو سەردەمە ڕۆشنە، ئەوەمان پێدەڵێت، كە خواست لەسەر ئەوەبوو "ئایین سنوورێكی بۆ دابنرێت وهەلومەرجی ئازادیی بیركردنەوەش دەستەبەربكرێت." هەڵبەت، ئەم خواستگەلە، سەرەتا لە ڕێی هەوڵی بیرمەندە شۆڕشگێڕە فەرەنساییەكانی سەدەی هەژدەوە فەراهەم بوو، كە (ڤۆڵتێر) پێشەنگیان بوو. [1] بەمەش، سەردەمێكی مۆدێرن دروستبوو، كە ئاوەزباوەڕیی باڵی بەسەردا كێشابوو. واتە، هەموو شتێك لەبەر ڕۆشنایی ئاوەزدا شەن وكەو دەكرا، هەربۆیە وەك پێشتر باسمانكرد، ئەم سەردەمە بە ڕۆشنگەریی ناودەبرا. بیریار وتیۆلۆژیستی ئەڵمانیی (هانز كۆنگ)، پێیوایە تێرمی مۆدێرنە كۆنە، بەڵام بە مانا ئیجابییەكەی، تەنها لە سەرەتاكانی سەردەمی ڕۆشنگەریدا نەبێت، بەكارنەهێنراوە. [2]

لە سەروبەندی داهێنانەكاندا، داهێنانی ئامێری چاپ، باشترین ئامراز بوو كە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی زیاتری كتێب وگۆڤار وڕۆژنامەكان، كە پڕوپاگەندەیان بۆ بیروڕاكانی ڕۆشنگەریی دەكرد. [3] هەر لەو سەردەمەدا، لە (كانت)یان پرسیبوو: "ڕۆشنگەریی چییە؟" ئەویش لە وەڵامدا وتبووی: "دەرچوونی مرۆڤە لە قۆناغی كاڵفامیی، وگەیشتنە بە تەمەنی هۆشیاریی." [4] بێگومان، ئەم شێوازی بیركردنەوەیەش، كە هەڵسەنگاندنی باوەڕە ئایینییەكانە بە پێوەری ئاوەزباوەڕیی، هەوێنی بەرپابوونی

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٦

[2] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٣

[3] جۆن ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەریی، و: محمد وەلی كاكایی وجیهانگیری غەفاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩

[4] عصر التنویر: مقالة، ویكیبیدیا الموسوعة الحرة، ٢٠/ سبتمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

**شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩ز) بوو. بێمکووڕیکردن، فەرەنسای سەدەی هەژدەهەم، سەنتەری فەرهەنگیی ئەوروپا بوو. لەوێوە، تایبەتمەندییەکانی فەلسەفە، مۆدێل، ئەدەبیات، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی وزۆرێکیتر لە چالاکییە مرۆییەکان دەگەیشتنە ئەوروپا وئەمریکا، هەر لەوێوە بوو، ڕۆشنگەریی دەرکەوت وسەرنجی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.** [1]

**سەربار، زۆرێك لە فەیلەسووفانی ئەوروپای خۆرئاوا، هەوڵیاندا بە خستنەڕووی ڕا وبۆچوونیان دەربارەی دروستبوونی دیاردەی ئایینیی وبە لادانی ڕووبەند لەسەر هەقیقەت وچۆنیەتی وەزیفە وگەشەکردنی ئەم دیاردەیە، ئایین وپیرۆزیی لە بوونی مرۆڤایەتی دابماڵن. سەرەتا، (کانت) لە ڕێی کتێبە بەناوبانگەکەیەوە (ڕەخنە لە ئەقڵی پەتیی)، کۆتایی بە میتافیزیك هێنا.** [2] **دواتر، (ڤۆڵتێر)یش بە تەنزەوە ئاماژەی بەوە دابوو: "بیرۆکەی (خودا)، درۆ ودەلەسەیەکی سەرکەوتوو وسوودبەخشە."** [3] **(هیگڵ)یش، لە پێناسەی ئاییندا وتبووی: "ئایین، بریتییە لە دەرکەوتنی ڕەها لە چوارچێوەی فیکری وێناکراودا."** [4] **ناوبراو، بەوەی کەسێکی ئایدیالیست بوو، هەرگیز وەکی ماتریالیستەکان سەیری ئایینی نەدەکرد. بەڵام، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕەخنەشی لە ئایین نەگرتووە، بەڵکو ڕەخنەی گرتووە وڕەخنەکانیشی جیاواز بووە لەوەی (ڤۆڵتێر) کە ئاڕاستەی ئوسوڵیەتی مەسیحیی دەکرد. لە ڕاستیدا، ئەو خودایەی کە مەسیحییەکان دایانهێنا، چەندینجار لە فەلسەفەی (هیگڵ)دا دەمرێت، ئەگەر نەڵێین چەندین مردن دەمرێت.** [5] **هەڵبەت، (هیگڵ)، دژی دۆگمایی وسروت وڕێ وڕەسمە ئایینییە وشك هەڵگەڕاوەکان بووە، کە هەرگیز لەگەڵ ئاوەزباوەڕیی وفیکر وفەلسەفەدا نەدەگونجا. ئەوەشی دەزانی، کە ئەگەر ئەو سرووت وڕێ وڕەسمانەی لێبکرێتەوە، ئەوا ئایین هیچ پێزێکی نامێنێت، بۆیە دواجار هەوڵیدا ئایین وفەلسەفە پێکەوە بگونجێنێ.** [6]

٦

**(هیگڵ) بەم هەوڵەی، باسی لە دیالێکتیکی نێوان فەلسەفە وئایین دەکرد، باسی لەو پەیوەندییە دەکرد کە فەلسەفە وئایین بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش بیرۆکەی گەڕان بەدوای حەقیقەتدا بوو، کە**

---

[1] **جۆن ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەریی، و: محمد وەلی کاکایی وجیهانگیری غەفاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١**

[2] **هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دوزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٣٨**

[3] **د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٨٨**

[4] **قيس مجيد المولى: الفكرة الهيجلية لمفهوم الدين، ميدل ايست اونلاين، ١٧/ ١٠/ ٢٠١٤،** www.middle-east-online.com

[5] **د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٨**

[6] **پۆڵ ستراتێرن: ئاشنابوون بە هیگڵ، و: کۆمەڵێك نووسەر، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فیکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر– سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٨١**

فەلسەفە وئایین هەڵگریەتی. دیارە، بیرۆکەی (حەقیقەتی ڕەها)، وەك بەشێك لە چالاكی مرۆیی، كە تیایدا دیالێكتیكانە ولە ئەنجامی ململانیٚ، ئەقڵ یان ڕۆح ئازاد دەبیٚ وبە هۆشیاری خودیی دەگات، هەموو ئەمەش لە نێوکۆی ڕێڕەوێكی دیالێكتیكانەی فیكرییدایە كە مێژووی فەلسەفەیە.[1] هەرچەندە، بەپێی فەلسەفەی دیالێكتیكی (هیگڵ)، هیچ شتێك كۆتایی وڕەها وپیرۆز نییە تاسەر. ئەم فەلسەفەیە، پێی وایە (لەناوچوون) مەسەلەیەكی ناچارییە (حتمي) وهیچ شتێك جگە لە ڕەوتی بەردەوامیی گەشەسەندن ونەمان، توانای وەستانەوەی لە بەرانبەردا نییە. [2] سەرەنجام، (هیگڵ) دەگاتە ئەو باوەڕەی كە ئایینی مەسیحیەت هەڵگری حەقیقەتە، لەبەرئەوەی لە ئایینی مەسیحیدا هاتووە كە تەواوی مرۆڤەكان لەبەردەم خودادا ئازادن. [3] واتە، مەبەستی ئەوەبووە، كە تەنها نەتەوە ژێرمەنییەكان بەهۆی ئایینی مەسیحییەوە، ئەوەیان دەزانی كە تەواوی مرۆڤەكان ئازادن. [4]

پاشان، (ماركس) بە پێی یاساكانی ماتریاڵیزمی دیالێكتیكی، ئایینی بە سەرخان دەزانی، نزمتر لە فاكتەری ئابووریی كاریگەر لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی. بڕواشی وابوو، ئایین داهێنان ودەستكردی مرۆڤە، ومرۆڤ خۆی ئایینیی دروستكردووە نەك ئایین مرۆڤی دروستكردبیٚ. [5] هەر بە بڕوای ئەو، ئایین تلیاكی گەلان بووە، [6] كە لە پشت توێژاڵێكی ئایدیۆلۆژییەوە چەوساندنەوەی چینایەتی لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار، دەشارێتەوە. لەم سەروەختەدابوو، كە (برونۆ باوەر) نامەیەك دەربارەی ئایین بۆ (ماركس) دەنێریٚ، وتیایدا دەنووسیٚ: "ئەو كارەساتەی بەسەر مرۆڤدا هات، هاتنەناوەوەی مەسیحییەت بوو بۆ ئەم جیهانە." [7] سەرباری ئەوەی، (نیچە)ش، بڕوای وابوو، مەسیحییەت ئایینی كۆیلەكانە، وئەم ئایینەش بە مردنی خودا مردووە، بۆیە هەردەم دەیگوت: "خودا مردووە." (شۆپنهاوەر)یش، وێڕای ئەوەی بڕوای بە ئایین نەبوو، لەگەڵ (نیچە)ش هاوڕابوو سەبارەت بە نەبوونی خودا وسەبارەت بەوەی ئێمە خاوەن ڕۆحی نەمر نین، وە هاوڕا بوو لەوەی كە هێزێكی ناعەقلانی ئاڕاستەی ژیانمان دەكات، كە

---

[1] هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبلاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٥٠

[2] ئەنگلس: لودڤیگ فۆیەرباخ وكۆتایی فەلسەفەی كلاسیكی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦

[3] هيغل، محاضرات في تأريخ الفلسفة: ت: د. خليل أحمد خليل، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع– بيروت، ١٩٨٦، ص ٢٤– ٦١

[4] لین و. لینكستەر: خواوەندەكانی هزری سیاسی، و: كامەران محەمەد پوور، چاپی یەكەم، لە بلاوكراوەكانی چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپخانەی ڕۆژهەلات– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٥٦

[5] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣

[6] كەوانە: گۆڤارێكی ڕۆشنبیریی سیاسیی گشتیی مانگانەیە، ژمارە (٢٦)، چاپخانەی كارۆ– سلێمانی، كانوونی یەكەم ٢٠١٣، ل ١٢٨

[7] عبدالله بوقرن: الاخر في جدلية التاريخ عند هيجل، بحث جامعي لنيل شهادة دكتوراه العلوم في الفلسفة، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم الفلسفة، جامعة منتوري قسنطينة– الجزائر، ٢٠٠٧، ص ٣٩٩

دەکرێت بە ویست (ارادە) ناوببرێت. وەڵێ، (فیورباخ)یش، پێی وابوو سەرجەم خودا وخوداوەندەکان هەمووی زادەی مرۆڤن، وهەر دەبێت لەو ڕوانگەیەشەوە تێگەیشتنمان بۆیان هەبێ. ئەم بیرۆکەیەی (فیورباخ)، لە سەدەی نۆزدەدا، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە.[1] بێگومان، لای (فیختە)ش، خودا بەسەر خۆیدا دابەش ببوو. [2] هەرچی (فرۆید)یشە، بڕوای وابوو کە ئایین بەربەستێکی دەروونییە وتووشی هەموو کەس دەبێ، وەك ئەوەی چەوتبینیی ودڵەڕاوکێیەکی بەدبەختبێ وپێویستبێ لەسەر مرۆڤایەتی کاتێك دەگاتە تەمەنی هۆشیاریی، خۆی لێدەرباز بکات. ئەمە، بێجگەلەوەی بە بڕوای ئەو، پەروەردگاریش داهێنراوێکی مرۆییە. [3] دواجاریش، ئەو وتەزایەی دەنگ وڕەنگ دەداتەوە کە دەڵێ: "چەند بەری مەعریفە مەعریفە زیادبێ، هێندەش ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕە ئایینییەکان زیاددەبێ." [4]

ڕۆشنگەریی، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا گەیشتە ترۆپکی خۆی وتەرێزی تەواوی لە باوەڕە ئایینییەکان دەکرد، دواتر کەوتە ژێر کاریگەریی بزوتنەوە تازەکان، لەوانە (ڕۆمانتیزم) یان (ڕۆمانتیك)، کە پشتی بە ئایدیۆلۆژیا وسروشت وسۆز ودراما وئەندێشە دەبەست، وبەرانبەر بە واقیعی سیاسی سەردەمی ڕۆشنگەریی وئەقڵگەرایی ومۆدێرنە ڕەشبین بوو. ڕێبازی ڕۆمانتیکیی، ڕێبازێکی ئەدەبیی وهونەریی بوو، لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا سەریهەڵدا، ولە سەدەی نۆزدەهەمدا تا دوای کۆچی دوایی فەیلەسووفی ئەڵمانیی (هیگڵ)، دەستبەکار بووە. ناوی ڕۆمانتیك، لە وشەی (ڕۆمان)ەوە وەرگیراوە، گوایە ڕابەرانی ئەم ڕێبازە، ڕۆمانیان بە چاکترین ڕێگا وڕاستترین دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆیان وجیهانبینییە هونەریی وفەلسەفییەکانیان داناوە. هەڵبەت، وشەکە، لە خۆیدا وشەیەکی لاتینییە ومانای ئەندێشە وخەیاڵ دەبەخشێ. ڕابەرانی ئەم ڕێبازە، بەپێچەوانەی قۆناغی ڕووناکبیریی سەدەی هەژدەیەمەوە، ژیریی وئەقڵیان پشتگوێ دەخست، وپەنایان دەبردە بەر ئەندێشە وخەیاڵ وهەست وسۆز وناخی تاکە کەسیی.[5]

هەر لەم سەردەمەدا بوو، کە بەریەککەوتنی ئایدیۆلۆژیاکان دەستیپێکرد. لە ڕووی فەلسەفەوە، ڕۆمانتیکەکان، لەگەڵئەوەی دژی دەسەلاتی ئەقڵ بوون، کە فەیلەسووفە ڕۆشنگەراکانی ئەڵمانیا وفەرەنسا تەقدیسیان دەکرد، بڕواشیان بەوە بوو کە درککردن وخەون وئیرادەی مرۆڤ لە ئەقڵ بەهێزترە، چونکە هەست وسۆز، سروشتی مرۆڤ بەرەو چاکەکاریی، وژیریش بەرەو هەڵە وتەفرەی دەبات. ئەوان، کەسانێکی

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤– ٣٢٢

[2] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩

[3] مرسیا الیاد: المقدس والعادي، ت: عادل العوا، مصدر سابق، ص ٢٨

[4] بهلول الرشید: کلام العظماء، منتدیات نبع الفرات، ١/ ١١/ ٢٠١٧، www.n-alforat.com

[5] د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکیی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی موکریانی– هەولێر، ٢٠١٠، ل ١١

شۆڕشگێڕ وله ڕادەبەدەر یەکلاکەرەوە بوون، بۆیە جیهانیان بەسەر دوالیزمی ڕەش وسپی، خێر وشەڕ، ڕووناکیی وتاریکیی ...هتد دابەش دەکرد. هەڵبەت، لە بەرزنرخاندنی هەست وسۆزدا، (ژان ژاك ڕۆسۆ) بە ڕێگەخۆشکەر بۆ ڕۆمانسییەت دادەنرێت. [1] بەتایبەت، لە کتێبی (ئیمیل) و(پەیمانی کۆمەڵایەتیی)، کە تیایدا بانگەشە بۆ ئایینی سروشتیی وئازادیی تاکە کەسیی وهەست وسۆز دەکات، وئەقڵ وژیرییش بە پێویست دانانیّ وڕووداوەکاتە هەست وسۆز وناخی دەروون. [2]

ئەم قۆناغە نوێیە، کە قۆناغی ڕۆمانتیکە، وەچەی قۆناغی مۆدێرنە وداهێنەری سەردەمی مۆدێرنیتە وله هەمان کاتدا ئاوێنەی ئایدیاگەلی (ناسیۆنالیزم، لیبراڵیزم، سۆسیالیزم)ە، کە پێبەپێی یەك هەنگاویان دەنا. [3] دواتر ڕۆمانسییەت، بالأدەستیی خۆی لەسەر سەدەی نۆزدە نواند، ولە ساڵی (١٨٤٨ز)، بووە مایەی بەرپاکردنی زنجیرەیەك شۆڕش، کە بە شۆڕشە ڕۆمانتیکیی یاخود شۆڕشەکانی (بەهاری ئەوروپا) ناوزەدکران. هەڵبەت، کەمترین ئامانج لە شۆڕشەکانی (١٨٤٨ز)، هەوڵی تەواوکاریی ئەو کەموکوڕییانەی پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسیی (١٧٨٩ز)ی بوو لە تەواوی ئەوروپادا. بەڵام، گەورەترین ئامانج، بەدەستهێنانی مافە نوێکانی کرێکاران بوو، ئەمە ئەو ئایینزا نوێیە بوو کە شۆڕشە گشتییەکانی (١٨٤٨ز) لە ئەوروپا بلأویانکردەوە. [4]

هەر لەم ساڵەدا، وەك پەرچەکردارێك لە بەرانبەر ئەم شۆڕشە، (کارڵ مارکس وفریدریك ئەنگڵس)، مانیفێستۆی کۆمۆنیستیان بلأوکردەوە. [5] هەڵبەت، شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس یان (شۆڕشی فەرەنسیی چوارەم)، لە (١٨٧١ز)دا، دانیشتوانی پاریس لە دژی سوپا دۆڕاوەکەی (ناپۆلیۆنی سێیەم) لە بەرانبەر سوپای پرووسیا بەرپایانکرد، کە دواتر حکومەتی سۆسیالیستیی پاریسی لێکەوتەوە. [6] وەلیّ، ئەندامانی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی شارەکە، بۆ ماوەی (٧٢) ڕۆژ دەسەڵاتیان گرتەدەست وڕەنگی ئاڵای فەرەنسایان گۆڕی بە سوور، وهەوڵی هەڵوەشاندنەوەی سوپایاندا کە دەیانویست لەبری ئەوان گەل پڕچەك بکرێت. [7] بەڵام، ئەم شۆڕشە کرێکارییە، کە یەکەمین دەوڵەتی کرێکاریی لە مێژوودا هێنایەگۆڕیّ، بە زەبری هێزی بۆرژوا وسەرمایەداریی دامرکێنرایەوە. جارێکیتر، وپاش دوو ڕۆژ لەو ڕووداوە، (مارکس)

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩

[2] د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢

[3] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاریی، تیۆریی، ڕەخنە)، لە بلأوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)– سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٥١

[4] سلامة موسى: كتاب الثورات، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة– القاهرة، ٢٠١٥، ص ٧٧

[5] بيان الحزب الشيوعي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠/ ديسمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

[6] ريتشارد ابيجنانزى وأوسكار زاريت: لينين والثورة الروسية، ت: محى الدين مزيد، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للثقافة– القاهرة، ٢٠٠٣، ص ١٤

[7] فلاديمير أ. لينين: الدولة والثورة، ت: دار التقدم– موسكو، أغسطس ١٩١٧، ص ٤٢

کتێبێکیتری بە ناوی (شەڕی ناوخۆ لە فەرەنسا) بڵاوکردەوە، کە باسی لە بارودۆخی کرێکاران وشۆڕشی کۆمۆنەی پاریس دەکرد. [1]

شان بەشانی ڕۆمانسییەت، ئایدیا وبزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکان، سنووری ئەوروپایان تەنی. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی فێبرایەری (١٨٤٨ز) لە فەرەنسا، شۆڕش لە تەواوی ئەوروپای ناوەند وباشوور بەرپابوو. بێشك، هەریەك لە نەمسا، هەنگاریا، بۆهیمیا، پۆڵندە وئەو هەرێمانەی دواتر بە ڕۆمانیا ویۆگۆسلاڤیا ناسران، وە لە پرووسیا ودەوڵەتۆچکەکانی ئەڵمانیای باشوور، وە لە باکووری نیوە دورگەی ئیتالیا وباشووری، لە بوندوقییەوە تا شانشینی سیسیلیای گرتەوە. [2]

لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا، کاریگەریی ئەم قۆناغە، لە ڕووسیای سیزەریی دەرکەوت، بەوەی کەمبوونەوەی خۆراك وناڕەزایی جوتیاران وڕووداوی (یەکشەممەی خوێناویی) وململانێی چینایەتیی وبەریەککەوتنی ئایدۆلۆژیا ودۆڕاندنی لەشکری ڕووسیی لە بەرانبەر لەشکری یابانیی، تێکڕا بوونە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی بۆرژوای (١٩٠٥ز)، [3] کە دەرەنجام دەسەڵاتی پادشایەتیی دەستووریی وئەنجوومەنی دۆما وحکومەتێکی بۆرژوای لێکەوتەوە. بەڵام، ساڵی (١٩١٧ز)، [4] بەهۆی قەیرانەکان وزیانەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، کاتێك شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا بەرپابوو وە بۆڵشەڤیکەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، دەوڵەتی سۆڤیەتیی، پەلاماری پارتە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان وچاپەمەنی ویەکێتییە بازرگانییەکان وپرۆژە تایبەتییەکان ودواجار پەلاماری کڵێساشیدا، [5] ئیدی بۆرژوا وڕژێمی ئۆتۆکراتیی ودەسەڵاتی ئایینیی ڕیشەکێشکرد. بەڵام لەبری ئەوە، دەسەڵاتی ستالینیزم بووە ئایینێکی نوێ وداکەوتێکی سەرکوتکەر، وشتێکیش نەما بە ناوی ململانێی ئایدیۆلۆژیی وفرەیییەوە، لەبەرئەوەی تەنها ئایدیۆلۆژیای مارکسیزمی شۆڕشگێڕیی چەشەکراو بە کۆمۆنیزم باڵادەست بوو.

بەر لە شوبات/ فێبرایەری (١٩١٧ز)، کاتێك جەنگ لەوپەڕیدابوو، ڕژێمی سیزەریی– ئۆتۆکراتیی ڕووسیا توانی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان دابمرکێنێتەوە. بەڵام، دوای هەشت مانگ، لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری (١٩١٧ز)، چینی کرێکاران پشتئەستوور بە خۆئامادەکردنێکی گشتی گەل، توانییان دەست بەسەر تەواوی وڵاتدا بگرن. ئەمە بووە هۆی ئەوەی، کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی نوێ دروستببێ

[1] كارل ماركس: الحرب الاهلية في فرنسا، لندن، ٣٠/ آيار/ ١٨٧١، ص ٣

[2] بويد شيفر: القومية، ت: د. جعفر خصباك، عدنان الحميري، نشر بمشاركة دار مكتبة الحياة– بيروت، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر– نيويورك، بغداد، ١٩٦٦، ص ٣٩٥

[3] فلاديمير أ. لينين: الدولة والثورة، ت: دار التقدم– موسكو، مصدر سابق، ص ٤٠

[4] د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩١

[5] فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو ودوایین مرۆڤ، و: ئیسماعیل کوردە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٥٨

وسەدەی بیست بهەژێنێ. وەك ئەوەی چاوەڕوانیی لێدەکرا، جەنگی جیهانیی یەکەم (١٩١٤ز)، بووە هۆی لەدایکبوونی ئەو شۆڕشە. [١] بەڵگەنامە مێژووییەکان، جەخت لەوەش دەکەنەوە کە ڕووسیا بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ زلهێزەکان جەنگابوو، بەلأم لەوان زیاتر تووشی ماڵوێرانی هاتبوو. لە ئاکامدا، ولە ساڵی (١٩١٧ز)دا، لە ژێر گوشاردا درزی تێکەوتبوو وکشابووەوە. وەلێ، لە ماوەی هەشت مانگدا، ڕووسیا لە ئۆتۆکراسییەوە بەرەو دێمۆکراسی ودواتر بەرەو دیکتاتۆرییەتێکی شۆڕشگێڕانە ڕۆیشتبوو، بە ڕێبەریی تاقمێکی توندڕەوی بچووك لە سۆسیالیستەکانی ڕووسیا، واتە بۆڵشەڤیکەکان، کە زۆربەی خەڵك وەکو خودی ڕووسییەکان ناویان نەبیستبوون. [٢]

لەلایەکیترەوە، هاوشێوەی کۆمۆنەی پاریس، ولە ئەنجامی دۆڕاندنی ئەڵمانیای سیزەریی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا، گەلی ئەڵمانیاش لە (١٩١٨ز)دا شۆڕشی نۆڤەمبەریان بەرپاکرد، کە دەرەنجام لێکتێکەیشتنی لیبراڵیزم وسۆسیالیزم ویەکەمین مۆدێلی دێمۆکراسی، واتە کۆماری ڤایماری لێکەوتەوە. [٣] بەلأم، مەخابن لە (١٩١٩ز)دا، ڕۆمانسییەت وململانێی ئایدیۆلۆژیا، مەرگی (ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ) و(کارڵ لیبکنێخت)ی هاوڕێی لە (کۆمەڵەی سپارتاکۆس) نەخشاند. [٤] بەپێی سەرچاوە هەمەچەشنەکان، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەڵمانیا، لە نێوان ساڵأنی (١٧٩٠– ١٨٤٠ز)، چالاك وکاریگەر ودەستبەکار بووە. [٥] ئەو شۆڕشگەلەی ئاماژەی پێدرا، تێکڕا مۆرکی ڕۆمانسیزمیان پێوە دیاربوو وهەڵگری ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزم وکینە بەرانبەر بە دەسەلأتی بۆرژوا وئایین بوون. واتە، ئەو شۆڕشانە، لە بەرانبەر ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیزم وململانێی چینایەتیی کرێکار وبۆرژوا ڕوویدا، وەلێ ئایینیشی هەردەم بە کەلتووری بۆرژوازیەت دەزانی. [٦] دیارترین کەسەکانی ئەم قۆناغە، بریتی بوون لە (نۆڤالیس، فردریك شلیگڵ، هۆڵدەرلین، شیللەر، گۆتە، هاینە، ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ، ڤیکتۆر هۆگۆ وهتد). هەڵبەت، بزاڤێکی شۆڕشگێڕی ناڕازیی دژ بە باڵأدەستیی ئەقڵ وڕۆشنگەریی وئاریستۆکراسیی وبۆرژوازییەت بوو. [٧]

شایەنی باسە، کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەرییدا ودوای شۆڕشی فەرەنسیی (١٧٨٩ز)، ئاوێتەبوونێك لە نێوان سەردەمی نوێ کە بە مۆدێرن ناوزەد دەکرێ، لەگەڵ دیاردەی دروستبوونی

---

[١] ارنست ماندال: أكتوبر ١٩١٧، انقلاب ام ثورة اجتماعية؟، ت: جريدة المناضل، دار الالتزام– بيروت، ١٩٩٨، ص ٨

[٢] مارگرێت مەکمیلان: پاریس، ئەو شەش مانگەی جیهانی گۆڕی ١٩١٩، و: مەنسوور سەلیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلأوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی– دهۆك، ٢٠١٢، ل ١٠٥

[٣] ثورة نوفمبر: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

[٤] ارنست ماندال: أكتوبر ١٩١٧، انقلاب ام ثورة اجتماعية؟، ت: جريدة المناضل، مصدر سابق، ص ١١٥

[٥] د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧

[٦] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤

[٧] خەبات: کولتوور– خوێندنەوەی کتێب، ژمارە (٢٢٧٥)، شەممە، ٢٣/ ٩/ ٢٠٠٦، ل ٩

دەوڵەتی نەتەوەیی وچەمکگەلی دیمۆکراسیزم، سکیوّلاریزم، ناسیۆنالیزم، لیبراڵیزم، سۆسیالیزم، ئیمپریالیزم وکەپیتاڵیزم دروستبووبێ. بەڵام، دەشێت ئەم پەلکەزێڕینەیە، تێکڕا بە سەردەمی مۆدێرن ناوببەین، کە لە ڕۆشنگەرییەوە داکەوتووە. لەم سەردەمە نوێیەدا، ئایین لە ژیانی گشتیدا کاڵ ببوەوە وببوو بە مەسەلەیەکی شەخسیی وتایبەت. لەبەرئەوەی، کڵێسای مەسیحیی، هەڵوێستێکی کۆنەپارێز ودواکەوتووانەی لە بیروباوەڕی مۆدێرن وپێشکەوتن وەرگرتبوو، بۆیە کەوتبووە بەر شاڵاوێکی توند وزەبری کوشندەی بەرکەوتبوو. [1] لەلایەکیترەوە، بەڵگەنامە مێژووییەکان، مکووڕن لەسەر ئەوەی سەردەمی مۆدێرن، سەردەمی پۆزەتیڤیزم وپێشکەوتن ودیاردەی نەتەوەخوازیی ودەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەریی بووە. واتە، مێژووی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزم، بۆ دوای شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩ز) دەگەڕێتەوە. [2] هەر لەو سەردەمەشدا، جودایی دین لە دەوڵەت (سکیوّلاریزم) پەیدادەبێ، وچیتر ئایین نابێتە سەرچاوە بۆ دەوڵەت، وئیدی دەوڵەتیش خاوەندارێتی لە دینێکی دیاریکراو ناکات. [3]

لە نێوکۆی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، دەتوانین بڵێین یەکێك لە گرنگترین تیۆرەکانی (پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)، تیۆری سەروەریی گەلە (نظرية سيادة الشعب)، ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە کە ڕەگوڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ هزرە ڕاستەقینەکانی (ڕۆسۆ)، جەخت لەسەرئەوە دەکات کە سەروەری موڵکی میللەتە (السيادة ملك الشعب). [4] شایانی باسە، لە ڕووی ناسیۆنالیزمەوە، ساڵی (١٨١٥ز)، چەمکی نەتەوە گەیشتە قۆناغی کامڵبوون، وەڵێ نەتەوەییبوون، تاکە یەکێتی باڵادەست بوو لە ئەوروپای خۆرئاوا وجیهانی نوێ، ئەوجا نەك لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لە ڕووی ڕۆشنبیریی وئابووریشەوە. هەڵبەت، ناسیۆنالیزم لە قۆناغەکانی سەرەتایدا، لە تێکڕای کیشوەری ئەوروپادا دەرکەوت. [5]

ئەگەر خاڵێك هەبێت کە هەموو لایەك لەسەری ڕێکبن، ئەوا ئەو خاڵە ئەوەیە کە تێرمی (نەتەوەخوازیی) زۆر نوێیە. کۆنترین بەکارهێنانی تۆمارکراوی ئەم تێرمە، بەشێوەیەك کە مانایەکی ئاشکرای کۆمەڵایەتی یان سیاسی ببەخشێت، دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسووفی ئەڵمانیی (جۆهان گۆتفرید هێردەر)، وپیاوی ئایینیی دژە شۆڕشی فەرەنسی (ئابێ ئۆگەستین دی بارویێل)، لە کۆتایەکانی سەدەی

[1] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٥

[2] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ئەمستردام– بەهاری ٢٠٠٢، ل ٨٤

[3] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاریی، تیۆریی، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣

[4] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩

[5] بويد شيفر: القومية، ت: د. جعفر خصباك، عدنان الحميري، مصدر سابق، ص ٣٨٥

هەژدەدا. [1] بڕوا وایە، سەدەی نۆزدە وبیست، سەدەی سەرهەڵدان وبەهێزبوونی لیبراڵیزم، دیمۆکراسی وسۆسیالیزم بووبێ. دیارە، سەدەی نۆزدەش، سەدەی دەرکەوتن وپێشڕەویی هەریەکێك لەو سێ بزوتنەوەیە بووە، کە یەك لەدوای یەك هاتوون وکاریگەرییان هەبووە. بەڵام، بزاڤەکانی نەتەوایەتیی، شان بەشانی هەرسێکیان بەردەوام لە دەرکەوتن وگەشە وپێشڕەویی وهاوچەرخی هەرسێکیشیان بووە. [2] هەرچەندە، بڕوا وایە لیبراڵیزم وناسیۆنالیزم، پێبەپێی یەك لە سەدەی نۆزدەدا گەشەیانکردبێ، بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وئەوروپای خۆرئاوا. [3]

گەر دوورنەکەوینەوە لە بابەتەکە، پێدەچێت، (هیگڵ) باشترین پێناسەی بۆ چەمکی مۆدێرن لە نێوکۆی مێژووەوە کردبێت، بەوەی قۆناغێکە (هاوڕێ) لەگەڵ قۆناغی ڕۆشنگەریدا دەستیپێکردووە، ئەوەش بە یارمەتی ئەوانەی خاوەن هۆش وبینین بوون، بەمەش مێژوو بە دوا قۆناغ گەیشتووە. هەروەها، ناوبراو نیشانەکانی پەیوەندی نێوان مۆدێرنە وئاوەزباوەڕییشی خستووەتە ڕوو، کە دووبارە لای (ماکس ڤێیبەر) دەبینرێنەوە. (هیگڵ)، ئاماژە بە سەردەمی مۆدێرنە دەدات، کە سێ سەردەمیتر لەخۆدەگرێ، کە تیایاندا سێ ڕووداوی گرنگ ڕوویانداوە، ئەوانیش:

١- سەردەمی ڕێنیسانس

٢- سەردەمی ڕۆشنگەریی

٣- دۆزینەوەی جیهانێکی نوێ

ئەوەش ژ بیر نەکەین، ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە سەدەی شازدەوە دەستیپێکرد، گواستنەوە وپلەبەندییەکی مێژوویی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ ساتی سەردەمی نوێ دروستکرد، کە مژدەبەخشی لەدایکبوونی داهاتوویەکی نوێ بوو. [4] هەژیی گۆتنە، باوەڕهێنان بە پێشکەوتن لە سەدەی نۆزدەدا، کە سەدەی گەشەکردنی زانست وپیشەسازی وپۆزەتیڤیزم بوو، گەیشتە ئەوپەڕی. واتە، بڕوابوون بە پێشکەوتن، جێگای ئایینی مەسیحیی گرتەوە وبەلای بیریارانی لیبراڵیزم وسۆسیالیزمەوە،

[1] ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازیی- تیۆریی وئایدیۆلۆژی ومێژوو، و: هۆسیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٤

[2] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاریی، تیۆریی، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧

[3] بوید شیفر: القومیة، ت: د. جعفر خصباك، عدنان الحمیري، مصدر سابق، ص ٤٧٥

[4] د. ابراهیم الحیدري: ماهي الحداثة؟، ایلاف، الثلاثاء، ٢/ یونیو/ ٢٠٠٩، elaph.com

**بوو بە ئایینێکی نوێ. دەکرێت بڵێین، خەسڵەتی دیاری سەردەمی مۆدێرن، بریتی بووە لە: "باڵادەستیی ئەقڵ بەسەر ئیمان، فەلسەفە بەسەر تیۆلۆژیا وعەلمانییەت بەسەر کڵێسادا." [١]**

**پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، کە (کانت) باشترین کەسێك بووە سەردەمی ڕۆشنگەریی بەرجەستە کردبێت لە ڕێی حیکایەتە گەورە مژدەبەخشەکانییەوە، [٢] بەڵام (نیچە) هات بۆ گومانکردن لەو متمانە زۆر ورەهایە، کە ئەقڵ بە خۆیی هەبوو. بەمانای، (کانت)، دامەزرێنەری ئەقڵی زانستیی خۆرئاوا و(نیچە)ش تێکوپێکدەری هەموو ئەقلانییەتێکی زیادەڕۆ ودۆگما وداخراوی خۆرئاوا بوو. هەڵبەت، (نیچە) لەگەڵ هەریەك لە (مارکس) و(فرۆید)دا، بنەماکانی سەردەمی گومانکردن لە فیکری فەلسەفیی خۆرئاوایان داڕشتبوو. ئەمانە، لەبری گومانکردن لە ڕاستی ودروستیی شتەکان وەکو (دێکارت)، کەوتنە گومانکردن لە خودی ئەقڵ خۆی. ئیتر، ئەقڵ وەکو ئەوەی (دێکارت) و(کانت) و(هیگڵ) لێیان دەڕوانی، نەمایەوە وکەوتە بەر ڕەخنە وپشکنین. مێژوو، وەکو ئەوەی (هیگڵ) و(کانت) پێیان وابوو کە تەنها ئەقڵ ئاڕاستەی دەکات، ئێستا تەنیا ئەقڵ ئاڕاستەی ناکات، بگرە ئەو هێزە نائەقلانییە سەرشێتانەش ئاڕاستەی دەکەن، کە لە هەناویدا خۆیان حەشارداوە. گەر وانەبوایە، دوای دوو سەدە زیاتر لە سەردەمی ڕۆشنگەری ولە وڵاتانی هەرەپێشکەوتووی ئەوروپادا، بزاوتی فاشیزم ونازیزم پەیدا نەدەبوون. هەربۆیە، ململانێی نێوان ئەقلانییەت ونائەقلانییەت، لە فیکری خۆرئاوادا دروستبوو. [٣]**

**شایانی باسە، لەو هەرا وزەنایەی باسکرا ولە منداڵدانی مۆدێرنەوە، سەردەمێکی نوێتر کە (تازەگەریی) یان (مۆدێرنیتە) یاخود (بەسەردەمیکردن) بوو بە جیهان شادبوو، کە هەڵگری چەمکگەلێکی ئازادیی ویەکسانیی بوو. چەمکی (تازەگەریی)، تەنها لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە وبەتایبەتی لە ساڵی (١٨٤٩ز)دا فۆرمەلە بوو. مەزەندەی ئەوەش دەکرێت، (بۆدلێر)ی شاعیر، یەکەمین کەس بووبێت کە بەکاریهێنابێ. [٤] بەڵام لەو کاتەدا، خەڵکی بە شتێکی دزێو وناشرینیان دەزانیی. [٥] لە بنچینەدا، سەدەی نۆزدە، جیاوازییەکەی لەوەدا بوو کە بیرۆکە سیاسییە لیبراڵەکان لە تەواوی جیهاندا، لەگەشەدا بوون. بە مانایەکی ڕوونتر، ئەو بیروڕا سیاسییانەی کە پێشوتر باسمانکردن، وتوانیبویان یەکێتی بیروڕا سیاسییە لیبراڵییەکان لەتلەت بکەن، لە سەدەی نۆزدەدا، چیتر توانای ئەوەیان نەمابوو کە هەژموونی خۆیان**

---

**[١] هاشمساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٥**

**[٢] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤**

**[٣] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧**

**[٤] کۆمەڵێ نووسەر: شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، و: هەورامان وریا قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٦٢**

**[٥] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٤**

بسەپێنن، یان کاریگەریی لەسەر لیبراڵییەت دروستبکەن. [1] وەلێ، لە دیارترینی فەیلەسووفە لیبراڵەکان، (بنیامین کۆنستان، ئەلێکسی دی تۆکڤیل، جۆن ستیوارت میلْ) بوون.

سەدەی نۆزدە، وێڕای ئەوەی سەدەی ئازادی ویەکسانی وپێشکەوتن وپۆزەتیڤیزم بووە، لە هەمان کاتیشدا سەدەی پێگەیشتنی ئیمپریالیزمی نویْ یان کۆلۆنیالیزمی هاوچەرخ بووە. [2] کۆلۆنیالیزم، سیستمێك بوو لە نیوەی سەدەی نۆزدەدا هاتەکایەوە، ولە ساڵی (١٨٨٠ز) بەدواوە بەکار بووە، پاش جەنگی جیهانیی یەکەمیش بەرەو لەناوچوون چووە. [3] بە بڕوای بیرمەندان، قۆناغی ئیمپریالیزمی نویْ، بەرزترین یان دوایین قۆناغی کەپیتاڵیزمە، وەك ئەوەی (لینین) دەیگوت: "ئیمپریالیزم، کەپیتاڵیزمە لە قۆناغی مۆنۆپۆڵیزم." [4] دەکرێت وایدابنێین، کۆنگرەی (بەرلین)ی ساڵی (١٨٨٤ز)، ئاماژەیەك بووبێت بۆ ئەم بابەتە، لەبەرئەوەی هۆکاری بەستنی ئەم کۆنگرەیە بۆ ململانێی دەوڵەتانی ئیمپریالیی یان کۆلۆنیالیی، لەسەر ناوچەی دەسەلاْت دەگەڕێتەوە. [5] کاتێکیش سەدەی نۆزدە بەرەو کۆتاییەکانی دەچوو، پەتای کۆلۆنیالیزم زۆربەی دەوڵەتە ئەوروپییە گەورەکانی گرتەوە. پێشتر، ئەوروپا لە (١٨٥٤-١٨٧٨ز)، گیرۆدەی شەش جەنگ ببوو، کە دواجار دوو دەوڵەتی نوێی بەهێزی لێوە پەیدا ببوو، ئەوانیش (ئەڵمانیا وئیتالیا) بوون. وەلێ، دوای کۆنگرەی (بەرلین)یش، کاتێك ئەوروپا بەرەو جێگیربوون دەچوو، ئیدی گۆڕەپانی ڕکەبەرایەتی نێوان دەوڵەتانی زلهێز، گوازرایەوە بۆ دەرەوەی کیشوەری ئەوروپا، بەتایبەت بۆ ئاسیا وئەفریقیا.

بەڵگەنامە مێژووییەکان، ئاماژە بەوە دەدەن کە (ڕۆمانییەکان) یەکەمین گەل یان نەتەوە بوون، دوژمنکارییەکانیان شێوەی یان مۆرکی کۆلۆنیالیزمی وەرگرتووە. واتە، لە پێشینەی ئەو نەتەوانە بوون، کە سیاسەتێکی دوژمنکارانەیان بۆ داگیرکارییە سیستماتیکە دوورمەوداکانیان کێشاوە. ئەوروپاش، پاش ڕێنیسانس وشۆڕشی پیشەسازی ولە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە وبەهۆی پێویستبوون بە بازاڕ وسەرچاوەگەلێك، بە پێی بیرۆکەکانی باوباپیرانی ڕۆمانیی، هەنگاوی دوژمنکارانەیان بەرانبەر بە نەتەوە لاوازەکان هەڵگرت، لەپێناو بەکۆیلەکردن وچەوساندنەوە وبەتالاْنبردنی تەواوی سامانیان. هەڵبەت،

---

[1] د. عبدالرضا حسين الطعان: تأريخ الفكر السياسى الحديث، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، دار الحكمة للطباعة والنشر- بغداد، ١٩٩٠، ص ٦١٣

[2] جاك وودس: الاستعمار الجديد في آسيا وافريقيا وامريكا اللاتينية، ت: الفضل شلق، الطبعة الاولى، دار الحقيقة للطباعة والنشر، مطبعة باخوس وشرتوني- بيروت، نيسان/ ١٩٧١، ص ٩

[3] جان بول سارتر: الاستعمار الجديد، ت: عايدة وسهيل ادريس، الطبعة الثانية، من منشورات دار الاداب- بيروت، نيسان/ ١٩٦٦، ص ٢١

[4] فلاديمير لينين: الامبريالية اعلى مراحل الرأسمالية، بتروغراد، ٢٦/ أبريل/ ١٩١٧، ص ٥٣

[5] استعمار: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٧/ ديسمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

(پورتوگالییەکان)یش، یەکەمین ئیمپریالیستی نویٚ بوون، دوای ئەوانیش هۆڵەندییەکان وفەرەنسییەکان وئینگلیزەکان بەو کارە هەستان. هەڵبەت، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەشدا، ئیمپریالیزم بووە بەشێکی جێگیر لە سیاسەتی دەوڵەتە ئەوروپییە بەهێزەکان، لە ڕووی سەربازییەوە. [١]

ئەمڕۆ، ئەم جۆرەی ئیمپریالیزم، لە جیهاندا بەرەو لەناوچوون چووە. وەڵێ، ساڵی (١٩١٩ز)، گەرچی ژمارەی کۆلۆنیستەکانی کۆمەڵگا کۆلۆنییەکان، (١٢٠٠) ملیۆن کەس دەبوون، بەلاٚم پێش ساڵی (١٩٦٦ز)، ئەم ژمارەیە بۆ (٣٠) ملیۆن کەس دابەزی، وئەم حوکمڕانییە ڕاستەوخۆیەش لە زۆربەی ولاٚتانی ئاسیا وئەفریقیا ودەریای کاریبیی، وردە وردە بەرەو نەمان دەچوو. هەربۆیە، ئیمپریالیزمی نویٚ، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت، ئەمڕۆکە بووەتە دیاردەیەکی قێزەونی بەسەرچوو لە مێژووی مرۆڤایەتییدا. [٢]

بێمکووڕیکردن، ڕەهەندەکانی سیاسەتی ئیمپریالیزم وگۆڕانکارییە نوێیەکان وداکەوتی مرۆڤایەتی، لە سایەی مۆدێرنیتە ولە سەرەتای سەدەی بیستەم وبەتایبەت پاش یەکەم جەنگی جیهانیی، گەورەترین شۆڕش وگۆڕانکاریی لە فیکری خۆرئاوا ومێژووی فەلسەفەدا خوڵقاند. گەرچی بڕوابوون بە ئاوەزمەندیی وپێشکەوتنی زانستیی، لەسەدەی نۆزدەدا گەیشتە ئەوپەڕی وبوو بە ئایینێکی نویٚ، بەلاٚم باوەڕبوون بەم ئایینە، دوو سەدە زیاتری نەخایاند. لەگەڵ هەلاٚیسانی یەکەم جەنگی جیهانیی، گورزێکی کوشندەی بەرکەوت، دووەم گورزیشی لەگەڵ دووەم جەنگی جیهانیدا خوارد. [٣] دیارە، ئەمە بانگەشەکەی (میشێل فۆکۆ)مان دێنێتەوەیاد، کاتێك وتبووی: "مۆدێرنیتە، بە مردنی مرۆڤ ئەنجامگیر بووە." [٤] سەدەی بیستەم، یەکەم سەدە بوو لە دوای سەدەکانی ناوەندەوە، کە سەرجەم فەیلەسووفەکانی ئەکادیمیست بوون. [٥] لێرەوە، مەیلی شیکاریی بەپێی لۆژیك زیادیکرد، واتە شیکاریی لەو داکەوتەی بەهۆی زیادەڕەویی ئەقڵەوە، هێندەی نەمابوو تەواوی مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی فەوتاندن بکاتەوە. ئەمە، وێڕای پێداچوونەوە بە سروشتی مەعریفە، وبەو حەقیقەتە ئەزەلییەی کە گوایە مرۆڤەکان دروستکراوی دەستی خودان، ولە چارەنووسیان نووسراوە چۆن بژین وچەند بژین. جێی ئاماژەپێکردنە، (بێرتراند ڕاسڵ)

[١] الاستعمار الاوروبي في القرن التاسع عشر: موقع مايوز، ٢٥/ ٦/ ٢٠١٧، www.maioz.com

[٢] جاك وودس: الاستعمار الجديد في آسيا وافريقيا وامريكا اللاتينية، ت: الفضل شلق، مصدر سابق، ص ٢٧

[٣] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٤

[٤] ئازادیی کۆمەڵگە: گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە، ژمارە (٢٨)، ساڵی سێهەم، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ئایاری ٢٠١٨، ل ٦٨

[٥] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٥

و(ڤیتگنشتاین)، لە پێشینەی ئەوانە بوون، کە فەلسەفەی شیکارییان لەو سەردەمەدا ولە بواری زماندا پراکتیزەکرد، وێڕای مشتومڕیان لە بابەت لۆژیکی بیرکارییەوە. [١]

ساڵی (١٩٢٣ز)، پاشئەوەی فەلسەفەی مارکسیزم بەرەو ئەرتەدۆکسیەت دەرۆیشت وبێباوەڕیی لە برەودابوو ورەخنە وگومانیش لە ڕۆشنگەریی ونوێگەریی لە زیادبووندابوو، کۆمەڵێك ڕۆشنبیر وبیریاری مارکسیی ئەڵمانیی بەرەگەز جوو، کە تەوژمێکی فیکریی نوێ بە ناوی (مارکسیزمی ڕەخنەیی) کۆیدەکردنەوە، [٢] بە مەبەستی سنووردانان بۆ مارکسییەت وڕۆشنگەریی ومۆدێرنیتە وبیرۆکەی گەشە، گردبوونەوە. پاشئەوەی، تێکشکانی بزوتنەوە کرێکارییەکان وسەرکەوتنی فاشیزم لە ئەوروپایان بە نیشانەی تیاچوونی مارکسیزم وپێویستیی داڕشتنەوەی مارکسیزم لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی هیگڵ دەزانیی، بەپێی ئایدیای "دەبێ واقیع بەئەقڵانی بکرێت،" [٣] کە بنەڕەتی بیری ئەم بیرمەندانەی فیکری سیاسی سەدەی بیستەم بوو، پەیمانگای زانستە کۆمەڵایەتییەکانیان لە (فرانکفۆرت) لە ئەڵمانیا دامەزراند، کە ساڵانی دواتر ناوی ئەم کۆمەڵەیە کۆڕدرا بە (قوتابخانەی فرانکفۆرت). ئەم قوتابخانەیە، لوتکەی ئەم ڕەخنانە بوو بۆ سەر نوێگەرایی، بەتایبەت لە بواری فەلسەفیی وڕەخنە وتاووتوێی سیستەمی بەرهەمهێنانی زانست. [٤] فرانکفۆرتییەکان، پێیان وابوو فەلسەفەی کلاسیکیی، بووەتە شتێکی ئایدیالیستیی وتەقلیدیی، بەم پێیەش ئیدی توانای ئەوەی نابێ بونیادی ئاڵۆزی گۆمەڵگا سەرمایەدارییە نوێیەکان شیبکاتەوە، هەربۆیە بڕیاریاندا، زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دەروونشیکاریی، کۆمەڵناسیی، ئابووریناسیی، دیمۆگرافیا، جێگەی فەلسەفە بگرێتەوە. [٥]

مەخابن، لە ساڵی (١٩٣٣ز)، لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن نازییەکانەوە، ئەندامانی ئەم قوتابخانە فەلسەفییە لە ترسی کوشتن وڕاوەدونان، بەرەو وڵاتانی دەرەوە هەڵاتن. هەڵبەت، (**تیۆدۆر**

---

[١] پول ستراتێرن: ئاشنابوون بە ویتگنشتاین، و: لوقمان رەئوف، سەباح موراد، دەزگای والا بۆ ڕاگەیاندن وبلاوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠١١، ل ٩

[٢] عوسمان یاسین: هیگڵ ودوو لە قوتابییانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆك، ٢٠٠٨، ل ٦٩

[٣] د. حسەین بەشیریە: مارکسیزمی فەلسەفیی ڕۆژئاوایی، و: مەنسووری تەیفووری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٦٧

[٤] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی مورادی، چاپی یەکەم، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانیی، چاپخانەی تاران- تاران، ٢٠١٦، ل ١٥٣

[٥] شوان ئەحمەد: چەند بابەتێکی فیکریی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاریی (ی.ن.ك)- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٩١

**ئەدۆرنۆ وماكس هۆركهایمەر)ی بەڕێوەبەر، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دوا وێزگەیان دەبێ.**[١] **پاش تەواوبوونی جەنگ، لە پەنجاكانی سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ گەشەسەندنی بوونگەرایی لە فەرەنسا، وبونیادنانەوە وجەنگی سارد، ئەمانیش گەڕانەوە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ئینستیتیوتەكەش، دووبارە لكێندرایەوە بە زانكۆی فرانكفۆرتەوە.**[٢] **ئەم پەیمانگایە، بە شێوەیەكی زانستییانە كارەكانیان لە بواری ئابووریی وكەلتوور وگرنگیدان بە فەلسەفەی كلاسیكیی ئەڵمانیی وڕەخنە لە بۆرژوازیەت وسوود وەرگرتن لە بوونگەرایی وبونیادگەرایی، بەئەنجام دەگەیاند، هەرچەندە ئەمان لە ڕەخنەگرتنی ڕۆشنگەریدا، زیادەڕەوییەكی زۆریانكرد.**[٣] **ئەمان بڕوایان وابوو، كۆمەڵگا بۆئەوەی پێشبكەوێ، هەردەم پێویستی بە زانست ومیتۆدی ڕەخنەیی هەیە.**[٤] **وەلێ، هەریەك لە (ماكس هۆركهایمەر، تیۆدۆر ئەدۆرنۆ، هێربێرت ماركۆزە، واڵتەر بنیامین، ئێریك فرۆم، ئەلفرێد شمیدت، یۆرگن هابرماس و... هتد) بیرمەندانی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە بوون.**[٥]

**ئەم ئینستیتیوتە، لە كاتێكدا دروست بوو، كە ئەوروپا جەنگی یەكەمی تێپەڕاندبوو، (بۆڵشەڤیزم) لە سۆڤێت دروست ببوو. هەڵبەت، بەریتانیا وفەرەنسا، لەترسی بڵاوبوونەوەی ماركسیەت، یارمەتیدەر دەبن لە پێكهێنانی نازیزم لە ئەڵمانیا وفاشیزم لە ئیتالیا، كە دوو فیكری تۆتالیتاریی بوون، بەتایبەت كاتێك كە مەترسی ئەوە لەئارادا بوو، كۆماری (ڤایمار) بەلای كۆمۆنیزمدا بچێت. كەواتە، (هێتلەر)، بەرهەمی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانییەكان بوو، یاخود فاشیزم، بەرهەمی كۆمەڵگای سەرمایەداریی بوو، بۆ دەرچوون لە قەیران. ئا لەم كاتەدا بوو، كە قوتابخانەی فرانكفۆرت دامەزرێندرا.**[٦]

**پاش تەواوبوونی دووەم جەنگی جیهانیی، بیركردنەوە لە ڕزگاركردن وڕێزگرتنی مرۆڤایەتی وڕێگرتن لە سنووربەزاندنی ئەقڵ، بووە دیفاكتۆی فیكری فەلسەفە، چیتر نەدەبوو مرۆڤ وەكو پێشینان سەیربكرێ، كۆتایی بەوەش هێنرا، كە ئایا مرۆڤەكان ئاڕاستەكراو (مسیّر)ن یان ئارەزوومەندن (مخیّر).**[٧] **هەرگیز تاك لەنێو گەل یان دەوڵەتدا نەدەبوو بتوێندرێتەوە، چیتر تاك برغوویەكی بێبەهای ماشێنی كۆمەڵگای بێچین نەبوو. بەڵكو، دەبوو تاك وەك مرۆڤێكی باڵا كە بەدوای پێناسەی بوونی خۆیدا دەگەڕێ،**

---

[١] **ئازاد تۆفیق خەیات: ڕۆشنبیر، دەسەڵات، ژینگە، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ وبڵاوكردنەوە، چاپخانەی ناوەندی سارا– سلێمانی، ٢٠١٧، ل ١٧**

[٢] **ئایدیا واڵا: گۆڤارێكی فیكرییە، دوو مانگ جارێك دەزگای واڵا بۆ ڕاگەیاندن وبڵاوكردنەوە دەریدەكات، ژمارە (٢٥)، چاپخانەی كارۆ– سلێمانی، شوباتی ٢٠١١، ل ١٩**

[٣] **هاشم سالح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٦**

[٤] **مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١**

[٥] **مدرسة فرانكفورت: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ ديسمبر/ ٢٠١٧،** ar.wikipedia.org

[٦] **د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی مورادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥**

[٧] **محمد سعيد رمضان البوطي: الانسان مسيّر أم مخيّر؟، دار الفكر آفاق معرفة متجددة– دمشق، ١٩٩٧، ص ٢٧**

سەیربکرێ. هەربۆیە، جیهان بەگشتی وخۆرئاوای ئەورووپا بەتایبەت، لە هەوڵی بونیادنانەوەی بوونی وڵاتەکانیان وبوونی مرۆڤایەتیدا بوون، ودیمۆکراسی وفیکری هیومانیزم وسکیۆلاریزمیش لەسەر ئاستی دەوڵەت، لە گەشەسەندندا بوون. واتە، وێڕای لابردنی ئاسەواری وێرانکاریی، فەلسەفەش کەوتە خۆی لەبۆ خزمەتکردنی هیومانیزم. لەم هەلومەرجەدا، فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیە)، تاکە فەلسەفە بوو کە لە ماوەیەکی کورتدا لە ئەورووپا ببێتە مۆدە، [1] وبتوانێ سەرجەم بوارەکانی ژیان بگرێتەوە وهەواداریێکی زۆری لەسەر ئاستی جیهان بۆ دروستببێ. بوونگەرایی، بەر لە هەر شتێك فەلسەفەی مرۆڤایەتی بوو. [2]

شایانی باسە، فەلسەفەی بوونگەرایی، پێشتر لە سەدەی نۆزدەدا لەسەر دەستی (کیرکەگۆرد) و(نیچە) ڕووناکی بینیبوو، [3] کە یەکەمیان دامەزرێنەری بوونگەرایی ئایینیی ودووەمیان بوونگەرایی نائایینیی بوو. بەڵام، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، (مارتن هایدیگەر) هێڵە پانەکانی ئەم فەلسەفەیەی خستبووە ڕوو، دواجاریش لەسەر دەستی (ژان پۆڵ سارتەر) بە کامڵبوون گەیشتبوو. دەکرێت هێما بەوەش بکەین، فەلسەفەی بوونگەرایی، دەرەنجامی مردنی خودا بوو لە فەلسەفەی (نیچە)دا، یان ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەشیی وخەم وپەژارەیە بوو کە بەسەر بوونی مرۆڤدا هات، کاتێك پێشتر مانا بەو بوونەی بەخشرابوو. [4]

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە لە سەروبەندی بڵاوبوونەوەی بوونگەراییدا لە چلەکان وپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەتایبەت لە فەرەنسا، ئەم فەلسەفەیە بوو بە دوو بەشەوە: بوونگەرایی کریستیانیی وبوونگەرایی مرۆڤایەتیی، [5] یان بوونگەرا مەسیحییەکان وبوونگەرا بێباوەڕەکان، [6] کە پشتیان بە ئایین نەدەبەست ولە برەودابوون. وەلێ، بیریارانی ڕەوتی دووەم، کە بێباوەڕ بوون، زیاتر بە سۆز کەمتر بە ئەقڵ، مامەڵەیان لەگەڵ واقیعدا دەکرد. ئەوان، بڕوای تەواویان بە ئازادیی بێ مەرجی تاك وبیرکردنەوەی پاش مۆدێرنە هەبوو. لای ئەوان، تاك هەموو شتێك بوو، بوونی مرۆڤ پێش چییەتیی (ماهیەت) کەوتبوو. ئەمەش، وتەزاکەی سۆفیستەکانمان وەبیردێنێتەوە، کە دەیانوت: "تاك، تەوەری

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٥

[2] جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢

[3] سورین کیرکغور: مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ١٠/ اکتوبر/ ٢٠١٥، ar.wikipedia.org

[4] د. ندیم نجدي: قیامة الفلسفة، الطبعة الاولی، دار الفارابي للنشر- بیروت، لبنان، کانون الثاني ٢٠١٧، ص ١٠٠

[5] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨

[6] جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨

مەعریفە وپێوەری گشت شتەکانە،" هەربۆیە لە ئاکامی ئەم لۆژیکەیانەوە، گیانی تاکگەرایی لە کۆمەڵگای یۆنانیدا تەشەنەی کردبوو.[١]

بوونگەراکان، بڕوایان وابوو، لە جیهانێکی بێ سەروبەری بێ واتای بێ خودادا، دەبێ هەوڵی دۆزینەوەی (واتا) بۆ جیهان وتاك بدرێت.[٢] ئیدی مرۆڤ ئازادە، لە کردار ولە هەڵبژاردنەکانی خۆی، بۆیە چیتر خۆی بوونی خۆی دروست دەکات. بە بڕوای (سارتەر)یش، تاقە شتێك کە مرۆڤ لە شت وبابەتە ماددییەکان جیادەکاتەوە ئازادییە،[٣] لەگەڵئەوەشدا، مرۆڤ پێکدێت لە بوون وچییەتیی، بەڵام بوونی لەپێش ماهییەتییەوە دێت،[٤] بۆیە ئازادە. ئەم وتەزایە، پێچەوانەی وتەزاکەی (دێکارت)ە، کە وتبووی: "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم."[٥] لەبەرئەوەی، (دێکارت)، بەپێچەوانەوە چییەتیی بیرکردنەوەی پێش هەبوون خستبوو. پێشتریش، (سوکرات)، بە هەمان شێوە چییەتیی پێش بوون خستبوو.[٦] دیارە، (ژان پۆڵ سارتەر، مۆریس مێرلۆپۆنتی، سیمۆن دی بۆڤوار، هانا ئارێنت، کارڵ بارت، ڕۆدۆڵف باڵتمان وزۆرێکیتر) لە بیریارانی بێباوەڕان بوون، (کارڵ یاسپەرز، گابرییێل مارسێل)یش لە باوەڕداران. هەرچەندە، (مارتن هایدیگەر) و(ئەلبێر کامۆ)ش بە فەیلەسووفانی بوونگەرایی بێباوەڕ لەقەڵەم دەدران، بەڵام زیاتر مۆرکی هیچگەرایی (نیهلیزم– عدمیة)یان پێوە دیاربوو، کە بە خوڵقێنەری بوونگەرایی لەقەڵەم دەدرا.

وەك کاردانەوەیەك بە ڕووی فەلسەفەی خود وهیومانیزمی بوونگەرایی، ساڵی (١٩٥٨ز)، وبەتایبەت لە شەستەکان وحەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، فەلسەفەیەکیتر ڕووناکیی بینی، کە بونیادگەرایی (البنيوية– ستراکتورالیزم) بوو.[٧] بونیادگەراکان، بڕوا ومتمانەیان بە مرۆڤ نەمابوو، لەپای ئەو هەموو جەنگ وشەڕ ومالۆیرانییانە.[٨] ئەوان، بڕوایان بە ڕێگرە سیاسیی، ئەخلاقیی، کۆمەڵایەتیی، کەلتووریی، فەرهەنگیی، هێز وجەبری کۆمەڵگا هەبوو، بڕوایان وانەبوو مرۆڤ لە بڕیاردان وهەڵبژاردنەکاندا هێندە ئازادبێت.[٩] ئەم فەلسەفەیە، بە پشتبەستن بە مەعریفە، تەواوی دیاردە وزانستە مرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵناسیی، ڕەگەزناسیی، دەروونشیکاریی، مێژوو... هتد، ڕەخنە وشیدەکاتەوە

---

[١] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥

[٢] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٥

[٣] جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤

[٤] د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤

[٥] پۆڵ ستراتێرن: ساتێك لەگەڵ دیکارت، و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ وبڵاوکردنەوەی سایە– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٤٤

[٦] د. محەمەد کەمال: کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢

[٧] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦

[٨] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨

[٩] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨

ودووباره بونیادیان دەنێتەوە. وەك میتۆدیش، هەوڵی یەکخستنەوەی سەرجەم زانستەکان وڕاڤەکردنیان لە سیستمێکی واقیعیی نوێدا، دەدا. واتە، پێچەوانەی بوونگەراکان، کە زیاتر پشتیان بە سۆز دەبەست وسەیری مرۆڤیان وەك بوونەوەرێکی ئازاد، ئەبستراکت، ڕەها، ئاگامەند، خاوەن خود وبابەت دەکرد. ئەمان، باسیان لە کاریگەریی وهارمۆنیبوونی زمان ویەکگرتوویی بونیادە سیستماتیکەکان دەکرد، بۆ ئەو کارەشیان، زیاتر پشتیان بە زمانی ئەدەب وئەپستمۆلۆژیا (مەعریفە) دەبەست. بیریارانی ئەم ڕەوتە، هەریەك لە (کلۆد لیڤی شتراوس، میشێل فۆکۆ، لویس ئالتۆسێر، جۆرج لۆکاس، ژاك لاکان، ژاك دێریدا، پییێر بۆردیۆ، ڕۆلان بارت، شارڵ دۆرۆن، تزڤیتان تۆدۆرۆڤ، جیۆرجی پلیخانۆڤ، جێرارد جێنێت وزۆرێکیتر) بوون.

لە حەفتاکاندا، ئەکادیمیستە ئەمریکاییەکان، دەستەواژەی (پاشبونیادگەرایی)یان داهێنا، [1] وەك ئاماژەیەك بۆ کارە کاڵ وکرچ وناتەواوەکانی بیرمەندە فەرەنسییەکان، واتە بونیادگەراکان. هەڵبەت، دەرکەوتنی ئەم دەستەواژەیە، بۆ مێژووی شۆڕشی ئایاری خوێندکارانی پاریس (١٩٦٨ز) دەگەڕێتەوە، کە (هێربێرت مارکۆز) پەیامبەری بوو. [2] ناوبراو، بڕوای وابوو کە چینی کرێکاران لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی ڕۆژئاوایی ڕۆڵی شۆڕشگێڕیی خۆیان لەدەستداوە، ئەوەش بەهۆی ئەقلانییەتی تەکنۆلۆژیای کۆمەڵگاکانیانەوە. هەرچەندە، پێشتر ولە ساڵی (١٩٦٦ز)، مەرگی بونیادگەرایی، لەسەر دەستی (ژاك دێریدا) لە لێکچەرێکی زانکۆییدا ڕاگەیەندرابوو. [3] پاشبونیادگەراکان، توانای دیراسەکردنێکی ڕاستەقینەی مرۆڤیان ڕەت دەکردەوە، وەك ئەوەی بونیادگەراکان بڕوایان پێیبوو لە ڕێگەی بونیادی زمان وڕۆشنبیرییەوە، هەرچەندە ئەمان بڕوایان وابوو کە دەشێت ڕاڤەی بۆ بکرێت، بەڵام لە ڕێگەی گێڕانەوەی گەشەسەندنی مێژووییەوە. زۆربەی بیرمەندانی بونیادگەرایی، دواجار بوونە ڕێبەری پاشبونیادگەرایی، لەوانەش: (ڕۆلان بارت، ژاك دێریدا، هێربێرت مارکۆز، لۆك فێری، جیل دۆلۆز، جودێت باتلەر، ژولیا کریستیڤا، ژاك لاکان، میشێل فۆکۆ و... هتد).

دەوترێت، گەر ئازادیی ڕەخنەگرتن نەبوایە، ئەوا نە خۆرئاوا ونە ڕۆشنگەریی ونە مۆدێرنە ونە شارستانییەتیش نەدەبوو. هەربۆیە، (کانت) هەردەم دەیگوت: "سەدەکەمان، (واتە سەدەی هەژدە) سەدەی ڕەخنەیە." بەڵام، مۆدێرنە، دوای تێپەڕبوونی دوو سەد ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا خیانەتی لە (کانت) کرد، وچیتر خۆی لە تەرازووی گومان وڕەخنەدا دانەدەنا وگۆڕدرا بۆ کۆمەڵێك یەقیناتی ڕەها. هەڵبەت، مۆدێرنە، بوو بە دەستکەوتێکی قۆرخکراو تەنها بۆ خۆرئاوا. واتە، مۆدێرنە، کورتکرایەوە بۆ

---

[1] مابعد البنيوية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

[2] عوسمان یاسین: هیگڵ ودوو لە قوتابییانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

[3] د. محمد سالم سعدالله: مصطلح مابعد البنيوية، قضايا، رابطة ادباء الشام، ١/ تشرين الاول/ ٢٠٠٥، www.odabasham.net

ڕەهەندە تەکنۆلۆژی وبانکیی وسەربازییەکەی، ولە ڕۆحە شارستانیی ومرۆڤایەتییەکەی بەتاڵکرایەوە. [١] وەلێ، فەلسەفەی مێژوو ومرۆڤایەتیی، لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونیدا وبە ناچاری گەیشتە قۆناغێکیتر کە پۆست مۆدێرنە بوو. هەربۆیە دەوترێت گەر، مۆدێرنە، پابەست بووبێ بە دەسەلآت، شوناس، ڕەها، یەقین و...هتد، ئەوا پۆست مۆدێرنەش، پابەستە بە جیاوازی، پلورالیزم، گومانگەرایی، لێکهەڵوەشاندن، شیتاڵکردن، جیاکردنەوە و...هتد. [٢]

مێژووی فەلسەفە، ئەوەمان پێدەڵێت کە هەرگیز فیکرێکی فەلسەفیی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بڕی نەکردووە، بەڵکو فیکرە فەلسەفییەکان هەردەم لە گۆڕاندابوون. ئەمەش بەو مانایەی، کە هەموو کات ڕەوتی مێژووی فەلسەفە لە سوڕانەوەیەکی دیالێکتیکانەدایە، لە باشەوە بۆ باشتر وبەوجۆرە. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، دنیابینییەکی نوێ بۆ فەلسەفەی ژیان پەیدابوو کە قۆناغێکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا، وبە پاشتازەگەریی (پۆست مۆدێرنیتە) ناوزەدکرا، کە بەردەوام لە گۆڕینی حاڵی خۆیدابوو. هەرچەندە کۆڕا لەسەر ئەوەیە، سەردەمی پۆست مۆدێرنیتە بۆ دوای جەنگی جیهانی دووەم بگەڕێتەوە، وبڕواش وایە فەلسەفەی (هایدیگەر) ڕێخۆشکەر بووبێ بۆ هاتنی پۆست مۆدێرنیتە. [٣] هەڵبەت، پۆست مۆدێرنیزم، کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو شتانە دەکات کە لە مۆدێرنیزمدا جێی متمانە بوون، وەکو: ڕیوایەتە گەورەکانی ئەقڵ، حەقیقەت، هارمۆنییەت، یەقین، ڕەهایی ..هتد. فیکری ئەم قۆناغە، لەبەرئەوەی ڕێزی لە جیاوازییەکان دەگرت وهەستی بە نائومێدی لە مۆدێرنیتە دەکرد، خوازیاری ئەوە بوو سەرلەنوێ بگەڕێتەوە لای ترادسیۆن وئیمانداریی، بەوەی ڕاستە ئەقڵ وزانست گرنگن، بەلآم ڕەهەندی ڕۆحییش پێویستە. لێرەوە، مەسیحییەت بە مۆدێلە دەمارگیرییەکەی سەدەکانی ناوەڕاست نا، بەڵکو بە شێوازی پۆست مۆدێرنانە گەڕایەوە ئەوروپا. [٤]

ئەوەی گومانی تێدا نییە، ئەوەیە کە دیمۆکراسی، لیبراڵیزم، هیومانیزم، ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم، فاشیزم، ڕاسیزم، ئیمپریالیزم، جینۆساید ودوو جەنگی جیهانیی، هەر لە سەردەمی مۆدێرنەدا ڕوویاندا، بۆیە تاکی پۆست مۆدێرنیزم، **هەردەم بەگومانەوە سڵ لە نەهامەتییەکانی ئەقڵی مۆدێرنە وئەگەری هەر مەرگەساتێکی کتوپڕ دەکاتەوە.** [٥] شیمانەی ئەوەش دەکرێ، ساڵی (١٩٧٩ز)، یەکەم کەس (ژان فرانسوا لیوتار) بووبێ کە وشەی پۆست مۆدێرنیزمی لە فەلسەفەدا بەکارهێنابێ. [٦]

---

[١] هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١

[٢] مابعد الحداثة (فلسفة): مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ ديسمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

[٣] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی موڕادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢

[٤] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩

[٥] ئازاد تۆفیق خەیات: ڕۆشنبیر، دەسەلآت، ژینگە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩

[٦] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١

بەلأم، (هانز كۆنگ)، مێژووی پاش مۆدێرنیتە، لە ساڵی (١٩١٨ز)، واتە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی دەنووسێتەوە. [١] زۆرجاریش، دەبینین دەستەواژەی پۆست مۆدێرنیتە لەبری پاشبونیادگەرایی یان پۆست ستراکتورالیزم بەکاردێت، کە هاوواتایە وکێشەیەك نییە.

شایەنی وتنە، مۆدێرنە، وەك شۆڕشێك لەبەرانبەر ترادسیۆن وکەلەپوور وشێوازی بیرکردنەوەی بۆماوەیی بەرپابوو، بە مەبەستی دروستکردنی دابڕانی مەعریفیی لەگەڵ کەلەپووری ڕابردوودا. هەرچی پۆست مۆدێرنەشە، جارێکیتر کەلەپووری گەڕاندەوە، بەلأم بە مەبەستی شیتەڵکردن ولێکدانەوەی ڕەخنەیی، مێژوویی، زانستیی، ئەمەیە حەقیقەتی پۆست مۆدێرنیزم. لێرەوە، جارێکیتر ئایین وبیروباوەڕی ئایینیی، وەك کارکردێکی ڕۆحیی ومەعنەوی، توانی جێپێی خۆی لە کۆمەڵگاکاندا بکاتەوە، بەلأم بە میتۆدی ڕەخنەیی وسیمای سەردەمییانەوە نەك سەدەکانی ناوەڕاست. وەلێ، هەریەك لە (ژان فرانسوا لیوتار، زیگمۆند باومان، ڕیچارد ڕۆرتی، ژان بۆدریار، فردریك جیمسۆن، ڕۆزا لیندا کراوس، دۆگلأس گریمپ، گریگۆری ئالمێر، ئێدوارد سەعید..هتد) لە بیریارانی ئەم ڕێبازە بوون، هەرچەندە هەریەك لە (کیرکەگۆرد، مارکس، نیچە)، بە پێشینانی ئەم بزوتنەوەیە دادەنرێن. [٢]

پێدەچێت مۆدێرنیتە هەروا بە ئاسانی خۆی نەدات بەدەستەوە وهەڵوێست وپەرچەکرداری هەبێ، ئەم هەڵوێست وەرگرتنەش لە پەیامی فەیلەسووفاندا دەردەکەوێ. ساڵی (١٩٨٠ز)، (یۆرگن هابرماس)ی پێشەنگی نەوەی دووەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت، وتارێکی بەناوبانگی لە ژێر سەردێڕی (مۆدێرنە، پرۆژەیەکی تەواونەبوو) [٣] بلأوکردەوە، کە تیایدا هێرشی کردە سەر لایەنگرانی پۆست مۆدێرنە، کە دژی مەرگەسات ونەهامەتییەکانی ئەقڵ بوون. [٤] هەرچەندە (هابرماس)، وەك دوایین نوێنەری فرانکفۆرتییەکان، فرانکفۆرتییەکان، هەردەم دژی ئەقڵی زانستی وئایدیۆلۆژی وپۆزەتیڤیزم بووە، بەلأم دژی ئەوەش بووە کە کارە گرنگەکانی ئەقڵ وزانست لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا لەبەرچاو نەگیرێ. ناوبراو، لە ڕوانگەی میتۆدی پەیوەندیخوازیی ولێکبوردنی هاوبەشەوە، بڕوای تەواوی بە دیالۆگی نێوان ئەقڵەکان وتەنانەت ئەقڵ وئیمانیش هەبوو، هەربۆیە ساڵی (٢٠٠٤ز)، دیبەیتێکی کراوەی لەگەڵ یاریدەدەری پاپای ڤاتیکان، کاردینال (جۆزێف ڕاتسینگەر) ئەنجامدا، [٥] کە بە دیبەیتی ئەقڵ وئیمان دادەنرێ.

[١] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٥

[٢] مابعد الحداثة (فلسفة): مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ ديسمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

[٣] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨

[٤] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٧

[٥] يورغن هابرماس، جوزف راتسنغر: جدلية العلمنة، العقل والدين، ت: حميد لشهب، الطبعة الاولى، جداول للنشر والترجمة والتوزيع– بيروت، لبنان، كانون الثاني/ ٢٠١٣، ص ٢٩

پاش هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێت وتاکجەمسەربوونی جیهان وفراوانبوونی کۆمەڵگای مەدەنی وگەشەی زیاتری فیکری سیاسی وبە نێونەتەوەییبوونی سەرمایە وبازرگانی وکۆتاییهاتنی مێژوو بە لیبراڵ دیمۆکراسی، ئیدی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، ولە منداڵدانی پۆست مۆدێرنیزمدا، سەردەمی جیهانگیریی یان (گلۆبالیزەیشن– عولمة)ی چەشەکراو بە سەرمایەداریی لیبراڵیی هاتەکایەوە، کە گەورەترین گۆڕانکاری بوو لە سیستمی سەرمایەداری وبواری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەکنۆلۆژیا، ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و...هتد. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، سۆسیۆلۆژیستی کەنەدیی (هێربێرت مارشاڵ ماکلۆهان)، پێشبینی ئەوەی کردبوو کە بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، دەشێت جیهان بگۆڕدرێت وببێ بە (گوندێکی گەردوونیی).[1] کۆمەڵێك بڕوایان وایە، ئەمڕۆ مۆدێرنە لە ژێر ناوی گلۆبالیزمدا، خۆی بەسەر هەموو میللەتانی جیهاندا دەسەپێنێ.[2]

وێڕای پێناسەگەلێك کە کراوە، جیهانگیریی، بەمانای ڕزگاربوونی ئاڵوویری بازرگانییە، لە هەموو کۆسپ وتەگەرە گومرگییەکان. بەمەش، کەلوپەل وشتومەکە بازرگانییەکان، لە سەرتاسەری گۆی زەویدا بەجیهانیی دەبن، واتە جیهان دەبێتە یەك بازاڕی کراوە، بۆ کێبڕکێی نێودەوڵەتیی.[3] کۆمەڵێکیتر، بڕوایان وایە کە جیهانگیریی، درێژبوونەوەی دیاردەی کۆلۆنیالیزم (استعمار)ە، بە تایبەت لە بواری ئابووریدا. ئەوان، بڕوایان وایە کە دوو جیهانگیریی کۆن ونوێ هەیە. یەکەمیان، لەدوای شۆڕشی پیشەسازی سەدەی هەژدەوە ڕوویدا، کاتێك زێدەبەرهەمیی کاڵا وخزمەتگوزارییەکانی ئەوروپا پێویستیان بەوەبوو کە بیر لە گەڕان بەدوای بازاڕی نوێدا بکرێتەوە، ئەمەش سەرەتای کۆلۆنیالیزم بوو. دووەمیان، هەرگیز وەکی یەکەمیان پێویستی بە داگیرکاریی نییە، بەڵکو لە ڕێی میکانیزمی ئازادکردنی بازرگانی نێودەوڵەتیی وگەشەسەندنیەوەیە، بە پشتبەستن بە پێشکەوتن وپەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا لە گشت بوارەکاندا، وکێبەرکێی دەوڵەتان لەسەر بەدەستهێنانی. لە سەردەمی نوێشدا، ئاڕاستەی کۆلۆنیالیزم، بەهۆی جەنگە سارد وگەرمەکانی سەدەی بیستەوە، لە ئەوروپاوە گۆڕدرا بۆ ئەمریکا، لە ژێر ناوی جیهانگیرییدا.[4] هەربۆیە، هەندێك لە بیریاران دەڵێن: "جیهانگیریی، واتە بەئەمریکاییکردنی جیهان."[5]

لەم سەردەمە نوێیەدا، دەشێت ئاماژە بە بیریاران (ساموئێل هینتنگتۆن، فرانسیس فۆکۆیاما،

---

[1] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠

[2] د. محەمەد ئارکۆن: ئیسلام وگلۆباڵیزم، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٠

[3] هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠

[4] د. أحمد درویش: ثقافتنا في عصر العولمة، الطبعة الاولى، الشركة المصرية العالمية للنشر– لونجمان، طبع في دار نوبار للطباعة– القاهرة، ٢٠٠٣، ص ٣٦

[5] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢

بنیامین باربەر، ئارنست گێڵنەر، ڕۆناڵد ڕۆبێرتسۆن و... هتد) بکەین، کە بەرهەمە فیکرییەکانیان دۆخی جیهانگیریی دەخاتە ڕوو. دیارە پەڕتووکی (کۆتایی مێژوو ودوایین مرۆڤ)ی (فۆکۆیاما)، باشترین ڕاڤە وشیکارییە بۆ ئەم دۆخە، کە گوایە "سیستەمی سەرمایەداریی، دەبێتە تاکە ئایینی مرۆڤایەتی هەتاهەتایی." [1] ئەوەش ژ بیر نەکەین، گوتاری کۆتایی مێژوو، گوتارێکە دژ بە مارکسیزم. بە بڕوای ناوبراو، بە ڕووخانی سۆڤیەت وبلۆکی سۆسیالیستیی وئایدیۆلۆژیای مارکسیزم، ئیدی تێکڕای جیهان بە سیستەمی سەرمایەداریی لیبراڵیی گەیشت، کە چیتر جیهان سیستەمێکی لەوە باشتر بەخۆوە نابینێ، ئەمەش کۆتایی مێژووە. [2] هەڵبەت، ئەو کتێبەی ناوبراو، لە چرکەساتی داڕمانی دیواری بەرلین وسۆڤیەت وکۆمۆنیزم نووسراوە.

بە بڕوای من، گەر سیستەمی سەرمایەداریی لیبراڵیی چەشەکراو بە ئایدیۆلۆژیای (لیبراڵ دیمۆکراسی)، تاکە سیستەمی ئەم سەردەمەی جیهانگیریشبێ، مەرج نییە مێژوو بە کۆتا گەیشتبێ. واتە، گەر گوتاری کۆتایی مێژوو، مەبەستی لە کەموکوڕیی مارکسیزمبێ، ئەوا منیش مەبەستم لە کەموکوڕیی لیبراڵ دیمۆکراسی وسیستەمی سەرمایەداریی لیبراڵە. ئەمەش بە پشتبەستن بە (هابرماس) کە دەڵێ: "شارستانییەتی خۆرئاوا دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکی ئازادیخوازی مرۆڤانەی قەشەنگ، لەگەڵ سیمایەکی پاوانخوازیی، کە خواستی هەژموونگەریی وخۆسەپاندنی هەیە. [3] بیریشمان نەچێ، کاتێك گەلی کورد وگەلی کەتەلۆنیا، خوازیاربوون ماف وبوونی خۆیان ڕابگەیەنن، هێندەی نەما قیامەت هەستێ، بەتایبەت لە ناوجەرگەی لیبراڵیزمەکانەوە. دیارە، بە ناوی پێشێلکردنی دەستوورەوە، پارێزەرانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ وداهێنەرانی لیبراڵ دیمۆکراسی، بەهەموو شێوەیەك دژیان وەستانەوە، واتە هەمووکات یاسا لە مافی گەلان گرنگترە. ئەمەش قسەکەی (هیگڵ)مان وەبیردێنێتەوە، کاتێك وتبوی: "مرۆڤەکان خۆیان یاساکان دادەڕێژن، بەڵام دواتر یاساکان دەبنە کۆت وبەند بۆیان." [4] وەلێ، پشتڕاستکردنەوەی وتەکەی (ڕۆسۆ)شە لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، کە وتبووی: "مرۆڤ بە ئازادی لەدایك دەبێت، کەچی دەبینین لە هەموو جێیەکدا زنجیر کراوە." [5] ئەم دوو گەلەش باشترین نموونەن.

---

[1] أسامة أمين الخولي: العرب و العولمة، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية– بيروت، لبنان، ابريل/ نيسان، ٢٠٠٠، ص ٢٣– ٢٤

[2] فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو ودوایین مرۆڤ، و: ئیسماعیل کوردە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣

[3] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠١٢، ل ٢٤

[4] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٣

[5] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر– بيروت، لبنان، ١٩٩٤، ص ١٣٩

هەر بە بڕوای (فۆكۆیاما)، "هیچ دیمۆكراتییەك بەبێ بوونی دیمۆكراتخوازان بوونی نییە،" ئەو ڕووداوانەش سەلماندیان كە دەسەلآتی لیبراڵ ودیمۆكراتخواز، بێجگەلە تراویلكەیەك هیچیدی نییە، هەربۆیە دیمۆكراسییش تەنها چاوبەستێكە لە میللەتان. بیرمان نەچێ، فەیلەسوفی فەرەنسی چەپڕەو، (ئالان بادیۆ)ش، دەیگوت: "دیمۆكراسیەت، درۆیەكە لیبراڵیزم دایهێناوە بۆ چەواشەكردنی میللەت." ئەوجا، گەر لیبراڵیزم لە منداڵدانی كەپیتاڵیزم هاتبێتە دنیاوە، هەڵبەت وەچەكانی ئیمپریالیزم وگلۆباڵیزم ومۆنۆپۆڵیزمن، دیمۆكراسیش تەنها منداڵێكی زۆڵی تەبەنیكراوە.

وا ڕاهاتوین، كاتێك باس لە دەوڵەتانی دیمۆكراتخواز بكرێت، ڕاستەوخۆ لە زەینی خۆماندا ئەمریكا وبەریتانیا بە پێشەنگ بزانین، بەلآم ڕاستییەكان پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن. بیرمەندی ئەمریكی بەڕەگەز جوو (نوام چۆمسكی)، لە كتێبی (دەوڵەتانی تەڵەكەباز)دا، باس لە ڕاپۆرتی لیژنەیەكی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا دەكات، دەربارەی كیمیابارانی هەڵەبجە لە (١٩٨٨ز)دا، كە ڕژێمی بەعسیان تاوانبار كردووە، بەلآم لەبەرانبەردا ئیدارەی (ڕیگن)ی كۆماریخوازی لیبراڵ، دژی ئەو هەڵوێستەیان دەوەستێتەوە وفشاریان دەخاتە سەر بۆ داخستنی ئەو كەیسە، لەبری ئەوە بڕێك یارمەتی وقەرزیش بە (سەدام) دەدات. هەروەها، باسی حكومەتی بەریتانیای باوكی دیمۆكراسییەت دەكات، كە لە (١٩١٩ز)دا، كاتێك (چەرچڵ) وەزیری دەرەوە دەبێ، ڕاشكاوانە وبێ سڵەمینەوە باس لە پێویستبوونی بەكارهێنانی گازی ژەهراوی لە دژی خێڵە كورد وئەفغانەكان دەكات.[١] ئەوەی مەبەستمە لێرەدا بیدركێنم، ئەوەیە كە هیچ كەس لاری لە باشیی هزرگەلی هیومانیزم ومرۆڤدۆست نییە، بەلآم كاركەرانی كێن؟ هێشتا مەرەكەبی پێنووسەكەی (فۆكۆیاما) لەسەر تیانووسەكەی وشك نەبوبوو، كاتێك سەلەفیزمی ئیسلامیی لە جەزائیر سەریهەڵدا، كە لە ئێستاشدا ئەم ڕەوتە هەڕەشەیە بۆ سەر جیهان، ئایا دەشێت بڵێین كۆتایی مێژوو بە ئیسلامگەرایی وسەلەفیزم هاتووە؟ نەخێر، لەبەرئەوەی نە شەرعییەتیان هەیە نە پاشخانی فەلسەفیی وجەماوەریی تەواو، واتە فیكرێكی دژ بە مرۆڤایەتیی لە سەردەمێكی ڕووەو مرۆڤایەتیی، كە مەحاڵە جیهان بگۆڕێ.

لە سەردەمی جیهانگیریدا، سەروەختێكبوو مەسیحییەت بە سیمای نوێ وچڵێك زەیتوونەوە، هاوسێی ماڵی ئاوەزباوەڕیی بوو. واتە، ماوەیەك پێشتر، مەسیحییەت هاموشۆی كۆمەڵگای دەكرد، هەم وەك ئاشتەنگێكی ڕۆحیی، هەم لەبەرانبەر سەرهەڵدانی فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامیی. وەلێ، گەرچی ئەوروپا دواجار توانی لەگەڵ ئایندا ئاشتەوایی بەرپا بكات، بەلآم جیهانی ئیسلامیی تا هەنووكە نەك نەیتوانیوە بەڵكو ناشرینترین ودزێوترین سیمای دەمارگیری ئایینیشی خستووەتە ڕوو كە ئوسوڵییەتە. ئەوروپا، كاتێك گەیشتە قۆناغی پۆست مۆدێرنیزم، ئیدی لەگەڵ ئاییندا ئاشت بووەوە، لەبەرئەوەی

---

[١] نعوم تشومسكي: الدول المارقة/ استخدام القوة في الشؤون العالمية، ت: أسامة إسبر، الطبعة الاولى، الناشر مكتبة العبيكان- الرياض، ٢٠٠٤، ص ٦٣- ٦٥

پێشتر هەستی بە قەیرانێکی گەورەی ڕۆحیی یاخود مەعنەویی دەکرد، [1] ئەمەش پاش ئەوەی پوختەکرا وچڵ وچێوی سەدەکانی ناوەڕاستی هەڵپاچرا. چکاوەی مەبەست، ئەوەیە کە لە سەردەمی جیهانگیریدا، دووبارە ئایین تێکەڵ بە کۆمەڵگای مرۆیی بووەوە، لەلایەک میانڕەو، لەلایەك توندڕەو، بەڵام هەردووکیان دوو ڕووی یەك مێژوون.

لە سەردەمی نوێدا، (مارکس) توانی ئەوروپا لە فەلسەفەی ڕۆحانیی ئایدیالیستیی ڕزگار بکات، کە بە بڕوای ئەو فەلسەفەیە، مرۆڤ لە سەرووی هەموو مەرجێکی ئابووریی ومادییەوەیە وبەختەوەرییەکی وەهمیی بۆ دروستکردبوو، تەنانەت هانی دەدا کە بە چارەنووسی خۆی ڕازیبێ وگلەیی نەکات. بەم جۆرە، ئایین بوو بە ئەفیوونی گەلان، [2] وەك (مارکس) خۆی دەیگوت. واتە، ناوبراو لە ڕێی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەسەر کەلەپووری ئایین، توانی هەقیقەتی مەسیحییەت تا ئەو ڕۆژگارە بخاتە ڕوو، کە چ زەبرێکی کوشندەی لە کۆمەڵگای ئەوروپی داوە، ئەمە بێجگەلەوەی پێشتر ولەسەر دەستی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەریی، سەرەتای میتۆدی ڕەخنەیی بەسەر کەلەپووردا خرابووە ڕوو. بەڵام، وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، لە جیهانی ئیسلامیدا، تا ئێستاش ئەو کارە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. کاتێك شۆڕشی فەرەنسیی (١٧٨٩ز)، بووە ڕێخۆشکەر بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم ودەوڵەتی نەتەوەیی لە کیشوەری ئەوروپا وبە جیهاندا بڵاوبووەوە، [3] زۆربەی دەسەڵاتە ناسیۆنالیست ومارکسیستە عەرەبەکان، ویستیان فۆتۆکۆپی ئەو مۆدێلە بهێننە وڵاتانی خۆیانەوە وکردیشیان، [4] هەرچەندە دواجار سەرکەوتوو نەبوون.

بەڵام، ئەمە بازدان بوو بەسەر ئیسلامدا، لەبەرئەوەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان نەك خوازیاری ئەو داکەوت ومۆدێلە نەبوون، بگرە بە مۆدێلی کافران ودوور لە داب ونەریتی خۆشیان دەزانی، کە دەسەڵات سەپاندبووی. هەربۆیە، لەگەڵ کاڵبوونەوەی دەسەڵات وخاوبوونەوەی هێز، ڕاستەوخۆ کەلەپووری ئیسلامیی بە دەسەڵات وهێزەوە گەڕایەوە، سەلەفییەتیش ڕوویەکی ئەو ئایینەیە، بەمەش ئیسلامی کلاسیکیی گۆڕدرا بۆ ئیسلامی سیاسیی. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین، هەرکاتێك بارودۆخی ناجێگیری کۆمەڵایەتیی وهەلومەرجی نائارامی سیاسیی لەئارادابوو، ڕێبازی سۆفیگەریی ودەروێشیی تەشەنە دەستێنێ. [5] کەواتە، کاتێك کێشە وقەیرانی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی لە کۆمەڵگایەکدا

---

[1] هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤

[2] کەوانە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی سیاسیی گشتیی مانگانەیە، ژمارە (٢٦)، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، کانوونی یەکەم ٢٠١٣، ل ١٢٨

[3] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاریی، تیۆریی، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣

[4] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١

[5] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦

سەریهەڵدا، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕێبازی سۆفیگەریی ودەروێشیی یان باشتر وایە بڵێین فەندەمێنتاڵیزم سەرهەڵدەدات وبەپێچەوانەشەوە. گەورەترین هەڵەیەك كە دەسەڵاتدارانی ئەوسای تێكەوتبوو، ئەوەیە كە گرنگییان بە شۆڕشی فیكریی (ڕۆشنبیریی) ومێژووی بەراوردكاریی وڕیفۆرمی ئایینیی ومیتۆدی ڕەخنەیی نەدەدا، بەڵكو لە هەوڵی كپكردن وسەركوتكردنی ئاییندا بوون. بەمەش، داكەوت هەروەك خۆی مایەوە. ئەوان، نەیانتوانی هیچ یەكسانییەكی سیاسی لە نێوان هاوڵاتییاندا دروست بكەن، نەشیان توانی وەها سەیری ئایین ودەوڵەت بكەن، كە یەكەمیان هی خودایە ودووەمیان هی هەموان. [١]

هەڵبەت، لە ئێستاشدا هەمان هەڵە تووشی شۆڕشەكانی بەهاری عەرەبی بووەتەوە، هەربۆیە دەرەنجامێكی ئەوتۆیان نەبوو. لەمبارەیەوە، بیرمەندی عەرەب (جۆرج تەرابیشی) دەڵێ: "هەڵەی شۆڕشی هاوچەرخی عەرەبیی، لەوەدایە كە نوێخواز بوو، بەڵام ڕۆشنگەر نەبوو." [٢] واتە، **شۆڕشە سیاسییەكان، هەردەم پێش شۆڕشی فیكریی خراون.** [٣] **بە مانایەكیتر، لە جیهانی عەرەبیدا، هێشتا شۆڕشی ڕۆشنبیریی نەبووە بە كەلتوور، بۆیە جیاوازی جیهانی ئیسلامیی ومەسیحیی چەند سەدەیەكە.** هەڵبەت، بیرمەندی عەرەب (هاشم ساڵح)، ئەم واقیعەی چاك پێكاوە كاتێك دەڵێ: **"بەهەڵەداچووین، گەر وابزانین ئێمە هاوسەردەمی (سارتەر وبێرتراند ڕاسڵ ومیشێل فۆكۆ ویۆرگن هابرماس)ین، یان وابزانین هاوسەردەمی فەیلەسووفانی پاش تازەگەریین، لە ڕاستیدا، ئێمە هاوسەردەمی تەنانەت (دێكارت)یش نین.** ئێمە، دەمانەوێت بە زۆر خۆمان بخەینە پێگەیەكەوە كە هی ئێمە نییە، دواجاریش بە زانینی ڕاستییەكە، تووشی نائومێدی وتێكشكان دەبین. ئێمە، دەمانەوێ هاوسەردەمی فەیلەسووفە هاوچەرخەكانیان بین، لە كاتێكدا ناگەین بە پێشینی پێشینانیان، كە پێش دوو سێ سەدە كۆچی دواییان كردووە. لەبەرئەوە، تا كەی گاڵتە بە خۆمان بكەین وخۆمان بكەینە گاڵتەجاڕ؟" [٤]

پاش ئەو ڕاستییانەی وترا، گەر بنواڕینە مێژووی فەلسەفە وئایین، دەبینین پێبەپێی یەك تووشی چەندین نشوستی وبەرخودان وهەستانەوە هاتوون، لەبەرئەوەی هەردووكیان هەڵگری بیرۆكەی ڕەهان. [٥] بەڵام، ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، ئەوەیە كە: چ فەلسەفە چ ئایین، دیالێكتیكانە ولەڕێی هۆشیاربوونەوە،

---

[١] هاشم ساڵح: فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەكان وبزوتنەوە ئوسوڵییە توندڕەوەكان، و: هێمن مەحمود، سەنتەری ڕوناكبیری ئێلبەگی جاف- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٠

[٢] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێكشیتاڵكردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦

[٣] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمكی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٣٦

[٤] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ٢٣٨

[٥] هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢

ڕێگوزەری دەربازبوون لە خەوش ودۆگمایی وڕەهاییان گرتووەتەبەر. واتە، لە سەرەتای مرۆڤایەتییدا گەرچی ئایین وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتیی پێویست دەركەوتبوو، بەڵام هێندەی نەبرد چەشەكرا بە كۆنزەرڤاتیزم وفەندەمێنتاڵیزم وبیروباوەڕی دۆگما وڕەها، كە دواتر بووە مایەی تەرێز وپەراوێزخستن وئافەرۆزكردنی. بەڵام، بە تێپەڕبوونی كات وسەردەم ولەبەر ڕۆشنایی ئاوەز وڕیفۆرم، وەك پێویستییەكی ڕۆحیی مرۆڤ، دوور لە توندوتیژیی، جارێكیتر گەڕایەوە كۆمەڵگای مەسیحیی خۆرئاوا.

بێگومان، هیگڵ وتەنی: "هەموو فیكرێكی فەلسەفییش، ئاگامەندی سەردەم وچاخی خۆیەتی." [١] واتە، هەموو فەلسەفەیەك بەهۆكاری كۆمەڵایەتیی ئابووریی سیاسیی كەلتووریی فەرهەنگیی و...هتد، لە سەردەمانێكی جیاجیادا فەراهەم دەبیّ. بەڵام، قۆناغ بە قۆناغ، لە لاهووتبوون ڕاسیزمبوون ناسیۆنالیزمبوون سۆسیالیزمبوونەوە بەرەو فۆرمەلەبوون پوختەبوون ڕێژەییبوون دیمۆكراسیبوون هیومانیزمبوون و...هتد دەچێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنیّ، هیچ فەلسەفەیەك لەناوناچیّ، ودوا فەلسەفەش ئەنجامی هەموو فەلسەفەكانی پێشووترە. [٢] ئەمە بێجگەلەوەی، فەلسەفە وئایین كار لەسەر یەكتر دەكەن ودەرەنجامێكی هاوبەشیان دەبێت. بەمانای، شیاوە لە سەدەكانی ناڤیندا، فەلسەفەی لاهووت ئاوێزانی فەندەمێنتاڵیزم بووبێت، بەڵام لە سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم وجیهانگیرییدا، مەسیحییەت، پەنجە لەگەڵ فەلسەفەی پلورالیزم ولێكبوردەیی وپێكەوەژیانی ئاشتی وبرایانە، نەرم دەكات. هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو، كە (هابرماس) توانی بە كراوەیی گفتوگۆ لەگەڵ یاریدەدەری پاپای ڤاتیكان بكات، بیّ هیچ سانسۆرێك. لە كاتێكدا، پێنج سەدە لەمەوبەر، (مارتن لوتەر) وێڕای ئەوەی نەیدەتوانی ڕاشكاوانە گفتوگۆ لەگەڵ پاپادا بكات، كۆشك وژیانی شاهانە ولوتبەرزی پاپاش بێزاری كردبوو، بۆیە دواتر ڕیفۆرمی دژی ڕاگەیاند. [٣]

كاتێك وتمان، ئایین وفەلسەفە كار لەسەر یەكتر دەكەن، دەتوانین بەو ڕاستییە بیچوێنین كە: "فەلسەفە لەكاتێكدا دەردەكەوێت كە داڕمان ڕوویدابیّ." [٤] واتە، گەر قەیران وداڕمانی ڕۆح ڕووی لە كۆمەڵگای مەسیحیی سەدەكانی ناوەڕاست نەكردبا، ڕۆحیش لە بێزاریی خۆی ڕووی لە مەیدانی فیكر وفەلسەفە نەدەكرد، وهەرگیز فەلسەفەش بەرەو ئازادی وپوختەبوون نەدەچوو. دیارە، ئەمەش كاركردێكی پێویست بووە بۆ ئەو كۆمەڵگایە، تا بەهۆیەوە هێدی هێدی لەدەست قەیران قوتاری ببیّ. هەربۆیە، دەربارەی ئەم حاڵەتە، (هیگڵ) وتبووی: "**فەلسەفە وەك كوندەپەپووی منێرڤا وایە، نافڕێت تاوەكو تاریكی**

---

[١] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢٧

[٢] كۆمەڵیّ نووسەر: فەلسەفەی هیگڵ، و: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١١٧

[٣] سليمان مظهر: قصة الديانات، مصدر سابق، ص ٤٤٧

[٤] پۆڵ ستراتێرن: ئاشنابوون بە هیگڵ، و: كۆمەڵێك نووسەر، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا بۆ فیكر ولێكۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر– سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٣١١

دانەیەت." [1] بێمکووڕیکردن، هەموو ئەم باس وخواسەش، لە ململانێی (ئەقڵ وئیمان)دا خەت وخاڵ دەدات. [2] هەڵبەت، سەرباری چەوتبینیی وبەلاڕێداچوون، دواجار براوە هەر ئەقڵ بووە، ئەمە نەك لە سەدەکانی ناوەڕاست، بگرە پێشتریش لای یۆنانییەکان هەر ڕاستییەکی نکووڵیلێنەکراو بووە. هەربۆیە، سەرەتا (ئەنەکسەگۆراس) ئەو ڕاستییەی درکاندبوو کە: "هۆش، خاوەنی جیهانە وهەر ئەویش جیهان بەڕێوەدەبا." [3] دواجاریش، (هیگڵ) کڵۆمی ئەو ڕاستییەیکرد کە: ئاوەز بەسەر جیهاندا زاڵە." [4]

**٢- مێژووی سیاسەت:**

لە ڕاستیدا، سیاسەت، زانستی دیراسەکردنی دەوڵەت ودەسەڵات ودامەزراوەکانییەتی، سەرباری پەیوەندییان لەگەڵ یەك ولەگەڵ کۆمەڵگا یان لەگەڵ هێزە سیاسییە دەرەکییەکان. دیارە، سیاسەت، هونەری بەڕێوەبردنی دەوڵەت ودەساودەسکردنی دەسەڵاتە، ژ بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵگا، وچارەسەرکردنی ناکۆکییەکان وبەجێگەیاندنی گونجاندن وڕێککەتن لە نێوان فەرمانبەدەست وفەرمانلەسەران، ئەویش بەپێی بنەمای مافەکان وئەرکەکان. ئەمە، وێڕای جێبەجێکردنی بەرژەوەندی دەوڵەت، لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان. [5]

لە فەرهەنگەکاندا، وشەی سیاسەت، هاوواتای وشەی (politique)ی فەرەنسییە، کە لە وشەی (politicus)ی لاتینیی و وشەی (politikos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە ئەویش سەرچاوەکەی وشەی (polis)ی یۆنانییە بەمانای (شار). لەو سەردەمەدا، وشەی (politikos)، بەمانای "هونەر وکردەوەی حکومەت" دەهات، کە لە دەوڵەتشاری یۆناندا کەڵکی لێوەردەگیرا. شایەنی باسە، مافە سیاسییەکان، بە مافی بەشداری هاوولاّتیانی دەوڵەتشارەکانی یۆنان لە کاروباری حکومەتدا، ڕاڤەدەکران. دیارە، سیاسەت لە واتا تایبەتییەکەیدا، بەو هەولاّنە دەگوترێ کە حکومەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ولاّت ودیاریکردنی شێوە وناوەڕۆکی تێکۆشانی خۆیان دەیگرنەبەر. [6] وەلێ، سیاسەت لە واتا گشتییەکەشیدا، بەمانای کاری بڕیاردان یان جێبەجێکردنی بڕیار بەسەر هەموو کۆمەڵگادا دێت. کەواتە، لە سیاسەتدا،

---

[1] ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل: هیگڵ فەلسەفە ومۆدێرنیزم، چاپی دووەم، لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی وئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٦٠

[2] صموئيل طلعت أرمانيوس: العلم اللامعقول، الطبعة الاولى، من منشورات كنيسة الشهيد العظيم مارجرجس- سبورتنج، دار الراعى الصالح للطباعة والتوريدات- الاسكندرية، يناير ٢٠١٥، ص ١٣٩

[3] د. محەمەد کەمال: کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦

٤ پۆڵ ستراتێرن: ئاشنابوون بە هیگڵ، و: کۆمەڵێك نووسەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨

[5] أحمد زكي بدوي: معجم المصطلحات السياسية والدولية، الطبعة الاولى، دار الكتاب المصري- القاهرة، ١٩٨٩، ص ١٣٣

[6] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی ڕابردوو، ل ٣٩٩

کار، هۆکار وبابەتکار لەئارادایە. [1] دیارە، (ماکس ڤێیبەر)یش لەم ڕوانگەیەوە، پرەنسیپی هێزی بە بنچینەی سیاسەت وسیستمی سیاسیی داناوە. [2] هەربۆیە، دەگوترێ سیاسەت بە پیادەکردنی هێز یان دەسەلأت وەسف دەکرێت، یان وەك پرۆسەیەکی بڕیاری بەکۆمەڵ، وەك تەرخانکردنی سەرچاوەی نایاب، وەك هونەر وناوەندێکی فریودان یان قۆرخکردن و...هتد، وەسف دەکرێت. [3] کەواتە، سیاسەت، بێجگەلە مانای دەربڕینی ڕاوبۆچوونی جیاواز، "هونەری شیان وتوانایی"شە، یان جۆرێکی ئەوتۆیە لە چالاکی مرۆڤەکان کە ملکەچی هیچ مەرج وهاندەرێکی گیانیی، یاخود خاوەن سیمایەکی ئەدەبیی نییە، [4] وەکی (ماکیاڤێللی) دەڵێ. یاخود، "سیاسەت زانستێك نییە، بەڵکو هونەرێکە،" وەك (بیسمارك) دەڵێ. [5] ئەمە بێجگەلەوەی، (ڤێیبەر) لە کتێبی (پیاوی زانست وسیاسەت)دا، ئاماژە بەوەش دەدات، سیاسەت ئەو هەوڵأنەیە کە دەدرێت لەپێناو بەشداریکردن لە حوکمڕانییدا، یان بۆ کاریگەریی دروستکردن لەسەر کرداری دابەشکردنی دەسەلأت، لە نێوان دەوڵەتان یان لە نێوخۆی دەوڵەتێکدا. [6]

بەلأم، ئەگەر لای (ڤێیبەر)، بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەن دەوڵەتەوە مەشروعییەتی هەبێ، ئەوا لای کاریزمایەکی وەك (گاندی) هەرگیز ڕێپێدراو نییە، چونکە توندوتیژی ڕەفتارێکی ئاژەڵییە وهیچ مەشروعییەتێکی نییە. [7] هەربۆیە دەوترێ، بەبێ تێگەیشتن لە چەمکی مرۆڤ، ناتوانین لە چەمکی سیاسەت تێبگەین. [8] لەبەرئەوەی، (ئەریستۆ) وتەنی: "مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسییە،" [9] واتە تەنها مرۆڤە مرۆڤە کە لە بواری سیاسەتدا کاردەکات، وسیاسەتیشی لەم پێناوەدا ئەفراندووە. وێڕای ئەوەش، دەگوترێ: "مانای سیاسەت، ئازادییە." [10] بەواتای، سیاسەت وەك ئامرازێك لەپێناو ئازادی مرۆڤەکاندا دروستبووە. وەلێ، لەبەرئەوەی ئازادیش تایبەتە بە مرۆڤەکان، کەواتە دەتوانین بڵێین سیاسەت پەیوەستە

---

[1] حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٣٧

[2] ریتا فرج: الفرد والدين والدولة بحسب ماكس فيبر، آداب وفنون، موقع الاخبار، ٢١/ حزيران/ ٢٠١٣، al-akhbar.com

[3] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵأوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٩٤

[4] نیکۆلۆ مەکیاڤیللی: میر، و: حوسێن عارف، چاپی دووەم، لە بڵأوکراوەکانی سەنتەری ڕووناکبیریی هەتاو، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب– هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٤٥

[5] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥

[6] محسن المحمدي: السياسة بين ماكس فيبر وغاندي، ثقافة، موقع الشرق الاوسط، ٢٠/ يوليو/ ٢٠١٥، aawsat.com

[7] محسن المحمدي: السياسة بين ماكس فيبر وغاندي، فكر وفلسفة، موقع كوّة، ٢٠/ أبريل/ ٢٠١٧، couua.com

[8] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ژمارە (١)، ئەندێشە بۆ چاپ وبڵأوکردنەوەی کتێب دەریدەکات، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٩

[9] د. غانم محەمەد سالح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤

[10] حنة أرندت: ما السياسة؟ ت: د. زهير الخويلدي، أ. سلمى بالحاج مبروك، الطبعة الاولى، منشورات الاختلاف– الجزائر، منشورات ضفاف– بيروت، دار الامان– الرباط، ٢٠١٤، ص ٢٥

بە مرۆڤە ئازادەکانەوە. بەڵام، (هانا ئارێنت)، سەرباری داکۆکیکردنی لە ئازادیی ومرۆڤ ومرۆڤایەتیی، سەرلەبەری ئەم هاوکێشە لۆژیکییەی سیاسەت ڕەتدەکاتەوە، کاتێك دەڵێ: "ئێمەی مرۆڤ، بوونەوەرێکین لە ڕێگای سیاسەتەوە پەیوەندییەکانمان ڕێکدەخرێت وهەر لە ڕێگای سیاسەتیشەوە وێراندەکرێت." [1] دواتریش دەڵێ: "کاتێك ئازادی دەستپێدەکات، سیاسەتیش کۆتایی پێدێت." [2] واتە، ئازادی وسیاسەت، وسیاسەت، دوالیزمێکی دژیەکن، یان دوو ڕووی پێچەوانەی یەك دراون. هەربۆیە، لە کۆتاییدا ناچاردەبین بڵێین، سیاسەت ماناگەلێکی ئاڵۆز ونەبڕاوەی هەیە.

بەبڕوای فەیلەسووفان وبیرمەندانی بواری سیاسەت، زۆربەی کات (فەلسەفەی سیاسی) هاوواتای (ئایدیۆلۆژیا)یە، بێگومان لە بەرانبەردا کەسانێکیش بە (زانستی سیاسی) تێدەگەن. بەڵام لەڕاستیدا، فەلسەفەی سیاسیی وزانستی سیاسیی جیاوازن، وجیاوازی نێوانیشیان دەرەنجامی جیاوازی بنچینەیی نێوان فەلسەفە وزانستە. دیارە، ئەم جیاوازییە بنچینەییەش تا ڕادەیەك نوێیە، لەبەرئەوەی وەها باوبوو کە فەلسەفە وزانست جودانین، بەڵکو زانستی سروشتیی بەشێکبووە لە بەشە هەرە گرنگەکانی فەلسەفە. لە ڕاستییدا، زانستی سیاسیی لە گرنگترینی زانستە مرۆییەکانە، کە بەشێوەیەکی گشتی گرنگیی بە داکەوتی مرۆڤ وپەیوەندییەکانی بە زانستی سیاسەت وفیکری سیاسییەوە دەدات. [3] هەڵبەت، شۆڕشی ئاوەزمەندانەی مەزن لە سەدەی حەڤدەدا، کە زانستێکی سروشتیی نوێی خستەڕوو، شۆڕشێکبوو بۆ فەلسەفەیەکی نوێ یان زانستێکی نوێ، لە بەرانبەر فەلسەفەیەکی ترادسیۆن یان زانستێکی تەقلیدیی، بەتایبەت لە بەرانبەر فەلسەفەی (ئەریستۆ)دا. بەڵام، فەلسەفەی نوێ یان زانستی نوێ، توانیان وردە وردە سەرکەوتن بەدەستبهێنن. وەلێ، زانستی سروشتیی نوێ، بەهۆی پێشکەوتن وسەرکەوتنەکانییەوە توانی خۆی لە فەلسەفە جیابکاتەوە. بەم شێوەیە، جودایی نێوان فەلسەفە وزانست بەگشتی پەسەند بوو، وەك چۆن جیاوازی نێوان فەلسەفەی سیاسیی وزانستی سیاسییش، بەگشتی پەسەندبوو. [4]

کەواتە، جیاوازییەکی گەورە لەنێوان زانستی سیاسیی وفەلسەفەی سیاسییدا هەیە. لەبەرئەوەی، زانستی سیاسیی زانستێکی وەسفیی شیکارییە، و(شرۆڤەکاری سیاسیی)ش لە ڕوانگەی جۆرەکانی حکومەت ودەسەڵاتە جیاوازەکانی دەوڵەت وپەیوەندیان بەیەکەوە، هەڵدەستێ بە وەسفکردنی سیستمە سیاسییە جیاوازەکان وشیکردنەوەی جیاوازی نێوانیان، لەوەی ئەمە سیستمێکی سیاسی سەرۆکایەتیی

---

[1] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ژمارە (١)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩

[2] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم– سلێمانی، ٢٠١٥، ل ١٨

[3] أ. م. د. عادل ياسر ناصر: مبادىء علم السياسة، مصدر سابق، ص ١

[4] ليو شتراوس، جوزيف كروبسي: تأريخ الفلسفة السياسية، ت: محمود سيد أحمد، الجزء الاول، المجلس الاعلى للثقافة– للثقافة– القاهرة، ٢٠٠٥، ص ١٩

وئەمەش سیستمێکی پەرلەمانیی وئەویتریان تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان، وئەم سیستمە بۆ ئەم وڵاتە شیاوە وئەم سیستمەش بۆ ئەو وڵاتە ناشێ و...هتد. کەواتە، لێرەدا وەزیفەی شرۆڤەکاری سیاسیی، بەراوردکاریی وشیتاڵکاریی وباسوخواسی ئەم سیستمە سیاسییانەیە، بۆ گەیشتن بە باشترین شێوازیان لەپێناو سەرخستنی گوزەران وژیانی مرۆڤەکاندا. بەڵام، (فەیلەسووفی سیاسیی)، سەرلەبەری ئەم وەسف وشیکاریی وراڤەکاریی وئەزموونگەرییە تێدەپەڕێنێت، و وێنەی سیستمێکی گونجاوی پێویست بۆ ئەو دەوڵەتە دەخاتەڕوو. ئەو، لە هەوڵی دانانی نموونەیەکە بۆ دەوڵەت وسیستمە سیاسییەکەی، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی لە واقیعدا دەگوزەرێ. بەم پێیە، جیاوازی زانستی سیاسیی لە فەلسەفەی سیاسیی، مانای جیاوازی زانست لە فەلسەفە بە گشتی، بەوەی (زانست) دیراسەیەکی وەسفیی ئەزموونگەرییە، لە کاتێکدا (فەلسەفە) دیراسەیەکی پێوەرییە. هەڵبەت، زانست دیراسەی ئەوە دەکات کە بوونی هەیە، بەڵام فەلسەفە وێنای ئەوە دەکات کە پێویستە هەبێ، زانست دیراسەی بەشەکیی دەکات، فەلسەفەش دیراسەی هەمەکیی. دواجار، دەرەنجامی زانست، وردیی وڕێکوپێکیی لەخۆدەگرێ، وێڕای پێوەرگەلێك بۆ پێوانە ودڵنیابوون لە دروستی کارەکە، لە کاتێکدا فەیلەسووف خاوەنی هیچ پێوەر ودەرەنجامێکی وەها نییە، بێجگەلە بەڵگە ئەقڵییەکان. [1]

شایانی باسە، فەلسەفەی سیاسیی، ئەو سیاسەتەیە کە بیری لێدەکەینەوە. بەمانای ئەوەی، سیاسەت بگۆڕین بۆ چەمك وتێگەیشتنی فەلسەفیی. بەمجۆرە، فەیلەسووفی سیاسیی، بە خستنەڕووی چەمکی ڕاستەقینەی سیاسەت، دەتوانێ دەستی بە هەقیقەتی سیاسەت بگات. چونکە، فەلسەفەی سیاسیی، جگەلە سیاسەتی فەلسەفیی شتێکی دیکە نییە. [2] گەر وابێ، فەلسەفەی سیاسیی، بریتییە لە توێژینەوەی مژارگەلێکی وەك: ئازادیی، سامان، داد، ماف، یاسا وجێبەجێبوونی یاسا لەلایەن دەسەڵاتەوە. ئەمە بێجگەلەوەی، فەلسەفەی سیاسیی، بە واتای گێڕانەوەی مێژووی بیرە سیاسییەکان نییە، بەڵکو بە واتای بیرکردنەوە لە سیاسەت بەشێوەیەکی فەلسەفییە. دیارە، فەلسەفەی سیاسیی، زۆر ناچێتە ناخی حکومەتێکی تایبەت وخۆی لە شێوازەکانی فەرمانڕەواییش نادات. [3] سیاسەت، لە فراوانترین مانای بەربڵاویدا بریتییە لە زانستی هێز وڕێکخستنی لە کۆمەڵگاکاندا، بەڵام فەلسەفە ڕێکخستنێکی بەردەوامە لەبۆ کرداری هۆشیاربوون، ودۆزینەوەی پرەنسیپە ڕێکخراوەکان بۆ جێبەجێکردنی کردارەکیی. ئەوجا، لەبەرئەوەی دەوڵەت ئەو تاکە ئامڕازەیە کە دەکرێت ئەم گونجاندنەی

---

[1] د. مصطفى حسن النشار: مدخل الى الفلسفة السياسية والاجتماعية، النبذة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ٢٠١٣، www.massira.jo

[2] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی یاد- سلێمانی، پاییزی/ ٢٠٠٧، ل ٢١٢

[3] فەلسەفەی سیاسی: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ١٢/ ئاب/ ٢٠١٤، ckb.wikipedia.org

نێوان هێز وئەقڵی تێدا جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەشێت دەوڵەت سەرکەوتووبێ لە ملکەچپێکردنی هێز بۆ ئەقڵ، بەمەش تاج دەنرێتە سەر ئەقڵ. بەڵام، زۆربەی کات، دەوڵەت لەم کردارەدا سەرکەوتوونابێ. لە ڕاستیدا، (پلاتۆ)، یەکەم کەس بووە کە گرنگی بە توانای ئەم گونجاندنە داوە، بگرە یەکەم کەسیش بووە کە لە فەلسەفە سیاسییەکەیدا بانگەشەی بۆ ئەم ئامانجە کردووە. [1] ئەمە بێجگەلەوەی، وتەیەکی بەناوبانگیش هەیە، کە گوایە: "هەرچی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی هەیە، تەنیا پەراوێزنووسینە بۆ نووسینەکانی (پلاتۆ). [2]

بەڕای (پلاتۆ)، ئامانجی سیاسەت، بریتییە لە هێنانەدی عەدالەت لە دەوڵەتشاردا. هەر بە بڕوای ئەو، گەر ئامانجی ئەخلاق هێنانەدی عەدالەتبێ لە ناو دەروون وڕەفتارەکانی مرۆڤدا، ئەوا ئامانجی سیاسەتیش هێنانەدی عەدالەتە لە ناو کۆمەڵ ودەوڵەتدا. [3] دیارە، سەرجەم گفتوگۆکانی (پلاتۆ) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئاماژەدانە بە پرسی سیاسەت. بەڵام لەگەڵئەوەشدا، لەڕێی ناونیشانەکانییەوە، دەردەکەوێ کە تەنها سێ گفتوگۆ تایبەتە بە فەلسەفەی سیاسیی، ئەویش (کۆمار، سیاسەتمەدار، یاساکان)ە. [4] (پلاتۆ)، بە دیارترین قوتابی (سوکرات) دادەنرێ، کە بیرۆکەی بنەڕەتیی فەلسەفەکەیی لێوەرگرتووە. وەلێ، ئەو بیرۆکەیەی هەمیشە باڵی بەسەر فەلسەفە سیاسییەکەی (پلاتۆ)دا کێشاوە، بریتییە لە (فەزیلەت مەعریفەیە)، کە لە (سوکرات)ەوە وەریگرتبوو. دیارە، (پلاتۆ) وەکی مامۆستاکەی، بەرانبەر بە وتنەوەی وانەکانی فەلسەفە کرێی وەرنەگرتووە، کە پێیوابووە مەعریفە لەڕێگەی فێربوونەوە بەدەست نایەت، بەڵکو لە ڕێگەی ناخی دەروونەوە بۆ مرۆڤ ئاشکرادەبێ. [5] لە ڕاستیدا، (سوکرات)یش وایدەبینی کە (فەزیلەت مەعریفەیە)، واتە چاکەکاریی زانینە. بەمانای، ئەگەر مرۆڤ خۆی بناسێ وبزانێ چی سوودی پێدەگەیەنێ، ئەوا بەپێی ئەوە هەڵسوکەوت دەکات. دیارە، کاتێکیش خەڵکانێك شەڕەنگێزیی دەکەن، دەرەنجامی نەزانییانە بەرانبەر بە خودی خۆیان وئەوەشی سوودیان پێدەگەیەنێ. [6] لەمبارەیەوە، (بێرتراند راسڵ) دەڵێ: "پەیوەندی بەتینی نێوان مەعریفە وفەزیلە کە (سوکرات وپلاتۆ)ی پێدەناسرێتەوە، دیاردەیەکە تا ئەندازەیەك لە بیری یۆنانییەکاندا هەیە بە بەراورد لەگەڵ مەسیحییەتدا. ئەخلاقی مەسیحیی، دڵی بێگەرد دەکاتە بنەڕەتێکی جەوهەریی، وەلێ ئەم دڵە بێگەردەش کەمتر لە نەزاندا

[1] د. أميرة حلمى مطر: الفلسفة السياسية من أفلاطون الى ماركس، الطبعة الخامسة، دار المعارف– القاهرة، ١٩٩٥، ص ٣

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤

[3] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٨)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٠

[4] ليو شتراوس، جوزيف كروبسي: تأريخ الفلسفة السياسية، ت: محمود سيد أحمد، مصدر سابق، ص ٦٤

[5] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥

[6] سارة: فلسفة سقراط، في الفلسفة والعلوم الطبيعية، موقع ساقية، ٢٠١٨، www.saqya.com

هەیە هەتا زانا. دیارە، ئەم جیاوازییەی نێوان ئەخلاقی یۆنانیی وئەخلاقی مەسیحیی، تا ئەمڕۆش بەردەوامیی هەیە.[1]

هەژیی گۆتنە، (سوکرات)، تیۆرە فەلسەفییەکەی لەو وتەزایەوە دەستپێکردبوو کە دەڵێ: "خۆت بناسە،" لەبەرئەوەی خودناسین بالأترین چاکەیە. دیارە، خودناسین، مەعریفە وناسینێکی ڕاست ودروستە کە گومان ودوودڵیی تێدەپەڕێنێ. وەڵێ، مەبەست لە مەعریفەی خود، خێر وچاکەی ڕاستەقینە وبالأدەستە کە بەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤدا زاڵدەبێ.[2] لەڕاستیدا، خودناسین، دروشمی سەر دەرگای پەرستگای (دێلفی) بووە، کە (سوکرات) هەر لە سەرەتاوە کردوویەتی بە سەرمەشقی ڕێباز وتیۆرەکەی خۆی. ئەو، لەو بڕوایەدا بوو کە نەزانین یەکەم هەنگاوە بەرەو زانین، وپێویستە خۆمان بناسین ئینجا هەوڵ بدەین شتیتر بزانین.[3] لەم نێوکۆیەوە، (سوکرات) بڕوای وابوو کە فەزیلەی سیاسیی، بە شێوەیەکی گشتی هەڵگری هەموو فەزیلەتەکانیترە ولە کۆتاییشدا فەزیلەیەکی مەعریفییە. واتە، مەعریفەی چاکەیە، لەبەرئەوەی هەر کارێکی دادپەروەریی، کارێکی خانەدانیی وپیاوچاکیی وباشە. لێرەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە ناوبراو ئاکار وڕامیاری یەکخستووە، لەوەی دەرەنجامی هەر هەڵسوکەوتێکی تاکەکان، ئامانج لێی پارێزگاریکردنە لە یاسای دەوڵەت. ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، پابەستبوونی مۆراڵ بە سیاسەتەوە، دەرەنجامێکی سروشتیی گەشەسەندنی فیکری یۆنانیی بووە.[4]

لە لایەکیترەوە، ئەوەی پێویستە جەختی لەسەربکرێتەوە، ئەوەیە کە (پلاتۆ) ویستوویەتی بیرۆکە سیاسییەکانی خۆی لە (سیراکۆس) بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەخت یاوەری نەبووە. ئیدی، دوای ئەم هەوڵانەی ڕوویکردووەتە فەلسەفە، وەك پێشەکییەکی پێویست بۆ سیاسەت. بەڵام، لەبەرئەوەی ناوبراو، چیتر بڕوای بە دەسەڵاتی ستەمکارانەی ئەنجومەنی (٣٠) کەسیی ئەتینا وکاری سیاسیی ڕۆژانەی وڵاتەکەی نەمابوو، بۆیە خوازیاری ئەوە بوو ستەمکارێك حوکمڕانیی بگرێتەدەست، بەمەرجێك دانابێ وبڕوای بە فەلسەفە هەبێ. دیارە، ئەمانە هۆکار بوون، بۆئەوەی (پلاتۆ) فەلسەفە وەك دیفاکتۆیەکی سیاسەت لە فیکری سیاسییدا شەنوکەو بکات. هەڵبەت، خودی ناوبراو لە (کۆمار)دا، هەردەم جەختی لەسەرئەوەش کردووەتەوە، کە فەلسەفە پەناگەی ئەو کەسە بەهرەمەندانەیە کە تەرێزدەکەن یاخود ناتوانن یان نایانەوێ کاری سیاسیی بکەن. لە ڕاستیدا، سەرجەم کتێبەکانی (پلاتۆ)، تا ڕادەیەکی زۆر

[1] د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم والوسط، مصدر سابق، ص ٤٣

[2] د. عدنان ملحم، زهير عمران: تطور الفكر السياسي عند قدامى اليونانيين حتى افلاطون، بحث جامعي، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية– سورية، سلسلة الاداب والعلوم الانسانية، المجلد (٣٦)، العدد (٥)، ٢٠١٤، ص ١٦٣

[3] حەمید عەزیز: سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی سێیەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٣٣

[4] د. عدنان ملحم، زهير عمران: تطور الفكر السياسي عند قدامى اليونانيين حتى افلاطون، مصدر سابق، ص ١٦٤

چەشەکراون بە تێڕوانینە سیاسییەکان. بەڵام، ئەوەی بۆ ئێمە زۆر گرنگبێ، هەردوو شاکاری کۆمار ویاساکانە. پێدەچێت، کتێبی کۆمار، شکۆی بونیادە فەلسەفییەکەیبێ، کە هەوڵێکە لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی نموونەییدا. پاشان، کتێبی یاساکان، کە پەڕتووکێکی فرەڕوخسارە، وباس لە پێکهێنان وڕێکخستنی کۆمەڵگایەکی کۆلۆنیالیی لە دوورگەی کریت دەکات، کە یاسایەکی تێکەڵ لە یۆتۆپیا (طوباوية) وڕاستەقینەترین و واقیعیترین یاسا وبڕیاری تێدا پەیڕەودەکرێ.[1]

بەڵگەنامە مێژووییەکان، مکووڕن لەسەرئەوەی پێچەوانەی (پلاتۆ) و(ئەکزەینۆفۆن) کە بەشداریان لە ژیانی سیاسی ئەتینادا کردووە، (ئەریستۆ)ی قوتابی (پلاتۆ) دوورەپەرێز بووە لە بەشداری سیاسیی وتێکەڵبوونی تەنگوچەڵەمە سیاسییەکان. ناوبراو، ساڵی (٣٦٧) پ.ز، پەیوەندیکردووە بە ئەکادیمیاکەی (پلاتۆ) لە ئەتینا، وبۆماوەی بیست ساڵ قوتابی بەردەستی (پلاتۆ) بووە. ئەوەی جێی سەرنجیشە، ئەوەیە کە (ئەریستۆ) بە باوکی زانستی سیاسیی ویەکەمین مامۆستای دادەنرێت. ئەو، (واقعییەت) بەسەر هزریدا زاڵ بووە، وهەوڵی داوە میتۆدی توێژینەوەیی ومێژوویی لەبارەی سیاسەت وکۆمەڵەوە بەکاربهێنێت.[2] ناوبراو، بلیمەتێك بووە لە بلیمەتە هەرە گەورەکانی جیهان، ڕابەر وداهێنەری لۆژیك بووە، هەربۆیە بە مامۆستای یەکەم ناودەبرێ. (ئەریستۆ)، لە هەموو لق وبابەتەکانی زانیندا نووسین ولێکۆڵینەوەی لەپاش بەجێماوە، وەکی فەلسەفە، لۆژیك، سیاسەت، ئابووری، یاسا، ئاکار، بایۆلۆژی، سایکۆلۆژی، شیعر، مێژووی سروشتیی و...هتد.[3] بێگومان، ئەمانە هاندەربوون بۆئەوەی کەسێکە وەك (دانتێ) بڵێ: "ئەریستۆ تێلیس، پێشڕەوی گشت دانایانە."[4]

(ئەریستۆ)، وەك بیرمەندێکی سیاسیی دەستی بە لێکۆڵینەوە لە دەوڵەتشارەکانی یۆنان کردبوو. لە پەنای ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا، سەرنجی دابووە پەیوەندی نێوان دێمۆکراسی وسروشتی سیاسیی ئینسانەکان. بەڕای (ئەریستۆ)، مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە کە لەنێو دەوڵەتشاردا دەژی، وتەنیا خواگەل وگیانلەبەرانیش دەتوانن لە دەرەوەی ئەم دەوڵەتشارانەدا بژین. بەڕای ئەو، ژینی مرۆڤ، پێویستی بە ژیان لە کۆمەڵێکدا هەیە، کە مرۆڤ بە ئازادیی بتوانێ دەربارەی کاروباری گشتی قسان بکات. لە فەلسەفەی سیاسیی (ئەریستۆ)دا، تاك بەرانبەرە لەگەڵ گیانلەبەر، بنەماڵە لەگەڵ گژوگیا، گوند لەگەڵ ئاژەڵان، دەوڵەتشار لەگەڵ ئینسان. بە بڕوای ئەو، مرۆڤ وەك هاووڵاتی، کەسێکە کە بەشداریی دەکات لە بڕیاردان سەبارەت بە کاروباری گشتی، وجارناجارێکیش لە بەکارهێنانی هێزدا بەشداریی دەکات. وەلێ، لەمانە

[1] جان توشار: تاريخ الفكر السياسي، ت: د. علي مقلد، الطبعة الثانية، الدار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع– بيروت، ١٩٨٣، ص ٢٨

[2] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦

[3] حەمید عەزیز: سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١

[4] کەریم مستەفا: ٧ وانەی فەلسەفی، کۆمەك کوردستان، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٨

دەرچیٚ، مرۆڤ تەنیا ئاژەڵێکی بەستەزمانە. دیارە، بەکارهێنانی مافی هاووڵاتییەتیی، تەنیا لە دەوڵەتێکدا بەڕێوەدەچیٚ کە زۆرینەی خەڵك بەشداربووبن. وەلیٚ، دیٚمۆکراسی، حکومەتێکە کە تیایدا جەماوەرێکی زۆر لە خەڵك بە قازانجی خۆیان کاردەکەن. [1]

ئاقاری هزری سیاسیی، لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست وسەرەتای یەکەمین نیشانەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، بەتایبەت لە دەوڵەتشارەکانی ئیتالیا، ڕووەو ئاڕاستەیەك هەنگاوینا کە یەکەمین بیروباوەڕەکانی هزری سیاسیی مۆدێرنی خستەڕوو. وەکو، بیروباوەڕی حکومەتی عورفیی وفەرمانڕەوایی خەڵکیی وشوێنکەوتنی کڵێسا بۆ دەوڵەت وسەرچاوەی دەسەڵاتی ڕەوای سیستمە عورفییەکان وماف وئازادییەکانی تاك. دیارە، (مارسیلیۆسی پادۆڤایی) بیرمەندی ئیتالیی، و(ویلیامی ئۆکامیی) بیرمەندی ئینگلیزیی، لە ڕیزی پێشڕەوانی هزری سیاسیی نویٚ بوون. (مارسیلیۆس)، بە خستنەڕووی تیۆری فەرمانڕەوایی خەڵکیی، و(ویلیەم)یش بە خستنەڕووی ماف وئازادییەکانی تاك، گرنگترین وفراوانترین عەقیدەکانی هزری سیاسیی نوێیان خستەڕوو، بەجۆرێك کە هێشتا بەرهەمی هزر وتێگەیشتن ودامەزراوەکانی ڕابردوویان لەخۆیاندا هەڵگرتبوو. بیرکردنەوە وتیۆرەکانی ئەم دوو بیرمەندە، لە هەنگاوی یەکەمدا، درێژەی ڕەوشی هزریی ومیتافیزیکیی (تۆماس ئەکوینۆس) وتیۆلۆژییە سروشتییەکەی ئەو بوو. لە هەنگاوی دووەمیشدا، کاریگەربوو بە ڕەوشی یاسایی ڕۆم ودرەوشانەوەی بۆچوونە یاساییەکانی ڕۆم، لەناو دامەزراوەکانی سیستمی فیوداڵیی سەدەکانی ناوەڕاستدا. لە هەنگاوی سێیەمیشدا، لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی (شیشرۆن) و(ئەریستۆ)دا بوو. [2]

بەڵام دواجار، سیاسەت وبیری سیاسیی، لەو دۆخەشدا نامێنێتەوە کە تایبەتبیٚ بە عەقیدە وبیروبۆچوونەکانی ئەم دوو بیرمەندەی باسکران، ومۆراڵ وکار وکردەوەی چاك وکاریگەر بە یاساگەلی ڕۆما ومیتافیزیك ولاهووتی سەدەکانی ناوەڕاست. بەڵکو، سیاسەت، چیتر تەرتە و وەرتە نابیٚ، وهەنگاو بەرەو دنیای نویٚ ودەسەلاٌت وهێز وبەرژەوەندییەکان وقەوارەی سیاسیی دەنیٚ. واتە، ئیدی سیاسەت وەکی فەزیلەت ومۆراڵێکی سەردەمانی یۆنانییەکان وڕەنگدانەوەی یاساگەلێکی ڕۆمانیی وچەشەکراو بە میتافیزیك نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە هەڵگری ڕەهەندگەلێکی نوێی جۆراوجۆر، وچیتر مرۆڤیش ئاژەڵێکی سیاسیی [3] ئاگامەندی بەستەزمان نامێنێتەوە. بەمانایەکیتر، ئیتر لە ڕوانگەی تیۆلۆژیی ومۆراڵەوە نیگای

[1] د. حسەین بەشیریە: دیموکراسی بۆ هەموان، و: حسەین موحەممەدزادە، دەزگای چاپ وبلاٌوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٤٢

[2] د. کەمال پوولادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (لە سوکراتەوە تا ماکیاڤیللی)، و: ئازاد وەڵەدبەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاٌوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٦٢

[3] کەریم مستەفا: ٧ وانەی فەلسەفی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠

سیاسەت نەدەکرا، وەکی ئەوەی (سوکرات وپلاتۆ وئەریستۆ وئەکوینۆس و...هتد) بە تیۆرگەلێك گەنگەشەیان دەکرد. بەڵکو، سیاسەت بە ئاقارێکی نوێدا گوزەری دەکرد، کە دەبوو لە کلاوڕۆشنەی تیۆری (ماکیاڤێللی)یەوە شەنوکەوێکی نوێ بکرێ، بەوەی سیاسەت مانای واقعییەت ولێزانیی ولێوەشاوەیی دەگەیاند. هیچ گومانی تێدا نییە، لەوەی (ماکیاڤێللی)، گەورەترین بیرمەند وتیۆرسازی ئەندێشەی سیاسیی سەردەمی ڕێنیسانس بووە، ودەشکرێ بە باوکی ئەندێشەی سیاسیی مۆدێرن ناودێری بکەین. بەلأم، دەبێ ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین، کە (ماکیاڤێللی) کەسێکی ماکیاڤێللیست نەبووە، بەڵکو کەسێکی دەربەست وهیومانیزم بووە، وبۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کۆماریی گونجاو وئەقلأنیی تێکۆشاوە.[1]

خۆ ئەگەر، ناوبراو جیاوازیشیکردبێ لە نێوان ئەخلاق وسیاسەتدا، ئەوا (ئەریستۆ) پێش ئەو، باسی لە سیاسەت وەك بەشێك لە مەعریفەی مرۆیی کردووە ولە ئەخلاقی جیاکردووەتەوە، بەمەش (ماکیاڤێللی) دەبێتە پاشکۆی (ئەریستۆ). بەلأم، (ماکیاڤێللی)، هەوڵیداوە لەو زیاتر، ئەوە پێشان بدات کە نەك تەنیا لە ڕوانگەی کرداریی وتیۆرییەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی زانستیشەوە دەبێت سیاسەت لە مۆراڵ جیابکرێتەوە.[2] ناوبراو، زۆر گرنگیی بە جۆری پێکهاتەی حکومەت نەداوە، بەڵکو ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ بووە، سەرکەوتن ومانەوەی دەسەلأت بووە بەهەر شێوەیەکبێ. هەڵبەت، ئەمەیە ماکیاڤێللیزم، کە وەك فەلسەفەی سیاسیی، گرنگیی بە سەرکەوتنی سیاسیی دەدات بە هەر شێوەیەکبێ. لەم سۆنگەیەوە، ماکیاڤێللیزم، بەمانای دڵڕەقیی، بێ بەزەیی، فێڵبازیی وئەو شتانەی لەگەڵ دنیای دیمۆکراسی ومافەکانی مرۆڤدا زۆر لە یەکەوە دوورن.[3]

بە بڕوای (ماکیاڤێللی)، سیاسەت، سیستمێکە بۆ پیادەکردنی دەسەلأتی دەوڵەت. دیارە، لەم ڕوانگەیەوە، دەسەلأت وەك بزوێنەری سەرەکی خستنەکار وچالاکی دامەزراوەکانی دەوڵەت، خۆی دەردەخات. بە واتایەکیدی، دەوڵەت، تەنیا لە حاڵەتی پەیوەندی بە دەسەلأتەوە بوونی هەیە. وەلێ، دەسەلأتی دەوڵەت، تەنیا لە ڕێی ڕێکخستنی کۆمەلأیەتییەوە پیادە دەکرێت. کەواتە، ماهیەتی دەسەلأتی دەوڵەت هەرچیەکبێ، ئەوا ئاشکرایە کە هەرگیز ناتوانین کۆمەڵگا بەبێ هێنانەدی ڕێکخستن، ڕێکبخەین. چونکە، تەنانەت پڕئاژاوەترین کۆمەڵگای مرۆییش، لەسەر جۆرە فەرمان وڕێکخستنێك دامەزراوە. خۆ

---

[1] د. ڕامین جەهانبەگلو: ماکیاڤێللی وماکیاڤێللیزم، و: نەوید مێهراوەر، چاپی یەکەم، لە بلأوکراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٦

[2] د. حەمید عینایەت: فەلسەفەی سیاسی خۆرئاوا، و: سیدۆ داود عەلی، چاپی یەکەم، لە بلأوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٩١

[3] ئایدیا: گۆڤارێکی فیکریی وئەدەبیی وەرزییە، گرنگی بە وەرگێڕان دەدات، دەزگای والأ بۆ ڕاگەیاندن وبلأوکردنەوە دەریدەکات، ژمارە (٢٣- ٢٤)، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ئابی ٢٠١٠، ل ١٨١

ئەگەر، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی نەبێت، ژیانی کۆمەڵایەتییش نابێت. مانای، دەتوانین بڵێین، ڕێکخستن هۆکاری یەکپارچەیی کۆمەڵگای سیاسییە. کەواتە، هەر دەسەڵاتێکیش بۆئەوەی بەمانای وشە دەسەڵات بێت، ئەوا پێویستی بە ڕێکخستنێکی تایبەت بەخۆی هەیە. لە دیمۆکراسیدا، ڕێکخستنی یاساکان زاڵە، لە کاتێکدا حکومەتە ستەمکار وچەوسێنەر وزۆردارەکان، بە هێزی چەك ولەڕێی توندوتیژییەوە ڕێکخستن وسیستم دەهێننە کایەوە. [1]

پێدەچێت لە قۆناغێکیتردا، ئەم تیۆرەی (ماکیاڤێللی)، ئیلهامبەخشی تیۆرەکەی (هۆبز) وتیۆرگەلی فەیلەسووفانی پاش ئەویش بووبێ. هەرچەندە، (هۆبز) ڕەخنەی لە بیروبۆچوونە یەکەمەکانی (ئەریستۆ) گرتبوو، لەوەی مرۆڤی بەوە جیاکردووەتەوە کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە لە سروشتدا. هەروەها، هاووڵاتییەکە لە سروشتدا، وکۆمەڵگای سیاسییش هەردەم داکەوتێکی سروشتییە. بەڵام، (هۆبز)، مکووڕ بوو لەسەر ئەوەی مرۆڤ هەرگیز بەدوای کەسانیتردا ناگەڕێت، گەر پاڵنەرێکی بەرژەوەندی یان پێداویستی لەئارادانەبێ. وەلێ، کۆمەڵگای سیاسییش، بەرهەمێکی دەستکردی هاوپەیمانێتییەکی خۆویست وبە مەبەستە. بەمانای، کۆمەڵگای سیاسیی، بەرهەمێکی دەستکردی پەیمانی کۆمەڵایەتییە. [2] ئیدی لەم ساتەوە، سیاسەت، جارێکیتر بە کردار وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەی بەخۆوەدی، بەوەی سیاسەت سەرباری وریایی ولێزانیی ولێوەشاوەیی، بەرژەوەندیخوازیی وهاوپەیمانیەتیشی بۆ زیادبوو. شایەنی باسە، ئەم بۆچوونەی (هۆبز)، دوو مەبەستی سەرەکیی سیاسیی پێکەوە چێکردبوو، ئەویش:

١- داڕشتنی فەلسەفەی مۆراڵیی وسیاسیی، بۆ یەکەمجار ولەسەر بنچینەی زانستیی.

٢- بەشداریکردن لە دامەزراندنی ئاشتەواییەکی مەدەنیی ولە ئامادەکردنی مرۆییدا، لەپێناو ئەوەی پەیمانبەستبێ بە ئەرکە مەدەنییەکانییەوە.

هەڵبەت، ئەم دوو مەبەستە، تیۆریی وپراکتیکیی، زۆر بە توندی پەیوەست بوون بە بیر وهۆشی (هۆبز)ەوە، [3] کە دواجار خوڵقێنەری تیۆری (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بوون. بەڵام ئەوەی ڕاستیبێ، تەواوی تیۆرەکەی (هۆبز)، کە مەبەستم لە (پەیمانی کۆمەڵایەتییە)، هەڵگری جۆرێك لە پابەستبوونی میللی بوو کە دواجار دەسەڵاتێکی سیاسیی ڕەهای دەخوڵقاند. واتە، بیرۆکەکەی (هۆبز)، ئافرێنەری سیاسەت وسیستمی (پادشایەتیی ڕەها) بوو کە لەپێناو دەرچوون لە دۆخی سروشتیی، دەبوو تەواوی ڕەعیەت بێ

[1] ڕامین جیهانبەگلو: ماکیاڤیللی وبیری ڕێنسانس، و: موسڵح ئیروانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١، ل ١١٠- ١١١

[2] احسان عبدالهادي النائب: توماس هوبز وفلسفته السياسية، الطبعة الاولى، من منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية، ٢٠١٢، ص ١٠٦

[3] ليو شتراوس، جوزيف كروبسي: تأريخ الفلسفة السياسية، ت: محمود سيد أحمد، مصدر سابق، ص ٥٧٣

مەرج وچەندوچۆن پابەندی ببوونایە. وەلێ، ئەمە هۆکار بوو بۆئەوەی دواتر فەیلەسووفێکی ئەزموونگەریی وەك (جۆن لۆك)، بەم بۆچوونەی (هۆبز)دا بچێتەوە وئەوە بخاتەڕوو کە مرۆڤەکان نەك ڕەعیەت، لە حاڵەتی سروشتییدا هەرگیز دڕندە وکێوی نەبوون، بەڵکو ئەوان خاوەن ئاوەز وئازادیی بوون. هەروەها، لە دوای دامەزراندنی سیستمی سیاسیی وحکومەتیش، مافە تاکەکەسییەکانی خۆیان لەدەست نادەن، دواجاریش سەروەری هەر بۆ میللەتە. [1]

پاشان، (ژان ژاك ڕۆسۆ) هات، وبەهەمان شێوەی (هۆبز وجۆن لۆك) ولە نێوکۆی سیاسەتەوە، باسی لە چۆنیەتی گواستنەوەی مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتییەوە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتییکرد. بەڵام، وەك ئەوان ئەو سەنگ وقورساییەی نەدا بە ئەقڵ. لە ڕاستیدا، ئەوان، پێیان وابوو ئەوە ئەقڵە وا لە مرۆڤ دەکات، تا لە دۆخی سروشتییەوە بەرەو دۆخی کۆمەڵایەتیی بچێ. کەچی (ڕۆسۆ)، بەپێچەوانەوە ئەقڵی بە بەرەنجامی بەرەوپێشچوونی ژیانی ئابووریی وپیشەسازیی دەزانیی، لە کۆمەڵگایەکی سیاسیی دیسپلینکراودا. ئەمە وێڕای ئەوەی، (ڕۆسۆ) پێیوابوو گەشەی ئەقڵ، مایەی بەدبەختیی وماڵوێرانییە بۆ مرۆڤەکان، چونکە کامەرانیی وبەختەوەریی مرۆڤ لەناودەبات. ناوبراو، زیاتر پێهەڵدەبڕێ ودەڵێ: "بیرکردنەوە پێچەوانەی سروشتە، ئەو مرۆڤەشی بیردەکاتەوە بوونەوەرێکی گەندەڵە." [2] واتە، مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتییدا کامەران وئازادن، بەڵام کاتێك بیردەکەنەوە وهێدی هێدی کۆمەڵگای مەدەنی پێکدێنن وبەرژەوەندی وچاوچنۆکیی وموڵکایەتیی تایبەت ودەسەڵاتخوازیی ڕۆڵ دەبینن، ئیدی کامەرانیی وئازادیی ویەکسانیی پێشوویان لەدەست دەدەن. بە بڕوای ناوبراو، لێرەدایە کە پێگەی سیاسەت بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی کۆمەڵگا دێتەئاراوە. بەوەی، ئەگەر لە دروستکردنی کۆمەڵگای ئەقڵانییدا، هەموو کەسێك بە ویستی خۆی، ئیرادەی خۆی لەگەڵ ئیرادەی گشتییدا گرێ بدات، ئیدی ئەو سەربەخۆیی وئازادیی ویەکسانییە بەدەستدێنێتەوە کە لە دۆخی سروشتییدا هەیبووە. ئەم موعجیزەیە، بە دەسەڵاتدارێتیی ئیرادەی گشتیی لە سیستمی کۆمەڵگادا، دێتەدی. [3]

لە میانەی پەیمانە کۆمەڵایەتییەکەی (ڕۆسۆ)دا، ئەوە ئاشکرادەبێ کە ناوبراو عەوداڵی دۆزینەوەی فۆرمێکە بۆ یەکبوون یاخود بۆ کۆبوونەوە، بەجۆرێك کە سەروماڵی هەموو ئەندامانی تێدا پارێزراوبێ، وهەر ئەندامێکی ئەو گرووپەش لەگەڵ تەواوی ئەندامەکانیتردا پەیوەندی بەستبێ، بەڵام

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦

[3] د. کەمال پوولادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (لە سوکراتەوە تا ماکیاڤیللی)، و: ئازاد وەڵەدبەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٢٠

**بێئەوەی دەستبەرداری ئەو ئازادییە بووبێ کە پێشتر هەیبووە. واتە، بەپێی ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییەی ناوبراو، هەموو تاکێك دەستبەرداری مافەکانی خۆی دەبێت بۆ (کۆمەڵگە). ئەمەش، مەرجێکە بەبێ جیاوازی وبە یەکسانیی بەسەر هەمواندا جێبەجێ دەبێت، واتە هەر کەسە وبەبێ جیاوازی، خۆی وتەواوی هێز وتواناکانی دەسپێرێت بە ئیرادەی گشتی. گەرچی (ڕۆسۆ)، وایدادەنا کە دۆخی سروشتیی بەختەوەریی بۆ مرۆۆ دەستەبەر دەکرد، بەلاّم وەك دۆخێکی نموونەییش وێنای نەدەکرد. بەڵکو، پێیوابوو ئەوە (کۆمەڵگای سیاسیی دیسپلینکراو)ە، کە دەتوانێ بەختەوەرترین ژیان بۆ مرۆۆ دەستەبەر بکات.** [1]

**پێدەچێ، ئەم هزر وبۆچوونە سیاسیی وفەلسەفییەی (ڕۆسۆ)، هەوێنی بیرگەلێکی سیاسیی یەکسانیخواز، ئازادیخواز وتۆوی سەردەمێکی شۆڕشگێڕیی لە هەگبە گرتبێ، وێڕای لەخۆگرتنی کاتیگۆری (ئەقڵ)، کە مشتومڕێکی نەبڕاوەی خستە نێو کایەی فەلسەفیی وسیاسییەوە. بەمانایەکی ڕوونتر، پوختەی فەلسەفەی سیاسیی (ڕۆسۆ)، بووەهۆی لەدایکبوونی فەلسەفەی ڕاشناڵیزم وگەلەئایدیۆلۆژیای لیبراڵیزم وسۆسیالیزم وناسیۆنالیزم. بەلاّم، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بڵێم، (ڕۆسۆ) بە تەنها مژدەبەخشی مێژووی فەلسەفە وئایدیۆلۆژیاکان بووە، بەڵکو پێبەپێی ناوبراو، چەندین فەیلەسووف وسیاسەتوان وڕامیاریست وزانا وکەسایەتیتر، لە سەردەمە جیاجیاکاندا هاریکاربوون لە ئافراندن ونوێکردنەوە وبەرەوپێشبردنی مێژووی فەلسەفە وفەلسەفەی سیاسیی وزانستی سیاسەت.**

**دیارە، پاشخانی ئەقڵگەرایی (ڕاشناڵیزم)، مێژووەکەی بۆ سەردەمانی کۆن دەگەڕێتەوە. بەمانای، سەرەتاکانی ڕەوتی ئاوەزباوەڕیی، بۆ خودی (سوکرات) دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە میتۆدی یان پرەنسیپی (خستنەبەرپرسیار)ی هەموو شتێك دەبینییەوە. بە بڕوای ناوبراو، نەدەبوو هیچ وەلاّمێکی لەقاڵبدراوی ئامادە، بۆ هەر شتێك هەبێ. ئەم میتۆدەی (سوکرات)، بە (میتۆدی دیالێکتیك) ناسراوە، کە بەردەوام بە پرسیار و وەلاّم بەدوای ڕاستییدا (هەقیقەت) دەگەڕێت.** [2] **بەلاّم، ئەقڵگەرایی، لە دوای سەردەمی ڕێنیسانس وسەرەتای سەردەمی ڕۆشنگەرایی، هەنگاوێکی نوێی هەڵنا وزانستی ماتماتیکی خستە نێو فەلسەفەوە، وەك ئەوەی لە شاکارەکانی (دێکارت وسپینۆزا ولایبنیز ومالبرانش)دا دەبینران. بێگومان، ئەمانە بە گرنگترین کەڵە فەیلەسووفانی ڕاشناڵیزمی ئەو سەردەمە هەژمار دەکرێن، وبیرۆکەکانیان بە (فەلسەفەی کیشوەریی)، واتە بە فەلسەفەی ئەقڵگەرایی کیشوەری ئەوروپا ناوزەد دەکرێن، کە لەو سەردەمانەدا لە خوێندنگە فەلسەفییەکانی ئەوروپادا دەخوێندران.** [3]

---

[1] **د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مصدر سابق، ص ١٤٠**

[2] **برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١**

[3] **عقلانية (فلسفة): مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٤/ مارس/ ٢٠١٨،** ar.wikipedia.org

شایەنی ئاماژەپێدانە، کاتێك سەردەمی ڕۆشنگەرایی بەرەو کامڵبوون دەچوو، ئیدی گرنگیدان بە ئەقڵ وگومانکردن ولێکۆڵینەوە، بووە سیمای سەرەکی سەردەمێکی نوێ، کە پێیدەگوترا (تازەگەریی). دیارە، (کانت)ی فەیلەسووفیش، مامۆستای ئەم سەردەمە بووە، کە لەسەر دەستی ئەو ئەقڵگەرایی وئەزموونگەرایی یەکیانگرت. [1] وەلێ، دروشمی ئەم سەردەمەش، هەر وتەزاکەی ناوبراو بووە کە وتبووی: "بوێربە، بتوانە ئەقڵی خۆت سەربەخۆ بەکاربهێنی." [2] ئەوەی جێی باسە، ئەم ڕێبازە فەلسەفییە ئەقڵگەراییە، کە لە (دێکارت)ەوە درێژ دەبێتەوە بۆ (کانت)، لەنێو ڕابەرانی ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا (فیختە، شیلینگ وهیگڵ) بەوپەڕی خۆی دەگات، وبەمەش کلۆمی قۆناغێکی مێژوویی دەکات ومۆری خۆی دەنێت بە قۆناغێکی هزرییەوە، لە مێژووی فەلسەفەدا. [3] هەڵبەت، بەلای (هیگڵ)ەوە، ئەم قۆناغە مێژووییە لە مێژووی فەلسەفە، واتای دۆزینەوە وگەیشتنە بە (بیرۆکەی ڕەها) کە مانای گەیشتنە بە هەقیقەت، وتیایدا ئەقڵ یان ڕۆح دواجار بە هۆشیاریی خودیی دەگات وئازادیی بەدەستدێنێ. هەربۆیە، پێویستە ئەم بیرۆکە ڕەهایە، لەگەڵ لۆژیك و واقیعدا بگونجێ، بەمەش مێژووی فەلسەفە بەکۆتا دەگات. [4] ئەم بیرۆکەیە، هاندەردەبێ بۆئەوەی ناوبراو بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە بڵێ: "ئەوەی ئەقڵانییە لۆژیکییە، ئەوەشی لۆژیکییە ئەقڵانییە." [5]

بێگومان، ئەم بیرۆکە ڕەها وهەقیقەتە ئەقڵانییە واقعییەی (هیگڵ) باسی لێدەکات، مەبەست لە (دەوڵەت)ە، کە بە دوایین ئامانجی لۆژیکیی وئەقڵگەرایی مرۆڤی دادەنێت، کە لە نێویدا هەست بە ئازادیی دەکات. شایەنی وتنە، گرنگترین خەسڵەتی فەلسەفەی سیاسیی (هیگڵ)، ئەوەیە کە بەهایەکی بەرزی بە (دەوڵەتی نەتەوەیی) دەبەخشی، بەوەی دەوڵەت بیرۆکەیەکی خوداییە لەسەر زەوی. [6] لە سیستەمی فیکری ئەودا، ئەوەی یەکەی گرنگ وسەرەکییە، دەوڵەتە نەك تاکەکەس وگرووپ وڕێکخراوەکان. بە بۆچوونی ئەو، ئەوەشی ئاڕاستەی گەشە وبەرەوپێشچوونی نەتەوە دەکات، هەر دەوڵەتە. [7] بەڵام، ئاماژە بەوەش دەدات کە: "لە گشت دەوڵەتێکی ئەقڵانییدا، هەر دەبێ جیاوازی چینایەتیی دەرکەوێ وهەر دەشبێ تاکەکان بە ئازادیی خۆیان بگەن." [8] وەلێ، ئەو ئەقڵەشی لەو دەوڵەتەدا ئەرکی دروستکردن وحوکمڕانیی

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٣

[2] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢١

[3] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦

[4] هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

[5] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

[6] عبدالله بوقرن: الاخر في جدلية التاريخ عند هيجل، مصدر سابق، ص ٤٠٢

[7] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٨

[8] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٨

مێژوو دەگرێتە ئەستۆ، سەروەری جیهانە. [١] ئەوەشمان لەبیرنەچێ، ئەم پرۆسە دیالێکتیکییە فەلسەفییەی (هیگڵ)، هەردەم لەوەدا خۆی دەبینییەوە کە پەرۆشیی دەربېڕێت بۆ بەرزکردنەوەی فەلسەفە بۆ پێگەی زانست. واتە، (هیگڵ) وتەنی: "گۆڕینی وتە فەلسەفییە ڕسکاوەکان، بۆ وتەی زانستیی تۆکمە ودامەزراو." [٢] دیارە، ئەم بیروبۆچوونانەی (هیگڵ) دەربارەی دەوڵەت ودیالێکتیك وکۆتایی مێژوو، دواجار دواجار کۆمەڵێك لایەنگری بۆ دروستبووە، کە بە هیگڵییە ڕاستڕەوەکان وهیگڵییە چەپڕەوەکان ناسراون. واتە، فەلسەفەی ئایدیالیزمی دیالێکتیکیی (هیگڵ)، بوو بە ئیلهامبەخشی فیکریی بۆ هەردوو لایەنی نازیی وکۆمۆنیستیی. [٣]

لێرەوەیە، کە فەلسەفەی سیاسیی بە ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاریی ئاشنادەبێ، بە هەردوو باڵی ڕاستڕەو وچەپڕەوییەوە. واتە، فەلسەفەی سیاسیی، بێجگەلە ڕەوت وفەلسەفەی ئەقڵگەرایی، هاوسێیەتی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاشدا پەیداکرد، کە لێرەدا مشتومڕێکی نەبڕاوەی لەبارەی ناوەکەیەوە فەراهەمکرد. لەوەی، زۆرێك لە توێژەران ونووسەران، مەزهەبی سیاسییان بە ئایدیۆلۆژیا ناودەهێنا، واتە بە یەك مانا ویەك مەبەست بەکاریاندەهێنا. وەلێ، تێبینی ئەوەش دەکرا، کە پابەستبوون وهاوواتابوونێك لە دەربڕینی ئایدیۆلۆژیا ودەستەواژەی مەزهەبی سیاسی هاتبێتە ئاراوە. هەربۆیە، دەوترێت ئایدیۆلۆژیای مارکسیی، ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیی. دەبێ ئەوەش ژ بیر نەکەین، مەزهەبی سیاسیی کە هاوواتای ئایدیۆلۆژیایە، مەبەست لە فراژووتن وڕووخاندنی سیستمگەل وبارودۆخێکی باوە لە دەوڵەت یان کۆمەڵگایەکدا، ودووبارە ڕێکخستنەوەی بەپێی یاسا وڕێسا وبنچینەیەکی نوێ. [٤]

دیارە، چیکەنەی (شیتاڵکاریی) مەزهەبی سیاسیی، (مارکس)ی پەلکێشکردبێ بۆ خوێندنەوەی بیری فەلسەفیی (هیگڵ)، تا وەها ڕاڤە بۆ وتەزاکەی (هیگڵ) بکات، کە ئەوەی لە ڕووی ئەقڵییەوە وێنابکرێ، شیاوی دروستبوونە لە واقیعدا، ئەوەشی بە واقیعیی دروستببێ، بێگومان شیاوی ڕاڤەی ئەقلانییە. لێرەوە، ناوبراو گەیشتە ئەو بڕوایەی کە جێبەجێبوونی ئایدیۆلۆژیای (کۆمۆنیزم) دەشێت شیاوبێ، لەبەرئەوەی توانیویەتی وێناکردنێکی ئەقلانیی بۆ چێبکات. لەم سەروەختەدایە، (مارکس)، دەبێژێ: "کاری فەیلەسووفان ڕاڤەکاریی جیهانە، بەڵام کاری داواکراو گۆڕینی جیهانە." [٥] واتە، بەدیهێنانی دنیای کۆمۆنیزم پێویستی بە شیکاریی وڕاڤەکاریی نییە، بەڵکو پێویستی بە شۆڕش

---

[١] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسیی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٣

[٢] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣

[٣] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٢

[٤] ایدیولوجیات سیاسیة: مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ١٦/ یونیو/ ٢٠١٦، ar.wikipedia.org

[٥] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١

وگۆڕینی دنیای سەرمایەدارییە بۆ سۆسیالیزم وپاشان بۆ کۆمۆنیزم، لەڕێی ململانێی چینایەتیی وبە زەبری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. لەم ڕووەوە، (ئەنگڵس)، جەختی لەوە کردبوەوە کە تەواوی ڕوانگە و وێناکردنە سۆسیالیستییەکانی پێشوو یۆتۆپیا وئەندێشە ئامێز بوون، تەنها (مارکس) توانیویەتی وێناکردنێکی زانستییانە بۆ سۆسیالیزم پێشکەش بکات.[1]

پێدەچێت (ئەنگڵس) ویاوەرانی، زانستیبوونی تیۆرگەلی (مارکس)یان، لە مەزهەبی سیاسیی وشۆڕش وتوندوتیژی وگشتگیریی وڕووخاندنی کردارەکیی سیستمی سەرمایەداریدا بینیبێ. بێلەوەی، دەشێت خودی (مارکس)یش، لنگەوقوچ وبە هەڵگەڕاوەیی لە تیۆری دیالێکتیکیی (هیگڵ) گەیشتبێ، وەك ئەوەی پێشتر بە شێوەی گاڵتەئامێز وبە تەنزەوە دەیگوت (هیگڵ) بە لنگەوقوچ لە پرۆسەی دیالێکتیك گەیشتووە. ئەمە سەرباری ئەوەی، (مارکس)، هەردەم جەختی لەوەش دەکرد کە دواجار نابێ دەوڵەت ودەسەلاّتی سیاسیی بمێنێ، چونکە دەوڵەت ئامرازی دەستی چینی دەسەلاّتدارانە بۆ چەوساندنەوەی چینیتر، دیارە ئەمەش خەونی شاعیرانە. ئەوژی، (مارکس وئەنگڵس)، بڕواشیان وابوو (مادده) هەموو شتێکە وجەوهەری هەموو فیکر ومۆراڵێکیشە. دیارە، زەقترین ڕەخنەیەکیش کە ئاڕاستەی ماتریاڵیزمی مێژوویی (مارکس) کرابێ، هەڵنەوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت وڕاوەستانی کتوپڕی جووڵەی دیالێکتیك بووە لە قۆناغی کۆمۆنیزمدا.[2] کەواتە، ئەم ڕەخنانە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین، دەبێ هەڵەیەك لە تیۆری مارکسدا هەبووبێ.[3] لەلایەکیترەوە، هیچ گومانی تێدا نییە، نازیزم وفاشیزمیش، بە هەمان لێکدانەوەی مەزهەبی سیاسیی، شرۆڤەی فەلسەفەی (هیگڵ)یان کردووە. بێگومان، لایەنگرانی نازیزم، لە پرەنسیپی (ئەوەی ئەقلاّنییە، واقیعییە)ی (هیگڵ)ەوە، ئەوەیان هەڵهێنجا وکردە پاساو وخستیانە بەردەم دەوڵەتی پرووسیی، کە بیروبۆچوونەکانی حزبی سۆسیالیستی نازیی مەعقولییەتی تێدایە، مادامەکی سیفەتی واقیعییەتی پۆشیوە.[4]

لێرەدا ئەوەی دەمەوێ بیخەمە ڕوو، ئەوەیە کە (هیگڵ ومارکس)، بەو پێودانگە تەماشای مێژوویان دەکرد کە گەشەکردنێکی زێدەیانەی کۆمەڵگا بەشەرییەکانە، لە شێوەی خێڵەکیی سادەی پشتبەستوو بە کشتوکاڵ ولە ڕێگای زۆرێك لە شێوە وسیستمەوە. تاوەکو، لە کۆتاییدا دەگاتە شێوەی دیمۆکراتیی، یان سیستمی سەرمایەداریی لیبراڵیی. هەرچەندە، هەردوو فەیلەسووف، باوەڕیان وابوو کە

---

[1] أمير خليل علي: نقد الشيوعية باعتبارها تصور عقلي هيجلي، موقع الحوار المتمدن، ٢٧/ ٧/ ٢٠١١، www.m.ahewar.org

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٥

[3] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٨

[4] عبدالله بوقرن: الاخر في جدلية التاريخ عند هيجل، مصدر سابق، ص ٤٠٢

ئەو زێدە گەشەسەندنەی کۆمەڵگای مرۆیی تاوەکو ناکۆتا بەردەوام نابێ، بەڵکو مەحکومە بە گەیشتنی مرۆڤ بە شێوەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگاکەی، بە جۆرێك کە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی بەدەستبێنێ. کاتێکیش، بەو شێوە خوازراوە گەیشت، ئیدی ئەو گەشەسەندنە دەوەستێ، بەمانای مێژوو دەوەستێ. هەڵبەت، لای (هیگڵ)، کۆتایی مێژوو لە سیستمی سەرمایەداریی لیبراڵییدا بەرجەستە دەبێ، لە کاتێکدا لای (مارکس) لە سیستمی سۆسیالیستییدا بەرجەستە دەبێ.[1] لە پرسیارێکدا، کە ئاڕاستەی (فۆکۆیاما) کرابوو، ئەوەیان لێپرسیبوو کە ئایا زێدە گەشەسەندنی مێژوویی، زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤ بەرەو سیستمی سەرمایەداریی لیبراڵیی دەبات؟ لە وەڵامدا، وتبووی: "ئەو وەڵامەی کە توانیومە پێیبگەم، ئەوەیە کە بڵێم بەڵێ."

لە ڕاستیدا، ئەو تێزەی (فۆکۆیاما) کە باس لە کۆتایی مێژوو دەکات تازە نییە، کە دەڵێ: "سیستمی سەرمایەداریی، دەبێتە تاکە ئایینی مرۆڤایەتی هەتاهەتایی."[2] چونکە، چەندین جاریتریش مێژوو کۆتایی هاتووە. دیارە، مێژوو، لەگەڵ کۆمارەکەی (پلاتۆ) لە یۆنان بەکۆتا گەیشت، لەگەڵ گەیشتن بە شاردەوڵەت لای (ئەریستۆ)، بەکۆتا گەیشت.[3] لەگەڵ شاری چاکەکاریی (فارابی) لەنێو کۆمەڵگای ئیسلامیدا بەکۆتا گەیشت، لەگەڵ قەشە (ئۆگۆستینۆس) وشاری خودا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکۆتا گەیشت، لەگەڵ (ماکیاڤێللی) وبیرۆکەی نەتەوەگەرایی، لەگەڵ ڕۆشنگەرایی وڕۆشنایی ئەقڵ لای (ڤۆڵتێر)، لەگەڵ باڵابوونی دەوڵەتی پرووسیا لای (هیگڵ)، لەگەڵ کۆمەڵگای سۆسیالیزمیی دوور لە چینایەتیی لای (مارکس) بەکۆتا گەیشت. کەواتە، بیرۆکەی کۆتایی مێژوو، لەلای هەر یەکێك لەوانە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئامادەیی هەیە، گەر ڕوون وئاشکراش نەبێ.[4] بەڵام، ئایا دەرەنجامی کۆتایی مێژوو لای (هیگڵ) (هیگڵ) کە گەیشتنە بە سیستمی سەرمایەداریی لیبراڵیی، چ هەقیقەت وژینگەیەکی خوڵقاند؟ هەڵبەت، سەرباری لایەنگریی بەشێك لە فەیلەسووفان وبیرمەندان بۆ ڕاگەلی (هیگڵ)، بەڵام بەشێکیتریش، وایدەبینن کە (هیگڵ) خاوەنی بیرۆکەیەکی کۆنەپەرستانەیە. لەوانە، (کارڵ پۆپەر)، کە وایدەبینی (هیگڵ) یەکەمین فاشیزم بووە، ونازیزمیش لەوەوە هێز وهۆکاری دروستبوونی وەرگرتووە. ئەمە، هەمان ڕا وبۆچوونی (میپکۆن) و(هێلێر)یش بوو، لەوەی (هیگڵ) ڕابەری ئەو سیاسەتی هێزە بووە کە (بیسمارك) بانگەوازی بۆدەکرد. هەڵبەت، ئەوەش سیاسەتێك بووە، بە مانای وشە دوور بووە لە دیموکراسییەوە.[5]

---

[1] فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو ودوایین مرۆڤ، و: ئیسماعیل کوردە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥
[2] أسامة أمين الخولي: العرب والعولمة، مصدر سابق، ص ٢٣- ٢٤
[3] جان توشار: تاريخ الفكر السياسي، ت: د. علي مقلد، مصدر سابق، ص ٣٦
[4] فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو ودوایین مرۆڤ، و: ئیسماعیل کوردە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨
[5] عبدالله بوقرن: الاخر في جدلية التاريخ عند هيجل، مصدر سابق، ص ١٩٤

هیچ گومانی تێدا نییە، لە سەردەمی تازەگەرییدا، ئەقڵگەرایی وسیاسەت پشبەستوو بە هیگڵیزم وفەلسەفە هاوشێوەکانی، پێکەوە سەنترالّیزمانە وڕەهایانە کاریان دەکرد، بەشێوەیەك هێندەی نەما مرۆڤایەتیی بەهۆی دوو جەنگی جیهانییەوە تووشی لەناوچوون بکەن، هەربۆیە (پاشتازەگەریی)، وەك فریادڕەسێك وجڵەوگری ڕەوتی ئەقڵ وسیاسەت ولانکی جیاوازییەکان، سەرلەبەری شانۆی سیاسیی ومرۆڤایەتیی داگیرکرد. بەم هەوڵەش، سەرلەنوێ ئەقڵگەرایی تا ڕادەیەك مانای مەعریفە وچاکەکاریی وئاکاری کەوتەوە چنگ. چونکە، کرۆکی فەلسەفەی پاشتازەگەریی، فرەیی، فرەڕەگەزیی، فرەشوناسیی، فرەدەنگ وفرەڕەنگیی بوو، کە دەشێت بە ئەخلاق وفەزیلەت بیچوێنین. دەکرێ، ئەمە بەسەر مێژووی فەلسەفە وئەقڵگەراییدا جێبەجێ ببێ، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بە ڕەهایی بڵێم، سیاسەتیش ماناگەلی سەردەمانی یۆنانی چنگ کەوتەوە، لەبەرئەوەی لە ئێستاشدا، تیۆرە سیاسییەکان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە جەوهەری سیاسەت **هێزە**، ئەم هێزە دەبێ بەسەر دەوروبەردا دابەشببێ. هەروەها، **دەسەلاّتە**، ئەوەش لەپێناو گەیشتن بەو هێزە وپارێزگاریکردن لێی. پاشان، **نفوزە**، بۆ پارێزگاریکردن لەو هێز ودەسەلاّتە، پێکەوە. [1] واتە، سیاسەت، بە هەمان پرەنسیپە کۆنەکانی ماکیاڤێللیزم وبە کاریگەریی تەکنۆلۆژیای نوێ وئابووریی دەڕوات بەڕێوە. ئەمە بێجگەلەوەی، لەم سەردەمەدا، ماددییەت ڕۆڵ دەبینێ نەك میسالییەت. بەلاّم، ئەوەی ناهێڵێ گۆمەکە زیاتر بشڵەقێ ولیخنبێ، بوونی یاساگەلی ڕامکردنی ئەقڵ وسیاسەتە. لەمبارەیەوە، (هانا ئارێنت) دەڵێ: "سیاسەت وەك ئەوەی دەیزانین، پێویستییەکی ناچارییە بۆ ژیانی مرۆڤایەتیی. لەبەرئەوەی، مرۆڤ ناتوانێ پشتبەستوو بەخۆی بژی، بەڵکو پشت بەوانیتر دەبەستێ. هەربۆیە، کار ومەبەستی سیاسەت، زامنکردنی ئەو ژیانەیە." [2]

دیارە، ئەم تێچاندنەی ناوبراو، وتەزاکەی (ئەریستۆ)مان وەبیردێنێتەوە، کاتێك وتبووی: "مرۆڤ زیندەوەرێکی سیاسییە،" [3] یان، "**مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا ئاژەڵێکی سیاسییە.**" [4] بەلاّم بەپێچەوانەوە، (هانا ئارێنت) بەرپەرچی (ئەریستۆ) دەداتەوە وبە تەنزەوە دەڵێ: "کاتێك دەوترێت مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە، وەك ئەوە وایە کەمەکێك لە سیاسەت لە ماهییەتی مرۆڤدا بوونی هەبێ. هەڵبەت، بە دەستنیشانکراویی دژوارییەکە لێرەدا پەنهانە، لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسیی نییە. بەڵکو، سیاسەت، لە بۆشایی دەرەوەی مرۆڤەکاندا هەیە ودروستدەبێ. کەواتە، لە شتێکدا دروستدەبێ، کە لە بنچینەدا لە دەرەوەی مرۆڤەکانە. بەمانای، ماهییەتی سیاسیی ڕاستەقینە لە مرۆڤدا بوونی نییە، بەڵکو

---

[1] د. جاسم سلطان: قواعد في الممارسة السياسية، الطبعة الاولى، مؤسسة أم القرى للترجمة والتوزيع- المنصورة، مصر، ٢٠٠٨، ص ٣٤

[2] حنة أرندت: ما السياسة؟ ت: د. زهير الخويلدي، أ. سلمى بالحاج مبروك، مصدر سابق، ص ٣٣

[3] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤

[4] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢

سیاسەت لە بۆشاییەکی نێوەندگیرییدا دروستدەبێ و وەکی پەیوەندیخوازییەك (پەیمانی کۆمەلآیەتیی) دادەمەزرێت. بێگومان، ئەمەش هەمان تێگەیشتنی (هۆبز) بووە." [١]

کەواتە، ڕەتکردنەوەی مرۆڤ وەك ئاژەڵێکی سیاسیی، وڕێگریکردن لە سیاسەتی سەنتراڵیزم وجڵەوکردنی ئەقڵ، وڕەخنەگەرایی وبیرۆکە یەکەمەکانی هیومانیزمی (تۆماس مۆر) وسوودگەرایی (جۆن ستیوارت میل وجێرمی بێنتام)، ڕێگایان خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی سەردەمی پاشتازەگەریی وبیرگەلێکی واقیعبینانە ومرۆڤدۆستانەی لێوانلێو لە مۆراڵ وفەزیلەت. وەلێ، (یوتیلیتاریستەکان) یان سوودگەراکان، لە پێشینەی ئەو ڕەوتە فەلسەفییە ئەقڵگەرایە بوون، کە مۆراڵ وسیاسەتیان پێکەوە دەبەست وداوای بیری ئازاد وئازادیی تاك وباشترین مامەڵە وزۆرترین بەختەوەریی ویەکسانی ژنان ویەکسانیی سێکسواڵیی و"باشترین شت بۆ زۆرترین کەس"یان دەکرد. [٢] دواتر، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، (پراگماتیستە ئەمریکییەکان) واتە واقیعبینەکان، جەختیان لەوە کردەوە کە مەعریفە وەك چالاکیی مرۆیی، ئامرازێکە بۆ ژیان ومانەوە. دیارە، هەوڵگەلی ئەم کۆمەڵە، بۆ خستنەڕووی باشترین میتۆدی پەروەردەیی وفێرکاریی، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. وەلێ، گەشەسەندنی ئایدیاکانی (جێرمی بێنتام)یش، ڕێخۆشکەربوون بۆ سەرهەڵدانی سۆسیالیزمی بەریتانیی ودەرکەوتنی چاکسازیی لیبراڵ.

دیارە، دواجار چاکسازیی بەرانبەر بە شۆڕش، هانی لیبراڵەکان وسۆسیالیستەکانیدا، پاڵپشتیی لە چاکسازیی بکەن نەك لە شۆڕش. [٣] ئەم هەنگاوە نوێیە، بنەمایەکی دابینکرد بۆ ئەو شتەی پێیدەوترا "ڕادیکاڵیزمی فەلسەفیی،" کە یارمەتی دروستکردنی گەلێك چاکسازیی لە بەریتانیای سەدەی نۆزدەدا. لێرەوە، بەردی بناغەی سۆسیالیزمی چاکسازیخواز یان نامارکسیستەکان دانرا، کە هاوشانەیەکی مەزنیان پێکدەهێنا. وەلێ، ڕەگ وڕیشەی ئەم جۆرە لە سۆسیالیزم، بۆ بیرۆکەکانی (فێردیناند لاسال)ی لایەنگری (مارکس) دەگەڕێتەوە، کە دواتر ڕکابەری دەکرد. ئەوان، نە لەگەڵ لەناوبردنی دەوڵەتی بۆرژوادا بوون، نە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستیی بێچین، بەڵکو بە بڕوای ناوبراو، گەیشتن بە سۆسیالیزم لە ڕێی چاکسازیی سەرمایەداریی ودامەزراندنی بنکە هاوبەشەکان وخۆهەڵقورتاندنی دەوڵەت لە ژیانی ئابوورییدا دەستەبەردەبێ. [٤]

---

[١] حنة أرندت: ما السياسة؟ ت: د. زهير الخويلدي، أ. سلمى بالحاج مبروك، مصدر سابق، ص ٧

[٢] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٦

[٣] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧٣

[٤] حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٨

هەڵبەت، ئەم بیرگەلە چاکسازەی (لاسال)، مژدەبەخشی ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ بوو لە سەدەی نۆزدەدا، کە پێیدەگوترا "سۆسیال دیمۆکرات" وداوای دەستوەردانی ئابووریی وکۆمەڵایەتیی حکومەتی دەکرد، لەپێناو دامەزراندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی ولە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەدارییدا.[١] پێدەچێت، وتاری (سۆسیال دیمۆکراتەکان چیان دەوێت؟)، کە لە (٦/ ١١/ ١٨٨١ز) لە شاری (مالمۆ)ی سوید لەلایەن (ئۆگەست پاڵم)ەوە درا، بە یەکەمین وتاری سۆسیالیستیی دادەنرێت، کە مەبەست لە خەباتی سۆسیال دیمۆکراتەکان بوو لەمەڕ پرسی گشتی ومافی یەکسانیی دەنگدان بۆ هەموان.[٢] دیارە، (ئێدوارد بێرنشتاین)،یش یەکێك بووە لە ڕابەرانی (سۆسیال دیمۆکراتی مۆدێرن)، کە بە بۆچوونەکانی، دابڕانێکی ناوەکیی دروستکردبوو لە نێوان ئەوانەی بڕوایان بە ڕێبازی شۆڕشگێڕانە هەبوو بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم، وئەوانەشی بڕوایان بە هەنگاو بەهەنگاوی سەرمایەداریی هەبوو بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم.[٣] (بێرنشتاین)، هەرەسی سروشتی وحەتمی سەرمایەداریی ڕەتدەکردەوە، وگۆڕانی شێنەیی و وردە وردەی سەرمایەداریی بێ توندوتیژیی بۆ هێنانەدی کۆمەڵگای سۆسیالیستیی پەسەنددەکرد.[٤] کەواتە، مەزهەبی مەزهەبی سیاسییش کە مەبەست لە ئایدیۆلۆژیایە، وخوازیاری ڕووخاندنی سیستمگەلێك بوو لەپێناو دامەزراندنی سیستمێکی نوێی خوازراو،[٥] گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆوەدی ولەبری شۆڕش وڕووخان، ڕوویکردە گۆڕان وچاکسازیی قۆناغبەند. دواجار، ئەم خەباتە هاوکاربوو لە هێنانەدی کۆمەڵگای کراوە، دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، یەکسانیخوازیی، بەهای مرۆڤایەتیی، جیهانبینی ومەزهەبێکی سیاسیی نوێ، کە بە ئێستاشەوە لە ململانێیەکی نەبڕاوەدایە. لە ڕوانگەی ئەم ئایدیۆلۆژیایەوە، ئەوە هاوکاریی نێوان چینەکانە کە دەبێتەهۆی هێنانەدی سۆسیالیزم، نەك ململانێی نێوان چینەکان.[٦]

دواقسەم ئەوەیە کە بڵێم، گەرچی کۆتایی مێژوو لە زنجیرەی مێژووی فەلسەفەدا بە ئایدیۆلۆژیای سۆسیال دیمۆکراتیی ولیبراڵ دیمۆکراتیی هەناوی سیستمی سەرمایەداریی لیبراڵیی، گەیشت؟ کەچی، هێشتا سیاسەت لەنێو زۆنگاوە لیڵ وبۆگەنەکانی ماکیاڤێللیزم وبەرژەوەندیخوازیی وسەرمایەداریی

---

[١] دیمقراطیة اشتراکیة: مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ٣٠/ ینایر/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

[٢] سۆسیال دیموکراسی: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ١٢/ ئاب/ ٢٠١٤، ckb.wikipedia.org

[٣] ئایدیا والا: گۆڤارێکی فیکرییە، دوو مانگ جارێك دەزگای والا بۆ ڕاگەیاندن وبلاوکردنەوە دەریدەکات، ژمارە (٢٥)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥

[٤] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، هاوینی/ ٢٠٠٨، ل ١٦٤

[٥] ایدیولوجیات سیاسیة: مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ١٦/ یونیو/ ٢٠١٦، ar.wikipedia.org

[٦] ئایدیا والا: گۆڤارێکی فیکرییە، دوو مانگ جارێك دەزگای والا بۆ ڕاگەیاندن وبلاوکردنەوە دەریدەکات، ژمارە (٢٥)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦

وبێمۆراڵییدا سەوڵ لێدەدات. هیواداریشم، لە کۆتاییدا سیاسەت، سۆسیال دیمۆکراتی هاوچەرخ لەگەڵ خۆیدا پەلکێش بۆ قووڵاییەکانی ئەم بۆگەناوە نەکات.

# تەوەری سێیەم

## کاریگەرییەکان:

### ١- کاریگەریی موقەددەس:

دەشێت لە ژیانی ڕۆژانەماندا، چەند پرسیارێکی گرنگ بێتە پێشەوە، لەوانە: موقەددەس چییە؟ توخمە پێکهێنەرەکانی کامانەن؟ هەڵبەت، موقەددەس بەو هەموو ئاڵۆزییەی خۆیەوە، بەو هەموو باکگراوندە مێژووییەی هەیەتی، ناکرێت بە تەنها لە یەك ڕەهەندەوە بخوێندرێتەوە، یان تەنها لە یەك پێگەوە سەرنجی بدەین. بەڵکو، پێویستمان بەوەیە لە چەندین لاوە سەرنجی بدەین وبیخوێنینەوە. دیارە، موقەددەس، بەرهەمی وێناکردنی مرۆڤە بۆ هێزە باڵا وکاریگەرەکان، بەرهەمی ئەو وێنەیەیە کە مرۆڤ لە بەرانبەر هێزە باڵاکاندا خەلقیکردووە، ئیدی ئەو هێزانە هەر سروشتێکیان هەبێت وبە هەر مانایەك بوونیان هەبیت. دەشێت، ئەو هێزە سروشتیی بێت وەك لافاو، ئاگر، ئەستێرە و...هتد، کە ئەمانە کۆمەڵە هێزێکن باڵا وبەتواناترن لە ئیرادە وتوانستی مرۆڤی سەرەتایی، یان هێزی نەریتێکی کۆمەڵایەتی یان بڕیارێکی کۆمەڵگا بێت، کە ڕەگ وڕیشەی داکوتاوە وسەرپێچیکردنی، تووشی سزای کۆمەڵایەتیت دەکات. یاخود، دەکرێ ئەو هێزە، هەڵقوڵاوی نەزعەکانی ڕابردووخوازیی بێت، واتە هەڵقوڵاوی بەموقەددەس ڕاگرتنی ڕابردووبێت. یەکێکیتر لەو هێزانە، ئەفسانەیە، کە گرنگییەکی گەورەی لە کۆی سەردەمە مێژووییەکاندا وەك بابەتی گرنگ وکاریگەر لە هۆشیاری مرۆڤدا هەبووە وهەیە. [١]

کەواتە، سەرەتا ئەوە سروشت بوو، مرۆڤی والێکردبوو کە جۆرەها شتی سروشتیی ونازیندوو بپەرستێت وتەقدیس بکات، کە پێی وابووە ئەوانە ڕوخسار وشێوەی سروشتن. ئەو جۆرە ئایینەش، بە ئایینی (سروشتپەرستیی) ناودەبرێت، کە پەیوەست بووە بە جادووگەرایەتییەوە. دواتریش، شێوەی پەرستنی سروشت گۆڕدرا وبوو بە شتێکی میتۆلۆژی (ئەفسانەیی). نهێنی شاراوەی ژیانی مرۆڤ، وەك لەدایکبوون ومردن وخەون وهەموو کێشە دەروونییەکانی مرۆڤ کە تا ئێستاش مرۆڤایەتی تەنیا شتێکی کەمیان لەبارەوە دەزانێ، سەبارەت بە مرۆڤی بەرایی زۆر سەرنجڕاکێش وجێگای دڵەڕاوکێ وگومان بوون. بۆیە، مرۆڤی کۆن، لە ڕێگای هەوڵ وکۆششی بەردەوامیەوە بۆ ڕاڤەکردنیان، گەیشتە ئەو بڕوایەی هەموو

---

[١] ئومێد قەرەداغی: کێشەکانی هزری ئایینیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥– ١٨

مرۆڤێك ڕۆحێكی هەیە، بەردەوام هاوشان وهاوڕێیەتی. ئەو ڕۆحە، دوای مردنیش، دەستبەرداری مرۆڤ نابێت وداوا دەكات سرووتی ئاهەنگئامێز وقوربانیی ودیاری پێشكەش بكرێت، تاوەكو لەدەست عفریت ودێوەزمەكان بەدوور بێت وئازار نەخوات.[1]

فەیلەسووف وزانای ئایینەكان (ڕۆدۆڵف ئۆتتۆ)ی ئەڵمانیی، لە پێناسەی پیرۆز وپیرۆزییەكاندا ئاماژە دەدات ودەڵێ: "پیرۆزیی، كاتیگۆری ڕاڤە وهەڵسەنگاندنە ولە تایبەتمەندییەكانی مەیدانی ئایینە. لە واقیعدا، پیرۆزیی لە ڕێگەی لەجیاتیدانانەوە بەسەر بوارێكیتردا جێبەجێ دەبێ، وەك بواری مۆراڵ، بەڵام لەوەوە وەرنەگیراوە. ئەم وشەیە لەگەڵئەوەی ئاڵۆزە، بەڵام هەڵگری ڕەگەزێك یان سەرنجێكی زۆر تایبەتییە، بە شێوەیەك كە دایدەبڕێ لە ئاوەزباوەڕیی (عقلانیة)، ئەمەش بەپێی ئەو مانایەی كە پێشتر پێماندا، هەرچەندە دەربڕی ئەو دەربڕینە نییە."[2] دواجار، ناوبراو ئاماژە دەدات ودەڵێ: "موقەددەس، هەمیشە مانایەك لە ترس و ویقار لە نێو ناخی ئێمەدا دەخوڵقێنێت."[3]

لە لایەكیترەوە، فەیلەسووف ومێژوونووسی ئایینەكان (میرچیا ئەلیادە) (میرسیا ئەلیاد)ی ڕۆمانیی، دەربارەی پیرۆز وپیرۆزیی دەڵێ: " مرۆڤ پیرۆزیی دەناسێ، لەبەرئەوەی پیرۆز وپیرۆزیی وەك شتێكی جیاواز لە شتە ئاساییەكان ودنیاییەكان، دەردەكەوێ وئاشكرا دەبێ. ئێمە، پێشنیاری ئاخاوتنی ئاشكرابوون ودەركەوتنی موقەددەسمانكرد، بۆ دەربڕینی كرداری ئاشكرابوونێكی پیرۆز. ئەم دەربڕین یان ئاخاوتنە، زۆر ئاسانە، لەبەرئەوەی هیچ ماناگەلێكی ورد لەخۆناگرێ. واتە، تەنها بنچینەی مانا زمانەوانییەكەی دەردەخات، یاخود دەتوانین بڵێین مانای شتێكی پیرۆزمان بۆ دەردەخات. هەرچی فەیلەسووفی بەڕەگەز جوو، (ئەڤیشای مارگەلیت)ە، دەڵێت: "موقەددەس بۆیە موقەددەسە، لەبەرئەوەی دانوستانی لەسەر ناكرێت. چونكە، موقەددەس، چەمكی باڵادەستە وهەر ئەویشە هەموو ئەو مەسەلانە دەستنیشان دەكات كە بە هیچ جۆرێك نەك ناتوانرێت لێیان لابدرێت ودەستكاری بكرێن بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێككەوتن، بەڵكو هەر لە سەرەتاوە ناهێڵێت دانوستانیان لەسەربكرێت."[4]

دەتوانین بڵێین، مێژووی ئایینەكان لە ئایینە سەرەتاییەكانەوە تا ئایینە پێشكەوتووەكان، پێكدێن لە كەڵەكەبوونی حاڵەتگەلی ئاشكرابوونی پیرۆزیی وكارەسات وڕووداوە پیرۆزەكان، وە لە زۆرترین

---

[1] ڕایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەكان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی خانەی وەرگێران، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ۲۰۱۰، ل ۹۸

[2] رودولف أوتو: فكرة القدسيّ، الطبعة الاولى، دار المعارف الحكمية– بيروت، لبنان، ۲۰۱۰، ص ۲۷

[3] د. رامین جیهان بگلو: گەڕان بەدوای موقەددەسدا، وەرگێڕان: عەزیز یاسین، چاپی یەكەم، ناوەندی ڕێنوێن بۆ چاپ ودیزاین– سلێمانی، ۲۰۱۷، ل ٤٣٦

[4] ڕەهەند: گۆڤارێكی مانگانەی تیۆری كولتوورییە، ژمارە (۳)، ئەندێشە بۆ چاپ وبڵاوكردنەوەی كتێب دەریدەكات، چاپخانەی كارۆ– سلێمانی، ۲۰۱۰، ل ۹

ڕادەی دەرکەوتنی پیرۆزیی. بۆ نموونە، ئاشکرابوونی پیرۆزیی لە شتێك یان بابەتێك لە بابەتەکان، وەك بەرد یان درەخت، هەتا دەرکەوتن وئاشکرابوونی بالاًترین شێوەی پیرۆزیی لەلای کریستیانەکان، کە خۆی لە هۆگربوون وئاوێتەبوونی پەروەردگار لە عیسادا دەبینێتەوە. هەرگیز دابڕان لەم پرۆسەیەدا نییە، بەڵکو هەردەم هەمان ڕووداوی نهێنی وپیرۆز دووبارە دەبێتەوە، وەڵێ دووبارەبوونەوەی شتێکی تەواو جیاواز لە شتە جیاوازەکانیتر." [1] جێی باسە، کاتێك بەردێك یان درەختێك بەپیرۆز دەکرێ ودەپەرسترێ، مەبەست لەوە نییە تەنها بپەرسترێن وەك بەردێك یان درەختێکی بەپیرۆز دەرکەوتوو، بەڵکو شتێك دەپەرسترێ نە بەردە نە درەختە، بەڵکو بوونەوەرێکی ڕەهایە. [2] هەر لەم ڕووەوە، فەیلەسوف وکۆمەڵناسی فەرەنسیی (ئیمیل دۆرکهایم)، بڕوای وابوو کە تەواوی بیروباوەڕە ئایینییەکان هەر لە سادە وساکارەکانەوە تا ئاڵۆزەکان، هەڵگری تایبەتمەندییەکی گشتیی هاوبەشن، بەوەی گریمانەی دابەشبوونێك بۆ هەموو شتە بینراو ونەبینراوەکان لە دوو دەستەی (پیرۆز ودنیایی)دا دەکەن. ناوبراو، ئەم پۆلێنکارییەی شتەکانی بۆ دوو جیهانی پیرۆز ودنیایی، بە هێما ونیشانەی سەرەکی وبە جیاوازی فیکری ئایینیی دەزانی. ئەمە بێجگەلەوەی هەموو نواندنە ئایینییەکانیش، تەنها ئامرازگەلێکی دەربڕینن لەبۆ سروشتی شتە پیرۆزەکان وپەیوەندییان بەیەکەوە، یان پەیوەندییان بە شتە دنیاییەکانەوە. [3]

بیرمەندی کورد، (بەختیار عەلی)، لە پێناسەی پیرۆز وپیرۆزیدا ولە وەلاًمی (دۆرکهایم وئەلیاد)دا دەڵێ: "بۆچوونی ئەوانە، ئەوەیە کە بڵێن موقەددەس دیاردەیەکی مێژووکردە نەك فۆرمێکی جاوید وئەبەدی." دەشڵێ: "وەزیفە کۆمەلاًیەتییەکەی موقەددەس، بەرهەمی پەیوەندییەکی شاقوولی نێوان زەمین وئاسمان نییە، واتە ڕەنگدانەوەی پەیامێکی میتافیزیکیی نییە کە لە باکوورەوە بەرەو ئێمە ڕادێت، کە لە دونیایەکی نزمتردا دەژین، بەڵکو موقەددەس وەزیفەیەکی کۆمەلاًیەتی گرنگی هەیە. ئەم گرنگییەش، لەوەوە نایەت کە شتێك هەیە جەوهەرێکی بالاً وموقەددەسی هەیە، هەڵبەت شتێك نییە خۆی لە خۆیدا موقەددەس بێت، بەڵکو شتێك هەیە لە سیاقی مێژوودا دەبێتە موقەددەس. بە مانای، موقەددەس، ڕەنگدانەوەی پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، ڕەنگدانەوەی پێویستییەکی کۆمەلاًیەتییە نەك ڕەنگدانەوەی ئامادەبوون وخۆئاشکراکردنی جەوهەرێکی بالاً، کە لە سەرەوەڕا دێت ولەسەر زەمین خۆی بەیان دەکات. واتە، موقەددەس، شوناس وجەوهەرێکی ئەبەدی نییە، بەڵکو دەشێت هەر شتێك بێت کە

[1] مرسیا الیاد: المقدس والعادي، ت: عادل العوا، دار التنویر للطباعة والنشر- بیروت، لبنان، ٢٠٠٩، ص ٥١

[2] مرسیا الیاد: المقدس والمدنس، ت: المحامي عبدالهادي عباس، الطبعة الاولی، دار دمشق للطباعة والنشر والتوزیع- دمشق، سوریة، ١٩٨٨، ص ١٧

[3] فراس السواح: دین الانسان، الطبعة الرابعة، دار علاءالدین للنشر والتوزیع والترجمة- دمشق، سوریة، ٢٠٠٢، ص ٢٦

کۆمەڵگا وەزیفەی موقەددەسی دەداتێ." [1] بەڵام بیرمەندی ئێرانیی، (سەید حوسەین نەسر)، لە وەڵامی موقەددەسدا دەڵێ: "موقەددەس، بریتییە لە حەقیقەتی خودایی، وەك ئەوەی کە لە زاتی خۆیدا هەیە. هەروەها، بەو شێوەیەی کە زاتی خۆی مانیفێست دەکات لە نێو هەبووەکانی ئەم جیهانەدا." [2]

لە لایەکیترەوە، بیرمەندی سووریی (فیراس ئەلسەواح)، دەڵێ: "ئەوەی من مەبەستمە باسی بکەم، کۆمەڵێك هەست وشارەزاییە کە دەخرێتە بەردەم تاکەکان لە کاتی دابڕانیان ودەرەنجامی ئەم کارەش کۆمەڵێك هەڵسوکەوتی لێدەکەوێتەوە. ئەم هەست وپسپۆڕییەش، وا لە تاك دەکات هەست بە دروستبوونی جۆرە پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان خۆیی وئەوەی بە خودای دادەنێت، بکات." [3] لێرەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، موقەددەس ئەو بوونەوەرەیە کە هەرگیز پرسیار هەڵناگرێت، واتە بوار نادات بیخەینە ژێر پرسیارەوە. بەمانای، خۆی گوزارشت لە خۆی دەکات، وەك مەخلوقێکی باڵای سەروو توانستەکانی ئەقڵ وپرسیارکردن. ئەمەش، دەبێتە دەزگایەك بۆ کوشتنی پرسیار وتوانستەکانی ئەقڵ. [4] هەڵبەت، ئەمە ئەو حاڵەتە مەترسیدارەیە کە (بەختیار عەلی) ئاماژەی پێدابوو، واتە کاتێك موقەددەس ڕەهایی وەردەگرێ، هیچ هێز وکەس ولایەنێك ناتوانێ بەرەنگاری ببێتەوە. دیارە، مەترسی موقەددەس لەوەدایە کە لە یەك کاتدا دەتوانێ، لە ڕووی ئایینیی وحزبیشەوە دەسەڵاتی ڕەهای هەبێ. گەر ڕوونتر بڵێم، دەشێت (کەسی موقەددەس)، دەستێکی بە گۆپاڵی دیینەوەبێ، دەستەکەیتری بە گۆپاڵی دنیاوەبێ. ئەوجا، وەی لەو کەسەی گومان لەو پیرۆزییەی دەکات، بێ سێ ودوو، بە زەبری گۆپاڵ سەرکوت دەکرێ، بێئەوەی تۆزقاڵێك لەسەر کەسی موقەددەس بکەوێ.

شایەنی باسە، ئەم دوالیزمی دەسەڵاتە یاخود ئیزدیواجییەتی موقەددەسە، لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا لە (تیۆری دوو شمشێر) (The theory of two swords)دا بەرجەستە ببوو، [5] کە دوو دەسەڵات یاخود هەمان جووت گۆپاڵی پێشووی دەگەیاند. دیارە، ئەم تیۆرە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێ، کە دەڵێ کاروباری ڕۆح وسەرفرازبوونی هەتاهەتایی لە تایبەتمەندییەکانی کڵێسان، وبوارگەلی مژدەبەخشیی وفێرکاریش، قەشە پێیهەڵدەستێ. بەڵام، هەرچی کاروباری دنیایی وڕۆژانەیە، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە ئاشتی وسیستم ودادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، لە تایبەتمەندییەکانی حکومەتی

---

[1] بەختیار عەلی: ئیمان وجەنگاوەرانی، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانەی چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٥، ل ٣٠

[2] د. رامین جیهان بگلو: گەڕان بەدوای موقەددەسدا، وەرگێڕان: عەزیز یاسین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٢

[3] فراس السواح: دین الانسان، مصدر سابق، ص ٢٣

[4] ئومێد قەرەداغی: کێشەکانی هزری ئایینیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨

[5] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی هێمن– سەید سادق، ٢٠٠٥، ل ٢٩٨

مەدەنییە. ئەوجا، پێویستە لە نێوان ئەم دوو گرووپەدا، پەیوەندییەك لە بەها ئەخلاقییەكان دروستببێ، وپشت بە گیانی هاوكاریی وپشتگیریی ببەسترێ.[1] لە ڕاستییدا، دانەری ئەم تیۆرە، پاپا (گلاسیۆسی یەكەم) بووە، كە لە (٤٩٢– ٤٩٦ز) دەسەڵاتی پاپایی گرتووەتەدەست.[2] ناوبراو، ئاماژەی بەوە دابوو، كە پەروەردگار هەردوو دەسەڵاتی دینیی ودنیەویی (كە بە دوو شمشێر هێماكراون)، بە جێگری (پوتروس) (واتە بە پاپا) داوە. بەڵام، پێویستە لەسەر پاپا، دەسەڵاتی دنیەویی (شمشێرێك) ببەخشێتە ئیمپراتۆر یان سیزەری مەسیحیی، بەمەش ئیرادەی پەروەردگار جێبەجێ دەكات.[3]

ناوبراو، لە ڕێی ئەم تیۆرە موقەددەسەیەوە، توانیبووی هەردوو دەسەڵاتی ئەم دنیا وئەو دنیاش وەك موقەددەسێكی ڕەها بگرێتەدەست. بێگومان، كۆكردنەوەی ئەم دوو دەسەڵاتە (ڕۆحیی وزەمەنیی)، نەریتێكی بتپەرستانە بووە، كە لە سەردەمەكانی پێش مەسیحییەتدا ڕەوایی وڕەواجی هەبووە. بەڵام، لە دوای دەركەوتنی (عیسا)ی پێغەمبەر (د.خ)، ئەم كارە جگەلە هاوبەشیكردنی شەیتان، هیچیتر نەبووە. هەربۆیە، پێغەمبەری مەسیحایی فەرمانی بە جیاكردنەوەیان كردبوو،[4] كەچی پاپای ناوبراو، دووبارە خستییەوە بواری جێبەجێكردن. ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم، ئەوەیە كە سەرلەبەری ئەم تیۆرە چەمكی موقەددەس لەخۆ دەگرێت، چ لە سەردەمی سەدە تاریكەكان، چ لە سەردەمی پێشین، كە مەبەست لە سەردەمانی بتپەرستییە. وەلێ، پاپاكان، بەهۆی وەها تیۆرێكەوە بكوژ وبڕ خۆیان بوون، چونكە لە یەك كاتدا سیفەتی پیرۆزیی وڕەهاییشیان بەخۆیان بەخشیبوو.

جێی ئاماژەپێكردنە، وەك چۆن لە پێشتردا باسمان لەوەكرد كە سروشت، مرۆڤی سەرەتایی هاندا بۆئەوەی فێری تەقدیسكردن و(سروشتپەرستیی) ببێت، ئاواش تیۆری دوو شمشێر، مرۆڤی مەسیحیی هاندا زیاتر فێری تەقدیسكردن و(موقەددەسپەرستیی) ببێت، كە مەبەست لە سەدەكانی ناوەڕاستە. ئەوە بەو مانایەی، نە لەو سەدانەدا ونە لە پێشتریش تەواوی مرۆڤایەتیی لە جیهاندا، هەرگیز ماناگەلی ئازادیی نەزانیوە، بە تێگەیشتنی ئەمڕۆ. واتە، ناكرێ بڵێین پێشتر یان لە سەدە تاریكەكاندا مرۆڤی مەسیحیی فێری ئازادیی بووە، وەك ئەوەی (هیگڵ) جەختی لێدەكرد، كە گوایە تەنها نەتەوە ژێرمەنییەكان بەهۆی ئایینی مەسیحییەوە، ئەوەیان دەزانی كە تەواوی مرۆڤەكان ئازادن.[5] بەمانایەكیتر، مەسیحییەت، لەو سەردەمەدا تەواوی مرۆڤی مەسیحیی فێری تەقدیسكردن وگوێڕایەڵیی كوێرانە كرد، نەك فێری ئازادیی

[1] د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم والوسط، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر– بغداد، ١٩٨٨، ص ١٨١
[2] سامي هابيل: القانون الكنسي، القانون، الموسوعة العربية، ٢٠١٨، arab-ency.com
[3] أ. د. سليم ابراهيم: نحو الدولة المدنية في العالم العربي، الطبعة الاولى، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية– ابو ظبي، ٢٠١٢، ص ١٦
[4] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی كۆن وناوەڕاست، و: سەلام كەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩
[5] لین و. لینكستەر: خواوەندەكانی هزری سیاسی، و: كامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦

بکات، وەك ئەوەی (هیگڵ) بانگەشەی بۆدەکرد. وەلێ، ئەوەشی بە ناوی مەسیحییەتەوە هەڵدەستا بە دەستەمۆکردن، زیاتر پاپاکان وکڵێسا ویاریدەدەرانی بوو، کە ببوونە دەزگایەکی موقەددەسی ڕەهای ئەبستراکت لە هەر جۆرە گوێگرتن وپرسیارکردن وتێکەڵبوونێك، واتە ببوونە جەهلێکی موقەددەس.

هەڵبەت، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، کاتێك کەسی موقەددەس هەست بە ڕەهایی خۆی دەکات، ئیدی سنووری دەسەڵاتگەلی خۆی تێدەپەڕێنێت، ودواجار خۆیی لێدەبێتە خواوەندێك کە ژیان ونەمانی تاکەکانی لەدەستدایە. لێرەدا، لەبەرئەوەی وەزیفەی ئەم موقەددەسە، ڕێ بە تێکەڵبوونی ئەم بەو کۆمەڵگایە نادات کە پێشتر ئەم وەزیفە پیرۆزەی پێبەخشیوە، بۆیە ئەم کەسە بە ئەقڵییەتێکی دۆگما وکۆنەپارێزانە کار دەکات، کە پارێزگاریکردن لە بارودۆخی باو، یەکێك لە ئەرکەکانی دەبێت. باشترین نموونەش بۆ ئەم حاڵەتە، پارێزگاریکردنی پاپا پیرۆزەکان بوو لە بارودۆخی پەرتەوازەیی ئیتالیا، تا ئەو کاتەی لە (١٨٧٠ن)دا خەونە مەزنەکەی ئیتالییەکان هاتەدی وباکوور وباشووری ئیتالیا یەکیانگرت. کەچی پاپا (پیۆسی نۆیەم)، دانی بە حکومەتی مەملەکەتی ئیتالیای یەکگرتوودا نەنا ودژی وەستایەوە. [١]
[١] دەرەنجامی ئەم هەڵوێستەی پاپا، هێزە ئیتالییەکان لە (١٩/ ١٨٧٠/٩ن)دا هێرشیانکردە سەر شاری ڕۆما وگەمارۆیاندا، تا لە ڕۆژی دواییدا، واتە لە (٢٠/ ١٨٧٠/٩ن)دا، شارەکە بەبێ بەرگری خۆیدا بەدەستەوە. دواتر، لە مانگی (تشرینی یەکەمی ١٨٧٠ن)دا ولە ڕێی گشتپرسییەکی گشتییەوە، خاکی دەوڵەتی پاپا لە ڕۆما خرایە سەر شانشینی ئیتالیا. [٢] دیارە بەپێی بەڵگەنامەکان، ڤاتیکان وتەلارەکانی دەوروپشتی، لە دوای ئەم مێژووەوە خاوەنی حوکمڕانییەکی تایبەت بوون، هەرچەندە لەو ساتەدا پاپاکان ناڕازی بوون لەو بارودۆخە وخۆیان بە (زیندانییانی ڕۆما) ناوزەد دەکرد. بێگومان، پەیوەندی ڤاتیکان وشانشینی ئیتالیا بەمشێوە شلۆقە درێژەیکێشا، تا لە (١١/ ٢/ ١٩٢٩ن) وبەپێی پەیماننامەی (لاتێران)، سەرۆك وەزیرانی ئەوکات (مۆسۆلینی) وکاردینالْ (پیترۆ گاسپاری) وەك نوێنەری پاپا (پیۆسی یازدە)، ئەم پەیماننامەیەیان واژۆکرد وکۆتاییان بەو گرژییە هێنا. بەپێی ئەم پەیماننامەیە، دەبوو شانشینی ئیتالیا سەربەخۆیی ڤاتیکان بسەلمێنێ، وپاپاش دان بە ئیتالیای یەکگرتوودا بنێ. [٣]

کەواتە، پاپا موقەددەسەکان، لە سەرەتای دەستبەکاربوونیان تا ئەو کاتەش، وەکی ئەو دڕندە ئاوییە (لیڤیاتان– Leviathan) هەڵسوکەوتیان دەکرد کە (هۆبز) لە کتێبەکەیدا باسیدەکات، بەلاْم بە دیوە نێگەتیڤەکەیدا. لەبەرئەوەی، ئەو دڕندە ئاوییە، ماسییە بچووك ولاوازەکانی لە هێرش وپەلاماری

---

[١] نیکۆلۆ مەکیاڤیللی: میر، و: حوسێن عارف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦
[٢] الفاتیکان: مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ٢٥/ مایو/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org
[٣] نیکۆلۆ مەکیاڤیللی: میر، و: حوسێن عارف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧

ماسییە گەورەکان دەپاراست.[1] بەڵام بە پێچەوانەوە، پاپاکان، دەستیان لە گەورە وبچووك نەدەپاراست. واتە، وەکی ئەو دەسەڵاتە زەبەلاحە ترسناکەی بەرگی ئەم کتێبەی (هۆبز) ڕەفتاریان دەکرد، کە بە دەستی ڕاستی شمشێرێکی هەڵگرتووە وبە دەستی چەپیشی گۆپاڵی قەشەکان.[2] هەرچەندە ئەم وێنەیە، مانایەکی پێچەوانەی تیۆری دوو شمشێری دەبەخشیی، لەبەرئەوەی لەو تیۆرەدا دەبوو هەردوو دەسەڵاتی ئایینیی وزەمەنیی، لە دەستی پاپادابێ، بەڵام بەپێچەوانەوە، لەم وێنە ولەم کتێبەی ناوبراودا، دەبوو هەردوو دەسەڵاتەکە لە دەستی دەوڵەتدابێ، تا خەڵکانی بێدەسەڵات لە هێرش وپەلامارەکانی کڵێسا وسەندیکاکان بپارێزێ.[3] ئەمەش، سەرەتایەك بوو بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی پاپا وکڵێسا، یان بۆ کەس ودەزگای موقەددەس.

وەك پێشتر ئاماژەمپێدا، مەترسی موقەددەس، زیاتر لەو کاتەدا دەردەکەوێ کە هەردوو دەسەڵاتی ئایینیی وزەمەنیی بە ڕەهایی لە چنگی بنێ. واتە، دەستێکی بە ئایینەوە ودەسەکەیتری بە دەسەڵاتی سیاسییەوەبێ. هەڵبەت، موقەددەسێکی وەك (خومەینی)، تەواوی ئەم وتانەمی بەسەردا جێبەجێ دەبێ. بەوەی، لەلایەکەوە بە ڕۆحی خودا (روح الله) ناوزەد دەکرا، لەلایەکیتریشەوە، ڕابەری سیاسیی شۆڕشێکی نەرێنیی بوو، کە هەرگیز بڕوای بە دیمۆکراتیی وفرەییەکان ویەکسانییەکان ودەنگەکانیتر نەبوو. چونکە، ناوبراو، کەسایەتییەکی سایکۆپات (شەڕەنگێز)ی هەبوو، کە لە ناخیدا دژایەتی هەموو کرانەوەیەك وجوانیەك ولێبوردەییەك چێنرابوو. بەڵام سەرباری ئەوەش، ناوبراو، توانی بە شۆڕشە نەرێنییەکەی سەربکەوێ وکۆمەڵگاش بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە. دیارە، ئەوەش لەبەر هۆیەکی ئاسان، چونکە کارەکان لە جیهانی ئیسلامیی وعەرەبییدا، پێچەوانە دەبنەوە وهەنگاو بەرەو دواوە دەنرێت، لەبەرئەوەی هەردەم شۆڕشە سیاسییەکان پێش شۆڕشە فیکرییەکان (ڕۆشنبیرییەکان) دەکەون.[4]

بێگومان، دوو ڕاستی هەیە دەمەوێ بیخەمەڕوو، یەکەمیان، ئەوەیە کە ویستوومە بە تەنها ئاماژە بە مەترسی (کەسی موقەددەس) بدەم، نەك چەمکی موقەددەس بەگشتی، کە دەشێت تەواوی دیاردەی سروشتی وشتگەلێکیتریش لەخۆبگرێ. دووەمیان، ئاماژەدانە بە ڕەهایی دەسەڵاتی کەسی موقەددەس لە غیابی یاسادا، کە دەشێت ئایینیی یان سیاسیی یان هەردووکیانبێ. هەڵبەت، ئەگەر یاسا بەرکەماڵبێ، کەسی موقەددەس گەر بوونیشی هەبێ، بێگومان وەك سومبولێکی پیرۆز لە یادەوەرییدا دەمێنێتەوە.

---

[1] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢

[2] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مصدر سابق، ص ٨٩

[3] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢

[4] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦

بەلاّم ئەمە ئەستەمە، چونکە بالاّدەستیی یاسا پەیوەستە بە کۆمەڵگای شارستانییەوە، لە کۆمەڵگای شارستانییشدا، کەسی موقەددەس بوونی ئەستەمە. واتە، لە کۆمەڵگای شارۆمەندان کە یاسا بەرقەراربیّ، موقەددەس بەرقەرار نابیّ. بەپێچەوانەوە، موقەددەس لەو کۆمەڵگا ناشارستانییانەدا دەردەکەویّ، کە یاسا ڕەواجێکی ئەوتۆی نییە، وەك جیهانی ئیسلامیی بەگشتی وجیهانی عەرەبیی وهەرێمی کوردستان وهاوشێوەکانیان بەتایبەتی.

جێی باسە، (ئیمیل دۆرکهایم)، لە کتێبی (شێوە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینیی)دا، وەها لە ئایینی ڕوانیبوو کە هەڵگری موقەددەسە، بەلاّم وەهاش لە موقەددەسی ڕوانیبوو، کە پارێزەری سیستمی کۆمەلاّیەتی وهاوسەنگییە.[1] هەر بە بڕوای ناوبراو، کۆمەڵگا سەرچاوەی ئایینە. واتە، تاکەکانی کۆمەڵگا، خۆیان خوڵقێنەری ئایینن وهەر خۆشیان لە ڕێی پێناسەگەلێکەوە، پیرۆزیی وپیسیی بە دیاردەگەلێکی دیاریکراو دەدەن.[2] مانای، پێویستبوونێکی بیّ چەند وچۆن بە ئایین ودیاردەگەلێکی موقەددەس، بۆ کۆمەڵگا سەرەتاییەکان دێتەئاراوە، کە لە بالاّدەستنەبوونی هۆشیاریی ویاسا ولە ترسی هێزگەلێکی میتافیزیکیی وبەپێی تیۆری پەیمانی کۆمەلاّیەتیی (هۆبز)، تەواوی ڕەعیەت بە خواستی خۆیان ولەپێناو ژیانێکی سەرمەدی ئەودنیا وسیستمێکی خێڵەکیی، ڕێکدەکەون کە دەستبەرداری ئیرادەی خۆیان بن وملکەچی دەسەلاّت (ئایین ودیاردەگەلێکی موقەددەس) بن.[3] واتە، ئەو ئیرادەیە، یەکەمجار لە لاوازییەوە ئەزموون کراوە.[4] بەلاّم، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ئایین مانای ملکەچبوون وخۆبەدەستەوەدانە لە بەرانبەر فەرمانە خوداییەکان.[5] واتە، ئایینی ئیسلام، خۆبەدەستەوەدانە لە بەرانبەر ئەو دەقە پیرۆزانەی پارێزەری سیستمی کۆمەلاّیەتیین، نەك کەس ودیاردەگەلێکی موقەددەس. بەم پێیەبیّ، پێویستبوون بە موقەددەس، بژاردەیەکی لاوازە وپەیوەستە بە ئیرادە وئاستی هۆشیاریی وجڵەوگیریی کۆمەڵگاوە.

لێرەدا، دەکریّ شیمانەی جیاوازییەکی ساکاری ڕاڤەیی، نێوان ئایینی ئیسلام وکۆڵینەوەکەی (دۆرکهایم) بکەین، لەوەدا کە ئایینیی ئیسلام دەسەلاّتێکی بانسروشتییە نەك مرۆڤکرد وهەڵگری تێکستێکی پیرۆزە، کە هەرگیز ڕیّ بە ڕەخنەگرتن ومیتۆدی بەراوردکاریی نادات. هەرچی کۆڵینەوەکەی ناوبراوە، ئایین بە بیرۆکەیەکی مرۆڤ دەزانیّ، کە هەڵگری فینۆمینۆلۆگیایەکی پیرۆزی مرۆڤکردە. بەلاّم،

---

[1] ولیام سواتوس: المقدس والمدنس، ت: ریم النبواني، نیسان ٢٠١٨، موقع معابر، www.maaber.org

[2] لطفي الادریسي: امیل دورکایم، الدین، الحوار المتمدن، العدد (٢٩٤١)، ١١/ ٣/ ٢٠١٠، www.ahewar.org

[3] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١

[4] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

[5] د. محمد محمد رضائي: الهویة، الانتماء والموضوعات، ت: علي آل دهر الجزائري، مرکز البحوث المعاصرة في بیروت، ١٦/ نوفمبر/ ٢٠١٥، nosos.net

لەپێناو پارێزگاریکردن لە سیستمی کۆمەڵایەتیی، هەردوکیان لە توانایاندایە بە زەبر وبە بڕشتبن. چکاوەی مەبەست، ئەوەیە وێڕای ئایین کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەشێت شتگەلێکی پیرۆزیش (نەک کەسی پیرۆز) لەپێناو بەهێزکردنی پایەکانی کۆمەڵگا ولۆیاڵی نیشتمانیی (ولاء وطني)، بوونی هەبێ. بەلام، ئەوەی لە جیهانی عەرەبیی وهەرێمی کوردستان دەگوزەرێ، وێڕای ئایینێکی مەزهەبیی وتائیفیی، نەمانی بەها وشتگەلێکی پیرۆز وبوونی کەسی پیرۆزی بەزەبرە، کە جڵەوی کۆمەڵگای لەدەستدایە.

ئەوروپا، کاتێك گەیشتە قۆناغی پۆست مۆدێرنیزم، ئیدی لەگەڵ مەسیحییەتدا ئاشت بووەوە، لەبەرئەوەی پێشتر هەستی بە قەیرانێکی گەورەی ڕۆحیی یاخود مەعنەویی دەکرد. [١] دیارە، لەم قۆناغەدا، تاکەکان هۆشیاریی ڕۆشنبیرییان هەیە، کە تەریب بە یاساگەلێکی دادپەروەرانە گوزەردەکات، هەربۆیە کۆمەڵگایەکی لێکبوردەی پێشکەوتوو فەراهەم بووە. وەلێ، ئەو ئایینەشی دەستبەکارە، سۆسیۆلۆژیستی ئەمریکیی (ڕۆبێرت بێللا)، بە (ئایینیی مەدەنیی) ئەمریکیی دەیچوێنێت، کە خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان قووڵترین بیروباوەڕەکان وپابەندبوونە ئایینیی وفەلسەفییەکانی ڕۆژئاوایە لەگەڵ بیروباوەڕە میللییەکانی زۆرێك لە ئەمریکییەکان. [٢] ئەم ئایینە مەدەنییە، جیاوازە لەگەڵ ئایینیی تائیفییدا، [٣] بەوەی هەڵگری کۆمەڵێك بیروباوەڕە کە لە بەهای ئازادیی ودادپەروەریی وچاکەکاریی کەسییدا هەیە. [٤] واتە، لە ڕۆژئاوا، وێڕای ئایینێکی میانڕەو، ئەوەشی موقەددەسە کەس ودەزگایەکی ئایینیی نییە، بەڵکو کۆمەڵێك کەلتوور وبەڵگەنامە وپرۆتۆکۆل وسومبولی نیشتمانییە، کە لە یادەوەریی زۆرینەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا ماناگەلێکی پیرۆز دەبەخشن.

هەرچی ڕۆژهەلاتە، وێڕای لەرزۆکیی یاسا وهۆشیاریی ڕۆشنبیریی زۆربەی تاکەکان، بوونی ئایین وکەسی موقەددەس دەبێتە پێویستییەکی حەتمی، کە تەریب بە دەسەلات سیستم ودۆخی ئارام فەراهەم دەکات. واتە، سەرباری هەموو پێشێلکارییەك، کەسی موقەددەس ڕۆڵێکی پێویست لە کۆمەڵگادا دەبینێ، ئەوجا هەرچی دێمۆکراتیشە چەوتبینییە، گەر بوونیشی هەبێ، پاشاگەردانییە. لەبەرئەوەی، "دێمۆکراتی لە غیابی یاسادا، گەڕەلاوژەیە." بێگومان، ئەم حاڵەتە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ تیۆرەکەی (هۆبز)، دەربارەی دۆخی سروشتیی کۆمەڵگاکان، لەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەسەر بنەمای گومان وململانێ دروستبووە، ومرۆڤیش گورگە بۆ براکەی، بۆیە جەنگی هەموان لە دژی هەموان دەبێتە شتێکی حەتمی. [٥]

---

[١] هاشم سالح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤

[٢] د. عبدالقادر محمد فهمي: العقيدة الدينية وأثرها في منهج التفكير السياسي للولايات المتحدة الامريكية، بحوث ودراسات، ودراسات، مجلة العلوم السياسية في منهج التفكير السياسي– جامعة بغداد، ٢٠٠٧، ص ٢٨

[٣] وليام سواتوس: المقدس والمدنس، ت: ريم النبواني، فلسفة واديان، مجلة مصر المدنيّة، ١٩/ ١٢/ ٢٠١٢

[٤] وليام سواتوس: المقدس والمدنس، ت: ريم النبواني، نيسان ٢٠١٨، موقع معابر، مصدر سابق

[1] هەڵبەت، لێرەدایە کە موقەددەس دەتوانێ بە ڕەهایی دەسەڵات بگرێتەدەست، بێ سڵەمینەوە لە لێپرسینەوە، چونکە ئەوەی خەڵکی لێیدەترسن ئاژاوەی کۆمەڵایەتییە نەك دیکتاتۆرێکی بەزەبر وزەنگ. [2] واتە، بارودۆخەکە، پارسەنگی کردەوە ڕەها ونایاساییەکانی موقەددەس دەکات، چونکە (هۆبز) وتەنی: "پەیمان وبەڵێن بەبێ شمشێر هەر قسەیە، وهەرگیز هێزی ئەوەی نابێ ئارامیی وئاسایش دابین بکات." [3] ئەمەش، شەرعییەتدانە بە ڕەهایی ودیکتاتۆرییەتی موقەددەس.

بێگومان، عێراقی ئەمڕۆ، نەخشی ئەم وتانەیە. لەوەی، سیستم وبارودۆخ شلۆقە، یاسا لەرزۆکە، ئایین باڵادەستە، هۆشیاریی ڕۆشنبیریی لاوازە، کەواتە جەنگی هەموان لە دژی هەموان (شەڕی براکوژی) هەردەم بژاردەیەکی بەهێزە. دیارە، لە ترسی دووبارەنەبوونەوەی شەڕ وئاژاوەی کۆمەڵایەتییش، مەرجەع وحزب وسەرکردە پۆپۆلیستە موقەددەسەکان، بوونەتە دیفاکتۆی دەسەڵات. هەرچی بەشداری سیاسیی وهەڵبژاردن وکرداری دیمۆکراتییە کاتبەڕێکردنە. دیارە، دیمۆکراسی، بۆ سندووقی هەڵبژاردن گۆڕدراوە، ولە هەڵبژاردنیشدا خەڵکیی دەنگ بە زۆرینەی تائیفیی دەدەن، [4] بۆئەوەی پارێزراوبن. ئەمە، وایکردووە ڕابەری موقەددەس لەبری سەرۆکی دەوڵەت، مەزهەب وتایەفە لەبری نیشتمان، حزب لەبری حکومەت، میلیشیا لەبری سوپای نیشتمانیی، تۆڵەی خێڵەکیی لەبری یاسا ڕۆڵ ببینن. وەڵێ، سەرباری ڕەعیەت، دەسەڵاتی سیاسییش گرنگییەکی زۆر بە مەرجەعی موقەددەس دەدات، لەوەی وەکی پاپاکان، لە توانایدایە هەردوو دەسەڵات بگرێتەدەست. چونکە، کەسی موقەددەس (حزبیی یان ئایینیی) هەردەم لە بەرژەوەندی دەسەڵات، وبە واعیزی ئایینیی ودروشمی نەتەوەخوازیی، جۆش وکۆنترۆڵی توێژێکی بەرینی کۆمەڵگا دەکات. واتە، پەیوەندییەکی بەرژەوەندیخوازی دوولایەنە، لە نێوان دەسەڵات وکەسی موقەددەسدا چێدەبێ، کە زۆر بە ئاسانیی لە توانایدایە کۆمەڵگا بە عیلمی کەلام وناسیۆنالیزم مۆبیلیزە بکات. دیارە، بوونی ئەم پەیوەندییە ونەبوونی ئەقڵانییەت، هۆکاری جیاکاریی ومۆبیلیزەی مەزهەبییە لە تەواوی عێراقدا. هەربۆیە، دەوترێ: "گەر ئایینەکان مرۆڤەکان لێکجیابکەنەوە، ئەوا ئەقڵ کۆیاندەکاتەوە، چونکە تەنها یەك ئەقڵ بوونی هەیە." [5]

دەمەوێت کۆتایی قسەکانم بەوە بهێنم، کە کۆمەڵگا چەندە پێویستی بە پێشکەوتن وشۆڕشی پیشەسازیی وڕۆشنبیریی وئابووریی وڕەهەندی ماتریاڵیی و...هتد هەیە، هێندەش پێویستی بە ئایین

---

[1] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣

[3] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مصدر سابق، ص ٩٤

[4] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

[5] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص١٥٠

وڕەهەندی ڕۆحیی هەیە، چونکە مرۆڤ پێکهاتووە لە جەستە وڕۆح. دیارە، لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا، سەرباری ئایینێکی مەدەنیی، شتگەلێکی موقەددەسی گرنگیش هەیە کە خۆی لە ئالا وپەیکەری شەهید وڕۆژی سەربەخۆیی و...هتد دەبینێتەوە. بەلام، لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا، وێڕای ئایینێکی مەزهەبیی تائیفیی، ئەوانە شتانێکی بێ ئەرزشی فەرامۆشکراون، تەنها کەسی موقەددەس گرنگی هەیە کە دەتوانێ شمشێر وگۆپاڵ پێکەوە بگرێتەدەست. بۆیە، دەبێ جیاکاریی لە نێوان شتگەلی موقەددەسی پێویست وکەسگەلی موقەددەسی ناپێویستدا بکرێ.

**٢- کاریگەریی ڕەخنەگرتن:**

ڕەخنە، ئەو دەربڕینە نووسراو یا وتراوەیە، کە لە کەسێکی تایبەتمەندی ناسراو بە ڕەخنەگر دەردەچێت، دەربارەی کار یان داهێنان یاخود بڕیارگەلێکی ئەرێنیی ونەرێنیی کەسێك یان خەڵکانێك، لە بوارە جیاجیاکاندا، ئەمەش بەپێی بۆچوونی کەسی ڕەخنەگر. هەڵبەت، ئەو ڕەخنەگرتنەش لەپێناو خستنەڕووی لایەنە بەهێز ولاوازەکاندایە، کە زۆرجار ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ ڕێگەچارە. ئەوجا، دەشێت ڕەخنە لە بواری ئەدەب، ڕامیاریی، کۆمەلایەتیی، هونەر، فەلسەفە، پیشەسازیی، زانستیی و...هتد بێت. دەکرێت، ڕەخنە نووسراوبێ لەڕێی بەڵگەنامەوە، یان بلاوکراوەبێ لەڕێی ڕۆژنامەوە، یاخود لەڕێی وتاری سیاسییەوە، یان چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنیی وئێزگەیی.[1]

مێژوونووسان، لەو باوەڕەدان کە وشەی ڕەخنە (critic, kritik )، یەکەمجار لە زمانی ئیغریقیی بە (techne ) بەمانای تاقیکردنەوە یان فەرمان هاتووە، کە بە گرنگترین خەملێنەرەکانی مرۆڤ دادەنرێت ودەیپارێزێت لە هەڵە وفریودان، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە خودی کەسەکەوە، کە پێی دەوترێت (ڕەخنەی خودیی). لە هەمان کاتدا، وشەی (ڕەخنە)، نیشانەیە بۆ جۆرێك لە دیالێکتیکی ئاوەزیی یان چالاکییەکی پەسەندکراوی ئاوەز، لەپێناو گەیشتن بە مەعریفەیەکیتر.[2] دەربارەی ماهییەتی ڕەخنەگرتن، دەکرێ ئاماژە بە وتەزایەکی (جۆن لۆك) بدەین، کە تەواوی کایە ومەبەستگەلی لەخۆگرتووە، کاتێك دەڵێ: "بێ ڕەخنەگرتن هەرگیز دوای خاوەن دەسەلاتێك مەکەوە، ئەوجا دەسەلاتی ڕۆشنبیری بێت یان سیاسیی یاخود ئایینیی."[3]

---

[1] نقد: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

[2] طالب سلطان حمزة راشد الحميري: تعريف النقد، شبكة جامعة بابل، ١٦/ ١٠/ ٢٠١٧، www.uobabylon.edu.iq

[3] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩

ڕەخنە، بە پێناسە زمانەوانییەکەی، پشکنینی شتەکان وبڕیاردان لەسەری وجیاکردنەوەی باش لە خراپە. هەروەها، بەوەش دەناسرێ کە دەربڕینێکی نووسراو یان وتراوە لە تایبەتمەندێکەوە، کە ناودەبرێ بە ڕەخنەگر. ڕەخنە، بەمانای سەیرکردنی بەهای شتەکان وهەڵسەنگاندنیانە. بۆ نموونە، ڕەخنەی مەعریفیی، مانای سەیرکردنی توانا ومەرجەکانی مەعریفە وسنوورەکانی. بەگشتی، ڕەخنەش بۆ دوو بەش دابەشدەبێ: ڕەخنەی دەرەکیی، کە دەڕوانێتە بنچینەی بۆچوونەکان، وڕەخنەی ناوەکیی، کە تێڕوانینە لە هەمان ئەو بیروبۆچوونانە لە ڕووی پێکهاتە وناوەڕۆکەوە. [1]

بڕوا وایە، (دێکارت)، داهێنەری ڕۆحی ڕەخنەگرتن بووبێت، چونکە هیچ فیکرەیەکی بەبێ گومانکردن وشرۆڤەکردن قبووڵ نەدەکرد. واتە ئەگەر، ئەو فیکرەیە لە تاقیکردنەوەیدا ڕزگاری ببوایە، ئەوا قبووڵی دەکرد، گەر نا قبووڵی نەدەکرد، گەرچی مەسیحیش ئەو فیکرەیەی هێنابا. [2] دیارە، ئەمە، سەرەتایەك بوو بۆئەوەی میتۆدی ڕەخنەگرتن، کاریگەریی خۆی بسەپێنێ، وبەهۆیەوە ئەرتەدۆکسیزمی مەسیحییەت بخاتە ژێر پرسیارەوە. هەڵبەت، چەندین پرسیار، ڕووناکییان بینی وئاڕاستەی کڵێسای مەسیحیی کران، دەربارەی خودا وئایین وبوون وگوناهی مرۆڤەکان و... هتد. بەڵام، کاریگەرترین پرسیار کە دواتر ڕەهەندگەل وشۆڕشێکی فیکریی بەرپاکرد، ئەوەی (ڤۆڵتێر) بوو، کە ئاڕاستەی فەندەمێنتاڵیستە مەسیحییەکان، بەتایبەت کاتۆلیکەکانی کردبوو، کە پرسیبووی: "ئێوە دەڵێن، ئەو ئیمانداره حەقیقییەی لای خودا پەسەندە ولەو دنیا سەردەکەوێ، ئەو کەسەیە کە ئینتیمای تەنها بۆ ئایینەکەمان یاخود بۆ مەزهەبەکەی ئێمە هەیە. بەڵام، ئەی چی لەو خەڵکانەیتر بکەین، کە دەمێننەوە؟ بگرە چی لەو خەڵکە بەخشندانە بکەین، کە پێش دەرکەوتنی مەسیحییەت ژیاون ومردوون؟ چی لە (سوکرات وپلاتۆ وئەریستۆ) بکەین؟ ئەمە جگە لەو هەزاران خەڵکە سادە وڕاستگۆ وپاك وبێگەردانەیتر. ئەی چی لەو خەڵکە باش وبەخشندانەی ئایینەکانیتر بکەین؟ هەر لەبەرئەوەی عەقیدەی مەسیحییان نەزانیوە وئینجیلیان نەخوێندووەتەوە، هەموویان بە کافر دابنێین؟" [3]

زۆرێك لە بیرمەندان، لەو باوەڕەدان کە (کانت)، دامەزرێنەری فەلسەفەی مۆدێرن بێت. [4] بەڵام، مایەی زیادەڕەوییش نییە، گەر بڵێین، (دێکارت) لەگەڵئەوەی داهێنەری ڕەخنەگرتن وگومانکردن بووە، بە یەکەم فەیلەسووفی مۆدێرنیش ناوزەدکراوە. [5] ئەوەتا، (هیگڵ)، لەبارەی (دێکارت)ەوە دەڵێ: "ئەو دامەزرێنەر وماموٚستای فەلسەفەی مۆدێرنە، ئەو فەلسەفە مۆدێرنەی بە ڕووی سەدەکانی ناوەڕاست

---

[1] شیراز حرزالله: تعریف النقد، موضوع. کوم، ١٤/ فبرایر/ ٢٠١٧، mawdoo٣.com

[2] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧

[3] هاشم صالح: الانسداد التأریخي، الطبعة الاولی، دار الساقي للنشر– بیروت، لبنان، ٢٠٠٧، ص ٣٧

[4] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤

[5] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥

وفەیلەسووفە سیکۆلائییەکانیدا داخست." لە کۆتاییدا دەڵێ: "ئەو پاڵەوانێکە، پێشکەشی فیکر کرا." [1] ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە، کە ئەگەر ئیرادە وکاریگەریی ڕەخنەگرتن نەبوایە، ئەوا نە خۆرئاوا ونە مۆدێرنە ونە شارستانییەت بوونی نەدەبوو. [2] هەربۆیە، لە ئێستادا هیچ مرۆڤێکی خۆرئاوایی لەخۆی ناترسێ، کاتێك بیروڕای خۆی بە ئاشکرا لەسەر سیاسەت وئایین، یاخود بە شێوەیەکی گشتی لەسەر کاروباری ژیان دەردەبڕێ. کەواتە، لەگەڵ دروستبوونی مۆدێرنەدا، ئیدی فەلسەفە جۆرێك لە پەیوەندی ڕەخنەئامێزی نوێی لەگەڵ کەلەپووری ئایینیدا فەراهەمکرد، بەجۆرێك کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا گەیشتە ترۆپك. ئا لەو کاتەدا بوو، (نیچە)ش مەرگی خودای ڕاگەیاند، [3] وبەهۆیەوە دین ودنیا، لێکجیاکرانەوە. بەڵام، هەر کاریگەریی ڕەخنەگرتنیش بوو لە ئاوەزباوەڕیی مۆدێرنیزم، کە جارێکیتر ولە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، هێدی هێدی پێگەی مەسیحییەتی لە خۆرئاوا کردە ڕاستییەکی حەتمیی پێویست، لەبەرئەوەی پێشتر هەست بە قەیرانێکی گەورەی ڕۆحیی یاخود مەعنەویی دەکرا. [4]

جێی باسە، ئەقڵ لە دونیای مۆدێرندا، لە دۆخی ڕەخنەییبوون وچالاکبوون وئازادبوونێکی ڕاستەقینەدابوو. هەڵبەت، لەم ئاستەدا گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانی ئەقڵانیی حساب بۆکراون ولە ئێستاوە دەستپێدەکەن وڕوویان لە ئاییندەیەکە کە ئینسان دەیەوێت دروستیبکات، نەك ڕوویان لە مۆدێلێکی دێرینی گریمانەکراوبێ، کە گوایە لە ڕابردوودا هەبووە ودەبێت لە ئێستادا زیندووبکرێتەوە. لەم دیدەدا، ئیشکردنی ڕەخنەگرانەی ئەقڵ لەناو مێژوو ولەناو کۆمەڵگادا، کاتێك دەبێتە ئیشکردنێکی ڕاستەقینە وکاریگەر، کە ڕووی لە مۆدێلێك نەبێت لە دوامانەوەبێ، بەڵکو ڕووی لە دنیایەکی تازەبێ کە پێویست بەوە بکات خشت بە خشتی بە شێوەیەکی ئەقڵانیی دروستبکرێت. ئەمەش، مانای گۆڕانی وێناکردنمان بۆ مێژوو وبۆ زەمەن وبۆ تێپەڕینی کاتە. لێرەدا، نوێبوونەوە دەبێتە دۆخی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دنیا، دروستکردنەوەی دنیایەکی تازە جیاواز لەوەی کە هەیە یان هەبووە ولە دوامانەوەیە. لەمەشدا، ئەقڵانییەت، هێزی هەرە سەرەکیی کارکردنە. دیارە، لەسەر هەمان هێڵ، کەسانێکی دیکە هەن پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرن، کە ئەقڵییەتی ڕەخنەیی مۆدێرن، ئەقڵییەتێکە تەنها ڕابردوو ودنیای پێشخۆی ڕەخنە ناکات، تەنها کۆمەڵگا وکەلەپوور ودەزگاکان ڕەخنە ناکات، بەڵکو خودی خۆیشی ڕەخنە دەکات، هەربۆیە لای (کانت)، خودی ئەقڵی پەتیی ڕەخنەی لێگیرا، [5] ودواجاریش

---

[1] هاشم سالح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢

[2] هاشم سالح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١

[3] پۆڵ ستراسێرن: ساتێك لەگەڵ نیچە، و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی چاپ وپەخشی سایە، چاپەمەنی سایە- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٢

[4] هاشم سالح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤

[5] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤

دەسپێکی شاکارەکانی بە وشەی (ڕەخنە لە ئەقڵی....) دەستیپێدەکرد. هەڵبەت، لە دواییشدا (کانت)، فەلسەفەیەکی قووڵ ونوێی هێنایە کایەوە وناوینا فەلسەفەی (ڕەخنەگەرایی). [1]

لێرەدا، دەتوانین بڵێین ڕەخنەکردنی ئەقڵ بۆ خۆی، یەکێکە لە دەرکەوتە گرنگ وسەرەکییەکانی مۆدێرنە. بەڵام، ئەقڵ، بۆئەوەی ڕەخنەگربێت وبتوانێت وەك هێزێکی ڕەخنەیی کاربکات، وبتوانێت بەرهەمەکانی خۆیی وبەرهەمەکانی دیکە ڕەخنە بکات، دەبێت ئازادبێت. هەربۆیە، یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هاتنەکایەی دنیای نوێ، بوونی ئازادییە. وەلێ، مۆدێرنبوونیش، مانای ئازادبوون. [2] بەڵام، بەڵام، ئەم ئەقڵە زانستییەی خۆرئاوا، بەهۆی چاوبرسییەتیی وپاوانخوازیی زۆر وزەوەندەیەوە ولەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، وەرگۆڕا بۆ ئەقڵێکی تەکنۆلۆژیی، سەرمایەداریی وماتماتیکیی سارد وسڕ. کەواتە، ئەوەی پێویستە ڕەخنەبکرێت ولەبەریەك هەڵوەشێندرێت، خودی ئەقڵ نییە، بەڵکو شێواز وچۆنیەتی بەکارهێنانیەتی. چونکە، مرۆڤایەتیی، هەرگیز ناتوانێت بەبێ ئەقڵ یان لە دەرەوەی ئەقڵدا بژی. [3]

- **لە بواری ئاییندا**

سەرەتا، باشتر وایە بە وتەیەکی نووسەری مانیفێستۆی کۆمۆنیزم (مارکس) دەستپێبکەین کە وتبووی: "ڕەخنەگرتن لە ئایین، بنەمایە بۆ هەموو جۆرێکی ڕەخنە." [4] بەمانای، وێڕای میکانیزمی ڕەخنەگرتن، بەڵام سەرەتا دەبێ بزانین بۆ ولە چ بوار وڕوویەکەوە ڕەخنە دەگرین، کە بە بڕوای ئەو، ڕەخنەگرتن لە بواری ئایین پێشەنگە. هەڵبەت، ئەم وتەزایە، هاوکات بوو لەگەڵ وتەزای (ئەنگڵس)ی هاوتا مانیفێستۆکەی، کە وتبووی: "یەکەمین جەنگی مەزن کە پێی دەگوترا ڕیفۆرم، لە ئەڵمانیا ڕوویدا." [5] بەمانای، ئەو چاکسازییە ئایینییەی لە ئەڵمانیا ڕوویدا، کلیلی هەموو چارەسەر وباوکی ڕەخنەکانە.

شایانی باسە، ڕەخنەی ئایینیی، کردارێکی مەعریفیی زۆر گرنگ وپێویستە، کە بەهۆیەوە فیکر وفەلسەفەی لاهووت وعیلمی کەلام لە بێژنگی ئەقڵ دەدرێت بە شێوەیەکی زانستییانە، هەر بەهۆی ڕەخنەشەوەیە کە تەواوی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی پەیوەندییان بە ئایین وئایینزاوە هەیە، لە پەرگیریی وتوندڕەویی ڕزگاریان دەبێ یان بەریان پێدەگیرێ. دواجار، کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دروستدەبێ،

---

[1] عیماد عەبدولسەلام ڕەئووف: کانت، و: پەژارە عەبدولحەمید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٠

[2] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ژمارە (١)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨

[3] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢

[4] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٧

[5] ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦

کە لە هەناویدا فرەیی ئایینیی وفیکریی وکەلتووریی وجیاوازیی شوناس ودەنگ وڕەنگ وبۆچوونی هەڵگرتووە، ئەمەش مەرجی سەرەکی کۆمەڵگایەکی تەندروستە. کەواتە، (ئێرنست ڕێنان) وتەنی: "گەر ئایینەکان مرۆڤەکان لێکجیابکەنەوە، ئەوا ئەقڵ کۆیاندەکاتەوە، چونکە تەنها یەك ئەقڵ بوونی هەیە." [1]

لە کاتی خۆیدا، (ئۆگەست کۆنت)، وتبووی: "بیروباوەڕەکان بە هێرشکردنە سەریان نامرن، بەڵکو ئەو کاتە دەمرن کە بسەلمێنرێ بێکەڵکن وپێویست نین." [2] واتە، هەرگیز ناکرێ بە زەبری هێز هیچ جۆرە بیروباوەڕێکی بەتایبەت ئایینیی، لەباربرێ. ئەوەتا، پاش سەردەمی ڕۆشنگەریی، کە بە هەموو جۆرێك دژایەتیی ئایینی مەسیحیی دەکرا، بەڵام دواجار وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، توانی بگەڕێتەوە. تەنانەت، لە سەدەی بیست ویەکدا، وەك کاردانەوەیەك لە بەرانبەر ئوسوڵییەتی ئیسلامیدا، توانی بە نۆرم وفۆرمێکی بەهێزیشەوە خۆی دەربخات. بەڵام، گرنگیی میتۆدی ڕەخنەی ئایینیی، لێرەدا دەردەکەوێ، کە نەیهێشت جارێکیتر مەسیحییەت بە ڕوخساری سەدە تاریکەکانەوە بگەڕێتەوە، وئاریشە بۆ خۆرئاوا بنێتەوە. هەربۆیە، فەندەمێنتاڵیزم لەوێ، چیتر هەڕەشە نییە بۆسەر تاك، لەبەرئەوەی بوونی نییە. [3] ئەوەشمان لەبیرنەچێ، ئەم گەڕانەوەیە، چەندین بیرمەندی مەسیحیی مرۆڤدۆستیشی لەگەڵ خۆیدا خستەڕوو، کە دان بە هەڵە وتوندوتیژیی مەسیحییەت لەو کاتەدا دەنێن. هەروەك: (هێنری بێرگسۆن، شارڵ پێگی، جۆرج بێرنانۆس، جان گێیتۆن، پاوڵ ڕیکۆر وزۆرێکیتر). [4]

هەڵبەت، ئەفسانەی یان بەسەرهاتی (ئادەم وحەوا)، [5] کە لە ئایینە ئاسمانییەکاندا دووبارە بووەتەوە وگوایە بەهۆی خواردنی میوەیەکی قەدەغەکراو لە بەهەشت هەردووکیان دەرکراون، بووەتە مایەی گەورەترین تاوان بۆ مێژووی مرۆڤایەتیی، کە تەنها بە ئایین وخوداپەرستیی نەبێ، مرۆڤایەتیی لەو گوناهە ڕزگاری نابێ. ئیدی لەو ڕۆژەوە، مرۆڤایەتیی گوناهبار وهەڵگری تاوانێکی هەرمانیی (أبَدي)یە. لە (سِفْرْ التكوين)ی تەوراتی پیرۆزدا هاتووە: "ئادەم کاتێك گوناهباربوو، کە یاخیبوو لە فەرمانی خودا، بە خواردنی بەری ئەو درەختەی خودا لێی قەدەغەکردبوو لە بەهەشتدا" (فَدَخَلَتْ اَلْخَطِيَّةَ بِآدَمَ عِنْدَمَا عَصْى اَللهَ بِأَكْلِهِ مِنْ اَلْشَّجَرَةِ اَلَّتِي حَرَّمَهَا اَللهُ فِيْ جَنَّةِ عِدْنٍ.) (تكوين ١: ٣– ١٣). [6] هەر لەسەر هەمان بابەت،

---

[1] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص١٥٠

[2] محمد ئارکۆن: بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠١، ل ٨٤

[3] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ٣١

[4] هاشم سالح: فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکان وبزوتنەوە ئوسوڵییە توندڕەوەکان، و: هێمن مەحمود، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

[5] د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١

[6] وليم مكدونلد: الخطية، موقع الكلمة، ٢٠١٨، alkalema.net

له پەڕتووکی پیرۆزی ئینجیلیشدا، نووسراوە: "ئێوە، هەموو کۆیلەی گوناهبوون،" [١] (أنّكُمْ كُنْتُمْ عَبْيداً لِلْخَطِيّةِ) (الانجيل- الجزء الاول- رومية ٦: ١٦-١٨). [٢] دیارە، لە ئایەتی (٥٣)ی سورەتی (یوسف)ی قورئانی پیرۆزیشدا، ئاماژە بە دێڕێك کراوە (هەرچەندە تایبەت بە ئادەم نییە)، بەڵام دەشێت هەمان لێکدانەوەی بۆ بکرێت، کاتێك فەرموویەتی: "نەفس فەرماندەر وکانگای خراپەکارییە، مەگەر نەفسێك کە پەروەردگار میهرەبانیی پێبەخشیبێ." [٣] (إِنَّ اَلْنَّفْسَ لاَمَّارَةٌ بِاَلْسُّوُءِ الاّ ما رَحِمَ رَبّي). هەڵبەت، نەفس (دەروون)، تایبەتە بە مرۆڤ، واتە دەروونی مرۆڤەکان هەردەم هەڵگری خراپەکاریی وگوناهن، ئەمەش لە هەمان ڕوانگەی ئایینیی وبە پشتبەستن بە دەربڕینەکانی پێشوو. دەتوانین بڵێین، لە سێ پەڕتووکی پیرۆزی سێ ئایینی ئاسمانیی جیادا، هەمان چیرۆك وجەختکردن وئامۆژگاری دووبارە بووەتەوە، کە ئاماژەدانە بە گوناهباریی مرۆڤ.

وەلێ، یازدەجار ناوی (عیسا)ی پێغەمبەر، لە سورەتی قورئانی پیرۆز وفەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە، کە لە هەموویدا بەئاشکرا فەرموویانە: "تەواوی مرۆڤەکان گوناهبارن، بێجگەلە مەسیح" (أنّ جَمْيعْ اَلْبَشَرْ خُطْاةْ بِإسْتِثْناءْ اَلْمَسْيحْ). [٤] سەرباری هەموو چیرۆك وئامۆژگارییەکانی پەڕتووکە پیرۆزەکان، پیرۆزەکان، بەڵام دەکرێت بپرسین "منێك کە لەم سەردەمەدا دەژیم، لەپای چی هەڵگری گوناهێك یان تاوانێکبم کە من نەمکردووە وپێش دروستبوونی مرۆڤایەتییە؟" کەواتە، پێویستە میتۆدی ڕەخنە، لێرەوە دەستپێبکات، قۆناغ بە قۆناغ. پێشتر، ئاماژەم بەوەشدا کە لە سەردەمی ئێستادا، جارێکیتر مەسیحیەت وەك (پێویستییەکی ڕۆحیی ومەعنەویی) گەڕاوەتەوە. بەمانای، ناکرێت تا سەر مرۆڤ تەنها بە جیهانی دنیایی وماتریاڵیی وزانستی ئەبستراکتەوە مژوولْ بێ وژیان بگوزەرێنێ، بەڵکو پێویستە ئاوڕیش لە ڕەهەندی ڕۆحیی ودەروونیی وسۆز وعیرفان بداتەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ جمکی جەستە وڕۆحە. واتە، مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاژەڵ ئاسا نییە، تەنها بە غەریزە هەنگاوەکانی هەڵنێ، بەڵکو تاکە بوونەوەرە کە بە ئەقڵ کار وبیردەکاتەوە. کەواتە، هەر ئەقڵیشە توانای ڕەخنەگرتن وهەڵسەنگاندنی پێبەخشیوە. ئەوە هەر ئەقڵ بوو، مرۆڤی خۆرئاوای هاندا، تەقدیسی کۆن لەبەریەك هەڵوەشێنن وبە تەقدیسی نوێ، جێگەی پڕبکەنەوە. هەر لێرەوە بوو، (نیچە) وتی: "خودا مردووە،" واتە خورافیات

---

[١] د. محمد کەمال: کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢

[٢] ديبي برايسون: انجيل يوحنا- حلل بيننا، موقع كالفاري تشابيل ٢ ومين، ccwomen٢women.com

[٣] بورهان محمد امین: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیر، کتێبخانەی ڕۆشنبیر- سلێمانی، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢٤٢

[٤] أسماء المسيح في القرآن: الرئيسية، موقع النور، ٢٠١٧، www.alnour.com

وتەقدیسی کۆن کۆتاییهات، وڕێژەگەریی وعەلمانییەت وتەقدیسی نوێ لە سەردەمی نوێدا، جێگەی گرتەوە. [1]

کاتێك کۆمەڵگای خۆرئاوا، ئیرادەی خولْقاندنی سەردەمی ڕێنیسانسیان بۆ دروستبوو، مانای چەمکی ڕەخنەگرتن خەت وخاڵی دابوو. ئەوەش بووە هۆی بەدواداهاتنی سەردەمانیتر وکرانەوەی زیاتر ورۆشنگەریی وئاوەزباوەڕیی زیاتر. هەڵبەت، تێکڕای بوارگەلی ئایینیی سیاسیی ئابووریی کۆمەڵایەتیی فەرهەنگیی کەلتووریی...هتد، خرانە ژێر هاوێنەی ڕەخنەکارییەوە، تەنانەت لای (کانت) خودی ئەقڵی پەتیش ڕەخنەی لێگیرا. [2] دواجار، خۆرئاوایەکی فەندەمێنتاڵیستی کۆنەوارەتیی، بە لانکی هیومانیزم وتازەگەرایەتیی گۆڕدرا. وەلێ، بە ئیرادەی ڕەخنەگرتن، بیروباوەڕی دواکەوتووی خۆیان ڕووخاند ولەسەر داروپەردووی، دووبارە بیروباوەڕێکی نوێیان بونیادنایەوە.

ئەمە ئەو قۆناغەیە، کە بیرمەندانی عەرەب (محەمەد ئارکۆن وهاشم ساڵح)، باس لە پێویستبوونی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا دەکەن، وئاماژە بە پێویستیی میتۆدێکی ڕەخنەیی دەکەن. دیارە، (محەمەد ئارکۆن) باسی لە (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەیی بۆ کەلەپوور وترادسیۆنی ئیسلامیی) کردبوو. [3] بێگومان، (هاشم ساڵح)یش، باسی لە پێویستیی (خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەیی بۆ کەلەپووری ئیسلامی) کردبوو. ئەمەی دواییان، جەختی لەسەر ئەو ڕاستییەش کردبوو، کە جیهانی ئیسلامیی لەبەرئەوەی هەردەم ڕەتیدەکەنەوە میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی بەسەر کەلەپووری ڕابردوویاندا پراکتیزە بکەن، وەك چۆن ئەوروپییەکان لە ساتی (سپینۆزا) وفەیلەسووفانی ڕۆشنگەریدا کردیان، ئەوا دەرچوون لەو تەنگوچەڵەمەیەی ئێستا تێیکەوتون، ئەستەمە. [4] بۆیە، هەلومەرجی گوزەران لە جیهانی ئیسلامیدا، لەمە باشتر نابێت.

لەم ڕوانگەیەوە، گەر کەمەکێك مێژوو بگەڕێنینەوە دواوە وبەتایبەت بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، هەڵبەت گرنگیی ڕەخنەگرتن وگەورەیی ئاوەز وژیریی وفەلسەفە لەلایەن فەیلەسووفان وتیۆلۆژیستەکانی ئەو سەردەمەوە دەبینین. لە سەروەختی سەدە تاریکەکاندا، سێ ڕەوتی فەلسەفیی ڕکابەریی یەکتریان دەکرد، ئەوانیش:

---

[1] هاشم ساڵح: ئایین وعەلمانییەت وکۆمەڵگای مەدەنی، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاْوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١، ل ٧٤

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤

[3] محمد ئارکۆن: ئایین، عەلمانییەت، فێندەمێنتاڵیزم، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٢٩

[4] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ٦٨

یەکەمیان: بە فێرگەی پلاتۆییزم ناسرابوو، کە (ئۆگۆستینۆس) و(بۆناڤێنتۆرا) دامەزرێنەریبوون، ئەوان هەوڵیاندا بیروباوەڕەکانی (پلاتۆ) لەگەڵ ئینجیلدا بگونجێنن، بە پشتبەستن بە ئایین ولاهووت.

دووەمیان: بە فێرگەی ئەریستۆییزم ناسرابوو، کە (تۆماس ئەکوینۆس) و(ئالبێرتۆس مەگنۆس)ی گەورە دامەزرێنەریبوون، ئەمان هەوڵیاندا بیروباوەڕەکانی (ئەریستۆ) لەگەڵ ئینجیلدا بخەنە پاڵ یەك، [1] بە پشتبەستن بە فەلسەفە ولاهووت.

سێیەمیان: بە فێرگەی ڕوشدیزمی لاتینیی ناسرابوو، کە مەبەست لە بن ڕوشدی لاتینییە، یان مەزهەبی ڕوشدیی یەهوودیی ئەندەلووسییە، کە بە (ئەڤێرۆس)ی لاتینی ناسراوە، و(سیگەری برەبانت) دامەزرێنەری بوو. ناوبراو، لە هەوڵی ئەوەدابوو، سەربەخۆیی فەلسەفە لەبەرانبەر لاهووت وئاییندا بچەسپێنێ. هەڵبەت، ئەم هەنگاوەی ئەو، دژەهەنگاوی بەدوای خۆیدا هێنا، بەوەی لە (٢٨/ مارت/ ١٢٧٧ز) لە پاریس، قەشە (ستیڤان تێمپێر) بە ناوی کڵێسا وئایینی مەسیحییەوە، بە فەتوایەك (٢١٩) خاڵی لەسەر فەلسەفە وفەیلەسووفان تۆمارکرد، کە بە گومڕا ولە ڕێلادەر داینان وفەلسەفەی قەدەغەکرد. [2] شیاوی وتنە، لە سەدەی سیازدەشدا، دادگاکانی پشکنین کە لە بنەڕەتدا دادگای ئایینیی وپشکنینی بیروباوەڕبوون، ساڵی (١٢٣٥ز)، پاپا (گریگۆریۆسی نۆیەم) دایمەزراند وبەستییەوە بە ڤاتیکانەوە. [3] وەلێ، لە (١٥٤٢ز)دا، پاپا (پاوڵی سێیەم) سەرلەنوێ ئەم دادگایەی ڕێکخستەوە، تا لەبەرانبەر پرۆتستانتیزمدا بوەستێتەوە. [4] ئەم دادگایانە، وێنەیەکی زۆر قێزەونی فەندەمێنتاڵیزمی مەسیحییان پێشکەشکرد، کە زۆر زۆر بێباکانە دەنگە فەلسەفییە ئازاد ورەخنەگرەکانی دەکردە سووتماك. بەڵام دواجار، هەر خودی مەسیحییەت، پێویستی بە فەلسەفە بوو لەبۆ چەسپاندنی بیروباوەڕ وکۆڵەکەکانی خۆی.

هەر لە سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاستدا بوو، ئەدەب وهونەر وشانۆ دەرکەوتنەوە بەڵام جیاواز لە سەردەمی کۆن، چونکە ئەو شانۆگەرییانەی لە کڵێساکاندا پێشکەش دەکران، باسیان لە خۆشەویستی خودا وعیسای پێغەمبەر ومەسیحییەت دەکرد. [5] هەر لێرەوە بوو، سەردەمی ڕێنیسانس وچاکسازیی ئایینیی وڕۆشنگەریی چاوی هەڵهێنا، وزانین وزانست پەرەیسەند، پاشان ڕەخنە وگومان لە میتافیزیك دەستیپێکرد، تا ئەوە بوو (کانت) کە بە دەسپێکی بیری ڕەخنەگرانە لە قەڵەم دەدرێ، [6] ڕێگەی خۆشکرد

[1] د. محەمەد کەمال: کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤

[2] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦

[3] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١

[4] سارا فلۆوەرز: چاکسازیی ئایینیی، و: هەژار ڕەحیمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨

[5] لیتراتۆری جیهانیی، هەڵبژاردەیەك لە ئەدەبی گەلانەوە: کۆکردنەوە و وەرگێران: ئومێد محەمەد ئەلیاسی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری– هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٥٦

[6] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی موڕادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩

خۆشكرد بۆ ئەو پەرچەكردارە. لە بەرانبەر ئەمەدا، ژمارەیەك فەیلەسووف، وانەیەكی دیكەیان لە (كانت)ەوە وەرگرت، ئەویش ڕەتكردنەوەی سەرجەم میتافیزیكا بوو. [1] ئەمە بێجگەلەوەی، لەو شوێنەدا كە ئایینی مەسیحیی دەستبەكار بووە، شارستانییەت ئەگەر بە هەنگاوی سست ولەسەرخۆش بووبێ، پەرەی سەندووە. دیارە، لە سێبەری كڵێسادا، مەڵبەندەكانی خوێندن وزانكۆكانی سۆربۆن لە فەرەنسا وئۆكسفۆرد لە ئینگلتەرا وكۆڵۆنیا لە ئەڵمانیا كراونەتەوە، كە چەندین زانا وفەیلەسووفیان پێگەیاندووە. هەر لەوێ، پایەكانی سیستم ورژێمی دیمۆكراتی وژیانی ئازاد وداد، جێگیر بووە. [2] دواجار، لە سەدە نوێیەكانیشدا، فەرەنسا بووە لانكی ئەقڵگەرایی، وئینگلتەرا لانكی ئەزموونگەرایی، وئەڵمانیاش مێژووگەرایی. [3]

تێچاندن لەسەر ئەم بابەتە، ئەوەیە كە جیهانی مەسیحیی لە ساتەوەختی تاریكاییدا، بە پزیسكی ڕەخنە وگومان مۆمی فەلسەفەی داگیرساندووە، كە دواتر بەهۆیەوە تووڵەڕێی بەردەمی ڕۆشنكردووەتەوە. بێگومان، فەلسەفە وزانست ملكەچكراوە لەبەرانبەر تێكستە ئایینییەكان، بەڵام ئەوەی گرنگە، هەوڵە فەلسەفیی وزانستییەكانە كە بە ئیرادە وئەقڵی ڕەخنەگەرایی وگومانگەرایی، بوونی خۆیان سەلماندووە وبوونەتە هۆی ئافراندنی گەشاوەترین شارستانییەت. بەڵام، هەرچی جیهانی ئیسلامییە، بەدەرە لەوانەی ئاماژەیان پێدرا، لەبەرئەوەی ئەو ئەقڵەی ڕەخنەدەگرێ، هێشتا نەهاتووەتە بوون. بە بڕوای بەشێك لە بیرمەندانی عەرەب، گەر تێزی موعتەزیلەكان دەربارەی تێكستی قورئانیی، بەسەر تێزی حەنبەلییەكاندا سەربكەوتایە، ئەوا حاڵیان بەم ڕۆژە نەدەگەیشت وتووشی ئەم چەقبەستنە هزرییە نەدەبوون. [4] ئەم وتەیە، گەرچی ڕاستیشی تێدابێ، بەڵام مێژوویەكی بەسەرچووە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە لە ئێستادا ئیرادەی ڕەخنەگرتن ومیتۆدی مێژووی بەراوردكاریی وفەلسەفاندن پەیڕەوبكرێ.

یەكێك لە كێشەكانی بیرمەندانی جیهانی عەرەبی ئیسلامیی، ئەوەیە كە هەردەم شانازی بە ڕابردووی خۆیانەوە دەكەن، بێئەوەی دوو بەردیان كردبێتە سەریەك بۆ داهاتوو. گەر ئەم قسەیەم ڕاست نەبێت، ئەوا (ئیبن خەلدون)ی ئەمازیغیی نەیدەتوانی بە وتەیەكی لە شاكاری (المقدمة)دا، عەرەبەكان تووڕەبكات كاتێك وتبووی: "فەیلەسووف وزانایەكی ئیسلام نییە ونەبووە، كە عەرەب بووبێ." [5] یان

---

[1] فاروق ڕەفیق: هونەری فەلسەفە، چاپی یەكەم، خانەی حیكمەت بۆ لێكۆڵینەوەی فەلسەفیی، ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ وبڵاوكردنەوە- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٨٥

[2] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩

[3] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی موڕادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨

[4] هاشم ساڵح: خەمەكانی ڕۆشنگەریی، و: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەكەم، لە چاپكراوەكانی پرۆژەی كتێبی یانەی قەڵەم، چاپخانەی كارۆ- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٥

[5] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٨

کاتێك دەڵێ: "زۆرینەی ئەوانەی هەڵگری زانستن، عەجەمن، [1] زۆر بە کەمیی ودانسقە نەبێ، هەڵگری زانست لە عەرەبدا نەبووە، ئەوجا چ لە زانستی شەرعدابێ یان لە زانستی ئەقڵدابێ، خۆ ئەگەر عەرەبیشبێ، ئەوا لە زماندا عەجەمییە." [2] شایەنی ئاماژەپێکردنە، لەناو ئەو سەدان کتێبەشدا کە لەو سەردەمەدا ودواتر بە عەرەبیی نووسراون، هەندێکیان کورد نووسیونی، بەڵام بە زمانی عەرەبیی، لەوانە: (ئەبو حەنیفەی دینەوەریی، ئیبن قوتەیبەی دینەوەریی، ئیبنول ئەلئەسیر ئەلجەزریی، ئیبنول سەلاّح ئەلشەهرەزووریی، ئیبن خەلەکان). [3]

ڕاستییەکیتر، ئەوەیە کە (ئیبن خەلدون)، لە بەشی یەکەمی ئەو شاکارەیدا دەڵێت: "گەر عەرەب زاڵبن بەسەر نیشتمانێکدا، خێرا کاولکاریی ڕووی تێدەکات." [4] گەلۆ، کاولکاری وفەلسەفە کوجا مەرحەبا، گەر گەلێك پچکێك شارستانییەتی تێدابێ، هەڵبەت ڕاستاڵ وخانکرد دەبێ نەك پەپووی کۆتەڵکرد. کەواتە، ئەو فەلسەفەیەش کە لە ڕۆژهەڵات وباشووری ئیسپانیا پەیدابوو، زۆربەی لەلایەن زانایان ونووسەرانی ئەو میللەتانەی ببوون بە موسڵمان، تۆمار یان وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی عەرەبی، کە پێیدەگوترا زمانی لاتینیی ڕۆژهەڵات، وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا. لەوانەش: (کندی بن جوو، بەیرونیی ئۆزبەگیی، غەزالیی ئەفغانیی، فارابی ئازەریی، ڕازی ئێرانیی، بن خەلدونی ئەمازیغیی، ئیبن سینای باوك فارس ودایك تاجیکیی، خەواریزمیی و...هتد). [5] لەم ڕووەوە، جارێکیتر دەکرێت هێما بە ناودارانی کورد لەم بوارەدا بکەین، کە مێژوونووس ومیری کورد (شەرەفخانی بەدلیسی) لە پەڕتووکە پڕ ئەرزشەکەیدا ئاماژەپێیداون، وەك: (ئیبن تەیمییە، ئەبو حەنیفەی دینەوەریی، شەهابەدینی سوهرەوەردیی، ئیبن ئەسیر، ئیبن خەلەکان، کەمالەدینی شەهرەزووریی، ئیبن سەلاّحی شەهرەزووریی، ئیبنول حاجیب، فارقیی، زریاب، ئەبولفیدا وزۆرێکیتر). [6]

شایەنی باسە، (دێکارت) لە کاتێکدا دەرکەوت ودەستی بە فەلسەفاندن کرد، کە زانستە نوێیەکان لەسەر دەستی (کۆپەرنیکۆس) و(گالیلۆ)، هاتبوونە ئاراوە. بەڵام، (ئیبن ڕوشد)، کە عەرەب شانازی پێوە دەکات، لەسەر بنەمای لۆژیکی (ئەریستۆ) وگەردوونناسی (پتۆلۆمیۆس) (بطلیموس) و وێنەی کۆنی دنیا

---

[1] د. محمد العطار: ماذا قال ابن خلدون عن العرب؟ ستصدمون، شبکة فلسطین للحوار، ٥/ ٢٠١٤، www.paldf.net

[2] عبدالرحمن بن خلدون: مقدمة ابن خلدون، الجزء الثاني، الطبعة الاولی، دار البلخي– دمشق، ٢٠٠٤، ص ٣٦١

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، الدار العربیە للعلوم/ ناشرون، بیروت– لبنان، ٢٠١٢، ل ١٥

[4] عبدالرحمن بن خلدون: مقدمة ابن خلدون، الجزء الاول، الطبعة الاولی، دار یعرب– دمشق، ٢٠٠٤، ص ٢٨٧

[5] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠

[6] شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار موکریانی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی نوعمان– نەجەفی پیرۆز، ١٩٧٣، ل ١٧

وگەردوون، فەلسەفاندنی دەکرد. [١] واتە، گەرچی هەوڵی بەزانستکردن وفەلسەفاندنی داوە، بەڵام بە فەلسەفەیەکی ماوە بەسەرچوو، ئەوجا بە مردنی (ئیبن ڕوشد)یش لە (١١٩٨ن)دا، ئیدی تروسکایی ئەو ڕەوتە ئاوەزباوەڕییەش نەماوە. (بێرنارد لویس)، لە کتێبی (چی ڕوویدا؟ ئیسلام، ڕۆژئاوا، تازەگەریی)دا، دەڵێ: "موسڵمانەکانی سەردەمی عوسمانیی، بە درێژایی چەندین سەدە، توانیبویان تەنها یەك کتێب لە بواری پزیشکییدا وەربگێڕن، ئەوەش لەپێناو چارەسەرکردنی سوڵتان لە یەکێك لە نەخۆشییە سێکسییەکانی تووشی ببوو." [٢] ناوبراو، وێڕای ئەوەی دان بە پێشکەوتوویی شارستانییەتی ئیسلامیی دەنێ لە سەرەتادا، بەڵام هۆکاری پاشەکشەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە دامەزرێنەری مەسیحییەت جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە: "ئەوەی بۆ قەیسەرە با بۆ قەیسەربێ، ئەوەشی بۆ خودایە با بۆ خودابێ." [٣] ئاماژە بەوەش دەدات، کە ئیمپراتۆر (کۆنستانتینۆس)، کاتێك باوەڕ بە مەسیحییەت دەهێنێ، کۆمەڵێك چاکسازیی وڕێوشوێنی تایبەت بۆ دەوڵەتەکەی دەگرێتەبەر، بەڵام بەهیچ شێوەیەك کڵێسایەکی دارماو چاك ناکاتەوە، ئەوەش بەپێی ڕاسپاردەی پیرۆز، کە (موڵك وخوداپەرستیی) لەیەك جیادەکردەوە. بەڵام، ئەو دەڵێ ئەم جیاکارییە، بەهیچ شێوەیەك لە ئیسلامدا بوونی نەبووە، بەڵکو ئایینی ئیسلام بە پێچەوانەی ئایینەکانیتر، ڕازی نابێت بە جیاکردنەوەی ئایین وسیاسەت لە یەکتر. [٤] واتە، کۆمەڵگای موسڵمانان لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)، هەم کۆمەڵگایەکی سیاسی وهەم ئایینییش بووە. [٥] کەواتە، هەر ئەو جیاکارییە، خوڵقێنەری سکیۆلاریزم بووە لە داهاتوودا.

زۆربەی مێژوونووسان، کۆکن لەسەر ئەوەی ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مەسیحییەت تا ئەوپەڕی گەندەڵ نەبوایە، وئەگەر دەروونی وشکی نەکردایە وئەوەش بواری بۆ ڕەخنەگرتن نەڕەخسانایە، ئەوا تەقینەوەکەی (لوتەر) ڕوویدەدا، وریفۆرمی ئایینییش لە سەدەی شازدەدا لەدایك نەدەبوو. [٦] ئەگەر ئەگەر توندڕەویی کەسێکی وەك (بۆسوێ) نەبوایە، کە ڕابەری فەندەمێنتاڵیزمی مەسیحیی فەرەنسایی بوو، [٧] هەرگیز سەردەمی ڕۆشنگەریی لە فەرەنسا لەدایك نەدەبوو. گەر کارامەیی وگەورەیی فەیلەسووفان فەیلەسووفان نەبوایە، هەرگیز مێژووی مرۆڤایەتیی، قۆناغی هیومانیزم وفێمێنیزمی نەدەبینی. واتە، تا

---

[١] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢

[٢] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ٥٨

[٣] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٨

[٤] هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠

[٥] برنارد لويس: أزمة الاسلام، ت: حازم مالك محسن، الطبعة الاولى، دار ميزوبوتاميا للطباعة والنشر والتوزيع- بغداد، شارع المتنبي، ٢٠١٣، ص ٤٥

[٦] هاشم ساڵح: خەمەکانی ڕۆشنگەریی، و: ئاوات ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦

[٧] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١

تاریکایی، سەدەکانی ناوەڕاستی دانەپۆشیبا، هەرگیز فەلسەفە سەدەکانی دواتری ڕۆشن نەدەکردەوە. مانای، تەواوی مرۆڤایەتی، قەرزاری فەلسەفەیە، هەڵبەت کوندەپەپووش نافڕێت، تاوەکو تاریکی دانەیەت." [١] واتە، تا نەهامەتیی ودارِمان ڕوو لە کۆمەڵگایەك نەکات، فەلسەفەش هەرگیز نایەتەبەرهەم. بەلاّم، لەم شەوەزەنگەی جیهانی ئیسلامیدا، کە خۆری فەلسەفەی لێهەڵنایەت، مەگەر تۆڕە کۆمەلاّیەتییەکان وماس میدیا وئامڕازەکانی پەیوەندیکردن، وەکی فەلسەفە، ئەو ئەرکەمان بۆ بکێشن وئەو هەورە ڕەشە ڕابماڵن.

- **لە بواری سیاسیدا**

پێدەچێت، دەستەواژەی (ڕەخنەی سیاسی) یان (ڕەخنەگری سیاسی)، لە ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست هێندە باونەبێ، لەگەڵئەوەی بوارە فیکریی وڕۆشنبیریی وزانستییەکان، لێوانلێون لە ڕەخنەگرە ئەدەبیی وهونەریی وکۆمەلاّیەتیی وئابووریی و..هتد. لەبەرئەوە، دەکرێت بڵێین بیرکردنەوەی سیاسیی، نەگەیشتووەتە ئاستی فیکر یان ڕەخنەی سیاسیی میتۆدیی. بەلاّم، لەسەر ئاستی جیهانیی، بە درێژایی مێژوو، هەردەم فەیلەسووفەکان ڕابەرانی ڕەخنەی سیاسیی بوون، بێئەوەی نازناوی (ڕەخنەگرانی سیاسی)یان لێبنرێت، لەگەڵئەوەی سروشتی فیکری سیاسیی، هەردەم پێویستی بە ئەقڵێکی ڕەخنەگرانە هەبووە. ئەمەش، ئەو پرەنسیپە فیکریی وفەلسەفییەیە، کە هەریەك لە (سوکرات وپلاتۆ وئەریستۆ)، لە ڕابەرایەتیکردنی فەلسەفەی گریکییدا چەسپاندوویانە. ئەوەشیان سەلماندووە، کە میتۆدی ڕەخنەگرتن، لە هەموو بەشەکانی مەعریفەی زانستیی فەلسەفیی ئەدەبیی هونەریی مۆراڵیی، یەکن. لەبەرئەوەی، زانستێکی جیایە ویەك بنەچەشیان هەیە، کە زۆر پێویستە بۆ گەشەی مەعریفیی مرۆیی. هەروەها، ئەوەشیان سەلماندووە، کە سیاسەت وەك زانستێك، هەردەم ئامڕازێکی بێلایەنە. [٢]

لە کەس شاراوە نییە، کە بەرهەمەکانی (ماکیاڤێللی) بۆ چەندین سەدە لە سەرانسەری جیهاندا، گەنگەشەی گەورەی وەڕێخستووە. ئێستاش، هەر کە ناوی ئەو دێتە سەر زمان، گەنگەشەیەکی توند دەربارەی دەرەنجامی ئەخلاقیی بەرهەمەکانی دێتە ئاراوە. هەرگیز خەمێك نییە، ئەگەر (ماکیاڤێللی) بە ناپاك وتاوانبار بژمێردرێت. بە دڵنیاییەوە، ئەوەی دەکرێ دەربارەی ئەو بیڵێین، ئەمەیە کە بەرهەمەکانی ئەو یەکێ لە گەورەترین بیناکانی بیری سیاسییە، چونکە ناوبراو لە یەکەمین کەسەکانە کە بناغەی بیری نوێی سیاسیی دارِشتووە. بابەتی ئەم بیرە، ئەمەیە کە پرسی بناغەدانانی سیستەمی سیاسی بەپێی

---

[١] ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل: هیگڵ فەلسەفە ومۆدێرنیزم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

[٢] نبيل راغب: علم النقد السياسي، الطبعة الاولى، المكتبة الاكاديمية– القاهرة، ٢٠١٤، ص ٧

بنەمای (دەسەلاتی دەوڵەت) دێنێتە ئاراوە، وچوارچێوەیەکی پێویست بۆ فۆرمەلەکردنی پرسی سیاسەت ئاراستە دەکات. بە وتەیەکیتر، بە بۆچوونی ئەو، بۆ بناغەدانانی شەرعییەتی دەوڵەت، بەکارهێنانی دەسەلات لەلایەن سیاسەتڤانەوە پێویستە. بەمجۆرە، (ماکیاڤێللی)، وەلامێکی پراکتیکیی بە پرسی بناغەدانانی دەوڵەت دەداتەوە. [1] لەبەرئەمەشە، کە کتێبی (میر)، وەك ئینجیلی سیاسەتی واقیعیی ناوزەد دەکرێت. [2]

بێشك، لە سەرەتای سەدەی شازدەوە تا ئێستا، (نیکۆلۆ ماکیاڤێللی)، بە ڕوونی شوێنپەنجەی بە مێژووی ڕەخنەی سیاسییەوە دیار بووە، هەرچەندە لەلایەن نەیارانی بیروڕایەوە، مشتومڕێکی زۆر تا ئاستی هێرشکردنە سەر بیروڕا وهزری دروستبووە. بەلام، ئەو، بە ڕۆشنبیرییە قووڵەکەی وهزرە دووربینەکەی وتێڕوانینە ڕەخنەگرانەکەی، توانی خۆی ڕابگرێت. وەلێ، لە ڕێی نووسینە شیکاریی وڕەخنەئامێزەکانییەوە، توانیبووی وێڵگە (متاهە)ی سیاسەت، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەوە تا سەدەی شازدە، بخاتەڕوو. هەڵبەت، پەرتووکی (میر)، شاکارترین بەرهەمی وسەرەتای ڕێگا بۆ ڕەخنەی سیاسی بووە. ناوبراو، لە (میر)دا، وێڕای شییکارییەکی واقیعیی بۆ سیاسەت وسیاسەتوانان، شتێکی ئەوتۆی نەوتووە. ئەوەی ڕامیاریستەکان بۆ بەدەستهێنانی پلە وپۆست ومانەوەیان لە دەسەلاتدا دەیکەن، شتێکی زۆر ڕوونە، زۆریان لەو باوەڕەدان کە پرەنسیپە بالاکانی ئاکار، مەرج نییە هەمان ئەو پرەنسیپانەبن کە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن پێویستن. تەنانەت، زۆرێك لە دەسەلاتداران، لە ڕووی مۆراڵییەوە ئەستەمە بتوانرێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. [3]

لێرەدا ولە نێوکۆی سیاسەتکردن وکاری مۆراڵیی وبەرپرسیاریەتیی، ڕەخنەگرتن لە بواری سیاسەتدا، تایبەت دەکەم بە هەرێمی کوردستان، کە تاچەند ڕەخنەکاریی کاریگەریی هەبووە وهەیە وکێن ئەوانەی ڕەخنە دەگرن وبە چ میکانیزمێك ودەرەنجامەکانیش چین. شتێکی تەندروستە، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا خەباتی نەبڕاوە لەپێناو سەربەخۆیی وڕەخنە لە دەسەلات، بوونی هەبێ. هەرچەندە ئەم پرسیارە دوولایەنە، بەلام مەبەست لەوەیە، کە هێزە لۆکاڵییەکان، لەلایەك دژی داگیرکاریی دەرەکیی بوەستنەوە گەر ڕوویدا، لەلایەکیتریش لەسەر ئاستی ناوخۆ، ڕەخنە لە داڕشتەی حکومەتی خۆیی بگرن، گەر پێشێل وگەندەڵییکرد، ئەمەش شەرعییەتدانە بەو دوو کارە. بەلام، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ناوخۆ نەك داگیرکاریی دەرەکیی، کە مەبەست لە ڕەخنەگرتنە وپێویستە زانستییانە وبەبڕشت وبنەمابێ.

---

[1] د. ڕامین جەهانبەگلو: ماکیاڤێللی وماکیاڤێللیزم، و: نەوید مێهراوەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦

[3] نبيل راغب: علم النقد السياسي، الطبعة الاولى، المكتبة الاكاديمية– القاهرة، ٢٠١٤، ص ١٦

گەر لەسەر ئاستی دەرەکی وناوەکی، سەیرێکی مێژووی خەباتی گەلی کورد وهەلومەرج وژیانی تاکی کورد بکەین، دەبینین تاکی کورد، بکەرێکی مێژوو لێڵی ڕەنج بەخەساری بێ بەرنامەیە، کە لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا دەجووڵێتەوە، بێئەوەی خاوەن پرۆگرام وفەلسەفە بێت. [1] بە زمانێکی پاراوتر، دەمەوێت بڵێم، هەرچی خەباتی خوێناویی گەلی کورد بووە، بێجگەلە کاردانەوە وهەوڵگەلێکی ناوچەیی خێڵەکیی داخراوی بێپرۆگرام، کە نەیتوانیوە پراکتیزەی فیکری نوێی سیاسی بکات، هیچیتر نەبووە، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ خوێنی پیرۆزی شەهیدانی ئەو خەباتگەلە. لە ئێستاشدا، فەلسەفەی ڕەخنەگرتن، بێجگەلە ئایدیایەکی ڕەهای وشك ورەقهەڵگەڕاو، پێناچێ چاکسازییەکی قۆناغبەندیی لە نێوخۆی هەرێمدا خوڵقاندبێ، لەگەڵ تەواوی ڕێزمدا بۆ هەوڵەکانی هێزگەلی ئۆپۆزسیۆن. واتە، لەلایەك بێجگەلە نەبوونی شۆڕشی فیکریی وریفۆرمی ئایینیی، نەبوونی پرۆژەی بەنەتەوەییبوونیش لەمپەرێکی تری لەبەردەم خەباتی گەلی کورددا دروستکردووە. لەلایەکی تریشەوە، فەلسەفەی ڕەخنەگرتن بەبێ ئاشنابوون بە چەمکی فرەیی ولێکبوردن، [2] هەرگیز نەیتوانیوە وناتوانێ تەواوی کۆمەڵگا داگیر بکات وقوتابخانەیەکی ڕەخنەیی مۆدێرن وهاوچەرخی فیکریی لە هەرێم، بونیاد بنێ.

مەخابن، لە کایەی ڕەخنەدا، ڕەخنەگران چێو هەر لە حەتمییەتی شۆڕشی سیاسیی وڕاپەڕین وڕووخاندن دەدەن، کە پێچەوانەی شۆڕشی ڕۆشنبیریی وریفۆرم وچاکسازی قۆناغبەندییە. لە ئێستادا، ناکرێ بە هزری مارکسییانە ڕەخنە وبیربکرێتەوە، لەوەی هەم ئەو سەردەم وفەلسەفەیە گوزەشت، هەم لە نەبوونی دەوڵەتدا ئەوە شیاو نییە. کەواتە، گۆڕانکاریی تەندروستی دەسەڵات، هەردەم لەڕێی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی وسندوقەکانی دەنگدانەوەیە، نەك بەرپاکردنی شۆڕش کە دەشێت ئەگەرێکی بەهێزبێ. واتە، سەرباری ئەوەی من لەگەڵ شۆڕشدا نیم، بەڵام بە خوێندنەوەی هەلومەرجی ئێستای هەرێم، ناتوانم بڵێم لە بارودۆخێکی وەهادا شۆڕش بەرپانابێ، چونکە نە دەسەڵات توانیویەتی خواستەکانی گەل دابین بکات، نە پرۆسەی دەنگدان شەفافە، نە ئۆپۆزسیۆنیش توانای مۆبیلیزەکردنی تەواوی گەلی هەیە، وڕۆژ لەدوای ڕۆژیش قەیران وقورسایی ژیان وناڕەزاییەکان زیاتر وئەستوورتر دەبن. هەربۆیە، دەشێت لە خوارەوە ولە نێو جەماوەرەوە شۆڕش بەرپابێ، کە دواجار ئەویش (واتە خودی شۆڕشەکە)، کۆمەڵێك شۆڕشگێڕی پۆپۆلیستی نوێ هاوشێوەی ئەم شۆڕشگێڕانەی ئێستا بهێنێتە بەرهەم، کە تەنها کۆمەڵێك توندڕەو وبارگرانییەکیتربن بەسەر گەلەوە.

هاوکات، تەریب بە ڕوانگەی دەسەڵات، پێدەچێت هەر ئەو بیرکردنەوە ورەخنەگرتنەشبێ، بوونی گۆڕانکاریی ودیمۆکراسی لە مێژووی ئەم گەلەدا تراویلکە وبابردەڵە ولەرزۆك کردبێ. بەڵام، پێشتریش

---

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

[2] تسامح: مقالة، ویكیبیدیا الموسوعة الحرة، ١٠/ ینایر/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

ئاماژەم بەوەدا، فاکتەری سەرەکی لە وەها بیرکردنەوەیەکی ڕادیکالانەی ئۆپۆزسیۆندا، بێشك لە نەبوونی دەساودەسکردنی تەندروستی دەسەڵات وشەفافییەت وشەرعییەتی میللیی ومەشروعییەتی یاسادا خۆیدەبینێتەوە. وەلێ، پرەنسیپی مەشروعییەت، مانای هەر هەڵسوکەوتێك کە لە ئیدارەی حکومەتەوە دەردەچێ، پێویستە هاوتا وهاوجووتبێ لەگەڵ بنەما یاساییە دانراوەکانی نێو دەوڵەتدا. [1] پاشان، شەرعییەتی میللیش، مەبەست لەو وتەزاییە کە دەڵێ: "گەل سەرچاوەی شەرعییەتە." [2] مانای، ئەو پەیوەندییەی لە نێوان گەل ودەسەڵاتدایە، پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای جووڵە وکارلێککردن دروستبووە. واتە، گەر دەسەڵات دیمۆکراتخواز وڕەوا وکراوەبێ، هەرگیز کاردانەوەی نەخوازراو لەلایەن چینەکانی گەل وئۆپۆزسیۆنەوە نابینرێ. بێگومان، لە سایەی ژینگەی نادیمۆکراتیشەوە، ئۆپۆزسیۆن خەسڵەتی نادیمۆکرات وەردەگرێ. [3]

ئەوەی ئاماژەی پێدرا، دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: لە پیوار (غیاب)ی چەمکی ڕیفۆرم ولێکبوردن ودیمۆکراسی وپرۆژەی بەنەتەوەییبوون، ئەوەی دەگوزەرێ ودەبینرێ تەنها فەرهەنگی خێڵ وململانێی حزبیی وناوچەگەرییە. هەڵبەت، بوونی گوتاری کوردی، لە کاتی نەبوونی ناسیۆنالیزم وناسیۆنالیستدا، جگە لە خەیاڵ هیچیتر نییە. [4] ئەوجا، لەلایەکەوە ڕاپەڕینەکانی کورد، کە هەرگیز نەیانتوانیوە سەرەتا بە شۆڕشی ڕۆشنبیریی وڕیفۆرمی ئایینیی دەستپێبکەن، وبگرە کەسانێکی ئایینیی وشێخانیش ڕابەری ئەو ڕاپەڕینانە بوون، لەلایەکی تریشەوە کە هێزگەلی ئۆپۆزسیۆن، لەبری هزراندن وشۆڕشی فیکریی وڕیفۆرمی ئایینیی، بگرە بەشێکیشیان چەشەکراوی ئایین بوون، بۆیە مێژووی سەرجەم هەوڵەکانی کورد، ناکام بووە. کەوابێ، ریفۆرمی ئایینیی، کۆلکەی هاوبەشی خەباتی چەکداریی پارت وڕەخنەی میللەتە. لەبەرئەوەی، بە ڕیفۆرمی ئایینیی، شۆڕشی فیکریی (ڕۆشنبیریی) وئاشتبوونەوە لە نێوان دین ودنیا وئەقڵ وئیمان دروست دەبێ. [5] ئەمە بێجگەلەوەی وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا، هیچ شۆڕشێکی سیاسییش، بەبێ ڕیفۆرمی ئایینیی سەرناگرێ یاخود بەرپا نابێ. [6]

---

[1] د. نجيب خلف أحمد، د. محمد علي جواد كاظم: القضاء الاداري، الطبعة الرابعة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجامعة المستنصرية، كلية القانون، مكتب الغفران– بغداد، ٢٠١٥، ص ٣

[2] د. منذر الشاوي: الانسان والقانون، الطبعة الاولى، الذاكرة للنشر والتوزيع– بغداد، ٢٠١٥، ص ١٣٣

[3] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێران، چاپخانەی ڕۆژهەلات– هەولێر، ٢٠١١، ل ١٤٩

[4] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٨

[5] هاشم سالح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١

[6] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩١

لێرەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە مەحاڵە شۆڕشی سیاسی بە بێ فەراهەمبوونی پێشوەختی شۆڕشی فیکریی (ڕۆشنبیریی) خۆی ڕابگرێ. [1] هەڵبەت، شۆڕشی فیکرییش بەبێ میکانیزمی ڕیفۆرمی ئایینیی کە لە منداڵدانی ئیرادەوە لەدایك دەبێ، مەحاڵە ڕووناکی ببینێ. بە مانای، بۆیە مێژووی شۆڕشگەلی کورد بە دوا مەنزڵگە نەگەیشتووە، لەبەرئەوەی هەرگیز نەمانتوانیوە چاکسازیی ئایینیی وفیکریی، لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەنجام بدەین. واتە، ئێمە، هەردەم شۆڕشە سیاسییەکان پێش شۆڕشی فیکریی دەخەین، [2] سەرباری ئەوەی ڕۆشنبیرانیشمان لەبری ئەوەی بە کاری ڕۆشنبیریی وشۆڕشی فیکرییەوە خەریکبن، کەچی ئەوانیش بوونەتە سیاسیی. دیارە، ئەمە بەسەر تەواوی جیهانی عەرەبیشدا، پراکتیزە دەبێ. بەمەش، ئەقڵییەتی زۆربەی تاکی کورد بە چەقبەستوویی ودۆگما وڕۆچوو لە ئەفسانە ئایینییەکان وحیکایەتە ئایدیۆلۆژییە مژدەبەخشەکاندا دەمێنێتەوە. [3] ئەوجا، بوارێکی ئەوتۆ بۆ ڕەخنە وئازادی ڕادەربڕین نامێنێ، ولەبری کرانەوە وئایدیۆلۆژیای فیکریی چەشەکراو بە پلورالیزم وڕێژەگەریی، داخران وئایدیۆلۆژیای ئایینیی چەشەکراو بە سەلەفیزم وفەندەمێنتالیزم ودەمارگیریی وڕەهایی بالادەست دەبێ. دیارە، ئوسولییەتیش، هەردەم خوازیاری ئوممەی ئیسلامیی بووە بە گشتی، نەك ئوممەی کوردیی بەتایبەت. هەربۆیە، تەواوی شۆڕشەکانمان لەبری سەرکردەی نەتەوەیی وسەرتاسەریی، سەرکردەی پۆپۆلیستیی وناوچەیی بۆ کاتێکی دیارکراو بەرهەمهانیوە، وهەرگیز نەمانتوانیوە گوزەر بەرەو دیموکراسی بکەین.

هەژیی گۆتنە، سەرباری ئەوانەی وتران، دەمەوێ بڵێم ئەوەی کێشەیە، بونیادی شۆڕش خۆیەتی، ئەمە بێجگەلەئەوەی لەسەر ئاستی دەرەکیی، دەرەنجامی شۆڕشەکانیشمان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمیی، دامرکاندنەوە بووە نەك گەیشتن بە مەبەست، چونکە هەرگیز شۆڕشێکی سەرتاسەریی خاوەن یەك سەرکردەی شۆڕشگێڕمان نەبووە. خۆ ئەگەر لە فەرهەنگەکانیشدا، بنواڕینە پێناسەی شۆڕش، دەبینین ئەم زاراوەیە بە ڕووخانی تەواوەتیی حکومەتێك لەهەر وڵات یا دەوڵەتێك، ودانانی دەسەلاتدار یان دەوڵەتێکی نوێ لە ڕێگای توندوتیژییەوە وتراوە، [4] یان شۆڕش بە کارێکی جەماوەریی لەودیو یاساوە دەوترێ، کە بەهۆی نەمانی شەرعییەتەوە بەرپادەبێ. [5] هەروەها، لەسەر ئاستی ناوخۆش، وەك پێشتر ئامارژەم پێدا، کارێکی مەحاڵە. لەبەرئەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، توندوتیژی ڕۆڵی سەرەکیی دەبینێ، کە ئەمە خواستی هیچ گەلێکی ستەمدیدە نییە.

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: ڕۆشنبیر، دەسەلات، ژینگە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩

[2] هاشم سالح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەلان عەبدوللا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦

[3] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤

[4] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی ڕابردوو، ل ٤٢٦

[5] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨٧

کەواتە، پێویستە بیر لە گۆڕینی میکانیزمی هەوڵەکان بکرێتەوە، کە لەسەر ئاستی دەرەکیی، خوڵقاندنیستراکچەرێکی فیکریی ودپلۆماسیی وئۆنتۆلۆژییە، تا لەڕێیەوە دووبارە بونیادی بوون وشوناسی تاکی کورد بکەینەوە بۆ داهاتوویەکی ڕوونتر، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی کە کورد لە کایەی سیاسیدا هەردەم دۆڕاوە. لەسەر ئاستی ناوخۆش، لەبری حەتمییەتی شۆڕش، بیرکردنەوە لە سندووقەکانی دەنگدان، باشترین ڕێگەچارەیە، چونکە "شۆڕش، گەر شەرعییەتی دروستبوونیشی هەبێ، شەرعییەتی یاسایی (مەشروعییەت)ی نابێ." [1] لەبەرئەوەی ، هەموو سیستمێکی سیاسیی لەسەر بنەمای بنەمای مەشروعییەت دروستبووە، وبیرمەندان ویاساناسان وشەرعناسانیش لە کاتی دیراسەکردنی سیستمی سیاسییدا، گرنگییەکی لەڕادەبەدەر بەم شەرعییەتە دەستوورییە دەدەن. [2] لەبەرئەوە، ناکرێت پاڵپشتێك یان بەڵگەیەکی یاسایی (سند قانوني) بدرێت بەو حکومەتانەی لە ڕێی شۆڕشەوە دەگەنە دەسەلات. [3] چونکە، بیرۆکەی مەشروعییەت، لە چوارچێوەی یان بازنەی یاسادا دەسووڕێتەوە، بەڵام بیرۆکەی شەرعییەت، لە بیروباوەڕ وکۆڕای هاووڵاتیان (گەل) لەبۆ دەسەڵات وسیستمی حوکمڕانیی دەردەچێت. واتە، شەرعییەت ومەشروعییەت، دوو جیهانی جیاوازن. جیهانێك، وەك ئەوەی پێویستە وابێت، واتە جیهانی مەشروعییەت یان جیهانی یاسا. جیهانێکیش، وەك ئەوەی هەیە، واتە جیهانی شەرعییەت یان جیهانی سیاسەت. [4] هەرچەندە، چکاوەی قسەم ئەوە نییە شەرعییەت یان مەشروعییەت بەم دەسەلاٚتە بدەم، بەڵام هەرگیز بە شۆڕشیشی نادەم. کەوابێ، با بیرۆکەی "حەتمییەتی شۆڕش" بگۆڕدرێ بە شۆڕشی ڕۆشنبیریی، تاوەکو هەوڵگەلمان لەسەر ئاستی دەرەکیی وناوەکیی بە بەرهەم بگات.

لە ساڵی (١٩٧٩ز)دا، کاتێك شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، (میشێل فۆکۆ)، یەکێك بوو لەوانەی سەردانی ئێرانی کرد وپێشوازیی لەو شۆڕشە کرد، ودواتریش چەندین وتاری لەسەر نووسی. [5] هەڵبەت، لە (١٩٧٨ز)دا، (فۆکۆ) وەك پەیامنێری گۆڤاری (کۆرێرە دێلا سێرا)ی ئیتالی لە سەردانی ئێرانی کردبوو، کە ماوەی دە ڕۆژ لەنێو خیابانەکانی تاران ولەپاڵ خۆپیشاندەراندا مابووەوە. [6] بەڵام، مێژوو ئەوەی سەلماند کە دواجار نەك گەلی ئێران، بگرە تەواوی ناوچەکەش تەرێزی لەو شۆڕشە وپرەنسیپەکانی کرد، لەبەرئەوەی شۆڕشێکی نەرێنیی بوو، هەرگیز بڕوای بە یەکسانی ژن وپیاو نەبوو، کە پێشتر (فۆکۆ) وەك بونیادگەرێك بڕوای پێبوو. ئەم کارەی دەسەلاٚتدارانی نوێی ئێران، شەرمەزارییەکی

---

[1] ثورة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، يناير ٢٠١٤، ar.wikipedia.org

[2] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ١١٦

[3] د. منذر الشاوي: فلسفة الدولة، الطبعة الاولى، دار ورد الاردنية للنشر والتوزيع- عمان، الاردن، ٢٠١٢، ص ٣١

[4] د. منذر الشاوي: الانسان والقانون، مصدر سابق، ص ١٤٣

[5] هند مسعد محمد: ميشيل فوكو والحماقة الايرانية، اضاءات، ١٠/ ٥/ ٢٠١٦، www.ida٢at.com

[6] سعدي عبداللطيف: الفيلسوف الفرنسي تظاهر في شوارع طهران عام ١٩٧٨، جريدة الشرق الاوسط، العدد (٩٧٣٨)، ٢٧/ ٢٧/ يوليو/ ٢٠٠٥

زۆری بۆ (فۆکۆ) لەسەر ئاستی جیهان دروستکرد، تا ناوبراو ناچاربوو لە مانگی نیسانی (١٩٧٩ز)، نامەیەك ئاڕاستەی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە (مەهدی بازرگان) دەربارەی ئازادی ومافەکانی مرۆڤ بکات.

هەرگیز، گلەیی لە گەلێکی ستەملێکراو ناکرێت، کە ڕژێمی پەهلەوی بواری ئازادی وبەشداریی سیاسیی ورەخنەگرتنی بۆ نەهێشتبوونەوە، تا دواجار شۆڕشێکی ڕادیکالأنەیان لە دژی بەرپاکرد. بەلأم، دەکرێ گلەیی لە کەڵە فەیلەسووفێك بکرێت، کە دوای کلاوی بابردوو کەوتبێ. (فۆکۆ)، لە ڕوانگەی شەرعییەتی شۆڕش وکینە بەرانبەر بە مۆدێرنە وئیمپریالیزم وجیهانی سەرمایەداریی ودەسەلأتی ئۆتۆکراسی، ئەو هەنگاوە پەلەیەی نا. ناوبراو، لەبەرئەوەی کەسێکی چەپڕەوی فەرەنسیی بوو، بۆیە، هەموو هێلکەکانی خستبووە ناو سەبەتەی شۆڕشەوە، چونکە بڕوای تەواوی بە شۆڕش وشۆڕشی گەلانی ئێران وەك مافێك هەبوو. بەلأم، خودی سەبەتەکە ڕزیووبوو، بۆیە هێلکەکان شکان. پێدەچێت، پێشتریش بە هەمان لۆژیك ڕوانیبێتییە فەلسەفەی بونیادگەرایی، تا دواجار لێی پەشیمان بووەوە وبووە لایەنگری پاشبونیادگەرایی.

جێی پرسیارە، گەر بپرسین مێژووی شۆڕشگەلی ڕۆمانسییەت وبۆڵشەڤیکەکان وپۆڵپۆتییەکان وماوییەکان وئێران ودواجار شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و...هتد، چ گۆڕانکارییەکی ئەرێنییانکرد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا؟ گەر ئەم شۆڕشانە نەرێنییبن، بێشك شۆڕشی بەریتانیی وئەمریکیی وفەرەنسیش، ئەرێنیین. گەر ئەوانە، ئیسلامگەرا وسۆسیالیستییبن، ئەوا ئەمانیش بۆرژوا ولیبراڵیین. بەلأم، هەموو کارێك کاردانەوەیەکی بەدواداد‌ێ، واتە هیچ شۆڕشێکیش بەبێ کوشتار بەرپانابێ. ئایا، تێکڕای ئەوانەی بەهۆی شۆڕشەکانی ڕووسیا وچین وکەمبۆدیا وئێران وعەرەبییەوە کوژراون، چەند ملیۆنن؟ بەڵگەنامە مێژووییەکان، باس لەوە دەکەن، کە تەنها لە شۆڕشی فەرەنسای (١٧٨٩ز)دا، کە گۆڕانکارییەکی ئەرێنیی لە مێژووی مرۆڤایەتیی بەرپاکرد، لە ماوەی دە ساڵدا لە کۆی (٢٧) ملیۆن فەرەنسی نزیکەی (٢) ملیۆنی کوژران.[1] کاتێکیش شۆڕش سەریگرت، هەر لە سەرەتادا تەواوی ئەو ئەندامانەی بەشدارییان کردبوو، لە کەسانێکی سیاسیی سەربازیی ڕاگەیاندکار هونەرمەند ...هتد، بەدەستی (ڕۆبسپێر) لەسێدارەدران.[2]

کەواتە، دەبێت ئامانجی شۆڕش چیبێ؟ (جۆرج دانتۆن) وتەنی: بۆچی "شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات؟"[3] ئەمڕۆ، بۆچی چەمکی "شۆڕشی بەردەوام"[1] کاڵبووەتەوە؟ کوا ئەو دەوڵەتەی لەسەر بنەمای

---

[1] عيسى الشعيبي: الكلفة الانسانية للثورة، افكار ومواقف، جريدة الغد، ٢٦/ تشرين الثاني/ ٢٠١٠

[2] حسان عمران: الثورة الفرنسية الاولى (١٧٨٩- ١٧٩٩)، مركز ادراك للدراسات والاستشارات- حلب، سورية، ٢٠١٦، ص ١١

[3] معتزبالله عبدالفتاح: حتى لا تاكل الثورة المصرية ابناءها، موقع الوطن، الثلاثاء، ٢/ ٤/ ٢٠١٣، www. elwatannews.com

بنەمای فەلسەفەی مارکسیزم وحەتمیەتی شۆڕش دامەزرا؟ مرۆڤدۆستیی (ستالین وماوزیدۆنگ وپۆلپۆت وخومەینی) وهاوشێوەکانیان لەکوێدایە؟ ئایا لە ئێستادا، گەلانی ئێران، خوازیاری ئەوە نین کۆتایی بە ویلایەتی فەقیهەکان بهێنن؟ بەڵام، گەر ڕژێمی ئێران، لە سەرەتادا بە شێوازی دیمۆکراتییانە دەسەڵاتی بگرتایەدەست، هەرگیز نارەزایی جەماوەریی ودژە شۆڕش لە ئێستادا بەدی نەدەکرا. بێمکووڕیکردن، کەمترین کرانەوەش بۆ ڕەخنەگرتنی ئازاد ولادان بەلای دیمۆکراسییەتدا، ڕژێمی مەلالی ئێران بەکۆتا دێنێ، هەروەك چۆن لە (٣١/ کانونی یەکەم/ ١٩٩١ز) بە سۆڤیەتی هێنا. [2] هەربۆیە، دەقە دەستووریی ویاسا دانراوەکانی ئەم وڵاتانە، ڕێگری لە بەرپاکردنی شۆڕش لە دژی حوکمڕان دەکەن، وئەوانەشی بەو کارە هەڵدەستن ڕەوانەی دادگا دەکرێن، بەبێ لێکۆڵینەوە لە پاڵنەرەکانیان. [3] واتە، گەرچی خۆیان بە شۆڕش دەسەڵاتیان گرتووەتەدەست، کەچی دواجار ڕێگریی لە بەرپابوونی شۆڕش دەکەن.

**٣- کاریگەریی کرداری گوزەرکردن:**

لە ڕوانگەی گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، دەکرێت بڵێین، چەمکی دیمۆکراسی، لە بنەڕەتدا بۆ فەیلەسووفەکانی گریك دەگەڕێتەوە. بەڵام، بەکارهێنانی نوێی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەو ئاژاوەگێڕییە شۆڕشگێڕانەیەی لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا ڕوویاندا. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیشدا، لە نێوکۆی ئەو مشتومڕەی دەربارەی مانای دیمۆکراسی هاتبووە ئاراوە، سێ ئاڕاستەی گشتی دەرکەوتن. هەڵبەت، دیمۆکراسی بەجۆرێك پێناسە کرا، وەك ئەوەی شێوەیەکبێ لە شێوەکانی حوکمڕانی، لە ڕووی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی پێویست بۆ حوکمڕانی، یان ئەو مەبەستانەی حکومەت جێبەجێی دەکات، یاخود ئەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێنەبەر بۆ دروستکردنی حکومەت. بەڵام، کاتێك دەستنیشانی دیمۆکراسی لە ڕووی سەرچاوەی دەسەڵات ومەبەستەوە دەکرێ، ناڕوونیی ولێڵیی دەردەکەوێ. لە زۆربەی سیستمی حوکمڕانیدا، خەڵکانێك دەگۆڕدرێن بۆ ڕابەر وسەرکردە، بە حوکمی لەدایکبوون یان قەدەر، دەوڵەمەندیی، توندوتیژیی، ئارەزوو، خوێندن، دانان وە یاخود تاقیکردنەوە.

---

[1] ليون تروتسكي: نتائج وتوقعات والثورة الدائمة، ت: بشار ابو سمرا، مركز الدراسات الاشتراكية- القاهرة، ٢٠٠١، ص ١٠٦

[2] د. باسم خفاجي: روسيا ومواجهة الغرب، الطبعة الاولى، المركز العربي للدراسات الانسانية- القاهرة، ٢٠٠٨، ص ٢٥

[3] د. أيمن أحمد الورداني: حق الشعب في استرداد السيادة، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي ٦ ميدان طلعت حرب- القاهرة، ٢٠٠٨، ص ٣٨٩

بەلام، جێبەجێکردنی تەندروست وبنەڕەتیی لە دیموکراسیدا، دەستنیشانکردنی ئەو سەرۆکانەیە لە ڕێی کێبڕکێ وهەڵبژاردنەوە، کە گەل پێیهەڵدەستێ. [1]

لەلایەکیترەوە، کرداری گوزەریش، بارودۆخێکە کە تیایدا دەرفەتی مۆبیلیزەکردنی سیاسی لەلایەن هێز وئەکتەرە سیاسییەکان، وئەگەری گوزەر لە ڕژێمێکەوە بۆ ڕژێمێکیتر لەئارادایە. هەڵبەت، ڕەوشی گوزەر بەرەو دیموکراسی، ڕەوشێکە کە تیایدا ئەگەری گۆڕانکاریی بنچینەیی، لە پێکهاتەی دەوڵەت ودەساودەسکردنی دەسەلاتی سیاسی لەئارادایە. لەم ڕەوشەدا، ڕەنگە پشکی باڵ ولایەنە جۆراوجۆرەکانی نوخبە دەسەلاتدارەکان لە دەسەلات، بە قازانجی پەرەسەندنی بەشداریی ورکابەریی سیاسی، گۆڕانی بەسەردا بێت. یاخود، هەموو دەسەلات بکەوێتە دەستی ئۆپۆزسیۆن، یان یەکێك لە بەشەکانی. کەواتە، لە ڕەوشی گوزەر، هەم گروپە ناوخۆییەکان وهەم گروپە نەیارەکانی دەرەوەی گۆڕەپانی دەسەلات، تووشی کێشمەکێش دەبن. جگەلەوەش، هەر بەهۆی ئەم کێشمەکێشەوە، هەندێك بەش لە دانیشتوانیش بە پلەی جۆراوجۆر، زۆر کات بە ئاڕاستەی ئاسانکاریی بۆ گوزەر بەرەو دیموکراسی، مۆبیلیزە دەکرێن. [2]

پێدەچێت، هێنانەئارای سیستمێکی حزبیی فرەیی نوێ بۆ دەوڵەتێك، کە پێشتر ئاشنابووبێ بە حوکمڕانیی تاکە حزبێك یان سیستمێکی دیکتاتۆریی، بەمانای بەرەنگاربوونەوەی هاوولاتیانبێ بە شێوەیەکی کتوپڕ لەبۆ هێزگەلێکی نوێ، وبیروبۆچوون ودەموچاوانێکی نوێ، کە کێبڕکێ دەکەن لە پێناو بەدەستهێنانی لایەنگرییان. خۆ ئەگەر، زەمینەسازیی پێشوەخت بۆ ئەو کارە نەکرابێ، ئەوا تەنها کەسە ناودار وپارتە سیاسییە بەتواناکان دەتوانن بگەنە ترۆپك. بەلام، تیشکخستنە سەر کەسایەتییە کاریزماکان، مەرج نییە تا سەر بەکەڵکبێ، چونکە دیموکراتییە هەمیشەییەکان، هەردەم پێویستیان بە بەردەوامیی پارتە سیاسییەکان هەیە. [3] گوڵەوەچنەی مەبەست، ئەوەیە لە بارودۆخێکی ئاوادا، کە پێشتر تاکڕەویی ودیکتاتۆریی بەرکەماڵ بووبێ، مەرج نییە ڕاستەوخۆ گوزەر بەرەو دیموکراسی ڕووبدات. چونکە، کرداری گوزەر، ناشێت لەپڕێکدا ڕووبدات، بەڵکو وەرچەرخانێکی سیاسی قۆناغبەندە. واتە، تێپەڕبوونە لە قۆناغێك کە گریمانەی ئەوە دەکرێ دیموکراسی نەبێ، یاخود لە قۆناغی دامەزراندنی دیموکراسیدابێ، بەرەو قۆناغێك کە تیایدا بنەما ومەرجەکانی دیموکراسی کاملْ دەبن. ئەمەش خۆی لە

---

[1] صامويل هانتنجتون: الموجة الثالثة، التحول الديمقراطي في اواخر القرن العشرين، ت: د. عبد الوهاب علوب، الطبعة الاولى، دار سعاد الصباح، مطابع سجل العرب– الكويت، ١٩٩٣، ص ٦٤

[2] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩

[3] فرانشسكا بيندا، أندرو أليس، جوران فيشيك، ياش غاي، بن رايلي: التحول نحو الديمقراطية، ت: المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات (IDEA)– السويد، ٢٠٠٥، ص ١٦

خۆیدا، پێویستی بە گۆڕان وگەشەکردنێکی بەرچاو هەیە، لە سیستەمی سیاسی وکارلێکی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەم سیستەمەدا. [1]

هەڵبەت، کاتێك کە وتمان ناکرێ هاوولاتیان لەپڕێکدا وکتوپڕ لە سیستەمێکی نەرێنییەوە بخەینە ناو سیستەمێکی ئەرێنییەوە، مەبەست لە پڕۆسەی ئەو قۆناغبەندییە پێویستەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. واتە، لێرەدا ناکرێ چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی کتوپڕ لە کۆمەڵگایەکی سیاسی بکەین بەرەو نەخشاندنی دیموکراسییەت ودەوڵەتی دامەزراوەیی وئازادیخواز، لە کاتێکدا لەمێژبێ بە ستەمکاریی وژێردەستەیی گۆشکرابێ. بەمانایەکیتر، هەرگیز چاوەڕوانی باشترین بەر لە درەختێکی زڕ ناکرێت. چونکە، وەك ئەوە وایە پەیگیرانە لەپڕێکدا تەواوی حەقیقەت بۆ کەسێکی بێئاگا بخەیتە ڕوو، کە دەشێت ڕاستەوخۆ ببێتە هۆی شۆکبوون ولەدەستدانی پارسەنگی یان تیاچوونی. واتە، ناکرێت بە یەکجار هەموو ڕاستییەکان بە گەل بگەیەنیت، چونکە دەیکوژێت. [2] ئەمە، ڕێك ئەو وتەزایەمان دێنێتەوە یاد کە دەڵێ: "هەرگیز هەقیقەت بە یەکجار نادرکێندرێ، بەڵکو دەبێ وردە وردە ولەسەرخۆبێ. خۆ ئەگەر بە یەکجار بدرکێندرێ، لەوانەیە مرۆڤ بکوژێ." [3] شیمانەی ئەوەش دەکرێ، لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە پێشتر ڕژێمێکی داخراو وسەرکوتکەری هەبووە، تەنانەت جۆرێك لە ئۆپۆزسیۆنی ناجێگیر وبێپێشینە وکەمئەزموونیش دروستببێ. [4] واتە، کرداری گوزەر بەرەو دیموکراسی، حەتمەن قۆناغبەندیی پێویستە.

بابەتی گوزەر لە سیستەمێکی حوکمڕانیی دەسەلاتخوازەوە بۆ دیموکراتخواز، کە لە کۆتایی هەشتاکان وسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، لەو ساتەوەختەدا بوو کە جەنگی سارد ویەکێتی سۆڤیەت ومۆدێلی سۆسیالیستیی بۆ سیستەمی حوکمڕانیی تاکڕەو، کۆتاییان پێهاتبوو. ئاڕاستە باوە نێودەوڵەتییەکانیش، وردە وردە ڕووەو پەیڕەوکردنی بنەماکانی لیبرالیزم لە بواری ئابووری وسیاسیدا دەچوون. وەلێ، تا ئێستاش، بابەتگەلی پەیوەست بە دیموکراسی وحوکمڕانیی ڕێك وڕەوا ومافەکانی مرۆڤ وبنبڕکردنی گەندەڵی و...هتد، لە بابەتە زیندوو وبە بڕشتەکانی جیهانە، کە زۆرێك لە کۆڕ وسیمینار وگوتاری ڕامیاریست وزارگەلی ڕەشۆك وپەڕتووك وگۆڤار وڕۆژنامەکانی تەنیوە. هەڵبەت، لە ئێستادا گەنگەشەی بابەتی دیموکراسی، دەربارەی ئەو دەوڵەتانەیە کە تەرێز لە هەڵکشانی جیهانیی "دیموکراسی" دەکەن، یان ئەوەی کە سیاسەتڤانی ئەمریکیی (هنتنگتۆن)

---

[1] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨

[2] هاشم سالح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەلان عەبدوڵلا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١

[3] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ٢٥٦

[4] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩

به "شەپۆلی دیمۆکراسی" ناودێری دەکات. بێگومان، بە پلەی یەکەمیش، مەبەست لە دەوڵەتانی عەرەبیی وئیسلامییە.[١]

دیارە، یەکێك لە وانەکانی مێژوو لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، جەختکردنە لەوەی: هەر دەوڵەتێك، حکومەتێك، حزب ولایەنێك، گەر بیەوێت لە پێگەی جیۆسیاسی خۆیدا، ئایدیۆلۆژیایەك، مەزهەبێك، سیستمێك، ڕەهەندێك، شێوازێکی حوکمڕانی لۆکاڵیی یان هەر جۆرە شوناسێك بسەپێنێ، (بەتایبەت لە ئێستادا کە فرەیی بەربڵاوە) ئەوا بێمکووڕی لە داهاتوودا، پێچەوانەی ئەو هەولانە دەبێتە گوڵەوەچنە. بۆ نموونە، ئەگەر دەسەلاتێك پێداگری لەسەر ئایینێك کرد، ئەوا لەو کاتەوە کە دەبێتە ئایینی فەرمیی وڵات، یەکەم قوربانیی خودی ئەو ئایینە دەبێ.[٢] لەبەرئەوەی، شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە هەموو دەسەڵاتێك بێئەوەی بەخۆی بزانێ، تۆوی فراژووتنی خۆیی لە هەناوی خۆیدا حەشارداوە. بە مانایەکیتر، وبەپێی "یاسای گۆڕان یان پرۆسەی دیالێکتیکی" (هیگڵ)، هەموو حاڵەتێکی ئاڵۆز، تۆوی ناکۆکیی ودارمانی خۆیی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.[٣] بۆ نموونە، سیستمی ئاڵۆزی عێراقی سەردەمی ڕژێمی بەعس، لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیا وتاکە مەزهەبێك وشوناسێکی عەرەبیی سەپاندبوو، بێگومان ئەوەی دوای پرۆسەی ڕزگارکردن زەرەرمەند بوو، بەعسیزم وسوننە وشوناسی عەرەبیی بوو.

لێرەوە (مارکس)، بە پشتبەستن بە پرۆسەی دیالێکتیك وگەشەسەندنی مێژوویی، گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە بەپێی فەلسەفەی "ماتریاڵیزمی مێژوویی،" هەموو سیستمێکی کۆمەڵایەتی لە ناو خۆیدا هۆکاری لەناوچوونی خۆیی هەڵگرتووە. ناوبراو، جەختی لەوەش کردبوو، کە لە هەموو سیستمێکدا دژەهێز دروست دەبێت ولەگەڵیدا دەکەوێتە ململانێ، تا لەناوی دەبات وڕایدەماڵێت، پاشان لە جێگایدا سیستمێکی نوێ دادەمەزرێنێت. لە ناو ئەم سیستمە نوێیەشدا، هێزی نەیاری دیکە دروست دەبێت، کە بە گژ سیستمە نوێیەکەدا دەچێتەوە تا لەناوی دەبات ولە شوێنی ئەو سیستمێکی نوێتر دێنێتە ئاراوە.[٤] هەڵبەت ئەم یاسای گۆڕانە، دواجار لای (فرۆید) پەرەپێدەدرێ ولە سیستمی کۆمەڵایەتییەوە بەرەو کایەی سایکۆلۆژیی دەگوازرێتەوە، بەوەی: "هەموو ئەوانەی بە درێژایی مێژوو چەپێندراون، ڕۆژێك دەبێ بێداربېنەوە وبتەقنەوە، وەك چۆن گڕکان لە قوڵایی زەویدا دەتەقێتەوە، ئەوجا داوای مافی خۆیان دەکەن

[١] بوروني زكرياء: النخبة السياسية وأشكالية الانتقال الديمقراطي، بحث جامعي لنيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية والعلاقات الدولية، جامعة منتوري– قسنطينة، الجزائر، ٢٠١٠، ص ١

[٢] أ. د. سليم ابراهيم: نحو الدولة المدنية في العالم العربي، مصدر سابق، ص ٢٩٤

[٣] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩

[٤] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤

له بوون ودەربڕین، تۆڵەش لەوانە دەکەنەوە کە چەپاندوویانن وستەمیان لێکردوون." [1] بێگومان، ئەم گریمانەیە، لە نێو سیستمەکانی حوکمڕانیی دەوڵەتانی عەرەب، دواجار بووە ڕاستییەکی حەتمیی حاشاهەڵنەگر، لەبەرئەوەی هەم سیستمە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان هێزێکی دژیان تێدا دروستبوو، کە بووە هۆی گۆڕینیان، هەم ئەوانەشی وەك گەل چەپێندرابوون، دواجار تەقینەوە وتۆڵەی خۆیان کردەوە. هەڵبەت، سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیی، پشتڕاستکەرەوەی ئەم هەقیقەتەن. لەبەرئەوەی، وەك پێشتر ئاماژەمپێدا، دەسەڵاتداران تێکڕای گەلیان لە هەموو ڕوویەکەوە چەپاندبوو، دواجاریش گەل بێداربووەوە وتۆڵەی ئەو ماوەیەی کە چەپێندرابوو، بە شۆڕشگەلێکی ڕادیکاڵانە سەندەوە.

لە وەسفی دەسەڵاتداران وشۆڕشی گەلانی عەرەبدا، (هاشم ساڵح) دەڵێ: "فەزیلەتی یەکەمی ڕاپەڕینی گەلانی عەرەبی، ئەوەیە کە سیستمە پۆلیسیی وتۆتالیتارییەکانی ئەو وڵاتانەی ناچار بە کرانەوە کرد. بۆ یەکەمجار، ئەو گەلانە، توانیان ترس بخەنە دڵی دەسەڵات و وایان لێبکەن، کەمەکێك واز لە لووتبەرزیی ودەسەڵاتی ستەمکارانەیان بهێنن. ڕاپەڕینی گەلانی عەرەب، دەسەڵاتیان ناچارکرد بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، لە مانای گفتوگۆ ودانوستاندن تێبگەن، تەنانەت ئەگەر ئەو دیالۆگ ودانوستانە، لەگەڵ خۆشیدابێ. هەرگیز، بیستووتانە باوکی خانەوادەیەکی عەرەبیی یان سەرۆك خێڵێك، گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانیدا بکات؟ ئەوە شوورەییە وهەرگیز نابێت. ئەوەی وابکات، لە شکۆ وناوبانگی خۆی دادەبەزێنێت، ئیتر چۆن سەرۆك وسەرکردە وڕابەرە عەرەبەکان ئەوە دەکەن؟" [2]

ڕاستە، بەشێك لەم دەسەڵاتانە دواجار بوونە ڕابردوو، بەڵام کرۆکی بابەتەکەمان لەسەر ئەوەیە، کە ئایا بە گۆڕانی ئەم دەسەڵاتدارانە، کرداری گوزەر بەرەو دێمۆکراسی ڕوویدا؟ وەڵێ، نەك لە قۆناغی سەرەتاییدا، بگرە هەر زۆر زووە کە باس لە بابەتێکی وەهاش بکەین. کاتێك گەلی میسر بە شۆڕشێك، (حوسنی موبارەك)ی لە دەسەڵات دوور خستەوە، چی ڕوویدا؟ ئایا کردار وهیوای هیچ ترووسکاییەکی دێمۆکراسی بەدیکرا؟ گەر وابووایە، لەپای چی پاش کەمتر لە ساڵێك، (سیسی) بە کودەتایەك (مورسی) لە دەسەڵات دووردەخستەوە؟ ڕاستە، (مورسی) بە شێوازی دێمۆکراسییانە ولە ڕێی سندووقی دەنگدانەوە گەیشتە دەسەڵات، بەڵام پێشتریش (هێتلەر) بە هەمان سندووقی دەنگدان گەیشتبووە دەسەڵات، هەڵبەت دواجار واپێویستی دەکرد کە هەردووکیان گەر بە هێزیشبێ، کەناربخرێن. هیچ گومانی تێدا نییە، لە بارودۆخی دوای بەهاری عەرەبیی، دەمانبینی سەرەتا هێزە ئیسلامگەراکان پێداگریی زۆر لەسەر هەرچی زووتر ئەنجامدانی هەڵبژاردن وکارتیاکردنی دێمۆکراسییە دەکەن، چونکە باش دەیانزانی کە کۆمەڵانی

[1] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ٦١

[2] د. هاشم ساڵح: لە شۆڕشی فەرەنسییەوە بۆ شۆڕشی عەرەبیی، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٢٧

خەڵك زۆرترین دەنگیان پێدەدەن. بەڵام دوای هەڵبژارد، ئیدی خودی (دیمۆکراسی) دەبێتە دێوەزمەیەکی قێزەون، کە لەگەڵ پرەنسیپە باڵاکانی ئیسلامدا ناگونجێ. هەربۆیە، یەکەمین کارێك، هەوڵدان بوو بۆ مۆبیلیزەکردن ودوورخستنەوەی گۆمەڵگا لە هەموو دیاردەکانی ژیانی دیمۆکراسی. کەواتە، شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، دەکرێ لە خانەی شۆڕشە نەرێنییەکاندا جێبکرێنەوە، هەر وەکی شۆڕشی ئێران.

چکاوەی مەبەست، ئەوەیە کە بڵێین: گەرچی ئەم ڕژێمانە گۆڕان، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەتوانرا سەرەتاییترین کرداری گوزەر بەرەو دیمۆکراسی بەدیبهێنرێ. لەبەرئەوەی، ئەم گەلەشۆڕشە، چێوی هەر لە تاریکیداوە. هەرزەگۆییمە، گەر لەگەڵ شۆڕشی بەریتانیی وئەمریکیی وفەرەنسیی هاوشێوەبوونیان بکەم، لەبەرئەوەی ئەوان سەرباری هەر کەموکوڕییەك، بەهای گەردوونییان بە مرۆڤایەتی بەخشیی، ڕژێمی پادشایەتییان بەدەستووریيكرد، مافی نەتەوەکانیان بەخشیی.[١] هەرچی ئەم شۆڕشە ئیسلامییانەیە، لەبری بونیادنانی مرۆڤی ئازادی خاوەن ماف وکەرامەت، مرۆڤی یاخود ئەوەی بیرمەندی فەرەنسیی سەدەی شازدە (ئیتیان دی لا بۆیسی) پێیدەگوت (هاووڵاتی جێگیر) (المواطن المستقر)یان بەرهەمهێنا، خراپتر لەوەی کە پێشتر بەرهەمهێنرابوو. لەبەرئەوەی، وەك ئاماژەمپێدا، هەرگیز هەڵگری تۆوی ئازادیی وڕۆشنگەریی ومۆدێرنیزم نەبوون، ئەمەبوو وایکرد (جۆرج تەرابیشی) بڵێ: "هەڵەی شۆڕشی هاوچەرخی عەرەبیی، لەوەدایە کە نوێخواز بوو، بەڵام ڕۆشنگەر نەبوو."[٢] بێگومان، ئەم وتەزایەی ناوبراو، بەسەر (گوایە) شۆڕشگەلی ڕژێمە عەرەبییەکانی دوای دووەم جەنگی جیهانیشدا پراکتیزەدەبێ، کە لەبری بانگەشە بۆ حیکایەت وئەفسانە ئایینییەکان، هەڵگری ئایدیۆلۆژیا وحیکایەتی مژدەبەخشی گەورەبوون.

(لا بۆیسی)، لە نامیلکەیەکیدا بە ناوی (وتاری کۆیلایەتیی ئارەزوومەند) (مقالة العبودية الطوعية)، وتبووی: "گەل، بە دەستی خۆی کۆیلایەتیی خۆی یان ئازادیی خۆی دروستدەکات، بەوەی هەر خۆی ستەمکار دروستدەکات یان لایدەبات." لە شوێنێکیتریشدا وتبووی: "ئەو گەلەی بۆ کۆیلایەتیی خۆیدەدات بەدەستەوە، بێشك سەری خۆی بۆ پەڕاندن ڕادەگرێ. گەلێکیش، کە لە بەرانبەر هەڵبژاردنی کۆیلایەتی وئازادییدا دەستەوەستانبێ، بێگومان ئازادیی دەخاتە لاوە وکۆت وبەندی کۆیلایەتیی هەڵدەبژێرێ."[٣] کۆمەبەستم لەم وتەیەی ناوبراو، ئەوەیە کە خودی ئەم گەلانەی جیهانی عەرەبیی، دەستەوەستان بوون لەبەرانبەر هەڵبژاردنی کۆیلایەتیی وئازادیی. هەربۆیە، لە هەر سەردەمێکدا، هەچ

---

[١] غوستاف لوبون: روح الثورات والثورة الفرنسية، ت: عادل زعيتر، كلمات عربية للترجمة والنشر– القاهرة، ٢٠١٢، ص ١٩٩

[٢] هاشم سالح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦

[٣] ایتيان دي لا بويسي: مقالة العبودية الطوعية، ت: عبود كاسوحة، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، توزيع مركز دراسات الوحدة العربية– بيروت، كانون الاول/ ٢٠٠٨، ص ١٥١

دەسەلاّتێکی ستەمکار چۆنی ویستبێ ئاوا ڕامیکردوون، چونکە بە هەموو شنەبایەك لەریونەتەوە. بێگومان، کاتێك دانیشتوانی ولاّتێك تووشی چەپاندن وکپکردنێکی سیستماتیکیی دوورودرێژ هاتبن، دواجار نەوەیەك بەرهەمهاتووە کە پێویستی بە ئازادی نەبووە، وخۆی لەگەڵ ستەمکاریدا گونجاندووە. واتە، دەبێ بەوەی کە پێشتر ناومانبرد بە "هاوولاّتی جێگیر."

لەم بارودۆخەدا، ئەم کەسە، ئەوەی بەلایەوە گرنگ نەبێت، ئازادی ومافەکان وکرداری گوزەرە بەرەو دیمۆکراسی، لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی ئازادی وماف وپارێزگاریکردن لێی، بەرپرسیاریەتییە، بەلاّم کۆیلایەتی هیچ بەرپرسیاریەتییەکی تێدا نییە. [١] بەمانای، ئازادە بەرانبەر بەو بڕیار وکردەوە وهەلّوێستانەی هەلّیاندەبژێرێ، ئەوجا مرۆڤ کە ئازادبوو، بەرپرسیاریشە. [٢] دواجار، ئەم مرۆڤە ئازادە کە ڕابردووی خۆی ڕەت دەکاتەوە ونیگای داهاتووی دەکات، لە کلاّوڕۆژنەی بەرپرسیاریەتییەوە دەڕوانێتە خۆری مێژووی خۆی. (مارکس) وتەنی: "ئەم مرۆڤە، لەژێر کارتێکردنی دەوروبەر وڕەتکردنەوەی ڕابردوودا، مێژوو بۆ خۆی دادەهێنێ." [٣] وەلێ، هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدان، هەرگیز لە توانای ئەم مرۆڤە جێگیرەدا نییە، بگرە ئازادیی وبەرپرسیاریەتی خۆیشی دەسپێرێ بە کەسانیتر کە بەڕێوەیببەن، چونکە لە حالّەتی کۆیلایەتیدا هیچ بەرپرسیاریەتییەك لەسەر شانی نییە. ئەوجا، ئەوەی بەلای ئەم کەسە جێگیرە بێباکە دلّشادەوە گرنگە، تەنها ئایین وپارویەك نان ویارییەکە، کە خۆیی پێوە مژوولّ بکات. [٤]

بێگومان، ئەم حالّەتە، بەسەر ئێمەی کوردیشدا دەسەپێت، بۆیە هەرگیز نەمانتوانیوە ئازادانە وبەرپرسیارانە حوکمڕانیی خۆمان بکەین. گەلۆ، ئەم داڕزانە بونیادییەی بوون، یان ئەوەی (هیگلّ) ناویدەنێ (دارمانی ڕۆح)، وای لە (پلاتۆ) کرد کە پێداگریی بکات وبلّێ: "ئەوانەی زانیویانە حوکمی خۆیان بکەن، مافی حوکمڕانیی ئەوانیتریشیان هەیە." [٥] ئەوەی مایەی پێکەنینە بەلای منەوە، ئەوەیە کە هندستانێکی پێشکەوتووی خاوەن پیشەسازی وتەکنۆلۆژیا، لە ساتەوەختی داگیرکردنیدا لەلایەن بەریتانیاوە، (مارکس) زۆر بە سانایی ولە ڕوانگەی (پلاتۆ)وە وایبینیبوو کە هەلّبەت "خەلّکەکەی توانای نوێنەرایەتیکردنی خۆیان نییە، بۆیە دەبێت نوێنەرایەتیی بکرێن." ئەوەشی نوێنەرایەتیی دەکردن، بەریتانیای سەدەی نۆزدەهەم بوو. [٦] ئاخۆ، گەر (مارکس وپلاتۆ) بمانایە، دەبوو چییان بە ئێمە وعەرەب

---

[١] هاشم سالّح: لەبارەی چەمکی دەولّەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەلاّن عەبدوللاّ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦

[٢] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧

[٣] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی سارتەر، خوێندنەوەیەکی نوێ، زانکۆی مالّبۆرن– مالّبۆرن، ئوستراليا، ٢٠٠٢، ل ٦٣

[٤] أحمد أمين: نظرية المواطن المستقر، مقالة، منتديات تونيزياسات، ١٩/ ديسمبر/ ٢٠١٧، www.tunisia-sat.com

[٥] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

[٦] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٦، ل ٢٠

بوتایە؟ لەم ڕاستییانەوە، گەیشتمە ڕاستییەکیتر، ئەویش ئەوەیە کە بڵێم ئێمەی ئیسلام لە کوێ وکرداری گوزەر بەرەو دێمۆکراسی لەکوێ! بێشك، جیهانی ئیسلامیی، خوا هەر بۆ ئەوە دروستیکردووە چێو لە تاریکیی بدات.

بەڵام، پێچەوانەی ئەم قسانەمان، ئاڕاستەی جیهانی مەسیحیی وبەتایبەت ئەوروپای خۆرئاوا دەکەین، بەوەی سەردەمانێکە ئەوان لەنێو جیهانی دێمۆکراسی وئازادیی وفرەیی ومافی بوون ومرۆڤدا، ژیان دەگوزەرێنن. شیاوی وتنە، سێیەمین کرداری گوزەر بەرەو دێمۆکراسیش لە جیهانی مەسیحییدا، کە (هنتنگتۆن) بە (شەپۆلی سێیەم) ناویدەبرد، لە نیوەشەوی (٢٥/ نیسان/ ١٩٧٤ز) لە شاری (لشبۆنە)ی پورتوگال، لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازیی سەرکەوتوو هاتەئاراوە، وبەهۆیەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی سەربازیی دیکتاتۆر (مارسیلۆ کایتانۆ) هێنرا. دیارە ئەم ڕووداوە، سەرەتای کردارگەلێکی دێمۆکراسییانە بوو لە ئەوروپا وئەمریکای خواروو، کە بەهۆیەوە بەرازیل وئیسپانیا ویۆنانیشی گرتەوە وبووە دیاردەیەکی جیهانیی. سەربار، ئەم کرداری گوزەرکردنە، لە ماوەی پازدە ساڵدا (٣٠) دەوڵەتی لە تۆتالیتاریزمەوە بەرەو دێمۆکراسی وەرچەرخاند. [١] هەڵبەت، هەر بە بڕوای (هنتنگتۆن)، شەپۆلی یەکەمی گوزەر بەرو دێمۆکراسی لە ساڵی (١٨٢٨ز) تا (١٩٢٦ز) لە ئەمریکای باکوور وئەوروپای خۆرئاوا، درێژەی هەبووە. شەپۆلی دووەمیش، لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە تا دەیەکانی (١٩٦٠ز)، لە هەندێ وڵاتی ئەوروپای باشوور وڕۆژهەڵات، ئەمریکای لاتین، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وئەفریقا، درێژەی هەبووە. [٢]

## أ- لە بواری سیاسیدا

## یەکەم/ میکانیزمەکانی گوزەرکردن

لەبارەی وڵاتانەوە، (ئیبن خەلدون) دەڵێ: "ئەو نیشتمانانەی خێڵ وتیرەی زۆرترە، کەمتر حوکمڕانیی دەوڵەتی تێدا بەڕێوەدەچێ. هۆکاری ئەمەش، جیاوازی ڕاوبۆچوون وحەز وئارەزووەکانە. دیارە، لە پشت هەر ڕایەکەوە، حەزێکی تیرەگەریی هەیە کە ڕێگریی لەوانیتر دەکات، ئەمەش زۆربەی کات بوار بۆ هەڵگەڕانەوە ودەرچوون لە دەوڵەت زۆر دەکات. [٣] هەڵبەت، ئەم جۆرە لە دەوڵەتی خێڵگەرایی،

---

[١] صامويل هانتنجتون: الموجة الثالثة، التحول الديمقراطي في اواخر القرن العشرين، ت: د. عبد الوهاب علوب، مصدر سابق، ص ٦١

[٢] د. حسەین بەشیریە: دیموکراسی بۆ هەموان، و: حسەین موحەممەدزادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧

[٣] عبدالرحمن بن خلدون: مقدمة ابن خلدون، الجزء الاول، مصدر سابق، ص ٣٢٦

له جیهانی سێیەمدا زۆر بەدیدەكریّ، بەوەی یەك دەسەلاّت لەلایەن چەند خێلێكەوە بەڕێوەدەبریّ، كە زۆرجار دەبێتە مایەی شەڕی براكوژی. لە ڕاستیدا، ئەم مۆدێلە، بەسەر ئەو دەوڵەتانەشدا دەسەپیّ كە دەسەلاّت لەلایەن دوو مەزهەبی یەك ئایینەوە یان دوو ئایینی جیا یان دوو ئایدیۆلۆژیا وڕوانگەی تایبەت یان بەهۆی جیاوازیی چینایەتییەوە، بەڕێوەدەبریّ. لەبەرئەوە، حاڵەتی براكوژی وشۆڕش وڕاپەڕین وپێكدادانی چەكداریی وسەنگەر لەیەكگرتن، ئەگەرێكی زۆر ئاسان وكراوە دەبیّ، چونكە هەموو ئەمانە لە پیواری ڕەوایی ویاسا وئاوەزمەندیی نوخبەی دەسەلاّتدا ڕوودەدەن. بێشك، هەرێمی كوردستانیش، نموونەیەكی زیندووی ئەم مۆدێلە ناهەموارەیە لە جیهانی ئیسلامییدا، هەربۆیە چ هەرێمی كوردستان وچ زۆرێك لە دەوڵەتانی جیهانی سیّ، لە كردار ومیكانیزمی گوزەر بەرەو دیّموّكراسی، دوورن.

وەك بلاّو وزانراوە، دەوڵەت، بەرزترین شێوە وڕوخساری دەسەلاّت وفەرمانڕەواییە، كە دەشێت لە قۆناغێكدا، وبەپێی جۆرێك یان میكانیزمێك كە نوخبەی دەسەلاّتدار دەیگرێتەبەر، بەرەو دیّموّكراسی مۆبیلیزەببیّ، یاخود دەشێت بەهیچ جۆرێك بوار بۆ ئەو گوزەركردنە نەڕەخسیّ، ولەبری نوخبە، جەماوەر بەو كارە هەستیّ وشۆڕش بەرپابكات، كە دەرەنجام گوزەركردن بەرەو دیّموّكراسی دەبێتە تراویلكە. ئاشكرایە، گرنگترین ڕوخساری فەرمانڕەوایی دەوڵەت، جێبەجێكردن ودانانی یاساكانە لەنێو كۆمەڵگادا. وەلیّ، هەر دەسەلاّتە، سەرچاوەی كەڵك لیّوەرگیراوی دەوڵەتە. هەروەها، حكومەتیش، كۆمەڵێك دامەزراوەیە كە بۆ جێبەجێكردنی فەرمانڕەوایی بڕیارەكان وهەڵوێستەكان پێویستن. دواجار، سیاسەتیش، مانای كۆمەڵێك كاروباری دەوڵەت. بەم پێیە، دەوڵەت، دەبێتە چەمكێكی هزریی ڕووت وناكەسایەتیی، وەكی (ماكس ڤێیبەر) دەڵیّ: "دەوڵەت، بە تەنیا، بەكاربەری دەسەلاّت وهێزە، لەسەر زەوییەكی تایبەتی ولەنێو كۆمەڵێك دەوڵەتی خاوەن سەروەریدا." كەواتە، دەسەلاّتی دەوڵەت، بێهاوتاترین فەرمانڕەواییە كە لەنێو ولاّتێكدایە، هەڵبەت دابەشكردنی فەرمانڕەوایەتیش، بە مانای دابەشبوونی دەسەلاّت دێت.[١] ئەوجا، گەر دەسەلاّتێك ڕەوا ویاساییبیّ، لەمێژە بە باشترین میكانیزم گوزەری بەرەو دیّموّكراسی كردووە، باشتریش وایە بڵێین خودی دەوڵەتێكی دیّموّكراسییە وپێویستی بە هیچ جۆرە میكانیزمێك بۆ گوزەركردن نییە.

زۆرجار، وشەی (گواستنەوە، گۆڕان، گوزەر) بۆ ئەم كردارە دەبیستین كە هەمان مانایان هەیە، بەلاّم ئەوەی گرنگە، ئەو پرۆسە قۆناغبەندییەیە كە كۆمەڵگایەكی سیاسیی چەقیوو لە قەیراندا بەهۆیەوە لە شێوازێكی نادیّموّكراتییانەوە بەرەو دیّموّكراتیزەبوون دەچیّ. لێرەدا، بە پشتبەستن بە دەربڕینی بیرمەندی ئێرانیی (حوسێن بەشیریە)، زیاتر وشەی (گوزەر) بەكاردێنم. شیاوی باسە، گوزەر، پەیوەستە بە دروستبوونی قایلبوون یان ڕازیبوون بە گۆڕان لەلایەن دەسەلاّتی حوكمڕانەوە، ئەوەش لە ئەنجامی

---

[١] حوسەین بەشیریە: بنەماكانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەكر ڕەشید محەمەد ئەمین (كاروانی)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤

دروستبوونی بارودۆخێکی قەیراناویی، وبێتوانایی دەسەلاّت لە کۆنترۆڵکردنی داخوازییە بەهێزەکانی تایبەت بە گۆڕان، کاتێك زۆرینەی گەل بە پشتبەستن بە هۆشیاریی خودیی ودەستەبژێر ورۆشنبیرانی، ئەو ڕاستییەیان لا گەلاّڵە دەبێت، کە دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسیی وەك دیفاکتۆیەك لەبری حوکمڕانیی داگیرکەرێك یان ماندات یان تاکڕەویێك یاخود کەمینەیەك بەسەر گەلدا، دەبێتە پێویستییەکی حەتمیی. ئەمەش دەبێتە هۆی، کرانەوەیەکی سیاسیی، کە ڕێ بە گەشەکردنی داخوازییەکانی تایبەت بە گۆڕان دەدات، وبەهۆیەوە دەسەلاّت ناچاری قایلبوون بە پەیمانێکی کۆمەلاّیەتیی وپشتبەستن بە یاسا ومەشروعییەتی دەستوورێکی دیموکراتیی دەکات. بێگومان، ئەوەی لێرەدا گرنگبێ مەشروعییەتە، چونکە چەمکێکی یاساییە وهەستی پێناکرێت، تەنها لە ڕێی سیستمی یاساییەوەنەبێ.[1] لێرەوەیە، کە کرداری گوزەرکردن بەرەو دیموکراسی دەستپێدەکات، کە پابەستە بە چەسپاندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی، لە هەناوی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا ولە کارتیاکردنی دامەزراوە فەرمییەکاندا.[2]

(حوسێن بەشیریە)، کاتێك بەپێی ئەزموونی مێژوویی، باس لە هەلومەرج وهۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕەوشی گوزەر بەرەو دیموکراسی دەکات، ئاماژە بە سێ فاکتەر دەدات. **یەکەمیان**: ویستی چاکسازی لە سەرەوەی دەسەلاّت ولەلایەن باڵی چاکسازیخوازەوە. **دووەمیان**: زیادبوونی بەرچاو لە چالاکی خەباتگێڕانەی ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لەئارادایە. **سێیەمیان**: لە هەلومەرجێکدا کە ڕژێمی نادیموکراتیی نەبووبێتە چاکسازیخواز وئۆپۆزسیۆنیش چالاکتر نەبووبێت، ئەوا دەرفەتی سەرهەڵدانی هەلومەرجی گوزەر لە خوارەوە ولەلایەن بزاڤ وڕاپەڕینە کۆمەلاّیەتیی وجەماوەرییەکانەوە ڕوودەدات.[3] لێرەدا، پێویست بەوە دەکات کە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بدەین، وئەوانەی باسمانکرد، وەك سێ حاڵەتی دیاردەیی کۆمەڵگا، لە هەلومەجی گوزەرکردندا بخەینە ڕوو.

- **چاکسازی لە سەرەوەی دەسەلاّت**

وشەی چاکسازی یان ڕیفۆرم، پێچەوانەی وشەی گەندەڵییە. لە ڕووی دەستەواژەییەوە، لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)دا، ئاماژە بە ڕیفۆرم کراوە، بەوەی گۆڕان یان ئاڵوگۆڕێکە ڕووەو باشتر بۆ بارودۆخی ئەو شتانەی لە حاڵەتی کەموکوڕیدان، بەتایبەت لە دامەزراوە ودەساودەسکردن وکارتیاکردنە سیاسییە گەندەڵەکاندا. وەڵێ، لە فەرهەنگی (وێبستێر) بۆ دەستەواژە سیاسییەکان (١٩٨٨ن)، چاکسازی

---

[1] د. منذر الشاوي: الانسان والقانون، مصدر سابق، ص ١٤٢

[2] بوروني زكرياء: النخبة السياسية وأشكالية الانتقال الديمقراطي، مصدر سابق، ص ٣٥

[3] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣

سیاسیی، بەوە پێناسەکراوە کە باشترکردنی سیستمی سیاسییە لەپێناو دوورخستنەوەی ستەمکاریی وگەندەڵیدا. هەڵبەت، ڕیفۆرمی سیاسیی، کۆڵەکەیەکی بنچینەیی حوکمڕانییەکی باش ولەبارە، وێڕای بالأدەستیی یاسا وشەفافییەت وبەشداریی میللیی لە بڕیاردان وداد وکارامەیی ولێپرسینەوە و...هتد، کە لە دیاردەکانی چاکسازیین. دیارە، ئەمەش نوێبوونەوەی ژیانی سیاسیی وڕاستکردنەوەی ڕێچکەی کرداری سیاسیی وداڕشتنی دەستووریی ویاسایی وجیاکردنەوەی دەسەڵأتەکان دەگەیەنێت.[1]

لەلایەکیترەوە، واتای پێشتری چاکسازیی، بە دووبارە داڕشتنەوە دەهات، هەروەك چۆن سەربازەکان هێڵەکانی خۆیان دووبارە دادەڕێژنەوە وڕاستدەکەنەوە. ئەم واتایەی چاکسازیی، سیفەتێکی کاردانەوەیی هەیە، چونکە دووبارەکردنەوەی ڕابردوو دەگەیەنێت، واتە گێڕانەوەی شتێك بۆ سیستمە بنەڕەتییەکەی. ئەم سیفەتەی چاکسازیی، (واتە ڕوانین بۆ دواوە)، ئاشکرابوو لە بەکارهێنانی زاراوەی (reformation) بۆ وەسفکردنی دامەزراندنەوەی کڵێسای پرۆتێستانت لە سەدەی شازدەهەم، چونکە پشتیوانانی ئەم بۆچوونە، بە بزوتنەوەیەکیان دەزانیی بۆ گەڕاندنەوەی فۆرمێکی کۆنتر وپاکتری ئەزموونی ڕۆحانیی پێشتر. بەڵام، بەکارهێنانە مۆدێرنەکەی چاکسازیی، زیاتر بە مەبەستی نۆژەنکردنەوە بەکاردێت نەك گەڕاندنەوە بۆ دواوە. واتە، دروستکردن وداهێنانی فۆرمێکی نوێ، لە دژی فۆرمە کۆنەکە. وەڵێ، چاکسازیی، لە ئێستادا بەندکراوە بە ئایدیاکانی پێشکەوتن.[2]

لە ڕاستیدا، چاکسازیی یان ڕیفۆرمە سیاسییەکان، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕانکارییە سیاسییەکانن. ڕیفۆرمەکان، ڕەنگە لە سەرەتادا تایبەت بە بوارێکی وەك دابەشکردنی زەوییەکان بووبن، بەڵام دواتر بەرفراوانتر دەبن. لەو وڵأتانەی، کە دەرەتانی ئەوەیان نەبووە لە خوارەوەڕا شۆڕش وڕاپەڕین بەرپابکەن، بەڕێوەبردنی ڕیفۆرمەکان لە سەرەوە، جێگای شۆڕشیان گرتووەتەوە. وەڵێ، ڕیفۆرمەکانی ئیمپراتۆر (میجی) لە ژاپۆن (١٨٦٨ز)، ڕیفۆرمە بەناوبانگەکانی (بسمارك) لە ئەڵمانیا، و(گۆرباچۆڤ) لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، دەرەنجامی گەورە وشۆڕشگێڕانەیان بەدواوە بووە. هەربۆیە، ڕەنگە هەندێك ڕیفۆرم، لە هەندێك لە شۆڕشەکان کاریگەرترین. لەبارەی هەلومەرجی ڕیفۆرمەکانەوە، دەبێ بگوترێ کە بەڕێوەچوونی ڕیفۆرمەکان، پێویستیان بە جۆرێك لە کەلێن ولێکدابڕان لە نێوان چینی دەسەڵأتدار وڕیفۆرمیستەکان وئەو تاقمانەی کە ڕەنگە لە ڕەوتی ڕیفۆرمەکاندا زەرەریان بەربکەوێ، هەیە. پاشاکان، هێزە سەربازییەکان، بەشێك لە چینی ئاریستۆکرات وڕۆشنبیران لە وڵأتە جۆراوجۆرەکاندا، لە ڕیفۆرمە سیاسییەکاندا، ڕۆڵیان هەبووە. سەرکەوتنی ڕیفۆرمەکان، پێویستی بەوە هەیە کە لە هەلومەرجی لەباردا

---

[1] محمد محمود السید: مفهوم الاصلاح السیاسي، مواضیع وابحاث سیاسیة، الحوار المتمدن، العدد (٣٥٥٥)، ٢٣/ ١١/ ٢٠١١، www.ahewar.org

[2] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٨

جێبەجێ بکرێن. [1] سەربار، ڕیفۆرم وشۆڕش، دوو ئالییەتی دروستکردنی گۆڕانن ودژی یەکتریشن، بەوەی بەوەی چاکسازیی واتە پرۆسەیەکی گەشەپێدان بۆ گۆڕان، بەڵام شۆڕش واتە گۆڕانێکی بنەڕەتیی وڕیشەیی، کە بەهۆی توندوتیژییەکی لەناکاوەوەیە. [2]

جێی ئاماژەپێکردنە، چاکسازیی یاخود ڕیفۆرمە سیاسییەکان، هەر خۆی هۆکارێکی سەرەکی گۆڕانکارییە سیاسییەکانە. ڕەنگە چاکسازیی لە سەرەتادا، سنووردار وپەیوەست بە پانتاییەکی دیاریکراوەوەبێ. بۆ نموونە، ڕەنگە چاکسازییەکە زەمینەسازیی نەبێت، بەڵام دواتر پانتاییەکی زیاتر دەگرێتەوە. دیارە، لەو وڵاتانەدا کە گریمانەی ڕوودانی شۆڕشێك لە خوارەوە لە ئارادا نەبێ، ئەنجامدانی چاکسازیی لە سەرەوە، جێگرەوەی شۆڕش بووە. کاتێك ڕژێمە سیاسییەکان، تووشی قەیرانی ئاشکرا وزۆر دەبن، چاکسازییە لاوازەکان، ڕەنگە ببێتە هۆی زۆرکردنی قەیرانەکە وڕۆڵی پێویستی خۆی نەبینێت. بەڵام بە پێچەوانەوە، کاتێك چاکسازییەکان لە سۆنگە وهەڵوێستێکی بە بڕشتانە وبەر لە سەرهەڵدانی قەیرانبێ، ئەوا چاکسازییەکان باشتر وکارسازتر دەبن. لە ڕووی چەشنی ئەو ڕژێمانەوە کە چاکسازییان تێدادەکرێ، پێویستە ڕژێمگەلە داخراو ودەسەڵاتخوازەکان لە ڕژێمگەلە دیمۆکراسەکان جیابکرێنەوە. وەلێ، ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان، کاتێك چاکسازییان تێدا ڕوودەدات، زەرەرمەند دەبن. بەپێچەوانەشەوە، ئەو ڕژێمانەی دیمۆکراسیترن، توانای لەخۆگرتنی ڕیفۆرمیان هەیە. [3]

هەر لە نێوکۆی چاکسازیی سیاسییەوە، (پلاتۆ)، لە کتێبی (کۆمار)دا، سەبارەت بە دەوڵەت وجۆرەکانی، کۆمەڵە پرسیارێك سەبارەت بە دادپەروەریی وکۆمەڵگای دادپەروەر دێنێتە ئاراوە، وبنەماکانی یۆتۆپیاکەی خۆیی لەسەر دادەڕێژێ. پاش ڕەخنەگرتن لە جۆرە جیاجیاکانی دەسەڵات، باشترین جۆری دەسەڵات بە دەسەڵاتە یۆتۆپیا چاکەکارەکەی خۆی دەزانێ. ناوبراو دەڵێ: "ئیش وکوێرەوەرییەکانی مرۆڤ چارەسەر ناکرێ، مەگەر ئەو کاتەی فەیلەسووفەکان ببن بە پادشا، یان ئەو کاتەی پادشاکان ببن بە فەیلەسووف." [4] واتە بە بڕوای ناوبراو، (شاری چاکەکار) (المدينة الفاضلة)، ئەو شارە نموونەییەیە کە بە دانایی فەیلەسووفان دەچێت بەڕێوە، دوور لە هەر کێشە وگرفتێك.

(پلاتۆ)، جەخت لەوەش دەکاتەوە، کە پێویستە لەسەر کەسی سیاسەتمەداری دانا وفەیلەسووف، پەندەکانی چاکە بزانێت، تاوەکو بواری بۆ بڕەخسێ وڕەخنە لە کەموکورتییەکانی شاردەوڵەتی سیاسیی

---

[1] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٥

[2] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠٠

[3] حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧

[4] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی مورادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨

بگرێت، تا بەهۆیەوە بیگەیەنێتە شارەدەوڵەتێکی ئایدیاڵ. ناوبراو، لەو بڕوایەشدابوو، کە ئیدارەدانی کاروبارەکانی دەوڵەت لەلایەن گشت هاوولاَتییانەوە، کارێکی مەحاڵە، بەڵکو پێویستە کەسانێکی دانا بەو کارە هەستن. ئەوجا لەبەرئەوەی (چاکە مەعریفەیە)، کەواتە ئەوەی بەم کارە هەڵدەستیَ، دەبیَ کەسێکی خاوەن مەعریفە وزانستبیَ، تاوەکو بتوانیَ فەرمانڕەوایی ئەوانیتر بکات بە چاکەکاریی. هەربۆیە، (پلاتۆ) پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، کە دەسەلاَت دەبیَ لەدەست کۆمەڵێك کەسی ژیر یان فەیلەسووفاندابیَ، واتە ئەوانەی هەموو زیرەکیی دەوڵەت لەواندا کۆبووەتەوە. [1] وەلاَمگۆی ئەم پرس وخواسەی (پلاتۆ)، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین: گەر کەسانێکی ڕاستاڵ وپرۆفیشناڵی وەك ئەوەی (پلاتۆ) بە فەیلەسووف ودانا ناودێریان دەکات، حوکمڕانیی دەوڵەت بکەن، ئەوا ئەستەمە ئەو یەکە سیاسییە لە داهاتوودا پێویستی بە هیچ ڕیفۆرمگەلێکی سیاسیی هەبیَ، یان لە هیچ شۆڕش وکودەتایەك بسڵەمێتەوە، لەبەرئەوەی بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ، پەیڕەویی لە بنەما تۆکمەکانی دیمۆکراسی دەکات.

ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە، ئەوەیە کە ناوبراو لە کتێبی (کۆمار)دا، بۆ یەکەمجار باس لە چەمکی دەستەبژێر (نخبە) دەکات، وپشتگیریش لە حوکمڕانیی کەمینەیەکی دانای ئاوەزمەندی خاوەن بیرۆکەی چاکەکاریی دەکات. وەلیَ لە فیکری نوێشدا، بیرمەندی فەرەنسیی (سان سیمۆن)، باسی لە پێویستبوونی حوکمڕانیی زانایان وپیاوانی پیشەسازیی لە کۆمەڵگادا دەکرد، واتە حوکمڕانیکردنی چینی نوخبە. بەلاَم، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە وسەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەم بیرۆکەیە لەسەر دەستی هەردوو سۆسیۆلۆژیستی ئیتالیی (ڤیلفرێدۆ پاریتۆ وگاتتینۆ مۆسکا) وهاریکاریی (ڕۆبێرت میشڵز)ی ئەڵمانیی، تیۆریزەکرا. دواجاریش، توێژەران (رایت میڵز وجەیمس بێرنهام)، لەسەر ڕێچکەی ناوبراوان ڕۆیشتن وتوانیان کۆڵەکەکانی ئاڕاستەیەکی نویَ لە لێکۆڵینەوە وشیکاریی سیاسیی وسۆسیۆلۆژیی بچەسپێنن، لەو ڕوانگەیەوە کە دەستەبژێر ئامڕازێکە لەبۆ نزیککردنەوەی ستراکتووری کۆمەلاَیەتیی گشتیی. [2]

بە بۆچوون ولە ڕوانگەی فەیلەسووفان وبیرمەندانی ئاماژەپێکراوەوە، ئەو خاڵەی دەکریَ جەختی لەسەر بکرێتەوە، ئەوەیە کە پێویستە کۆمەڵگای سیاسیی یاخود دەوڵەت، لەلایەن دەستەبژێرێکی زانا ودانا وکارامەوە نەك تەواوی گەل، ببریَ بەڕێوە. چونکە، دەوڵەت وەك ئەوەی (ماکس ڤێیبەر) پێناسەی دەکات، "کۆمەڵگایەکی مرۆییە، کە تیایدا وسەرکەوتووانە مومارەسەی مافی قۆرخکاریی تێدادەکریَ وشەرعییەتی بەکارهێنانی هێزیشی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا هەیە." [3] واتە، تەنها دەستەبژێرێك، ماف

---

[1] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠

[2] بوروني زكرياء: النخبة السياسية وأشكالية الانتقال الديمقراطي، مصدر سابق، ص ٨٩

[3] فرانسيس فوكوياما: بناء الدولة، ت: مجاب محمد الامام، الطبعة الاولى، شركة مكتبة العبيكان للنشر– الرياض، ٢٠٠٧، ص ٤٨

وتوانای بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە تۆبزییە شەرعییەی هەیە، نەك تەواوی گەل، کە بێشك دەبێتە مایەی پاشاگەردانیی وشەڕی هەموان دژ بە هەموان. دیارە، لە دۆخێکی وەهاشدا، (هۆبز) وتەنی: "مرۆڤ دەبێت بە گورگ، بۆ برای خۆی." [1] کەوابێ، کاتێك چاکسازیی لە دەسەڵاتدا دەبێتە پێویستییەکی حەتمیی، ئەوا هەر ئەو نوخبەیەی کە ناومانبردن بە باڵی ڕیفۆرمخواز وفەیلەسووفانیش بە دانا وزانا ناوزەدیانکردن، بەو کارە هەڵدەستن، نەك تەواوی گەل.

هەرچەندە، لە کاتی خۆیدا (ژان ژاك ڕۆسۆ)، ڕەتیکردبوەوە وبەپێچەوانەوە جەختی لەسەر ئەوە کردبوو، کە: "ممارەسەکردنی سەروەری، هەرگیز ناشێت لەڕێی نوخبە ونوێنەرانەوە بێت، لەبەرئەوەی سەروەریی بریتییە لە ئیرادەی گشتی گەل، کە کەس نوێنەرایەتی ناکات بێجگەلە گەل خۆی ودەست لەو مافەش هەڵناگیرێت. واتە، یان خۆی یان کەسیتر نییە ئەو مافەی هەبێت، هەرگیز نێوەندیش نییە لە نێویاندا. لەبەرئەوە، نوێنەرانی گەل، هەرگیز نوێنەری ئەو ئیرادە گشتییەی گەل نین وناشبن." [2] ئەمە، دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین، (ڕۆسۆ) جەختی لەسەر پیادەکردنی (دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ) کردووە، کە پێویستە تێکڕای گەل بەشداری سیاسییان لەو حوکمڕانیکردنەدا هەبێ، و(دیمۆکراسی نوێنەرایەتیی) ڕەتکردووەتەوە، کە نوێنەرانی گەل یان چینی نوخبە حوکمڕانیی دەکەن. بەڵام، بەڕای (ڕۆبێرت میشڵز)، لەگەڵئەوەی دیمۆکراسییەت مانای حوکمڕانیی گەلە کە مافی هەڵبژاردنی گشتیشیان هەیە، بەڵام حوکمڕانیی گەل کارێکی مەحاڵە، چونکە زۆرینەی گەل ناتوانن حوکمڕانیی بکەن. لە هەموو سیستمێکی دیمۆکراسیدا، بڕیارە گرنگەکان لەلایەن کەمینەیەکی (ئۆلیگارشییەوە) یان سەردەستەیەکی بەهێزەوە دەدرێت. [3] بەمانای، ناوبراو بەپێچەوانەی (ڕۆسۆ)وە، جەخت لەسەر بوون ودەسەڵاتی (دیمۆکراسی نوێنەرایەتیی)، لە کۆمەڵگای سیاسیدا دەکاتەوە.

پاشئەوەی، زانیمان کە پێویستە کۆمەڵگای سیاسیی لەلایەن کەمینەیەکی دەستەبژێرەوە ببرێ بەڕێوە، دەبێ پێویستبوونی ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە ئەم دەستەبژێرە دەسەڵاتدارە، دیمۆکراسییانە وپشتبەستوو بە یاسا ودادپەروەریی وڕەوایی وڕۆشنیی، حوکمڕانیی گەل بکەن، بۆئەوەی لە بابەتگەلی ڕیفۆرمی سیاسیی وناچار بە سازش وشۆڕش بەدووربن. لەگەڵئەوەی، شێوەی دەوڵەت، پێویستە پەیوەستبێ بە خواستی دروستکردنی جەستەیەکی دامەزراوەیی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەتوانێ ئەم جەستەیە تێبپەڕێنێ، بە مسۆگەرکردنی ڕەهەندێکی پێوەریی بۆ تەواوی دەزگاکانی دەوڵەت. واتە، تەنیا

---

[1] کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، کاکێشان، ژمارە (٦٠٣٥)، چوارشەممە، ٢٧/ ٣/ ٢٠١٣، ل ٤

[2] د. حافظ علوان حمادي الدليمي: النظم السياسية في اوروبا الغربية والولايات المتحدة الاميركية، الطبعة الاولى، دار وائل للطباعة والنشر– عمان، الاردن، ٢٠٠١، ص ٥٠

[3] د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، مصدر سابق، ص ٥١

پێکەوەکارکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت (وەك لە چەمکی ئیداریدا پێویستە) بەس نییە، بەڵکو پێویستە کۆمەڵگاش وەك دامەزراوەیەکی شەرعیی سەیری ئەم دامەزراوانە بکات. (هنتنگتۆن) لە کتێبی (سیستمی سیاسیی لە کۆمەڵگا گۆڕدراوەکان)دا، باسی توانای جیاکاریی لە نێوان ئەم دوو ڕەهەندەدا کردووە، بە شێوەیەك کە دەکرێ دەوڵەتان حوکمڕانیی بکەن وتایبەتمەندیەتیی دەوڵەتبوونیش بەدەستبهێنن کە دامەزراوەییبوونە، بەڵام دوور لە بنچینە شەرعییەکەی. بە بڕوای ناوبراو، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویەکیەتی سۆڤیەت، لە ڕووی سیاسییەوە دوو کۆمەڵگای پێشکەوتوو بوون، بەڵام یەکێکیان دیکتاتۆریەتێکی کۆمۆنیستیی بوو، لە کاتێکدا ئەوەیتریان دیمۆکراسیی لیبراڵیی. [1]

کەواتە، شەرعیەت، مسۆگەریی بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت زیاددەکات. بەمانای، گەر دامەزراوەکان توانا بە دەوڵەت ببەخشن، ئەوا شەرعییەتیش دیمۆکراتیزەبوون بە دەوڵەت دەبەخشێت، چونکە تەنها دیمۆکراسییە کە تاکە سەرچاوەی شەرعییەتە لە جیهاندا. واتە، لە قۆناغی گوزەردا، چاکسازیی لە سەرەوەی دەسەڵات تەریبە بە لەبەرچاوگرتنی دیمۆکراسی وشەرعییەت لە گشت هەنگاو وتەواوی دامودەزگاکاندا. کاتێکیش نوخبە شەرعییەتی لەبەرچاوگرت، مانای پەنجەی لەگەڵ دیمۆکراسییەتدا نەرم کردووە. جێی باسە، لە مێژوودا، سیستمە نادیمۆکراتەکان چەندین جۆریان هەبووە. دیارە، لە شەپۆلی یەکەمدا، ئەو سیستمانەی گوزەریان دەکرد بەرەو دیمۆکراسی، پادشایەتییە ستەمکار ودیسپۆتیزمەکان وفیوداڵە ئاریستۆکراسییەکان وئەو دەوڵەتانە بوون کە لە ئیمپراتۆریەتەکان بەجێمابوون. وەلێ، ئەو سیستمانەش کە لە شەپۆلی دووەمدا گوزەریانکرد، گەلەدەوڵەتێکی فاشیزم وکۆلۆنیالیزم ومیلیتاریزم بوون، کە زۆربەیان پێشینەیەکی ئەوتۆی دیمۆکراسییان نەبوو. هەرچی سیستمەکانی شەپۆلی سێیەمیشە کە گوزەریانکرد، تێکڕا بەسەر سێ دەستەدا دابەش ببوون، ئەوانەش، سیستمە تاك حزبییەکان، سیستمە سەربازییەکان ودیکتاتۆرەکان بوون. [2]

لە ڕاستیدا، پرۆسەی گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، لە سێ قۆناغ پێکدێ، کە بریتین لە: **<u>یەکەم/</u>** هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمێکی نادیمۆکراتیی، **<u>دووەم/</u>** دروستبوونی ڕژێمێکی دیمۆکراتیی، **<u>سێیەم/</u>** بەهێزبوون وسەقامگیربوونی ئەو ڕژێمە دیمۆکراتییە. بەڵام، مەرج نییە هەموو هەڵوەشاندنەوەیەکی ڕژێمە نادیمۆکراتەکان، ببێتە هۆی دروستبوونی ڕژێمی دیمۆکراتیی یان گوزەرکردن. [3] هەڵبەت، مێژووی دەوڵەتان زۆرێك لەو گۆڕانکاریی ودەساودەسکردنانەی لەخۆگرتووە، کە لەبری گۆڕان وبەرەوپێشچوون

---

[1] فرانسيس فوكوياما: بناء الدولة، ت: مجاب محمد الامام، مصدر سابق، ص ٧٤

[2] صامويل هانتنجتون: الموجة الثالثة، التحول الديمقراطي في اواخر القرن العشرين، ت: د. عبد الوهاب علوب، مصدر سابق، ص ١٨٠

[3] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧

وكرانەوە، ڕژێمی سەربازیی ودیسپۆتیزم وتۆتالیتار دەستبەکاربووە. ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، دوای هەر گۆڕانکارییەك لە سیستمی دەسەڵاتدا بەلایەنی پۆزەتیڤ، یاخود هەرکاتێك دەسەڵات ئەو ڕاستییەی لەلا گەڵاڵەبوو کە چیتر بارودۆخ بەو شێوەیەی پێشوو ناڕوات بەڕێوە، وپێویستە تاکلایەنە هەنگاوی بەپەلە بنێت بۆ کاراکردنەوەی دەسەڵات ونوێکردنەوەی دامەزراوەکان ودوورخستنەوەی مەترسی لەسەر دەسەڵات، ئەوە مانای دەیەوێ یان بەکردار ڕیفۆرم دەکات وچووەتە نێو قۆناغێکی ئاشتەوایی نوێوە. واتە، هەر کاتێك ئیرادەی چاکسازیی، یان ڕێککەوتنێك لەنێوان لایەنەکانی نوخبەی دەسەڵات بەتایبەت باڵی ڕیفۆرمخواز، لەسەر پێویستبوونی چاکسازیی سیاسیی قۆناغبەند لەناو کۆمەڵگادا هاتەکایەوە، ئینجا ئەگەری هەنگاو بۆ گوزەر بەرەو دیموکراسی، مسۆگەر دەبێ.

- **سازش وڕێککەوتنی دوولایەنە**

شێوازی دووەمی گوزەرکردن، ئەوەیە کە دەسەڵات یاخود بەشێك لە نوخبەی دەسەڵات (باڵی ڕیفۆرمخوازان) خوازیار یان ناچاری ڕێککەوتنبن لەگەڵ ئەو ئۆپۆزسیۆنانەی چالاکن، بەتایبەت ئەوانەی میانڕەون، لەپێناو چاکسازیی نێو کۆمەڵگادا. بەمەش، هەنگاونان وئاشتەوایی وکرداری گوزەر بەرەو دیموکراسی، دەبێتە ڕاستییەکی حەتمیی. وەلێ لەم حاڵەتەدا، مەرج نییە کۆتایی بە دەسەڵات بهێندرێ، بەڵکو دەشێت دەسەڵات لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام بە شێوازێکیتر کاربکات، دوور لە قۆرخکاریی پێشوو ولەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، یان ڕێپێدان بە بەشداریی سیاسیی بەشێك یان تەواوی ئۆپۆزسیۆن. هەڵبەت، ئەم گۆڕانکارییانە بە ماوەی گواستنەوەدا (فترة الانتقال) تێپەڕدەکەن، کە ماوەیەکی دیاریکراوە [1] ولە هەناویدا قۆناغی گوزەر بەرەو دیموکراسی پەنهانە، بەوەی ڕۆڵێکی ئەرێنیی یان نەرێنیی لە سەرخستنی ئەم قۆناغە یان سەرنەخستنیدا دەبینێ. واتە، دوای ماوەی گواستنەوە، دەشێت ئەم کارە ببێتە مایەی گوزەر بەرەو دیموکراسی، یان تەواوی کردارەکە پێچەوانە ببێتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی، ماوەی گواستنەوە، ماوەیەکی کاتیی ناجێگیرە وڕێخۆشکەرە بۆ هەنگاو وقۆناغێکی نوێ لە داهاتوودا، کە تیایدا حکومەتێکی ئینتیقالیی دروستدەبێ.

مەبەست لە ماوەی گواستنەوە، ئەو قۆناغە جیاکەرەوەیە کە لەنێوان سیستمێکی سیاسیی ویەکێکیتردایە. دیارە، لە ماوەی گواستنەوە یان دوای ماوەی گواستنەوە، پاڵپشتیی لە سیستمێکی نوێ دەکرێ، تا ئەو کاتەی کرداری جێگیرکردن ودامەزراندنی ئەو سیستمە نوێیە تەواودەبێ. هەڵبەت، مەرج نییە هەموو کردارێکی گواستنەوەش، یەکلاکەرەوەبێ بۆ شێوەی کۆتایی سیستمی حوکمڕانیی.

---

[1] ماهي الفترة الانتقالية في تداول الحكم؟ معلومات عامة، موقع ثقافة اونلاين، ٢٠١٦، www.thaqafaonline.com

**لەبەرئەوەی، ئەم کردارە دەبێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دەسەڵاتخواز، وهێنانەکایەی شێوەیەك لە شێوەکانی دیمۆکراسییەت، یاخود گەڕاندنەوە بۆ شێوەکانیتری سیستمی دەسەڵاتخوازیی، وەك میسری سەردەمی ناسریی. لە ڕاستیدا، کاتێك (جەمال عەبدول ناسر)، دوو ساڵی بۆ ماوەی گواستنەوە ڕاگەیاند، کەچی ماوەی حوکمڕانییەکەی (١٨) ساڵی خایاند، لە ساتی ئەو جاڕدانەوە.** [1]

**بۆئەوەی بە باشی لە ماوەی گواستنەوە تێبگەین، دەکرێت ئاماژە بە (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، بۆ قۆناغی گواستنەوە) (قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية) بدەین، کە لە هەناویدا کرداری گوزەر بەرەو دیمۆکراسی ئاماژەی پێدراوە. هەڵبەت، وەك هەر یاسایەکی باڵای دەوڵەت، یان وەکی هەر دەستووریێك، سەرەتا ئەم یاسایە (دیباجە) لەخۆدەگریٚ، کە تیایدا هاتووە: " ئەم یاسایەی بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە، بڕیاری لەسەردرا تا کاتی دروستبوونی حکومەتێکی هەڵبژێردراو، کە لە سایەی دەستووریێکی شەرعیی هەمیشەییدا کاربکات لەپێناو بەجێگەیاندنی دیمۆکراسییەتێکی تەواودا." پاشان، لە بڕگەی (ب)ی مادەی دووەم لە بەشی یەکەمی تایبەت بە پرەنسیپە بنچینەییەکان، ئاماژە بە قۆناغی گواستنەوە دراوە، کە لە دوو ماوە پێکدێت. ماوەی یەکەمیان، بە دامەزراندنی حکومەتێکی عێراقیی کاتیی خاوەن سەروەری تەواو دەستپێدەکات، کە لە (٣٠/ حوزەیران/ ٢٠٠٤ز) دەسەڵات دەگرێتەدەست و.....هتد. ماوەی دووەمیان، دوای پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقیی گوازراوە دەستپێدەکات، ئەمەش لە پاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی، وەك لەم یاسایەدا ئاماژەی پێدراوە. بەوەی، ئەگەر توانرا ئەم هەڵبژاردنە دوانەکەوێت لە بەرواری (٣١/ کانونی یەکەم/ ٢٠٠٤ز)، یان هەرچۆنێکبیٚ دەبیٚ پێش (٣١/ کانونی دووەم/ ٢٠٠٥ز) ئەم هەڵبژاردنە کرابێت. ئەم ماوەی دووەمە، لە کاتی پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقیی بەپێی دەستووریێکی هەمیشەیی، کۆتاییدیٚ.** [2]

**ئەوەی ئاماژەی پێدرا، تەنها بەرچاوڕوونییەك بوو لەبارەی بابەتی (ماوەی گواستنەوە).** [3] **دیارە، ئەم یاسایەی ئاماژەمان پێدا دەربارەی عێراق، زۆر بە ڕوونی ئەم ماوە وقۆناغەی خستووەتەڕوو، وێڕای جەختکردنەوە وخستنەڕووی ئەوەی کە دەبیٚ لە ئاییندەدا کار لەسەر بەدیمۆکراتیزەبوونی عێراق بکریٚ. واتە، ئەم یاسایە جەخت لەسەر ئەوەش دەکات، کە پێویستە شەبەنگی هێزە لۆکاڵییە عێراقییەکان بە گشت مەزهەب ورەگەز وبیروبۆچوونەکانیان، هەرچی زووە کار لەسەر گوزەر بەرەو دیمۆکراسی بکەن، سەرباری قۆناغی گواستنەوە وبەروار وڕێکارە یاساییەکانی باسکرا. هەرچەندە، ئاستی گوزەرکردن یان**

---

[1] حاج الطيب بعطوش، أسماء دهكال: دور النخب السياسية في عملية التحول الديمقراطي، بحث جامعي لنيل شهادة الماجستير في كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، جامعة مصطفى اسطمبولي- الجزائر، ٢٠١٧، ص ٣٠

[2] نص قانون ادارة الدولة العراقية المؤقت: موقع سلطة الائتلاف المؤقتة، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٣/ ١٠/ ٢٠٠٤، www.aljazeera.net

[3] ماهي الفترة الانتقالية في تداول الحكم؟ معلومات عامة، موقع ثقافة اونلاين، ٢٠١٦، www.thaqafaonline.com

نەکردن، بێجگەلە قەیران وهەلاًوسان وگەندەڵی وبێزاریی جەماوەریی وتۆخبوونەوەی ململانێی مەزهەبیی ورەگەزیی وتائیفیی وکاڵبوونەوەی نیشتمانپەروەریی، کە دەشێت دووبارە سیستم وحوکمڕانیی وتەواوی پرۆسەی گۆڕان بخاتە مەترسییەوە وگوزەریش لە ئێستادا بکاتە تراویلکە، باسوخواسێکیترە. بەلاًم، وەك ئاماژەم پێدا، هەرچۆنێکبێ عێراق باشترین نموونەیە کە دەکرێ ئاماژەی پێبدەین لە گوزەرکردنی سیستمێکی نادێموکراتیی بەرەو سیستمێکی دێموکراتیی لە ماوەی گواستنەوەدا. ئەمە بێجگەلەوەی، داکەوتی ئێستای عێراق ئەوەمان پێدەڵێت، کە هیواهەڵچنین لەسەر بینینی عێراقێکی دێموکراتیی فرەیی دامەزراوەیی لە ئێستادا، وەکی ماسیگرتنە لە ئاوێکی لیخندا. بەڵکو ئەوەی ڕوونە ودەبینرێ، عێراقێکی تائیفیی مەزهەبیی گەندەڵی دواکەوتووە، کە تەنها وتەنها پشت بە فرۆشی نەوت دەبەستێ، هەربۆیە تەواوی گەلیش بووەتە بەکاربەرێکی بێبەرهەم. ئەوەی ڕاستیبێ، بەپێی زانیاری وتوێژینەوە وبەڵگەنامە ئابوورییەکان، لە ئێستادا ئابووری عێراق بە پلەی یەکەم وبە ڕێژەی (٩٠ ٪) پشت بە فرۆش وداهاتی نەوت دەبەستێ، لەبۆ دابینکردنی بودجەی ساڵانەی.[١]

لە فەرهەنگە سیاسییەکاندا، کاتێك باس لە (سیستمی سیاسی) دەکرێ، هەڵبەت بەوە جیادەکرێتەوە کە خاوەنی نوخبەیەکی سیاسیی شیاو بۆ گۆڕان وبەدەستهێنەری کەسانی چوست وچالاکی نوێن، کە هەردەم لە جێگۆڕکێدان. بەلاًم، (سیستمی حوکمڕانی)، بەوە پێناسەدەکرێ کە پەیوەستە بە نوخبەیەکی فەرمانڕەوای تەرێزکردوو لە گۆڕان، یاخود دەستەبژێرێکی وشك ورەق وخاو لەچاو ئەوانیتردا، وێڕای ئەوەی کەسانی نوێ بەدەستناهێنێ.[٢] وەڵێ، یەکێك لە گریمانە بنچینەیی وبەهێزەکانی (تیۆری نوخبە)، ئەوەیە کە هیچ دەستەبژێرێك یاخود گرووپێکی بالاًدەست لە بوارێك یان لە تەواوی کۆمەڵگادا، ناتوانێ تاسەر بە جێگیریی بمێنێتەوە، گەر گۆڕانکاریی لە پێکهاتە وستراکتووری خۆیدا نەکات. واتە، ئەگەر سەردەستەی بالاًدەست نەتوانێ خۆی پاکژ وفۆرمەلە ونوێ بکاتەوە بە ڕەگەزگەلێکی دامەزراوەیی وتەندروست، یان بە بەها وبیرۆکەی نوێ، لەپێناو بەردەوامبوون وزیادبوونی توانای مانەوەی، ئەوا لە ڕووی کردارەوە کۆتایی پێهاتووە، ونوخبەیەکیتر لەوانەی کە پێشتر ڕێگریی دەرکەوتن وهەڵکشانی لێدەکرا یان لە دەرەنجامی ئەو بارودۆخە دەردەکەون، شوێنی دەگرێتەوە. هەڵبەت، عێراقی سەردەمی (سەدام)، دووبارە نموونەیەکی زیندوو وحاشاهەڵنەگری ئەم گریمانەیەیە، کە تاسەر نەیتوانی لەئاست گۆڕانکارییەکاندا جێگیر وخۆڕاگربێ. دیارە، شرۆڤەکارە سیاسییەکانیش، مکووڕن لەسەر ئەوەی مەحاڵە تەواوی عێراقی دوای پرۆسەی ڕزگارکردن، بەم حەمکە قەیران وسیاسەتڤانە

---

[١] د. منتظر سعد البطاط: الاثار الاقتصادية لتطبيق قانون النفط والغاز في العراق، كلية الادارة والاقتصاد– جامعة البصرة، البصرة، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، العدد السابع عشر، ٢٠١٠، ص ٥٥

[٢] د. عبدالعزيز أبل: بين الامن المؤقت والمناعة الدائمة، النخب السياسية العربية والمجتمع العربي، اتجاهات، موقع البيان، ٢٢/ ابريل/ ١٩٩٩، www.albayan.ae

گەندەڵ ودەموچاوە دەمامکدارەوە بتوانێ تاسەر خۆڕاگربێ، کە ئەمە بابەتێکیترە وگەنگەشەیەکی زۆر لەخۆدەگرێ. شایانی باسە، بیرمەندان لەسەر ئەوەش سوورن، کە گۆڕانکاریی لە بونیادی نوخبەی دەسەلآت وەك دیاردەیەکی ناچاریی، وڕوودانی کرداری گوزەر بەرەو دێمۆکراسی، پەیوەستن بەیەکەوە. واتە، کۆڕایەك لەسەر ئەوە هەیە، کە گوزەری دێمۆکراسیی پابەستە بە گۆڕانکاریی لە ئامڕازەکانی سیستمی سیاسیدا. ئەوەش، بە گۆڕانکارییەکی فراوان لە بونیادی سیاسیی کۆمەلأیەتیی ئابووریی ڕۆشنبیریی، لەگەڵ گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی نوخبەی حوکمڕانی دەسەلآتدار.[1]

هەڵبەت، بەپێی بۆچوونی بیرمەندان وتوێژەران، سەبارەت بە ناچاربوونی نوخبەی دەسەلآت بە گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی خۆی وبونیادی سیستم ودامەزراوەکانی، لەپێناو مانەوە ودرێژەدان بە حوکمڕانییەکی ڕەوا وتۆکمە وهەوڵدان بۆ کرداری گوزەرکردن، فەلسەفەی "ماتریالیزمی مێژوویی" (مارکس)مان وەبیردێتەوە، کاتێك وتبووی: "هەموو سیستمێکی کۆمەلأیەتی، لە هەناوی خۆیدا هۆکاری لەناوچوونی خۆیی هەڵگرتووە." کۆمەبەستی ناوبراو، ئەوەیە کە لە هەموو سیستمێکدا دژەهێز دروست دەبێت ولەگەڵیدا دەکەوێتە ململانێ، تا لەناوی ببات وڕایبماڵێت، پاشان لە جێگایدا سیستمێکی نوێ دادەمەزرێت. لە ناو ئەم سیستەمە نوێیەشدا، هێزی نەیاری دیکە دروست دەبێت، کە بە گژ سیستەمە نوێیەکەدا دەچێتەوە تا لەناوی ببات ولە شوێنی ئەو سیستمێکی نوێتر، بێنێتە ئاراوە.[2] بەواتای، لەسەر نوخبەی دەسەلآتدارە بەگشتی، کە زۆر بە وریایی ودادپەروەرانە وهەستیار بەرانبەر بە تازەگەریی وگۆڕانکارییەکان وبەربەستەکان بجوڵێتەوە، ولەپێناو گوزەر بەرەو دێمۆکراسی سازشکاربێ وهەڵوێستی هەبێ. ئەگەرنا، گۆڕانکاریی لە دەسەلآت وتەنانەت سیستمیشدا، دەبێتە ئەگەرێکی حەتمی.

توێژینەوەکانی تایبەت بە هۆکاری گوزەر بەرەو دێمۆکراسی، ئاماژەدەدەن بەوەی سەرکردایەتی سیاسیی، ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرەوپێشبردنی کرداری گوزەرکردن دەبینێ. وەلێ، کاتێك لە سەرکردایەتی سیاسیدا، گرووپی ڕیفۆرمخوازان بڕوای تەواو وخوازیاری گۆڕان دەبن وتوانای ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە کۆنەپارێزەکانیان دەبێ، چانسی سەرکەوتنی کرداری دێمۆکراتیزەبوون زیاد دەکات. بەمانای، کرداری گوزەرکردن، پێویستی بە سەرکردایەتییەکی لێزان وکارامە دەبێ (ڕیفۆرمخوازان)، کە بتوانێ بەرەنگاری نەیاران وتوندڕەوان ببێتەوە، وچوارچێوەی بەشداری سیاسیی لە دروستکردنی بڕیاردا فراوان بکات، وسەرچاوە ئابوورییەکان، دادپەروەرانە دابەشبکات. بێگومان، هەر ئەم سەرکردایەتییە سیاسییە (نخبە)، بەرپرسە لە کرداری یەکگرتوویی دێمۆکراسییانە ولە پارێزگاریکردن لە تاك لەبەرانبەر ستەمکارییەکانی

---

[1] حاج الطيب بعطوش، أسماء دهكال: دور النخب السياسية في عملية التحول الديمقراطي، مصدر سابق، ص ٤٩

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤

دەوڵەت، وله دانوستان لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، لەپێناو بەدیهێنان وداڕشتنی شێوازێکی گونجاو وپەسەندکراوی گوزەرکردن، لە کۆمەڵگادا. لەبەرئەوە، لەپێناو سەرخستنی کرداری گوزەر وهەنگاونان بەرەو دامەزراندنی دیمۆکراسی، بەتەنها بوون وبەردەستبوونی مەرجە ئابووریی وکۆمەڵایەتییە پێویستەکان، بەس نییە. بەڵکو، ئەم هەنگاوە، پێش هەموو شتێك پێویستی بە خواستی ڕاستەقینەی سەرکردایەتی سیاسییە (بەتایبەت باڵی ڕیفۆرمخوازان)، لە گوزەرکردن. [1]

کەواتە، گوزەر لەڕێی گفتوگۆ ودانوستانەوە، واتە دەسپێشخەرییەکی هاوبەش ودوولایەنەیە لەلایەن سەرکردایەتی ڕژێم وئۆپۆزسیۆنەوە. بەوەی، گوزەرکردن دێتەگۆڕێ، کاتێك دەسەڵاتدارانی ڕژێم دەکەونە گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ سەرجەم نوخبە سیاسیی وکۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە، کە دواجار تاجی شەرەف وشکۆمەندیی لەسەردەنرێ، ورەچاوی بەرژەوەندییە زیندوو وپڕبایەخەکانی گشت هێزە سیاسییە بەشداربووەکان دەکرێ. بەپێی ئەم شێوازەی ئاماژەی پێدەدەین، نوخبەی حوکمڕان، ناچاردەبێ دەستبەرداری ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکەی ببێ، کە هەڕەشەی ناسەقامگیریی ناوخۆیی وفشارێکی توندی ڕای گشتی ودەرەکیی لەسەرە، ودەشێت تووشی داڕمانی بکات. ئەمەش، دەبێتەهۆی ئەوەی جۆش وگوڕوتین بە دیمۆکراسییەت ومافەکانی مرۆڤ بدرێ. [2]

بە بڕوای (هنتنگتۆن)، بە کردەوە، سەرهەڵدانی دیمۆکراسی بەرهەمی سازش وڕێککەوتنە، لەلایەك لە نێوان نوخبەی دەسەڵاتدار ولەلایەکیتر لەنێوان نوخبە وهێزە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان. دیارە، لە هەموو حاڵەتە سەرکەوتووەکانی گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، ڕێبەرانی هێزە سیاسییەکان وگرووپە کۆمەڵایەتییەکان، بە ئاشکرا یان بە نهێنی، گفتوگۆ وسازشیان کردووە، بەتایبەت سازش لە نێوان باڵی چاکسازیخوازان وهێزە میانڕەوەکانی ناو حکومەت لەلایەك، وگرووپە نەیارەکان لەلایەکیتر، کە بە فاکتەری سەرەکی گوزەر دادەنرێن. هەڵبەت، باڵی چاکسازیخوازانی ناو حکومەت، ڕێڕەوەکانی بەشداریی دەکەنەوە ومیانڕەوەکانی ناو ئۆپۆزسیۆن ونەیارانیش، خواستەکانی خۆیان هەموار دەکەنەوە ودواجار بەشداری دەسەڵات دەکەن. بەم پێیە، پەرەسەندنی ڕۆحی پێکەوەگونجاندن ومیانڕەویی، لە هەموو شوێنێکدا پێویستی بە سازش وهاوپەیمانیی بووە، لە نێوان حکومەت ونەیاراندا. کەواتە، لێرەدا کرداری گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، پێویستی بە سازش ولەیەکتێگەیشتن ودابەزاندنی ئاستی داخوازییەکانی هەردوولا هەیە، لە پێناو گەیشتن بە ئاشتەوایی وکۆتاییهێنان بە قەیرانی دەسەڵات وتەنگژەی نێوخۆ. [3]

---

[1] ايمان احمد: قراءات نظرية، الديمقراطية والتحول الديمقراطي، الجزء الثاني، المعهد المصري للدراسات السياسية والاستراتيجية– القاهرة، ٢٠١٦، ص ٢

[2] حاج الطيب بعطوش، أسماء دهكال: دور النخب السياسية في عملية التحول الديمقراطي، مصدر سابق، ص ٤٣

[3] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦

كەواتە، هەر كاتێك باڵی ڕیفۆرمخوازی دەسەڵات وباڵی میانڕەوی ئۆپۆزسیۆن کەناڵەکانی گفتوگۆ وچاوپێکەوتن ودانوستانیان کاراکرد، مانای ئەو یەکە سیاسییە یاخود ئەو دەوڵەتە، بەکردار دەیەوێت یاخود ویستوویەتی ماوەی گواستنەوە بئافرێنیٚ، لەپێناو هەنگاوهەڵنان وگوزەر بەرەو دیٚموٚکراسی. کەواتە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەم سەرەتایە کە ماوەی گواستنەوەیە، ماوەیەکی کاتییە وکاتی پێویستی بۆ دەستنیشان دەکرێت، بەپێی پێویستی ئەو کردارە لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکیتر وبە شێوازێکی نادیٚموٚکراسی، واتە دوور لە هەڵبژاردنەکان، ئەمەش لە کاتی مردنی سەرۆکێك یاخود داڕمانی سیستمێك بە شۆڕشێکی مەدەنی. ئەم ماوەی گواستنەوەیە، بەوە جودا دەکرێتەوە کە هەوڵەکان لەنێوان باڵی ڕیفۆرمخوازی دەسەڵات ومیانڕەوی ئۆپۆزسیۆن چڕدەبنەوە لەپێناو دانانی دەستوورێکی نویٚ، وچاکسازی یاسایی ودامەزراوەیی بۆ دەوڵەت وخۆئامادەکردن لەپێناو هەڵبژاردنی دیٚموٚکراسی. هەڵبەت، دوای ئەم کردارانە، ئەم قۆناغە دەوەستیٚ وپێدەنرێتە نێو قۆناغی بونیادنانی نوێوە. بێگومان، لە ماوەی گواستنەوەدا، لەنێوان لایەنەکاندا دوودڵیی وگومانکردن وترس لە کودەتا دروستدەبیٚ، ئەمە وێڕای نەبوونی سەروەری ئاسایش وخاوبوونەوە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی وزیادبوونی داخوازییەکانی حزب ولایەنەکان. [1]

دوایئەوەی، ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە کە کرداری گوزەرکردن، پێویستی بە لێکتێگەیشتن وسازش ودانوستانی باڵی ڕیفۆرمخوازانی دەسەڵات وئۆپۆزسیۆنی میانڕەوە، ئیدی ئەوەشمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە حکومەتی ماوەی گواستنەوە، پێیناوەتە قۆناغێکی هەستیارەوە بەمەبەستی گۆڕانکاریی، چاکسازیی، ئاشتەوایی، بەشداری سیاسیی، ئازادیی..هتد. واتە، هەموو ئەمانەش لە ماوەی گواستنەوەدا ڕوودەدەن، کە کردارگەلێکی سیاسیی پلەبەندی قۆناغ بەقۆناغە، وبەهۆیەوە سیستمی نادیٚموٚکراتیی بەرەو سیستمی دیٚموٚکراتیی گوزەردەکات. کەواتە، ئەم سیستمە دیٚموٚکراتە نوێیە، هەڵگری دادپەروەریی وشەرعییەتی گەل وئازادیی هەڵبژاردنە، کە دەربڕی دەنگدانی ئازاد وبێگەرد وڕۆشنە، [2] چونکە تەنها دیٚموٚکراسییە کە تاکە سەرچاوەی شەرعییەتە لە جیهاندا. واتە، پێویستە دەموچاوەکان ودامەزراوەکان وتەنانەت سیستم وشێوازی بەڕێوەبردنیش گۆڕانکاریی بەسەردابیٚ، بۆئەوەی گوزەر بەرەو دیٚموٚکراسی بئافرێندریٚ وهەم بڕوابکرێت بەوەی کە حکومەت بە پراکتیك هەوڵی گۆڕانکاریی ڕیشەیی وگوزەرکردن دەدات، هەم ئەوەی ماوەتەوە لە دەسەڵات، بەدووربیٚ لە حەتمییەتی لەناوچوون وڕامالین لەلایەن گەلەوە. ئەوجا، لەبەرئەوەی ناکرێت گوزەرکردن بە شەو وڕۆژێك بهێنرێتەدی، بۆیە پێویستی بە کات وچاکسازییەکی قۆناغبەندیی ڕاستەقینەی تاقەتپڕوکێن وهەمەلایەنە هەیە.

---

[1] ماهي الفترة الانتقالية في تداول الحكم؟ معلومات عامة، موقع ثقافة اونلاين، ٢٠١٦، www.thaqafaonline.com

[2] الانتقال السياسي: السياسة، موسوعة الجزيرة، ٣١/ ١٢/ ٢٠١٥، www.aljazeera.net

بێگومان، لە نێوکۆی گوزەری دیمۆکراسیدا، بێشك كۆمەڵێك بەربەست بۆ داڕشتە (برنامج)ی چاکسازیی دێتەپێش، کە لە بوارەکانی (سیاسیی کۆمەڵایەتیی ئابووریی)دا خۆیان دەردەخەن.[1] هەڵبەت، هەڵبەت، گەورەترین بەربەست لەبەردەم گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵایەتییە، بەوەی زۆر قورسە حکومەتی نوێ هەروا بەئاسانی ولە ماوەیەکی کورتدا بتوانێ بەسەر شێواز ونەریت وکەلتوورە کۆنە کۆمەڵایەتییەکەدا زاڵببێ. وەلێ، بەربەستێکیتری قورسیش، کایەی ئابوورییە، چونکە گەشەسەندن وجێگیربوونی ئابووریی زۆر گرنگ وپێویستە بۆ جێگیربوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی وبۆ سەرخستنی گوزەرکردن وکاری سیاسیی. بەپێچەوانەوە، دارمانی ئابوویی وبڵاوبوونەوەی بێکاریی وبەرزبوونەوەی ئاستی هەلاوسان وهەژارییش، زەبرێکی کوشندە دەبێ. بەربەستی سیاسیش، دواییینیانە، لە بەهێزکردنی دیمۆکراسیدا، بەوەی بەشداری سیاسیی وفەراهەمبوونی ژینگەیەکی لەبار لەبۆ هەڵبژاردنەکان وئازادیی سیاسیی وکۆمەڵگای مەدەنی ومیدیای ئازاد وشەفافییەت و...هتد، مسۆگەری گوزەرێکی تەندروستە.

بە بڕوای بیرمەندی عەرەب (جاسم سوڵتان)، زۆربەی کات سێ توێژی جیاوازی کۆمەڵایەتی، کرداری گۆڕان یاخود گوزەر ئەنجام دەدەن، ئەوانیش توێژی دەسپێك، توێژی گۆڕان وتوێژی بونیادن. دیارە، **توێژی یەکەم** یان گرووپی یەکەم، ئەوانەن کە هەڵگری بیرۆکەی گۆڕانکارییێن وکار بۆ ئەو مەبەستە دەکەن. بەڵام، ئەمانە ناتوانن کرداری گۆڕان وگوزەر بەتەنها ئەنجام بدەن، بەڵکو پێویستیان بە دوو گرووپەکەیتر هەیە ودەبێ بە دوای ئامرازە بنچینەییە کاریگەرەکانی گۆڕانیشدا بگەڕێن. **توێژی دووەم**، ئەمانە ڕۆڵی ئامرازە بنچینەییەکان یان وەکی دەرێن، نووکی ڕمەکەن، کە دەتوانن گۆڕانکاریی ڕاستەقینە دروستبکەن، کە دەشێت جەماوەربن لە حاڵەتی میللیدا، یاخود سوپا لە حاڵەتی کودەتادا، وە یان هەر دەستە وتاقمێکبن کە بتوانن گۆڕانکاری لە چەقی دەسەڵاتدا بکەن. هەرچی **توێژی سێیەمیشە**، ئەوانەن کە دواجار دوای ڕوودانی گۆڕان وگوزەرکردن، هەڵدەستن بە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەوڵەت یاخود دامەزراوەی سیاسیی. هەڵبەت، ئەمانەش تێکڕای چین وتوێژە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، بە سەرجەم ئایدیۆلۆژیا وڕەگەز ومەزهەب و...هتد.[2]

لەلایەکیترەوە، قۆناغی گوزەر، پێویستی بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك پێداویستیی گرنگ هەیە، کە بەهۆیەوە بەربەستەکانی بەردەمی تێکبشکێنێت، ئەگەرنا گواستنەوە بەرەو دیمۆکراتیزەبوون وگۆڕانی ڕاستەقینە، تەنها قسەدەبێت. دیارە، ئەوانەش بریتین لە: **یەکەم**، پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نوێ، واتە

---

[1] د. محمد محي الدين: المنتدى الدولي حول مسارات التحول الديمقراطي، تقرير موجز حول التجارب الدولية، برنامج الامم المتحدة الانمائي– القاهرة، ٥/ حزيران/ ٢٠١١، ص ٨

[2] د. جاسم سلطان: قواعد في الممارسة السياسية، مصدر سابق، ص ١٢٥

دەستوور، کە دەشێت کۆمەڵێك بڕگەی هەموار کرابێتەوە یاخود دەستوورێکی نوێ بنووسرێتەوە. **دووەم**، ڕێکارەکانی تایبەت بە کرداری هەڵبژاردن وبەشداری سیاسیی وڕۆڵی پارتەکان لە سازان لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆن یان هێزە سیاسییەکانی ڕژێمی کۆن. **سێیەم**، پەیوەندیخوازیی، لەگەڵ هێزەکانی دژ بە دیمۆکراسی، کە خۆیان لە سوپا وپۆلیس وبزنزکار وسەرمایەداراندا دەبیننەوە. **چوارەم**، ڕۆڵی دادوەران، بەوەی بەشداری ڕاستەوخۆ لە داڕشتنەوەی دەستووری نوێ دەکەن ودەتوانن بە یاسا لێکۆڵینەوە لە تاوانبارانی ڕژێمی پێشوو دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤ بکەن، وفشار دروستبکەن لەپێناو سەرخستنی ئەم پرۆسەیە وڕێگریی بکەن لە ساختەکاریی هەڵبژاردنەکان. **پێنجەم**، کەیسی لێبوردن، کە تایبەتە بە تاوانباران وتاوانەکانی دژ بە مافی مرۆڤ. لە ڕاستیدا، پێویستە پرەنسیپی دادوەریی، نەك تۆڵەسەندنەوە جێبەجێبکرێ، لە هەمان کاتیشدا پێویستە تاوانباران سزای بەدادی خۆیان وەرگرن وقەرەبووی زیانلێکەوتووان بکرێتەوە. **شەشەم**، ئابووری، هەڵبەت کرانەوەی ئابووریی، لەپێناو فراوانکردنی ناوچە وپشتێنەی بازاڕ، لە ڕێی ڕێککەوتننامەی ئابووریی دووقۆڵیی وهەمەلایەن، پشتگیریکردنی هەناردەکردن، جێبەجێکردنی سیاسەتێکی نەرم تایبەت بە نرخی دراو، هاندانی وەبەرهێنانی بیانی، هاوبەشیی نێوان کەرتی گشتیی وتایبەت لە بواری ژێرخان، چاکسازیی ودروستکردنی سیستمێکی دارایی پتەو، بنبڕکردنی گەندەڵی و...هتد، زۆر پێویستە بۆ ئەم قۆناغە. [١]

سەرباری ئەو پێداویستییانەی ئاماژەیان پێدرا، ناکرێت ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنیش لە کرداری گوزەردا بە هەند وەرنەگرین. شایانی باسە، هەچ ڕۆڵێکی کاریگەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کرداری گوزەری دیمۆکراتی بۆ کۆمەڵگا، هاوکاتە لەگەڵ هەوڵی بەجێگەیاندنی یەکگرتوویی وتەواوکاریی لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی وکۆمەڵگای سیاسیی، ودۆزینەوەی ڕووگەیەکی هاوبەش کە بکرێت لەڕێیەوە هاووڵاتیان بکرێتە پاڵپشت لەبۆ سیستمی سیاسیی وکۆمەڵایەتیی وڕۆشنبیریی وئابووریی دەوڵەت. زۆرێك لە توێژەران وبیرمەندان، دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە گرنگترین کەناڵەکانی بەشداریی میللی دەزانن، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی، وەك مەیدانێکی کێبەرکێی کۆمەڵێکی زۆر لە دەستە وتاقمە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان وایە، کە کار لەسەر ڕێکخستنی ئەو بەرژەوەندییانە دەکات. بەمەش، هێزێکیان لێدروست دەکات، کە تەواوکەری ڕۆڵی پارتە سیاسییە دیمۆکراتەکانە، لە بەرزکردنەوەی ئاستی کاریگەریی سیاسیی وکارامەیی هاووڵاتیان، وپتەوکردن وچەسپاندنی مافەکان وئەرکە گرنگەکان، لە هاووڵاتیبوونی دیمۆکراسیدا. وەلێ، دەکرێت جەخت لە گرنگی ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی لە کرداری گوزەردا بکەین، لەم سێ ئاستەدا:

١- ڕۆڵی پەروەردەیی وڕۆشنبیری کۆمەڵگای مەدەنی

---

[١] د. محمد محي الدين: المنتدى الدولي حول مسارات التحول الديمقراطي، مصدر سابق، ص ١٠

٢- ڕۆڵی ئامادەکاریی کۆمەڵگای مەدەنی

٣- ڕۆڵی چاودێریی وڕەخنەیی کۆمەڵگای مەدەنی [١]

- **شۆڕش وکودەتا**

گەر چاوێك بخشێنین بە فەرهەنگەکاندا، دەبینین دەربارەی شۆڕش پێناسەگەلێك کراوە. لەو پێناسە ونێوکۆیەدا، دەتوانین بڵێین ئەم زاراوەیە، لە نێو زانستدا مانا ورد وڕوونە لاتینییەکەی خۆی پاراستووە. شۆڕش، ڕاشکاوانە ئاماژە بە جووڵەیەکی "دووبارە" و"خولانەوە" دەکات، کە سەرچاوەکەی زانستی ئەستێرەناسییە ولە زانستی سیاسەتدا کەڵکی لێوەرگیراوە. وەلێ لە سەدەی حەڤدەهەمدا، زاراوەی شۆڕش، بۆ یەکەمجار وەك زاراوەیەکی سیاسیی کەڵکی لێوەرگیراوە. لە ساڵی (١٦٦٠ز)دا، ئەم زاراوەیە، دوای هەڵوەشانەوەی "پەرلەمانی ماوەدرێژ" لە بەریتانیا، مشتومڕێکی زۆری بەدوایخۆیدا هێنا، ئەمە وبێجگەلە چەندین پێناسەیتر وڕاڤە ومەبەستیتر. هەڵبەت، بە هەڵسەنگاندنی مێژووی شۆڕشەکان وبە مەبەستی ناسینی شێوازەکانی شۆڕش، دەکرێ شۆڕشەکان بەسەر: شۆڕشە کلاسیکیی وشۆڕشە مۆدێرنەکاندا دابەشبکەین. ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، ئەم زاراوەیە، بە ڕووخانی تەواوەتیی حکومەتێك لە هەر وڵات یان دەوڵەتێك، ودانانی دەسەڵاتدارێکی نوێ یاخود دەوڵەتێکی نوێ لە ڕێگای توندوتیژییەوە، وتراوە. [٢]

لە ڕووی سیاسییەوە، دەکرێت وەها پێناسەی شۆڕش بکەین، کە بزوتنەوەیەکی میللی فراوانی ئاڕاستەداری سیاسیی ڕێکخراوە، گوزارشت لە خواستی گشتی کۆمەلأنی خەڵك دەکات، وئامانجی ڕیشەکێشکردن وگۆڕینی سیستمی سیاسی باو ودامەزراندنی سیستمێکی سیاسیی نوێیە، کە گوزارشت لە ئیرادەی میللی تاکەکانی گەل (ئەوانەی نوێنەرایەتی هێزی ڕاستەقینەی شۆڕش دەکەن) بکات. [٣] یان، شۆڕش، بە گۆڕینی سیستمی حوکمڕانیی لە ڕێی یاخود بە ڕەزامەندیی گەل، وبەبێ ڕەچاوکردنی بنەما دەستوورییەکان دێت. یاخود، دەتوانین بڵێین، شۆڕش فراژووتن وئاوەژووکردنی سیستمی حوکمڕانییە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە. [٤] لە ڕووی دەروونناسیشەوە، شۆڕش، بریتییە لە بزوتنەوەیەکی

---

[١] التغيير الامني في سورية: تأليف: مجموعة باحثين، مركز عمران للدراسات الاستراتيجية- اسطنبول، ٢٠١٧، ص ٥٤

[٢] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی ڕابردوو، ل ٤٢٥

[٣] د. أيمن أحمد الورداني: حق الشعب في استرداد السيادة، مصدر سابق، ص ٣٨١

[٤] د. محمد علي آل ياسين: القانون الدستوري، المباديء الدستورية العامة، الطبعة الاولى، المكتبة الحديثة للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٧٣، ص ٧١

سیاسیی بە ڕابەرایەتیی کەسانێك کە خاوەن کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕانەن، دەرەنجامی ئەم کارەش، ڕاکێشانی خەڵکییە لە ڕێی ئەو کەسێتییە شۆڕشگێڕانەیانەوە. [1]

دەوترێت، شۆڕش، نوێنەرایەتی فۆرمێکی کاریگەرتر ودوورتری گۆڕان دەکات. هەڵبەت، لە مانا گشتییەکەیدا، شۆڕش، دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوون وشوێنگرتنەوەی سیستمێکی حکومەت، کە تەواو جودابێت لە چاکسازیی یان گەشەسەندن، کە چاکسازیی تیایدا لە چوارچێوەیەکی دەستوورییدا ڕوودەدات. بەلأم، فیکرە زووەکانی شۆڕش، پێدەچێت لە سەدەی چواردەیەمەوە پەرەیپێدرابێ. جێی ئاماژەپێکردنە، لە ڕووی ئامانجەوە، دەکرێ شۆڕشەکان بۆ شۆڕشی زانستیی، سیاسیی، ئایینیی پلەبەند بکەین، [2] کە گەلەدەرەنجامێکی زۆری لە بوارگەلێکدا هەبووە وهەیە. بێگومان، لە ڕووی پۆلێنکردنیشەوە، دەکرێت شۆڕشەکان بەسەر: شۆڕشی سیاسیی، شۆڕشی کۆمەلأیەتیی، شۆڕشی کەلتوورییدا پۆلێنبکەین. وەلێ، ئەو گۆڕانەی کە شۆڕشی سیاسیی دروستیدەکات، گۆڕانێکی ڕیشەیی چەشەکراو بە توندوتیژییە، بە مەبەستی وێرانکردن وداڕشتنەوەی سیستمێکی سیاسیی کە سیاسەتێکی نوێ پەیڕەودەکات. بەلأم، شۆڕشی کۆمەلأیەتیی، گۆڕانێکی قوولْ لەناو کۆمەڵگادا دروستدەکات، کە مەرج نییە تەیارکرابێ بە توندوتیژی یان ڕیشەکێشکردنی سیستمەکە، بەڵکو تایبەتە بە دیاردە کۆمەلأیەتییەکان. هەرچی شۆڕشی کەلتووریشە، هەوڵی گۆڕان وبنبڕکردنی ئەو بەها ومەزهەب وباوەڕە باوانە دەدات، کە ترادسیۆنن وپشتگیریی لە سیستمی کۆن وبیروباوەڕی کۆن دەکەن، ولە شوێنی ئەواندا بەها وتێڕوانینی نوێ دەخوڵقێنن. بەلأم، دواجار هەر دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی بڵێین شۆڕش بە کارێکی جەماوەریی لەودیو یاساوە دەوترێ، کە بەهۆی نەمانی شەرعییەتەوە بەرپادەبێ. [3]

گۆڕانی سیستمی سیاسی، بە تەنیا دەرەنجامی شۆڕشەکان، کودەتاکان، چاکسازییە مەزنەکان یان داگیرکردنە دەرەکییەکان نییە، بەڵکو ڕەنگە بەرهەمی دواهاتی لاوازبوون وداڕووخانی هێدی هێدییانەی ڕژێمەکانبێ. لە ڕاستیدا، بەردەوامبوونی ڕژێمە سیاسییەکان، پەیوەستە بە جێگیربوون وتوندوتۆڵبوونی کۆڵەکەکانی دەسەلأتەوە، واتە بە ڕەوابوون، کارامەیی دەزگای فەرمانڕەوایی، پشتگیریی کۆمەلأیەتیی ودابینکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکان وگشتییەکان. جێی باسە، شۆڕش، ململانێیەکی زەبر وزەنگاوییە لەبۆ بەدەستهێنانی دەسەلأتی دەوڵەتیی، لەنێو یەکەیەکی سیاسیی سەربەخۆدا. لە درێژەی ئەو کارەشدا، ئەو گرووپانەی لە دەرەوەی دەسەلأتی دەوڵەتدان، سازکردن وئامادەکردنی جەماوەریان لە

---

[1] کۆمەڵێ نووسەر: چەند وێستگەیەکی فیکریی وئەدەبیی، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی سێیەم، لە بلأوکراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٢٣

[2] غوستاف لوبون: روح الثورات والثورة الفرنسية، ت: عادل زعيتر، مصدر سابق، ص ٢٦

[3] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨٧

ئەستۆدا دەبێ. شۆڕشە مەزنەکان، بێجگەلە دەرەنجامی سیاسییانەی سەرەتایی کە گۆڕینی حکومەتە، دەرەنجامی کەم تا زۆری کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، ڕووناکبیرییش دێنێتەئاراوە. بە شێوەیەکی گشتی، هۆکارەکانی شۆڕشیش، یەکێك لە دژوارترین مەسەلەکانی زانستی سیاسییە. وەڵێ، پێویستە توێژینەوە لە هۆکارەکانی ڕێکخستن ویەکسانبوونی کۆمەڵایەتیی، بەر لە ڕوودانی شۆڕش کە لە ئارادابوون، بکرێ.[1]

(ئەریستۆ)، لە پێشینەی ئەوانە بوو کە لە کتێبی (سیاسەت)دا ئاماژەی بە شۆڕش وهۆکارەکانی شۆڕش دابوو. بە بڕوای ئەو، هەموو جۆرەکانی حوکمڕانیی، لە نێویشیاندا (ئۆلیگارشی ودیمۆکراسی)، کە دوو چەشنی سەرەکیی حوکمڕانین وهەڵگری بڕێك ڕەگەزی دادپەروەریین، دەشێت تووشی شۆڕش ودارمانبن، گەر پشکی گەل وکەسی حوکمڕان وەك یەك نەبن. ناوبراو، شۆڕشەکانی بۆ دوو جۆر پۆلێن کردبوو، جۆرێك کە دەبێتەهۆی گۆڕینی دەستووری پیادەکراو وبەهۆیەوە سیستمی حوکمڕانیی بە سیستمێکیتر دەگۆڕدرێ. جۆرەکەیتریش، کەسە حوکمڕانەکان، لە چوارچێوەی ستراکتووری هەمان سیستمدا دەگۆڕدرێن.[2] (ئەریستۆ)، لەو باوەڕەدا بوو کە: "هۆکاری سەرەکیی لە پشت شۆڕشەکانەوە، بریتیین لە ململانێی نێوان ئۆلیگارشییەکان (دەوڵەمەندەکان)، ودیمۆکراتەکان (ئەو هەژارانەی بایەخ بە بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان نادەن). بە واتایەکیتر، کارەکتەری سەرەکی شۆڕش، لە سایەی هەچ سیستمێکی فەرمانڕەواییدا، بریتییە لە (نایەکسانیی). واتە، نایەکسانیی، هەمیشە فاکتەری سەرەکی شۆڕشەکانە، خەڵکیش شۆڕش لەپێناو هێنانەدی یەکسانیدا دەکەن.[3]

بێگومان، بەهەڵەداچووین گەر وابزانین تەنها کرێکاران ونەداران وچینی ژێرەوەی گەل، شۆڕش بەرپادەکەن. هەڵبەت لە مێژوودا، سێ شۆڕش لە سێ کاتی جیاواز وبە بەشداریی سێ چینی جیاوازی کۆمەڵایەتیی بەرپاکراوە. جێی ئاماژەپێکردنە، ساڵی (١٢١٥ز) لە ئینگلتەرا، چینی (خانەدانەکان) شۆڕشیان لە دژی پادشا (جۆن لاکلاند) یان (جۆن سانتێر) بەرپاکرد، کە (ماگناکارتا) یاخود (پەیمانی مەزن)ی لێکەوتەوە،[4] کە بە یەکەم دەستووری نووسراوی ئینگلتەرا دادەنرێ وتیایدا دان بە مافەکانیاندا نرا. وەڵێ، ساڵی (١٧٨٩ز) لە فەرەنسا، چینی (ناوەند یان بۆرژوا)، شۆڕشیان لە دژی پادشا (لویسی شازدەهەم) وخانەدانەکان وپیاوانی ئایینیی بەرپاکرد، کە بەهۆیەوە سیستمی فیودالیی هەڵوەشێنرایەوە

---

[1] حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣

[2] عزمي بشارة: في الثورة والقابلية للثورة، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث والدراسات- الدوحة، اغسطس/ ٢٠١١، ص ٢

[3] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤

[4] د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٢٣٣

وئەوانیش وچینەکانی خوارەوەی گەل، مافەکانیان بەدەستهێنا. لە ساڵی (١٨٤٨ز)یشدا، چینی (کرێکاران) لە زۆربەی ئەوروپادا، شۆڕشیان بەرپاکرد کە بە بەهاری ئەوروپیی ناودێرکرا ودەرەنجام کۆمەڵە مافێکی نوێیان بەدەستهێنا، کە لە سەردەمانی پێشوودا هەرگیز بەدەستیان نەهێنابوو.[١]

بەڵگەنامەکان، مکوورن لەسەرئەوەی ئەم شۆڕشانەی بەهاری ئەوروپیی (١٨٤٨ز)، بارگاویی کرابوون بە ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزم، هەر لەم ساڵەشدابوو، وەك پەرچەکردارێك لە بەرانبەر ئەم شۆڕشە کرێکارییانە، (کارڵ مارکس وفریدریك ئەنگڵس) مانیفێستۆی کۆمۆنیستیان بڵاوکردبوەوە،[٢] کە هێندەیتر جۆش وخرۆش وگڕوتینی پێبەخشیبوون. لە پێناسەی شۆڕشدا، (کارڵ مارکس)، ئاماژەی دابوو بەوەی: "شۆڕش، یەکێکە لە ئامڕازەکانی گەشەسەندن وپەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی. شۆڕشی سۆسیالیستیش، ئامانج لێی ڕزگاربوونە لە سەرمایەداریی ونەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤی برای."[٣] هەموو ئەم زانیارییانەی خرانەڕوو، پێناسە وگەنگەشەی بابەتی شۆڕش وئەوانەی بە شۆڕش هەڵدەستن وفاکتەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی بوو. بەڵام لێرە بەدواوە، تاووتوێی شۆڕش لەو ڕوانگەیەوە دەکەین، کە تا چەند ئەم گۆڕانکارییە ڕادیکاڵە، کاریگەریی لەسەر کرداری گوزەر بەرەو دیمۆکراسی دەبێ، وجەماوەری شۆڕشگێڕ کێن ولەم کردارەدا تا چەند ڕۆڵ دەبینن؟

جارێکیتر، بە گەڕانەوە بۆ بەرهەمەکانی (هنتنگتۆن) لە بارەی سێیەمین شەپۆلی گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، دەکرێت ئاماژە بە بۆچوونی ناوبراو بدەین، بەوەی هەردەم جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە "جەماوەر، ڕۆڵێکی ئەوتۆ لە گوزەر بەرەو دیمۆکراسیدا ناگێڕن." ئەوەشی نیشان دابوو، کە لە (٣٣) حاڵەتی گوزەر لە شەپۆلی سێیەمدا، تەنیا لە (٦) حاڵەتیاندا جەماوەر تا ڕادەیەك ڕۆڵیان تێدا گێڕابوو. ئەوجا بەپێی ئەم ڕوانگەیە، ڕەنگە جەماوەر شۆڕش بکەن وڕژێمێك برووخێنن، بەڵام تەنیا نوخبەکانن کە دواتر دەتوانن بە کردارەکانیان وشێوازەکان وپەیمانەکانی خۆیان، لەبری ڕژێمێکی دیکتاتۆریی دیکە، سیستمێکی دیمۆکراتیی دابمەزرێنن.[٤] کەواتە، جارێکیتر گەڕاینەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە تەنیا دەستەبژێر (نخبە)، دەتوانێ جڵەو وڕامی کۆمەڵگای سیاسیی لە کاتی ئاسایی ولە کاتی گوزەر ولە کاتی شۆڕش ونەهامەتییەکاندا بکات، نەك جەماوەری شۆڕشگێڕ.

مێژوونووس وسایکۆلۆژیستی کۆمەڵایەتیی فەرەنسیی (گۆستاڤ لۆبۆن)، لە کتێبی (سایکۆلۆژیای

---

[١] سلامة موسى: كتاب الثورات، مصدر سابق، ص ١١

[٢] بيان الحزب الشيوعي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠/ ديسمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

[٣] حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، بحث جامعي لنيل شهادة الماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الانسانية- الجزائر، ٢٠١٦، ص ٦

[٤] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥

جەماوەر)دا دەڵێ: "زۆر قورسە لە مێژووی شۆڕشە میللییەکان تێبگەین، گەر سروشتی کۆنەوارەتیی جەماوەر پشتگوێبخەین. ڕاستە، جەماوەر دەیەوێ ناوی دامەزراوەکان بگۆڕێ، تەنانەت هەندێجار لەپێناو گۆڕینی ئەو ناوانەدا توندترین شۆڕش بەرپادەکات. بەڵام، لە نەستی جەماوەردا، خولیا وناوەڕۆکی ئەم دامەزراوانە هەر دەمێنێ، وهەردەم دەربڕی پێداویستییە بۆماوەییەکانی بنەوانیەتی، هەربۆیە دواجار بۆیدەگەڕێتەوە ومەیلی دەکات. لەبەرئەوە، جووڵە بەردەوامەکانی جەماوەر، تەنها تایبەتە بە شتگەلە ڕووکەشەکان، چونکە هەڵگری سروشتێکی خۆڕسکی کۆنزەرڤاتیزمە." [1] کەواتە، لەبەرئەوەی جەماوەر ناتوانێ بڕیارێکی تۆکمە وژیرانە وخۆڕسکانە بدات، بۆیە ڕاڕایی دەبێتە ئەگەرێکی کراوە وسەرەتای هەر شۆڕشێکی جەماوەریی لەگەڵ کۆتاییەکەیدا جیاوازە. واتە، شۆڕشی جەماوەریی، سەرباری گۆڕان، بەڵام ناتوانێ وەك پێویست ژینگەیەکی لەبار بۆ کرداری گوزەر بەرەو دیمۆکراسی بخوڵقێنێ.

بە بڕوای شرۆڤەکاری دەروونیی، (سیگمۆند فرۆید)، چەندین کەموکوڕیی، دەرخستەی شێوازە تایبەتەکانی جەماوەرن. **یەکەمیان**، تاك لەنێو جەماوەردا، وبەهۆی زۆریی ژمارەوە هێزێك بەدەست دەهێنێ کە هەرگیز تێکناشکێت. ئەمەش وادەکات، کە زۆر بە ئاسانی خۆی بدات بەدەست توانایەکی خۆڕسکەوە کە لە تەنیاییدا نەیبووە. هەڵبەت، ئەم خۆبەدەستەوەدانە ئاسانە، لە کاتێکدا ڕوودەدات کە هەستی بەرپرسیاریەتی نامێنێ، کە پێشتر ببوە کۆسپێك لەبەردەم تاکەکاندا. واتە، جەماوەر، چیتر هۆشیان نامێنی، یاخود دووردەکەونەوە لە بەرپرسیاریەتیی. **دووەمین** کەموکوڕی، پەتای ئاوەزمەندییە، ئەم دیاردەیە، زۆر بەئاسانی لە جەماوەردا هەستی پێدەکرێت، هەرچەندە ڕاڤەکردنێکی شیاو بۆ ئەم حاڵەتە نییە. وەلێ، هەموو هەستێك، هەموو کردارێك لەلایەن جەماوەرەوە ساز وئامادەکراوە، بەشێوەیەك کە تاك زۆر بەئاسانی قوربانی بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی یان جەماوەردا دەدات. ئەمەش، کردارێکی پێچەوانەی سروشتی تاکە، کە هەرگیز هەڵناسێت پێی، مەگەر کاتێك کە ببێتە بەشێك لە جەماوەر. **سێیەمین** کەموکوڕی، کە لە هەموویان کاریگەرترە، دروستبوونی مۆرکێك یان خوویەکی تایبەتە لای تاکەکانی جەماوەر، کە پێچەوانەی خودی ئەو تاکەیە کاتێك لە دەرەوەی جەماوەر یان تەنها دەبێ. لێرەدا، مەبەست لە پێڕاگەیاندن یان کاریگەربوونە، بەوەی هەڵسوکەوتی تاك دەرەنجامی کاریگەربوونە. واتە، حاڵەتێکە دەشێت تاك تیایدا هۆشیاری کەسیی خۆی لەدەستبدات وملکەچ وکاریگەرببێ بە هەر پێڕاگەیاندنێکی ئاڕاستەکراو لەلایەن جەماوەرەوە، بەشێوەیەك کە دەشێت خودی تاك کۆمەڵە کردارێکی پێچەوانەی سروشتی خۆی ئەنجام بدات. [2] هەموو ئەم زانیارییانەی (فرۆید) ئاماژەی پێدابوو، ئەگەری گوزەر بەرەو دیمۆکراسی لە سایەی جەماوەری شۆڕشگێڕدا، دەکەنە

---

[1] غوستاف لوبون: سيكولوجية الجماهير، ت: هاشم صالح، الطبعة الاولى، دار الساقي– لندن، ١٩٩١، ص ٧٨

[2] سيغموند فرويد: علم نفس الجماهير وتحليل الانا، ت: جورج طرابيشي، الطبعة الاولى، رابطة العقلانيين العرب، دار الطليعة للطباعة والنشر– بيروت، حزيران/ ٢٠٠٦، ص ٢٨– ٣٠

چەوتبینیی، بەوەی هەردەم دوودڵ وڕاڕان لە بڕیارداندا.[1]

لەگەڵئەوەی دەکرێ جەماوەر هەڵبخەڵەتێندرێ، بچەوسێنرێتەوە، بچەپێندرێ (کبت)، ناچاربکرێ، وە لەگەڵئەوەی دەشێت ئەم کردارگەلە بەرانبەری درێژە بکێشێت، بەڵام دواجار ئەم بارودۆخە پێچەوانە دەبێتەوە، ودەبێتەهۆی بێداربوونەوە وبەئاگاهاتنەوەیەکی حەتمیی جەماوەر، کە تووڕەیی لێدەکەوێتەوە. کاتێکیش، ئەم جەماوەرە تووڕەیە، وەکی دایناسۆرێکی قەبەئاسا هێدی هێدی بەئاگادێ، بە جووڵەیەکی پڕ لە کینە وبێبەزەییانەوە ئەوە دەپلیشێنێتەوە کە ئازاری پێگەیاندووە، وتۆڵەش لەوانە دەکاتەوە کە چەپاندوویانە وستەمیان لێکردووە.[2] ئەمە وێڕای ئەوەی، چی بێتە سەر ڕێگای ئەم بارستە مرۆییە زەبەلاحە، پانیدەکاتەوە. لە ڕاستیدا، ئەم باهۆزی جەماوەرە وتەواوی ئەو جووڵە وگۆڕانکارییانەی ڕوودەدەن، پێویستی بە کۆمەك وکۆبوونەوەی ئیرادەی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە خەڵك هەیە (دەستەبژێر)، لەبۆ ئاڕاستەکردن. هەڵبەت، ئەم بارستە مرۆییە، ناودەبرێ بە بارستەی سامناك.[3] بەمانای، گەر لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە جەماوەر لە سەرەتادا هەرچییەك بووبێ، بەڵام دواجار هەردەبێ گوێیلێبگیرێ، گەرنا کارەسات دەخوڵقێنێ. دیارە، ئەم بۆچوونەی (فرۆید)، پێچەوانەی بۆچوونەکەی (ئیتیان دی لا بۆیسی)یە دەربارەی چەپاندن وڕامکردن وکپکردنی دەنگی جەماوەر. (لا بۆیسی)، بڕوای وابوو، کاتێك دانیشتوانی وڵاتێك (یان جەماوەر) تووشی چەپاندن وکپکردنێکی سیستماتیکیی دووورودرێژ دەبنەوە، دواجار نەوەیەك بەرهەمدێ کە پێویستی بە ئازادی نییە، وخۆی لەگەڵ ستەمکاریدا دەگونجێنێ.[4] وێڕای ئەوەی بۆچوونەکان وتێڕوانینەکان جیاوازن، بەڵام مەرجیش نییە کپکردن وچەپاندنی جەماوەر تاسەر ئەنجامی ئەرێنیی بۆ دەسەڵات هەبێ، لە ئێستاشدا بەهاری عەرەبیی پشتڕاستکەرەوەی ئەم ڕاستییەن.

سەرەتای ساڵی (٢٠٠٤ز) لە شاری (ریبات) لە مەغریب، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا (جۆرج بوش)، دەستپێشخەرییەکی ئەمریکیی بە ناوی (کۆڕبەندی ئایندە) ڕاگەیاندبوو،[5] لەپێناو بڵاوکردنەوەی دیمۆکراسی لە جیهانی عەرەبیدا. وەلێ، بیست دەوڵەتی عەرەبیی وئیسلامیی بانگهێشت کرابوون بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هەشت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان، دیارە هەموو ئەمەش دەربارەی ڕیفۆرم وگوزەر بەرەو دیمۆکراسی بووە. ئەوەی مایەی سەرنجە، لە کۆتایی ئەم کۆڕبەندەدا، ئەم دەوڵەتە عەرەبییانە ملیان نەدابوو بۆ دەستپێشخەریی وڕاسپاردەکانی هەشت دەوڵەتە پیشەسازییەکە، بە کرانەوە

[1] غوستاف لوبون: سيكولوجية الجماهير، ت: هاشم صالح، مصدر سابق، ص ٢٢٣

[2] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ٦١

[3] أ. د. عبدالحميد أحمد أبو سليمان: موسوعة التنشئة السياسية الاسلامية، المجلد الثاني، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة- القاهرة، ٢٠١٢، ص ٩٨٧

[4] ايتيان دي لا بويسي: مقالة العبودية الطوعية، ت: عبود كاسوحة، مصدر سابق، ص ١٦٠

[5] اشواق عباس: منتدى المستقبل والاصلاح في العالم العربي، الحوار المتمدن، ٥/ ٢/ ٢٠٠٥، www.ahewar.org

وهەنگاوهەڵگرتن بەرەو دیموکراسی وریفۆرمی سیاسیی وکۆمەڵگای مەدەنی، بگرە ئەم داخوازییانەشیان بە چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین وشەڕی عێراقەوە بەستبووەوە. هەڵبەت، پێشتر ولە مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٣ز) لە ویلایەتی جۆرجیا، (جۆرج بوش) لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ ئەندامانی ئەم هەشت دەوڵەتە، گرنگیی ئەم دەستپێشخەرییەی بۆ باسکردبوون، بەڵام بە گوێی دەسەڵاتدارانی عەرەبدا نەچوبوو، بگرە لە ناوخۆشدا دەنگی ناڕەزایی بەرزببووەوە، بەوەی ئەمریکا لەو ئاستەدا نییە (وانە) بە جیهانی عەرەبیی بدات. بەمانای، ئەم پرۆژەیە هەر بە ساوایی لەگۆڕنرا وڕووناکی نەبینی، واتە لە کۆتاییدا دەنگی فەندەمێنتاڵیزم ودۆگمایی بەسەر دەنگی ئاوەزباوەڕیی وچاکسازیدا سەرکەوت.

پاشئەوەی، بەشداربوانی عەرەب، هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم کۆڕبەندەیان خستبووە ئەستۆی کۆمەڵی هەشت دەوڵەتەکە، کە پێشتر هەر خۆیان هۆکار بوون وهەر خۆشیان فەرامۆشیانکردبوو، سەربار وەك کاردانەوەیەك، ساڵی (٢٠١٠ز) جیهانی عەرەبیی تێکشکاندنێکی سەختی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ وگوزەران ودیموکراسی بەخۆوەبینی. [1] بەڵام، دەسەڵاتدارانی عەرەب، بێباك بوون لەوەی گوێبیستی خواستی جەماوەریانبن. هەربۆیە، دواجار جەماوەر داپناسۆرئاسا بێداربووەوە، ویەکەمین خونچەی کراوە لە بەهاری داهاتووی ئەم دەوڵەتە عەرەبییانەدا، شۆڕش بوو، کە بێگومان دەرەنجامی نەکرانەوە ودیموکراتیزەنەبوون وگوێنەگرتن لە دەنگی جەماوەر وئەقڵ بوو. شایانی باسە، دواکەوتوویی ولاوازیی کۆمەڵگاکانی عەرەب، لەوەدایە کە فرەیی وئازادی ڕادەربڕین وبەشداریی سیاسیی وکۆمەڵگای مەدەنی ودیموکراسی، بوونی نییە. واتە، بە زمانێکی پاراوتر وبەپێی وتەزاکەی (سپینۆزا) بێ: "هێزی گەورەی کۆمەڵگا، لەوەدایە کە زۆرترین بڕی ئازادی دەستەبەر بکات." [2] هەڵبەت، کاتێك ئازادی دەستپێدەکات، سیاسەتیش کۆتایی دێت. [3] بەڵام، لە پیواری ئەمانەدا، بێداربوونەوە وڕاپەڕین دژی چەپاندن ونەبوونی ئازادی وشۆڕشی جەماوەریی دەبێتە ئەگەرێکی کراوەی بەهێز، کە مەبەست لێی گۆڕینی واقیعی ژیانە بە ژیانێکی پڕ لە ئازادی وکەرامەت وخۆشگوزەرانیی. واتە، هەوڵدانە بۆ گۆڕینی مێژوویەکی پڕ لە چەپاندن وچەوساندنەوە وتێکشکاندنی کەسایەتیی، بە مێژوویەکی باشتر. (مارکس) وتەنی: "ئەم مرۆڤە، لەژێر کارتێکردنی دەوروبەر وڕەتکردنەوەی ڕابردوودا، مێژوو بۆ خۆی دادەهێنێ." [4]

پاشئەوەی، چەمك ومانا وشاخاڵە ئەرێنیی ونەرێنییەکانی شۆڕش وجەماوەری شۆڕشگێڕمان خستەڕوو کە مەبەستی سەرەکیی ئەم بابەتەبوو، ئیدی بە کورتی ئاماژەیەك بە چەمکی کودەتاش دەکەین.

---

[1] سالي سامي: آفاق الاصلاح السياسي في العالم العربي، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان- القاهرة، ٢٠١١، ص ٨

[2] د. زەکەریا ئیبراهیم: کێشەی ئازادی سیاسی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١١، ل ١١

[3] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨

[4] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی سارتەر، خوێندنەوەیەکی نوێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣

بێگومان، دیارترین شێوازی نادەستووریی لە گرتنەدەستی دەسەڵاتدا، شێوازی شۆڕش یان شێوازی کودەتایە. [1] دیارە، کودەتا بەوە پێناسەدەکرێ کە: "گۆڕانی ڕووگەی شتێکە، واتە گۆڕانکارییەکی کتوپڕە لە سیستمی حوکمڕانیدا، زۆربەی کاتیش گرووپێکی سەربازیی بەو کارە هەڵدستێ، مەبەستیش تەنها دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسییە. واتە، کودەتا، گواستنەوەی دەسەڵاتە لە کەمینەیەکەوە بۆ کەمینەیەکیتر، بە بەکارهێنانی ئامڕازە فەرمییەکانی توندوتیژیی، ئەوەش بەبێ گۆڕانکاریی لە بارودۆخی هێزی سیاسیی لە کۆمەڵگادا. [2] دیارە، کودەتا، بەمانای ڕووخاندنی بونیادێکی سیاسیی دێت وبەس، بێئەوەی توانستی دروستکردنەوەی بونیادی نوێی هەبێ، بۆ قەوارە کۆمەڵایەتیی وئابوورییەکان. ئەمە بێجگەلەوەی، کودەتا سەربازییەکان، ڕوانگەیەکی فیکریی ئەوتۆیان نییە. هەربۆیە، بێجگەلە گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسیی، توانای کارگەلێکی ئەوتۆیان نییە. وەلێ، کودەتای سەربازیی، هەرچەندە بەپێی پلانێکی زانستیی کاردەکات، بەڵام ئەو پلانە سنووری دەسەڵات تێناپەڕێنێ، لەبەرئەوەی ڕوانینی کودەتا سنووردارە بە سنووری دەسەڵات. بەڵام، شۆڕش، ڕوانینێکی گشتگیری هەیە، کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئیرادەی گۆڕانکاریی دەدات لە ڕووی کۆمەڵایەتیی وئابووریی وفیکرییەوە. [3]

کەواتە، کودەتا، تەنها جووڵەیەکی سنوورداری تاکێك یان کۆمەڵە تاکێکە کە پشت بە هێزی گەل نابەستێ، بەڵکو پشت بە هێزی خۆی یان بەو هێزگەلانەی لە دەسەڵاتدان وەك بەشێك لە ئەندامانی پۆلیس وچەند یەکەیەکی سوپا، دەبەستێ. وەلێ، مەبەست لە کودەتا، تەنها ڕووخاندنی سیستمی باو وگرتنەدەستی دەسەڵاتە لەلایەن ئەو گرووپەی بەو کارە هەڵدەستێ، پێشئەوەی مەبەست لە گۆڕانکاریی لە واقیعی کۆمەڵایەتیی یان سیاسییبێ، کە تاکەکانی گەل خوازیارین. ئەمە سەرباری ئەوەی، زۆربەی زۆری گەل بەم کارە لەپڕ ولەناکاوەدا نازانن، بەڵکو بازنەی زانینی ئەم کودەتایە تەسك دەبێتەوە وتەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەو کارە هەڵدەستن. ئەوجا، ئەگەر کرداری کودەتاکە سەریگرت، ئەوا لە ڕێگەی دەزگا جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە، تەواوی گەلی لێئاگادار دەکرێتەوە. [4]

بێگومان، کودەتاش هاوشێوەی شۆڕشی جەماوەریی، ئەگەری گوزەر بەرەو دێموکراسی لاوازدەکات. بەڵام بە بڕوای (هنتنگتۆن)، لە (١٩٧٤ز)دا، واتە لە شەپۆلی سێیەمی گوزەر لە پورتوگال، لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازیی سەرکەوتوو، کە کۆتایی بە دەسەڵاتی سەربازیی دیکتاتۆر (مارسیلۆ

[1] د. صلاح الدين أحمد السيد جودة: الشرعية الثورية وآثارها على النظام الدستوري المصري، دار النهضة العربية- القاهرة، ٢٠١١، ص ١٩٨

[2] حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، مصدر سابق، ص ٦

[3] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ١١٦

[4] د. أيمن أحمد الورداني: حق الشعب في استرداد السيادة، مصدر سابق، ص ٣٨٤

کایتانۆ) هێنا، سەرەتایەکی قورسی کردارگەلێکی دیمۆکراسییانە بوو لە ئەوروپا وئەمریکای خواروو.[١] هەڵبەت، واباوە کە کودەتای سەربازیی هەردەم کۆتایی بە سیستمی دیمۆکراسیی دەهێنێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لە پورتوگال، دواجار دوای ژانێکی زۆر وبە هەوڵ وتوانای شۆڕشێکی جەماوەریی ناونراو بە (گوڵی مێخەك)[٢] وکۆمەڵگای مەدەنی، یەکەم کۆرپەلەی دیمۆکراسی لەوێ چاوی بە دنیا هەڵهێنا.

## دووەم/ دەرەنجامی گوزەرکردن

پاشئەوەی، کرداری گوزەرکردن بەرەو دیمۆکراسی، بە داڕشتەی قۆناغبەندییەکی کاتیی وبە تایبەت بە میکانیزمەکانی چاکسازیی لە سەرەوەی دەسەلاّت، واتە بە ئیرادەی باڵی ڕیفۆرمخوازان، یان سازش وڕێککەوتنی دوولایەنە، بەئەنجام گەیەندرا، ئیدی دەشێت کۆمەڵێك دەسکەوت وئاکامی دڵخوازانە وئەرێنیی لێبکەوێتەوە، کە بونیادنەری کۆمەڵگایەکی سیاسیی دیمۆکراتیبێ لە داهاتوودا. بەمانای، پاشئەوەی ڕژێمێکی نادیمۆکراتیی بە هەر شێوەیەکبێ کۆتایی پێبهێنرێ، وخواستی گۆڕان لە دەسەلاّت وسیستمی بەڕێوەبردن ببێتە ڕاستییەك، بێشك دەرەنجام وبەرهەمی خوازراوی دیمۆکراتییانەی دەبێ. بێگومان، مەرج نییە دەوڵەتان هەمووی سەرکەوتووبن لە جێبەجێکردنی ئەم کردارانە، بەڵام هەرگیز کەسیش سوودمەندنابێ لەوەی بەشێکبێت لە دەوڵەتێکی نادیمۆکراتیی شکستخواردوو.[٣] بە وتەیەکیتر، مەرج نییە هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمە نادیمۆکراتەکان ببێتەهۆی گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، بەڵکو ئاستی شیمانەیی گوزەر بەستراوەتەوە بە سیاسیبوون ومەدەنیبوونی ناڕەزاییەکان، دیمۆکراتیبوونی ڕێکخراوە چالاکەکان، بەرجەستەیی وزاڵبوونی تێڕوانینی دیمۆکراتییانە لە نێوان ئایدیۆلۆژیا باوەکان، حەز وئامادەیی ڕێبەران ونوخبە سیاسییەکان بۆ سازش وهاوپەیمانیکردن لەگەڵ هێزە سیاسییەکانیتر.[٤]

لە دەرەنجامی گوزەرکردن، گەر بنەماکانی دیمۆکراتیی لە کۆمەڵگایەکی سیاسیدا چەسپێندران، هەڵبەت بەجێهێنانی دیمۆکراتیی وتواناکان ولێهاتوویی تایبەت بە بەشداریی هاوولاّتیان بەرزدەبێتەوە. بێگومان، دەوڵەتیش بەرپرسیاریەتیی جێبەجێکردنی خۆشگوزەرانیی کۆمەلاّیەتیی هاوولاّتیان دەگرێتە

---

[١] صامويل هانتنجتون: الموجة الثالثة، التحول الديمقراطي في اواخر القرن العشرين، ت: د. عبد الوهاب علوب، مصدر سابق، ص ٦١

[٢] خالد سالم: الحوار المتمدن، مواضيع وابحاث سياسية، ثورة العسكر أم ثورة القرنفل؟، ٢٤/ ٤/ ٢٠١٤، www.ahewar.org

[٣] دەیڤید میڵەر: فەلسەفەی سیاسی، ناساندنێکی زۆر کورت، و: کارزان کاوسێن، لە بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١١، ل ٤٥

[٤] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩

ئەستۆ. کاتێکیش، کە دیمۆکراتیی کۆمەڵایەتیی جێبەجێ ببێت، دیارە هاووڵاتیان خۆشنوودی مافەکان وئەرکەکانیان دەبن. وەلێ، هەر لەم قۆناغەدا، دیمۆکراسیی ئابووریش جێبەجێ دەبێت، کە دابەشکردنی سوودە ئابوورییەکان بە یەکسانی بەسەر تاکەکاندا، لەخۆدەگرێ. بەڵام، دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین، کە دەرەنجامی گوزەرکردن پەیوەستە بە قۆناغەکانی دیمۆکراتیزەبوونەوە، کە ئەویش پێویستی بە سێ ئامرازی سەرەکیی وگرنگ هەیە، ئەوانیش:

١- ئامرازی بەرجەستەبوونی سەرچاوەی دەسەڵات، لەرێی کرداری هەڵبژاردنەوە

٢- ئامرازی مومارەسەی دەسەڵات، بەهۆی دەساودەسکردنی ئاشتییانەوە

٣- ئامرازی هاوسەنگیی دەسەڵات، بەهۆی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە [1]

شایانی باسە، کرداری گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، کردارێکە بۆ هەموو کۆمەڵگاکان پێویستە، لەوەی کار لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتان لە کەمترین تازەگەرییەوە بۆ زۆرترین تازەگەریی دەکات. ئەمە وێرای ئەوەی، گوزەر پۆشاکێك نییە بە باڵای جۆرێکی دیاریکراو لە دەوڵەتان بڕابێ، بەڵکو تەواوی دەوڵەتان وسیستمە سیاسییەکان دەگرێتەوە، تەنانەت دەوڵەتە دیمۆکراتییەکانیش. هەڵبەت، لە کاتی لێکۆڵینەوەی چەمکی گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، کۆمەڵێك چەمکی هاوشێوەی گوزەر دێنەپێش وەکی: "گواستنەوەی دیمۆکراسی، ریفۆرمی سیاسیی، گۆڕانی سیاسیی، چەسپاندنی دیمۆکراسی، گوزەری لیبراڵیی و...هتد،" کە ماناگەلی جیاواز دەبەخشن. [2] بەڵام، بابەتەکەی ئێمە، لێرەدا تایبەتە بە چەمك ومانای گوزەر بەرەو دیمۆکراسی وهەنگاونانی پێویست وڕاستەقینەی کۆمەڵگا لەبۆ سیستمێکی دیمۆکراتی تۆکمە، کە پێشتر خاوەنی سیستمێکی نادیمۆکراتی دەسەڵاتخواز بووە.

بە بڕوای (حوسێن بەشیریە)، هەندێکجار تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مۆدێلی ڕژێمی تۆتالیتار ودەسەڵاتخواز، ئاوێزان بە لاوازیی ولەرزۆکیی ئۆپۆزسیۆن، نەك کرداری گوزەر جێبەجێ ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە کار لەسەر بەهێزکردنی ڕژێمی نادیمۆکرات دەکات. لە ڕاستیدا، پاڵنەرەکانی سەرکوتکردن وبەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕژێم، کە خۆی لە هێزی دامودەزگاکانی دەسەڵات، زاڵبوون، هەستکردن بە ڕەوایی ئایدیۆلۆژیای بەربڵاو، پاراستنی هاوپەیوەندیی بەرچاو لەناو نوخبەکانی دەسەڵات، کەمیی قورسایی گوشارەکانی ئۆپۆزسیۆن ونەبوون یاخود کەمیی قورسایی گوشارە دەرەکییەکان دەبینێتەوە،

---

[1] سالم علي شريف: الحركات الاسلامية والتحول الديمقراطي، بحث جامعي لنيل شهادة الماجستير، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية، جامعة الدكتور مولاي الطاهر- تونس، ٢٠١٧، ص ٣٦

[2] حاج الطيب بعطوش، أسماء دهكال: دور النخب السياسية في عملية التحول الديمقراطي، مصدر سابق، ص ٢٨

**هۆکاری ئەم بەهێزبوونەی ڕژێمە نادێمۆکراتییەکانە.[1] واتە، جارێکیتر گەیشتینەوە ئەو ڕاستییەی کە پێشتر دووبارەمانکردەوە، بەوەی مەرج نییە هەموو گۆڕانکارییەك لە دەسەڵات وسیستمی سیاسیدا، هەنگاو هەڵهێنانبێ بەرەو دێمۆکراسی.**

**سیاسەتوانی ئەمریکیی (فیلیپ شمیتەر)، بە پێچەوانەی (هنتنگتۆن) و(حوسێن بەشیریە)وە، شەپۆلەکانی دێمۆکراسی بۆ چوار شەپۆل پۆلێنکردووە. بەوەی، شەپۆلی یەکەم لە (١٨٤٨ز) ڕوویداوە، شەپۆلی دووەم لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، شەپۆلی سێیەم لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم وشەپۆلی چوارەم، لە (١٩٧٤– ١٩٨٩ز) درێژەی هەبووە وهێشتا درێژەی هەیە. بە بڕوای ناوبراو، شەپۆلی چوارەم، جیهانگیرتر وبەتەوژمتر بووە لە وڵاتانی باشووری ئەورووپا، ئەمریکای لاتین، ئاسیا وڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، وە قووڵترین ئاڵوگۆڕی لە وڵاتانی کۆمۆنیستیی پێشوو پێکهێناوە، وگوشار بۆ پەرەپێدانی دێمۆکراسی لە وڵاتانی دیکەی وەك چین، پیرۆ، تایلەند وئێرانیش، بە جوانی هەستی پێدەکرێ. بەڵام، لە هەندێك لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم شەپۆلە کەمرەنگتر بووە. دەربارەی کاریگەریی شەپۆلەکانی دێمۆکراسی، زۆربەی نووسەران وبیرمەندان، ئاماژە بە تیۆری (بڵاوبوونەوە) دەدەن. بەمانای، گەیشتنی سەرکەوتووانەی هەر وڵاتێك بە دێمۆکراسی، دەبێتە سەرچاوەی چاولێکەریی بۆ وڵاتانی دیکە. واتە، دراوسێکانی ناوچەیەك بەهۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیانەوە، لە کاریگەریی گۆڕانکاریی سیاسیی بەسەر یەکتردا، بێبەش نابن. ئەم گریمانەیە، سەبارەت بە شەپۆلی چوارەم، ڕاستتر دێتە پێشچاو.[2] لە زانستی سیاسیدا، ئەم حاڵەتە بە گلۆربوونەوەی تۆپەڵی بچووکی بەفر دەچوێندرێت، کە بە عەرەبی پێیدەوترێت (کرات الثلج)، بەوەی تا بەرەوخوار گلۆر ببێتەوە، خێراتر وقەبارە وبارستایی زیاتر دەبێ وبەفری چواردەوری زیاتر لەخۆدەگرێ وئەستەمە هیچ بەربەستێك وا بە ئاسانی بتوانێ بەریلێبگرێ.**

**جێی ئاماژەپێکردنە، ساڵی (١٩٩٠ز)، کاریگەریی دیاردەی (تۆپەڵە بەفر) لەسەر گوزەر بەرەو دێمۆکراسی، لە وڵاتانی بولگاریا، ڕۆمانیا، یۆگۆسلاڤیا، مەنگۆلیا، نیپاڵ وئەلبانیا، زۆر ئاشکرابوو. هەروەها، کاریگەریی لەسەر ئەو بزوتنەوانەش هەبوو کە خوازیاری گوزەر بەرەو لیبرالیزم بوون، لە هەندێ لە وڵاتانی عەرەبیی وئەفریقیی. بۆ نموونە، ساڵی (١٩٩٠ز)، لە کۆمەڵێك ڕاپۆرتدا باس لەوە کرابوو کە ئەو ڕاپەڕینەی لە ئەورووپای خۆرهەڵات ڕوویدا، یارمەتیدەربووە لەبۆ داخوازی گۆڕانکاریی لە جیهانی عەرەبیدا. ئەمەش، هاندەربووە بۆئەوەی ڕابەرانی دەسەڵات لە وڵاتانی میسر، ئەردەن، تونس وجەزائیر، پەلەبکەن لە ڕەخساندنی بواری سیاسیی زیاتر. هەڵبەت، لە دەرەنجامی ئەوەی کە لە ئەورووپای خۆرهەڵات ڕوویدا، ڕۆژنامەنووسێکی میسریی وتبووی: "ئیدی دەربازبوون لە دێمۆکراسی نییە،**

---

[1] **د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٠**

[2] **د. حسەین بەشیریە: دیموکراسی بۆ هەموان، و: حسەین موحەممەدزادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨**

سەرجەمی ئەم سیستمە عەرەبییانەش، هیچ هەڵبژاردنێکیتریان لەبەردەستدا نییە تەنیا بەدەستهێنانی باوەڕی گەلەکانیان وچۆکدادان بۆ هەڵبژاردەی گەل نەبێ." [1]

بە پشتبەستن بە شیکاریی ئاڕاستە جیهانیی وهەرێمییەکان، لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥– ٢٠١٥ز)، ئەو داتایانەی "دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ دیمۆکراسی وهەڵبژاردنەکان" خستبوویە ڕوو، دەربارەی بارودۆخی جیهانیی دیمۆکراسی، ئەوەبووە کە دیمۆکراسی بەرەنگاری بەربەستگەلێکی زۆر بووەتەوە وخۆڕاگریشی کۆتاییپێهێنراو نییە. لەگەڵئەوەشدا، ڕووبەرێکی بەرفراوان بۆ چاکسازیی لە ڕەهەندەکانی دیمۆکراسییەتدا هەیە. دیارە، ئاڕاستەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە لە ساڵی (١٩٧٥ز)یەوە، بە بەردەوامیی زۆربەی لایەنەکانی دیمۆکراسی بەرەو باشبوون دەچن. ئەمە بێجگەلەوەی، پاشەکشەی دیمۆکراسی لە ئێستادا، بە گشتیی ماوە کورتە. وەلێ، بە پێی پۆلێنکردنی دەوڵەتان بەسەر دوو دەستەی دیمۆکراسی ونادیمۆکراسیدا، دەبینین ساڵی (١٩٧٥ز)، ژمارە وڕێژەی ئەو وڵاتانەی کێبڕکێی هەڵبژاردنی تێداکراوە، بووەتەهۆی دروستبوونی تەنها (٤٦) دەسەڵاتی حکومیی، واتە بە ڕێژەی (٣٠ ٪). بەڵام ئەم ژمارەیە، لە ساڵی (٢٠١٦ز)دا، بۆ (١٣٢) وڵات بەرزبووەتەوە، واتە زیادبوون بە ڕێژەی (٦٨ ٪). لەلایەکیترەوە، یەك لەسەر سێی وڵاتان، تا ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی دیسپۆتیزمدا ژیان دەگوزەرێنن، بەتایبەت هێزە هەرێمییە گەورە وخاوەن دانیشتووانە زۆرەکانی وەکی چین، ڕووسیا، میسر وسعودیە. سەرباری ئەوەش، لە ساڵی (٢٠٠٥ز)یەوە، (٢٤) حاڵەتی پاشەکشەکردن لە دیمۆکراسی تۆمارکراوە، کە لە نێویاندا (مالی، نەیجر وتایلەند) هەن، وێڕای ئەوەی ئاماژە بە خۆڕانەگریی ولەرزۆکیی هەندێ دیمۆکراسییەتی نوێش دەکرێ. بەڵام بەگشتی، زۆربەی ئەو دەوڵەتە دیمۆکراسییانەی لە دوای ساڵی (١٩٧٥ز)یەوە دامەزراون، هەتا ئیستاش بەردەوامن. هەڵبەت، دەوڵەتە دیمۆکراتییە کۆنەکان (واتە ئەوانەی شەپۆلی یەکەم ودووەم)، بەدوورن لە هەچ شێوەیەکی پاشەکشەی دیمۆکراسی. [2]

ساڵی (٢٠١٥ز)، ڕێکخراوی ناحکومیی (فریدەم هاوس) (ماڵی ئازادی)ی ئەمریکیی، تایبەت بە چاودێری ئازادیی ودیمۆکراسیی ومافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا، لە ڕاپۆرتێکی ساڵانەیدا، ئاماژەی بە پاشەکشەی ئازادییەکان لە جیهاندا کردبوو، بەهۆی ئەو قەیرانانەی بەرۆکی زۆرێك لە وڵاتانی گرتبوو. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، لە ئەنجامی بەهاری عەرەبیی وستەمکاریی دەسەڵاتدارانی عەرەب وماڵوێرانی وشەڕی ناوخۆیی سووریا، ژمارەیەکی زۆری پەناهندە ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپیی دیمۆکراتخواز ببوون. دیارە، لە

[1] صامويل هانتنجتون: الموجة الثالثة، التحول الديمقراطي في اواخر القرن العشرين، ت: د. عبد الوهاب علوب، مصدر سابق، ص ٣٧٦

[2] كيلي فريل: الحالة العالمية للديمقراطية ٢٠١٧، ت: علي برازي، المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، مطبعة ترايدلز– السويد، ٢٠١٧، ص ٢

بەرانبەر ئەم لێشاوەی ئاوارەدا، هەستێکی ناڕەزایی وبێزاریی جەماوەریی لە ئەوروپادا بەرانبەریان دروستببوو، کە وای لەو وڵاتانەکردبوو چاو بە یاساکانی تایبەت بە ماف وئازادییەکاندا بخشێننەوە، واتە چوونەوەیەکی ئازادییە مەدەنیی وئایینیی و..هتد. هەر بەپێی هەمان ڕاپۆرت، ئەم بارودۆخە نەخوازراوە، هاندەربووە بۆئەوەی لە کۆی (١٩٥) دەوڵەت، (٧٢) دەوڵەتیان پاشەکشەی ئازادییەکان بەخۆوە ببینن، لە کاتێکدا تەنها (٤٣) دەوڵەت پێشکەوتنی ئازادییەکانی بەخۆوەدیوە. وێڕای ئەوەی، ڕێکخراوی ناوبراو، (٥٠) دەوڵەتی لە ڕیزی دەوڵەتە نائازادەکان پۆلێنکردبوو، لە کاتێکدا (٥٩) دەوڵەتیشی لە ڕیزی نیمچە ئازادەکان پۆلێنکردبوو. وەلێ، هەریەك لە سووریا، سوودان، سعودیە، تبت، سۆماڵ، کۆریای باکوور، ئۆزبەگستان، تورکمانستان، ئەریتیریا، کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست وگینیای کەمەرەیی، لە دەوڵەتە هەرە پێشێلکارەکانی ئازادییەکان بوون. [١]

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین، هەمان ڕێکخراوی ناوبراو، کە پێشتر دەوڵەتی تورکیای لە ڕیزی (ئازادی بەشەکیی– حر جزئیا) پۆلێنکردبوو، لە ڕاپۆرتێکی نوێی ڕۆژی سێشەممەی (١٦/ ١/ ٢٠١٨ز)دا، تورکیای بە دەوڵەتێکی (نائازاد– غیر حر) ناودێرکردبوو. واتە، دابەزین بۆ نزمترین ئاستی ئازادیی، ئەوەش بەپێی ئەو پێوەرانەی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیڕەوی لێدەکات. لەو ڕاپۆرتە نوێیەدا، هاتووە کە: "بارودۆخی تورکیا، لە ئازادی بەشەکییەوە بۆ نائازاد پاشەکشەی کردووە، بەهۆی ئەو ڕیفراندۆمە دەستوورییە خەوشدارەی ئەنجامدرا، کە دەسەڵات لە سەرۆکایەتیدا چڕدەکاتەوە. هەروەها، بەهۆی دەستپێلەکارکێشانەوەی ژمارەیەك لە سەرۆك شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان، وە گۆڕینیان بەوانەی حکومەت دایاندەنێ، وبەهۆی ئەو دادگاییکردنە ستەمکارانەیەی دژ بە چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ وئەوانەی دەوڵەت بە دوژمن وێنایان دەکات، دەگیرێتەبەر. هەروەها، بەهۆی ئۆپەراسیۆنی پاکتاوکاریی بەردەوامەوە، دژ بە هاووڵاتیان وفەرمانبەرانی دەوڵەت. هەموو ئەمانە، وا لە هاووڵاتیان دەکەن، ڕاڕابن لە گوزارشتکردن لە ڕاوبۆچوونیان سەبارەت بە بابەتە هەستیارەکان."

هەژیی گۆتنە، لە نێوکۆی هەمان ڕاپۆرتدا، ئەوەش هاتووە کە لە سەرەتای حوکمڕانیی پارتی (داد وگەشەپێدان)دا، تورکیا باشبوونێکی بەرچاوی لە ڕوانگەی ئەم ڕێکخراوەوە بەخۆوەدیبوو. بەڵام، لە ساڵی (٢٠١٤ز)یەوە، پاشەکشەیەکی خێرا وبڕندەی لە ئازادییەکاندا بەخۆوەدیوە، بەتایبەت پاش کودەتا سەرنەکەوتووەکەی ساڵی (٢٠١٦ز). ڕێکخراوی ناوبراو، ئەوەشی خستووەتە ڕوو، کە بەهۆی دەسەڵات ویاسا گومانا وییەکانی بەناو قەڵاچۆکردنی تیرۆر وباری نائاساییەوە، دەسەڵاتداران زیاد لە (١١٠) هەزار کەسیان لە کەرتی گشتی، زیندانیی ودەستگیرکردووە، وێڕای بەندکردنی (٦٠) هەزار کەسیتریش هەتا

---

[١] فریـــدم هـــاوس، الحریـــات تتراجـــع حـــول العـــالم: حریـــات وحقـــوق انســـان، موقـــع الحـــرة، ٢٨/ ینـــایر/ ٢٠١٦، www.alhurra.com

کۆتایی هەمان ساڵ. وەلێ، ڕێکخراوی ناوبراو، نیگەرانیی ودوودڵیی خۆیی لە سروشتی ستەمکارانەی سیستمی سەرۆکایەتی بڕیارلەسەردراو نەشاردەوە، کە ساڵی (٢٠١٩ز) دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. [1] کەواتە، لێرەدا ولە کرداری گوزەر بەرەو دیمۆکراسیدا، گەیشتینە هەڵدێر وبەربەستگەلێك وڕێگەیەکی داخراوی نووتەك. بەمانای، جارێکیتریش ئەوە دووبارە دەکەینەوە، کە مەرج نییە هەموو گۆڕانکارییەك لە دەسەڵات وسیستمی سیاسیدا، هەنگاو هەڵهێنانبێ بەرەو دیمۆکراسی. [2]

کاتێك (هنتنگتۆن)، ئاماژەی بە سێ شەپۆلی گوزەر بەرەو دیمۆکراسیدا، دەکرێت بپرسین: ئاخۆ شۆڕشی بەهاری عەرەبییش، مژدەبەخشی شەپۆلی چوارەمی دیمۆکراسی بوو لە جیهانی عەرەبیدا؟ یاخود بەپێچەوانەوە شۆڕشێك بوو لەپێناو بەدەستهێنانی نان وبوون وکەرامەتدا؟ هەڵبەت، پێشتر باسمان لە دەستپێشخەرییەکی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا (جۆرج بوش) کرد، بە ناوی (کۆڕبەندی ئاییندە)وە، لەپێناو بڵاوکردنەوەی دیمۆکراسی لە جیهانی عەرەبیدا، [3] کە دەرەنجامەکەی وێڕای سەرنەکەوتن، ئەو پەیامەی دەسەڵاتدارانی عەرەبی لەخۆگرتبوو، کە ئەمریکا لەو ئاستەدا نییە (وانە) بە جیهانی عەرەبیی بدات. هەربۆیە، ساڵی (٢٠١٠ز)، جیهانی عەرەبیی تێکشکاندنێکی سەختی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ وگوزەران ودیمۆکراسی، بەخۆوەبینی. [4] ئەوجا ساڵی (٢٠١١ز)، پزیسکی شۆڕش، زۆرێك لە دەوڵەتانی عەرەبیی سووتماك کرد، وچەند سەرکردەیەکیشی هێنایەخوار. بەڵام، ئەگەر باس لە بابەتی گوزەر بەرەو دیمۆکراسی بکەین لەڕێی شۆڕشگەلی عەرەبییەوە، هەڵبەت وەك ئەوە وایە باس لە دامەزراندنی سیستمی دیمۆکراسی بەبێ دیمۆکراتیزەبوون بکەین، واتە بێتوانایی لە ئاڕاستەبوون بەرەو دیمۆکراسیی. [5] هەرچەندە، شیمانەی ئەوەدەشکرێ، کە تونس سەرەتاییترین هەنگاوی بەرەو دیمۆکراسی هەڵنابێ.

شایانی باسە، وەك دەوترێت شۆڕشی بەهاری عەرەبیی، پێش هەر شتێك شۆڕشێك بووە لە پێناو گێڕانەوەی کەرامەت وبوونی تاکی عەرەب، ئەوجا لەپێناو نان وخزمەتگوزاریی وبژێوییەکی باش. بێمکووڕیکردن، هیچ ڕووداوێك لەم ناوچەیەی ئێمەدا بە ئەندازەی بەهاری عەرەبیی، چەمکی کەرامەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان نەهێنایە ناو کردە کۆمەڵایەتیی وسیاسیی وفەرهەنگییەکانەوە، وکەرامەتی نەکرد بە بەشێك لەو زمانە سیاسییەی کە مرۆڤی ئەم ناوچەیە بەکاریدەهێنێ، ژ بۆ داڕشتنی داواکارییە سیاسییەکانی. کاتێك، کە سەرەتای ساڵی (٢٠١١ز)، مرۆڤە تووڕەکانی دنیای عەرەب، چوونە سەر

---

[1] تم لويل: تصنيف دولي للحريات، تركيا تتحول الى دولة غير حرة، احوال تركيا، موقع احوال، ١٧/ يناير/ ٢٠١٨، ahvalnews.com

[2] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧

[3] اشواق عباس: منتدى المستقبل والاصلاح في العالم العربي، الحوار المتمدن، ٥/ ٢/ ٢٠٠٥، www.ahewar.org

[4] سالي سامي: آفاق الاصلاح السياسي في العالم العربي، مصدر سابق، ص ٨

[5] محمد الكيلاني: هل بدأت الموجة الرابعة للديمقراطية؟، موقع مصرس الاخباري، ٢٧/ ٢/ ٢٠١١، www.masress.com

شەقامەکان وبە ڕووی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانیاندا تەقینەوە، زۆرینەیان هەڵگری دروشمێك بوون کە سێ داواکاریی سەرەکیی لەخۆدەگرت، ئەویش داواکاریی دابینکردنی (نان، ئازادیی، کەرامەت) بوو، کە لە داڕشتنەوە سیاسییەکەیدا مانای دابینکردنی (دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی وئازادیی وکەرامەت) بوو. ئەمە یەکەمجاربوو، ڕاپەڕین وشۆڕشەکانی ناوچەکە، دروشمی پاراستنی کەرامەت بەو شێوەیە وبە ئاشکرا بەرزبکەنەوە، یەکەمجاربوو کەرامەت ببێتە داواکارییەك، لەپاڵ ئازادیی ودادپەروەریی کۆمەڵایەتییدا. [1]

لەکاتی خۆیدا، کۆمۆنیزم، کە وەك کۆمەڵە بنەمایەك خرایەڕوو، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پشتگیریکردن لە بنەماکانی، دەبێتەهۆی ئەوەی دروشم وئامانجە دیاریکراوەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا (ئازادیی، یەکسانیی، برایەتیی) بە کردار بۆ هەموان بێتەدی. بە بڕوای ئەوان، سوودمەندانی ڕاستەقینەی ئەو شۆڕشە، تەنها چینی ناوەندە کە لە فەرهەنگۆکی کۆمۆنیزمدا بە (بۆرژوا) ناودەبرێن. لەم ڕوانگەیەوە، باسکردن لە (ئازادیی وبرایەتیی)، تەنها گاڵتەجاڕییەك زیاتر هیچیدی نییە، بەڵام بە وەدیهاتنی (یەکسانیی ئابووریی)، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمۆنیزم، ئازادیی وبرایەتیی ڕاستەقینە سەرهەڵدەدات. [2] هەڵبەت، مەبەستگۆ لێرەدا گەنگەشەکردنی بنەماکانی کۆمۆنیزم نییە، بەڵکو خستنەڕووی دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسیی (١٧٨٩ز)یە، کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی وئازادیی وچوونیەکیی لەخۆدەگرێ، ئەوجا لە فەراهەمبوونی دادپەروەریی وئازادیی ومرۆڤی یەکساندا، بوون وکەرامەتی تاك وە شێوازی دەسەڵات وسیستم پارێزراودەبێ. واتە، لە نەبوونی ئەوانەی ئاماژەمانپێدا، مرۆڤە تووڕەکانی فەرەنسا شۆڕشیان بەرپاکرد ودەسەڵاتیان گۆڕیی.

بە بڕوای زۆرێك لە فەیلەسووفان وبیرمەندان، مرۆڤ وەك (مرۆڤ)، خاوەنی مافگەلێکی سروشتییە وخودی سروشت پێیبەخشیوە، کە بریتین لە (مافی ژیان، مافی ئازادیی، مافی موڵکییەت)، دواتریش (تۆماس جێڤرسۆن) مافێکیتری بۆ زیادکرد، کە مافی (گەڕان وبەدەستهێنانی بەختەوەریی) بوو. دیارە، لە سەردەمی ڕۆشنگەرییدا، ئەو مافە سروشتییانە دەبن بە کۆمەڵێك مافی سەرەتایی وبنەڕەتیی، کە هیچ کەس ولایەن وحکومەتێك، نەتوانن دەستیان بۆ ببەن وپێشێلیان بکەن. [3] کەواتە، کاتێك دەستوەردان لەم مافە سروشتییانەی مرۆڤدا دەکرێ یان زەوتکردن وڕێگرییان لێدەکرێ، دەتوانین بڵێین پێشێلکاریی بەرانبەر بە کەرامەتی تاکی نێو گەلێك کراوە، کە ئەگەری پەرچەکردار وهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو مافانە لە داهاتوودا دەبێتە بژاردەیەکی بەهێز. بەڵام، بە گەڕانەوە بۆ کرۆکی بابەتەکەمان، شەرعییەتدان بە

[1] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢

[2] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦

[3] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠

یاخیبوون وبەرگریکردن وشۆڕش بەرپاکردن کە بژاردەیەکی حەتمیی وناچاریی وخواستی گەلە، بابەتی دیمۆکراتیزەبوون دەکاتە چەوتبینیی وتراویلکە، واتە نەبوونی مەشروعییەت.

کاتێك، (ئۆگۆستینۆس)، ئاماژەیدا بەوەی: "لەگەڵ خوڵقاندنی هەر مرۆڤێکدا، سەرەتایەك هەیە،" (هانا ئارێنت)یش، ئەوەی بۆ زیادکرد کە بە خوڵقاندنی مرۆڤ، پرەنسیپی سەرەتا هاتە ئەو جیهانەوە کە بە دڵنیاییەوە جگە لە ڕێگەیەکیتر، شتێکیتر نییە بۆئەوەی بڵێین: لەگەڵ خوڵقاندنی مرۆڤدا، پرەنسیپی ئازادیی لەسەر زەوی دەرکەوت.[1] بێمکووڕیکردن، گەر چاوێك بە مێژووی شۆڕشەکاندا بخشێنین، دەبینین لە پشت هەر کادانەوەیەکی شۆڕش، کارێکی پێشێلکردن بەرانبەر بە ئازادیی کراوە، کە بەمانایەکیتر پێشێلکاریکردنە بەرانبەر بە کەرامەتی میللەتێك. تەریب بەم بۆچوونانە، (جۆن ستیوارت میڵ)، بڕوای وابوو کە کۆمەڵگا هەرگیز ئەو مافەی نییە دەست لە ناخی مرۆڤەکان بدات، ورەقیب بێت بەسەر هەست ونەستیانەوە. کەواتە، ئێمە لێرەدا لە بەرانبەر کایەیەکی تەواو کەسیی وتایبەتیداین، وکۆمەڵگا بۆی نییە دەست لەو کایەیە وەربدات. لەبەرئەوە، (میڵ)، پێداگریی لەسەر ئازادیی ویژدان وفیکر دەکرد، وپێیوابوو تاك لە ڕادەربڕین وشتە ناوەکییەکاندا ئازادیی ڕەهای هەیە، وە دەتوانێت بە ئازادانە قسەی خۆی لە هەموو کایە تیۆریی وزانستیی ومۆراڵیی وتیۆلۆژییەکاندا بکات. کەواتە، ناوبراو، یەکێك بووە لەوانەی بە توندی داکۆکی لە ئازادیی ڕەهای مرۆڤ کردووە، لەوەی مافی تەواوەتی هەبێ لە دەربڕینی بۆچوونەکانی وبتوانێ گوزارشت لەخۆی بکات.[2]

پێدەچێت، کەس هێندەی کۆمەڵناسی فەرەنسیی ڕەشپێست (فرانتز فێنوو) (فرانز فانۆن)، ئەم وتەزایانەی بە باشی لە هاوکێشەیەکی سیاسیی لە کتێبی (چەوساوەکانی سەر زەوی)دا گەلاڵە نەکردبێ، لەوەی سیانەی کەرامەت وداگیرکردن وخەباتی نیشتمانیی، دەبنە سیانەیەکی لەیەکدانەبڕاو.[3] بەمانای، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان مافی بەکارهێنانی توندوتیژی وتیمارکردنی کەرامەتێکی بریندارکراودا هەیە، وهەر کاتێکیش داگیرکردن وپێشێلکاریی بەرانبەر بە کەرامەتی تاکێك هەتا میللەتێك کرا، ئیدی خەباتی نیشتمانیی دەبێتە ئەگەر وبژاردەیەکی بەهێز. هەرچەندە، ئەم بابەتەی ناوبراو تایبەتە بە کۆلۆنیالیزم، بەڵام لەگەڵ بابەتەکەی ئێمەدا دێتەوە، سەرباری ئەوەی دەکرێ بڵێین کە بڕوایەکی تەواوی بە بەکارهێنانی توندوتیژی وخەباتی چەکداریی هەبووە، لەپێناو گەڕاندنەوەی کەرامەتی شکێنراوی گەلێك. وەلێ، فانۆن، ئاماژەی بەوەش دابوو کە: "پێویستە جەماوەر ئەو ڕاستییە باش بزانێت، حکومەت وحزب لەپێناو خزمەتکردنی ئەودا دروستبوون. ئەو گەلەی هەستیش بە کەرامەتی خۆی دەکات وهۆشیارە بە

[1] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢

[2] د. زەکەریا ئیبراهیم: کێشەی ئازادی سیاسی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩

[3] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥

کەرامەتی خۆی، ناکرێ ئەم ڕاستییانە لەبیر بکات. هەڵبەت، پێشتر ولەکاتی داگیرکارییدا، بە گەل وتراوە لەپێناو کەرامەتیدا، دەبێ قوربانیی بە ژیانی خۆی بدات. بەڵام، هەر زوو ئەو ڕاستییە ڕەهایەی بۆ دەردەکەوێ، کە هاوتابوونێك لەنێوان کەرامەتی وسەروەرییدا هەیە. واتە، ئەو گەلەی هەڵگری کەرامەتە، خۆشنوودی سەروەرییە، ئەو گەلەی هەڵگری کەرامەتە، هەڵگری بەرپرسیاریەتییشە. کەوابێ، حکومەت وحزب، خاوەنی گەلێك دەبن کە شایەنیین، وەڵێ گەلیش خاوەنی حکومەتێك دەبێ کە شایەنی بێت." [١]

دەکرێت ئەوە وەبیرخۆمان بهێنینەوە، کە پێشتر جەختمان لەسەر ئەوە کرد، مەرج نییە شۆڕش وکرداری خەباتی چەکداریی، گوزەر بەرەو دیمۆکراسی بخوڵقێنێ، چونکە دواجار شۆڕش نەوەیەکی نوێی شۆڕشگێڕ بەرهەمدێنێ، کە بڕوای تەواوی بە توندوتیژی وخەباتی چەکداریی هەیە نەك کرداری دیمۆکراسی ودانوستان، لەپێناو گەڕاندنەوەی کەرامەت وشکۆی شکاوی گەلێك، تەنانەت زۆربەیجار شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆیشی دەخوات. [٢] کاتێك، باهۆزی شۆڕشی بەهاری عەرەبیی، بەشێك لە سیستەم ودەسەڵاتەکانی جیهانی عەرەبیی ڕامالی، هێدی هێدی خواستی ئازادیی ودادپەروەریی کۆمەڵایەتیی گەل، تێکەڵ بە داڕشتەی حزبیی وسیاسیی کرا. واتە، داخوازییە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکانی گەل لەلایەن حزبە جەماوەرییەکانەوە بەرتەسك وبچووككرانەوە وگۆڕدران بۆ داخوازی سیاسیی وحزبیی ئیخوانەکان. بەمەش، هەروەك چۆن پێشتر پێشێلکاریی دەسەڵات بەرانبەر بە کەرامەتی گەل دەکرا، جارێکیدی حزبە جەماوەرییەکانیش بەناوی شۆڕشەوە، هەمان پێشێلکارییان بەرانبەر بە کەرامەتی گەل دووبارە کردەوە. هەربۆیە، هیچ تروسکایی وهیوایەك بۆ گوزەرکردن بەرەو دیمۆکراسی وبەشداری سیاسیی وئازادیی وکرانەوە لەو وڵاتە عەرەبییانەدا بەدیناکرێ، کە مەشخەڵی شۆڕشیان هەڵگرت. هەرچەندە، شۆڕش وڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبیی، سەرەتا وبەر لە هەر شتێك بزاوتێکی خۆڕسکانە بوو، ئامانجیش ژێرەوژوورکردنی دەسەڵاتی ئەو حوکمڕانانە بوو، کە ساڵانێکی زۆرە هەموو شتێکیان بۆ خۆیان پاوانکردووە. [٣] بەڵام، ئەوەی ئێستا ولە واقیعدا دەگوزەرێ ودەبینرێ، بێشك پێچەوانەی ئەم خواستگەلەی گەلە.

هەرگیز نکوولێناکرێ لەوەی، ڕۆژئاوا لەکاتی خۆیدا، لەڕێی هێزی ڕوخێنەر ودامەزرێنەرەوە، [٤] گۆڕانکاریی لە بارودۆخی خۆیدا ئەنجامدا، تا دواجار بە قۆناغی دیمۆکراتیزەبوون گەیشت. بەمانای، ئەو

---

[١] فرانز فانون: معذبو الارض، ت: د. سامي الدروبي، د. جمال اتاسي، الطبعة الثانية، مدارات للابحاث والنشر– القاهرة، ٢٠١٥، ص ١٢١

[٢] معتزبـالله عبـدالفتاح: حتـى لا تاكـل الثـورة المصـرية ابناءهـا، موقـع الـوطن، الثلاثـاء، ٢/ ٤/ ٢٠١٣، www. elwatannews.com

[٣] د. هاشم سالح: لە شۆڕشی فەرەنسییەوە بۆ شۆڕشی عەرەبیی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥

[٤] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی سارتەر، خوێندنەوەیەکی نوێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣

هێزە لە سەرەتادا، هەستا بە ڕووخاندنی یەقین وبەها تەقلیدیی وسیستمە کۆنەپارێزەکان، کە کردارێکی نێگەتیڤ بوو. ئەمەش، لەپێناو ئەوەی لە قۆناغێکیتردا، کار لەسەر بونیادنانی بەهای نوێ لە شوێنی بەها کۆنەکان وبەسیستماتیککردنی کۆمەڵگا بکات، بۆئەوەی چیتر کۆمەڵگا لە کۆتوبەندی بەها تەقلیدییەکان ڕزگاریببێ، وەلێ ئەم کردارەش پۆزەتیڤ بوو. بەواتای، ڕۆشنگەریی، هەروا بە ئاسانی ڕووینەدا، بەڵکو کردارێکی زۆر قورس بوو کە پێویستی بە دوو جووڵەی دژبەیەك هەبوو، یەکەمیان نەرێنیی وڕووخێنەر، دووەمیان ئەرێنیی وبونیادنەر. واتە، لە یەکەمیاندا، دەبوو واز لە زۆربەی زۆری ئەو شتگەلە بهێنی کە لە منداڵیدا پەروەردە وگۆشکراوی پێی، لە دووەمیشیاندا، دەبوو لە شوێنی ئەوانە شتگەلێکی گومانهەڵنەگر بونیادبنێی، کە پابەستە بە ئاوەز ولۆژیکەوە.[1] بەڵام، جیهانی عەرەب، هێشتا نەیتوانیوە لە قۆناغی نێگەتیڤیی ولەناوبرردنی فیکرە ئوسوڵییەکان ڕزگاریببێ، ئیتر چۆن باسی قۆناغی پۆزەتیڤیی وبونیادنان دەکات؟ ئەوان، هێشتا نەیانتوانیوە لە پاشماوەکانی پێشوو ڕزگاریانببێ، ئیتر چۆن دەتوانن داهاتوو بونیادبنێن؟ لەسەر چ بنەمایەك؟[2] هەربۆیە، لە جیهانی عەرەبدا، (فۆکۆ) ئاسا مەرگی مرۆڤ ڕاگەیەندرا.[3] هەڵبەت، لەپاش مەرگی مرۆڤیش کە گەورەترین سەرمایەیە، شارستانییەت وفەلسەفەی ژیان وکەرامەت وئازادیی وداپەروەریی کۆمەڵایەتیی وگوزەر بەرەو دیمۆکراسیی، بەها وبوونی نامێنێ، بەڵکو تەنها وتەنها نیهلیزم وعەدەمییەت، بوونی دەبێ.

دەرەنجام ولەپای هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدا، لە جیهانی مەسیحییدا، ئەو پێشکەوتن وبەپیشەسازیبوون وشۆڕشە فیکریی وڕەوتە هیومانیزم ودیمۆکراتیزەبوونە هاتەکایەوە کە دەبینرێ. بەڵام، لە جیهانی ئیسلامییدا، وێڕای دەستەبەرنەبوونی هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدا، (ئیبن خەلدون) وتەنی، لە سایەی ترادسیۆن وچەقبەستوویی مێژوویی ودەسەڵاتی زۆرداردا:

١- خەڵك، پەنا دەبەنە بەر گۆشەگیریی وسۆفیگەرییەتیی

٢- شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان سەرهەڵدەدەن[4]

بێگومان، لە ئێستادا عەوامی گەلانی عەرەب، لە ڕووی دەروونییەوە گۆشەگیر وبێئۆقرە وتەریك ومەزهەبیین، پەتای شۆڕشی سیاسیی- مەزهەبییش، هێندەیتر زەین وکۆمەڵگاکانی داگیرکردوون. وەلێ، ئەمەش واقیع ودەرەنجامی گوزەرکردن وهەوڵدان بۆ بەدیمۆکراتبوون لەم دوو جیهانەدا دەردەخات. واتە،

---

[1] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ١٦٥

[2] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩

[3] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣

[4] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی موورادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩

لە دەرەنجامی هەوڵ وگۆڕانکاریی وگوزەرکردن، یەکێکیان بە ژێرچەنە وخشڵ وزێڕی دیمۆکراتییەوە دەردەکەوێ، ئەویدی پەچەی سەلەفیزم وشۆڕشی جەماوەریی وپاشەکشەی ئاوەز دادەنێ.

ب- لە بواری ئاییندا

یەکەم/ میکانیزمەکانی گوزەرکردن

پێناچێت، پاش سەدان ساڵ لە هەوڵ وبەرهەمهێنانی مەعریفیی چەندین فەیلەسووف وبیرمەندی وەك (سپینۆزا) وهاوشێوەکانی، ئیتر مرۆڤایەتیی پێویستی بە باسکردنی (لێکبوردەیی) نەمابێت. بە پێچەوانەوە، ئەمڕۆ بەتایبەت پاش هێرشەکانی یازدەی سێپتێمبەری (٢٠٠١ز)، بە ئاشکرا ولە هەموو دنیادا (لە ڕیزی پێشەوەشدا خۆرهەلأتی ناوەڕاست))، هەست بە پاشەکشەیەکی بەرچاوی لێکبوردەیی دەکرێت. هەڵبەت، پەیدابوونی پارتە ڕاستڕەوەکانی ئەوروپا وزیادبوونی دەنگ وکورسییەکانیان، باشترین گەواهیی ئەو ڕاستییەن.[1] بەلأم، پێدەچێت ئەم کاڵبوونەوەی تۆلێرانسە (لێکبوردەیی) وتۆخبوونەوەی سایکۆپاتە (شەڕەنگێزیی)، پابەستبێ بەو سەردەمە نوێیەی ناودەبرێ بە جیهانگیریی (عولمة)، کە وەك پەرچەکردار وبۆچوونێکی نالۆژیکیی، ئەو ڕاستڕەوە توندڕەوانە وچەپڕەوە شۆڕشگێڕ وفەندەمێنتاڵیستە ئیسلامییانە کۆدەکاتەوە لە ڕوانگە وهەڵوێست وڕەفتار، وبە پشتبەستن بە ناسیۆنالیزم وکۆمۆنیزم وسەلەفیزم وجیهاد، هەڵوەستە وتەرێز لە چەمکی لێکبوردەیی وپێکەوەژیان وسیستمی نوێی جیهانیی وسەرمایەداریی لیبراڵیی دەکەن، کە بە بڕوای ئەوان گشتیان بیدعەی سەرمایەداریی وڕۆژئاوای کافرن.

هەرچەندە، لە ئێستادا ئیسلامی سیاسیی، وەك کاردانەوەیەك لە بەرانبەر واقیعی تاڵی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان وسیستمگەلی دەسەلأتخوازی عەرەبیی ولە ڕێی کەلەپوور وترادسیۆن وشۆڕشەکانی بەهاری عەرەبییەوە، هێندەیتر شەڕەنگێزیی ودۆگمابوونی زیاتری بەخۆوەدیوە. کەچی، لەگەڵئەوەشدا کە لێکبوردەیی کاڵبووەتەوە، مەسیحییەت، توانیویەتی بە مۆدێلی پۆست مۆدێرنانە وتامەزرۆ بە ئاشتەوایی وتەرێز لە مێژووی تاریك وخوێناوی خۆی وپەرێز لەو گرووپ ودەستە وتاقمە توندڕەوانە، بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگای مەسیحیی،[2] بەتایبەت پاش (کۆڕبەندی ڤاتیکانی دووەم) لە (١٩٦٥ز)دا.[3] وەلێ، گەڕانەوەیەکی

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٧)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، کانوونی یەکەم/ ٢٠١٢، ل ١٧٦

[2] هاشم سالح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١

[3] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ٥١

**گەڕانەوەیەکی بەشکۆ وسەربەرزانەی وەهای مەسیحییەت، پەیوەستە بە سەرکەوتنی تێگەیشتنی لیبراڵ یاخود ئەقلانیی بۆ مەسیحییەت بەسەر تێگەیشتنی فەندەمێنتاڵیزمی کۆندا،** [1] **واتە پەیوەستە بە ئەقڵ وتوانا وهەوڵگەلی فیکریی وفەلسەفەی ڕەخنەگەرایی قۆناغی پاشتازەگەریی ئەم سەردەمە نوێیە. بەتایبەت، شەنوکەوی فەلسەفیی کەسانێکی وەك** (ژان فرانسوا لیوتار، زیگمۆند باومان، ڕیچارد ڕۆرتی، ژان بۆدریار، ئێدوارد سەعید و..هتد)، [2] **بە مەبەستی دروستکردنی دابڕانێکی مەعریفیی لەگەڵ کەلەپووری ڕابردوودا.**

**بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، کاتێك شۆڕشی گەورەی فەرەنسیی** (١٧٨٩ز)، **بووە ڕێخۆشکەر وڕوانگەیەکی موقەددەس بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم ودەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا وجیهان،** [3] **دواجار لە ماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ونیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لە پای گۆڕانکارییەکان ولە پێناو نۆژەنکردنەوەی وڵاتانی جیهانی عەرەبیی، زۆرێك لەو ڕۆشنبیرانەی خوێندنیان لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا تەواوکردبوو، بەتایبەت خوێندکارە مەسیحییەکانی وڵاتانی عەرەبیی،** [4] **وەك هەوڵ وچارەسەرێك بۆ هەژاریی ودواکەوتوویی کۆمەڵگاکانیان، داوای لاساییکردنەوە وگرتنەخۆی** (تبنّي) **مۆدێلی شارستانیەتی ڕۆژئاوایان دەکرد.** [5] **هاوکات، زۆربەی دەسەڵاتە ناسیۆنالیست ومارکسیستەکانی عەرەبیش، ویستیان فۆتۆکۆپی ئەو مۆدێلە بهێننە وڵاتانی خۆیانەوە وکردیشیان،** [6] **بەڵام دواجار ئەو ڕەوتە ڕۆژئاواگەرییە لەلایەن ڕەوتی ئایینییەوە، ڕووبەڕووی بەرگرییەکی توند بووەوە، بەتایبەت لەوەدا کە پەیوەندی بە هێرشکردنە سەر کەلەپووری ئیسلام وڕۆشنبیریی ئیسلامییەوە هەبوو. هەڵبەت، مۆدێلی شارستانییەتی ئەورووپیی مەسیحیی، لە نێو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بە کوفر وبیدعەی ڕۆژئاوا دەزانرا وهەرگیز هەرس نەدەکرا، وێڕای ئەوەی ئەو ڕەوتە ئیسلامگەرایە، پێیوابوو کەمکردنەوە لە بەهای کەلتووری ئیسلامیی، بەشێکە لەو هەوڵە ڕۆژئاواییانە لەپێناو هاندان بۆ شوێنکەوتەیی ڕۆژئاوا**

---

[1] **هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣**

[2] **مابعد الحداثة (فلسفة): مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ ديسمبر/ ٢٠١٧،** ar.wikipedia.org

[3] **ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاریی، تیۆریی، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣**

[4] **هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠**

[5] **نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٧)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٤٤**

[6] **هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان پێشوو، ل ٢١**

ودواتریش ئاسانکردنی ئەرکی سەپاندنی هەژموونی سیاسیی وئابووریی ورۆشنبیریی خۆیان بەسەر کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا. [١]

کەواتە، گەر سەرەتاییترین هەوڵیش بۆ دەربازبوون لە دۆخی ناهەمواری کۆمەڵگا ئیسلامییەکان ورزگاربوون لە کەلەپووری ئیسلامیی وهێنانەدی سەردەمێکی ڕەخنەگری ڕۆشن وگرتنەبەری میتۆدێکی بەراوردکاریی مێژوویی درابێ، دواجار سەرلەبەری بەباچووە، چونکە ئەو ڕۆشنبیرانە لە هەوڵی گرتنەبەر ودووبارەکردنەوەی تارمایی مۆدێلێکی نامۆ بە کۆمەڵگاکانیان بوون بە (تیۆریی)، سەرباری ئەوەی دەسەڵاتدارە شۆڕشگێڕەکانی عەرەبیش لە دوای ڕزگاربوون لە کۆلۆنیالیزم، بە (پراکتیك) هەمان هەوڵی دووبارەکردنەوەی تارمایی ئەو مۆدێلە نامۆیەیان دابوو. بەمانای، لەبری ئەوەی دەسەڵاتداران شانبەشانی ڕۆشنبیران، جاڕی سەردەمێکی نوێ ودەستپێکردنی شۆڕشێکی فیکریی (ڕۆشنبیریی) نێوخۆ وپێکڤە لە هەوڵی شەنکردنی کەلەپووری ئیسلامیی بە میتۆدێکی بەراوردکاریی ڕەخنەیی بوونایە، کەچی لە هەوڵی هاوردەکردنی ڕووگەی ئەو مۆدێلە نامۆیە بوون بۆ ناو شۆڕشگەلە سیاسییەکەیان لە ناوخۆدا. واتە، گرنگیدان بە شۆڕشی سیاسی وئافەرۆزکردنی شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی لە نێوخۆدا. سەرەنجام، نە ڕۆشنبیرانی مەسیحیی وەك (شبلی شومێل، یەعقوب سەڕوف، فەرەح ئەنتوان، سەلامە موسا، جوبران خەلیل جوبران، میخائیل نەعیمە و....هتد) [٢] وڕۆشنبیرانی موسڵمانی وەك (تەها حسێن، ڕەفاعە ڕافیع تەهتاوی، ئەحمەد لوتفی سەید، محەمەد مەندور و...هتد) [٣] توانییان تا سەر لەبەردەم مەترسی ئیسلامی سیاسیی (ئیخوان) خۆیان بگرن، نە دەسەڵاتدارە شۆڕشگێڕە ناسیۆنالیست ومارکسیستەکانیش توانییان دەستبەرداری فەندەمێنتاڵیستە ئیسلامییەکان بن. [٤] بۆیە، لە کۆتاییدا مێژووش بە شێوەی گاڵتەجاڕیی، کەلەپوور ومۆتەکەی فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامیی بە دیاری بۆ هێنانەوە لەبۆ خۆیان وبۆ کۆمەڵگاکانیان. چونکە، (هیگڵ) وتەنی: "مێژوو یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە ناڕوات، تا ئەو کاتەی باجەکەی نەدرێ." [٥] بەڵام، ئەوە باجی هەوڵگەلی ڕۆشنبیران بوو، بۆ ئەو پرۆژە ڕێنیسانسەی دەستپێکرا وتەواونەکرا.

لێرەدا، کۆتایی بەم باسوخواسە دێنم وباس لە میکانیزمەکانی گوزەرکردن لە بواری ئایینداه دەکەم، کە خۆی لە ڕیفۆرم وململانێی ئایینیی لەگەڵ کاریگەریی زانست وفەلسەفەدا دەبینێتەوە.

---

[١] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٧)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥

[٢] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢

[٣] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢

[٤] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢

[٥] هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١

- **ریفۆرم وململانێی ئایینیی**

**لەڕووی زمانەوانییەوە، زاراوەی ڕیفۆرم (reform) لە بنەڕەتدا، لە وشەی (reformatio)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە مانای نوێکردنەوە یاخود شێوەگۆڕین دەبەخشێت. واتە، ڕیفۆرم، بریتییە لە پرۆسەی گۆڕانکاریی وچاکسازیی لە بواری کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، سیاسیی، فیکریی، ...هتد. ئەمەش دوایئەوەی، ژیانی کۆمەڵگا لەم لایەنانەوە ڕووبەڕووی گەندەڵیی وچەقبەستوویی دەبێتەوە، وە توانای بەردەوامیی وبەرەوپێشچوون لەدەستدەدات. ئامانجی ڕیفۆرم، نۆژەنکردنەوە وهەوڵی بەرەو باشتربردنی لایەنە گەندەڵبووەکانە، بێئەوەی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا بکرێت. لە زمانی کوردیشدا، وشەی چاکسازیی، بەرانبەر بەم زاراوەیە پتر بەکاردەهێنرێ.** [1]

**دیارە، پاشئەوەی ساڵی (١٤٥٣ز)، دەوڵەتی عوسمانیی شاری (کۆنستانتینۆپڵ) (قسطنطنیة) داگیردەکات وئیمپراتۆریەتی بێزەنتی کۆتاییپێدێ، ئایینزای ئارتەدۆکسییش ڕوو لە ڕووسیا دەکات.** [2] **لێرەوە، پاش کۆچکردنی فەیلەسووفان وزانایانیش بەرەو ئیتالیا وفەرەنسا، پاشاگەردانیی وگەندەڵیی دارایی وبێسەروبەریی، بەرۆکی جیهانی مەسیحیی بەگشتی وکەنیسەی کاتۆلیکیی بەتایبەت دەگرێتەوە، دواتر هەندێك بنەماڵە وەك بنەماڵەی (میدیچی) دەست بەسەر کورسی پیرۆزی پاپادا دەگرن. وەلێ، هەر لەم سەردەمەدا، ئاماژە بە پاپا (ئەلێکساندەری شەشەم)، وەك ترۆپکی گەندەڵیی دەدرێ.** [3] **بێگومان، ئەم بارودۆخە ناهەموارە، پاڵنەری سەرەکیی دەبێ لە خولقاندنی بزوتنەوەیەکی ڕیفۆرمی ئایینیی، کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر کڵێسا وجیهانی مەسیحیی دەبێ. هەڵبەت، ئەم ڕیفۆرمە دوالیزم دەبێ، بەوەی لقێکیان تایبەت بە (مارتن لوتەر) دەبێ، کە ساڵی (١٥١٨ز) ناوی (ڕیفۆرمی پرۆتێستانت)ی لێدەنرێ وتەواوی باکووری ئەورووپا دەگرێتەوە. ئەمە، وێڕای دەرکەوتنی کۆمەڵێکیتر لە چاکسازانی وەك (جۆن کالڤن) و(یان هۆس)، ودەرکەوتنی کڵێسا نیشتمانییە سەربەخۆکان پێبەپێی ڕیفۆرمی ئینگلیزیی (١٥٣٤ز). لقەکەیتریان، بە دژە ڕیفۆرم یاخود (ڕیفۆرمی کاتۆلیکیی) ناودێردەکرا، کە (کۆڕبەندی ترێنت) و(کۆمەڵی عیسایی) پێکهێنا، وبەهۆیەوە کۆنزەرڤاتیڤەکان کۆنترۆڵی کورسی پیرۆزی پاپایانکرد، پاشئەوەی پاپا (جولی سێیەم) لە (١٥٥٥ز)دا کۆچی دواییکرد.** [4]

---

[1] سامان حوسێن ئەحمەد: ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینیی لە ئەورووپا (ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی)، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی– دهۆك، ٢٠٠٧، ل ١١

[2] تأريخ المسيحية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٣/ ابريل/ ٢٠١٤، ar.wikipedia.org

[3] نیکۆلۆ مەکیاڤیللی: میر، و: حوسێن عارف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠

[4] محاكمة جاليليو جاليلي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٩/ مارس/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

شایانی باسە، لە دەرەنجامی سیاسەتی کۆنزەرڤاتیڤەکان، دادگاکانی پشکنین هاتنەگۆڕێ، کە لە بنەڕەتدا دادگای ئایینیی بوون وپاپا (گریگۆریۆسی نۆیەم) دایمەزراندبوو، ودواتریش بەسترایەوە بە ڤاتیکانەوە. [1] لە ڕاستیدا، ئەم دادگایانە، تەواوی کارگەلیان چاودێریی وپشکنینی فەلسەفە وهزرگەلە دەرکەوتووەکان بە گشتی وئایینزای پرۆتێستانتیی بەتایبەتی بوو. ئەمە وێڕای ئەوەی، چاودێری موسڵمانە (مۆریسکۆ)کانی ئیسپانیا وجووەکانیان دەکرد، ئەوانەی بە ڕواڵەت مەسیحیبوونی خۆیان ڕاگەیاندبوو ولە ناخیشدا لەسەر ئایینی ڕاستەقینەی خۆیان مابوون، هەربۆیە ئارەزوومەند کرابوون لە بڕواهێنانی ڕاستەقینە بە ئایینی مەسیحیی یاخود کۆچ وبارکردن لە ئیسپانیا. لە بەرانبەردا، هەندێ شوێنیتر لە جیهانی مەسیحیی، وەکی هۆڵەندا وکۆمەڵگا کۆلۆنییە ئەمریکییەکان، ببوونە پەناگەی کەمینە چەوساوەکان، بەتایبەت جووەکان، سەرباری ئەوەی باشترین خانەخوێی هزرگەل وفەلسەفە نوێکانیش بوون. لەلایەکیترەوە، بارگرژیی نێوان هەردوو کڵێسای کاتۆلیکیی وپرۆتێستانتیی لە ئەوروپا، بووە هۆی زنجیرەیەك جەنگ وپێکدادانی ناوخۆیی، کە لە هەموویان گەورەتر وخەتەرناکتر جەنگی سی ساڵە بوو، کە ساڵی (١٦١٨ز) بەرپابوو. بەڵام لە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا، ئیدی جۆرێك لە لێکتێگەیشتن وئاشتی ودانپێدانانی ئاڵوگۆڕکراو، لەنێوان ئەو دوو ئایینزایەدا هاتەکایەوە. [2]

لەنێوان ساڵانی (١٤٧٨– ١٥٠٢ز)، هەریەك لە (فێردیناندۆی دووەم)، پاشای ئاراگۆن و(ئیزابێللای یەکەم)ی شانشینی قشتاڵە، سێ بڕیاری تەواوکەری یەکتریان دەرکرد، کە یەکەمیان، دامەزراندنی دادگاکانی پشکنین، دووەمیان دەرکردنی جووەکان بە پرس وڕەزامەندیی پاپا (سیکستۆسی چوارەم) وسێیەمیان، ناچارکردنی موسڵمانەکانی قشتاڵە بە باوەڕهێنان بە ئایینزای کاتۆلیکیی بوو. هەڵبەت، بەجێهێنانی هەموو ئەم داڕشتە وکارکردانە، بە یەك ئاڕاستەدا دەگوزەران، ئەوەش هەوڵێکبوو بە مەبەستی بەجێگەیاندنی یەکێتی بیروباوەڕ. [3] بە درێژایی تەمەنی، دادگاکانی پشکنین، کە نزیکەی (٦٠٠) ساڵی خایاند، هەردەم پەڵەیەکی ڕەش بووە بەنێوچەوانی مەسیحییەت وکڵێسای کاتۆلیکییەوە، کاتێکیش ئەم دەزگایە لە ساڵی (١٨٣٤ز)دا لەکارخرا، بەرەنجامەکەی مشتێك سووتماك ویادەوەریی چەوساندنەوە وبراکوژیی وکوشتوبڕی سەدان هەزار کەسی بێتاوان بوو. ئەمە وێڕای ئەوەی، چەندین کۆمەڵگا لەناوبران یان ڕاگوازران، سەدان هەزار کەس ڕاوەدوونران، ماڵ وموڵکیان دەستی بەسەرداگیرا. بەر لەم مێژووە ولە نێوکۆی سەدەی چواردەدا، دوو قەشە هەبوون کە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنن، ئەوانیش (جۆن ویکلیف) (١٣٢٨– ١٣٨٤ز) لە ئینگلتەرا، و(جۆن هاس) (١٣٧٣– ١٤١٥ز) لە بۆهیمیا

---

[1] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١

[2] جۆن ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەریی، و: محمد وەلی کاکایی وجیهانگیری غەفاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩

[3] جوزيف بيريز: التأريخ الوجيز لمحاكم التفتيش باسبانيا، ت: د. مصطفى أمادي، الطبعة الاولى، مشروع كلمة للترجمة– ابوظبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠١٢، ص ١١

بوون. دیارە، ئەوان بە پرسیارە وروژێنەرەکانیان، ببوونە دوو چاکساز پێش ساتی ڕیفۆرم. سەبارەت بە بابەتەکانی دەسەڵات ولاهووتیش، ئەوان هەردەم ڕەخنەگر وبەرەنگاری دەسەڵاتی پاپا بوون، وێڕای ئەوەی ئەو زمانەی لە لێکۆڵینەوەی کتێبی ئینجیلی پیرۆزدا پەیڕەویان لێدەکرد، دەنگدانەوە وکاریگەرییەکی زۆری بۆسەر چاکسازانی سەدەی شازدە هەبوو. بەڵام، بەم هەڵوێستە بەرهەڵستکارانەیان باجێکی قورسیاندا، بەوەی بڕیاری پاپایی بە ڕێگریکردن لە (ویکلیف) وسووتاندن بۆ (هاس) دەرکرا. [1]

مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمی زایینییدا، لە باکووری ئەورووپا، بزاڤێك بۆ کاردانەوە بەرانبەر بە بیروباوەڕ وڕێوڕەسمەکانی کڵێسای کاتۆلیکیی ڕۆمیی دەستپێکردبوو، وەلێ پاش پەرەسەندنی لەناو بەشێکی بەرفراوانی خەڵکی مەسیحیی ناوچەکەدا، ئایینزای پرۆتێستانتیی وەك یەکێك لە سێ ئایینزا گەورەکەی مەسیحییەت، بونیادنا. هەڵبەت، ئەم بزاڤە، کە بە پرۆتێستانتیزم واتە بە خەباتی ناڕازیبووەکان ناودەبرا، لە هەموو جێگایەك کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، سیاسیی وفەرهەنگیی خەڵك دانا. شایانی باسە، لە ساڵی (١٥١٧ز)دا، (مارتن لوتەر) کە خۆی قەشەیەك بوو، ڕاگەیەندراوێکی (٩٥) خاڵیی لەبەردەم کڵێسای (ڤێتنبێرگ) هەڵواسی، کە دەربارەی ڕێوڕەسمی لێخۆشبوونی گوناهەکان وهەندێ پرسی باو لە کڵێسای ڕۆم بوو. دیارە، تیایدا باسی لەوەکردبوو کە کرداری دەرەکیی وەك ڕێوڕەسمی کڕینی پسووڵەی لێخۆشبوونی گوناهەکان (کە لە چوارچێوەی کڵێسای کاتۆلیکییدا باوبوو)، ناتوانێ جێگای ئەو تەوبەیە بگرێتەوە کە لە ناخی دڵەوە هەڵقوڵاوە. وەلێ، لەبەرئەوەی تیۆری لێخۆشبوونی گوناهەکان پەیوەندی بە دەسەڵاتی پاپاوە هەبوو، هەربۆیە ئەم ڕەخنە وناڕەزاییەی ناوبراو، دەسەڵاتی خودی پاپای دەخستە ژێر نیشانەی پرسیارەوە. هەڵبەت، ئەڵمانییەکان، کە زۆر بە توندی ناڕازیبوون بەرانبەر بە دەستێوەردانی پاپا لە وڵاتەکەیاندا، بۆ پشتگیری لە (لۆتەر)، ڕاپەڕین وئەم بزاوتەیان لەگەڵ بزاڤی ناسیۆنالیزمدا، تێکەڵکرد. [2]

هەژیی گۆتنە، جیهانی مەسیحیی، بەر لە دەرکەوتنی بزاوتی چاکسازیی، مەستی سەردەمی ڕێنیسانس بوو، کە خۆی لە بواری ئەدەب وهونەردا پەنهان کردبوو. وەلێ، (دانتێ، پێترارك، جیۆڤانی بۆکاچیۆ)، نموونەی هەرە مەزنی ئەو سەردەمە بوون. [3] واتە، پێش دەرکەوتنی بزاوتی ڕیفۆرمی ئایینیی، سەردەمی ڕێنیسانس چاوی بەدنیای مەسیحییەت هەڵهێنابوو، لەوەی چەمکی ڕەخنەگرتن شەنوکەوی بابەتی ئەدەبی لاتینیی تەقلیدیی وکۆنی دەکرد. هەربۆیە، ئەوەش بووە هۆی گوزەرکردن وبەدواداهاتنی

---

[1] جون لوريمر: تأريخ الكنيسة، ت: عزرا مرجان، الطبعة الاولى، الجزء الرابع، دار الثقافة- القاهرة، ١٩٨٨، ص ٥١

[2] د. کەمال پوولادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (لە سوکراتەوە تا ماکیاڤیللی)، و: ئازاد وەڵەدبەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤

[3] ئازاد تۆفیق خەیات: نالی- دانتێ، وێکچوونێکی فرە ڕەهەند، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ل ٨٨

سەردەمانێتر وكرانەوەی زیاتر وڕۆشنگەریی وئاوەزباوەڕیی زیاتر. هەڵبەت، تێكڕای بوارگەلی ئایینیی سیاسیی ئابووریی كۆمەڵایەتیی فەرهەنگیی كەلتووریی...هتد، خرانە ژێر هاوێنەی گومانگەرایی وڕەخنەكارییەوە. تەنانەت، لە كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەدا، خودی ئەقڵی پەتیش لای (كانت) خرایە ژێر ڕەخنەكاریی وڕەخنەی لێگیرا. [١] واتە، ئاوەز وئاوەزباوەڕیی، لە هەوڵی ئەوەدا بوون پێوەری شتەكانبن. سەرەنجام، لە جیهانی مەسیحییەتدا، ئاقاری لیبراڵیزم بەسەر باڵە ئوسوڵییە توندڕەوەكەدا سەركەوت. وەلێ، ئەو سەركەوتنەش، بووە مایەی ئاشتبوونەوەی ئایین وئەقڵ، [٢] یاخود مەسیحییەت ومۆدێرنە. [٣]

كۆمەبەست یان چكاوەی مەبەست، ئەوەیە كە كۆمەڵگاكانی جیهانی مەسیحیی بە ئیرادەی خۆیان وبە هەوڵێكی تاقەتپڕووكێن، گۆڕانكارییان لە داكەوت وهەلومەرج وگوزەرانی خۆیاندا كرد. هەڵبەت، فەیلەسووفانی ئەم كۆمەڵگایانە، بە فەلسەفەی ڕەخنەگەرایی وگومانگەرایی وئەقڵگەرایی، ڕێنوێنیكەر وهاندەری تەواوی مرۆڤەكان بوون لە بەكارهێنانی هزر وئاوەزی تازەگەرانە، لەپێناو كۆتاییهێنان بە ڕابردوویەكی تاریكی شەرمەزار و وبونیادنانی داهاتوویەكی ڕۆشنگەر، كە چەشەكراوبێ بە چەمكگەلی پلورالیزم وئازادیی ودادپەروەری كۆمەڵایەتیی ومافی مرۆڤ وكەرامەت. سەرەنجام، ئەم مرۆڤە، لەژێر كارتێكردنی دەوروبەر وڕەتكردنەوەی ڕابردوودا، مێژووی بۆ خۆی داهێنا." [٤] واتە، مرۆڤی ئەورووپیی، لەژێر كاریگەریی چاكسازیی وداهێنانەكان وفەلسەفە وبیری بیرمەندان وڕەتكردنەوەی واقیع وگوزەرانی تاڵ، ئیرادە ومێژوویەكی نوێگەرانە وشەرەفمەندانەی بۆخۆی بونیادنا. بەم شێوەیە، تاكی ئەورووپیی یان تاكی كۆمەڵگای مەسیحیی، توانی لە شەوەزەنگی ئایین وتەقلید وتەقدیس ڕزگاری ببێ وگوزەر بەرەو ئاییندەیەكی ڕۆشنی لێوانلێو لە تازەگەریی وفرەیی وئاوەزمەندیی بكات.

بەلأم بەپێچەوانەوە، لە جیهانی ئیسلامیدا، بێجگەلە وەستاندنی هزر ومێژوو وچەقبەستوویی ونەبوونی ئیرادەی گوزەركردن وخولاندنەوە لە بازنەیەكی بزری بێكۆتایی، بگرە دژایەتی فەیلەسووفان وبیرمەندانیش لەنێو دەسەڵات وكۆمەڵگادا شتێكی زۆر سانا بووە، بەتایبەت لەلایەن لایەنگرانی مالیكیی وحەنبەلییەكانەوە. هەڵبەت، كەسێكی وەك (غەزالی)، هەردەم دژی فەلسەفە ولۆژیك وبۆچوونەكانی ئیسماعیلییەكان وموعتەزیلەكان بووە. ناوبراو، تێكڕای نوسینەكانی، تەرخان كردووە بۆ هێرشكردنە سەریان وبۆ دژایەتیكردنی ژیربێژی وفەلسەفە. بێگومان، لە سەردەمی خەلیفە (متەوەكیل)دا، زاراوەی (ئەهلی سوننە وجەماعە) (أهل السُنّة والجماعة) هاتە گۆڕێ، ئیدی لێرەوە زۆرینەی خەڵكی عەوام پشتیان

---

[١] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤

[٢] هاشم سالح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، كۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١

[٣] هاشم سالح: جۆرج تەرابیشی ولێكشیتاڵكردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨

[٤] د. محەمەد كەمال: فەلسەفەی سارتەر، خوێندنەوەیەكی نوێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣

به (سوننه) بەست ولایەنگری (جەماعەت) بوون، ئەمەش مانای پشتکردنە ژیربێژی ودوورکەوتنەوە لە فەلسەفە وڕادەربڕین. پاشان، دەستەواژەیەکیتر بڵاوبووەوە لە نێو کۆمەڵگادا، کە دەسەڵاتداران وپیاوانی ئایینیی ئەو سەردەمە خوڵقێنەری بوون، ئەویش دەستەواژەی (من تمنطق فقد تزندق) بوو، واتە "ئەوەی ژیربێژیی بکات، زەندیقە".[1]

مێژوونووسانی عەرەب، هەردەم بە شانازییەوە باسیان لە ئەندەلوس کردووە، کە لانکی فەلسەفە وژیربێژیی وزانستەکان بووە لە سەردەمی خۆیدا. بەڵام، مێژوونووس (ئەحمەد بن محەمەد ئەلمەقری) (٩٨٦– ١٠٤١ ك/ ١٥٧٨– ١٦٣١ز)، دەربارەی ئەندەلوس لەو سەردەمەدا، پێچەوانەی ئەم بۆچوونانە دەخاتەڕوو ودەنووسێ: "هەموو زانستەکان لەوێ چانسیان هەبوو، تەنها فەلسەفە وئەستێرەناسیی نەبێ. هەرچەندە، ئەوانەی خۆیان بەم بابەتانەوە خەریکدەکرد، لەبەر خەڵکێکی عەوام نەیاندەوێرا بەئاشکرا بیخەنەڕوو. هەرکاتێکیش، بوترایە فلأنەکەس فەلسەفەی خوێدووەتەوە یان کاری ئەستێرەناسیی کردووە، ئەوا خەڵکە سادەکە پێیدەوت زەندیق. ئەم بابەتە، بە شێوەیەك کۆنترۆڵکرابوو، گەر کەسێك گومانی ئەو کارەی لێبکرایە، بەردباران دەکرا یان دەسووتێندرا، پێشئەوەی دادی بگاتە لای سوڵتان. بێگومان، زۆربەی کاتیش گەورەکانیان فەرمانیان بە سووتاندنی ئەو کتێبانە دەکرد کە تایبەت بوون بەو بابەتانە، گەر بدۆزرانایەوە."[2] هەڵبەت، ئەو ڕاستییەیان نەزانیوە، کە فەلسەفە بەرهەمی بیری ئازادە.[3]

لەڕاستیدا، مێژوو گەواهیی ئەوەش دەدات کە لە کەلەپووری ئیسلامییدا، نوێگەریی وفەلسەفاندن هەبووە وزیاتر لای موعتەزیلەکان بینراوە وەك لەلای حەنبەلییەکان، لای (ئیبن ڕوشد) زیاتربووە تا لای (غەزالی). هەڵبەت، گەورەترین نەهامەتییەکیش کە دووچاری جیهانی ئیسلامیی هاتووە، هەرەسهێنانی ئەو ڕەوتە ئەقڵانییە بووە کە لە سەدەی پێنجەم وشەشەمی کۆچیدا ڕوویداوە، لەبەرانبەر سەرکەوتن وبالأدەستیی ڕەوتی ئیسلامیی ئەرتەدۆکسیی بەرتەسك ودۆگما.[4] واتە، ناتوانین بە ڕەهایی بڵێین، بە هیچ هیچ شێوەیەك ڕەوتی ئاوەزباوەڕیی (گەر سەرەتاییترین شێوەش بووبێ) لە جیهانی ئیسلامییدا بوونی نەبووە، بەڵکو لە ڕاستیدا بڵاوبوونەوەی بابەتە فەلسەفییەکانی دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی، کە لە جیهانی ئیسلامییدا گیرسانەوە ولە دەزگا ئیسلامییەکاندا کاری وەرگێڕدرانیان بۆدەکرا، هاوکاربووە لە بڵاوبوونەوە وئاشناکردنی منەوەرانی جیهانی ئیسلامیی، بە فەلسەفە وژیربێژیی یۆنانیی

---

[1] د.علي وردي: منطق ابن خلدون في ضوء حضارته وشخصيته، الطبعه الاولى، منشورات سعيد بن جبير– قم المقدسه، جمهورية ايران الاسلاميه، ٢٠٠٥، ص ١٨٢

[2] الشيخ كامل محمد محمد عويضة: ابن رشد الاندلسي، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية– بيروت، لبنان، ١٩٩٣، ص ٢٢

[3] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥

[4] هاشم سالح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨

وڕۆمانیی، لەو کاتەدا. ئەم فاکتەرە، کاریگەربووە لەوەی هەردەم ئاماژە بە کۆمەڵێکی وەك موعتەزیلەکان بدرێ، وەکی یەکێك لە دەستە کەلامییەکانی ئیسلام، کە لە هەوڵی تێکەڵکردنی ئایین وئاوەزدابوون. ئەوان، کە لە سەدەی دووەمی کۆچیی لە (بەسرە)، لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ئومەوییەکان وسەرەتای دەسەڵاتی عەباسییەکاندا، دەسەڵات وبوونیان پەیداکردبوو، بڕوایان وابوو کە باوەڕ وبنەماکانی جیهان پێویستە لەسەر بنەماکانی ئەقڵبێ. لەوەش زیاتر، موعتەزیلەکان باوەڕیان وابوو، کە هەردەم ئەقڵ ڕێنوێنێکی باشترە لە شەرع. [1] پێدەچێت، ئەم ڕەوتە فەلسەفییە ئەقلانییە، درێژەیکێشابێ تا ئەو کاتەی خەلیفە (متەوەکیل) کودەتای بەسەر موعتەزیلەکان ولایەنگرانی فەلسەفەداکرد. [2] لە ئەنجامیشدا، موعتەزیلەکان لەدوای ئەم کودەتا وڕاوەدوونانە، ئیدی لەناو شیعەگەراییدا توانەوە وزۆرینەی کەلەپووری فیکریی خۆیان ڕۆکردە نێو شیعەگەراییەوە. لەبەرئەوە، لەڕووی فەلسەفەگەرایی وئازادیی بیرکردنەوەوە، شیعەکان وەرەسەی موعتەزیلەکانن. [3]

وێڕای ئەوەی باسکرا، دیارە ئاشنایەتییەکی بەرفراوانی فەلسەفیی لەنێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوادا هەبووە، کە تەمەنی لە هەزار ساڵ زیاتربووە. کاتێکیش، باس لە فەلسەفەی کلاسیکیی ڕۆژئاوایی دەکرێت، بەمانای باس لە فەلسەفەی یۆنانیی دەکرێت، کە لەلایەن وەرگێڕ وفەیلەسووفە گەورەکانی شارستانییەتی ئیسلامییەوە، وەرگێڕدراون وخوێندراونەتەوە. جێی ئاماژەپێکردنە، لە سەردەمی عەباسییەکاندا، بە هەوڵ وماندووبوونی فەیلەسووف وخوێندەوارە گەورەکانی ئەوکاتە، بەشی زۆری کتێبە فەلسەفییەکانی یۆنانی کۆن بۆ سەر زمانی عەرەبیی وەرگێڕدران. وەلێ، بەر لە عەرەبیش، زۆربەی زۆری ئەم کتێبانە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی سریانیی. [4] بەڵام، ئەوەش ڕاستییەکیترە، کە هەرگیز ئاوەز وفەلسەفە وزانست وئەقلانییەت لەگەڵ ئایین وزانستی کەلام وخورافیاتدا یەکناگرنەوە. بەمانای، هەرگیز ئەقڵییەتی پیاوانی ئایینیی لە هەرسەردەمێکدابێ، لەگەڵ کرانەوە وتازەگەریی وزانست وفەلسەفە ولۆژیکدا یەکناگرێتەوە. بەڵکو، خوازیاری دۆگمایی وداخران وخەڵوەتە، لەبەرئەوەی لە تاریکاییدا هەگیز ڕاستییەکانی دەرناکەون وپارێزراویشدەبێ، هەربۆیە هەردەم وتوویانە: "من تمنطق فقد تزندق." [5]

---

[1] موعتەزیلە: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٢٧/ کانونی یەکەمی/ ٢٠١٧، ckb.wikipedia.org

[2] محمد اسماعيل زاهر: الكندي، فيلسوف العرب المولع بالموسيقى، منوعات، مركز الخليج للدراسات، ٢/ ٥/ ٢٠١٥، www.alkhaleej.ae

[3] عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، و: عەبدوڵا جەبار، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، چاپەمەنی گەنج- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٣٤٧

[4] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦

[5] د.علي وردي: منطق ابن خلدون في ضوء حضارته وشخصيته، مصدر سابق، ص ١٨٢

به بۆچوونی مێژوونووسان، سەدەكانی ناوەڕاست، كە لە ماوەی نێوان كەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای خۆرئاوا (٤٧٦ز)، هەتا دۆزینەوەی كیشوەری ئەمریكا لە كۆتاییەكانی سەدەی پازدەیەم (١٤٩٢ز) درێژدەبێتەوە، سەدە وسەردەمی زێڕینی شارستانییەت وجیهانی ئیسلامیی بووە. بێگومان، بزوتنەوەی وەرگێڕان، كە موسڵمانەكان بۆ كتێبە فەلسەفییەكانی فەیلەسووفانی یۆنان ئەنجامیاندابوو، بریتیبوو لەو كەناڵەی هەڵی گوزەری بۆ ئەم فەلسەفەیە ڕەخساندبوو، لە شارستانییەتی كۆنەوە بۆ شارستانییەتی مەسیحیی. ئەمەش، پاشئەوەی وەرگێڕدران بۆ زمانی لاتینیی، بەتایبەت لە سەردەمی خەلیفە (مەئموون) (٨١٣– ٨٣٣ز)دا. [1] لێرەوە، ئەو سەردەمە دەستپێدەكات كە (محەمەد ئاركۆن) ناویدەبات بە سەردەمی كلاسیكیی ئیسلامیی گەشەسەندوو، كە شەش سەدەی یەكەمی كۆچیی دەگرێتەوە، واتە تا سەردەمی مردنی (ئیبن ڕوشد). بە واتایەكیتر، لێرەوە چاخی زێڕینیی ئیسلام دەسپێدەكات، كە ویسترا دەرگای ئایینیی ئیسلام بخرێتە سەرپشت، لەبۆ هاتنەژوورەوەی فەلسەفە وژیربێژیی كلاسیكیی یۆنانیی.

بە بڕوای (ئاركۆن)، بە درێژایی هەردوو سەدەی نۆیەم ودەیەمی زایینیی، واتە سێیەم وچوارەمی كۆچیی، جیهانی ئیسلامیی لە بوارەكانی زانست وئەدەب وفەلسەفەدا پێشكەوتووبوون. لە سەرەتای سەدەی دوازدەوە، ئەوروپا زۆر شتی لێوەرگرتبوون، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕێنیسانسە فیكرییە زۆر نەژیاوە ولەلایەن چینێكی كۆمەڵایەتیی كراوەی وەك چینی بۆرژوای ئەورووپیی، پشتیوانیی لێنەكراوە. هەر بە بڕوای ناوبراو، گەر چینی بۆرژوا دروستنەبووایە وپشتیوانیی لە بیروبۆچوونە تازەكانی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدە نەكردبا، ئەوا ئەوروپا هەرگیز نەیدەتوانی لە دروستكردن ودامەزراندنی ئەو شارستانییەتەی ئەمڕۆ لەبەرچاوماندایە، سەركەوتووبێ. چونكە، ئەوە چینی بۆرژوازییەت بوو، كۆسپ وتەگەرەكانی دەرەبەگایەتیی لەناو كۆمەڵدا ڕاماڵی، هەر ئەویش بوو چینی كۆنی خانەدانەكانی لە شوێنی خۆی هەڵكەند وبەشداریی لە پێكهێنانی نوێگەرییداكرد. بەڵام، ئەو چینە بۆرژوازییە بازرگانەی جیهانی عەرەبی ئیسلامیی، كە لە سەردەمی (مەئموون) وجێگرەكانیدا گەشەیسەند وپشتیوانیی لە فیكری ڕۆشنگەریی موعتەزیلە وفەیلەسووفەكان دەكرد، هەر زوو بەلاداهات ولەناوچوو. ئەوەش، بەهۆی گۆڕانی ڕێگا بازرگانییەكان، لە جیهانی عەرەبی ئیسلامییەوە بۆ شوێنەكانیتر. [2] هەڵبەت، هۆكاری سەرەكیی ئەو گۆڕانكارییەی ناوبراو ئاماژەیپێدا، شاڵاوە سەربازیی ولەشكركێشییەكانی مەگۆلەكان بووە، كە تەواوی ئەو ڕێگایانەی مەترسیداركردووە یان مەیدانی شەڕ وپێكدادان بووە.

گەرچی، بڕێك ڕاستیی لەنێو ئەم گێڕانەوە لاوژە ئاسا ومێژووییەی ناوبراودا هەیە، بەڵام ئەمە هۆكاری سەرەكی لە پاشەكشەی جیهانی عەرەبی ئیسلامیی لە گوزەركردن بەرەو تازەگەریی ناگەیەنێ.

---

[1] د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم والوسط، مصدر سابق، ص ١٩٥

[2] محمد ئاركۆن: ئایین، عەلمانییەت، فێندەمێنتاڵیزم، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦

واتە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە تەواوی نەهامەتیی وپاشەکشە وکێشەکان بخەینە ئەستۆی لەدەستدانی ڕێگەوبانەکان وپەککەوتنی بازرگانیی وهەژارکەوتنی چینی بۆرژوای ئەو سەردەمە، بەڵکو کێشەکە لە ئەقڵییەتی دەسەلأتداران وپیاوانی ئایینیی وساویلکەیی زۆرینەی دانیشتوانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا قەتیسبووە. ئەوەتا مێژوونووسێکیتری ئیسلامیی ئەندەلوس، بە ناوی (ئەبو ئیسحاق بن تەملوس) دەڵێ: "دەبینم کاری ژیربێژیی لەنێویاندا وەلانراو وناپەسەند ونەویستراوە، گرنگی پێنادرێ وئاوڕی لێنادرێتەوە. سەرباری ئەوەش، خەڵکی ئەم سەردەمە، لە ژیربێژیی دەسڵەمنەوە وتەرێزی لێدەکەن وبە تازەبابەتیی وبیدعە وگومڕابوونی لەقەڵەمدەدەن." [1] لێرەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە لەنێو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، ڕێگریکردن تەنها بواری فەلسەفەی نەگرتبووەوە، بەڵکو بواری ژیربێژیشی گرتبووەوە. بێگومان، هەر کۆمەڵگایەکیش دوورەپەرێزیی لە ئاوەزباوەڕیی وفەلسەفە وژیربێژی وزانست ومەعریفە بکات، بێشك داهاتوویەکی تاریك وچەوتبین وچەقبەستوو چاوەڕوانییەتی.

کاتێك، (غەزالی) بە فەتوایەك فەلسەفەی قەدەغە کرد، ئیتر دەرگای لێکۆڵینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) پێوەدرا. هەر لێرەوە بوو، کە کۆمەڵگای ئیسلامیی، دووچاری تاریکیی وهەژاریی ونەخوێندەواریی ودواکەوتن بووەوە. وەلێ، ئێستاکێ لە زۆر ناوەندا، وشەی ولأتانی موسڵمان، بەرانبەر بە دیاردەی دواکەوتن وزەبر وزەنگ ونادادیی دادەنرێ، کەچی لە ئەوروپادا، دوای ساڵی (١٢٧٧ز)، دەستوبرد کۆڕ وکۆمەڵەکانی فەلسەفە وزانست لەم نووچدان وگلانە هەستانەوە وسەردەمی ڕاپەڕین وداهێنانیان دەستپێکرد، تا ئەو ئەوروپایەی ئەمڕۆی لێکەوتەوە. ئاخۆ، هۆکاری ئەم جیاوازییە چییبێ؟ هەڵبەت، لە ڕۆژهەلأتدا، فەتواکە بە تەواوەتی ساڵەهای ساڵ پەکی هەموو هۆکارێکی بەرەوپێشچوونی خستووە. بەلأم، لە ڕۆژئاوا، دواجار ئایینی مەسیحیی گونجاو وتەبا بووە لەگەڵ کۆمەڵدا. سەرەنجام، ڕۆژهەلأت، مەڵبەند وسەرچاوەی پەیدابوونی ئایین بووە، فەلسەفە وسیاسەتیش، لە ڕۆژئاوا سەریانهەڵداوە. تەنانەت، واپێدەچێت لە ڕۆژهەلأتدا، وشەی فەلسەفە وئازادیی ودێمۆکراسیی وداد، بیانیی ونامۆبن. [2]

کەواتە، گەر گۆڕانی ڕێگاوبانەکان لەو سەردەمەدا، کاریگەریی وزەبرێکی کوشندەی لە ئابووری کۆمەڵگا وچینی بۆرژوای بازرگان وتەواوی شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامیدابێ، کە ئەمە ڕاستییەکە، هەڵبەت لەمەش ڕاستتر، کاریگەریی فەتوایەکی نەرێنیی داڕوخێنەرە، کە فاکتەری سەرەکی بووە لە داڕمان وهەرچی زووتر ڕووخاندنی ئەو شارستانییەتە ڕۆژهەلأتییەدا. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، تا هەنووکە جیهانی عەرەبی ئیسلامیی لە هەوڵی ڕزگاربوون وبونیادنانی دژە فەتوایەکدا نییە، کە ببێتە هۆکاری دەرچوون لە چەقبەستوویی ئەقڵیی وزەمەنیی. وەلێ، منەوەرانی ئەم جیهانە دواکەوتووە، هەرگیز

---

[1] الشیخ کامل محمد محمد عویضة: ابن رشد الاندلسي، مصدر سابق، ص ٢٣

[2] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢

نەیانتوانیوە وەکی (کانت وسپینۆزا ودێکارت وجیۆردانۆ برونۆ وکیٚ وکیٚ...) بەدوای هەقیقەتدا بگەڕێن وسەرکردایەتی ئاوەزی ئەم جیهانە بکەن، وگۆڕانکارییەکی ڕیشەیی قووڵ بخوڵقێنن. گەر، کارێکی لەو جۆرەش کرابیٚ، یان لاواز وشەرمنانە بووە، یاخود لە دەرەوەی پێگە وسنووری دەسەڵات وجوگرافیای جیهانی عەرەبیی بووە، وەکی هەوڵگەلی بیرمەندان (محەمەد ئارکۆن، هاشم ساڵح، محەمەد عابد ئەلجابری، ...هتد) لە تاراوگە. کەواتە، پێویستە بەر لە هەر شتێك، بوێرانە وبە پرۆسەیەکی فیکریی ومەعریفیی ڕۆشن، بەر بە فەتوایەکی لەو جۆرە وفەتواکاران لەنێوخۆی ئەم جیهانەدا بگیریٚ، وگرنگی بە ڕەخنەگرتن لە کەلەپوور وئەقڵی ئیسلامی سیاسیی یاخود لە ئەقڵی تیۆلۆژیی ئایینیی بدرێت، وکار لەسەر خستنەڕووی هەقیقەت بکرێت. لەبەرئەوەی، جیهانی عەرەبی ئیسلامیی، بە ئێستاشەوە پەی بە هەقیقەت نەبردووە وقۆناغی تیۆلۆژییان جێنەهێشتووە، وەکی لە ئەوروپا ڕوویدا. [1] لەم ڕووەوە، دەکریٚ ئاماژە بە یەکێك لە وتەزاکانی (نیچە) بدەین، کە وتبووی: "پەیبردن بە هەقیقەت، ئەوەندەی پێویستی بە بوێریی وئازایەتی هەیە، ئەوەندە پێویستی بە مەعریفە نییە." [2]

تێچاندن لەسەر ئەم بابەتە، ئەوەیە کە فەتوای قەدەغەکردنی فەلسەفە وژیربێژیی وبیروڕای ئازاد، هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی وپاشەکشەی جیهانی ئیسلامییە لەبەرانبەر جیهانی مەسیحییدا، نەك گۆڕانی ڕێگاوبانەکان. لەبەرئەوەی، فەلسەفە ولۆژیك وبیری ئازاد تایبەتن بە ئەقڵ، ئەوجا گەر ئەقڵیش کۆتکرا، بێشك بەرەو پووکانەوە دەچیٚ. لەمبارەیەوە، (هیگڵ) دەڵیٚ: "ئەقڵ حوکمی جیهان دەکات،" وەلیٚ ئەو جیهانەشی کە ئەقڵ حوکمی دەکات، بەدەر لە هەر بەربەستێك بەرەو ئازادیی وداپەروەریی وهەقیقەت دەڕوات. [3] هەڵبەت، لە جیهانی عەرەبی ئیسلامییدا، لەبەرئەوەی لەمێژە ئەقڵ گەوجێندراوە، بۆیە ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا بوونیان نییە. ئەوە هەر (هیگڵ) بوو، کە هەردەم دەیگوت: "فەلسەفە وەك کوندەپەپووی منێرڤا وایە، نافڕێت تاوەکو تاریکی دانەیەت." [4] واتە، هەرگیز فەلسەفە لە کۆمەڵگایەکدا ڕۆڵ نابینیٚ، تا نشوستیی ونەهامەتیی ونەداریی، ڕۆڵی تێدا نەبینیٚ. بەڵام، کۆمەڵگایەك خاوەنی کوندەپەپوویەك نەبێت، کاڵفامییە کاتێك تاریکیی دادیٚ دەستە ونزا چاو لە ئاسمان، چاوەڕوانی هەڵفڕینی بین. واتە، گەرچی جیهانی ناوبراو لە تاریکییدایە، بەڵام فەلسەفە هیچ ڕۆڵێك نابینیٚ، لەبەرئەوەی ئەقڵ زیندانییە. دیارە، ئێستای وەك پێشینانی، جیهانی عەرەبی ئیسلامیی لە تاریکترین ساتەکانیدایە، بەڵام نابینین هیچ کوندەپەپوویەکی فەلسەفە هەڵبفڕیٚ وچاوساغیی کۆمەڵگا بکات، لەبەرئەوەی خودی کوندەپەپووەکە

---

[1] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣

[2] هاشم صالح: الانتفاضات العربیة علی ضوء فلسفة التأریخ، الطبعة الاولی، دار الساقي– بیروت، ٢٠١٣، ص ٢١٠

[3] هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢

[4] ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل: هیگڵ فەلسەفە ومۆدێرنیزم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

بوونی نییە وسەردەمانێکە تیاچووە. پێدەچێت، نزا وئاهی شوومی ئەم باڵندەیەش لە سەرەمەرگیدا، تەواوی ئەم شوێنەوارەی کردبێتە کۆتەڵ وخەرابات و وەیشوومە. لە ڕاستیدا، جیهانی ئیسلامیی، ئەو هەسارەیەیە کە هەرگیز خۆری لێهەڵنادێت، ئەوجا هەرزەگۆییە باس لە بەرەبەیان ورۆشنایی وگزنگ بکەین. هەڵبەت، پەندی پێشینانی کورد، فەرموویەتی: "خوێ دەکرێت بە گۆشتەوە تا بۆگەن نەکات، ئەی ئەگەر خوێکە خۆی بۆگەن بوو؟" واتە، فەلسەفە بۆ گوزەرکردنی بیرکردنەوەی کۆمەڵگایەکە لە دۆگمایی ونەهامەتیی ودواکەوتوویی، ئەی ئەگەر فەلسەفەکە خۆی خەونبینیی وچەوتبینیی بوو؟ واتە، ئەگەر لە بنچینەدا هەر بوونی نەبوو؟

ئەم ڕاستییانە، دەمانگەیەنێتە ڕاستییەکیتر، لەوەی بڵێین فیکر بۆئەوەی گەشەبکات، پێویستی بە ئازادیی ڕەخنە وکۆڵینەوە وهەلومەرجێکی گونجاو هەیە، واتە پێویستی بە ڕۆشنگەریی هەیە. ئەوجا، بۆئەوەی ڕۆشنگەریش بلاْوببێتەوە، تەنها یەك شتمان پێویستە، ئەویش ئازادیی بیرکردنەوەیە. [1] بەلاْم، فەتوایەکی نەرێنیی لەو جۆرە، نەك ناهێڵێ فیکر گەشەبکات، بەڵکو ئازادیی بیرکردنەوە وژینگەی کۆمەلاْیەتییش ژەهراوی دەکات. کاتێکیش، ژینگەیەکی تەندروستی کۆمەلاْیەتیی لەباربرا، خەڵکیی نەزان وبێدەرەتان وهەژار دەکەون. دیارە، ئەوەشی نەزان وبرسیبێ، نازانێت چلۆن بە ئەقڵ بیربکاتەوە، هەربۆیە لە بارودۆخێکی دژوار ودواکەوتوودا ڕۆدەچێ. واتە، لەنێوان ئەقڵ وئازادیی وهەژاریی ودارایی ونەداریی فیکریی ورۆحییدا، پەیوەندی هەیە. جێی باسە، مرۆڤ، کاتێك لە ڕووی داراییەوە سەرکەوتووبێ، بەرانبەر بە ژیان گەشبینتر دەبێ وهەست بە شانازی دەکات وبەخۆی سەرسام دەبێ. بەلاْم، کاتێك مایەپووچ وشکستبێ، ئەوا تەرێز لە ژیانی ئەم دنیا دەکات وبۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەش، تەنها بیر لە ژیانی ئەو دنیا دەکاتەوە. دیارە، ئەوەی بۆ تاکە کەس ڕاستە، بۆ گرووپ ومیللەتانیش هەروایە. [2]

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کاتێك لە کۆمەڵگایەکدا بە هەچ بەهانەیەك ڕێگریی لە فەلسەفە وبیری ئازاد وجۆری هەڵسوکەوت وجلوبەرگ وشتگەلێکیتر دەکرێ، مانای ئازادییەکان بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی بوونی هەیە تەنها ئەرکەکانە. کەواتە، بیرکردنەوەی ئازاد لە کۆمەڵگایەکی داخراودا، وەکی جریواندنە لە دەرەوەی پۆلە مەل، کە دەشێت ڕاستەوخۆ ژیانی بخاتە مەترسییەوە. بێمکووریکردن، لەنێو ئەم کۆمەڵگایانەدا، هەردەم ئازادیی وسیاسەت، وەك دوو ڕووی دراوێك پێکەوە گرێدراون. واتە، لەبەرانبەر داواکردنی مافی ئازادیدا، هەردەم تارمایی ئەرکی سیاسەت ئامادە دەبێ، هەرکاتێکیش سیاسەت دەستپێکرد، ئازادیی کۆتایی دێت. بەمانای، کاتێك پێودانگە سیاسییەکان ڕووبەڕووی هەموو

[1] هاشم سالح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦
[2] هاشم سالح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤

شتێك دەبنەوە ودەستێوەردان ئەنجام دەدەن، ئیدی ئازادیی کۆتایی دێت. [1] هەربۆیە، هەردەم وتراوە: "ئازادیی، ئازادیی دەوێ". [2]

هەژیی گۆتنە، وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا، لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەرکاتێك بارودۆخی ناجێگیری کۆمەلأیەتیی وهەلومەرجی نائارامی سیاسیی وقەیرانگەلێك لەئارادابوو، ڕاستەوخۆ ڕێبازی سۆفیگەریی ودەروێشیی تەشەنە دەستێنێ. [3] ئەوەی جێی گومان نییە، ئەوەیە کە نائارامیی سیاسیی وناجێگیریی کۆمەلأیەتیی، لە کۆمەڵگایەکدا پەرەدەستێنێ کە ئازادیی لە ئاستێکی پێویستدا نەبێ، یان دەسەلأتێکی ستەمکاری قۆرخکار لەئارادابێ، وچاوگەلی لەسەر هێشتنەوەی بارودۆخی باو چڕبووبێتەوە. دیارە، ئەمە وتەزاکەی (ئیبن خەلدون)مان وەبیردێنێتەوە، کاتێك وتبووی: "لە سایەی دەسەلأتی زۆرداردا، هەم خەڵك پەنا دەبەنە بەر گۆشەگیریی وسۆفیگەریی، هەم شۆڕشە کۆمەلأیەتییەکان سەرهەڵدەدەن." [4] ئەمڕۆکە، ئەوەی لە جیهانی عەرەبی ئیسلامییدا دەبینرێ ودەگوزەرێ، گۆشەگیریی ودواکەوتوویی وسەلەفیزم وهەژاریی وشۆڕشە، نەك کرانەوە وخۆشگوزەرانیی وڕۆشنگەریی وگوزەرکردن.

بەڵگەنامە مێژووییەکان، باس لەوە دەکەن کە لە سەدەی یازدەی زایینییدا، لە یەك کاتدا لە شوێنە جیاجیاکانی جیهانی عەرەبی ئیسلامییدا، سێ خەلیفە حوکمڕانیی کردووە. خەلیفەی ئومەویی لە قورتوبە، خەلیفەی فاتیمیی لە قاهیرە، خەلیفەی عەباسییش لە بەغدا. ئەوجا، گەر دژیەکیی نێوان بەغدا وقورتوبە، هەڵگری ناکۆکییەکی خێڵەکیی بووبێ، واتە عەباسیی وئومەویی، ئەوا دژیەکیی نێوان بەغدا وقاهیرەش هەڵگری ناکۆکییەکی مەزهەبیی ئایدیۆلۆژیی بووە، واتە سوننیی وشیعیی. [5] بەمانای، لەکاتێکدا ڕۆژئاوای مەسیحیی لە هەوڵی هەستانەوە وتیمارکردنی خۆیدابووە، ڕۆژهەلأتی ئیسلامیی لە هەوڵی داچوون وپەرتەوازەبووندا بووە. ئەمەش، ئەو ڕاستییە بەیان دەکات کە دەسەلأتدارانی جیهانی عەرەبی ئیسلامیی، تەنانەت لە بواری دینییشدا یەك نەبوون، وەك چۆن لە بواری دنیەوییدا یەك نەبوون.

بەبڕوای بیرمەندانی عەرەب، ئاقاری ئوسولییەت (سەلەفییەت) لە سەدەی سیازدەوە جێگیر بووە. هەڵبەت، بەر لە دوو سەدە، ئەو ناتەباییە خێڵەکیی ومەزهەبییەی جیهانی ئیسلامیی کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، هۆکاری سەرەکی بالأدەستیی سەلەفیزم بووە، کە دواتر ئەویش هۆکاری قەدەغەکردنی فەلسەفە

---

[1] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧

[2] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٦

[3] هاشم سالح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦

[4] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی مورادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩

[5] فريدون هويدا: الاسلام معطلا، ت: حسين قبيسي، الطبعة الاولى، رابطة العقلانيين العرب، دار بترا للنشر والتوزيع- دمشق، ٢٠٠٨، ص ٧٢

بووه. شایانی باسه، ئەم قەدەغەکردنی فەلسەفەیە، تەنها بە بالأی ڕۆژهەلأتی ئیسلامییدا نەبڕدراوه، بەڵکو لە ڕۆژئاوای مەسیحییشدا، ئەم حالەتە دووبارە بووەتەوە. وەلیٚ، لە (٢٨/ مارت/ ١٢٧٧ز)، قەشە (ستیڤان تێمپێر) لە پاریس، بە ناوی کلێسا وئایینی مەسیحییەوە، بە فەتوایەك فەلسەفەی قەدەغەکرد. [1] هەر لەم ڕوانگەیەوە، لە (٢٧/ تەموز/ ١٦٥٦ز)، کنێسی یەهوودیی فەتوایەکی لە ئەمستەردام دژ بە (سپینۆزا) وفەلسەفە دەرکرد. [2] واتە، فەندەمێنتالیزم هەڵگری هەچ ئایین وباڵێکبیٚ، هەردەم یەك دەنووکی هەیە ودژ بە ڕۆشنگەریی وتازەگەریی وکرانەوە وئاوەزباوەڕیی وهەموو شتێکی تازەبابەتی جوانە. بەلأم، باس لەوەش دەکریٚ، کە دواجار مەسیحییەت لەبۆ چەسپاندنی پایەکانی خۆی لەنێو کۆمەڵگادا، پەنای بردووەتە بەر فەلسەفە. واتە، کلێسا، ئەو فەلسەفەیەی قەدەغەکردووە کە لەگەلٚ بەرژەوەندی خۆیدا تەبا نەبووه، نەك سەرلەبەری فەلسەفە وژیربێژیی یاساغ بکات. هەربۆیە، دواتر فەلسەفەی لاهووت وفەلسەفەی سکۆلائیی وچەندین زانکۆ وبنکەی خوێندن، لە برەودابوون. هەر ئەم ڕەوتە فەلسەفییەش، دواجار هاوکار بووه لە سەرهەڵدانی گەلەفەلسەفەی ڕێنیسانس وڕۆشنگەریی ومۆدێرنیزم ونوێگەریی. سەرەنجام، ئەو سیستمی حوکمڕانییەی ئێستا لە دەوڵەتانی جیهانی مەسیحیی دەبینرێت، سیستمگەلێکی عەلمانیی ولیبرالٚ وپلورالیزم ودیمۆکراتخوازە. ئەمە وێڕای ئەوەی، باس لە ئیسرائیلیش دەکریٚ وەك پێکهاتە وقەوارەیەکی ئایینیی، واتە دەوڵەتێکە لەسەر بنچینەی ئایینیی دروستبووه، بەلأم لە ڕاستیدا وئەوەی لە ئێستادا دەبینریٚ، دەوڵەتێکی عەلمانیی خاوەن سیستمێکی دیمۆکراتیی پەرلەمانییە. [3]

هەرچی دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی ئیسلامیشە، وتەزاکەی بیرمەند (هاشم ساڵح)ی بەسەردا پراکتیزەدەبیٚ، کاتێك ئاماژە دەدات ودەڵیٚ: "نەتەوە شارستانەکان، کاتێك هەست بە مەترسی هەڕەشەیەك دەکەن، خێرا بەرەنگاری دەبنەوە ودەرگاکان والأدەکەن لەبەردەم بیرمەندان وڕامیاریستە خاوەن هەڵوێستەکانیان، لەبۆ شیکردنەوە وتێچاندن لەسەر ئەم مەترسییە دەرەکییە وپاشان بلأوکردنەوە وئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا لەڕێی ڕۆژنامە وگۆڤار وپەرتووك ودەزگاکانی ڕاگەیاندن، تا ئەو مەترسییە بچووك ببێتەوە وبگەڕێتەوە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی، بەلأم ئەمە میتۆدێکی پێچەوانەیە لای ئێمە. ئەمە خالێك، خالێکیتر ئەوەیە کە بەلای (کۆنەپارێزە نوێکانی عەرەبەوە)، تایەفەگەریی لەنێو ئیسلامدا هەقیقەتێکی نەمر وهەمیشەییە، نە دەگۆڕدریٚ نە لەناودەچیٚ، وپێویست بە شیکاریی وهەڵوەشاندنەوەی مەشروعییەتی تایەفەگەرییش ناکات، لەڕێی هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژیی لە قوولأیی مێژوودا. بەڵکو، لە ڕوانگەی کۆنەپارێزانی عەرەب وموسڵمانەوە، کارێکی لەو جۆرە بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە، بەوەی بە دەستدرێژیکردنە سەر پیرۆزییەکان وپێشێلکاریی بەرانبەر بە بیروباوەڕە ڕەها وچەسپاوەکانی نەتەوەیەك

[1] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦

[2] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٣

[3] كميل منصور: دليل اسرائيل العام ٢٠١١، الطبعة الاولى، مؤسسة الدراسات الفلسطينية– بيروت، ٢٠١١، ص ٥٩

دادەنرێ." [1]

دوایین وتەم، ئەوەیە کە بیرمەند (محەمەد عابد ئەلجابری) لە کتێبی (ڕەخنە لە ئەقڵی سیاسی)دا، کاتێك باس لە ئەقڵی سیاسیی عەرەبیی وئیسلامیی دەکات، باس لە نەتەوە ونەتەوەخوازیی وبەرژەوەندی نەتەوەیی ناکات، بەڵکو باس لە سێ پێکهێنەری گرنگی ئەقڵی سیاسیی ئیسلامیی دەکات، کە بریتین لە فاکتەری خێڵ واتە قەبیلە، فاکتەری باوەڕ واتە عەقیدە، فاکتەری تالآنیی واتە غەنیمە. (جابری) دەڵێت: "ئەوەی ئەم ئەقڵە لە سەرەتاکانیدا دەستنیشان دەکات، ئەم سێ فاکتەرەن. ئەم سێ هێزەن، لە ناوەوەڕا ئەم ئەقڵە ڕێکدەخەن وبەڕێوەیدەبەن ومیکانیزمەکانی کارکردنی دەستنیشان دەکەن." بە بڕوای ناوبراو، لە ساتەوەختە جیاجیاکانی مێژووی ئیسلامدا، هەر جارەی یەکێك لەم فاکتەرانە لەوانیتر بەهێزتر وگرنگتر وکاریگەرتر بووە. بۆ نموونە، لە ڕۆژگارە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا، ئەو کاتانەی لە ڕووی ژمارەوە کەمبوون ولەبەردەم هێرشی بەردەوامی قوڕەیشییەکاندابوون، لە ڕێی باوەڕ وعەقیدەوە توانیویانە یەکێتی ڕیزەکانیان بپارێزن. بەڵآم، لە قۆناغی فتوحاتدا، غەنیمە پاڵنەری سەرەکیی پەلامارەکانی ئیسلام بووە بۆ دەرەوەی دوورگەی عەرەبیی. فاکتەری قەبیلەش، پێغەمبەری لە دەستدرێژیکردنەسەر پاراستووە." [2] منیش دەڵێم، شارستانییەتێك کە ئێمەش شانازی پێوەدەکەین، هەڵگری وەها ئاوەزێکبێ، مەحاڵە بە ئاسانی گوزەر بەرەو ئاوەزباوەڕیی وڕۆشنگەریی بکات.

- **کاریگەریی فەلسەفە وزانست**

هەروەك پێشتر ئەوەمان خستەڕوو، کە پاش داڕمانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی، ئەو کاتانەی ئەوروپا بە سەدە تاریکەکاندا تێدەپەڕی، لە نێوان سالآنی (٦٠٠- ١٠٠٠ز)، هەندێك بەشیتری جیهان کەلتووری گەشەکردوویان هەبوو، ئەو کاتانە سەردەمی زێڕین بووە بۆ شارستانییەتەکانی ئیسلامیی وچینیی وهندیی ویابانیی و...هتد. جیهانی ئیسلامیی، زۆر لە کەلتووری کلاسیکیی پاراستبوو، نموونەی هەرە دیاریش، بەرهەمەکانی (ئەریستۆ تێلیس)ە. [3] لە سەردەمی عەباسییەکاندا، زۆربەی کتێبە فەلسەفییەکانی گریك، بۆسەر زمانی عەرەبیی وەرگێڕدران، بەر لە عەرەبیش، زۆربەیان وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی سریانیی. لەو سەردەمەدا، وەرگێڕە بەناوبانگەکانی فەلسەفەی یۆنانیی بۆ عەرەبیی، باوك وکوڕێك بوون. دیارە، باوکەکە ناوی (حونەین بن ئیسحاق) بووە، دەقە یۆنانییەکانی لە سریانییەوە بۆ

[1] هاشم صالح: الانتفاضات العربية على ضوء فلسفة التأريخ، مصدر سابق، ص ٢١٠

[2] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥

[3] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١

عەرەبیی وەرگێڕاوە. کوڕەکەشی کە ناوی (ئیسحاق بن حونەین) بووە، دەقە یۆنانییەکانی ڕاستەوخۆ کردووە بە عەرەبیی. باوکەکە، سەرۆکی دەزگای (بیت الحکمه) بووە، کە خەلیفەی عەباسیی (مەئموون)، لە بەغدا بۆ وەرگێڕان دروستی کردبوو. [1]

ئەوەی جێی باسە، پێش عەباسییەکان، بۆ یەکەمجار لە سەردەمی ئومەوییەکاندا وبەتایبەت لە سەردەمی پێنجەمین خەلیفەیاندا (عەبدولمەلیك بن مەروان) (٢٦– ٨٦ ك/ ٦٤٦– ٧٠٥ز)، بڕیاری گۆڕینی زمانی فەرمیی دیوانەکان درا وتەعریبکران، کە پێشتر بە زمانەکانیتر نووسرابوون. هەر بە فەرمانی خەلیفەی ناوبراو، سەرباری ئەوەی هەموو دیوانەکان تەعریبکران، سەودا ومامەڵەی دراویش گۆڕانکاریی بەسەرداهات، کە پێشتر بە دینار ودرهەمی ڕۆمیی وئێرانیی مامەڵە دەکرا. ئیدی، سکەش بە زمانی عەرەبیی لێدرا، ودراوی زێڕیی لە ساڵی (٧٧ ك/ ٦٩٦ز)دا، بە زمانی عەرەبیی ئایەت وناوی خەلیفە وشوێنی داڕشتنی لەسەر دەنووسرا. دیارە، ساڵی (٨١ ك/٧٠٠ز) لە شام، و(٨٢– ٨٣ ك/ ٧٠١– ٧٠٢ز) لە عێراق، والی عێراق (حەجاج بن یوسف ئەلسەقەفی)ش، دراو ودیوانەکانی تەعریبکرد. [2] خستنەڕووی ئەم ڕاستییانە، پشتڕاستکەرەوەی قسەکەی (برایان ماگی)یە، کە وتبووی ئەو کاتانە سەردەمی زێڕین بووە بۆ شارستانییەتی ئیسلامیی، وەڵێ بەڵگەنامە مێژوویییەکانیش لەو بارەیەوە زۆرن.

بە گەڕانەوە بۆ بابەتەکەمان، دەکرێ بڵێین وێڕای نسکۆی ڕۆژئاوا، بەڵام پێویستبوو پێنج سەدە تێبپەڕێ، تا ئەوروپا جارێکیتر دەستبکاتەوە بە پرۆسەی زاڵکردنی دەسەڵات وکەلتووری خۆی بەسەر جیهاندا. زۆربەی ئەو بەرهەمانەی لە ئەوروپا لەناوچووبوون، ولە جیهانی عەرەبیدا پارێزراوبوون، جارێکیتر لە سەدەی سیازدەوە گەڕێندرانەوە بۆ ئەوروپا. دیارە، تاکە بەرهەمی (ئەریستۆ تێلیس) کە لە سەدە تاریکەکاندا لە ئەوروپا مابووەوە، کتێبی (لۆژیك) بوو، چونکە لەلایەن (بۆیتیۆس) (Boethius)ەوە (٤٨٠– ٥٢٤ز)، کرابوو بە لاتینیی. [3] بەڵگەنامە مێژوویییەکان، باس لە داگیرکردنی یەکەم شاری ئیسلامیی لە ئەندەلوس لەلایەن مەسیحییەکانەوە دەکەن، کە ناوی (تۆلیدۆ) (طلیطلة) بووە ولە (١٠٨٥ز) لەلایەن (ئالفۆنسۆی شەشەم) پادشای قشتاڵەوە داگیرکراوە، کە لە ناوچەکەدا ناوەندی ڕۆشنبیری بووە، وکۆمەڵێك وەرگێڕ ونووسەری بەتوانای موسڵمان ومەسیحیی وجوو، کاری وەرگێڕان ونووسینەوەیان تێداکردووە. دواتر، (ڕایمۆندۆ)ی گەورە ڕاوێژکاری ئەم پادشایە، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە گرتنەخۆی ئەم کۆمەڵە وەرگێڕەدا، لە دووتوێی پرۆژەیەکی وەرگێڕاندا. پاش ساڵانێك، ئەو شوێنەی تایبەت کرابوو بەم کارە، ناودەنرێ (قوتابخانەی تۆلیدۆ بۆ وەرگێڕەکان– مدرسة طلیطلة للمترجمین). هەر لێرەوە بوو،

[1] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣

[3] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢

دەستكرا بە دووبارە هێنانەوە و وەرگێڕانی بەرهەمەكان، بۆ ئەوروپای مەسیحیی. [1] بەتایبەت، پاشئەوەی لە (١٤٩٢ز)دا دوایین شار لە ئەندەلوس كە (غەرناتە) بوو، داگیركرا وكۆتایی بە دەوڵەتی ئیسلامیی لە نیوەدورگەی ئیبێریا هێنرا. [2]

دیارە، سەردەمی ڕێنیسانسیش، ئەو گۆڕانكارییە گەورەیەی ئەوروپا بووە لەسەر ئاستی جیهان، كە داهێنانی یەكلەدوای یەك وبوژاندنەوەی فیكریی وفەلسەفەی ئایدیۆلۆژیی وئابووریی وئەدەبیی بەدوای خۆیدا هێناوە. لەو سەردەمەدا، ئەدەبێك پەیدا بوو، كە پێی دەگوترا (ئەدەبی كلاسیزمیی)، ئەم ئەدەبە مۆركی ئەدەبیاتێكی سنووورداری لە ڕووی فۆرم وناوەڕۆكەوە هەبوو، هەتا بوو بە ڕێبازێك كە لەگەڵ سیماكانی سەردەمە ناوەندییەكاندا یەكیان گرتەوە. بێگومان، وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا، (دانتێ، پێترارك، جیۆفانی پۆكاچیۆ)، نموونەی هەرە مەزنی ئەو سەردەمە بوون. [3] هەر سەردەمی ڕێنیسانس بوو، كە بلیمەتێكی درەوشاوەی بواری فەلسەفەی سیاسی هێنایە پێشەوە، ئەویش (نیكۆلۆ مەكیاڤێللی) نووسەری كتێبی (میر) بوو. [4] هەر لە بەرەبەیانی ڕێنیسانسدا بوو (١٢٨٠ز)، كە فیزیستی ئیتالی (سالڤینۆ دوێللی ئارماتی)، توانی بۆ یەكەمجار چاویلكە بۆ چاوی خۆی دروستبكات. لە سەروبەندی دۆزینەوە جوگرافییەكان وزانستگەلی فیزیك، كیمیك، ماتماتیك، ئەستڕۆنۆمیی، پیشەوەریی وداهێنانەكانیتری سەردەمی ژیانەوە، دەكرێت ئاماژە بە دروستكردنی یەكەمین كاتژمێری میكانیكیی بدەین، كە ساڵی (١٣٨٦ز)، بۆ (كاتدراڵ– كاتدرائیة) (كڵێسای مەزن)ی (سالزبۆری) لە ئینگلتەرا دروستكرا، كە تا ئێستاش لەوێ پارێزراوە. [5]

لە بواری چاپەمەنیشدا، ساڵی (١٤٥٥ز)، بۆ یەكەمجار پەڕتووكی (ئینجیل)ی پیرۆز كە یەكەمین كتێبی چاپكراو بە جۆری كانزای جولاْو بوو، لەلایەن (یۆهانس گۆتنبێرگ)ی ئەڵمانییەوە چاپكرا. لەوانەیە گەشتەكانی (كریستۆفەر كۆڵۆمبۆس)یش، بەناوبانگترین گەشتی دۆزەرەوە بووبێ لە مێژوودا، نەك لەبەرئەوەی درێژترین وبوێرترین گەشت بووە، بەڵكو لەوەی جیهانێكی نوێی بەخشییە نەخشەی جیهانیی، كە پێشتر هیچ زانیارییەك دەربارەی نەزانرابوو. [6] وەلێ، ساڵی (١٤٩٢ز) (كۆڵۆمبۆس)ی

---

[1] مدرسة طليطلة للمترجمين: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٣/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

[2] بێرنارد لویس: بەریەككەوتنی كولتوورەكان، و: یاسین حاجی زادە، چاپی یەكەم، دەزگای توێژینەوە وبلاْوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی خانی– دهۆك، ٢٠٠٨، ل ١٥

[3] ئازاد تۆفیق خەیات: نالی– دانتێ، وێكچوونێكی فرە ڕەهەند، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ل ٨٨

[4] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤

[5] هاني سمير: حلول، موقع هافينغتون بوست عربي، ٢٤/ ٥/ ٢٠١٦، www.huffpostarabi.com

[6] د. عيسى علي ابراهيم: الفكر الجغرافي والكشوف الجغرافية، الطبعة الاولى، دار المعرفة الجامعية– القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٢٧١

**دەریاوان، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ بەرەو هند بەڕێکەوت، کەچی دواتر گەیشتە خاکێك کە (ئەمریکا) بوو.** [1]

**مێژوونووسان، ئەو گۆڕانکارییەی لە فیکری ئەو سەردەمەدا ڕوویدا، بە دابڕانێکی ئەپستمۆلۆژیی وپردێك لە نێوان سەدەکانی ناوەڕاست وسەردەمی نوێدا دەبینن. هەرچەندە، سەردەمی ڕێنیسانس کە لە ناوجەرگەی ئیتالیا خولْقا وڕێخۆشکەر بوو بۆ گوزەر بەرەو ڕۆشنگەری وتازەگەریی، بەلاّم چەندین هەڵبەز ودابەز وکارتیاکردنی هزریی وڕامیاریی وکۆمەلاّیەتیشی بەخۆوە دیبوو. لەگەڵئەوەشدا، سەردەمی ڕێنیسانس، هەلاّوێرد کرابوو بە گەشەسەندنی ئەدەبیی وڕۆشنبیریی وهونەریی ودروستبوونی چەندین قوتابخانەی شێوەکاریی ودەرکەوتنی شێوەکارانی بەناوبانگ وناوداری وەك (لیۆناردۆ داڤینچی، مایکلْ ئەنجیلۆ، ڕافائێل).** [2]

**لە نێوکۆی داهێنانەکانەوە، ساڵی (١٤٧٠ز)، بۆ یەکەمجار (پەڕەشووت) لە ئیتالیا دروستکرا. ساڵی (١٤٨٠ز)، ئامێری (ئەسترۆلاب) (اسطرلاب) بۆ گەردوونناسیی وجووڵەی ئەستێرەکان ودیاریکردنی ئاڕاستە وکات، کە دۆزەرەوە پورتوگالییەکان دایانهێنا، یەکێکیتر بوو لەو داهێنانگەلە. ساڵی (١٥٤٣ز)، (نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس) زانای پۆڵەندیی، سیستمێکی نوێی بۆ گەردوون بلاّوکردەوە، کە تیایدا خۆری لەبری زەوی کردە سەنتەر وڕایگەیاند کە زەویش هاوشێوەی ئەستێرەکانیتر، بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە.** [3] **هەڵبەت، شاکارترین داهێنان، (تێلێسکۆپ) بووە کە (هانس لیپێرشی) چاویلکەسازی هۆڵەندی لە ساڵی (١٦٠٨ز) دۆزەرەوەی بووە،** [4] **بەلاّم (گالیلۆ گالیلی)، ساڵی (١٦١١ز)، توانی سەر ڕووی ڕووی مانگ وئەستێرەی زوهرەی پێببینێ، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشی تیۆرەکانی (کۆپەرنیکۆس) بوو.** [5] **بێمکووڕیکردن، داهێنانەکان ودۆزینەوەکانی ئەو سەردەمە، گەلێك زۆر وزەوەندە بوون وئەوەی لێرەدا خراوەتە ڕوو، تەنها بەشێکی ئەوانەن، مەخابن لێرەدا بوار بۆ خستنە ڕووی تێکڕایان نارەخساوە، پێدەچێت لەو سەردەمەدا، داهێنانەکان ودۆزینەوەکان لە پێشبڕکێی کات وڕۆژدا بووبن.**

**بە بڕوای کۆمەڵێك لە مێژوونووسان، ئەو ڕووداوەی هۆکار بوو لە بیرکردنەوەی ئازاد، کە ئەورووپا توانی بەهۆیەوە پێبنێتە سەردەمی ڕێنیسانسەوە، نەخۆشی چاوەقووڵە (طاعون) بووە، کە لە نێوان**

---

[1] **اماني الشافعي: موسوعة الاختراعات والاكتشافات، الطبعة الاولى، دار العلوم للنشر والتوزيع- القاهرة، ٢٠٠٥، ص ١٢**

[2] **عصر النهضة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢/ فبراير/ ٢٠١٨،** ar.wikipedia.org

[3] **اماني الشافعي: موسوعة الاختراعات والاكتشافات، مصدر سابق، ص ٨١**

[4] **من هو مخترع التلسكوب؟: معلومات عامة، موقع عين الجمهورية، ٢٦/ اغسطس/ ٢٠١٤،** rep-eye.com

[5] **عبدالامير المرتضى المؤمن: الفلك والفضاء، الطبعة الاولى، الدار الثقافية للنشر- القاهرة، ٢٠٠٢، ص ١٥٤**

سالأنی (١٣٤٧– ١٣٥٢ز)، بووەتە هۆی مردنی یەك لەسەر سێی دانیشتوانی ئەوروپا. [1] لە ڕاستیدا، ئەم نەخۆشییە، هیچ جیاوازییەکی لە نێوان هەژار ودەوڵەمەند وجوتیار وقەشە وجادووگەر ودەرەبەگ وکۆیلە وخانەدان وسۆزانییەکاندا نەدەکرد. هاووڵاتییان، ئەوەیان بۆدەرکەوت، کە لۆیالْ (ولاء)یان بۆ کڵێسا وپاپا وقەشە، هیچ ڕێگر نییە لە دوورخستنەوەی تارمایی نەخۆشیی چاوەقووڵە. ئەمە، وێڕای داین نەکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانێکی ئاسایی، لە لایەن دەسەڵاتدارانی دینیی ودنیەویی بۆ هاووڵاتییەکی سادە. لێرەوە، بیرکردنەوە لە کردنی کارێك لەپێناو هاووڵاتییانی سادە، دەستیپێکرد، لەپێناو پێدانی بەهایەك بە مرۆڤ، بەوەی بوونەوەرێکە ولەلایەن خوداوە خوڵقێنراوە. لێرەوە بوو، مرۆڤی ئەوروپی، ئیدی پرسیاری لە دیفاکتۆی نوێژ ونزا دەکرد، لەو دیفاکتۆیەی ژیانێکی ئاسوودەی بۆدابین دەکات، دوور لە نەخۆشی وکارەساتە سروشتییەکان، ڕێگەشی پێبدات ژیانی لە ڕووی کۆمەڵایەتی وئابووری وگەشەسەندنەوە، پەرەپێبدات. [2]

سەرباری داهێنانگەلێکی زانستیی وفەلسەفیی لەو سەردەمەدا، کە شوێنپەنجەی چەندین فەیلەسووف وزانای بەتوانای پێوەبوو، لە هەمان کاتیشدا کڵێسای کاتۆلیکیی پەڵەی چەندین ڕووداوی ئابڕووبەرانەی پێوەبووە. زەقترین ڕووداویش لەو سەردەمەدا، ئەوەی پاپا (ئەلێکساندەری شەشەم) بوو کە ناوی (ڕۆدریگۆ دیْ بۆرگیا) (١٤٣١– ١٥٠٣ز) بوو، کە هەردەم وەك نموونەیەکی قێزەونی دەسەڵات ناوزەد دەکریْ. هەڵبەت، لە ئایینزای کاتۆلیکدا، یەکێك دەتوانیْ ببێتە هەڵگری ئەو پۆستە گرنگە، کە تەواوی مەرجەکانی پاپای بەسەردا پراکتیزەببیْ، هەر لە داوێنپاکیی، دەستپاکیی، ئیمانداریی وزۆرێکیتر، وێڕای ئەوەی تەواوی ژیانی بۆ خوداپەرستیی وخۆشەویستیی ئایینەکە وکڵێسای کاتۆلیکیی تەرخان دەکات ولە پێکهێنانی خێزان وژیانی سۆزداریی دووردەکەوێتەوە. بەڵام پاپای ناوبراو، بە پێچەوانەوە، کەسێکی سێکسوالْ وخاوەنی چەندین پەیوەندی سۆزداریی ئابڕووبەرانە وبگرە چەندین منداڵی ناشەرعیش بوو، بێجگەلە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ولایەنگیریی ودڵڕەقیی و وەرگرتنی بەرتیل وگەندەڵیی وکۆکردنەوەی سامان و...هتد. [3]

لە ڕاستیدا، ئەم هەڵسوکەوتەی پاپای ناوبراو، بیرەوەرییە نووسراوەکانی (ئۆگۆستینۆس)مان دێنێتەوە یاد، کە لە کتێبی (دانپیادانانەکان)یدا ئاماژەی پێدابوو. ناوبراو، سەرباری ئەوەی دوا کەڵە فەیلەسووفی سەردەمی دێرینی لاتین بووە، ولەسەر دەستی ئەویش، مەسیحییەت تێکەڵ بە فەلسەفەی

---

[1] الطاعون الاسود: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

[2] مايكل غلب: كيف تفكر على طريقة ليوناردو دافنشي، ت: د، علي الحداد، الطبعة الاولى، دار الخيال للطباعة والنشر والتوزيع– بيروت، لبنان، ٢٠٠٨، ص ٢١

[3] نیکۆلۆ مەکیاڤیللی: میر، و: حوسێن عارف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠

پلاتۆیزم وپلاتۆیزمی نوێ کراوە، وزۆر بە جوانی ئەم باسوخواسەی لەو کتێبەیدا خستووەتە ڕوو، بەڵام بوێرانە وزۆر بە جوانیش باسی لە منداڵیی خۆی کردووە. ناوبراو، بە کراوەیی باسی لە جۆراوجۆریەتیی ڕەوشی سێکسواڵیی سەردەمی گەنجیی خۆی کردووە، بەوەی ڕاڕا بووە، ویستوویەتی ونەیویستووە واز لە خووە سێکسواڵییەکانی خۆی بهێنێت. ئەو لە دانپیادانانەکەیدا، دەڵێ: "خوایە، لە زۆرحەزکردن لە سێکس ڕزگارم بکە، بەڵام جارێ نا." [١]

لەم بەشەدا کە خرایەڕوو، بەباشم زانی لەبری فەلسەفە وفەیلەسووفان، زیاتر گرنگی بە داهێنان ودۆزینەوەکان وزاناکان بدەم وبیانخەمە ڕوو، کە بوونە مایەی گوزەر بەرەو پێشەوەچوون وگەشەکردن وخۆشگوزەرانیی، لەبەرئەوەی پێشتر باسی کاریگەریی فەیلەسووفان ومێژووی فەلسەفەمکرد وپێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات. هەروەها، لێرە بەدواوە، بەپێویستی دەزانم باسی جیهانی ئیسلامیی بکەم وهۆکاری ئەو وەستاندن وئیستیکە مێژووییە ودابڕانە چەندین سەدەییە بخەمە ڕوو، کە دۆگمایی وهەلومەجی نەخوازراوی جیهانی عەرەب وئیسلامیی لێکەوتووەتەوە، کە هێشتا دەربازبوون لێی مەحاڵە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ حاڵەتی عەرەب لە سەردەمی (جاهلية)دا پێش دەرکەوتنی ئیسلام، دەبینین سەردەمێك نەبووە دوور لە دیاردەکانی هزر وبیرکردنەوە. بەڵکو، گەر چاوێك بخشێنین بە نووسراوەکان وشیعری ئەو سەردەمەدا، دەبینین چلۆن ژیرانە باس لە ژینگەی ئەو سەردەمە کراوە. بێگومان، جیاوازی لە فیکر ونووسینی ئەو سەردەمە وسەردەمی ئیسلامدا هەبووە، بەوەی لە سەردەمی دواتردا، ئایینی ئیسلامیی بە فەلسەفەی یۆنانیی وگەلانیتر وئایینیتر کاریگەربووە. سەرباری ئەوەش، سەردەمی جاهیلیی سەردەمێك نەبووە دوورەوپەرێز لە گەلانیتر وئایینیتر وشارستانیتر، بەڵکو بەهۆی نزیکیی لە فارس وڕۆم وبەهۆی بازرگانیکردن، توانیویانە لە ڕووی ماددی ورۆحییەوە بەریەککەوتنیان لەگەڵیاندا هەبێ. [٢]

هەروەك پێشتر ئاماژەمانپێدا، بەبڕوای زۆرێك لە بیرمەندانی عەرەب، گەورەترین نەهامەتییەك کە دووچاری جیهانی عەرەبی وئیسلامیی هاتبوو، هەرەسهێنانی ئەو ڕەوتە ئەقڵانییە بووە کە لە سەدەی پێنجەم وشەشەمی کۆچییدا ڕوویداوە، وسەرکەوتن وباڵادەستیی ڕەوتی ئەرتەدۆکسیی بەرتەسك ودۆگمای بەسەرداهاتووە. [٣] بە بڕوای ئەو بیرمەندانە، زانایانی عیلمی کەلام وبەتایبەت موعتەزیلەکان، بۆ ڕاڤەکردنی دەقە قورئانییەکان، پشتیان بە فەلسەفە وئاوەز بەستووە. ئەم ئاوەزباوەڕییەش لە ئیسلامدا، لە سەدەکانی نێوان هەشت ودوازدەی زایینییدا لە برەو وگەشەسەندندا بووە. هەر بە بڕوای ئەوان، لەو

---

[١] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥

[٢] الشيخ كامل محمد محمد عويضة: ابن رشد الاندلسي، مصدر سابق، ص ٣

[٣] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨

سەردەمەدا، فیکری ئیسلامیی فەلسەفەی (پلاتۆ وئەریستۆ)ی هەرسکردبوو. بەڵام، دوای ئەو سەردەمە، ئیدی جیهانی ئیسلامیی تەرێزی لە فیکری فەلسەفیی گریکیی کردووە ولە هزری خۆی وەدەریناوە، چیتر ئاوەز وئاوەزباوەڕیی چارەنووسی لە فیکری ئیسلامییدا نەماوە.[١] بێمکووڕیکردن، هەڵبەت هۆکارگەلێك لەپشت ئەم پاشەکشەی ئاوەز وئاوەزباوەڕییەوە هەیە، کە تا هەنووکە کاریگەریی هەیە وخوڵقێنەری بەربەستێکی دۆگما ودژەفیکرییە لە جیهانی ئیسلامییدا.

بیرمەند (محەمەد ئارکۆن)، لەمبارەیەوە دەڵێ: "بۆئەوەی لە نهێنی ئەم دیاردەیە تێبگەین، کە لە ئێستادا تەواوی جیهانی ئیسلامیی گرتووەتەوە، ئەوا پێویستە هەشت سەدە بگەڕێینەوە دواوە." بەمجۆرە، دەبینین کە زانستی مێژوو، مەسەلەکانمان بەجۆرێك بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، کە پێشتر لەئارادا نەبووە. ئەمە گەر زانیمان، چۆنچۆنیی لە ڕووی میتۆدییەوە بەکاریبهێنین، یاخود بە چ شێوەیەك بەسەر ترادسیۆنی ئیسلامییدا پراکتیزەی بکەین. بەمەش، بیری ڕەخنەیی لەناو ئیسلامدا نوێدەکەینەوە، ولە هەلومەرجی ئێستاشدا، ئەوپەڕی پێویستیمان پێیەتی.[٢] بەڵام، من دەپرسم ئاخۆ کێن ئەوانەی ئەو جورئەتەیان هەیە، ئێستا ولەنێو لانکی ئیسلامگەرادا باهۆزی میتۆدی ڕەخنەیی بەئاشکرا ئاڕاستە بکەن لەبۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕاستییەکان. بیرمەندی ناوبراو، دەیەوێت بڵێ گەر حەنبەلییەکان بەسەر موعتەزیلەکاندا سەرنەکەوتنایە، یاخود خەلیفە (متەوەکیل) کودەتای بەسەر ئەم ڕەوتە فەلسەفییە ئەقڵانییەدا نەکردبا، هەرگیز چارەنووسی عەرەب وئیسلام بەم دۆخەی ئێستا نەدەگەیشت.

بەڵام، ئەوە قسەی من نیە بەڵکو قسەی بەڵگەنامە مێژووییەکانە، کە ئاماژە بە کارە تۆقێنەر وبزێوەکانی کڵێسا ودادگاکانی پشکنین وپیاوانی ئایینیی مەسیحییەت دەدات، کە تا چەند ڕێگرییان لە فەلسەفەی ئەقڵانیی کردووە، بەڵام ئەوان خاوەنی کەسانێکی فەیلەسووف وبوێر وبەئیرادە بوون، کە هەرگیز لەبەردەم زەبروزەنگی پیاوانی کڵێسادا سڵەمینەوەیان نەزانیوە وچۆك وکۆڵیان نەداوە. دەپرسم، ئایا قەشە (ستیڤان تێمپێر) لە پاریس، کاتێك بە فەتوایەك قەدەغەکردنی فەلسەفەی ڕاگەیاند،[٣] کودەتای بەسەر ئەو ڕەوتە ئەقڵانییەدا نەکرد کە لە ئارادابوو؟ دەپرسم، ئایا چەند فەیلەسووف وزانا وبیرمەند، بەهۆی فەرمانی دادگاکانی پشکنینەوە بوونە سووتماك؟ ئایا، لەپای ئەو هەموو ڕاوەدونان وچەوساندنەوە وتۆقاندن وکوشتوبڕییە، هزرڤانانی ئەوان، دەستەودامان چۆکیاندا بۆ فەندەمێنتاڵیزمی مەسیحیی؟ بێگومان، جوانترین وبەرزترین شتێك کە کۆمەڵگا ئەوروپییەکان کردیان، ئەوە بوو کە کەوتنە شەڕێکی توندەوە لەگەڵ خۆیاندا. بەمانای، هەتا کۆمەڵگا ئیسلامییەکانیش ئەم شەڕە توندە لەگەڵ

---

[١] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ١٤١

[٢] هاشم ساڵح: ئایین وعەلمانییەت وکۆمەڵگای مەدەنی، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١

[٣] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦

**خۆیاندا نەکەن، هەرگیز ناتوانن شارستانییەتەکەیان پێشبخەن.** [1]

**ئایا، کاتێك خودا فەرمووی: "نیوتۆن ببە" ئەویش بەو بوونەی پەردەی لەسەر یاسای سروشتیی لانەدا؟ ئایا، ئافەرۆزی فەندەمێنتاڵیزم ومیتافیزیك وفەلسەفەی لاهووتی نەکرد؟ ئەوەشمان لەبیرنەچێ، نزیکەی سەد ساڵ دوای (نیوتۆن)، زۆربەی فەیلەسووفە گەورەکان، سەرقاڵی ئەم پرسیارانە بوون، چۆن بتوانرێت باوەڕبوون بە خوا لەگەڵ دۆزینەوە زانستییەکاندا یەکبخرێت؟ ئایا، لە جیهانێکدا کە یاسا زانستییەکان بەڕێوەیدەبەن، مۆراڵ چۆن دەبێت؟ ئایا، لە جیهانێکدا کە هەموو شتێك بڕیاری لەسەردراوە، ویستی ئازاد چۆن دەتوانێت بوونی هەبێت؟** [2] **ئایا، ئەوە (دێکارت) نەبوو کە بەناوی مەسیحییەتەوە وتی:** "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم." **ئایا، ئەوە (هیگڵ) نەبوو، کە وتی هەر کە تاریکی لە کۆمەڵگای مەسیحییدا داهات، کوندەپەپووی منێرڤا (فەلسەفە) دەست بە جووڵە وهەڵفڕین دەکات؟ ئایا، دواجار ودوای ئەم هەموو وەیشوومەیەش، (نیچە) بە مرۆڤی مەسیحیی نەگوت: "جورئەت بکە، ببیت بەوەی کە هەیت؟" واتە، ئەی مرۆڤی جیهانی مەسیحیی، جورئەت بکە ببیت بە مرۆڤی باڵا،** [3] **ولەسەر داروپەردووی مرۆڤی کۆن وتەقدیسی کۆن وتێگەیشتنی کۆن، مرۆڤی نوێ بونیاد بنێیت.** [4] **بە کوردییەکەی، ئەی مرۆڤی جیهانی مەسیحیی، بۆئەوەی لە قۆناغی کەموکوڕی ئەقڵیی بێیتەدەر وبگەیتە قۆناغی ڕۆشنگەریی، لەسەرتە شەڕێکی گەورەی نەبڕاوە لەگەڵ خودی خۆت وهەموو بیروباوەڕە دەمارگیر وهەڵەکان بکەیت، کە لە منداڵییەوە لە مێشکتدا چێندراوە. واتە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ڕۆشنگەریی لە دوو قۆناغ پێکدێ، قۆناغی یەکەم نێگەتیڤە، وقۆناغی دووەم پۆزەتیڤە.** [5] **ئینجا دەڵێم، ئایا لە ئێستای جیهانی ئیسلامیدا، ئەو مرۆڤە کێیە کە جورئەتیکردووە ببێ بەوەی کە هەیە وداروپەردووی مرۆڤی کۆن تارومار بکات؟ ئەو سوپەرمانە کامەیە کە ئازادانە بیردەکاتەوە؟ ئەی ئەوە کێیە، کە خودا فەرموویە پێی ببە وبووە؟**

ڕووداو وبەڵگەنامە مێژووییەکان، ئاماژە بە ساڵی (٢١٨ ك) واتە (٨٣٣ز) دەدەن، کە سەردەمی خەلیفەی عەباسیی (مەئموون) بووە، هەڵبەت موعتەزیلەکان لەو کاتەدا مشتومڕ وکێشەیەکی فیکریی قووڵیان دروستکردبوو، لەسەرئەوەی کێ قورئانی پیرۆزی داڕشتووە. بێگومان، لە مێژووی ئایینی ئیسلامدا، ئەم کێشەیە بە (بەڵای خوڵقاندنی قورئان– محنة خلق القرآن) ناسراوە، کە موعتەزیلەکان خوڵقێنەری بوون وپێشتر پەنجەیان لەگەڵ ئاوەزباوەڕیی وفەلسەفەی یۆنانییدا نەرم کردبوو. بە بڕوای

---

[1] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەلان عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢

[3] پۆڵ ستراسێرن: ساتێك لەگەڵ نیچە، و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨

[4] هاشم ساڵح: ئایین وعەلمانییەت وکۆمەڵگای مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥

[5] هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦

ئەوان، قورئانی پیرۆز، دروستکراو وداڕێژراوە نەك وتە وئاخاوتنی پەروەردگار، کە هاتبێتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (محەمەد) (د.خ)، وەك ئەوەی موسڵمانان بڕوایان پێیەتی. لە ڕاستیدا، خەلیفە (مەئموون)، قایل بوو بەم بۆچوونەی ئەوان وبڕیاریدا بە بڵاوکردنەوەی ئەم بیروڕایە، دەبوو تەواوی کۆمەڵگاش بەم بۆچوونە ڕازیبێ وهەر دادوەرێکیش سەرپێچی بکات، دوور دەخرێتەوە. هەڵبەت، ئەم بیروبۆچوونە نوێیە، بەرهەڵستیی وناڕەزایی زۆری ئیمامەکانی بەدوای خۆیداهێنا، لەوانە (ئەحمەد بن حەنبەل)ی ئیمام، کە دەردەسەریی وئازاردانێکی زۆری بەهۆیەوە چەشت، تا دواجار خەلیفە (متەوەکیل) کۆتایی بەم بەڵایە هێناو ئەم ڕا وبۆچوونانەی موعتەزیلەکانی قەدەغەکرد، کە ماوەی پازدەساڵی خایاند.[١]

لە ڕووی بەراوردکاریی ومیتۆدی ڕەخنەکارییەوە، دەکرێت ئەم هەنگاوە ڕۆشنگەرەی موعتەزیلەکان بە میتۆدی گومانگەرایی (دێکارت) بچوێنین، کە پێشەنگی فەلسەفەی ئەقڵانیی مۆدێرن وداهێنەری ڕۆحی ڕەخنەگرتن بووە. ناوبراو، هیچ فیکرەیەکی بەبێ گومانکردن وشرۆڤەکردن قبووڵ نەدەکرد. واتە، ئەگەر ئەو فیکرەیە لە تاقیکردنەوەی ئەودا ڕزگاری ببوایە، ئەوا قبووڵی دەکرد، گەر نا ئەوا قبووڵی نەدەکرد، گەر مەسیحیش ئەو فیکرەیەی هێنابا.[٢] وەڵێ، (دێکارت)، گومانی کردە ڕێبازێك بۆ فەلسەفەکەی، ئەو دەیگوت، پێویستە مرۆڤ گومان لە هەموو شتێك بکات، چونکە گومان مرۆڤ ڕێوانیی دەکات بۆ بیرکردنەوە، دەشیگوت ئەوە هەر گومانە کە دڵنیامان دەکاتەوە لە بوون.[٣] بە گەڕانەوەمان بۆ بابەتی موعتەزیلەکان، دەکرێت بڵێین بەر لەو مێژووە، هەوڵێکی بوێرانەتر ومەترسیدارتر دەربارەی قورئانی پیرۆز بە ئامانج گەیشتبوو. دیارە، بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، بە فەرمانی خەلیفە (عوسمان بن عەفان)، ساڵی (٢٥ ك/ ٦٤٥ز) دوایئەوەی سەرجەم کتێبە بەردەستبووەکانی قورئانی پیرۆز کۆدەکرێنەوە وجارێکیتر یەك کتێبی پیرۆزی بێ خاڵبەندیی وبێ سەروبۆری لێدروستدەکرێ، ئیدی تەواوی کتێبە پیرۆزەکانیتر دەسووتێندرێن.[٤] پاشان، لە ساڵی (٨٦ ك/ ٧٠٥ز)دا، بە فەرمانی خەلیفە (عەبدولمەلیك بن مەروان)،[٥] جارێکیتر (حەجاج) تەواوی ئەو کتێبە پیرۆزانەی (عوسمان)یش کۆدەکاتەوە ویەك کتێبی خاڵداری لێدروستدەکات، وئەوانیدی دەسووتێنێ. دەکرێ بپرسین، ئایا چەند کتێبی قورئانی پیرۆز سووتێندران؟ ئایا ئەو کتێبانەی سووتێندران، لەگەڵ بەرژەوەندی سووتێنەراندا نەدەگونجان؟ ئایا، دەکرێ کەلامی پەروەردگار هەروا بە ئاسانی بسوتێندرێ؟ هەڵبەت، سوتاندنی قورئانی پیرۆز، زۆر ئەستەمترە لە پرسیارکردن دەربارەی ئەوەی کێ نووسیویەتی، کەچی سووتێنەران پارێزران

[١] محنة خلق القرآن: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢/ مارس/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

[٢] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥

[٣] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١١)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠

[٤] سامي المنصوري: القرآن بشري ومحرف، ولكن اين النسخة الاولى؟، الحوار المتمدن، ٣١/ ١٢/ ٢٠١٣، m.ahewar.org

[٥] جورج طرابيشي: اشكاليات العقل العربي، الطبعة الاولى، دار الساقي– بيروت، ١٩٩٨، ص ٥٤

ولێکۆڵەران سزادران. ئاخۆ کاردانەوەی پەروەردگار لەبەرانبەر ڕەفتارێکی وەها دەبێ چیبێ؟ دەبێ بە درێژایی مێژوو، چەند کەس لەسەر گومانکردن لە مامەڵەی خراپ یان بەجۆرێك ناوهێنانی کتێبی پیرۆز، سووتێندرابن یان بەردەبارانکرابن؟ ئایا خودای سوتێنەر وسووتێنراو ولێکۆڵەر یەکێك نین؟ باشتر وایە وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ ئێوەی بەڕێز جێبهێڵم.

لێرەدا، هاوڕای (ئارکۆن وهاشم ساڵح)م، لەوەی ئەگەر موعتەزیلەکان بەردەوامبوونایە لەسەر کار وبیرکردنەوەی ئازاد، هەرگیز چارەنووسی جیهانی ئیسلامیی بەم لێڵوپێڵییەی ئەمڕۆ نەدەگەیشت. بەڵام، سوکرات وتەنی: "وەی لەو کەسەی ئەقڵی پێش سەردەمەکەی دەکەوێ."[1] واتە، دەکرێ وێنای ئەوە بکەین، کە ئەقڵییەتی موعتەزیلەکان زۆر پێش کۆمەڵگا ودەسەڵاتدارانی دواکەوتوو کەوتووە، هەربۆیە بەر لاقرتێ وتەنز وتەشەرەی کۆمەڵگا کەوتوون. ئەوان، گرووپێك بوون دەست وپەنجەیان لەگەڵ ئاوەزباوەڕیی نەرم کردبوو، تینووی فەلسەفە وزانست وعیرفان ومیتۆدی گومانگەرایی بوون. بەڵام، دوورخستنەوە وچەوساندنەوەی ئەوان لە سەردەمی (متەوەکیل)دا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیرکردنەوە وژیانی موسڵمانان هەبوو تا ئەمڕۆکە. لێرەوەبوو، ئیدی موسڵمانان دوای دەقگەرایی کەوتن لەبری ئەقڵگەرایی. بیرکردنەوەش، لەبری کۆششکردن، دەمەلاسکێ ودووبارەکردنەوە ولاساییکردنەوەی لەخۆگرت. لەبری قووڵبوونەوە لە ناوەڕۆك ومەبەست، هەڵوەستە لەسەر پیتگەرایی دەقەکان دەکرا. ئیدی، بەچاوی ڕق وکینەوە، سەیری فەلسەفە ولۆژیك ولێکۆڵینەوەی ئاوەزیی دەکرا. ئەمە، ئەو ڕەوشە باوە بوو، کە مێشك وبیروهۆشی زۆربەی موسڵمانانی داگیرکردبوو، لەدوای خنکاندنی موعتەزیلەکان. واتە، ئەوەندەی ڕێز لە دەقی کتێبەکان دەگیرا، ئەوەندە ڕێز لە ڕەخنەی ئەقڵیی نەدەگیرا. ئەوەندەی بە باشە دەڕواندرایە فەقێ وبێژەرەکان، ئەوەندە لا لە فەیلەسووف وبیرمەندی ڕەخنەگر نەدەکرایەوە. [2]

مێژوونووسان، هاوڕان لەسەر گێڕانەوەی دەماودەمی وتەزایەکی (ئیبن ڕوشد)، کە گوایە کاتێك بە دڵێکی پڕ لە ناسۆر وغەمگینەوە کتێبە فەلسەفییەکانی خۆی دەسووتێنێ، تێبینی یەکێك لە خوێندکارە هاوەڵەکانی دەکات، کە بە کوڵ دەگری. ناوبراو، ڕوودەکاتە خوێندکارەکەی وبە پەرۆشەوە پێیدەڵێ: "گەر تۆ بۆ حاڵی موسڵمانان دەگریت، ئەوا هێندەی دەریاکانی سەر زەوی بگریت سوودی نییە. بەڵام، ئەگەر دەربارەی کتێبەکانە، ئەوە بزانە کە بیرۆکەکان باڵیان هەیە وبەرەو خاوەنەکانیان هەڵدەفڕن." [3] ناوبراو،

---

[1] ويل لرجل سبق عقله زمانه: عالم الثقافة، أقوال الحكماء والمشاهير، منتديات العوالم، الاربعاء، ١٣/ يوليو/ ٢٠١٦، alaolm.forumarabia.com

[2] سعد رستم: الفرق والمذاهب الاسلامية منذ البدايات، الطبعة الاولى، الاوائل للنشر والتوزيع والخدمات الطباعية– دمشق، سورية، نيسان ٢٠٠٤، ص ١٠٥

[3] معاذ حسن: عواقب تحريم الفلسفة وتكفير المشتغلين فيها منذ القرن الثالث عشر، موقع الاوان، ١/ ديسمبر/ ٢٠١٧، www.alawan.org

زۆر ڕاستی پێکاوە، لەوەی بیرۆکەی فەلسەفیی حەتمەن بەرەو خاکی فەیلەسووفان ئۆغر دەکات. کورد وتەنی: حوشتر وقاپقاپ کوجا مەرحەبا! لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ فەلسەفە. پێدەچێت، ئەو ساتەوەختەی بیرمەندێکی موسڵمانی نێو خاکی موسڵمانان، لە ترسا وبەناچاری کتێبە فیکریی وفەلسەفییەکانی خۆیی سووتاندووە، لەگەڵ ئەم ساتەوەختەدا یەك شتبێ، کە بیرمەندەکان لە ترسا وبە ناچاریی لەنێو خاکی موسڵمانان، هەمان کتێبی فیکریی وفەلسەفیی خۆیان پەردەپۆش دەکەن. هەربۆیە، لە ترسی ئەوەی چ خۆیان چ کتێبەکانیان نەسووتێندرێن، ناچار کۆچ بەرەو تاراوگەی بیری ئازاد دەکەن. هەڵبەت، پێشتر وئێستاش، هۆکاری ئەم ترس ودڵەڕاوکێیە، فەتوای فەتواکارانە، کە زۆر بە ئاسانی ولە کەمترین ماوەدا دەتوانن جەماوەرێکی توندڕەوی مێشك دۆگمای کورتبین ساز وئامادە بکەن. کەواتە، دەبێت ڕامی ئایین بکرێ وبوار بدرێ بە سازش وریفۆرم ومیتۆدی ڕەخنەیی وبەراوردکاریی، تا ئایینی ئیسلام لە دۆگمایی ودەوڵەتانی ئیسلامییش لە چەقبەستوویی ڕزگاریان ببێ. لە ڕاستیدا، جیهانی مەسیحی، بەم ئەزموونە چاکسازییەدا تێپەڕی، بۆیە دواجار توانیان گوزەر بەرەو پێشکەوتن وفرەیی ولێکبوردەیی بکەن. کەواتە، (هیگڵ) ڕاستی فەرموو، کە وتی: "چاکسازی لە ئاییندا نەکرێ، چاکسازی لە دەوڵەتدا ناکرێ." [1]

دەگێڕنەوە، کە ئیمامی (عەلی) وتوویەتی: (اِنَّ اَلْقُرآنَ حَمّالُ أَوجُه)، [2] واتە، قورئانی پیرۆز هەڵگری ڕووگەلێکە، کە دەشێت ماناگەلێك لەخۆبگرێ. هەڵبەت، سەرباری دەوڵەمەندیی ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆز، بەلام ئەوەش ڕاستییەکیترە کە هەلاوێردییەك لە مەبەست وناوەڕۆك وبەجێهێنانی ئەو ئایەتانەی لە مەککە هاتوونەتەخوار لەگەڵ ئەوانەی لە مەدینە هاتوونەتەخوار هەیە. بێشك، هۆکاری ئەم جیاکارییەش، پەیوەستە بە پێگە وهەلومەرج وژینگە وئاستی دەسەڵاتی ئەم ئایینەوە. جێی ئاماژەپێکردنە، گەلی کورد، بەهۆی ئەم هەلاوێردییە وبەهۆی لێکدانەوە جیاجیاکانی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزەوە، هەردەم تووشی جینۆساید وکوشتن وبڕین وئەنفال وڕاگواستن بووەتەوە. بێگومان سەردەمێکبوو، (سەدام حسێن) بەپێی لێکدانەوەی سورەتی (أنفال) و(خومەینی)ش بەپێی شرۆڤەی سورەتی (نصر) ودواجاریش (ئەردۆگان) بەپێی لێکدانەوەی سورەتی (فتح)، جینۆسایدی گەلی کوردی موسڵمانیان لە خاکی موسڵماناندا کرد. دیارە، لە ڕوانگەی موسڵمانی فەندەمێنتاڵیزم وسەرجەم کەسە توندڕەوەکانی ئایینەکانیترەوە، فرەیی ئایینیی ومەزهەبیی ورەگەزیی ولێکبوردەیی، هیچ مانایەکی ئەوتۆیان نییە. بەڵکو، ئەوان تەنها تامەزرۆی کوشتن وتۆڵەسەندن وبەردەبارانکردن وکوفراندن وتەقاندنەوە ومسقۆفکردنی نەیارانیانن، کە کارگەلێکی لەوجۆرە دەچێتە خانەی تیرۆرەوە.

بەوتەی (هاشم سالح)، سەلەفیزم وموسڵمانە توندڕەوەکان، بەپێی لێکدانەوەی ئایەتی (وَمَنْ يَبْتَغِ

---

[1] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٩

[2] عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، و: عەبدوڵا جەبار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦

غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) (آل عمران: ٨٥) [١] كاردەكەن، بە ماناى گەر ئيسلام نەبيت، دواجار دۆڕاويت. ديارە، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندى تەسك وهەوەسى شەڕەنگێزييياندا دەگونجێ. بەڵام، هەندێ ئايەتى ديكەش، پێچەوانەى ئەمە دەڵێن ودان بە فرەيى ئايينييدا دەنێن، وەكى (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئُونَ وَالنَّصَارَى مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحاً فَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ) (المائدة: ٦٩)، [٢] يان (البقرة: ٦٢) ياخود (الحج: ١٧)، لەگەڵ جياوازييەكى كەم. [٣] هەڵبەت، ئەوەى ڕاستييە، ئەوەيە كە نابێ تۆبزيى ورِق وكينە وبەرژەونديى وجياكاريى لە ئايينەكاندا هەبێ، لەبەرئەوەى بنچينەى هەموو ئايينەكان چاكسازييە وخوازيارى كارى باشە ودووركەوتنەوە لە خراپەكاريى وبەهاناوەچوونى لێقەوماوان وهەژارانە. هەربۆيە خودا فەرموويەتى: (لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ) (البقرة: ٢٥٦). [٤] واتە، تۆبزيى وزۆرلێكردن لە ئاييندا نييە. لەبەرئەوە، هيچ پێويست بەوە ناكات بەناوى پاراستن وبلاوكردنەوەى ئايينى خۆتەوە، بەرانبەرەكەت بسڕيتەوە. چونكە، ئيدى بەرژەوەندييەكان ڕۆڵ دەبينن، وئايينيش پێزى نامێنێ. گەر وانييە، ئەى چۆن بارى تەعالا دەفەرموێ: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ) (الحجر: ٩). [٥] واتە، خۆمان قورئانمان دابەزاندووە وهەر خۆشمان پارێزگاريى لێدەكەين.

كاتێكيش، بۆ يەكەمجار فەيلەسووفان گەيشتنە ئەو گومانەى، كە مەرج نييە يەك ئايين يان يەك ئايينزا بەتەنها هەڵگرى هەموو (ڕاستى ڕەها)بێ، ئيدى ئەو ڕاستييەيان لا دروستبوو كە دەشێت ئايين وئايينزاكانيتريش هەڵگرى برێك ڕاستى ڕەهابن. وەلێ، لێرەوە بوو كە مرۆڤى ئەوروپيى، پێى خستە نێو قەيرانێكى دەروونيى قووڵەوە، لەبەرئەوەى ئيدى ناچاربوو بيربكاتەوە ولە چەمكى (ڕاستى ڕەها)وە گوزەر بەرەو چەمكى (ڕاستى ڕێژەيى) بكات. [٦] هەر لێرەوەبوو، لەبرى چەمكى ڕەهاگەرايى، چەمكى ڕێژەگەرايى ئەفرێندرا، دواجار ئەمەش بووەهۆى سەرهەڵدانى سەردەمێكى نوێ، كە زانستى مۆدێرن بالادەستبوو. بەمەش، قەبارەى مەسيحييەت دياريكرا، وبە ڕێزەوە لە ماڵى خۆيدا نيشتەجێكرا. بەڵام، بەهەڵەداچووين، گەر وابزانين عەلمانييەت بەماناى ئيلحاد وكوفر وپشتكردنە مەسيحييەتە، بەڵكو جياكردنەوەيەتى لە سياسەت ودەوڵەتداريى ولە هەمانكاتيشدا ڕێزلێگرتن وڕێگەنەدانە بە ڕێزلێنەگرتنى. گەر ئەم قسەيە ڕاست نەبێ، ئەوا هەرگيز ڕۆمانيستێكى واقيعبينى وەك (دۆستۆيڤسكى) كە لەلايەكەوە بڕواى بە خودا

---

[١] يحيى فوزي نشاشبي: ومن يبتغي غير الاسلام دينا فلن يقبل منه، الرئيسية، موقع أهل القرآن، الثلاثاء، ٨/ مايو/ ٢٠١٨، www.ahl-alquran.com

[٢] محمد صالح المنجد: تفسير القرآن، فتاوى ذات صلة، موقع الاسلام سؤال وجواب، ١٢/ ٢/ ٢٠٠٤، islamqa.info

[٣] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ١٩٧

[٤] تفسير قوله تعالى (لا اكراه في الدين): مجموع الفتاوي، الموقع الرسمي لسماحة الشيخ الامام ابن باز، ٩/ ديسمبر/ ٢٠١٧، binbaz.org.sa

[٥] تفسير القرآن الكريم، آفاق الشريعة، شبكة الالوكة، ٢٢/ ١/ ٢٠١٨، www.alukah.net

[٦] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ١٩٧

ومەسیحییەت هەبوو، لەلایەکیتریشەوە بڕوای بە ئیشتیراکییەت هەبوو، [1] ئا لەو کاتەدا نەیدەگوت: "ئەگەر خودا نەبوایە، هەموو شتێك حەڵاڵ دەبوو." [2] واتە، لە سەردەمێکی نوێدا، بیرێکی نوێ، بڕوای بە خوداپەرستییەکی نوێ وگوزەران وژیانێکی یەکسانی نوێ هەبوو، لەپێناو مرۆڤی نوێدا. ئەمە، ئەو ڕاستییە (ڕەها)یەبوو دەربارەی کاریگەریی ئایین وفەلسەفە وزانست، چ لە کۆمەڵگا وئایینی مەسیحیی، چ لەکۆمەڵگا وئایینی ئیسلامیی، کە دەبوو بخرێنەڕوو.

**دووەم/ دەرەنجامی گوزەرکردن**

دووبارە دەیڵێمەوە، کاتێك باس لە فەلسەفە وژیربێژیی وزانست وشارستانییەتی جیهانی عەرەبی ئیسلامیی دەکرێت، ڕاستەوخۆ بیرمەندانی عەرەب بە شانازییەوە، ئاماژە بە مێژووی ئەفسانە ئاسای (ئیبن ڕوشد وئیبن سینا وئیبن خەلدون وفارابی و موعتەزیلەکان وئەندەلوس و...هتد) دەدەن، کە زۆربەیان بە ڕەگەز عەرەب نەبوون. بەڵام، دەربارەی ئێستای ئەم شارستانییەتە، بێجگەلە فەندەمێنتاڵیزم وداعش وقاعیدە وبۆکۆحەرام وئوسامە وزەواهیری وزەرقاوی وبەغدادی ومۆڵێك لە جرِوجانەوەر، پێناچێت زانست وداهێنانێکی نوێی مرۆڤدۆستانە لەبەردەستدابێ، جگە لەو کۆمەڵە بیرمەندە ڕۆشنبیرە عەرەبەی لەنێو لانکی مەسیحییەتدا وەکی پەنابەر، مژوولی کۆڵینەوە ونووسینی ڕەخنەگرانەن لە داکەوتی ئێستای جیهانی عەرەبیی وئیسلامیی.

هەڵبەت، پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە جیهانی مەسیحیی هاوشێوەی جیهانی ئیسلامیی، لە سایەی باڵادەستیی ئاییندا، دووچاری تاریکیی وهەژاریی فیکریی وئەخلاقیی وڕۆحیی ببووەوە. بەڵام، کاتێك چاکسازیی لە هزر وباوەڕ وڕوانگەیداکرا، گاڤ گاڤ بەرچاو وبەرپێی ڕۆژئاوا ڕۆشن بووەوە، تا ئەو ئاستەی فەلسەفەی لە ئاسمانەوە داگرتە سەر زەوی لەبۆ ڕێنموونیکردن لەپێناو ژیانێکی نوێدا. واتە، لە سایەی گەلەگۆڕانێکەوە، ڕۆژئاوا بەرەو گۆدیزم وپیسیزم ولیبراڵیزم وپلوراڵیزم ودیمۆکراتیزم وهیومانیزم وتۆلێرانسیزم و....یزم هەنگاوینا، کە قۆناغبەندییەکانی ڕێنیسانس وریفۆرمی ئایینیی وڕۆشنگەریی ومۆدێرنیزم وپۆست مۆدێرنیزم وگلۆباڵیزم وماس میدیا وتەواوی تەکنۆلۆژیا وپێشکەوتنەکانی بە سەرکەوتوویی بڕی. هەرچی ڕۆژهەڵاتیشە، لە سایەی چەقبەستووییەوە، زۆر بەخێرایی هەنگاوی بەرەو سەلەفیزم وسەلەفیزم وسەلەفیزم هەڵنا، وقۆناغبەندییەکانی جەهالەت وئوسوڵییەت و

---

[1] دوستویفسکي: الاخوة کارامازوف، الاعمال الادبية الکاملة، المجلد السادس عشر، الجزء الاول، ت: د. سامي الدروبي، الطبعة الثانية، دار ابن رشد للطباعة والنشر– بيروت، ١٩٨٥، ص ٨

[2] جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣

وەهابییەت وئیخوانییەتی بە سەرکەوتوویی بڕی. دواجار، ڕۆژئاوا توانی گوزەر بەرەو تازەوارەتیی وڕۆژهەڵات بەرەو کۆنەوارەتیی بکات، فاکتەری سەرەکیش لە بەرەوپێشچوون وبەرەودواچوون، بوون ونەبوونی ئیرادەی ڕەخنەگرتن وچاکسازیی ئایینیی بوو. لێرەوە بوو، کە فەیلەسووفان دەیانگوت: "ڕەخنەگرتن لە ئایین، بنەمایە بۆ هەموو جۆرێکی ڕەخنە." [1] لەبەرئەوەی، ئایین بە ناوی قودسییەت وپەیامی پەروەردگار ویەکتاپەرستیی وپێشینگەرایی ودەقگەرایی وبالأبوون وشکۆی بیروباوەڕێکی ڕەهای چەسپاوەوە، هەرگیز ڕێ بە دەستکاریکردنی دەق وڕاڤەی ئازاد وڕێژەگەریی نادات.

دەوترێت، ئایینی ئیسلام، وەك نموونەی ئایینێکی یەکتاپەرستیی، بە شۆڕشێك بەسەر بتپەرستییدا هاتووەتە کایەوە، [2] دیارە پێشتریش چلۆن پێناسەی شۆڕشمانکرد. واتە، ئەم ئایینە، لە ڕێی توندوتیژییەوە توانیویەتی بەسەر بتپەرستییدا زاڵببێ، لەبەرئەوەی هەڵگری تۆوی شۆڕش وخەسڵەتی شۆڕشگێڕییە. سەرۆکی کۆچکردووی بۆسنە وهەرسك، (عەلی عێزەت بەگ)، لە کتێبی (ئیسلام لە نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا)دا، زۆر بە باشیی وەکی دوالیزمێکی لێکدانەبڕاو، وێنای ئایین وشۆڕشی کردووە. ناوبراو، دەڵێ: "ئەو کۆمەڵگایەی، هەستی هاوکاریی وهاوچارەنووسیی وقوربانیدانی بەسەردا زاڵبێ، دادەنرێ بەوەی لە حاڵەتێکی ئایینییدایە. وەلێ، کۆمەڵگای تەرێز ودەستەوەستان بەرانبەر بە ئایین، دەستەوەستانیشە بەرانبەر بە شۆڕش. ئەو وڵاتەشی، مومارەسەی جۆش وخرۆشی شۆڕشگێڕیی بکات، هەڵبەت مومارەسەی جۆرێك لە هەست وسۆزی ئایینییش دەکات. هەستگەلی برایەتیی وهاریکاریی ودادپەروەریی، هەرچەندە لە جەوهەردا هەستگەلێکی ئایینین، بەلأم لە شۆڕشیشدا لەپێناو جێبەجێکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییدا ئاڕاستە دەکرێن. لە ڕاستیدا، ئایین وشۆڕش، لە کاتی ئێش وژانی ئازار ودەردەسەرییدا لەدایکدەبن، ولە کاتی ئاسوودەیی وخۆشگوزەرانیی وکامەرانییشدا، گیاندەدەن. واتە، دەکرێ بڵێین ژیانی ئایین وشۆڕش، بەردەوامدەبێ لە بەردەوامیی خەبات وجیهاددا، کاتێکیش خەبات وجیهاد بە کۆتا گەیشتن، ئیدی دێوەزمەی مەرگ کۆتایی بە ئایین وشۆڕش دەهێنێ." [3]

ئەوەی مەبەستە بوترێ، ئاوێزانبوون وئاوێتەبوونی ئایین وشۆڕشە لە پێکهاتەیەکی لێکدانەبڕاوی تۆکمەدا. هەرچەندە، دژیەکیی ئایین وشۆڕشیش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەلأم هەردەم پێکڤە هەوڵی سڕینەوەی ڕابردوو وبونیادنانەوەی ئاییندەیەك دەدەن، کە لەگەڵ بنەما وخواست وپرەنسیپەکانی خۆیاندا تەبا وگونجاوبێ. هەڵبەت، باس لەو ڕاستییە دەکرێ، کە ئایینی یەکتاپەرستیی وەکو بیرۆکە

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٧

[2] سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی: ڕیشە وبنچینەکانی توندوتیژیی ئایینیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤

[3] علي عزت بيجوفيتش: الاسلام بين الشرق والغرب، ت: محمد يوسف عدس، الطبعة الاولى، مؤسسة بافاريا للنشر والاعلام والخدمات ومجلة النور الكويتية، مؤسسة العلم الحديث للطباعة والتوزيع- بيروت، ١٩٩٤، ص ١١٥

سەرنجڕاکێش وئاستێکی بەرزە، بەڵام وەکو واقیع دەبێتە هۆکارێك لەبۆ سڕینەوەی هەموو تایبەتمەندیی وسنوور وجیاوازیی وپێکهاتە کەلتووریی ونەتەوەییەکان. هەر کاتێکیش، بانگەشەی ئایینی یەکتاپەرستیی بڵاوببێتەوە، هەڵبەت بە سروشتی خۆی دەیەوێت سیستمە کۆمەڵایەتیی وسیاسیی وکەلتوورییەکان تێبپەڕێنێت، لە ئەنجامیشدا ئەوە دەبێتە خۆهەڵقورتاندن وتێکشکاندنی بونیادی کۆمەڵایەتی خەڵك. چونکە، کۆمەڵگا تەنها لە یەك ڕەگەز ودووان پێکنەهاتووە، بەڵکو پێکهاتووە لە کۆمەڵێك پەیوەندی کۆمەڵایەتیی وکەلتوور وئایین وسیاسەت وئابووریی، دیارە ئەم ڕەگەزانەش بەیەکەوە بەستراون وسەربەخۆ نین. ئەوجا، کاتێك هێزێکی دەرەکیی بەتایبەت لە جۆری ئایینێکی یەکتاپەرستیی، گەر بیەوێت یەکێك لەم ڕەگەزانە تێبپەڕێنێت، بێشك بە تێپەڕاندنی ڕەگەزەکانیتر تەواودەبێ. کەواتە، کاتێك ئایینێکی یەکتاپەرستیی ئایینی کۆمەڵگایەك دەسڕێتەوە، ئاشکرایە وداکەوتێکی ئەزموونکراوە، کە هەموو بونیادی ئەو کۆمەڵگایە هەڵدەوەشێنێتەوە ودووبارە دادەڕێژێتەوە، چونکە تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای ڕێسایەکیتر دادەڕێژرێنەوە. [1]

دەربارەی شۆڕشیش، باوەڕ وایە ئەقڵ بنچینەی شۆڕشەکانبێ، بەوەی ئەو شتانەی ڕێخۆشکەرن بۆ ئەو شۆڕشە، کاریگەریی لەسەر کۆمەڵ دروست ناکەن تا ئەو کاتەی لەلایەن ئەقڵەوە دەگۆڕدرێن بۆ هەست وسۆز. خۆ ئەگەر، توانرا ئەوە دەستنیشان وبخرێتەڕوو کە پێویستە برووخێندرێ، ئەوا باشترین کار بۆ جووڵاندنی کۆمەڵ بۆ ئەو مەبەستە، خرۆشاندن وجۆشدانیەتی بە کۆمەڵێك هیوا وئاوات. هەڵبەت، کارێکی لەو جۆرەش بەئامانج ناگات، هەتا پشت بە ڕەگەزەکانی سۆز وئایین نەبەسترێ، کە دواجار وا لە مرۆڤ دەکات لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ. لەبەرئەوە، شۆڕش گەر هەچ سەرچاوەیەکیشی هەبێ، هیچ دەرەنجامێکی ئەوتۆی نابێ، تا ئەو کاتەی دادەبەزێتە نێو ڕۆحی کۆمەڵ. [2] کەواتە، سەرباری جیاوازییان، بەڵام جارێکیتریش جەخت لە ئاوێزانبوونی شۆڕش وئایین کرایەوە. واتە، شۆڕش بۆئەوەی بەئامانج بگات وپایەکانی لەنێو کۆمەڵگادا بەتەواوی بچەسپێ، ئەوا پێویستە بە پرەنسیپەکانی ئایین جۆشبدرێ، تا بەهۆیەوە جۆرێك لە پیرۆزبوون وپابەندبوون دروستبێ. وەڵێ، (هیگڵ) وتەنی: "لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجێکی گەورەدا، دەشێت کردەوەیەکی ناشرین لە ڕووی مۆراڵییەوە ئەنجام بدرێ، یان چەند گوڵێك بپلیشێندرێنەوە." [3] واتە، گەیشتن بە ئامانجە گەورەکانی دوالیزمی شۆڕش وئایین، مانای شەرعییەتدان بە لۆژیکی توندوتیژی وسڕینەوەی بەرانبەر، لەبەرئەوەی هیچ کەس ولایەن وگرووپ وتوێژێکی کۆمەڵ، وا بەئاسانی ڕێگە بە سڕینەوەی شووناس وکەلتوور وبوون وئایین ومێژووی خۆی نادات، مەگەر بە

---

[1] سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی: ڕیشە وبنچینەکانی توندوتیژیی ئایینیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

[2] غوستاف لوبون: روح الثورات والثورة الفرنسية، ت: عادل زعيتر، مصدر سابق، ص ٢٥

[3] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٨

زەبری شمشێر وتفەنگ. کەواتە، چێو لە تاریکییدانە، گەر چاوەڕوانی گوزەرکردن بەرەو ژیانێکی مۆدێرنانە وخۆشگوزەران ومرۆڤدۆستانە بین، لە سایەی ئایین وشۆڕشدا.

لە ڕاستیدا، کاڵفامیی وهەرزەگۆییە، گەر بوترێت ئایینی کۆمەڵگایەك یان ڕژێمێك لەڕێی شۆڕشەوە، بە شێوەیەکی ئاشتییانە وئارەزوومەندانە دوور لە توندوتیژی گۆڕدراو وئەنجامدراوە، بەڵکو لە هەردوو حاڵەتەکەدا تاکە ئامڕازی گۆڕین ولۆژیکی زاڵ وکارکردە، سڕینەوە وتوندوتیژییە. ئەوەتا، (لینین) دەڵێ: "لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، شۆڕش چییە؟ شۆڕش ڕووخاندنی بونیادی سەرخانێکی سیاسیی کۆنی بەسەرچووە بە توندوتیژیی." [١] گومانی تێدا نییە، لە ڕوانگەی مارکسیزم وسۆسیالیزم وکۆمۆنیزمەوە، شتێکی زۆر ئاسایی وسروشتییە کە شۆڕش بڕێك توندوتیژی لەخۆبگرێ، ئەوەش لەبەر ئەو هۆکارە سادەیەی کە چینی دەسەڵاتدار هەرگیز بە ڕێگەلی ئاشتی دەستبەرداری سامان ودەسەڵاتی نابێت. هەربۆیە وبە بڕوای ئەوان، ڕەتکردنەوەی شۆڕش هاو واتای ڕەتکردنەوەی سەرمایەدارییە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکیترەوە، ئەوان هەردەم دژی ئایین بوون وبە تلیاکی گەلانیان زانیوە. [٢] واتە، ئەوان هەردەم لە یەك ڕوانگەوە سەیری ئایین وسەرمایەدارییان کردووە، وئایین وخواناسیی وخورافاتیان بە کەلتووری بۆرژوازیەت زانیوە. [٣] کەواتە، دژیەکیی ئایین وشۆڕش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، هەروەك پێشتر ئامارژەمانپێدا. وەك نموونەیەکی مێژوویی، باس لەوە دەکرێ کە دەسەڵاتدارانی سۆڤێت ئەوەیان باش زانیوە، کە ڕێبازەکەیان لە ڕۆژهەڵات لە سایەی ئیسلامدا بە ئاسانی بڵاونابێتەوە. هەربۆیە، ئەوپەڕی دژایەتی ئایینی ئیسلامیان کردووە، تا کار گەیشتووەتە ئەوەی کەسایەتی ناوداری نێو بۆڵشەڤیکەکان، (مۆلۆتۆڤ) بڵێ: "کۆمۆنیزم لە ڕۆژهەڵات بڵاونابێتەوە، تا ئەوکاتەی خەڵکەکەی دووردەخەینەوە لەو بەردەی لە حیجاز دەیپەرستن، یان تا ئەوکاتەی بەسەر ئیسلامدا سەردەکەوین." [٤]

لە بەرانبەردا، ئایینی ئیسلامیش، هەمان دژەتێڕوانینی بۆ کۆمۆنیزم وکەپیتاڵیزم وسکیوٚلاریزم وتەواوی ئەو هزر وبیروباوەڕانە هەیە کە لەگەڵ بۆچوونگەلی خۆیدا ناگونجێ. تەنانەت، خۆلەگەڵخستن بۆ یەکێك لەم بیروباوەڕانە، بە کوفر ودەرچوون لە ئایینی ئیسلام لەقەڵەمدەدرێ. خۆ ئەگەر، کەسێك باوەڕ بەم هزرگەلە بهێنێ وبانگەشەی ئیسلامبوونی وپابەندبوون بە ئایینی ئیسلامەوە بکات، بێشك ئەو کارەی

---

[١] سلامة كيلة: الثورة في الماركسية، مقالات وحوارات مدونة سلامة كيلة، ٤/ يوليو/ ٢٠١٥، salamehkaileh.wordpress.com

[٢] کەوانە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی سیاسیی گشتیی مانگانەیە، ژمارە (٢٦)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨

[٣] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤

[٤] عباس محمود العقاد، أحمد عبدالغفور عطار: الشيوعية والاسلام، الطبعة الثانية، مطابع دار الاندلس للطباعة والنشر– بيروت، لبنان، ١٩٧٢، ص ٦٣

به دووڕوویییەکی گەورە دەزانریٚ.[1] جێی باسە، گەر ئایینی ئیسلام وەك بۆچوون دژی شۆڕشیشبیٚ، بەلاٚم لە ڕاستیدا چییەتی ئەم ئایینە هەڵگری خەسڵەتەکانی شۆڕشێکی بەردەوامە، لەبەرئەوەی لە هەناوی ئایینی ئیسلامدا ڕێساگەل وپرەنسیپ ومیتۆدێکی تەواوی ژیان هەیە. بەلاٚم، ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەریٚ ودەبینریٚ، پێچەوانەی ڕۆحی شۆڕشگێڕیی وبەردەوامبوونی ئەم ئایینەیە، چونکە بەناوی ئیجتیهادی پێشینگەرایی ودەقگەرایی وکوفراندن وگەڕاندنەوە بۆ سەردەمانی پێشوو، ڕێگری لە بەردەوامیی ومیتۆدی ڕەخنەگرانە وڕاڤەکردنی ئاوەزمەندانە وگەشەسەندن وبالاٚدەستیی ئاوەز وگوزەرکردن وخۆگونجاندن لەگەڵ سەردەم وگۆڕانکارییەکاندا دەکریٚ. واتە، پاشەکشە ومردنی ڕۆحی شۆڕشگێڕانە وبەبەردبوون ونەتوانینی خۆگونجاندن لەگەڵ سەدەم وبارودۆخدا، وەك ئەوەی لە ئێستادا دەبینریٚ.

هەڵبەت، سەرباری ئەم کەموکوڕیی وکێشەگەلەش، ئایینی ئیسلام هەردەم هەوڵیداوە دین ودنیا لەخۆبگریٚ، وەك دوالیزمێکی لێکدانەبڕاو. بەواتایەکیتر، هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابووە کۆنترۆڵی باری کۆمەلاٚیەتیی وسیاسیی وئایینیی وتەنانەت ئابووریش بکات. هەربۆیە، دەوتریٚ کۆمەڵگای موسڵمانان لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)، هەم کۆمەڵگایەکی سیاسی وهەم ئایینییش بووە.[2] واتە، کۆمەڵگای ئیسلام پێچەوانەی کۆمەڵگای مەسیحیی بووە، لەوەدا کە مۆرکی ئایینیی وسیاسییشی هەڵگرتووە، بەشێوەیەك کە لەنێو یەکتردا تواونەتەوە، ئەوەشی لە ترۆپکی دەسەلاٚتدا بووبیٚ، هەم ڕابەری ئایینیی بووە هەم ڕابەری سیاسیی. بەپێچەوانەوە، سەرباری بالاٚدەستیی کڵێسا بەسەر تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە، بەلاٚم کۆمەڵگای مەسیحیی لەسەر بنەمای "ئەوەی بۆ قەیسەرە با بۆ قەیسەربیٚ، ئەوەشی بۆ خودایە با بۆ خودابیٚ" دامەزراوە،[3] کە دواتر بووەتە هەوێنی سکیۆلاریزم. بێگومان، نەبوونی ئەم جیاکارییە لە دین ودنیا لەنێو کۆمەڵگای ئیسلامیی، هۆکاری گوزەرنەکردن و وەستاندنی مێژوو وئافرێنەری چەقبەستوویی جیهانی ئیسلامیی بووە. دیارە، ئەوەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە ئیسلام پەیامێکی خودابیە نەك سیستمێکی حوکمڕانیی، ئیسلام ئایینە نەك دەوڵەت. کەواتە، پێویستە ئیسلام لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی نویٚ بۆ هەموو هاوولاٚتیان، نەك بۆ تاکە ئایینێك یان تاکە ئایینزایەك.[4] ئەمە بێجگەلەوەی، فەتوای فەتواکارانیش، هێندەیتر قوڕەکەی خەستکردووەتەوە وهۆکاری دۆگمایی وبەکافردانان ومسقۆف(زندیق)کردن وسەرپەڕاندنی هەموو ئەو کەس ولایەن وگەلانەش بووە کە نەهاتوونەتە ژێر باری ئایینی ئیسلامەوە، یان ئامادە نەبوون زەکات وباج وسەرانە بدەن.

---

[1] د. مهران ماهر عثمان: اسلام والحاد (الشيوعية)، موقع صيد الفوائد، ٢٠١٨، saaid.net

[2] برنارد لويس: أزمة الاسلام، ت: حازم مالك محسن، مصدر سابق، ص ٤٥

[3] محمد أركون: الفكر الاسلامي، نقد واجتهاد، ت: هاشم صالح، مصدر سابق، ص ١٢٧

[4] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ١٧٢

لەم ڕووەوە، سۆسیۆلۆژیستی عێراقیی (عەلی وەردی)، لە کتێبی (واعیزەکانی سوڵتان)دا دەگێڕێتەوە ودەڵێ: "لە دوای فەتحی ئەندەلوس، (موسای کوڕی نەسیر)، (٣٠) هەزار کەنیزەکی پاکدامێن بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت." بۆ تێچاندن لەسەر ئەم بابەتە، ناوبراو دەڵێ، گومان دەکەم لەوەی ئەو کیژانە بە ویستی خۆیان کەوتبنە نێو ژیانی دیلێتییەوە، بەڵکو موجاهیدە فەتحکارەکان بەزۆر لە ماڵەکانیان دەریانهێناون، دوایئەوەی ماڵەکانیان تالاّنکردوون وپیاوەکانیان کوشتوون. چونکە، هەرگیز ئەقڵ نایبڕێ، موجاهیدە فەتحکارەکان چووبن دابێتیان لە دەرگای ماڵەکانیان، و وتبێتیان کیژەکانمان بدەنێ لە ڕێگەی خودادا. بەڵکو، لە پشتی بەکۆیلەکردنی هەر کیژێك، چیرۆکێکی دوورودرێژ لە تالاّنکردن وبڕین وخوێنڕشتن وپێشێلکردنی قەدەغەکراوەکان هەیە.[1] دیارە، ئەم بەڵگەنامە مێژووییە، پشتڕاستی وتەکانی پێشوو دەکات، کە گەیشتن بە ئامانجە گەورەکانی شۆڕش وئایین، مانای شەرعییەتدانە بە لۆژیکی توندوتیژی وسڕینەوەی بەرانبەر، هەروەها بە وتەزاکەی (هیگڵ)، کە وتبووی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە گەورەکان، دەکرێت کارێکی ناشرین لەڕووی مۆراڵییەوە ئەنجامبدرێ. وەلێ، پشتڕاستی وتەکانی (محەمەد عابد ئەلجابری)شە کە وتبووی: "لە قۆناغی فتوحاتدا، غەنیمە پاڵنەری سەرەکیی پەلامارەکانی ئیسلام بووە بۆ دەرەوەی دوورگەی عەرەبیی."[2] واتە، چیرۆکی ئەو کیژۆلاّنە وتەواوی ماڵ وحاڵ وکوشتوبڕیی کەسوکاریان وداگیرکردنی ناوچەکەیان وفتوحاتەکانیتر، بە فەتوایەکی شەرعیی فەتواکاران، بۆ ڕاماڵینی هەموو دەسەلاّتێکی ناوچەیی سەربەخۆ ونەهێشتنی جیاوازییەکان بووە، وچووەتە خانەی تالاّنیی وغەنیمە وکارێکی ناشرینی دوور لە مۆراڵەوە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە، ئەوەیە کە ئەم کارە بزێو وناشرینانە تەنها تایبەت بە شارستانییەتی ئیسلام نین، بەڵکو مێژووی شارستانییەتی مەسیحیی وتەواوی شارستانییەتەکانیتر هەڵگری چەندین بەڵگەنامەی سەیروسەمەر وبزێو ودوور لە مۆراڵن. هەڵبەت، ئایینی یەکتاپەرستیی ئاخناتۆن، یەکەمین ئایینی یەکتاپەرستیی میسری سەردەمی فیرعەونەکان بووە، کە پەرستشی ئاتۆن (خۆر)ی کردووەتە ئایینی فەرمیی وئایینەکانی پێشوو وپەرستش وپەرستگاکانیتری قەدەغەکردووە.[3] بێگومان، داڕمانی شارستانیەتی مایا، زیاتر بەهۆی شۆڕشی جوتیارانەوە بووە، لەدژی دەسەلاّتی خانەدانەکان وپیاوانی ئایینیی وپەرستش ونەریتی ئایینیی،[4] ئەوجا بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا وژینگە وهۆکاری داگیرکاریی وشەڕی ناوخۆ. وەلێ، دەربارەی ئایینی زەردەشتییش، کە دامەزرێنەری بناغەی یەکەمی یەکتاپەرستییە ستانداردەکانە، وسروشتێکی جیهانیی وگشتگیری هەیە، لە سەردەمی ساسانیەکاندا کە ئەم ئایینە

---

[1] عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، و: عەبدولاّ جەبار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥

[2] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥

[3] سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی: ڕیشە وبنچینەکانی توندوتیژیی ئایینیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦

[4] مایا: مقالة، من ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ٣/ ١/ ٢٠١٥، wikivisually.com

ئایینی فەرمیی بووە، ئەزموونی زۆری لە دژایەتیکردن وچەوساندنەوە وڕاوەدونانی شوێنکەوتەکانی ئایینەکانیتر هەبووە، بەتایبەت ئایینی مەسیحیی ومانیی لە ئێراندا.[1] هەڵبەت، لە ئایینی یەکتاپەرستیی جووشدا، هاتووە کە ئەوان گەلی بژاردەی خودان (شعب الله المختار)،[2] واتە هەستی خۆبەزلزان وپاڵفتە وهەلاویردیی منی بالا لەچاو تەواوی گەلان وشارستانییەت وئایینەکان وکەلتوورەکانیتردا. خەوشی ئەم گەلە وبارە نەرێنییەکەی، بریتیبوو لەوەی وەها وێنای خۆی دەکرد کە تەنها گەلە ئاشنایەتی لەگەڵ خودای یەکتادا پەیداکردبێ، وخوداش دانی پێدانابێ وهەڵیبژاردبێ. هەربۆیە، دواتر ئایینەکەی بریتیبوو لە ئایینی کۆکردنەوە وڕێگەگرتن وجیاکردنەوە ودوورخستنەوە.[3]

وابزانم، پێویست بەوەش ناکات، بەڵگەی مێژوویی لەسەر سنووربەزاندن وکارە بزێوەکانی مەسیحییەت بهێنمەوە، چونکە ڕووپەڕی لاپەڕەکانی مێژوو زۆرێك لەو کارە دوور لە مۆراڵییانەی مەسیحییەتی لەخۆدا تۆمارکردووە. بەلام سەرباری ئەوەش، دواجار ئەقڵگەرایی وئاشتەوایی وفرەیی ولێکبوردەیی، توانییان سەرکەوتن بەدەستبهێنن لە (کۆڕبەندی کڵێسایی ڕۆما)، لەنێوان سالانی (١٩٦٢-١٩٦٥ز)، لەژێر ناونیشانی (کۆڕبەندی ڤاتیکانی دووەم) وبە ئامادەبوونی (٢٥٠٠) لە کاردینال وکەشیش وقەشە وپیاوانی ئایینیی، وبە فەرمانی ڕاستەوخۆی پاپا (یۆحەننای بیست وسێ)، کە توانییان بڕیارگەلێکی بوێرانە دەربکەن وڕووی گەش وجوانی کڵێسای کاتۆلیکیی بخەنەوەڕوو. ئەمە، بێجگەلە ئامادەبوونی چەندین فەیلەسووف وکەسایەتیی ونوێنەرانی ئایینزاکانیتری ئایینی مەسیحیی. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ولەم کۆڕبەندەدا، کڵێسای کاتۆلیکیی، پاشگەزبوونەوەی خۆی ڕاگەیاند لە قۆرخکاریی ئەوەی ڕاستیی ڕەهای ئایین لای ئەوبێ، ودانینا بە مەشروعییەتی ئایین وئایینزاکانیتریشدا. هەر لێرەوە، بۆ یەکەمجار مەسیحییەت دانی بە ئایینی ئیسلامدانا وەك ئایینێکی ئاسمانیی، کە پێشتر وبە درێژایی چەندین سەدە بە شێوەیەکی ڕەش وێنایان کردبوو.[4]

کەواتە، ئێستا کاتی ئەوەیە بڵێین، کەی وچۆن ئەقڵ لە ئەوروپادا سەرکەوتنی بەدەستهێنا؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە پێویستە بکرێ، لەبەرئەوەی وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە، هۆکاری بالادەستیی ئەوروپامان بەسەر تەواوی میللەتانی سەر گۆی زەویدا بۆ ئاشکرا دەکات، لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە. شایانی باسە، دیدگای میکانیکیی بۆ جیهان، لە سەدەی حەڤدەدا بەدەرکەوت. ئەمەش، دیدگایەکی نوێ بوو کە لە دیدگای (ئەریستۆ تێلیس) جیادەبووەوە. وەلێ، دیدگای (ئەریستۆ)، بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ

---

[1] سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی: ڕیشە وبنچینەکانی توندوتیژیی ئایینیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧

[2] شعب الله المختار: مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ٢٨/ اکتوبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

[3] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٧

[4] هاشم صالح: الانسداد التأریخي، مصدر سابق، ص ٥١

بەسەر خەڵكانی ئەوروپییدا زاڵبوو، بەمجۆرە گەورەترین كودەتا لەدژی (ئەریستۆ) ئەنجامدرا. دیارە، قارەمانەكانی ئەم كودەتایەش، (ڕێنیٚ دێكارت) و(ئایزاك نیوتۆن) بوون. [1] ئەم قۆناغە، گەورەترین دابڕانی ئەپستمۆلۆژی لە زانست ومەعریفە وفەلسەفە ولۆژیك وئایین وبیركردنەوەدا، دروستكرد. واتە، ئەم قۆناغە، بووە گوزەر وهەوێن لەبۆ هەلأتوویی زانست وفیكر وفەلسەفەی مۆدێرن. ئیدی، خۆری ئایینی مەسیحیی بەرەو ئاوابوون دەچوو، چیتر مرۆڤەكانی كۆمەڵگا مەسیحییەكان بە واعیزەكان وخورافیات وحیكایەتە ئەفسانەییە گەورەكانی مەسیحییەت بڕوایان نەدەكرد. هەڵبەت، ئەقڵ بووە پێوەری هەموو شتەكان، وئەقلأنییەتیش بووە ئایینێكی نویٚ لەو كۆمەڵگایانەدا. ئەو دابڕانە مەزهەبییەی مەسیحییەت دروستیكردبوو، ئەقلأنییەت بە دابڕانێكی ئەپستمۆلۆژی نویٚ ڕێگری لێكرد وگۆڕی بۆ ئاشتەوایی. ئەم دۆخە نوێیە، لە وتەزاكەی بیرمەندی فەرەنسیی، (ئێرنست ڕێنان)دا زۆر بەباشی خۆی ڕازاندبوەوە، كاتێك وتبووی: "گەر ئایینەكان مرۆڤەكان لێكجیابكەنەوە، ئەوا ئەقڵ كۆیاندەكاتەوە، لەبەرئەوەی تەنها یەك ئەقڵ بوونی هەیە." [2]

گومانی تێدا نییە، (ڕێنیٚ دێكارت)، داهێنەرترین فەیلەسووف بووە، كە پازدە سەدە پاش مردنی (ئەریستۆ) دەركەوتووە. [3] لە ڕاستیدا، ئەو داهێنەری ئازادیی فیكر بوو لە كەلتووری ئەوروپایی. ئەمەش، جۆرە ئازایەتییەكی گەورە بوو، چونكە پێش ئەو، لەم جۆرە ئازایەتییە نەبووە ونەبینراوە. هەربۆیە، (هیگڵ)، (دێكارت)ی بە قارەمانی فیكر ودامەزرێنەری ڕاستەقینەی فەلسەفەی مۆدێرن ناونووس دەكرد. [4] دیارە، بۆ ئەم كارەشی باجێكی قورسی داوە، هەربۆیە بە ماوەیەكی كەم پاش مردنی، كتێبەكانی خرانە نێو لیستی كتێبە حەرامكراوەكانەوە. كاتێكیش، (بۆسویٚ)ی ڕابەری بیری ئوسوڵیی فەرەنسیی دەڵێت: "بەر لەعنەتی خودا بكەویٚ ئەم كابرایە، میكرۆبی گومانی لە هەموو باوەڕ وشتە پیرۆزەكانماندا چاند،" [5] دەیزانی لەكوێوە قسەدەكات. ئەو باش دەیزانی، بە میتۆدی گومانگەرایی وڕەخنەگرتن ولێكۆڵینەوەی مێژوویی، گۆڕانكاریی دەئافرێندریٚ وژێرخانی ئایینەكەی دەتەپیٚ ودەسەلأتەكەشی لاوازدەبیٚ. لەبەرئەوە، دەبوو بەهەموو جۆرێك دژایەتی هەر كرانەوە وگومانكردن وڕەخنەگرتنێكبیٚ. بێگومان، كارێكی لەوجۆرەش، دابڕانێكی ئەپستمۆلۆژی گەورەی لەنێوان ڕابردوو وداهاتووی مەسیحییەتدا دەخوڵقاند، كە مەترسییەكی زۆر گەورەبوو بۆ سەر كلێسای كاتۆلیكیی. هەربۆیە، (بۆسویٚ) لە

---

[1] هاشم ساڵح: دابڕانی ئێپستمۆلۆژی لە فیكر وژیاندا، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٦، ل ٧١

[2] هاشم ساڵح: فیكری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

[3] پۆڵ ستراتێرن: ساتێك لەگەڵ دیكارت، و: عەلی ئەكبەر مەجیدی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣

[4] هاشم ساڵح: فیكری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥

[5] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمكی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەلأن عەبدوڵلاٚ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧

دەوروبەری ساڵی (١٦٨٠ز)دا، بەناچاریی دەنووسێ: "تەواوی زانستی مرۆڤایەتی، لای خودا بەتاڵە. لێرەشدا، نابێت جیاوازی لەنێوان زانایەکی ژێر وزانایەکی دەبەنگدا بکەین، لەبەرئەوەی مەزنترین زیرەکیی مرۆیی لەسەر ڕووی زەوی، لەلای یەزدان جەهلێکی ڕووتە." [1] وەلێ، سەرباری ئەم هەموو ڕێگرییەش، بەڵام بەهۆی فیکری فیکرکاران وزانست ولێکۆڵینەوە وگومانگەراییەوە، جیلوەی خۆری زانست وفەلسەفەی مۆدێرن، توانی کۆتایی بە شەوەزەنگی دەسەڵاتی کڵێسا وتارمایی پیاوانی ئایینیی بهێنێ وجڵەوی مەسیحییەت بگرێتەدەست، وکۆمەڵگای ئەورووپیی وجیهانی مەسیحیی بەرەو تێڕوانینێکی نوێ بۆ ژیان وئایینده‌یەکی نوێ، ڕابگوزەرێنێ.

ئەمڕۆ وله سەروبەندی ئەم گەلەگۆڕانکارییانەدا، تەنها (کڵێسای کاتۆلیکیی)، (١٣٥٨) زانکۆ وپەیمانگا وکۆلێژ وبنکەی توێژینەوە لەخۆدەگرێ، بێجگەلە چەندین کتێب وگۆڤار وڕۆژنامە ولێکۆڵینەوە وکەناڵی ئاسمانیی ومالپەڕی ئەلیکترۆنیی ولەشکرێك لە زانا وفەیلەسووف ومامۆستایان وخوێندکاران لە سەرانسەری جیهاندا. بێگومان، ژمارەیەك لەم زانکۆیانە، بە باشترین زانکۆکانی جیهان هەژمار دەکرێن. بۆ نموونە، زانکۆی (لۆڤان)لە بەلژیکا، کە ساڵی (٢٠١٥ز) پلەی (٥٥)ی لە ڕیزبەندی باشترین (٥٠٠) زانکۆکانی جیهان بەدەستهێناوە. هەروەها زانکۆکانی (جۆرج تاون) و(نۆتەردام) وکۆلێژی (بۆستن) لە ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وزانکۆی (سۆفیا) لە یابان، وزانکۆی (کاتۆلیکیی) لە پورتوگال کە لە ڕیزبەندی باشترین (٥٠٠) زانکۆکانی جیهانە. هەروەها، زانکۆی (سانتۆ تۆماس) لە فلیپین، کە کۆمەڵێك بنکەی زانستیی وپزیشکیی پێشکەوتوو لەخۆدەگرێ. ئەمە، بێجگەلە زانکۆی (کاتۆلیکیی پاپا) لە چیللی وئەرژەنتین، کە لە پێشەنگی زانکۆ پێشکەوتووەکانی ئەمریکای لاتینیین. وەلێ، زانکۆی (ناڤارە)ش لە ئیسپانیا، لە باشترین زانکۆکانی ئەورووپایە، وێڕای چەندین زانکۆیتر، کە کڵێسای کاتۆلیکیی بەڕێوەیاندەبات. لە نێو ولاَتانی عەرەبییشدا، ژمارەیەك زانکۆی کاتۆلیکیی هەن، وەك زانکۆکانی (قدیس یوسف) و(خاتوو لویزە) لە لوبنان، وزانکۆی (بێت لەحم) لە فەلەستین وزانکۆی (مادابا) لە ئەردەن. [2] هەڵبەت، لە (هەولێر)ی پایتەختی هەرێمی کوردستانیش، لە (٢٠/ تشرینی یەکەم/ ٢٠١٢ز)دا، بە هەوڵ وسەرپەرشتی مەتران (بەشار مەتی وەردە) وبە دەستگیرۆیی (کۆنگرەی ئوسقوفی ئیتالیی)، بەردی بناغەی زانکۆی (کاتۆلیکیی) لە (عەنکاوە) دانرا، ولە (٨/ کانونی یەکەم/ ٢٠١٥ز)دا دەستبەکاربوو لە وەرگرتنی خوێندکاران. [3]

[1] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥

[2] جامعة کاثولیکیة: مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ١٥/ مارس/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

[3] الجامعة الکاثولیکیة في أربیل: مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ١٢/ ینایر/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

بەلاَم، بە گەڕاندنەوەمان بۆ جیهان وئایینی ئیسلامیی، سەرباری نەبوونی گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لەوجۆرە، دەکریێ بلێین ئەپستیم یان ئەو داپڕان وسیستمی بیرکردنەوەیەی بەسەر ئاوەزی (دێکارت)دا زاڵبوو، دوایئەوەی هەموو پەیوەندییەکی خۆی لەگەڵ فەلسەفەی سیکۆلائیی وئەریستۆتێلیسیی پچڕاند، هەمان ئەو ئەپستیم وسیستمی بیرکردنەوەیە نەبوو کە بەسەر ئەقڵی (ئیبن ڕوشد)ەوە زاڵبوو. بەڵکو، (ئیبن ڕوشد)، زۆر کاریگەربوو بە فەلسەفەی (ئەریستۆتێلیس)، کە ئەمەش هیچ لە گەورەیی وگرنگی ئەو کەمناکاتەوە، وبەهیچ جۆرێکیش هەوڵ وماندووبوونی ئەو لەپێناو سەپاندنی ئیجتیهاد وفیکری ئازاد، لە کایەی عەرەبیی– ئیسلامییدا کەمناکاتەوە. [1] لەم ڕوانگەیەوە، (ئێرنست ڕێنان)ی فەرەنسەویی، لە کتێبێکیدا بەناوی (ئیبن ڕوشد وڕوشدییەت)، گریمانەی ئەوەی کردووە کە عەرەب بە ڕەگەز سامیین، بە بڕوای ئەو، مرۆڤی سامییش مێشکێکی هەیە پتر بەرەو یەکڕەنگیی تەکان دەدات، لە یەکڕەنگییشدا هیچ کاتێك فەلسەفە وزانست ناکەوێتەوە. هەروەها، ئەو فەلسەفەیەی ناوی عەرەبیی– ئیسلامیی لێنراوە، لە لێکدانەوەی چەوتی فەلسەفەی یۆنانیی بەگشتی وفەلسەفەی (پلاتۆ وئەریستۆتێلیس) بەولاوە، هیچیتر نییە. هەڵبەت، ئەم بۆچوونەی (ڕێنان)، لەلایەن لۆرد (بێرتراند ڕاسڵ)ەوە پشتگیریی کراوە. دیارە، (ڕاسڵ)یش وایداناوە، کە گوایە فەلسەفە بابەتێکی ڕۆژئاواییە ولە ڕۆژهەلاَتدا تەنیا هەر ئەفسانە وئایین هەبووە. [2]

گەر، پچکێك ڕاستی لەم بۆچوونانەی ناوبراواندا هەبێ، لەوەدایە کە سەلەفیزم وفەتواکارانی عەرەب بە ئێستاشەوە توانا وپێگەیان هەیە، وهەردەم دژی فەلسەفە وعیرفان وزانست وجیهانی مۆدێرنن. بەلاَم، هەرگیز ناتوانم بە ڕەهایی بلێم لە مێشکی تەواوی مرۆڤە سامییەکاندا هیچ کاتێك فەلسەفە وزانست سەوزنابێ. ئەوەی کە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەوەیە کە شۆڕشی فیکریی ومێژووی فەلسەفە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، قەرزارباری جوولەکەی بەڕەگەز سامییە، کە گرنگترین فاکتەرە لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای ئەورووپیی مەسیحییدا. بەمانای، فیکر وفەلسەفە، لەسەر دەستی جوولەکە سامییەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان ڕووناکییان بینیوە، کە تیایدا سیستمی لیبراڵ دیمۆکراسی کۆتایی بە فەلسەفەی مێژوو هێناوە. لەبەرئەوە، مەرج نییە هەموو مرۆڤێکی سامیی مێشك داخراوبێ، بەتایبەت مرۆڤی جوولەکە، کە لەنێوکۆی مرۆڤی سامییدایە، هەروەك چۆن مەرج نییە هەموو مرۆڤێکی ئەورووپییش زانا ودانابێ. هەروەها، پێشئەوەی فەلسەفە لە یۆنان وڕۆمان وئەورووپادا بلاَوببێتەوە، لە چین وهیندستان وئێران وخاکی نێوان دوو زێدا واتە (میزۆپۆتامیا) [3] بلاَوببوەوە، کە دەکرێ بە لانك وبە شارستانییەتگەلی

[1] هاشم سالَح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢

[2] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١

[3] بلاد الرافدين: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١/ مايو/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

ڕۆژهەڵات ناودێریان بکەین. لەبەرئەوە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، کە ڕۆژهەڵات لەبری فەلسەفە، تەنها ئایین وئەفسانەی بەرهەمهانیبێ، یان تەنها ڕۆژئاوا لانکی فەلسەفەبووبێ.

کاتێك، (هیگڵ)لە کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح)دا باس لە سەرهەڵدانی (ڕۆح) دەکات، ئاماژە بە ڕۆژهەڵات دەدات وەك یەکەم شوێن کە ڕۆح تیایدا سەریهەڵداوە. بەبڕوای ئەو، قۆناغی دەسپێك لە مێژووی مرۆڤایەتی، قۆناغی ڕۆژهەڵاتە، کە شارستانییەتەکانی (چین، هیند، فارس ومیسر) دەگرێتەوە. هەرچەندە، بە بڕوای ئەو، ڕۆح لە ڕۆژهەڵات داوەشیووبووە، تەنها لەلای یۆنانییەکان ولە جیهانە ئاکارییە قەشەنگەکەیاندا، ڕۆح ڕاستبووەتەوە وخۆی لە ماڵی خۆیدا بینیوەتەوە. [1] لەلایەکیترەوە، (شۆپنهاوەر) دەگێڕێتەوە، کە سەردەمی پێش ئەم، تێکستە کلاسیکییەکانی (بوودیزم وهیندۆیزم) لە ئەوروپادا نەناسراوبوون، هەروەها فەلسەفەی ڕۆژئاوایی تا ئەو کاتانە بەبێ زانیاری دەربارەی ئەم تێکستانە گەشەیکردبوو. بۆ یەکەمجار، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە، دەستکرا بە وەرگێڕانیان بۆ سەر ژمارەیەك لە زمانە ئەوروپاییەکان. هەروەك (شۆپنهاوەر) ئاماژەی پێداوە، فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتیی جۆرێکیتر بووە، ئەم لەسەر بناغەی زانست دانەڕێژراوە، بەڵکو پشتی بە ئیمان وئایین بەستووە. کەواتە، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین، فەلسەفە وئایین لە ڕۆژهەڵات، بە گوڕوتینێکی زیاترەوە کەوتوونەتە ئامێزی یەکترەوە. ئەوجا، لەبەرئەوەی ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان زیاتر فەلسەفیین، بۆیە فەلسەفە لە ڕۆژهەڵات لەچاو ڕۆژئاوادا توانیویەتی ئازادانەتر گەشەبکات، وڕێگاش دراوە ئایینی ڕۆژهەڵاتیی سەربەخۆ وفەلسەفییبێ. بێگومان، تا ساڵانی (١٨٠٠ن)یش، شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەمانە لە ڕۆژئاوادا نەزانراوە. [2]

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە بەلای فەیلەسووفێکی وەك (نیچە)وە، باشترین ئایینی کۆن، ئایینی زەردەشتیی ڕۆژهەڵات بووە. ئەمە بێجگەلەوەی، پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد)ی وەکی پێغەمبەری مەسیحایی (عیسا) (درووودی خوایان لێبێ)، بە کەسێکی پایەبەرز لەقەڵەمداوە، کە هەردووکیان دژی گەندەڵی ودەسەڵاتی تیۆکراسیی سەردەمانی خۆیان جەنگاون. [3] کەواتە، ناکرێ تانە وتەشەر لە ئایینی ئیسلامیی وشارستانییەتی ڕۆژهەڵاتیی بدەین، وەکی چۆن ناکرێ لە ئایینەکانیتر وڕۆژئاواشی بدەین، لەبەرئەوەی ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی پێویستە. بەڵام، دەکرێ گلەیی وگازندە لە ڕێبەرانی ئەم ئایینە ڕۆژهەڵاتییە بکرێ، یان ڕێگری لە ئەرتەدۆکسییەتی ئەم ئایینە بکرێ، وەك چۆن پێشتر لە مەسیحییەت کرا. هەڵبەت، هەموو ژیارەکانی (چین وهیند وفارس ومیسر ومیزۆپۆتامیا ودواجاریش

---

[1] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣

[3] روي جاكسون: نيتشه والاسلام، ت: حمّود حمّود، الطبعة الاولى، جداول للنشر والترجمة والتوزيع- بيروت، لبنان، مؤمنون بلا حدود- زنقة غابس، الرباط، المغرب، ٢٠١٥، ص ٨٢

عەرەبی ئیسلامیی)، لە خولگەی گەلەشارستانییەتی ڕۆژهەڵاتییدا دەخولێنەوە، بەلاّم مەبەست لێرەدا هێماکردنە بە ئایینی ئیسلام وشارستانییەتی عەرەبیی، لەنێو ژیارەکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی. ئاخۆ لەپای چی، ئەم ئایینە وەکی ئایینی کریستیانیی، نەیتوانیوە هەنگاو بەرەو چاکسازی ڕادیکاڵیی بنیٚ؟ بۆچی، بێوچان لە دۆگمایی ویادەوەریی چواردە سەدە لەمەوبەردا گۆشەگیر بووە؟

بڕوا وایە، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی شارستانییەتی ڕۆژئاوای مەسیحیی لە چوارچێوەی فەلسەفەدایە، بۆیە دواجار توانیویەتی بەهۆی ئەقلاّنییەتەوە گوزەر بەرەو پێشکەوتن ودەرچوون لە دۆخی چەقبەستوویی خۆیدا بکات. بەلاّم، بیرکردنەوەی شارستانییەتی عەرەبیی– ئیسلامیی لە چوارچێوەی باوەڕ وئیمانی ئایینییدایە، بۆیە لە حاڵەتی دۆگمابوون وگوزەرنەکردندا چەقیوە. هەڵبەت، پێشتر باسمان لەوەشکرد، کە فەلسەفە وئایین لە ڕۆژهەڵات، بە گوڕوتینێکی زیاترەوە ئاوێزانی یەکتر بوون. [1] بەلاّم، بە هەمان شێوە جەختمان لەسەر ئەوەشکرد، کە مەبەستیٚ مە ئایینی ئیسلامیی عەرەبە، کە بە ئێستاشەوە تەریز لە هەموو فیکرێکی فەلسەفیی وهیومانیزم وکرانەوەیەك دەکات، وهەردەم بە فیکرێکی نامۆ بە دابونەریتی ئیسلام وداگیرکەرانە وتێکدەری قودسییەت وبنەماکانی کۆمەڵگای ئیسلامیی دەزانێت. واتە، گەر ئەوە ڕاستبیٚ، کە زۆربەی ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان ئاوێزانی فەلسەفە بوون، هەڵبەت لەوەش ڕاستتر، ئەوەیە کە ئایینی ئیسلامیی لەسایەی ڕێبەرە عەرەبەکانییەوە دوورەپەرێز بووە لە فەلسەفە. کاتێکیش کە وتمان، بیرکردنەوەی ژیاری ڕۆژئاوای مەسیحیی لە چوارچێوەی فەلسەفەدایە، بێشك سەردەمانێکی دوورودرێژ ڕێبەرانی مەسیحییش سەرسەختانە ڕێگرییان لەو جۆرەی فەلسەفە کردووە کە لەگەڵ بۆچوون وبنەما وبەرژەوەندییان هاوتا نەبووە. بەلاّم، دواجار شەمشەمەکوێرەکانی ئوسوڵییەت، نەیانتوانیوە خۆگربن لە ئاست ڕۆشنایی وباهۆزی فەلسەفە وزانستدا. دەرەنجام، ئەو ڕۆژئاوایە لەدایکبوو، کە لێکبوردەیی وئاشتەوایی وپێشکەوتن وفرەیی لەخۆگرتووە.

بەشێك لە بیرمەندانی عەرەب، بەتایبەت ئەوانەی لە هەندەران دەژین، باس لەوە دەکەن کە لە دوای بەزینی عەرەب لە بەرانبەر ئیسرائیل وخۆرئاوا لە (٥/ حوزەیران/ ١٩٦٧ز)دا، دوو گوتاری دژبەیەك، لە شانۆی سیاسیی جیهانی عەرەبی ئیسلامییدا فۆرمەلە بوون. گوتاری یەکەمیان، دەیگوت: "وازمان لە خودا هێنا، خوداش وازیلێمان هێنا وبەزین." گوتاری دووەمیش، هەرچەندە بەشێوەیەکی شەرمنانە وشاراوەبوو، بەلاّم دەیگوت: "بەتەواوەتی وازمان لە خودا نەهێنا، وبە تەواوەتیش نەچووینە نێو مۆدێرنیزم وتەکنۆلۆژیاوە، بۆیە بەزین." [2] واتە، ئەگەر بەزینی (١٩٦٧ز) نەبوایە، نە ئەم گەڕانەوە چڕە بۆ ڕابردوو وئوسوڵییەتی ئیسلام دەستیپێدەکرد، نە تەریزکردن لە سەردەمی ڕێنیسانس ودژایەتیکردنی

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣

[2] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ١٥

شارستانییەتی نوێی خۆرئاوا تۆخ دەبووەوە. بەڵام، گەر ئەم قسەیەش ڕاستبێ، ئەدی ڕۆڵی ڕۆشنبیران وبیرمەندانی عەرەب دەبێ چیبووبێ، دەکرێت هەروا بە ئاسانی خۆیان بدەن بەدەست گوتارێکی بێماناوە. ئەی ئەوەی کە پێیدەگوترێ ئیرادە، لە کوێی ئەم هاوکێشەیە وئەم شارستانییەت وکۆمەڵگایەدایە. دیارە، ئەزموونی ئەوروپا لەگەڵ کەلەپووورە مەسیحییەکەیدا، پێمان دەڵێت، ڕزگاربوون لە شتێك ئەو کاتە مەیسەر دەبێ کە شەڕێکی بێئامانی ناوەکییمان لەگەڵیداکردبێ. چونکە، ڕزگاربوون لەڕێی بازدان بەسەر شتەکاندا، ئازادبوون وڕزگاریی نییە، بەڵکو ڕزگاربوون بەرەنگاربوونەوەیە. هەڵبەت، جیهانی ئیسلامیی بیەوێ یان نەیەوێ، دیل وبەندی کەلەپوورێکی خێڵەکیی ومەزهەبییە، کە ئەمە هەقیقەتە. وەلێ، گەورەیی ومەزنیی ژیاری ئەوروپاییش، لەوەدایە کە بە ئاشکرا وڕووبەڕوو کەوتە شەڕ لەگەڵ موقەددەسترین شتەکانی دنیای خۆیدا. [1] ئەمەیە جیاوازی ئەم دوو شارستانییەتە، ئەمە ئەو دۆخەیە کە (مارکس) دەڵێ: دەڵێ: "خەڵکی خۆیان مێژووی خۆیان دروستدەکەن." [2] واتە، "خەڵکی لە کردەوەکانی خۆیان بەرپرسیارن،" بەمەش کۆتایی بەو مشتومڕە ئایینییە دەهێندرێ کە دەڵێ: "ئایا مرۆڤەکان ئاڕاستەکراو (مسیّر)ن یان ئارەزوومەندن (مخیّر)." [3]

لە ڕاستیدا، کۆمەڵێکیتر لە بیرمەندان، بڕوایان وایە کە شۆڕش وڕاپەڕینی هاوچەرخی گەلانی عەرەب لە دژی ڕژێمەکانیان، نزیکەی بیست ساڵێك دواکەوتووە. دیارە، بەبڕوای ئەوان هۆکارەکەشی ڕوون وئاشکرایە، لەوەی ئیسرائیل ڕێپێگرتوون وپێویستە هەموو هەوڵێکیان بۆ خاتری فەلەستینبێ. [4] بەڵام، دواجار هەر خۆشیان دان بەو هەقیقەتەدا دەنێن، کە نە فەلەستینیان ئازادکرد نە خۆشیان. کەواتە، هەموو ئەوانەی دەوترێن ودەخرێنەڕوو، پاساوهێنانەوەن بۆ هەقیقەتی داڕمان وگوزەرنەکردن وبێئیرادەیی گەلانی عەرەب وشارستانییەتە ئیسلامییەکەیان. لەبەرئەوەی، هیچ کرانەوەیەکی فیکریی لە جیهانی ئیسلامییدا بوونی نییە، وێڕای ئەوەی ئەو وانە ئایینییانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا خوێندراون، لە سەرەتای سەدەی بیست ویەکیشدا هەمان شتن. ئێستاشی لەگەڵدابێ، بە هەمان شێواز منداڵان وخوێندکاران فێردەکرێن، کە دووبارەکردنەوەی هەمان وتەزای کۆن ومیراتیی وکۆنەوارەتی چەندین سەدە لەمەوپێشە. هەڵبەت، کەلەپووری ئاوەزمەندانەی ئیسلامیش ڕێپێدراو نییە، بە پاساوی ئەوەی دەرچووونە لە ئیسلام، وەکی فەلسەفە وکەلەپووری موعتەزیلەکان و(ئیبن ڕوشد وئیبن سینا وفارابی ومعەڕی وتەوحیدی وجاحز و...هتد). ئەوجا، گەر کەلەپووری ئەوانە ڕێپێدراونەبێ، کەواتە قسەکردن لە

---

[1] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١

[2] محمد ئارکۆن: بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١

[3] محمد سعيد رمضان البوطي: الانسان مسيّر أم مخيّر؟، مصدر سابق، ص ٢٧

[4] د. هاشم ساڵح: لە شۆڕشی فەرەنسییەوە بۆ شۆڕشی عەرەبیی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠

فەلسەفەگەلی سەردەمی ڕۆشنگەریی، لە (سپینۆزا)وە بۆ (هیگڵ) وتا دەگاتە (ڤۆڵتێر وڕۆسۆ ودیدرۆ وکانت ودەیانیتریان)، چێولێدانە لە تاریکیی. کەوابێ، هەموو شتێك قەدەغەیە، بێجگەلە واعیزەکانی (ئیبن تەیمییە وحەسەن بەنا وسەید قوتب ومحەمەد قوتب و...هتد). [1]

دیارە، (هیگڵ) دەڵێ: "پرسی ئازادیی، بەندە بە پرسی ئیرادەوە." [2] واتە، ئاوێزانبوونی ئازادیی وئیرادە، لە خوڵقاندنی مرۆڤێکی ڕوخێنەری بونیادنەر لە سەردەمێکی مۆدێرنی ئاوەزمەنددا، کە بتوانێ ئازادانە وبە ویستی خۆی دوور لە هەر کۆتێکی ئایینیی وسیاسیی وفیکریی و...هتد، کار وبیربکاتەوە. بە زمانێکیتر، ئەو مرۆڤە، خۆی مێژووی خۆی دروستبکات. [3] هەڵبەت، لەگەڵ خوڵقاندنی ئەو مرۆڤەشدا، پرەنسیپی ئازادیی لەسەر زەوی دەردەکەوێ. [4] مانای، پەیوەستبوونی ئەو مرۆڤە ئازادە بە ئازادییەوە، هەربۆیە دەوترێ "ئازادیی، ئازادیی دەوێ. [5] واتە، ئەو کەسەی بیردەکاتەوە وهەوڵی گۆڕانکاریی دەدات، کەسێکی ئازادە وخاوەن ئیرادەیە وبوون وهۆشی هەیە ولەسەر خاکێکی ئازاد تێفکرین دەکات، کە پێدەچێت ئەو کەس وخاکە وەك پێویست لە کۆمەڵگای ئیسلامییدا بوونی نەبێت. خۆ ئەگەر هەشبێ، دەبێ ئازا وئازاد وبوێربێ، ئازادانەش ئەقڵی خۆی بەکاربهێنێ. [6] جێی باسە، لە کەش وژینگەیەکی ئازادی لەو جۆرەش، ئیدی فەلسەفە وەك فریادڕەسێك ڕۆڵ دەبینێ. کەواتە، بۆئەوەی فەلسەفە سەرهەڵبدات، پێویستە ئازادیی هەبێت. [7] وەلێ، ئەم نەبوونانەیە، وایکردووە فەلسەفە بوونی نەبێت لە جیهانی عەرەبییدا، واتە نەبوونی ئازادیی وئیرادە وخاکی ئازاد.

دیارە، چەند جارێکیتریش وتوومە، خۆ ئەگەر هەوڵیشبدرێ ئەوا فەتواکاران دژی دەوەستنەوە، هەم لەبەر مەترسی مرۆڤی ئازاد وئازادیی فیکر، هەم لەبەر مەترسی لەدەستدانی دەسەلاّتی تیۆکراسیی لە خاکی دیمۆکراسیی. لەبری ئەمە، ئەم جیهانە ئیسلامییە، هەردەم (هاوولاّتی جێگیر) دەئافرێنێ. لێرەدایە، کە (هیگڵ) جەخت دەکاتەوە ودەڵێ: "مێژووی فەلسەفە لە دواقۆناغدا، دەبێ بە هەقیقەتی ڕەها بگات، کە ئازادیی وهۆشیاری خودییە." [8] واتە، مەبەست لە فەلسەفە، درککردنی (بیرۆکەی ڕەها)یە، کە

---

[1] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، مصدر سابق، ص ٧٨

[2] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٠

[3] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٠

[4] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

[5] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٦

[6] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢١

[7] ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل: هیگڵ فەلسەفە ومۆدێرنیزم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠

[8] هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠

بريتييه له بەدەستهێنانی ئازادیی وگەیشتنه به هەقیقەت وهۆشیاری خودیی وڕۆح وجەوهەر وخود. [1] ئەمه بێجگەلەوەی، فەلسەفه وئایین، هەردووکیشیان هەڵگری (بیرۆکەی ڕەها)ن. [2] بەم پێیەبێ، ئایین ڕێگریی له هۆشیاریی وئازادیی وجەوهەر وبوونی مرۆڤەکان ناکات، بەڵکو ئەوه فەتواکاران وموجتەهیدان وبیروبۆچوونه تەسك ودەمارگیرەکانن، پێزی ئایین ناهێڵن ومرۆڤ دەکەنه کۆیلەیەکی گەمژه. کەواته گەر بکرێ، بهێڵن با (خەون)ی ئەوه ببینین، که له ئاییندەی جیهانی ئیسلامییدا هەوڵی ڕۆشنگەربوون بووەته ڕاستییەك لەپێناو داهێنانی مرۆڤی ئازادی به ئیراده وبیرۆکەی هەقیقەتی ڕەها، که هەڵگری هۆشیاریی خودیی وڕوانگەی ئازادییه، وبریتییه له "هێزی ڕووخێنەر ودامەزرێنەر." [3] واته، ڕووخاندنی کەلەپوور وتەقدیس ودنیای کۆن، ودووباره بونیادنانەوەی مرۆڤ ودنیای نوێ.

---

[1] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨

[2] هیگڵ: مێژووی فەلسەفه، و: عرفان مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢

[3] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی سارتەر، خوێندنەوەیەکی نوێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣

**ئه نجامگیریی:**

هەروەك لە سەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژەمپێدا، تەواوی ئەم لێكۆڵینەوەیە، تایبەتە بە دوو ڕەهەندی ئاینیی وحزبیی، بەڵام لە كۆمەڵگای ڕۆژئاوای مەسیحیی وڕۆژهەڵاتی ئیسلامییدا. واتە، خستنەڕووی (چەندایەتیی وچۆنایەتیی) كاریگەریی ئەم دوو ڕەهەندە، لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دوو كۆمەڵگایەوە تا ئێستاكێ. پاشان، تێبینیكردنی توانستی بژار وگوڵەوەچنەی ئەم خاكە پڕ دڕك وزبر وزاڵە، كە لە ئەستۆی ئینسانەكانی ئەم دوو كۆمەڵگا جیاوازەدایە، لەپێناو ئامادەكردنی بەیارێكی بەپیتی پڕ فەڕی خاوێن، كە دواجار بتوانرێ سوودی لێببینرێ ژ بۆ كشتیارێكی ڕەنگاڵە. هەڵبەت، ئەوەی لە ئێستادا دەبینرێ، مێرگی ڕۆژئاوایەكی زەنوێری پڕ ڕێژەنە، بە دەست وبازووی كۆمەڵێك چێنەری كارامە، كە بێوچان سەرەڕای مژووڵبوون بە كاری دێراو، جۆماڵیی جۆباری بەردەم ماڵەكانی خۆشیان دەكەن. هەربۆیە، مامۆستا (مەزهەر) وتەنی: "سفرەی جوتیاریان ڕەنگینە."

بەڵام، ئەگەر بە زمانێكی بێ گرێ وگواڵ وسادە باسی ڕۆژهەڵات بكەم، دەتوانم بڵێم گەرچی باپیرانی ئەم كۆمەڵگایە، لە سەرەتادا ویستوویانە پەرێزی كۆمەڵگاكەیان خاوێن وئامادەبكەن، بەڵام بەشێك لەوانەی لەبەر قورسیی كارەكە ماندووببوون وجەنەیانكردبوو، فەتوای ڕاوەستان لە كارێكی وەها پیرۆزیان دابوو. ئەوجا، لەبەرئەوەی هەردووك پێكەوە نێر لە ملان كرابوون، بۆیە ڕاوەستانی دووەمیان ببوە ڕاوەستانی یەكەمیان ودواجار ڕاوەستانێكی مێژوویی لە كاری بژاردەی خاكی ڕۆژهەڵات. بێگومان،

ئێستاش کۆتەڵی کار وپەرێزی فەلسەفیی یەکەمیان ماوە، بەڵام مەخابن گەردەلوولی بیابانی ئەم کۆمەڵگایە، ئەو شوێنەوارە مێژووییەی کردووەتە تراویلکە وبنهەنگڵی هەر تۆوێکی فەلسەفیشی سپاردووە بە باڕەش. هەڵبەت، ڕێگریکردن لە گەردەلوولێکی خۆڵاویی لەمێژینە، ئیرادەی خۆئامادەکردن بۆ کاری بنەوانیی وبژاردە وشەنوکەوکردنی ئاوەز وشینایی ئازادیی وچاندنی تۆوی ڕەخنە وسەوزایی ژیانی پێویستە، کە بەرگریێ لە شالاوی تەپوتۆزاوی سەلەفیزم وبتوانێ مێرگێکی قەشەنگ بئافرێنێ وببێتە لانکی باڵندە وهەموو بوونەوەرە ئازادەکان. واتە، وەکی دەرێن لەپێناو ژیانەوەدا، دەبێ داهێنان لە فیکر وژیاندا بکرێت.

بێگومان، شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە ئەورووپای ئەمڕۆ چەندین سەدەی ویستووە تا توانیویەتی بەرگی ئەرتەدۆکسییەتی ئایینیی لەخۆی دابماڵێ، وسیمایەکی ناوازە بەخۆی ببەخشێ ولەسەر پێی خۆی بوەستێ. بەمانای، ناکرێ وێنای ئەوە بکەین، ئەورووپا لەخۆڕا بەشتبوونی تێدا ڕەخساوە. بەڵکو، وەك لە نەسکەکانی پێشوودا ئاماژەم پێکردووە، ئیرادەی ڕەخنەگرتن وبیرکردنەوەی ئازاد، فاکتەری سەرەکیی بوون. دیارە، کارگەلێکی خەتەرناکی وەهاش، ڕاستەوخۆ پابەستە بە ژیانی ئەوانەی لە گۆمێکی وادا مەلەدەکەن، کە دەبێ هەردەم وریابن لە شالاوی هەشتپێکان. ئەوجا، کاتێك دادگاکانی پشکنین دامەزرێندران، بێشك مەبەست لە کپکردنی ئەو دەنگانە بوو کە ببوونە شەیپووری مژدەبەخشی ڕۆژێکی ڕۆشن. بەڵام، دەنگی ئەو کەڕەنایە هێندە بڵند بوو، کە دواجار توانی گوێی سەرلەبەری بەربەستەکان بسمێ. بێگومان، ئەوە دەنگی پەلکەزێڕینەی فەیلەسووف وبیرمەند وزانا وگشت چین وتوێژە نزمەکانی کۆمەڵگای مەسیحیی بوو، کە لەو پێناوەدا یەك دەنگ ویەك هزر هاواریان دەکرد. پاشان، تۆنی دەنگ بووە باسکی بەهێزی ڕەخنەگرتن، هزریش بووە تیۆری شۆڕشگێڕیی، وپێکڤە توانییان لە شانۆی جیهانی مەسیحییەتدا، بەرجەستەترین شاکاری فیکری ڕۆشنگەریی نمایش بکەن.

شایەنی باسە، زەقترین جیاوازی کە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی وڕۆژئاوای مەسیحییدایە، بوون ونەبوونی بکەری کارکردە. بە زمانێکی پاراوتر، بوون ونەبوونی ئەو کەسانەیە کە بوونەتە فاکتەری گۆڕانکاریی قووڵ ومێژوویی، لەم دوو جیهانەدا. هەڵبەت، سادەترین وەڵام، بوون پەیوەست دەکات بە ڕۆژئاوا ونەبوونیش بە ڕۆژهەڵات. دەشێت، بڕێك لایەنگیریی بەم قسەیەمەوە دیاربێ، بەڵام گەر بڕوانینە واقیعی ڕۆژئاوا، دیارە ئەقڵانییەتی هەوڵگەلێکی ئەوان وهەقیقەتی ئەم قسەیەم ڕوون دەبێتەوە، ئەمەش بەپێی ئەو وتەزایەی: "ئەوەی واقیعییە ئەقڵانیە." بەپێچەوانەشەوە، ڕوانگە ودنیابینیی ڕۆژهەڵاتییەکی (ئیسلامگەرا) بە ئێستاشەوە هیچ واقیعیی نییە، بۆیە هەڵگری هیچ ئەقڵانییەتێکیش نییە. دیارە، سەردەمانێك بووە، ئەو بیرکردنەوە ئایینییەی لە ئەورووپا لە برەودا بووە، هیچی لەمەی ئێمە کەمتر نەبووە، بەڵام بە زەبری بیری ڕەخنەگرانە، توانرا بەری لێبگیرێت وڕوخسارێکی مەعقوول بە مەسیحییەت

بدرێتەوە. هەڵبەت، لە ئێستاشدا بەهیچ شێوەیەك مەسیحییەت ڕەت ناكرێتەوە وەك ئەوەی بانگەشەی بۆدەكەین. بەڵكو، بەڕێزەوە بەرەو ماڵی پیرۆزی خۆی بەڕێكراوە، وەك دوو هاوسێی یەكتریش هاموشۆ دەستپێكرد، دواتریش وترا: "نیشتمان بۆ هەموان وئایینیش بۆ خودا." بەلاَم، بە ناوی پیرۆزی ئەو خودایە سوێندتان دەدەم، كەس هەیە سەر لە جیاوازی نێوان دەسەلاَت وئایین لە جیهانی ئیسلامییدا دەربكات؟ بە دەسەلاَتیشەوە، كەس هەیە بوێرێ بانگەشە بۆ عەلمانییەت بكا وبڵێ با ئایین ودەسەلاَت، دوو هاوسێی جیای یەكتربن؟ كەواتە، بە ئێستاشەوە، ئێمە هزر كۆیلەین نەك ئازاد، چونكە ئازادیی هەڵگری بەرپرسیاریەتییە ولە توانای ئێمەدا نییە، بەڵكو كۆیلایەتیی هەڵدەبژێرین، لەبەرئەوەی لە جیهانی بێهزریدا ئیرادە وبەرپرسیاریەتی بوونی نییە.

بە دیوێكیتردا، تەواوی ئەم قسانەم بەسەر حزبی سیاسییشدا (بەتایبەت ڕۆژهەلاَتییەكان) جێبەجێ دەبێ. واتە، گەر ڕەشمەی حزبیش بە توندی نەگیرێت، بێشك بەرەو هەڵدێر چارەنووسمانە، هەروەك چۆن لە سمدانی بەردەوامداین. بەلاَم لە هەموویان مەترسیدارتر، بوونی موقەددەسێكی ڕەهایە، كە لەتوانایدایە ڕەشمەی حزب وئایین بە یەك دەست ولە یەك كاتدا پێكەوە بگرێتەدەست، وهەوەسبازانە چێژ لە سەركێشییەكەشی ببینێ.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


١. ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٥

٢. ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازیی- تیۆریی وئایدیۆلۆژی ومێژوو، و: هۆسیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانە-ی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٤

٣. ئەلبرت شفایزەر: فەلسەفەی شارستانی، و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، لە بڵاوکراوەکانی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا- سلێمانی، ٢٠١٢

٤. ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاریی، تیۆریی، ڕەخنە)، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن،ك)- سلێمانی، ٢٠٠٦

٥. ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧

٦. ئارام ڕەشید: جەهالەتی ئیسلام ودنیای هاوچەرخ، چاپی سێیەم- سلێمانی، ٢٠٠٨

٧. ئازاد تۆفیق خەیات: ڕۆشنبیر، دەسەڵات، ژینگە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپخانەی ناوەندی سارا- سلێمانی، ٢٠١٧

٨. ئازاد تۆفیق خەیات: نالی- دانتێ، وێکچوونێکی فرە ڕەهەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد- سلێمانی، ٢٠١٧

٩. ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١١

١٠. ئومێد قەرەداغی: کێشەکانی هزری ئایینیی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران- سلێمانی، ٢٠١٢

١١. برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠

١٢. برهان قانع: فەرهەنگی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا، ١٩٨٥

١٣. بەختیار عەلی: ئیمان وجەنگاوەرانی، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران- تاران، ٢٠١٥

١٤. بورهان محمد امین: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیر، کتێبخانەی ڕۆشنبیر- سلێمانی، هەولێر، ٢٠٠٤

١٥. بێرنارد لویس: بەریەککەوتنی کولتوورەکان، و: یاسیین حاجی زادە، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆك، ٢٠٠٨

١٦. پۆڵ ستراسێرن: ساتێك لەگەڵ نیچە، و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی چاپ وپەخشی سایە، چاپەمەنی سایە- سلێمانی، ٢٠٠٩

١٧. پۆڵ ستراتێرن: ساتێك لەگەڵ دیکارت، و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ وبڵاوکردنەوەی سایە- سلێمانی، ٢٠١٠

١٨. پول ستراتێرن: ئاشنابوون بە ویتگنشتاین، و: لوقمان ڕەئوف، سەباح مورادی، دەزگای والاّ بۆ ڕاگەیاندن وبڵاوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠١١

١٩. پۆڵ ستراتێرن: ئاشنابوون بە هیگڵ، و: کۆمەڵێك نووسەر، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فیکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، ٢٠١٥

٢٠. جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٤

٢١. جۆن ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەریی، و: محمد وەلی کاکایی وجیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، ٢٠٠٨

٢٢. د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٢

٢٣. د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکیی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی موکریانی- هەولێر، ٢٠١٠

٢٤. حەمید عەزیز: سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی سێیەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت- هەولێر، ٢٠٠٨

٢٥. د. حەمید عینایەت: فەلسەفەی سیاسی خۆرئاوا، و: سیدۆ داود عەلی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج- سلێمانی، ٢٠١٠

٢٦. د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت- هەولێر، ٢٠١١

٢٧. د. حسەین بەشیریە: مارکسیزمی فەلسەفیی ڕۆژئاوایی، و: مەنسووری تەیفووری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩

٢٨. حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩

٢٩. د. حسەین بەشیریە: دیموکراسی بۆ هەموان، و: حسەین موحەممەدزادە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥

٣٠. د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی موڕادی، چاپی یەکەم، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانیی، چاپخانەی تاران- تاران، ٢٠١٦

٣١. دەیڤید میڵەر: فەلسەفەی سیاسی، ناساندنێکی زۆر کورت، و: کارزان کاوسێن، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١

٣٢. د. ڕامین جیهان بگلو: گەڕان بەدوای موقەددەسدا، وەرگێڕان: عەزیز یاسین، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕێنوێن بۆ چاپ ودیزاین- سلێمانی، ٢٠١٧

٣٣. د. ڕامین جەهانبەگلو: ماکیاڤێللی وماکیاڤێللیزم، و: نەوید مێهراوەر، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٨

٣٤. ڕامین جیهانبەگلو: ماکیاڤیللی وبیری ڕێنسانس، و: موسڵح ئیروانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١

٣٥. ڕایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١٠

٣٦. ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل: هیگڵ فەلسەفە ومۆدێرنیزم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی وئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٤
٣٧. زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠٠٦
٣٨. د. زەکەریا ئیبراهیم: کێشەی ئازادی سیاسی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١١
٣٩. سارا فلۆوەرز: چاکسازیی ئایینیی، و: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠٠٥
٤٠. سامان حوسێن ئەحمەد: ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینیی لە ئەوروپا (ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی)، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆك، ٢٠٠٧
٤١. سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی: ڕیشە وبنچینەکانی توندوتیژیی ئایینیی، چاپی یەکەم- سلێمانی، ٢٠٠٧
٤٢. شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار موکریانی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی نوعمان- نەجەفی پیرۆز، ١٩٧٣
٤٣. شوان ئەحمەد: چەند بابەتێکی فیکریی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاریی (ی.ن.ك)- سلێمانی، ٢٠٠٦
٤٤. د. عەلی شەریعەتی: زاراوەناسی، و: حسێن سەیید ئەدهەم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج- سلێمانی، ٢٠١٧
٤٥. عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، و: عەبدوڵا جەبار، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، چاپەمەنی گەنج- سلێمانی، ٢٠٠٦
٤٦. عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧
٤٧. عەلی باپیر: ئیمان وعەقیدەی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی قورئان وسوننەت دا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە وڕاگەیاندن- هەولێر، ٢٠١٦
٤٨. عوسمان یاسین: هیگڵ ودوو لە قوتابییانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆك، ٢٠٠٨
٤٩. عیماد عەبدولسەلام ڕەئووف: کانت، و: پەژارە عەبدولحەمید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥

٥٠. د. غانم محەمەد سالْح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبلاْوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی هێمن- سەید سادق، ٢٠٠٥
٥١. فاروق ڕەفیق: هونەری فەلسەفە، چاپی یەکەم، خانەی حیکمەت بۆ لێکۆلْینەوەی فەلسەفیی، ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ وبلاْوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠١٠
٥٢. فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو ودوایین مرۆڤ، و: ئیسماعیل کوردە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠٠٨
٥٣. د. کەمال پوولادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (لە سوکراتەوە تا ماکیاڤیللی)، و: ئازاد وەلْەدبەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاْوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥
٥٤. د. کەمال پوولادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (لە سوکراتەوە تا ماکیاڤیللی)، و: ئازاد وەلْەدبەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ وبلاْوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥
٥٥. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی ئایینەکان، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، لە بلاْوکراوەکانی خانەی چاپ وبلاْوکردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، ٢٠١٥
٥٦. کۆمەلْێ نووسەر: شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، و: هەورامان وریا قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٩
٥٧. کۆمەلْێ نووسەر: چەند وێستگەیەکی فیکریی وئەدەبیی، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی سێیەم، لە بلاْوکراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٨
٥٨. کۆمەلْێ نووسەر: فەلسەفەی هیگلْ، و: ڕێبین ڕەسولْ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٧
٥٩. کەریم مستەفا: ٧ وانەی فەلسەفی، کۆمەك کوردستان، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٦
٦٠. گەیلان عەباس: فەرهەنگی ڕامیاری، چاپی یەکەم، لە بلاْوکراوەکانی کۆمەلْەی زانستە سیاسییەکانی کوردستان- لقی سلێمانی، چاپ وکۆمپیوتەر وفۆتۆکۆپی بەفر- سلێمانی، ٢٠١٢
٦١. لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، چاپی یەکەم، لە بلاْوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەلاْت، چاپخانەی ڕۆژهەلاْت- هەولێر، ٢٠٠٧
٦٢. لیتراتۆری جیهانیی، هەلْبژاردەیەك لە ئەدەبی گەلانەوە: کۆکردنەوە و وەرگێڕان: ئومێد محەمەد ئەلیاسی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، ٢٠٠٨
٦٣. مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران- تاران، ٢٠١٦

٦٤. مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٥

٦٥. مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی– ئەمستردام، بەهاری ٢٠٠٢

٦٦. مارگرێت مەکمیلان: پاریس، ئەو شەش مانگەی جیهانی گۆڕی ١٩١٩، و: مەنسوور سەلیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی– دهۆك، ٢٠١٢

٦٧. د. محەمەد ئارکۆن: ئیسلام وگلۆباڵیزم، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٥

٦٨. محمد ئارکۆن: ئایین، عەلمانییەت، فێندەمێنتاڵیزم، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٣

٦٩. محمد ئارکۆن: بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠١

٧٠. د. محەمەد کەمال: کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٢

٧١. د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی سارتەر، خوێندنەوەیەکی نوێ، زانکۆی ماڵبۆرن– ماڵبۆرن، ئوستراليا، ٢٠٠٢

٧٢. د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون– سلێمانی، ٢٠١٠

٧٣. د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٥

٧٤. نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، الدار العربیه للعلوم/ ناشرون، بیروت– لبنان، ٢٠١٢

٧٥. نیکۆلۆ مەکیاڤیللی: میر، و: حوسێن عارف، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕووناکبیریی هەتاو، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب– هەولێر، ٢٠٠٦

٧٦. هاشم ساڵح: دابڕانی ئێپیستمۆلۆژی لە فیکر وژیاندا، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٦

٧٧. د. هاشم ساڵح: لە شۆڕشی فەرەنسییەوە بۆ شۆڕشی عەرەبیی، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠١٥

٧٨. هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێكشیتاڵكردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلأوكردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠١٢
٧٩. هاشم ساڵح: فیكری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دوزگای چاپ وبلأوكردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠١٢
٨٠. هاشم ساڵح: لەبارەی چەمكی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەلأن عەبدوڵلاّ، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠١٢
٨١. هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧
٨٢. هاشم ساڵح: فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەكان وبزوتنەوە ئوسوڵییە توندڕەوەكان، و: هێمن مەحمود، سەنتەری ڕوناكبیری ئێلبەگی جاف– سلێمانی، ٢٠٠٦
٨٣. هاشم ساڵح: خەمەكانی ڕۆشنگەریی، و: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەكەم، لە چاپكراوەكانی پرۆژەی كتێبی یانەی قەڵەم، چاپخانەی كارۆ– سلێمانی، ٢٠٠٦
٨٤. هاشم ساڵح: ئایین وعەلمانییەت وكۆمەڵگای مەدەنی، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبلأوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠١
٨٥. هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، كۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، www.hoshyari.com
٨٦. هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم– سلێمانی، ٢٠١٥
٨٧. هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبلأوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥

## سەرچاوە عەرەبییەکان:


١. د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، ٢٠٠٩

٢. احسان عبدالهادي النائب: توماس هوبز وفلسفته السياسية، الطبعة الاولى، من منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية، ٢٠١٢

٣. د. أحمد درويش: ثقافتنا في عصر العولمة، الطبعة الاولى، الشركة المصرية العالمية للنشر- لونجمان، طبع في دار نوبار للطباعة- القاهرة، ٢٠٠٣

٤. أحمد زكي بدوي: معجم المصطلحات السياسية والدولية، الطبعة الاولى، دار الكتاب المصري- القاهرة، ١٩٨٩

٥. د. عبدالحميد أحمد أبو سليمان: موسوعة التنشئة السياسية الاسلامية، المجلد الثاني، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة- القاهرة، ٢٠١٢

٦. د. سليم ابراهيم: نحو الدولة المدنية في العالم العربي، الطبعة الاولى، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية- ابو ظبي، ٢٠١٢

٧. ارنست ماندال: أكتوبر ١٩١٧، انقلاب ام ثورة اجتماعية؟، ت: جريدة المناضل، دار الالتزام- بيروت، ١٩٩٨

٨. أسامة أمين الخولي: العرب و العولمة، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية- بيروت، لبنان، ابريل/ نيسان، ٢٠٠٠

٩. اماني الشافعي: موسوعة الاختراعات والاكتشافات، الطبعة الاولى، دار العلوم للنشر والتوزيع- القاهرة، ٢٠٠٥

١٠. د. أميرة حلمى مطر: الفلسفة السياسية من أفلاطون الى ماركس، الطبعة الخامسة، دار المعارف- القاهرة، ١٩٩٥

١١. ايتيان دي لا بويسي: مقالة العبودية الطوعية، ت: عبود كاسوحة، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، توزيع مركز دراسات الوحدة العربية- بيروت، كانون الاول/ ٢٠٠٨

١٢. ايمان احمد: قراءات نظرية، الديمقراطية والتحول الديمقراطي، الجزء الثاني، المعهد المصري للدراسات السياسية والاستراتيجية- القاهرة، ٢٠١٦

١٣. د. أيمن أحمد الورداني: حق الشعب في استرداد السيادة، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي ٦ ميدان طلعت حرب- القاهرة، ٢٠٠٨

١٤. باتريك شارودو ودومينيك منغنو: معجم تحليل الخطاب، ت: عبدالقادر المهيري وحمادي صمود، من منشورات دار سيناترا، المركز الوطني للترجمة- تونس، ٢٠٠٨

١٥. د. باسم خفاجي: روسيا ومواجهة الغرب، الطبعة الاولى، المركز العربي للدراسات الانسانية- القاهرة، ٢٠٠٨

١٦. برنارد لويس: أزمة الاسلام، ت: حازم مالك محسن، الطبعة الاولى، دار ميزوبوتاميا للطباعة والنشر والتوزيع- بغداد، شارع المتنبي، ٢٠١٣

١٧. بويد شيفر: القومية، ت: د. جعفر خصباك، عدنان الحميري، نشر بمشاركة دار مكتبة الحياة- بيروت، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر- نيويورك، بغداد، ١٩٦٦

١٨. التغيير الامني في سورية: تأليف: مجموعة باحثين، مركز عمران للدراسات الاستراتيجية- اسطنبول، ٢٠١٧

١٩. د. جاسم سلطان: قواعد في الممارسة السياسية، الطبعة الاولى، مؤسسة أم القرى للترجمة والتوزيع- المنصورة، مصر، ٢٠٠٨

٢٠. جاك وودس: الاستعمار الجديد في آسيا وافريقيا وامريكا اللاتينية، ت: الفضل شلق، الطبعة الاولى، دار الحقيقة للطباعة والنشر، مطبعة باخوس وشرتوني- بيروت، نيسان/ ١٩٧١

٢١. جان بول سارتر: الاستعمار الجديد، ت: عايدة وسهيل ادريس، الطبعة الثانية، من منشورات دار الاداب- بيروت، نيسان/ ١٩٦٦

٢٢. جان توشار: تاريخ الفكر السياسي، ت: د. علي مقلد، الطبعة الثانية، الدار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع- بيروت، ١٩٨٣

٢٣. جرجي زيدان: خلاصة تأريخ اليونان والرومان، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة- القاهرة، ٢٠١٢

٢٤. جورج طرابيشي: اشكاليات العقل العربي، الطبعة الاولى، دار الساقي- بيروت، ١٩٩٨

٢٥. جوزيف بيريز: التأريخ الوجيز لمحاكم التفتيش باسبانيا، ت: د. مصطفى أمادي، الطبعة الاولى، مشروع كلمة للترجمة- ابوظبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠١٢

٢٦. جون لوريمر: تأريخ الكنيسة، ت: عزرا مرجان، الطبعة الاولى، الجزء الرابع، دار الثقافة- القاهرة، ١٩٨٨

٢٧. د. حافظ علوان حمادي الدليمي: النظم السياسية في اوروبا الغربية والولايات المتحدة الاميركية، الطبعة الاولى، دار وائل للطباعة والنشر- عمان، الاردن، ٢٠٠١

٢٨. حسان عمران: الثورة الفرنسية الاولى (١٧٨٩- ١٧٩٩)، مركز ادراك للدراسات والاستشارات- حلب، سورية، ٢٠١٦

٢٩. حنة أرندت: ما السياسة؟ ت: د. زهير الخويلدي، أ. سلمى بالحاج مبروك، الطبعة الاولى، منشورات الاختلاف- الجزائر، منشورات ضفاف- بيروت، دار الامان- الرباط، ٢٠١٤

٣٠. دوستويفسكي: الاخوة كارامازوف، الاعمال الادبية الكاملة، المجلد السادس عشر، الجزء الاول، ت: د. سامي الدروبي، الطبعة الثانية، دار ابن رشد للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٨٥

٣١. رودولف أوتو: فكرة القدسيّ، الطبعة الاولى، دار المعارف الحكمية- بيروت، لبنان، ٢٠١٠

٣٢. روي جاكسون: نيتشه والاسلام، ت: حمّود حمّود، الطبعة الاولى، جداول للنشر والترجمة والتوزيع- بيروت، لبنان، مؤمنون بلا حدود- زنقة غابس، الرباط، المغرب، ٢٠١٥

٣٣. ريتشارد سوينبيرن: الايمان والعقل، ت: أرين عبدالمجيد الجلال، الطبعة الاولى، جداول للنشر والترجمة والتوزيع- بيروت، لبنان، فبراير ٢٠١٧

٣٤. ريتشارد ابيجنانزى وأوسكار زاريت: لينين والثورة الروسية، ت: محى الدين مزيد، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للثقافة- القاهرة، ٢٠٠٣

٣٥. سالي سامي: آفاق الاصلاح السياسي في العالم العربي، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان- القاهرة، ٢٠١١

٣٦. سليمان مظهر: قصة الديانات، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي- القاهرة، ٢٠٠٢

٣٧. سلامة موسى: كتاب الثورات، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة- القاهرة، ٢٠١٥

٣٨. سعد رستم: الفرق والمذاهب الاسلامية منذ البدايات، الطبعة الاولى، الاوائل للنشر والتوزيع والخدمات الطباعية- دمشق، سورية، نيسان ٢٠٠٤

٣٩. سيغموند فرويد: علم نفس الجماهير وتحليل الانا، ت: جورج طرابيشي، الطبعة الاولى، رابطة العقلانيين العرب، دار الطليعة للطباعة والنشر- بيروت، حزيران/ ٢٠٠٦

٤٠. الشيخ كامل محمد محمد عويضة: ابن رشد الاندلسي، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية- بيروت، لبنان، ١٩٩٣

٤١. صامويل هانتنجتون: الموجة الثالثة، التحول الديمقراطي في اواخر القرن العشرين، ت: د. عبد الوهاب علوب، الطبعة الاولى، دار سعاد الصباح، مطابع سجل العرب- الكويت، ١٩٩٣

٤٢. د. صلاح الدين أحمد السيد جودة: الشرعية الثورية وآثارها على النظام الدستوري المصري، دار النهضة العربية- القاهرة، ٢٠١١

٤٣. صموئيل طلعت أرمانيوس: العلم اللامعقول، الطبعة الاولى، من منشورات كنيسة الشهيد العظيم مارجرجس- سبورتنج، دار الراعى الصالح للطباعة والتوريدات- الاسكندرية، يناير ٢٠١٥

٤٤. د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد- بغداد، ١٩٩٠

٤٥. عباس محمود العقاد، أحمد عبدالغفور عطار: الشيوعية والاسلام، الطبعة الثانية، مطابع دار الاندلس للطباعة والنشر- بيروت، لبنان، ١٩٧٢

٤٦. عبدالرحمن بن خلدون: مقدمة ابن خلدون، الجزء الاول، الطبعة الاولى، دار يعرب- دمشق، ٢٠٠٤

٤٧. عبدالرحمن بن خلدون: مقدمة ابن خلدون، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، دار البلخي- دمشق، ٢٠٠٤

٤٨. عبدالامير المرتضى المؤمن: الفلك والفضاء، الطبعة الاولى، الدار الثقافية للنشر- القاهرة، ٢٠٠٢

٤٩. د. عبدالرضا حسين الطعان: تأريخ الفكر السياسى الحديث، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، دار الحكمة للطباعة والنشر- بغداد، ١٩٩٠

٥٠. عزمي بشارة: في الثورة والقابلية للثورة، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث والدراسات- الدوحة، اغسطس/ ٢٠١١

٥١. علي عزت بيجوفيتش: الاسلام بين الشرق والغرب، ت: محمد يوسف عدس، الطبعة الاولى، مؤسسة بافاريا للنشر والاعلام والخدمات ومجلة النور الكويتية، مؤسسة العلم الحديث للطباعة والتوزيع- بيروت، ١٩٩٤

٥٢. د.علي وردي: منطق ابن خلدون في ضوء حضارته وشخصيته، الطبعه الاولى، منشورات سعيد بن جبير- قم المقدسه، جمهورية ايران الاسلاميه، ٢٠٠٥

٥٣. عماد صلاح عبدالرزاق الشيخ داود: الفساد والاصلاح، من منشورات اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر- السليمانية، ٢٠١٢

٥٤. د. عيسى علي ابراهيم: الفكر الجغرافي والكشوف الجغرافية، الطبعة الاولى، دار المعرفة الجامعية- القاهرة، ٢٠٠٠

٥٥. د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم والوسط، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر- بغداد، ١٩٨٨

٥٦. غوستاف لوبون: روح الثورات والثورة الفرنسية، ت: عادل زعيتر، كلمات عربية للترجمة والنشر- القاهرة، ٢٠١٢

٥٧. غوستاف لوبون: سيكولوجية الجماهير، ت: هاشم صالح، الطبعة الاولى، دار الساقي- لندن، ١٩٩١

٥٨. فراس السواح: الرحمن والشيطان، الطبعة الاولى، من منشورات دار علاءالدين- دمشق، كانون الثاني ٢٠٠٠

٥٩. فراس السواح: دين الانسان، الطبعة الرابعة، دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة- دمشق، سورية، ٢٠٠٢

٦٠. فراس السواح: الاسطورة والمعنى، الطبعة الثانية، دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة- دمشق، سورية، ٢٠٠١

٦١. فرانز فانون: معذبو الارض، ت: د. سامي الدروبي، د. جمال اتاسي، الطبعة الثانية، مدارات للابحاث والنشر- القاهرة، ٢٠١٥

٦٢. فريدون هويدا: الاسلام معطلا، ت: حسين قبيسي، الطبعة الاولى، رابطة العقلانيين العرب، دار بترا للنشر والتوزيع- دمشق، ٢٠٠٨

٦٣. فلاديمير أ. لينين: الدولة والثورة، ت: دار التقدم- موسكو، أغسطس ١٩١٧

٦٤. فلاديمير لينين: الامبريالية اعلى مراحل الرأسمالية، بتروغراد، ٢٦/ أبريل/ ١٩١٧

٦٥. فرانسيس فوكوياما: بناء الدولة، ت: مجاب محمد الامام، الطبعة الاولى، شركة مكتبة العبيكان للنشر- الرياض، ٢٠٠٧

٦٦. كارل ماركس: الحرب الاهلية في فرنسا، لندن، ٣٠/ آيار/ ١٨٧١

٦٧. د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات- الكويت، ١٩٨٥

٦٨. كميل منصور: دليل اسرائيل العام ٢٠١١، الطبعة الاولى، مؤسسة الدراسات الفلسطينية- بيروت، ٢٠١١

٦٩. كيلي فريل: الحالة العالمية للديمقراطية ٢٠١٧، ت: علي برازي، المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، مطبعة ترايدلز- السويد، ٢٠١٧

٧٠. د. لويس عوض: ثورة الفكر في عصر النهضة الاوروبية، الطبعة الاولى، مؤسسة الاهرام، مركز الاهرام للترجمة والنشر، مطابع الاهرام التجارية- القاهرة، مصر، ١٩٨٧

٧١. ليون تروتسكي: نتائج وتوقعات والثورة الدائمة، ت: بشار ابو سمرا، مركز الدراسات الاشتراكية- القاهرة، ٢٠٠١

٧٢. ليو شتراوس، جوزيف كروبسي: تأريخ الفلسفة السياسية، ت: محمود سيد أحمد، الجزء الاول، المجلس الاعلى للثقافة- القاهرة، ٢٠٠٥

٧٣. مايكل غلب: كيف تفكر على طريقة ليوناردو دافنشي، ت: د. علي الحداد، الطبعة الاولى، دار الخيال للطباعة والنشر والتوزيع- بيروت، لبنان، ٢٠٠٨

٧٤. محمد أركون: الفكر الاسلامي، نقد واجتهاد، ت: هاشم صالح، طبع بمطابع المؤسسة الوطنية للكتاب، مطبعة باب الزوار- الجزائر، ١٩٨٩

٧٥. د. محمد عابد الجابري: الخطاب العربي المعاصر، الطبعة الخامسة، مركز دراسات الوحدة العربية- بيروت، لبنان، آذار/ مارس ١٩٩٤

٧٦. د. محمد علي آل ياسين: القانون الدستوري، المباديء الدستورية العامة، الطبعة الاولى، المكتبة الحديثة للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٧٣

٧٧. د. محمود عكاشة: لغة الخطاب السياسي، الطبعة الاولى، دار النشر للجامعات، مطابع دار الطباعة والنشر الاسلامية- القاهرة، ٢٠٠٥

٧٨. محمد سعيد رمضان البوطي: الانسان مسيّر أم مخيّر؟، دار الفكر آفاق معرفة متجددة- دمشق، ١٩٩٧

٧٩. مرسيا الياد: المقدس والعادي، ت: عادل العوا، دار التنوير للطباعة والنشر- بيروت، لبنان، ٢٠٠٩

٨٠. مرسيا الياد: المقدس والمدنس، ت: المحامي عبدالهادي عباس، الطبعة الاولى، دار دمشق للطباعة والنشر والتوزيع- دمشق، سورية، ١٩٨٨

٨١. د. منذر الشاوي: الانسان والقانون، الطبعة الاولى، الذاكرة للنشر والتوزيع- بغداد، ٢٠١٥

٨٢. د. منذر الشاوي: فلسفة الدولة، الطبعة الاولى، دار ورد الاردنية للنشر والتوزيع- عمان، الاردن، ٢٠١٢

٨٣. موريس ديفرجيه: الاحزاب السياسية، ت: علي مقلد، عبد المحسن سعد، الهيئة العامة لقصور الثقافة، شركة الامل للطباعة والنشر- القاهرة، ٢٠١١

٨٤. د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر- بيروت، لبنان، ١٩٩٤

٨٥. نبيل راغب: علم النقد السياسي، الطبعة الاولى، المكتبة الاكاديمية- القاهرة، ٢٠١٤

٨٦. د. نجيب خلف أحمد، د. محمد علي جواد كاظم: القضاء الاداري، الطبعة الرابعة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجامعة المستنصرية، كلية القانون، مكتب الغفران- بغداد، ٢٠١٥

٨٧. د. نديم نجدي: قيامة الفلسفة، الطبعة الاولى، دار الفارابي للنشر- بيروت، لبنان، كانون الثاني ٢٠١٧

٨٨. نعوم تشومسكي: الدول المارقة/ استخدام القوة في الشؤون العالمية، ت: أسامة إسبر، الطبعة الاولى، الناشر مكتبة العبيكان- الرياض، ٢٠٠٤

٨٩. هيغل، محاضرات في تأريخ الفلسفة: ت: د. خليل أحمد خليل، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- بيروت، ١٩٨٦

٩٠. هاشم صالح: الانتفاضات العربية على ضوء فلسفة التأريخ، الطبعة الاولى، دار الساقي- بيروت، ٢٠١٣

٩١. هاشم صالح: الانسداد التأريخي، الطبعة الاولى، دار الساقي- بيروت، لبنان، ٢٠٠٧

٩٢. ول ديورانت: قصة الحضارة، عصر الايمان، ت: محمد بدران، المجلد الثامن (١٥، ١٦)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، شركة نهضة مصر للطباعة والنشر- القاهرة، ٢٠٠١

٩٣. يورغن هابرماس، جوزف راتسنغر: جدلية العلمنة، العقل والدين، ت: حميد لشهب، الطبعة الاولى، جداول للنشر والترجمة والتوزيع- بيروت، لبنان، كانون الثاني/ ٢٠١٣

٩٤. يوسف كرم: تأريخ الفلسفة اليونانية، الطبعة الاولى، من اصدارات دار القلم- بيروت، لبنان، مايو- أيار ١٩٧٧

٩٥. د. يوسف محمد عبيدان: مبادىء العلوم السياسية، الطبعة الثانية، جامعة قطر- الدوحة، قطر، ١٩٩٦

## گۆڤارەکان:


١. ئازادیی کۆمەڵگە: گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە، ژمارە (٢٨)، ساڵی سێهەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ئایاری 2018

٢. ئایدیا: گۆڤارێکی فیکریی وئەدەبیی وەرزییە، گرنگی بە وەرگێڕان دەدات، دەزگای والاّ بۆ ڕاگەیاندن وبلاّوکردنەوە دەریدەکات، ژمارە (٢٣- ٢٤)، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ئابی ٢٠١٠

٣. ئایدیا والاّ: گۆڤارێکی فیکرییە، دوو مانگ جارێك دەزگای والاّ بۆ ڕاگەیاندن وبلاّوکردنەوە دەریدەکات، ژمارە (٢٥)، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، شوباتی ٢٠١١

٤. ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ژمارە (١)، ئەندێشە بۆ چاپ وبلاّوکردنەوەی کتێب دەریدەکات، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٠

٥. ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ژمارە (٣)، ئەندێشە بۆ چاپ وبلاّوکردنەوەی کتێب دەریدەکات، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٠

٦. د. عبدالقادر محمد فهمي: العقيدة الدينية وأثرها في منهج التفكير السياسي للولايات المتحدة الامريكية، بحوث ودراسات، مجلة العلوم السياسية في منهج التفكير السياسي- جامعة بغداد، ٢٠٠٧

٧. د. عدنان ملحم، زهير عمران: تطور الفكر السياسي عند قدامى اليونانيين حتى افلاطون، بحث جامعي، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية- سورية، سلسلة الاداب والعلوم الانسانية، المجلد (٣٦)، العدد (٥)، ٢٠١٤

٨. كەوانە: گۆڤارێكی ڕۆشنبیریی سیاسیی گشتیی مانگانەیە، ژمارە (٢٦)، چاپخانەی كارۆ- سلێمانی، كانوونی یەكەم ٢٠١٣

٩. د. منتظر سعد البطاط: الاثار الاقتصادية لتطبيق قانون النفط والغاز في العراق، كلية الادارة والاقتصاد- جامعة البصرة، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، العدد السابع عشر، ٢٠١٠

١٠. نوێبوون: گۆڤارێكی سیاسی ڕوناكبیری وەرزییە، ژمارە (١٧)، مەڵبەندی (١)ی ڕێكخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەكات، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، كانوونی یەكەم/ ٢٠١٢

١١. نوێبوون: گۆڤارێكی سیاسی ڕوناكبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێكخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەكات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، كانوونی دووەم/ ٢٠١٢

١٢. نوێبوون: گۆڤارێكی سیاسی ڕوناكبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، مەڵبەندی (١)ی ڕێكخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەكات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ئەیلوول/ ٢٠١١

١٣. نوێبوون: گۆڤارێكی سیاسی ڕوناكبیری وەرزییە، ژمارە (١١)، مەڵبەندی (١)ی ڕێكخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەكات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١١

١٤. نوێبوون: گۆڤارێكی سیاسی ڕوناكبیری وەرزییە، ژمارە (٨)، مەڵبەندی (١)ی ڕێكخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەكات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١٠

١٥. نوێبوون: گۆڤارێكی سیاسی ڕوناكبیری وەرزییە، ژمارە (٧)، مەڵبەندی (١)ی ڕێكخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەكات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٩

١٦. نوێبوون: گۆڤارێكی سیاسی ڕوناكبیری وەرزییە، ژمارە (٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێكخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەكات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، هاوینی/ ٢٠٠٨

١٧. نوێبوون: گۆڤارێكی سیاسی ڕوناكبیری وەرزییە، ژمارە (١)، مەڵبەندی (١)ی ڕێكخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەكات، چاپخانەی یاد- سلێمانی، پاییزی/ ٢٠٠٧

١٨. وليام سواتوس: المقدس والمدنس، ت: ريم النبواني، فلسفة واديان، مجلة مصر المدنيّة، ١٩/ ١٢/ ٢٠١٢

## ڕۆژنامەکان:


١. عیسى الشعیبي: الكلفة الانسانیة للثورة، افكار ومواقف، جریدة الغد، ٢٦/ تشرین الثاني/ ٢٠١٠

٢. خەبات: کولتوور– خوێندنەوەی کتێب، ژمارە (٢٢٧٥)، شەممە، ٢٣/ ٩/ ٢٠٠٦

٣. سعدي عبداللطیف: الفیلسوف الفرنسي تظاهر في شوارع طهران عام ١٩٧٨، جریدة الشرق الاوسط، العدد (٩٧٣٨)، ٢٧/ یولیو/ ٢٠٠٥

٤. کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی بیست ودووەم، ژمارە (٦٠٣٥)، چوارشەممە، ٢٧/ ٣/ ٢٠١٣

٥. کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠


## ماڵپەڕەکان:


١. ئایین: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٩/ شوبات/ ٢٠١٧، ckb.wikipedia.org

٢. ابو ناصیف مختار: ابحاث یساریة واشتراكیة وشیوعیة، الحوار المتمدن، ١٦/ ٤/ ٢٠١١، www.ahewar.org

٣. د. ابراهیم الحیدري: ماهي الحداثة؟، ایلاف، الثلاثاء، ٢/ یونیو/ ٢٠٠٩، elaph.com

٤. أحمد أمين: نظرية المواطن المستقر، مقالة، منتديات تونيزياسات، ١٩/ ديسمبر/ ٢٠١٧، www.tunisia-sat.com
٥. أسماء المسيح في القرآن: الرئيسية، موقع النور، ٢٠١٧، www.alnour.com
٦. استعمار: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٧/ ديسمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org
٧. اشواق عباس: منتدى المستقبل والاصلاح في العالم العربي، الحوار المتمدن، ٥/ ٢/ ٢٠٠٥، www.ahewar.org
٨. الاستعمار الاوروبي في القرن التاسع عشر: موقع مايوز، ٢٥/ ٦/ ٢٠١٧، www.maioz.com
٩. أمير خليل علي: نقد الشيوعية باعتبارها تصور عقلي هيجلي، موقع الحوار المتمدن، ٢٧/ ٧/ ٢٠١١، www.m.ahewar.org
١٠. الانتقال السياسي: السياسة، موسوعة الجزيرة، ٣١/ ١٢/ ٢٠١٥، www.aljazeera.net
١١. ايديولوجيات سياسية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٦/ يونيو/ ٢٠١٦، ar.wikipedia.org
١٢. ايمان بطمة: أنواع الخطاب، موضوع. كوم، ٢٥/ يناير/ ٢٠١٦، mawdoo٣.com
١٣. باوەڕ: لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، وتار، ١٢/ ئاب/ ٢٠١٤، ar.wikipedia.org
١٤. بلاد الرافدين: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١/ مايو/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org
١٥. بهلول الرشيد: كلام العظماء، منتديات نبع الفرات، ١/ ١١/ ٢٠١٧، www.n-alforat.com
١٦. بيان الحزب الشيوعي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠/ ديسمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org تأريخ المسيحية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٣/ ابريل/ ٢٠١٤، ar.wikipedia.org
١٧. تأريخ الفكر السياسي: قسم مدخل علم السياسة والفكر السياسي، الموسوعة الجزائرية للدراسات السياسية والاستراتيجية، ١١/ نوفمبر/ ٢٠١٧، www.politics-dz.com
١٨. تسامح: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٠/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org
١٩. تفسير القرآن الكريم، آفاق الشريعة، شبكة الالوكة، ٢٢/ ١/ ٢٠١٨، www.alukah.net
٢٠. تفسير قوله تعالى (لا اكراه في الدين): الموقع الرسمي لسماحة الشيخ الامام ابن باز، ٩/ ديسمبر/ ٢٠١٧، binbaz.org.sa
٢١. تم لويل: تصنيف دولي للحريات، تركيا تتحول الى دولة غير حرة، احوال تركيا، موقع احوال، ١٧/ يناير/ ٢٠١٨، ahvalnews.com
٢٢. ثورة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، يناير ٢٠١٤، ar.wikipedia.org
٢٣. ثورة نوفمبر: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org
٢٤. الجامعة الكاثوليكية في أربيل: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٢/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org
٢٥. جامعة كاثوليكية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ مارس/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

٢٦. **خالد سالم: الحوار المتمدن، مواضيع وابحاث سياسية، ثورة العسكر أم ثورة القرنفل؟، ٢٤/ ٤/ ٢٠١٤،** www.ahewar.org

٢٧. **ديبي برايسون: انجيل يوحنا- الجزء الاول- رومية ٦: ١٦-١٨، حلل بيننا، موقع كالفاري تشابيل ٢ ومين،** ccwomen٢women.com

٢٨. **ديمقراطيـــة اشـــتراكية: مقالـــة، ويكيبيـــديا الموســـوعة الحـــرة، ٣٠/ ينـــاير/ ٢٠١٨،** ar.wikipedia.org

٢٩. **ريتا فرج: الفرد والدين والدولة بحسب ماكس فيبر، آداب وفنون، موقع الاخبار، ٢١/ حزيران/ ٢٠١٣،** al-akhbar.com

٣٠. **سارة: فلسفة سقراط، في الفلسفة والعلوم الطبيعية، موقع ساقية، ٢٠١٨،** www.saqya.com

٣١. **سامي المنصوري: القرآن بشري ومحرف، ولكن اين النسخة الاولى؟، الحوار المتمدن، ٣١/ ١٢/ ٢٠١٣،** m.ahewar.org

٣٢. **سامي هابيل: القانون الكنسي، القانون، الموسوعة العربية، ٢٠١٨،** arab-ency.com

٣٣. **سلامة كيلة: الثورة في الماركسية، مقالات وحوارات مدونة سلامة كيلة، ٤/ يوليو/ ٢٠١٥،** salamehkaileh.wordpress.com

٣٤. **سورين كيركغور: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٠/ اكتوبر/ ٢٠١٥،** ar.wikipedia.org

٣٥. **سۆسيال ديموكراسى: وتار، له ئينسايكلۆپيدياى ئازادى ويكيپيدياوه، ١٢/ ئاب/ ٢٠١٤،** ckb.wikipedia.org

٣٦. **شعب الله المختار: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٨/ اكتوبر/ ٢٠١٧،** ar.wikipedia.org

٣٧. **شيراز حرزالله: تعريف النقد، موضوع. كوم، ١٤/ فبراير/ ٢٠١٧،** mawdoo٣.com

٣٨. **صبري المقدسي: أقوال الفلاسفة والقادة والعلماء في الدين والاديان، العدد (٤٧٤٤)، الحوار المتمدن، ١٠/ ٣/ ٢٠١٥،** www.ahewar.org

٣٩. **طالب عبيد: رجعة الامام الحسين (عليه السلام) في عصر ظهور الامام المهدي (ع)، منتديات العراق موقع العراق عراق، ٥/ ١١/ ٢٠١٣،** iraq.iraq.ir

٤٠. **الطاعون الاسود: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ يناير/ ٢٠١٨،** ar.wikipedia.org

٤١. **طالب سلطان حمزة راشد الحميري: تعريف النقد، شبكة جامعة بابل، ١٦/ ١٠/ ٢٠١٧،** www.uobabylon.edu.iq

٤٢. **د. عبدالعزيز أبل: بين الامن المؤقت والمناعة الدائمة، النخب السياسية العربية والمجتمع العربي، اتجاهات، موقع البيان، ٢٢/ ابريل/ ١٩٩٩،** www.albayan.ae

٤٣. **عصر النهضة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢/ فبراير/ ٢٠١٨،** ar.wikipedia.org

٤٤. **عصر التنوير: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠/ سبتمبر/ ٢٠١٧،** ar.wikipedia.org

٤٥. **عقلانية (فلسفة): مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٤/ مارس/ ٢٠١٨،** ar.wikipedia.org

٤٦. **عقيدة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٤/ ديسمبر/ ٢٠١٧،** ar.wikipedia.org

٤٧. **الفاتيكان: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٥/ مايو/ ٢٠١٨،** ar.wikipedia.org

٤٨. فەلسەفەی سیاسی: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ١٢/ ئاب/ ٢٠١٤، ckb.wikipedia.org

٤٩. فريدم هاوس، الحريات تتراجع حول العالم: حريات وحقوق انسان، موقع الحرة، ٢٨/ يناير/ ٢٠١٦، www.alhurra.com

٥٠. قيس مجيد المولى: الفكرة الهيجلية لمفهوم الدين، ميدل ايست اونلاين، ١٧/ ١٠/ ٢٠١٤، www.middle-east-online.com

٥١. لطفي الادريسي: اميل دوركايم، بوابة علم الاجتماع، ١١/ ٣/ ٢٠١٠، www.bsociology.com

٥٢. لطفي الادريسي: اميل دوركايم، الدين، الحوار المتمدن، العدد (٢٩٤١)، ١١/ ٣/ ٢٠١٠، www.ahewar.org

٥٣. مابعد الحداثة (فلسفة): مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ ديسمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

٥٤. مابعد البنيوية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

٥٥. مارتین لوتەر: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٢٩/ کانوونی دووەمی/ ٢٠١٦، ckb.wikipedia.org

٥٦. ماهي الفترة الانتقالية في تداول الحكم؟ معلومات عامة، موقع ثقافة اونلاين، ٢٠١٦، www.thaqafaonline.com

٥٧. مايا: مقالة، من ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٣/ ١/ ٢٠١٥، wikivisually.com

٥٨. محاكمة جاليليو جاليلي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٩/ مارس/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

٥٩. محسن المحمدي: السياسة بين ماكس فيبر وغاندي، ثقافة، موقع الشرق الاوسط، ٢٠/ يوليو/ ٢٠١٥، aawsat.com

٦٠. محسن المحمدي: السياسة بين ماكس فيبر وغاندي، فكر وفلسفة، موقع كوّة، ٢٠/ أبريل/ ٢٠١٧، couua.com

٦١. محمد ابو خليف: تعريف العقيدة، موضوع كوم، ٢٩/ مارس/ ٢٠١٧، ، موضوع كوم، ٢٩/ مارس/ ٢٠١٧، mawdoo٣. com

٦٢. د. محمد العطار: ماذا قال ابن خلدون عن العرب؟ ستصدمون، شبكة فلسطين للحوار، ٥/ ٢٠١٤، www.paldf.net

٦٣. د. محمد سالم سعدالله: مصطلح مابعد البنيوية، قضايا، رابطة ادباء الشام، ١/ تشرين الاول/ ٢٠٠٥، www.odabasham.net

٦٤. د. محمد محمد رضائي: الهوية، الانتماء والموضوعات، ت: علي آل دهر الجزائري، مركز البحوث المعاصرة في بيروت، ١٦/ نوفمبر/ ٢٠١٥، nosos.net

٦٥. محمد محمود السيد: مفهوم الاصلاح السياسي، مواضيع وابحاث سياسية، الحوار المتمدن، العدد (٣٥٥٥)، ٢٣/ ١١/ ٢٠١١، www.ahewar.org

٦٦. محمد الكيلاني: هل بدأت الموجة الرابعة للديمقراطية؟، موقع مصرس الاخباري، ٢٧/ ٢/ ٢٠١١، www.masress.com

٦٧. محمد اسماعيل زاهر: الكندي، فيلسوف العرب المولع بالموسيقى، منوعات، مركز الخليج للدراسات، ٢/ ٥/ ٢٠١٥، www.alkhaleej.ae
٦٨. محمد صالح المنجد: تفسير القرآن، فتاوى ذات صلة، موقع الاسلام سؤال وجواب، ١٢/ ٢/ ٢٠٠٤، islamqa.info
٦٩. محنة خلق القرآن: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢/ مارس/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org
٧٠. مدرسة فرانكفورت: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ ديسمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org
٧١. مدرسة طليطلة للمترجمين: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٣/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org
٧٢. د. مصطفى حسن النشار: مدخل الى الفلسفة السياسية والاجتماعية، النبذة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ٢٠١٣، www.massira.jo
٧٣. معاذ حسن: عواقب تحريم الفلسفة وتكفير المشتغلين فيها منذ القرن الثالث عشر، موقع الاوان، ١/ ديسمبر/ ٢٠١٧، www.alawan.org
٧٤. معتزبالله عبدالفتاح: حتى لا تاكل الثورة المصرية ابناءها، موقع الوطن، الثلاثاء، ٢/ ٤/ ٢٠١٣، elwatannews.com www.
٧٥. منوبي غباش: العنف المقدس، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والابحاث، ١٧/ مارس/ ٢٠١٦، www.mominoun.com
٧٦. من هو مخترع التلسكوب؟: معلومات عامة، موقع عين الجمهورية، ٢٦/ اغسطس/ ٢٠١٤، rep-eye.com
٧٧. د. مهران ماهر عثمان: اسلام والحاد (الشيوعية)، موقع صيد الفوائد، ٢٠١٨، saaid.net
٧٨. موعتەزیلە: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٢٧/ کانونی یەکەمی/ ٢٠١٧، ckb.wikipedia.org
٧٩. نص قانون ادارة الدولة العراقية المؤقت: موقع سلطة الائتلاف المؤقتة، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٣/ ١٠/ ٢٠٠٤، www.aljazeera.net
٨٠. نقد: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org
٨١. هديل شلش: تعريف الدين، موضوع، اكبر موقع عربي بالعالم، ٢١/ ديسمبر/ ٢٠١٥، mawdoo٣.com
٨٢. وليم مكدونلد: الخطية، موقع الكلمة، ٢٠١٨، alkalema.net
٨٣. هاني سمير: حلول، موقع هافينغتون بوست عربي، ٢٤/ ٥/ ٢٠١٦، www.huffpostarabi.com
٨٤. هند مسعد محمد: ميشيل فوكو والحماقة الايرانية، اضاءات، ١٠/ ٥/ ٢٠١٦، www.ida٢at.com
٨٥. وليام سواتوس: المقدس والمدنس، ت: ريم النبواني، نيسان ٢٠١٨، موقع معابر، www.maaber.org

٨٦. ويل لرجل سبق عقله زمانه: عالم الثقافة، أقوال الحكماء والمشاهير، منتديات العوالم، الاربعاء، ١٣/ يوليو/ ٢٠١٦، alaolm.forumarabia.com

٨٧. يحيى فوزي نشاشبي: ومن يبتغي غير الاسلام دينا فلن يقبل منه، الرئيسية، موقع أهل القرآن، الثلاثاء، ٨/ مايو/ ٢٠١٨، www.ahl-alquran.com

## راپۆرت ولێكچەر وتێزە زانكۆییەكان:

١. بوروني زكرياء: النخبة السياسية وأشكالية الانتقال الديمقراطي، بحث جامعي لنيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية والعلاقات الدولية، جامعة منتوري– قسنطينة، الجزائر، ٢٠١٠

٢. حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، بحث جامعي لنيل شهادة الماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الانسانية– الجزائر، ٢٠١٦

٣. حاج الطيب بعطوش، أسماء دهكال: دور النخب السياسية في عملية التحول الديمقراطي، بحث جامعي لنيل شهادة الماجستير في كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، جامعة مصطفى اسطمبولي– الجزائر، ٢٠١٧

٤. سالم علي شريف: الحركات الاسلامية والتحول الديمقراطي، بحث جامعي لنيل شهادة الماجستير، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية، جامعة الدكتور مولاي الطاهر– تونس، ٢٠١٧

٥. د. عادل ياسر ناصر: مبادىء علم السياسة، محاضرات جامعية للمرحلة الاولى، جامعة المستنصرية، كلية العلوم السياسية– بغداد، ٢٠٠٥

٦. عبدالله بوقرن: الاخر في جدلية التاريخ عند هيجل، بحث جامعي لنيل شهادة دكتوراه العلوم في الفلسفة، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم الفلسفة، جامعة منتوري قسنطينة– الجزائر، ٢٠٠٧

٧. فرانشسكا بيندا، أندرو أليس، جوران فيشيك، ياش غاي، بن رايلي: التحول نحو الديمقراطية، ت: المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات (IDEA)– السويد، ٢٠٠٥

٨. د. محمد محي الدين: المنتدى الدولي حول مسارات التحول الديمقراطي، تقرير موجز حول التجارب الدولية، برنامج الامم المتحدة الانمائي– القاهرة، ٥/ حزيران/ ٢٠١١